◆ **کوردیکا کتێبخانەیەکە تایبەت بە**

**١ـ کتێب و گۆڤاری کوردی لە هەر بابەتێکدا**

**٢ـ کتێب و گۆڤار بە زمانی بیانی سەبارەت بە کورد**

◆ **پۆلێن کراو بە چەند شێوە:**

**- ناوی نووسەر - ناوی وەرگێڕ - شوێن،چاپەمەنی،ساڵ**

☜ بۆ ئەندامبوون لەم کاناڵەدا، ئەم لینکە (@kurdica) لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن و کرتەی لە سەر بکەن.

# شاربەدەر

حوسێن شێربەگی

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

شاربه ده ر
«رومان»
نووسه ر : حوسێن شێژ به گی
پیت چن : ئا زه رسه مسامی
رووبه رگ : ئاره ش شێژبه گی
تیراژ : ۱۰۰۰ به رگ
چاپی یه که م : ۱۳۷۷
ناشر : نووسه ر

پێشکەش بە ڕۆحی پاکی **مارف ئاغایی**

هۆنەر و ئەویندار ی

ئینسان

هونەر

جوانی

تەواوی ئەم ڕۆمانە هێمایەک بۆ دەمدەمانی پڕ تەمتوومانی حوکماتی « پاڵەوی » لە بێ زەمان و بێ مەکان دایە .

« ئە گین لە کات وساتی هاتنە سەردونیاوە تا کوو مەرگەساتی ئاویلکەم بێجگە لە زەم و ڕە خنەی « ستەمشایی » وسە ربا قی مل هوڕەکانی جیهان چی دی نە لێم هێشتا چیم نە گوتوە ».

بۆ چی کاتی نەبوو؟ باس و خواس لە سەر کات و سات نیە! کامە کات و سات؟ ئەو شتەی کە من بە دەیان و سەدان کەڕەت کوتوومە شتێکی گرنگ و ئەوتۆ نیە! یان ئەو عەیام و سەردەمایە کە ئێوە دەڵێن؟ تۆ پێم بڵێ کامیان! کاکی خۆم کامیان؟

کات و ساتێک بە درێژایی دیرۆکی ئینسان، یان بە کورتی تەمەنی گوڵێک، مێشوولەیێک یان بەشەرێک؟ بیروڕای ئێوە بۆ خۆتان، چونکوونێ ئەم قسانەی ئێوە هەر بە کەڵکی خۆتان دێ و سوود و سەمەرێکی بۆ من نیە! من چی بکەم لەم دەم و وەخت و بۆرەتار و

دەمدەمانەی کە ئێوە دەڵێن؟ ئێوە تەواوی خەڵکی دونیا بڵێن دەم خەنیمەتە! بڵێن هەل و مەرج گرنگ و ئەوتۆیە، بڵێن هەڵکەوت زێڕە و ڕێکەوت زێوە! بەڵام من دەنەڕێنم، دەگوڕێنم، دەناڵێنم و هاوار دەکەم: چ دەم وچ کات و ساتێک؟ کام هەڵکەوت و ڕێکەوت و کامە بۆرەتار و عەیام و سەردەمایەک؟ هەمووی ئەوانە سەهلە، من تەواوی تەمەنی خۆم و بنەماڵەی خۆم، تەنانەت سەرجەمی تەقالای ئینسان و ڕەگەز و نەتەوەی خۆمم پێ بایی چڵە پووشێک نیە. چونکوو هەموویم بەخت کردووە! دۆڕاندوومە. بەڵام من بەتەنێ نا! نا، نا، کاکی خۆم من بە تەنێ نا، بەشەر بۆ خۆی دۆڕاندوویەتی! بەسەرهات و چارەنووسی ئینسان بەختی کردووە ! هەر لەو ساتەوە کابرای قازی نەڕاندی: هەر ئێستاکە لە بەر چاوی خۆم نێو چاوانیان داغ کەن و مۆری پێوە نێن، با لە دوورەوە دیار بێت کێن وچ کارەن! هەر لەو ساتەوە دۆڕا، هەموو شتێک دۆڕا و هیچ شتێک بایەخی نەما. تەنانەت بایەخیش بێ بایەخ بوو! ئەویش دۆڕا و بەخت بوو.

دەسا کاکی خۆم هەر کەس بە ڕێی خۆی. دەبا کەس گلەیی لە کەس نەبێت. ئەی من بۆ چی ئەو کەڵەشێرەم سەربڕی؟ ئەی بۆچ ئەتۆ و هاوەڵەکانی دیکەم داوەت کرد و گۆشتەکەیم دەرخواردتان دا؟ هەر نەتزانی؟ هەر نازانی؟ گەلحۆۆۆ، گەلحۆ!

ئەو بۆرەتارە کاتێکی تایبەت نەبوو، گرنگ و ئەوتۆ نەبوو، ئاسایی بوو، وەک هەموو ڕۆژگار و شەوگاری رابردوو. وەک ئەو دەمەی کەڵەشێرە چنجیری نە کەڕەتێک و نە دووان وەندەی تێ تووڕاند، تاکوو منیش وام دانا بەیان بەسەر داهاتووە. بەڵام کە هاتمە حەسار و کاروانکوژەم لێ دەرکەوت! کەڵەشێرە چنجیریم گرت و بێ سێ و دوو سەرم بڕی.

ئەم بۆرەتارەی دیکەش هەر وابوو، دەنگێک چەند جار تێی تووڕاند.

بەڵام هەر کا لاقم نا حەساریٚ چاوم بە مریشکە پیرەکەی دایکم کەوت کە وەک کەڵەشێر بانگی ئەدا! بابیشم بیٚ راوەستان و سیٚ و دوو، چەقۆی لە ملی نا و لەشە سەر بڕدراوەکەی حەوا دایە بەر پێی من!ئەمجارە ماڵ ئاوایی دای و بابم کرد و لە ماڵ وەدەر کەوتم.

نازانم لە ناخمدا بیر و هەستم چ بوو! نازانم لە مەترسی دابووم یان لە خەیاڵ پلاودا! کەچی دەشمزانی نیگا بە پەرۆشەکەی ئەوان هەر بە دوومدا دیٚ! لە لای خۆم روون بوو چ دەکەم. چم دەویٚ و لە کویٚوە دێم و بۆ کویٚ دەچم. لەگەڵ چەند هاوەڵ و دۆست و برادەر بە تەما بووین باخە رەزەکەی شانی شاری ئاوەدان کەینەوە. لە پاش ئەم هەموو ساڵ و سەدە حەول و تەقالایە، رامان هاتبووە سەر زیندوو کردنەوەی ئەم باخە رەزە! رێگا دوور و درێژ و بیٚ بڕانەوە. پێوانی ئاوەها رێگەیێک بە پیٚیان دژوار و پڕ لە ماندوویی بەڵام دەبایە بیپێوم، دەنا رەزەکان هەڵدەپرووکان و وشک دەبوون.

جارجار بە هەڵەداوان و پەلەپەل، کەرەت کەرەتیش لە سەرەخۆ رێگەم دەبڕی. شەقام بۆر و سارد و سڕ! چۆل و هۆل و کپ و کڕ. لە ژوورەوەی شار خۆر لە پشت هەور، هەورێکی شینکی و پتەو. هەوری پڕ لە گازەگاز، دەم بە هەڕەشە و گوڕەشە، دەم بە هاوار، شار لاڵ و لێڵ و هەموو شتێك کۆن و تۆزاوی و خۆڵاوی. لە خوارەوەی شار، وڵات بیٚ تروسکە و برووسکە، ئاسمان بێستانی کافوور، دێراو دێراو، کۆڵان کۆڵان کۆڵان و گیشە گیشە لۆکە، نێوان کۆڵان و دێراو زێباری کەسک و رووباری نیل و خوم.

هێشتیٚ لە شەقامەکەی شاردا بووم. هەروەها دەڕۆیشتم، بۆ پێشەوە. بەرەو باخە رەزەکان. لەوسەری شەقام گەیشتمە مەیدانی چوارچرا.

مەیدانی پڕ لە گوڵ، گوڵ هەمەرەنگ و هەمە چەشنە. جێگەی ساتێ پشوودان و حەسانەوە! ساتێ سەیری گوڵ و سەوزەڵان و شیناوەردی دەسچێن! لادانە بەر پەرژینی مەیدان و زەین دانە پۆلی گوڵان و سەمای گوڵ و گژ و گیای ئەم سەوزەڵانە. دار و گوڵ، دای و باب. دایە، بابە، خەمان مەخۆن، بە خەمان چ پێک نایە. شایکەن ئەم گوڵەباخە. گوڵەباخی سوور و بە گەشە و نەشە. سەمای پەریلانی بەهەشت لە باوەشی نەرمەبای بەیان. مەیدانی رازاوە بە عەتر و رەنگی گوڵ. بەڵام ئەی بۆچ چۆڵ و هۆڵ؟!

شنەی بای بەیان دەهات. شنەبا بە عەترەوە دەهات. دەهات و لک و پۆپی دار و گوڵی دەشەکاندەوە. هەمووی دەخستنە سەما، سەمای دار و دەوەن و گوڵ و گیا. بە تایبەت شەکانەوەی گوڵەباخ وڵاتی پڕ لە عەتر و عەبیر دەکرد. ئینسان مەست و بێ خود دەبوو! مەستی لە کەللەی ئینسانی ئەدا. مەیدان لە بەر چاوم دەڕەواوە، گەورە دەبوو. دەبووە هەرد و بنار و کۆسار. لەگەڵ پۆلێک لە دۆستان چووبووینە گەزیزە چنین. رەزا لە سەر هەڵدێرێکەوە هەرام دەکاتێ: سامڕەند، وەرە ئێرە. ئێرە تەواوی گوڵە گەزیزەیە! گەزیزە دنیای داپۆشیوە. بە قەت خیز و خۆڵی چۆمی. هەر چەندە ماندووم، بەڵام دەبێ هەر چۆنێکە خۆم بگەیەنمە لای رەزا. نابێ لە رەزا بمێنمەوە. بە گەزیزە چنین دەڕۆم تا دەگەمە سەر هەڵدێرەکە. لەگەڵ رەزا دەست دەکەین بە گەزیزە چنین. مناڵەکانی دیکە دوورن. ناتوانن وا زوو بگەنە ئێرە. ئەمڕۆش دیسانەکە من و رەزا لە هەموو هاوەڵەکان پتر گەزیزە دەچنین. کاتی رۆیشتنەوە، رەزا لەو بەری هەڵدێر و من لەم بەرەوە بەرەو ماڵ دەبینەوە. دەستێک لە شانم دەکوتێ. چەشنی نیشتنەوەی داڵێک لە سەر نەمامێک. وەک ئەوەی خەرتەڵێک دووسێ جار لە سەر شانم بنیشێ و هەستێتەوە! دەستە زەلامەکە سێ چوار چەلان لە شانم دەکوتێ و

دەڵێ: لەکوێی؟ هۆی خاڵە لەکوێی؟ ئاوڕ ئەدەمەوە. دەشتەوانەکەی سەر دەمای منالّی من و رەزا نیە! رادەچڵەکێم و دێمەوە سەرخۆ. کابرایەکی غەوارە و نامۆ دەستی لە سەر شانم دانابوو! وەک رەشە داڵێک لە جووجەڵەیێک بڕوانێ، کابرا لێمی دەنواڕی. بە سەرنجەوە، زۆر بە سەرنجەوە لێمی دەڕوانی. جارجاریش لە شانمی دەکوتا و هەرای دەکردمێ: لەکوێی؟ هۆی کاکە لەکوێی؟

لە گەڵکوو لێی دەپرسم: چیت دەوێ؟ چاو دەقووچێنێ و دەم دەکاتەوە: لەم گوڵە سوورانەت دەڕوانی، تەنیا لەمانە. حاشا مەکە، حاشای پێ ناوێ، زۆر لە مێژە تەمەشات دەکەم. یانی تۆ پێت وایە بێجگە لەم گوڵە سوورانە، چ گوڵێکی دیکە جوان و شیاوی تەمەشا کردن نیە؟ هەر بڵێین ئەم گوڵە زەردانە! یان ئەم سپیانە!

ئیوە هەروان. تۆش لەوانی! دەتان ناسم. لەوانەی وا زۆر لە خۆبایی و خۆش گلەیین! لە خۆتان نەبێ، لە گشت کەس و گشت شتێک نارازی و بە گلەیی و بە ئیرادن. بۆ چی؟ ها؟ وەڵامت چیە؟ وەڵامم دەوە، بۆ لاڵ بووی؟

بارانی پرسیارەکانی بە سەرمدا دەبارێ. بێ ئەوەی وەڵامی دەمەوە. هەر لێی دەڵێ و لێی دەڵێ و.... باران بەرەکەتە، باران بەڵایە! بە تایبەت لە شار و گوندی ناوەندی شۆرەکات. سەدان سەدە بەر لەوکاتە بوو یان پاش ئەوە؟ لام روون نیە. بەڵام وەندە دەزانم سەدان سەدە و هەزارەها هەزارەی تێدا دەژمێردرێ. لە سەرەتاوە تاکوو ئەمڕۆ. ئاوەها بووە، هەرواش دەبێ. باران بەڵایە و بەرەکەت. ئاخ لە باران وباسی باران! .... باران دەهاتە خوارێ، بەڵای دەسەڵاتداری سەر زەوی. لە لایەن خۆیەوە، یان لە لایەن دەست و پێوەندەکانیەوە. بە یاسایان بێ یاسا. بە ئاسانی یان بێ سانایی. قەدیمیان دەیانگوت: نەهات باشە، قۆرتی خراپە. بابم دایم و دەرهەم

دەیگوت: ئەگین بەخت نەی هێنا، سەگی دەرکی خۆشت پێت دەوەڕێ.

بەهار بۆ هەموو وڵاتان و هەموو کەسێک خۆشی و خێر و بەرەکەت، بەڵام بۆ وڵاتی ئێمە؟ بەهاری بێ باران، بەڵا و نەهات و قات و قڕی، بە بارانەوەش بەڵا و چارەڕەشی! دەڵێن گورگ بە پۆل و کۆمەڵ دەژین و دەگەڕێن. پۆلی گورگ هەر کا چەند ڕۆژان بێ زەوات مان و برسیەتی زۆری بۆ هێنان و شەکەتی کردن، لە بازنەیەکدا هاڵقە ئەدەن. قنیشکە دەکەن و هەڵدەتووتێن و چاو لە چاوی یەکدی دەبڕن. نە سەعاتێک و نە دووان و نە دەیان. وەباڵ بە ئەستۆی وتوان! بگرە چەند ڕۆژ و شەوگار. جا لە گەڵکوو یەکیان پێلووی بە سەر چاوی داکشا، یان لەترێکی داو لاتراسکەیەکی بەست، ئەوانی دیکە بە هەموویان تێی دەورووژێن! سواری سەری دەبن و بە گۆشت و ئێسک و پێست و پلووسکەوە ورد ورد دەیئەنجنن و دەیخۆن. ئەمە یاسای نێو گورگ و نێو دارستانە!

لە پاش شەڕە قسەیەکی کورت حوکمی کرد وەپێشی کەوم و لەگەڵی دا بڕۆم! بۆ کوێ؟ هەور و هەڵا بوونە باران و داڕژران بە سەرمدا. لەگەڵ کابرا لێمان بووە شەڕە قسە. هەر کا بە زبان و قسە چی پێ نەکرا، لاپەڕەیەکی چەشنی چەک بەرەو رووم گرت. دیسانەکە جوابیم نەداوە. ئەمجارە کردیە بانگەشەی یارمەتی خواستن. خەڵکێکی زۆر دەورەیان داین!

خەڵک دوور و نزیک کۆ بوونەوە! گوێیان هەڵخست، چاویان تێبڕین و ملەقوتەیان کرد. لەم حەیس و بەیسەدا دەرباز بووم و رام کرد. هەروا کە رام دەکرد، کابراش بە دوومدا دەهات. خەڵکیش بە شوێنماندا دەهاتن. بەرە بەرە حەشیمەت هەڵدەقوڵی و زیادی دەکرد. شەقامێکی دیکە و چاوەڕوانیی من بۆ ماشێن و تاکسی. کابراش گەیشتێ و دیسانەکەش

دەمەتەقێ و شەڕەقسە. دیسان ئاپۆری خەڵک! بۆ سەیر کردن. بۆ ئەوەی بزانن کێ دەکەوێ! لە حەوا شەڕی داڵێک و کۆترێک لە پڕ هەستم کرد گەمارۆ دراوم! بازنەی گەمارۆ چووکەتر بووەوە، قۆڵ بەست کرام. کەلەبچە لە دەست دایانمە پێش. لە حەوا داڵ کۆتری گرت و لەگەڵ خۆی دابردی. لە قوڕاودا بە پێیان ڕێمان دەبڕی. شەقامێکی خۆڵینە و جادەیەکی گڵینە. گەڕەک و کۆڵانی شپرزە. لە ژێر خوناوکەی باراندا، تا قولاپە لە نێو قوڕ و تا ئەژنۆ لە قوڕاودا، بەرەو شوێنی دڵخوازی کابرا دەڕۆیشتین. من یەک و ئەوان زۆر. بەو حاڵە خۆشەوە دەستەکانیشم لە گیری کەلەبچەدا. دوور و نزیک، خەڵک؟ تارمایی یان سێبەر بوون کە جارجار ورتە ورتێکیان لێ بەرز دەبۆوە، جاروبار جنێویشم دەهاتە گوێ. دڵە کوتەی نێو ناخ، دەهۆڵی ڕۆژی شایی. بڵێی چیان لێم بوێ؟ بۆ کوێم دەبەن و مەبەستیان چیە؟ باران هەروا دەهاتە خوار. جلقە جلقی ئاو لە نێو کەوشدا، چەک بوونی کەوش. تا گەیشتینە دەرکێکی ئاسن و دەرکیان کوتا، بوومە گۆڵی نێو قوڕاو. لە پڕ دەرک دەکرێتەوە. سەدان دەست بە پاڵ پێوەنان و سیخورمە تێکوتان دەمهاونە ئەو دیوی دەرکی ئاسن. دەرک دادەخرێتەوە. دیمەنی دەزگایەکی کۆن. لە ژێر دیوارە گڵینەیەکەوە، بە ڕێیەکی قوڕینەدا لە دەرکێکی ئاسنەوە دەچینە ژوور. کاریدۆڕ نیوە تاریک و بێ دەنگ و دوور و درێژ.

دووسێ کەس لە پێشەوە، دوو سێ‌یەک لە پاشەوە ئەم ژووراوژوورم پێ دەکەن. هام و شۆی ئەم و ئەوێکی زۆر و مۆن و ڕوو گرژ. سەرسەرا و هۆڵ و ژوورەکان پڕ لە زەنا زەنا، پڕ لە سرت و خورت. وێنەی دەم و لووت و قامک بە دیوارەوە: بەوان مەڵێن! زۆر باش سەرەندەری کاری خۆم و هەست بە چلۆنایەتی وەزیعەتی خۆم دەکەم. زۆر باشتر دەزانم کێم و کوڕی کێم وچ کارەم! باپیرە گەورەم کۆیلە، باپیرم فەلا، بابم شوانەوێڵە بوو،

خۆشم کوڕە شوانێکم. کوڕە شوانێکی لە دێ هەڵاتوو. دەربەدەری کۆڵان و شەقامی شار. لە ئاکامیشدا ئەوا لێرەم. لەم دیو بۆ و دیو، لەم هۆڵ بۆ و هۆڵ و لە هەمووشیاندا دڵەکوتە و دەمەتەقێ. نەڕە و گوڕە. جوێن و تۆپ و تەشەر و هەڕەشە و گوڕەشە. ساتێ تەنیایی و بیر کردنەوە کۆسار و چیا بەڵایە و بەرەکەت! بەرەکەت بوو چونکێ شنگ و کەنگر و ڕێواس و کارگ و کوڕادە مەزڵیان ئەوێ بوو. بەڵا بوو، چونکێ بە حەیران و گۆرانی ئێمەی بەرەو خۆی بانگ دەکرد. چیای ڕوو سوور و سەربەرز، بە چاو داگرتن و قام و لاوژە، بانگەشە و بانگەوازی چوونی ئێمەی دەکرد. کێ بڕکێی منالان بەرەو تەلان و داوێن و دوندی چیا. دانیشتن لە سەر تەلە سەنگ و گاشەبەردی سەر زەرد و ڕەوەز و هەڵدێر. شەڕە گۆرانی و چەپڵەڕێزان. قایەت گێڕانەوە، جەفەنگ و پللە لێدان. گەڕە لاوژە و بە شادی رابواردنی تەمەنی منالی. بەڵام گەڕانەوە بەرەو ئاوەدانی و ماڵ و دای و باب؟ بەڵا بوو بەڵا! سین و جیمی دای و باب. لۆمە و جوێن و تێهەڵدان. بەڵام بە سەر ئەوەشدا، دیسان و دایم و دەر هەم، هەر ئەوە بوو! هەر وەک دوێنێ. بەیان تاریک و ڕوون، بابۆلەیەک بە دەستەوە، دەرپەڕین لە ماڵێ. خولانەوەی کۆڵانی نێو دێ. لەگەڵ منالی نێو دێ پۆل بەست وقسە و باس. بڕیاردان بۆ چوونی چیا!

چیا وکۆسار تەواوی ژین و ژیان. تەواوی خۆشی و ڕازاوەیی تەمەنی منالی و مێر منالی. چیا بەهەشت بوو، بە شیناوەرد و سەوزەڵان و ڕەوەز و شلێر و مێلاق و بەیبوونەوە. بە تایبەت دەمەو نەورۆز بە گوڵەگەزیزەوە. تۆ خودا گوڵەگەزیزە چ ڕەنگە؟ چ تامە؟ چ بۆنە؟ بۆ چ دەبێ؟ کەس هەبوو ئەوە بزانێ؟ ئێستاکەش کەس هەیە ئەمە بزانێ؟ بڕوا مەکەن! تا بە کەس بڕوا مەکەن، کەس ئەمە نازانێ!

بەڵام گوڵە گەزیزە جوانە، ئازیزە، خۆشەویستە. بە درێژایی دیرۆکی ئینسان هەروا بووە، هەر وا دەبێ. چونکێ جیهان دەڕازێنێتەوە، چونکوو مزگێنی بەهار دێنێ. مزگێنی مردنی زستان و سەهۆڵ و سەرما، مزگێنی گەڕانەوەی بەهار و گوڵ و گەرما. زۆر باش هەستم بە وەزیعەتی خۆم دەکرد. ئەوگورگە بووم کە لە کۆمەڵی گورگان دا لەترم دابوو. پۆلی گورگ بە سەرمدا رژا بوون. پارووبەکی خۆش بووم. دەبایە خواردرابایەم و دەخورام! بەڵام نەدەبا بە سانایی دەست بدەم. خۆ ئەوان زەبری خۆیان نوواند، زوڵمی خۆیان کرد و خەشی خۆیان رشت. ئەمجارە نۆرەی من بوو رەق و تووڕەیی خۆم و خەشی دڵی خۆم بە چەشنی گەورەترین رنووی دونیا بە سەریاندا هەرەس کەم.

باران دەباری، بە رێژنە بە سەر و گوێلاکی مندا، تەڕ و قوڕاوی دەکردم. لە نێوان گەمارۆی دێوەزمەدا، کەلەبچە لە دەست، لەم دەزگا بۆو دەزگا، لەم ژوور بۆو ژوور، بەرەو ژێر هەشاوڵی دیانی چەرمووی گورگی برسی‌یان دەبردم. بەڵام لە لایەکی دیکەوە باشم بۆ رەخسی بوو، زۆر باش! حاشا لەو گۆڕەی نووڕە نووڕی لێوە نایە. بۆ ئاخر مۆر و حوکم بەرەو دیوەخانی قازی گەورەیان دەبردم. قازی، پیاوماقووڵی کۆمەڵی خۆیان، دەم راستی دارستان. هەلم بۆ هەڵکەوتبوو. لە لاوان شەوێ، لە پیران هەوێ. دەبوو کەڵکی لێ وەرگرم. دەرکی ئاخر دیو کرایەوە. خرمە خرمی پۆتین و زرمەی ناڵی دێوەزمەی دەوسێ بە دەس، رێزدانان بۆ جەنابی قازی و دانانی دەوسێ لە بەر دەستی. چاو پێدا خشاندنێکی بە پەلە و مۆڕ بوونەوەی قازی. دیسان چاو پێدا خشاندنێک. ئمحم، ئمحم، لە پڕ وەک ئەوەی قامکی بۆ بەرن، هەڵدەبەزێتە سەر لاقەکانی و دەنەڕێنێ: (جوێن و قسەی ناحەز، هەڕەشە و گوڕەشەی زیندان و بەند و کۆت و زەنجیر،

خەت و نیشان کێشان)بە خۆ بادان بەرەنگارم دەبێت. کاتی خۆیەتی. ئەو هەلەیە کە لێی دەگەڕام و بە تەمای بووم. دێوەزمە لە پشت دەرکێیە و ژوور جگە لە من و قازی، چۆل و هۆل .

لە گەڵکوو دەگاتە حاندی من، منیش هەڵدەستمە سەر پێ. زۆر لە نەکاو،گورج و گومەز بە هەموو قەوەتی خۆم، زللەیەکی بە کەیفی دڵی خۆم لە بن گوێی رادەکێشم. لاتراسکە دەبەستێ و سوورِ دەخوا، شەپێکی زۆر باش لە گوڵی نێوان هەرتک گۆڵمەکانی هەڵ ئەدەم. قیت و قۆز رادەوەستم و چاو دەبڕمە نێو چاوی. بۆ دەققەیەک واقی وڕ دەمێنێ. دەتاسێ و بە پرسیارەوە تێم دەڕوانێ. سوور هەڵدەگەڕێ و پشتاوپشت دەکشێتەوە. شەرمەزار و تووک هەڵپڕووزاو، وەک ورچی تاوانبار، جاروبار تەمەشای دەوسێ دەکات و بڕێک جار لە من دەڕوانێ. هەست دەکەم بۆ ساتێ بیرەوەری و خەیالات هەڵی دەگرن و دەیبەن و دەڕۆن. ون دەبێ، نوقمی زێبارێکی دوور، پاش ماوەیەکی زۆرکە وەخۆ هاتەوە، خێسە و مۆڕە لە من و دەوسێ، خێسە و مۆڕە لە من و دەوسێ،... لە ئاکامدا دەنەڕێنێ: شاربەدەر....شاربەدەر...... مۆر و ئیمزای خۆی بە دەوسێوە دەنێ. وەژوور کەوتنی دێوەزمە. لاق پێکدا کوتان و زرمەی پۆتین. هەمیسان دەنگی بەرزی قازی: هەموو تاوانبارەکان خۆیان پێ بێ سووچ و تاوانە. دەپارێنەوە، پاکانە دەکەن. بەڵام ئەوە یاسایە کە تاوانبار و بێ تاوان لێک جیا دەکاتەوە. تەرازوو میزان رادەگرێ. حوکمی دادگا بێ سێ و دوو، بێ قسە و باس دەبێ وەدی بێت. بی‌بەن.

هەمیسان دەنگی بەرز دەکاتەوە: لای بەن، بی‌بەن و بڕۆن. شاربەدەر.... شاربەدەر. لێی مۆڕ دەبمەوە. زۆر لە سەرەخۆ: هێدی‌تربە چیە؟ بۆوا دەنەڕێنی؟ کوێت دێشێ؟ بە ئاماژەی پەنجە دەرگا پێ نیشان

بەڵام گوڵە گەزیزە جوانە، ئازیزە، خۆشەویستە. بە درێژایی دیرۆکی ئینسان هەروا بووە، هەر وا دەبێ. چونکێ جیهان دەڕازێنێتەوە، چونکوو مزگێنی بەهار دێنێ. مزگێنی مردنی زستان و سەهۆڵ و سەرما، مزگێنی گەڕانەوەی بەهار و گوڵ و گەرما. زۆر باش هەستم بە وەزیعەتی خۆم دەکرد. ئەو گورگە بووم کە لە کۆمەڵی گورگان دا لەترم دابوو. پۆلی گورگ بە سەرمدا رژا بوون. پارووێەکی خۆش بووم. دەبایە خواردرابایەم و دەخورام! بەڵام نەدەبا بە سانایی دەست بدەم. خۆ ئەوان زەبری خۆیان نوواند، زوڵمی خۆیان کرد و خەشی خۆیان رشت. ئەمجارە نۆرەی من بوو رەق و تووڕەیی خۆم و خەشی دڵی خۆم بە چەشنی گەورەترین رنووی دونیا بە سەریاندا هەرەس کەم.

باران دەباری، بە رێژنە بە سەر و گوێلاکی مندا، تەڕ و قوڕاوی دەکردم. لە نێوان گەمارۆی دێوەزمەدا، کەلەبچە لە دەست، لەم دەزگا بۆ دەزگا، لەم ژوور بۆ ژوور، بەرەو ژێر هەشاوڵی دیانی چەرمووی گورگی برسی‌یان دەبردم. بەڵام لە لایەکی دیکەوە باشم بۆ رەخسی بوو، زۆر باش! حاشا لەو گۆڕەی نووڕە نووڕی لێوە نایە. بۆ ئاخر مۆر و حوکم بەرەو دیوەخانی قازی گەورەیان دەبردم. قازی، پیاوماقووڵی کۆمەڵی خۆیان، دەم راستی دارستان. هەلم بۆ هەڵکەوتبوو. لە لاوان شەوێ، لە پیران هەوێ. دەبوو کەڵکی لێ وەرگرم. دەرکی ئاخر دیو کرایەوە. خرمە خرمی پۆتین و زرمەی ناڵی دێوەزمەی دەوسێ بە دەس، رێزدانان بۆ جەنابی قازی و دانانی دەوسێ لە بەر دەستی. چاو پێدا خشاندنێکی بە پەلە و مۆڕ بوونەوەی قازی. دیسان چاو پێدا خشاندنێک. ئممم، ئممم، لە پڕ وەک ئەوەی قامکی بۆ بەرن، هەڵدەبەزێتە سەر لاقەکانی و دەنەڕێنێ: (جوێن و قسەی ناحەز، هەڕەشە و گوڕەشەی زیندان و بەند و کۆت و زەنجیر،

خەت و نیشان کێشان)بە خۆ بادان بەرەنگارم دەبێت. کاتی خۆیەتی. ئەو هەلەیە کە لێی دەگەڕام و بە تەمای بووم. دێوەزمە لە پشت دەرکێ‌یە و ژوور جگە لە من و قازی، چۆل و هۆل .

لە گەڵکوو دەگاتە حاندی من، منیش هەڵدەستمە سەر پێ. زۆر لە نەکاو،گورج و گومەز بە هەموو قەوەتی خۆم، زللەیەکی بەکەیفی دڵی خۆم لە بن گوێی رادەکێشم. لاتراسکە دەبەستێ و سووڕ دەخوا، شەپێکی زۆر باش لەگوڵی نێوان هەرتک گۆڵمەکانی هەڵ ئەدەم. قیت و قۆز رادەوەستم و چاو دەبڕمە نێو چاوی. بۆ دەققەیەک واقی وڕ دەمێنێ. دەتاسێ و بە پرسیارەوە تێم دەڕوانێ. سوور هەڵدەگەڕێ و پشتاوپشت دەکشێتەوە. شەرمەزار و تووک هەڵپرووزاو، وەک ورچی تاوانبار، جاروبار تەمەشای دەوسێ دەکات و بڕێک جار لە من دەڕوانێ. هەست دەکەم بۆ ساتێ بیرەوەری و خەیاڵات هەڵی دەگرن و دەیبەن و دەڕۆن. ون دەبێ، نوقمی زێبارێکی دوور، پاش ماوەیەکی زۆرکە وەخۆ هاتەوە، خێسە و مۆڕە لە من و دەوسێ، خێسە و مۆڕە لە من و دەوسێ،.... لە ئاکامدا دەنەڕێنێ: شاربەدەر....شاربەدەر...... مۆر و ئیمزای خۆی بە دەوسێوە دەنێ. وەژوور کەوتنی دێوەزمە. لاق پێکدا کوتان و زرمەی پۆتین. هەمیسان دەنگی بەرزی قازی: هەموو تاوانبارەکان خۆیان پێ بێ سووچ و تاوانە. دەپارێنەوە، پاکانە دەکەن. بەڵام ئەوە یاسایە کە تاوانبار و بێ تاوان لێک جیا دەکاتەوە. تەرازوو میزان رادەگرێ. حوکمی دادگا بێ سێ و دوو، بێ قسە و باس دەبێ وەدی بێت. بی‌بەن.

هەمیسان دەنگی بەرز دەکاتەوە: لای بەن، بی‌بەن و بڕۆن. شاربەدەر.... شاربەدەر. لێی مۆڕ دەبمەوە. زۆر لە سەرەخۆ: هێدی‌تربە چیە؟ بۆوا دەنەڕێنی؟ کوێت دێشێ؟ بە ئاماژەی پەنجە دەرگا پێ نیشان

دێوەزمە ئەدا و لە سەر جێی خۆی دادەنیشێتەوە. بە دوو چاوی ئاوەڵا و بیناوە لە ژین و ژیان دەڕوانم. نە هەوەڵ کەڕەتە فڕێ ئەدرێم، نە دوایین کەڕەت دەبێ. هەوەڵ کەس کە فڕێی دام باوکم بوو. بابم بێ ئەوەی بزانێ چی دەوێ و ئەنجامی کارەکەی چیە! لە پشت خۆیەوە تنۆک تنۆک دایڕشتم. دووهەم کەس دایکم بوو کە بۆ بارسووکی لەشی خۆی فڕێی دام. بە دووای ئەواندا هەر کەس پێم گەیشت، دوو چەپۆک و سێ مستەکۆڵە و شەپێکی تێهەڵدام و حەوای دام. هەر کەس بۆ لایەک و جێیەک. ئەوا قازیش فڕێم ئەدا. دیسانەکە بۆ دوور، دوورە شار و دوورە وڵات. دوور لە هاوەڵ وکەس وکار و ئەو جێیانە پێم خۆشن و ئەوکەسانە خۆشم دەوێن. لەو حوکمە هەستی خەمباری و خۆشییەکی ئەوتۆم نەکرد. دڵم دانەخورپا و پشووم سوار نەبوو. بگرە بڕێکیش شاد بووم! زەبری خۆم وەشاند و گورزی خۆم گرت. خۆمن خەشی دڵی خۆم رشت، دەسا با ئیدی حەوام دەنە هەندەران و دوورە وڵات. بۆ نێو سەگەل و گورگی هاری دارستانی هەرە دوور و ناخۆش و نامۆ. دەست لە دەست و قەوەت لە یار، شانی ئەدەمە بەر. ئەمە چارەنووسی منە! چارەنووسی ئینسانی ئەم سەدەیە، هەر دوورە وڵات و تەنیایی و نامۆیی و غوربەتە. ساڵەکانی ئاخری ئەم سەدەیە، ساڵەکانی هەزارەی ئەمڕۆ، ساڵ گاری ئینسان و ئاسنە. ئینسان لە چەشنی ئاسن و ئاسن وەکوو ئینسان. هەرتک بێ هەست و بێ دڵ و بێ بەزەیی و بێ ئەوین .بگرە بتوانین بڵێین ئینسان و ئاسنی ئەم سەردەمایە لە کۆتایی هەزارەدا جێگەی خۆیان دەگۆڕنەوە. ئەگین دەتەوێ ئینسان بمێنی، دەبێ ئاسن بی! لە ئاسنیش رەقتر، دەبێ پۆلا بی. تاکوونێ لە ئینسانیەتی خۆتدا بتوانی ئینسان بمێنی! تاکوو رەشایی و چەپەڵی زەفەرت پێ نەبەن و نەگۆڕدرێی. بەڵام ئاسنیش دوو ئاسنە!

ئینسانی ئاسن و ئاسنی ئینسان! یەکیان ئاسن و یەکیان ئینسان. ئەتۆکامیان؟ لەگەڵ تۆمە هۆۆۆی خاڵە، پرسیار لە تۆ دەکەم: ئەتۆکامیان؟ ئاسنی ئینسان یان ئینسانی ئاسن؟ دەزانی دەڵێم چی؟ بیرکەرەوە. بیرکەرەوە.

شەوی تاریک و زستان. مناڵۆچکەیەکی تەنیا و هەردێکی بێ سامان و نووتەک و تیوار. سەرماش سەرمای خاتوزمهەڕیر. چاوگێڕانی پڕ لە مەترسی مناڵ بۆ دای و باب، یان ناسیاوێک ئەرای پەنا بۆ بردن و یارمەتی خواستن. هەنگاو هەڵێنانەوە، لەتر بەستن، هەنگاو هەڵێنانەوە، لە دار و بەرد هەڵکەوتن. شەو، سارد و سڕ، شەوەزەنگ و ئەموستە چاو. ناخ پڕ لە خۆف و مەترسی. کوتەکوتی دڵ وەک دەهۆڵ کوتانی مردوو ناشتنی وڵاتانی دوور. بە سەر هەمووی ئەمانەشدا، لە پڕ قوت بوونەوەی دێوەزمەیەکی ئینسان خۆری برسی. هەشاوڵ هێنانی دێوەزمە و راکردنی مناڵ. بەڵام نەهات! بەهەر لایەکدا مناڵ هەڵدێ و دەرباز دەبێ، راست لە دوو هەنگاوەی بەردەمی‌دا قوت بوونەوەی دێوەزمەی دەم بە هەڕەشە و گوڕەشە، چاو بڵێسەی ئاگری جووتێک مەشخەڵ. دێوەزمە سەرتا پا سپی. ریش، بۆر و چڵکن و درێژ و هەمیسان شەتاوڵ هێنان لە بۆ گرتن و خواردنی مناڵ.

مناڵیش بە دوو قاچی چووکە و باریک لە چەشنی تیرۆک، راکردن، زیڕاندن و زریکاندن. لە نەکاو لە زیڕەی خۆی وەخەبەر هاتن و لە خەو راپەڕین. ئازای ئەندام لە ژێر توێژێ ئارەقەی سارد و سڕدا. لەش وەک مێوژۆکە و لانکە و بێشکە لەرزین و لەرینەوە. وەگریان کەوتنی مناڵ بە دەنگ و وەخەبەرهاتنی خەڵکی نێوماڵ.

سەردەمای زۆر مناڵی. لە پێش مەدرەسە چوون و دیتنی ئەم خەونە. تاکوو ئەو شەوە دڵ داخوڕیان و مەترسی لە ژیانم دا نەبوو. بەڵام لە پاش

ئەو شەوە تاکوو ئەلحانەکە خۆف و خورپە و مەترسی بېڕای بېڕ بۆ ساتێکیش لە بەر چاوم ون بێ. بوونەتە ئاواڵە دووانەم و دایم و دەرهەم هەر لەگەڵم بوون و هەن! گوێدان بە دەیان ڕەوانناس، خوێندنەوەی سەدان کتێبی ڕەوانناسی و ڕەوان دەرمانی، خۆ پەروەردەکردن لە درێژایی دەیانساڵدا بۆ ئازایی و نەترسی و لە سەرەخۆ بوون. خاوەنی وزە و هێز و توانا، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە ئەم خۆف و خەتەرەکەوا لە بنچینەی دڵمدا بنجی داکوتاوە، لە ناخمەوە وەدەر بنێن. لەو شەوەڕا خۆف ئاواڵە دووانەمە و هەر لەگەڵمە، لەو شەوەڕا بۆم دەرکەوتووە، شار و دێ و وڵاتی من، ئەو هەردە بێ سامان و ڕەش و بەستەڵەک و ئەنگوستە چاوەیە و پڕپڕە لە وەها دێوەزمە گەلێک. ئەم ڕایەلە لە ناخی دڵمدا، لە نێو خوێن و ئێسک و مۆخم دا جێ گر بووە. دەسا بە دەیان و سەدان و بگرە هەزارەها کەڕەت ئەم خەونە لە ژیانمدا وەدی هاتووە. بێداد و بەڵا و نەهاتێی ئاوەها بە سەرم هاتووە.

ئەمە بیر و بڕوای منە کە وڵات و ژیانم هەردێکە، لە شەوە زەنگێکی پڕ لە بای سەڕ سەڕ و سەرمای خاتوو زەمهەڕیردا. دەیجا گۆڕەوشارە برا، کوڕم، دۆستم، هاوەڵی خۆم! گۆڕەوشارە.

تاریکایی لە باوەشی خۆیدا ڕات دەگوشێ، دێوەزمەیەکی چنگن بە دیانەکانی لە شاڕەگت بەر دەبێ دەیان چەقەڵ بەهێزی کەڵپە پێست و گۆشتی روومەتت دەپچڕن. خوێن بە سەر و گوێلاکتدا دێتە خوار، هەموو لەشت دەکەوێتە ژێر توێژێک خوێن و خورێکی کێماوی و مەیبو. جا تۆ دەکەویە هەناسە بڕکێ، هەناسە بڕکێی دەمدەمانی مردن. جیهان تراویلکە و ژیان ئاویلکە. لە ئەسرینی چاوەکان و جوانوی لەشتا دەکەویە مەلە کردن. هاتنە نێو زەریای ژیان و مەلە کردن تەنیا دەقەیەک و هەڵقوڵینی

جواناو و چۆڕاوگەی ئاویلکە و نوقم بوون ساتێک. وێڕای ئەم گشتە نەهاتە، لەگەڵکوو دەگەیە تەمەنی خۆ ناسین، بڕیار ئەدەی لە حاندی هەموو کەند و کۆسپەکانی ژیانتدا خۆ راگری. راوێستی دژ بە هەموو دوژمن و دژواری و دژایەتی ژیانت. بڕیار ئەدەی خۆفی خۆت لە ناختدا حەشار دەی و لە هەمووکەسێکی وەشاریەوە.

منالیم جگە لە دیمەنی سەربەرزی چیا چ بوو؟ چی تێدا بوو؟ چی دامێ؟ کوڕە شوان و مجێورێک کە دەبوو بۆ وەکۆ کردنی نانە رەقەی بەراتی بابی دەرکا و دەرک بکات و لە هەموو دەرکێ ناحەز و ناشیرن بدینێ و ببیسێ، چی لێ دەردێ؟ چۆن و بە کام لێ هاتوویی‌یەوە پێ دەگات؟ بیری منالی تیژە! لە بیرمە، لە بیرمە و لە بیرم ناچێ، هەر ئەو منالە سەرەڕۆیانەی عەوداڵ و گیرۆدەی چیاو کۆسار، لە رۆژانی جومعەدا شتێکی دی بوون و دیمەنێکی دیکەیان بوو. چارەکەیەکی زەلام و کۆن و چڵکن بە شانەوە، دارێک بە دەستەوە، کۆڵان بە کۆڵان و دەرگا بە دەرگا دەگەڕان و بانگەوازیان دەکرد: نانی جومعە رەحمەتی خوداتان لێ بێ. لە کۆڵانێکی دیکەوە دەنگێک وەڵامی ئەدانەوە: نانی شوانی مەڕ وەبەر شەفاعەتی پێغەمبەرکەون. هەروەها لەو سەری گەڕەکەوە، دەنگێکی تازە: نانی شوانی بەرغەل..... نانی شوانی گاڕان.... دەرکاو دەرک جوێن و تۆپ و تەشەر دەگاتە گوێ! بە گوێی خۆمان دەمانبیست! کوڕە مجێور و کوڕە شوانی بەرغەل و گاڕان و مەڕی ، بریا هەر نەبوایەین! باوکانی شوان و مجێور، خۆزیا هەر نەبوایەن! تاقە تاقەی منال چ لە تازە لاوەکانی ئاوایی خۆمان و چ لاوانی لاوەکی لە مزگەوت لە لای مەلا دەرسی قورئان و مەلایەتی‌یان دەخوێند. جا هەر لەبەر ئەوە دەرکا و دەرک دەخولانەوە. دەرکی ماڵانیان دەکوتا و داوای ژیواریان دەکرد. بابیان نەدار و چاو لە

دەستی نێو خەڵک بوو، زەوی و جووت و گای نەبوو. بە نانێکی بخۆو مەمرە و بە نانەزگی مجێوری و شوانی و گاوانی دەکرد. هەربۆیە رۆژانی جومعە بێدەنگی دێ دەشکا و هەرا و هاوار و جوێن و تۆپ و تەشەر لە نێو دێ دا بانگەواز دەکرا. منیش یەکێک لەو منداڵانە. برسێتی کەللەی قوپاندووم، زگی بە نێودا بردووم و ئێسکی شان و ملمی خوار و خێچ کردووە. چارەکەی وەکۆ کردنەوەی ژیواری حەوتانە شان و ملی داڕنیوم. سەدان سەدە و هەزاران وەرزی پاش ئەو سەردەمە ئەوەتانێ بوومەتە ئەو گورگەی لە پۆلی گورگاندا پێلووەکانی وەسەر چاوی کشاون. ئەوە نیە هەڵدڕ هەڵدڕ و هەپروون هەپروون کراوم و شاربەدەر دەکرێم.

* * *

لە هەموو لایەکەوە بای سەرسەر، بای یاغی و توورە و تۆسن. بایەکی هار و شڕ و دڕ و بی بەزەیی، وەک دێڵە بەشداری تووتک تۆپیو، دەلوورێنێ. خۆی بە نێو بەرگ و سیپاڵ دا دەکات و بەگاز و نینۆک چزە لە گۆشتی ئازای لەشم هەڵدەستێنێ. ئەم با و سەرمایە سەرتاپام وێک دێنن، دەیگوشن و دەیدڕن و شیتاڵ بە شیتاڵی دەکەن. لە گەماڕۆی ئەم باو سەرمایەدا کەلەبچە لە دەست، لە نێوان پۆلی دێوەزمە دا بەرەو ئەو دوڕگەیەم دەبەن کەبۆ ئەوێ شاربەدەر کراوم. لە دووای دوو شەو و رۆژ

@kurdica

سواری ماشێن، جادە لە بن دێت و دەگەینە سەر زەریا. زەریای بێ رۆخ و رەخ، بێ قەراخ و بێ قەرار و لێوار. تاکوو چاو هەتەر دەکا کەف و شەپۆل و ئاو. شەپۆل لە سەر شەپۆل و کەف بە دەم ئاو و شەپۆلەوە. زەریا تا هێز و قەوەتی هەیە بە مستەکۆڵە و شەپ و شەقەزللە بە سەر زەوی و خۆڵ و گەمی دا دەکێشێ. بە سەر ئەوەشدا چەنێک دەم بە هەڕەشە و گوڕەشەیە! لە کێ؟ لەو کەسە و ئەو شتەی وەگیری کەوێت و دەستی بیگاتێ! بەڵام لە زەریا و تۆفان و رق و تووڕەیی ئەو زاڵمتر و بە سامتر مرۆیە. ئەو مرۆیەی کەوا بێ مەترسی خۆی لە باوەشی زەریا و تۆفان دەهاوێ وکۆیان لێ ناکا.

دێوەزمە بە دەست با و سەرماوە وەزیعەتێکیان نەبوو، کەچی ئەوەتا گەیشتووینەتە سەر زەریا، سەد وەندەی پێشوو بێ وەزیعەت‌تر و لە پێ کەوتەترن و گشتی ئەم نەهات و سەخڵەتەش لە چاوی من دەزانن. جا لە داخانە هەر کا لە سەر دونیا دەستیان بە سەر کەسی دیکەدا ناڕوات، تەواوی تووڕەیی خۆیان بە سەر مندا دەڕێژن. پەیتا پەیتا تۆپ و تەشەر دەهاون و لە گەرما و گلاوی و ناخۆشی و نەخۆشی دورگەم دەترسێنن. بەڵام کە دەبینن من تێک ناچم و لە گەرما و تۆفان و زەریای دورگە و لەم کۆچە و تەنانەت لە شاربەدەریش باکم نیە، هەزار وەندی دیکە لەگەڵم بەد و بەدئاکار وکردەوەن! دیسانیش ئەوە منم کە هەروەها بە قاقا و جەفەنگەوە گەمە و گاڵتەیان پێ دەکەم!

شەو، درەنگانە و ئەنگوستەچاو. لە نێو گەمی ماتۆڕیدا، بە دەم تۆفان و شەپۆلی زەریاوە، لە ژێر قەمچی بێ بەزەیی سەرمادا، بەرەو دورگە دەڕۆین. لە هەڵچوون و داچوونی ئاوی زەریادا گەمی لە چەشنی بێشکە راست و خوار دەبێتەوە. بە راست و چەپ دا دەکەوێ. بۆ ژێر و ژوور دەچێ و ئێمە رادەژێنێ. سۆزی سەرما و بێدەنگی ئێمە، نەڕە و گوڕەی

شەپۆل لەگەڵ دەنگی ماتۆڕی گەمی تێکەڵ بوون. جاروبار لە ژوور سەرمانەوە، زۆر لە دوورەوە دەنگی مەلێکی کۆچەر یان ماسیگرەیەک بێدەنگی تێک دەشکێنێ. دەنگەکە جاری وایە شڕ و دڕ و شەڕانییە و جارجار خەفەتبار و دڵتەنگە. لە جێی خۆمەوە سەر هەڵدەبڕم و سەرنجی ژووری سەرم و دەورویەرم ئەدەم. جگە لە تاریکان و ڕەشایی چم وەبەر چاو نایەت. هەمیسان لێرە و لەوێ، دوور و نزیک قیژەی زیقاوڵە و باڵۆرەی مەلانی دیکە دێتە گوێ. دوو چاوی زیت و بە قووڵاچووی گەمیەوان لە ئاو و ئاوەڕێی زەریا دەڕوانن. ڕێ دەناسن و هەڵە ناکەن. گەمیەوان لێوە کرۆژە دەکات، ئارەقەی نێو چاوان دەسڕێ و لە شەوەزنگ و زەریا ورد بۆتەوە. بەرە بەرە با دەکەوێ. سەرما شلەی ئەداتێ. هەرواکە کات دەڕوات و ئێمە بەرەو پێشەوە دەڕۆین، هێور و هێنی و لە سەرەخۆ، بگرە بڕێکیش بە دزیەوە بۆرە تار و فێنکایی بەسەردا دێن! ڕووناکایی کازێوە، تارمایی و وشکانێک زۆر لە دوور ، لە هەتەرەی چاودا وەدەر دەخات. هەر چەندە بەرەو پێشەوە دەڕۆین دڕگە باشتر وەبەر چاو دێت. لە ڕۆخی زەریا دا دڕگە بەرز و نزمی هەیە. زەوی و خاک و بەرد و دار هاتنە پێشێ و دواکشانەوەی هەیە.

بە مەودای مەیدانگرتنی غارەئەسپێک تاکە تاکە دار وەبەر چاو دێن. لەم لاو لادا گەمی و لۆتکە و کەشتی لە لێوارەی زەریا وێستاون. ئەگین جوان گوێ ڕابگری دەنگی قام و وردە قام و زەنازەنای ماسیگرانیش دێتە گوێ. هەر چەندە نزیک دەبینەوە دەنگ و دیمەن باشتر هەست دەکرێن. گۆرانی ئەم ماسیگرانە لام نامۆ نین. هەوای گۆرانی ئاوەهام لە وڵاتی خۆمانیش بیستووە. وا دیارە ماسیگرانی ئەم دڕگەیەش وەک کرێکار و ڕەنجبەری وڵاتی ئێمە دەردەدار و ڕەنج بە بارن! زۆربەی ئەم قام و

گۆرانیەی کە ئەوەتانێ دێتە گوێم دڵتەنگ و خەفەتبارە. بەرز و نزمی دەنگ لە گوێی زەنگوڵەی بەرملی پەزی پێشەنگی رانەمەڕ خۆش و دڵڕفێنە و دڵ دەخاتە کوتە کوت. ئەوا لە جەرگەی گەمی وگەمیوان وکەشتی و ماسیگر دام. چی وامان بۆ دابەزین لە خاک و بەردی دڕگە نەماوە. گەمیەوانەکەی ئێمە ماتۆڕی گەمی کووژاندۆتەوە. لووتی گەمی بە زەوی دڕگەوە نووساندووە. زەنجیری بەستنەوەی گەمی دەهاوێتە وشکان تاکوونێ گەمی ببەستنەوە. کەلەبچە لە دەست لە گەمی دادەبەزم و لاق دەنێمە وشکانی. ئاخ لە کوتە کوتی دڵ! چیە و چ قەوماوە؟ دڵ بۆچ ئاوا دەهۆڵ دەکوتێ. بەرەو رووی ئەو شوێن و رێگەی وا لێوەی هاتووم رادەوەستم و لێی ورد دەبمەوە.

زۆر لە دوورەوە، لە نێوان تەم و مژ و موغارێکی پتەودا تاپۆی کۆسارێک خۆ دەنوێنێ. بڵێی ئەوێ وڵاتی خۆمان بێت؟ نازانم! بەڵام وەندە دەزانم بارستایی ئەم کۆسارە خەم لە دڵم بارە. لە نەکاو دڵم داکەوتووە، خەم و خورپە خزاوەتە دنەی دڵمەوە! خۆف و خەفەت بە دزە دزە چەشنی تەم و مژێکی غەوارە ناخیان داگرتووم و وەک چنگێکی ئەوسانەکان سی و جەرگ و دڵم ریشاڵ ریشاڵ دەکەن و دایدەدڕن. مۆخم پڕ لە زام و ژان دەکەن. هەست دەکەم ئەوەی چنگن لە سەر دونیا بووە، قورووم دەگوشن و جەرگ و سییەکانم دادڕ دادڕ دەکەن. بەری هەناسەم دەگرن. هەست دەکەم ژین و ژیوار و ژیان لەوبەری زەریا بە جێ ما. لەو جێگەی وا لەوێوە هاتووم، لە وڵاتەکەی خۆم. دێوەزمە زۆر تەوەزلانە و بە شێنەیی لە گەمی دادەبەزن. خۆیان دەتەکێنن. باوێشکیان دێتێ و بە مستەکۆڵە لە سنگیان رادەکێشن. روو دەکەنە من و حوکم دەکەن: پێش کەوە با بڕۆین. چەلێکی دیکەش سەرنج دانی زەریا، ئاو، کەف، شەپۆل.

کـەرەتێکی دیکـەش روانـین لەو پـێ و شـوێنەی کـە لەوێـوە هـاتووم. دیسانەکەش ورد بوونەوە لەو کۆسارەی وا بە حاڵ لە نێو تـەم و مـژێکی پتەودا خۆ دەنوێنێ. لەگەڵ دێوەزمە وەڕێ دەکەوین. خـیزەڵان و زیـخی لووس و کەڕڕاکـە سـەری مـاسی و کـۆسە و نـەهەنگ. بـۆگـەن هـەوەڵ پێشوازی چزیرە لە میوان! بۆگەنی ریخۆڵە و نێوزگی مـاسی ، بـاینجان و خەیار و میوەی دیکە. خۆر دەر کـەوتووە. وڵات گـەرم داگـەڕاوە. ئـەمە هەوەڵی بەیانە و وا گەرمە، دەبێ سەعاتێکی دی وڵات ببێتە چ تەندوور و دۆزەخێک؟ دەگەینە شەقامێکی خۆڵینەی پڕ لە زبڵ و خاک و خۆڵ. لەم بەر و ئەو بەری شـەقام دوور و نـزیک تـاقە تـاقە داری وڵاتـی گـەرمێن، هەمووشیان زەرد و تۆزاوی و خۆڵاوی. لاواز و بێ نەشە و گەشە.

لەو بەری زەریا زستان بوو، بەڵام لێرە هاوینە! هاوینێکی سوور و بە کوڵە کوڵ. دەگەینە دەزگایەکی کۆن و قوڕینە. لا ئەدەینە ژوورێ. دەرک و پەنجێرە بێچکۆلەن. دەچینە ژوورێکـی نـیوە تـاریکی بـۆر و چـڵکن. لەو سەری ژووردا زەبەلاحێکی رەشتاڵە، چاودا قـلیشاو. بـرۆ پـان و درێـژ و رەش. لێو ئەستوور، جل و سیپاڵێکی کۆن و چڵکن لە بەردا، زۆریش روو گرژ و مڕ و مۆچ لە پشت مێزێک پان بۆتەوە. نیگای پڕ سەرنجی نایب لە پێڵاوەکانمەوە تاکوو تۆقی سەرم دەدۆزێت. دەوسێی من لە بەر دەستی، لێی دەڕوانێ و پەڕ بە پەڕ هەڵی ئەداتـەوە. لەوە نـاچێ خـوێندەوار بـێت. دێوەزمە بە سرتە لەگەڵی ئەدوێن و شتێک بە گوێی دا دەچرپێنن. لە پاشا لێ ئەدەن و دەڕۆن. نایب لە پشت مێز دێ بەم لاوەبەم سـەر و ئـەو سـەری ژووردا پیاسە دەکات. لە پڕ تەنیا دوو دێڕ لە دەمی دێتە دەرێ: دەڕۆیە نێو شار مەزڵ دەگری. هەموو رۆژێک دێی و ئەم دەفتەرە مۆر دەکەی!

دەفتەر بە نێو و ئیمزای خۆم سەربەرز و پڕ لە شانازی دەکەم! بە دوو

وشەی «بێ ئیزنی نایب» لە ژوور دەرباز دەبم. لە بەر دەرگای ژوورەکەدا ئاوڕ دانەوەیەک و سەرنجێکی نایب! تێک چووە. نەشتەری تەوس ناخی رووشاندووە. وەدەر دەکەوم.

※ ※ ※

کۆخ چکۆڵە و لارووخاو. دیوارەکانی رووت و قووت. سەرجەمی کەل و پەلی نێو کۆخ زیلۆیەک، والۆر و چوار پێنج ئیسکان و ژێرپیاڵە. لە قەندان و ژێر سیغار و کەتری و قۆری هەر کام تاقێک و لە ژووری کۆخەکەشدا دەستە نوێنێک. خاوەنی ئەم کۆشکە رازاوە سەنگین و رەنگینەش، کابرایەکی تەنیا و لاوەکی و شاربەدەر، سامرەند موکری. تەمەن نە دیار! بگرە سەدان سەدە، بگرە تازە لاوێکی حەڤدە هەژدە ساڵان! بە رواڵەت گەڕاوە، بەڵام لە دڵ و دەروون و هەست و ئەندێشدا زۆر مناڵ و گێژوولکە.

لە هەرەتی گەرما و ئاگربارانی نێوان نیوەڕۆ و عەسردا، پاڵ کەوتەی سەر زیلۆی شڕ. دڵپەرۆشی ئاکام و چارەنووسی خۆ. هەست دەکەم شتێکم لێ ون بووە. چاوە بە پرسیار و گەڕۆکەکانم بە هەموو لایەنی ژوورەکەدا دەگێڕم. چاو چەشنی چاوی کەروێشکێک کە تەماڵی تاژی بێت و هەستی مەترسی بکات. کەمایەتی‌یەک لە ناخی خۆمدا شک دەکەم.

کەمایەتیێ کە چیە؟ نازانم!

تەنیایی، غەریبی، برسێتی، سەرو گوێلاکی خێس و خوار، گیرفانی بەتاڵ. کامیان؟ لەگەڵ تۆمە خاڵە بۆچ لاڵ بوویت؟ بیر کەرەوە، تێ فکرە، وەڵامم دەوە. کامیان؟

بە کۆمە کۆم و بڵمە بڵمەوە هات و چۆ، هەستان و دانیشتنەوە. پاڵ کەوتن و راکشان و تل خواردنەوە. تارمایی یان رەشایی؟ زەلام یان سێبەرەکەی؟ هەر کامەیت پێ خۆشە بۆ خۆت وای دانێ. سەعاتێک، تاقە سەعاتێک لەمەوبەر لە شەقامەکەدا بە جیاوازی تاقە دەققەیەک، شانیان لە شانم خشاند و رۆیشتن! ئەوەی هەوەڵیان، کارمامزی هەردەپانی موکوریان! پەروەردەی رەز و هەرمێ و هەنجیران! سەوزە و دەستە و بەڵەک چاو. دڵی داخورپاندم. یانی کەژاڵ ماوە؟ جا کەژاڵ و ئێرە؟ ئەو نیگاو لێو گەستنە بۆ من بوو؟ بەلام ئەوەی دووهەم! شانێکی تێ کوتام. چەند کەرەت وەپێشم کەوت و دووام کەوت، تا سەر کۆلانی ماڵەکەم بە دوومدا هات. لەو دەمەوە تاکوو ئێستا پلەی خوێنم نەهاتۆتە خوارێ. بەمدەی عومرم وەندە توورە نەبووم! ئاخە بلێ ناپیاو، بۆ چی وەدووم دەکەون؟ بۆ چی بوون و خوو و خدەی خۆتانم بە چاودا ئەدەن؟ پێتان وایە نازانم لە هابیل و قابیلەوە تاکوو ئەمرۆ بە دوومەوەن؟ ئەی ئەو قەلە رەشە چ بوو کە لە دایک بوونی هابیلەوە، تاکوونێ لە گۆڕ هاویشتنەکەی بە دوویەوە بوو؟ یانی بەکر شەیتان و دڕووی مەم و زین درۆیە؟ چ دوور نەڕۆین بۆ چی شەریف لە تەواوی دەورەی مەدرەسەی ناوەندی وەک سێبەر بە شوێنمەوە نەبوو؟ مەگین شەمە لە تەواوی سالانی شیرکەت دا مشکی کونە دیواری کۆخەکانم نەبوو؟ بۆ چی پێش ئەوەی بە تاوانی تەکمیش کردن و ئاوەدان کردنەوەی باخە رەزەکەم شاربەدەر کرێم، دایم ودەرهەم لە

گەماڕۆی سیلای چاویاندا نەبووم؟ ئاخە من ناڵێم تۆ بڵێ کاکی ماسی‌گر، کەنگێ و لە کام شەودا خشپەی پێڵاو و فڕکە و تورمزی ماشێن و دەقولبابی دەرکێ هات و من و دڵ و مۆخم هەڵنەبەزینەوە! دانەخورپاین و دانەرماین. بۆ چی کەمیان بانگ کردم و کەمیان تۆپ و تەشەر پێ‌دادام و هەڕەشە و گوڕەشە لێ کردم؟ دەیجا هەر کا ئێوە من دەناسن و من ئێوەم ناسیوە، ئەم قەرێ قەرێ‌یەتان لە چیە؟ ئەگین دەتانەوێ بمترسێنن!؟ لە چی؟ لە کێ؟ دەسا ناپیاو قەرێ قەرێ بەسە! ناپیاوەکانت بنێرە پێشێ. بە دەرزی و ژەهری‌ماری دەکەن، بە شەپ و شەمشیری دەکەن، بە گوللە و باڕووتی دەکەن، دە تەواوی کەن! یاڵڵا دەی بۆ چی و لە سەر چی راوێستاون!

حەوجێم بە کوفرە. ئاخ خوایە ئەوان کافرن، من دەبێ کوفر بکەم! دەیجا باشە! زۆر چاکە. بریا کوتەنی: لە جەهەننەمیش بەو لاوە*؟! سەد حاشا لەو گۆڕەی نووڕە نووڕی لێوەنایە.... باشە دۆستی خۆم! ئیدی با بەس بێت! ئەی تۆ کاکی ماسیگرا! تۆ بۆچ لێم ناپرسی: «ئەرێ خاڵە خۆ لە چوار چرا وێستان تاوان نیە. جا خۆ تەکمیش و ئاوداشتن و پەروەردە کردنی باخەرەز قەدەغە و قۆرغ نەکراوە. دەیجا لالۆ، خالۆ، ئەرێ مل شکاو تۆیان لە سەرچی شاربەدەر کرد؟» قسەی خۆت لە بیر نەچێتەوە. سەرت دەیەشێنم! بەلام ئەوە تۆ نەبووی ئەم پرسیارەت کرد. ئەوە خۆمم لە خۆم دەپرسم: بۆچ وات لێ دەکەن و بۆچ ئاوەهایان بە سەر هێناوی؟ هەر خۆشمم وەدووی وەلامی ئەم پرسیارە کەوتووم. بەلام ئیزنم بدە شەربەیەک ئاو بخۆم.....دەبا ئەم جگەرەیەش داگیرسێنم، بە دوو مژ

---

* - میسراعێک لە شێعرێکی محەممەد کاکەسووری «بریا».

کەمێک دێمەوە سەر خۆ! ئەمجار وەڵامت ئەدەمەوە.

قسە بۆ تۆ دەکەم، هۆۆۆۆی گێژ و وێژ قسە بۆ تۆ دەکەم. ئەم ئەوسانە و چیرۆک و قایەتە دەگەڕێتەوە بۆ عەیامی هابیل و قابیل و تر و تەوێڵەکەی ئەوان.... لەوانیشەوە تاکوونێ پێش مێژوو، دوای مێژوو، تاکوونێ باپیرە گەورەم وا کۆیلە بوو. تاکوونێ باپیرم کە فەلا بوو، تاکوونێ بابم یانی شوانەوێڵەکەی بێ جیرە و مووچە. تاکوونێ خۆم. هەموومان یان نۆکەری دەستەوەستان بووین وبە نانەزگی و بخۆ و مەمرە ژیاوین، یان ئەگین لە دەممان دەربەڕی بێت و کوت بێتمان: نا! بۆ چی؟ چۆن؟ یانی چی؟ ئەوە شاربەدەر کراوین. تالان کراوین و بە جلی بەر و داری دەستەوە دەربەشار و دەربەدەری هەندەرانیان کردووین. باپیرە گەورەم بە کوێلەیی کڕیار و فرۆش دەکرا، باپیرم زەوی‌یان لێ دەسەندەوە، بابم لە شوانی دادەندرا. بەڵام من، من بۆچی و لە سەرچی؟ هەمووی دەگەڕێتەوە سەر من! میراتی هەموویان بە من براوە! من میراتەگری هەموویان و مافی هەموانم. جا هەر لە بەر ئەوەیە وا قورسایی و بارگرانی ڕەنج و مەینەتی هەموویان لە سەر شانی خۆم هەست دەکەم. چیرۆکنووسی ئیتالی «سیلوونە» کوتەنی: «لە پاش کۆتایی هاتنی شەڕ و هەڵڵا، بەقاڵ و بەزاز و فەلا و کرێکار هەموان دەچنەوە سەر کار و کەسب و کردەوەی خۆیان و دەچنەوە دۆخەکەی خۆیان، بەڵام ئەوە رووناکبیرە کە دایم و دەرهەم هەر لە ڕەنج دایە و لەگەڵ هەموو وەزیعەتێک هەرگێرە و کێشەی هەیە و لە ناکۆکی و بەربەرەکانێ دا دەمێنێتەوە.» کابرای شوان لە باکووری وڵات شاربەدەری باشووری وڵات کە، لەوێ دەسەر مەڕ و شمشاڵێک و ڕۆژێ چوار نان و قاپێک دۆی پێ بدە، چ پێی وانیە شایە یان سەپانە. بەقاڵ و بەزاز و خاوەن کارەکانی دیش هەروا. بەڵام رووناکبیر ئاوا ناتوانێ. لەگەڵ وەزیعەتی

ناخۆش و ناڕەوا، لە هیچ دەورەو زەمانەیەکدا ناتوانێ بحاوێتەوە. دەیجا گرفت و گیروکۆت و زەنجیر و بەند و تۆمەت و بوختان هەر بۆ ئەوە. ئەدی کاکی برا من لە هیچ و خۆڕایی شاربەدەر نەکراوم. گوڵ و ڕەز و تەکمیش هەمووی بڕ و بیانووە. گێچی تۆز ئێلەمەیە. ئەوان دوشمنی بابەکوشتەی خۆیان مۆڵەت و دەرفەتی پشوودان نادەن! ناهێڵن ئاوی خۆش بە گەرووی‌دا بچێتە خوارێ. وای دادەنێن ئەگین وچانی بدەن، ئەو سەریان پان دەکاتەوە. هەر لە بەر ئەوە دەستی خۆیان وەپێش دەخەن. لێم حاڵی بووی؟ حاڵی یان نا؟.... ئیدی بە ئیزنت. دەبێ بڕۆی؟ بۆ کوێ؟ بەرقەندە و نیوەڕۆژە و شیو خواردنی پیاوی شاربەدەر لە نان و دۆ بە دەر چیە؟ قەناعەت بکە. نانا خۆت بە پشت دامەخە و مەترسە لە برسات ناکوژم! تۆ قەناعەت بکە، نان و پەنیرێک، نان و ماستێک، بگرە دوو سێ هێلکەش بۆ میوان وەگیر دەکەوێ

* * *

دوڕگە! بەڵام چ دوڕگەیەک؟ ڕەنگە بەلای خۆتانەوە چزیر و دوڕگە و گراوێکتان پڕ لە دار و گوڵ و سەوزەڵان بێتە بەر چاو! وڵاتێک بە شەقامی لێوار زەریا و سەوزەڵان و نەسیمی فێنکی زەریاوە، شارێک بە چایخانەی ڕۆخی زەریا و مێز و کورسی لە ژێر سێبەری داردا! نا کاکی خۆم ئەمە

تاسە و خەیاڵ پلاوی تۆیە. لە ماڵ ئەچمە دەر. کۆڵان چۆل و هۆل و خۆڵینە. دەگەمە شەقامە گەورەکەی شار. لەوە دەچێ ساڵێک لە ساڵەکانی زۆر زوو قیلەتاو کرابێ. بەڵام ئەوا هەر چاڵ و گۆلە لە بەر دەمم قوت دەبن و ڕێگەم پێ دەگۆڕن. هەزار ماشەڵڵا نێو چاڵ و گۆلەکان نە قوڕە ڕەشەی تێدایە و نە بۆگەنی لێوە دێت! ئەوەش کە دوێنێ و پێرێ لە ژانەسەردا خەرێک بوو کوێر دەبووم، تاوانی خۆمە کە بە عەتر و عەبیری ئەم شارە ڕانەهاتووم. کابرایەکی بەلووچ، یەکی ئازەری ، عارەبێک، یەکی مازەنی و دووکورد و سێ فارس و بڕێک قەلافەتی نەناسیاو و غەوارەی دیکە بەم شانە و شانمدا دێن و دەچن.

هەر بە قەلافەتیاندا، لە شاربەدەر، دەربەدەر و ئاوارە، گەمیەوان، قاچاخچی و کاربەدەستی دەوڵەت دەچن. کەس سلاو لە کەس ناکات. دەڵێی یەکتری ناناسن! ببڕای ببڕ قەت‌قەت یەکتریان دی‌بێت! دیوناسی و باوەڕپێکراوی لە نێویاندا نامۆیە، غەوارە و تۆتیایە. تەمەشا کەن تۆ خودا چەنێ لە خۆیاندان. لە دۆخی خۆیان و هەر لە خەفەتی نان و دۆی خۆیان دا.

ئارەقە لە ئازای ئەندامەمەوە هەڵدەقولێ. کراس وەک پێستە بە لەشمەوە نووساوە. ناکرێ بڵێم گەرمایە! ئاگربارانە، ئاگر باران. لەشم کەوتۆتە برژە برژ. دەڵێی بریندارە و خوێت پێ داکردووە. وا باشە پێش ئەوەی ببمە گۆشتە برژاو، لادەمە نسێی چایخانەیەک. بەیانی زوو، زۆر پێش لە خۆرهەڵات لە سەر لێوارەی زەریا بووم. بەرە بەرە خۆر لە نێوەڕاستی زەریاوە سەری وەدەرنا. ڕاست لە چەشنی دڵێکی خوێناوی کە لە نێوان زەریای خوێن دا سەر وەدەر بنێ. وێنەی تۆپێک لە زێڕی سوور، لە نێو دڵ و ناخی زەریاوە خۆی هەڵکێشایە سەرێ. زەریای کردە گۆمی

خوێن، کردیە ولاتێک لە ورشە ورشی زێڕی سوور. خۆر بەرەبەرە باڵی گرت و هەستا. بەرەو باوەشی ئاسمان فڕی. لە حەواوە دەستی کرد بە رم هاویشتن. رمی سوور و ئاگرین، رمی زەرد و زێڕین. خوایە لەم دڕگەیەدا خۆر چەندە لە زەوی نزیکە. لە راستی دا هەر دەڵێی لە باوەشی عەرزی دایە و بە سنگی عەرزەوە نووساوە. بە چەشنی ئاگرێک کە لە هەموو شتێک هالاّبێت. خۆر گشت ولاتی زێڕەشان کردووە، ئاوری تێبەر داوە. وێنەی مەلێکی ئاگرین بە بلێسەیەکی داغەوە، بە سەر زەوی و خۆڵ و دار و ئەم دڕگەیەدا لە هام و شۆدایە. سەعاتێک، تاقە سەعاتێک لە خۆرهەلاّت تێپەڕیوە، کەچی تەواوی گیانلەبەری دڕگە لە ئاگرباران و لە ئارەقەی خۆیاندا خەریکن دەخنکێن. لە دەرک و دیوار و پەنجێرەوە ، لە عەرز و ئاسمانەوە ئاگر هەشاوڵ دەهێنێ. باوەشت پێدا دەکات. ئازای ئەندامت دەکەوێتە سەر ئاو. ئارەقە دڵۆپ دڵۆپ لە تۆقی سەرتەوە هەڵدەقوڵێ. وەک لافاوێکی سوێر و داغ وەڕێ دەکەوێ. هەموو لەشت لە ژێر توێژێک خوێ و ئارەقەدا دەبرژێتەوە. لە ژێر ئەژنۆ و باخەڵ و لە نێوان رانەکانتەوە بۆگەن و بۆدڕی ئارەقەی ترشاو هەر بلێسەی دێت. هەوەڵ شۆڕاوگەی دڵۆپی ئارەقە لە گوێنی بەچکە قڕبۆقێک بە پشتە ملتدا دەخزێتە خوارێ. وەک ئەوەی بۆق پێتدا بمیزێت، بە نێوەڕاستی مۆغەرەی پشتت دا بەرەو خوار شۆڕاوگە دەکات. زۆرت پێ خۆشە دەست بەری، بیگری و حەوای دەی. بەلاّم لەگەڵکوو دەستت لێیان دەکەوێ، تەواوەتی دەستت لە میزێکی بۆگەندا دەخووسێ.

بە قێز و بێزەوە دەست دەکێشیتەوە. جێگەی دەستت وەک برینێکی خوێت پێدا کردبێ، دەبرژێتەوە، دەسووتێتەوە و ژان دەکات. دەبێ بیخورێنی، بیخورێنی و بیخورێنی. کە زۆریشت خوراند، بریندار دەبێ.

ئەمجارە بە راستی برین و خوێن و خۆی تێکەڵ دەبن. دەسا ئێشی زامی پڕ خوێ پیاوی دەوێ خۆی لە بەر راگرێ. بەچکە بۆق هەروەها لە ئازای ئەندامتەوە هەڵدەقوڵێ. رێژەی قرپۆق لە سەر پێستی پڕ زام و کێم و جەراحەت، لە سەر زامی پڕ لە خوێن و خوێ، لە عەرزت ئەدا. تل دەخۆی، بە دەوری خۆتدا، بە چەشنی باگردێنێک لە سەر زگ و پشت و شان تل دەخۆی و دیان بە سەر یەکدا دەنێی. نێوچاوان تێک دەنێی، دەتلێیەوە، رێویپێچ دەخۆی. بەڵام ئەشکەنجە کۆتایی نایە. دەبێ بیکێشی و تابشتی بێنی. تەنانەت چارت نیە و دەبێ پێی رابێی! نازانی کەنگێ و چۆن دەتوانی پێی رابێی؟! نازانی.

لە نسێی ئەم چایخانەی سام و سارا دانیشتووم و دەڕوانمە جم و جۆڵی خەڵکی ئەم چزیرە. جم و جۆڵی خەڵکی ئێرە بۆ وەدەست هێنانی بخۆ و مەمرە و نانەزگێیەک بیست و چوار سەعاتەی تەواو لە هەموو رۆژ و شەوێک دایە! بێ برانەوە، بێ وچان و پشوودان. بەو حاڵەوەش دەرنابەن. جا لە بەر ئەوە، هەر دەبێ تێکۆشن، هەڵسووڕێن و تەقەلا بدەن. تەنانەت قەت نەحەسێنەوە! چونکوو پێیان گوتوون ژیان ئاوایە. دەبێ ئاوابێ. لەم ئاگربارانەدا خودا پێداوێک وەبەر چاو نایەت. خوا پێداوان و تەرخان خۆرەکانی چزیر جۆرێکی دیکە دەژین. ژین و ژیان و یاسای تایبەتی خۆیان هەیە. لە فێنکایی بەیاندا یەک دوو سەعات دێنە نێو شار. وە دووی کاری خۆیان دەکەون و لە پاشان بۆ کۆشک و تەلاریان دەگەڕێنەوە. وەک کیسەڵ دەخزێنە نێو دۆخ و خانە و لانەیان. بۆ دووهەم جار لە فێنکایی عەسر درەنگان یان بە شەوانە، بە پووتێ ناز و هەوا و ئیفادەوە وەدەر دەکەون. بە شار و شەقام وباغ و بێستانی دەوری شاردا، بە ماشێنی تایبەتی خۆیان دەخولێنەوە. بە سەر خەڵک و خودا و خاکدا شانازی دەفرۆشن.

کەچی ئەگین جوان تێیان بڕوانی کیسەڵێکی بە قالب داڕژاون! لە سەدان سەدە بەر لە ئێستاوە، جگە لە زۆر خواردن و زۆر خەوتن، جگە لە زۆر پۆشین و زۆر دڕین چی دیکەیان نەزانیوە و نەکردووە. ئەی دڕگە چی؟ دڕگە خۆی! دڕگە لە هەرەتی گەرمای قاوەڵتوون و نیوڕۆ و پاش نیوەڕۆیاندا لە گەرماناوە هەناسکە هەناسک دێ کەوێ. بڵێسەی گەرما و هەڵمی تووانەوەی لێ هەڵدەستێ. پێت وایە ئێستە نا ئیستێکی دیکە ئاگر دەگرێ!

دەسا یان دەسووتێ و بە سەر خوێدا دەڕووخێ، یان پشووی دەرنایە و دەخنکێ. بۆگەنی میوە و سەوزی و تەماتە، بۆگەنی جۆگەلە و قووڵکی پڕ لە قوڕەڕەشە شار پڕ دەکات. دەبێتە هەڵم و وەک مژ بە کۆڵان و شەقامدا جەولە ئەدات. بۆ ماوەیەک چاو دەبڕمە زەریا. ئاوی زەریاش لە بەر چاوت دەکوڵێ و دەبێتە هەڵم. بەڵام بەرەو ئاسمان هەڵناستێ! لە سەر و گوێلاکی دڕگە و خەڵکی دەهاڵێ. بە ئارەقەی لەشەوە دەنووسێ. شەرجی سیپاڵ لە بەر ئینساندا دەخووسێنێ. خوڵق و خووت لە لا نامێنێ. دەڵێی دەم و قوڕووت پڕ لە خوێ بووە. حاڵی پەرۆش و رشانەوەت هەیە. دەڕۆی و لە قوژبنێکی دوور، لە سێبەرێکدا رادەکشێی. تاسەی جوولانەوەی نەرمەبایەک تەواوی ناخت دادەگرێ. هەر لەو جێیە وا راکشاوی، تل دەخۆی. بە خوێدا دێی و هەمیسان تل دەخۆی. لەوانەیە لە رووباری ئارەقەی لەشی خۆتدا بکەویە مەلێ. جارجار دڵۆپێک ئارەقە دەکەوێتە نێو چاوەکانت. چاو چەشنی ئەوەی خوێت تێ کردبێ، رێشکە و پێشکە دەکات و ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ. تارماییەک بەری زەینی چاوت دەگرێ و جیهان بۆر و لێڵ دەدینی. ئاواتە خوازی ئەمە دەبی، دەبێ کەنگێ و چۆن بەم وەزیعەتە رابێی؟!

لەم دۆزەخ و ئارەقە و ئاگربارانەدا، ئاواتە خوازی ئەوەی خۆت بهاوێیە نێو حەوزێکی پڕ لە سەهۆڵاو. یان حەوات دەنە هەردێکی بێ برانەوەی لە بەفر و سەهۆڵ داپۆشراو. جا لە سەهۆڵاو دا و لە سەر بەفر و سەهۆڵ تل بخۆی. بەڵام دەزانی ئەمە تاسە و ئاواتی بێ وەدی هاتنە! دەسا لە خەیاڵ پلاو دێیە دەرێ و هەست دەکەی چزە لە هەموو لەشتەوە هەڵدەستێ. چزەی نەشتەری مێشوولە. دەست رادەوەشێنی و لە خۆتیان دوور دەخەیتەوە. بەڵام دیسان هەشاوڵ دەهێننەوە. دووریان دەخەیت و هەمیسان هەشاوڵ دەهێننەوە. تاکوونێ دەبەزی. وزەی دەرکردنیانت لا نامێنێ. ئەمجارە دێن و وەک تۆڕێک وەسەر ئەندامت دەکشێن. لە جێی خۆت راستەوە دەبی. بە جل و سیپاڵەوە خۆت لە زەریا دەهاوی. لە نێو ئاوەکەی دا تل دەخۆی.

* * *

زەردەی خۆرئاوا. سێ چوار هەوری کافووری نەخشی سینگی ئاسمان. جاروبار بزووتنەوەی نەرمە بایەک. چەشنی لاواندنەوەی ئاو لە سەر روومەتی برژاو. وەک هەمیشە شەقامی لێوارەی زەریا. کەس نادینم رەنگێکی گەش و جوانی بە روخسارەوە بێت. خەڵک هەموو روو گرژ و مۆن، نێوچاوان پڕ لە گنج و لۆچ. سەر و گوێلاک تێک چرژاو. مات و بێ

دەنگ و مڕۆ مۆچ. ئەگین بە هەڵکەوت دوو سێ کەس پێکەوە بدینی یان مات و بێ دەنگن، یان لە دەست گوزەران دەم بە گلەیین. زۆرم پێ خۆشە بڕۆم و لەگەڵ پۆلێک تێکەڵ بم. لەگەڵیان بکەومە قسە و باسەوە. ساتێک لە تەنیایی بێمە دەرێ. بەڵام نابێ، وەخۆم ناگرن، شاربەدەرم!

کەس بەقای بە کەس نیە. لاوەکی وەخۆ ناگرن. لە شاربەدەر خۆ دەپارێزن. لە زەریای تەنیایی خۆمدا بین دەخۆمەوە. بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە. پەلەقاژەی راهاتن و مانەوەمە. لە دڵما بڕێک شادم. کیژە جوانەکەی ئەو رۆژەم تووش بوو. لە بەرامبەرمەوە دەهات. تێر بە دڵ تەمەشام کرد. بە رووالەت وەندەش جوان نیە پیاو شێت و عەودال کات! بەڵام جوانیەکی نەدیار و پۆشراوەی هەیە. تێگەیشت بە وردی تەمەشای دەکەم! توند تێپەڕی. ماشێنێک بە شانم دا تێپەڕ دەبێ. بارستایی قەڵاو باڵاخانەیەک تەپ و تۆزم تێ دەهاڵێنێ. ماشێنی یەکێ لەو خودا پێداوانە بوو کە ئەم دەمانە بۆ کەیف و سەیران بەرەو مەزرا و باخ و دەوروبەری دڕگە دەچن. لە شەقامی لێوارەدا دێم و دەچم. دەسووڕێمەوە، دەخولێمەوە. دەبێ سات و کات بکووژم، رایبوێرم، عومر زایەکەم! تەمەن و ژیان بەرەو پیری و نەمان بەرم. بەرەو خاک و خۆڵ و ئاو. بەرەو رەگ و بنچینە و هەوەڵی خۆی. سوودی جیهان و ژیان و عومری ئێمەمانان چیە؟ خۆم و چین و توێژ و کەسانێکی وەک خۆم دەڵێم. هەوەڵ تاکوو ئاخر چمان کرد و چمان دیت؟ بێجگە لە گێرە و کێشە و حەول و تەقەلا، جگە لە ئەرزەبە و جەزرەبەی لەش و گیان دەسکەوتمان چ بوو؟ لە داهاتوودا چۆن دەبین؟ نوقمی زەریایەک بیر و ئەندێش لەم شەقام بۆو شەقام، لەم گەڕەک بۆو کۆڵان یەلخی یەلخی دەخولێمەوە. دەبێ هەر بە تەنیایی و لە تەنیایی خۆمدا بە دەوری خۆمدا، لە بازنە و جەغزی وەیشوومی چارەنووسی

خۆمدا بسووڕێمەوە، بگەڕێم. بەڵکوو.... ها؟ بەڵکوو چی؟ زووکە بیڵێ.
بەڵکوو چی؟ بەڵکەم بریقەی تیشکێک کەم یان زۆر، دوور یان نزیک
بکەوێتە دڵمەوە، بیداتە روخسارم. دیسان ماشێنێکی دیکە، بەفڕکە وەک
ێسکەی تفەنگ بە بن گوێمدا وژەی دێ، فیکە دەکێشێ و تێ دەپەڕێ. ٧
هەمیسان کێوێک خاک و خۆڵ و تەپ و تۆز لە تەواوی لەشم دەنیشێ. بە
خۆم نیە، بەری خۆم بۆ ناگیرێ. سێ جوێن نەدەم دەتەقم! ئاخە بڵێ وڵاغ و
لە وڵاغ کەمتر نێو شار و شەقام و ئەم فڕکەیە؟ کچ و ژنیان رفاندووی
خەزای کەن یان وەدووی خۆت کەوتوون....! کە ئاوا دەفڕی و رادەکەی؟
دیسانەکەش بەرەو شەقامی لێوارەی زەریا بای ئەدەمەوە. هەوا
دەگۆڕدرێ. بڕێک فێنکایی روومەت و سنگ و ژێر باخەڵەکانم
دەلاوێنێتەوە. نەرمە بایەک پێی بڵێین سەبوون یان نەسیم بە حاڵ لە جم و
جۆڵ دایە. نازانم لە زەریاوە دێت و نەسیمە، یان لە لایەکی دیکەوەیە و
سەبوونە؟! بەلام وەندە دەزانم بوونی ئەم نەرمە بایە خەنیمەتە. پیاو
دەگەشێنێتەوە. وەرزی ئینسان راماڵ ئەدات و تین و توانایەکی وەبەر
دەهێنێتەوە. حوللە سێ هاتەوە سەر سێ! چایخانەکەی سام و سارا. مێز و
کورسی لە پێ‌یانە رێ، لە ژێر نسێی سێ چوار داری تۆزاوی و خۆلاوی‌دا.
لا ئەدەم و بە داب و نەریتی ناسیاوی چاو سەهۆلاوم بۆ دێت. قامێکی
ئوممی کولسووم لە زەبتی چایخانەوە دەگاتە گوێ. دەنگی ئوممی
کولسووم هەوا دەلەرێنێتەوە! پیر و جەحێڵ بە هەوای قامەکە لە یەک
دەڕوانن و سەر دەلەقێنن. کابرایەکی گەڕاوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک
هەڵدەوەرێنێ. جار وبار سەر هەڵدەبڕێ. بە زەین و سەرنجێکی گرانەوە لە
زۆر دوور دەڕوانێ. دنەی ئەسرین هەروا لزگە لزگە لە کانێی چاوەکانیەوە،
چەشنی جۆبارێک بە روومەتی دا بریقەی دێت و بەرەو چەنەی دەخزێتە

خوارێ. لە چەناگەشی‌یەوە بۆ سەر کراسەکەی چۆڕاوگە دەکات. دەنگی ئوممی کولسووم منیش دەخاتە بیرەوەری و خەیاڵاتەوە. شارێکی چووکە و بگرە لە چاو شارەکانی دەور و بەری خۆی رازاوە. خەڵکێکی تازە شارستانی و لە لاوە هاتوو. زۆربەیان لە جم و جۆڵی وەدەست هێنانی ژیواری رۆژانە. برێکیشیان بە خوو خدەی تایبەتی چین و توێژی تازە پێ گەیشتووی بە سەردا کەوتوو. لە قەراغ شارەوە، لە تازە شەقامێکی بە دوور لە جەنگە و گەرمەی بازاڕ، چایخانەیەکی بیچکۆلانە. خاوەنەکەشی کابرایەکی گەڕاوەی زەردەڵە. بەڵام مشتەرێکانی؟ هەموو جۆرە تیپێکی کۆمەڵ. چایچی و مشتەرێکانی هەموو فرێ دراوی کۆمەڵ. چا خواردن، جگەرەکێشان، زەنا زەنا. جەبار خەریکی تاریفی یەکێک و زەمی یەکی دیکە. بارزان لە مەشقە مەشق دا خۆ هەڵکێشان و هاتەران پاتەران. کەچەڵ وەک دایم و دەرهەم. خەریکی شەڕە قسە لەگەڵ بارزان. عەبە تۆپ و تەشەر بە هەرکیاندا ئەدات. حەمە نێوبژی دەکات. بارام قوڵتە قوڵت لە قەندە هەڵدەستێنێ و ئاگری شەڕ و دووبەرەکانێ خۆش دەکات. جا ئاخە ئەمانە بەم کاتە چی؟ گریمان رۆژگار و عەیامێک لەگەڵ‌تاش بوویێتن یان بە کارم بێن! خۆ ئەلحانەکە کارم پێ‌یان نیە. بەڵام کارم بە یەکیان هەیە. بۆیە باسی ئەو شار و چایخانە و مشتەری‌یەکانیم هێنایە گۆڕێ. زۆر دەمێ نەبوو لە مەدرەسەوە دەرنرابووم. ئێواران دەچوومە ئەو چایخانە. چاشم دەخوارد و بە دزیشەوە گوێم بۆ جەفەنگ و قسە و باسی مشتەریش رادەگرت. لە نێو هەمووان دا شۆڕام دێتەوە بەر چاو. ئاخ شۆڕا، شۆڕا، شۆڕا....خەڵکی شارەکەی ئێمە نەبوو. لاوەکی بوو. هی وابوو دەیگوت لە وڵاتی خۆی شاربەدەر کراوە. برێکیش دەیان گوت بۆ کارکردن هاتۆتە ئەم شارە. شۆڕاشم چەند چەلان لەو چایخانەیە دیت. لە نێوەڕاستی

چایخانەدا دادەنیشت. جگەرەی دەکێشا، چای دەخوارد و لە گاڵتە و گەمەی مشتەری دەڕوانی. پاش ماوەیەکی کورت دەڕۆیشتە ماڵی بیرەوەری‌یەوە هێندە لە ماڵی بیرەوەری خۆیدا نوقم دەبوو، دەتگوت لە چایخانە نەماوە! زۆر جەلان لێی نزیک دەبوومەوە، شان بە شانی دادەنیشتم. لێم دەپرسی، کاک شۆڕا ئەم خەڵک و گەمە و گاڵتانەت چۆن دێتە بەرچاو؟ ئاوڕی ئەداوە. بزەیەکی دەهاتێ و دەیگوت: ئەوە دیسان لێرەی؟ دەزانم بۆ چی دێی! بەڵام نا وا نابێ، زۆر دێی. برا ئەمانە لەگەڵ زەماندا نین . کۆمەڵ حەوای داون، بەڵام خۆیان پێ نازانن! شۆڕا وەندەی دەگوت و هەمیسان گوێی بۆ گۆرانی نەوارەکە شل دەکرد و دەڕۆیشتەوە دونیای ئەندێش و خەیالاتی خۆیەوە. ئەمڕۆ لەم دڕگە دیوار گیراوە جیاواز لە جیهانە! ئەم گۆرانیەی ئوممی کولسووم و ئەم کابرایە وا فرمێسک ئەڕێژێ، وەبیر شۆڕایان خستوومەتەوە. دەیانگوت شۆڕا لە وڵاتی خۆی شاربەدەری وڵاتی ئێمە کراوە. دەبێ ئەم کابرایەش لەم جزیرەدا شاربەدەر و لاوەکی بێت. وەک من و زۆر کەسی دیکە. بۆچ عەیب و ئیرادە لێی نزیک بمەوە، بی‌دوێنم؟! تەنیایی و بێ هاوڕێی هانت ئەدا بەرەو خەڵک و کۆمەڵ بچی! خەڵک بدوێنی، قسە و باس بکەی. بەڵکوو بۆ مدەی سەعاتێ کەمتر یان زیاتر لە دنیای چۆڵ و هۆڵ و تەنیایی خۆت بێ‌یە دەرێ! ناسیاوی و هاوەڵایەتی چیە و چۆن دەست پێ دەکا؟ بۆچ مرۆڤ ناسیاو دەگرێ و هاوەڵایەتی پێک دێنێ؟ من لە دڵ و ئەندەروون و بیر و بۆچوونی خۆمەوە وەڵام ئەدەمەوە. دیوناسی و هاوەڵایەتی لە پلەی هەوەڵدا هەڵاتن لە دێو و درنجی تەنیایی‌یە. پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەیە وا دێوەزمەی غەوارە پێی دا دێن، ئەزرەبە و جەزرەبەت بدەن. دەمانەوێ بە گرتنی هاوەڵ و برادەر ئەم کەلێنانە سوواخ دەین. لە پلەی دووهەمدا مەبەست ئەوەیە هەر کەس

دەیەوێ جووت و هـاوتای رۆحـی خـۆی، بـۆ هـاودڵی و هـاوزبانی، بـۆ دروست کردنی کۆشکی تاسەی خۆی، بۆ پێک هێنانی جیهانی ئاواتـی خۆی بدۆزێتەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم ئاوای بۆ دەچم. خەڵکی دیکە مەیلی خۆیانە. چ دوور نەڕۆین کاکی چاو بە فرمێسک. تۆ... ئەرێ تۆ چۆنی بـۆ دەچـی کەیفی خۆتە. بە دڵخواز و بیر و بۆ چوونی خۆتی بکە. ئەوا لەگەڵ کابرا قسە و باسم دامەزراندووە. مەیدانی باس و خواس و دەمە تەقەم رازاندۆتەوە. من قسەیەک دەکەم، ئەو بە دەقسـە وەڵامـم ئـەداتـەوە! ئـەو پـرسیارێک دەکات، من بە دەیان و سەدان وەڵام هەودای قسە و باس درێژە پێ ئەدەم. باس و خواس و قسەکردن لە دەم یەکدی دەڕفێنین و بە چەنەحانێ و درێژە دادڕی نۆرە قسەی یەک نادەین! غوربەت و غەوارەیی و غەریبی، تەنیایی و بێ هاوەڵی و بێ هاودەنگی ئاوەهای بە سەر هێناوین.

وە نەبێ زۆر لە یەک ناسیاو بووبێتین، یان زۆر دڵ و دەروونمان وەک یەک وابێت، یان کەوڵی دڵی خۆمان بۆ یەکتر راخستبێ، یان شتی بایەخدار باس بکەین، نەخێر نەخێر، ئەمانە هیچیان لە گۆڕێ دا نین. بەس تەنیایی و غوربەت و غەریبی هانی داوین لەگەڵ یەک بدوێین و درێژەدادڕی بکەین. مەبەست لە بیر نەچۆتەوە، مەبەست لە هاوەڵایەتی و هاودەمی، دەبـێ و شیاوە وەندە بڵێین و بڵێین، تاکوو بەڵکەم بە جووت و ئاواڵەدووانەی ون بوو و نوقم بووی یەکتر دەرچووین!

تا ئێرە بۆم دەردەکەوێ لە وڵات دوور خراوەیەکی شاربەدەر – دوو وشەی شاربەدەر و دوور خراوە هەرتکیان دەڵێم، با روونم کردبێتەوە لە من کولۆڵترە– مافی دانیشتن لە خودی شاری دڕگەشی نیە! دەبێ لە یەکێ لە گوندەکانی دڕگەدا نیشتەجێ بێت. مانگە و مانگ جـارێک دووان ئـیزنی

هاتنی ئێرەی پێ ئەدەن. هەرکا لێم پرسی: بۆچی و لە سەر چی دوورخراوەی وڵاتی خۆت کراوی؟ چی نەگوت! تەنیا وەندەی وەڵام دامەوە: باسەکەی دوورە، زۆری پێ ئەوێ، منیش وەک گشت خەڵکی ئەم دڕگە و تەنانەت ئەم جیهانی سێهەمە. لە پاشان هەستاو لێی دا و ڕۆیشت. کوتی: وچان و دەرفەت تەواو بووە! دەبێ بگەڕێمەوە بەرەو کوێرە دێ‌کەم.

ڕاست ڕۆیشت و ئاوڕیشی نەداوە.کەوتمە بیر و خەیاڵاتەوە. من، تۆ، ئەوە، ئێمە، ئێوە، ئەوان. هەزاران و بە ملوێن خەڵکی دیکە بۆچی و لە سەر چی شاربەدەر کراوین و شاربەدەر دەکرێین؟ باپیرم لە سەر دەو دوو، مەڕانە، مامڕانە، ئاغایانە. بابم لە سەرگوێ‌قوڵاغی بزنە رووتە. جا بۆ وا دوور بڕۆین. چ دوور نەڕۆین من! مەگین بۆم باس نەکردوون؟ بیرتان لێ نەکردۆتەوە؟ چاوتان بە دەوری خۆتاندا نەگێڕاوە؟ نەچوونەتە بنج و بناغەی ئەم کارەسات و چارەنووسە؟! مەرگەساتی هەموو خەڵکی و شاربەدەرەکانی جیهانی سێهەم و بگرە تەواوی دیرۆکی جیهان! بە تاقە دێڕێک بۆت باس دەکەم! تاوانی هەموویان ئەوینە! ڕەنگە دۆش مابێتی! واقت وڕمابێ. پێت سەیرە: ئەوینی چی؟ ئەم کابرا خەرەفاوە چ دەڵێ؟ باس و خواسی ئەوین نەبوو. دەست ڕاگرە. توند مەڕۆ با پێت بڵێم: ئەگین ئەم بەشەرە ئاوەکی و قوڕینەیە لە سووچ و قوژبنێکی نەدیاری دڵ و ناخیدا ئاوات و ئەوینی ساتێ وچان و حەسانەوە و ژیانێکی ئینسانی نەبوایە! چارەنووس و بەشی ئەمە نەدەبوو. بەندی و دیل و کۆیلە و شاربەدەر نەدەبوو. نازانم بۆی چووی؟ لێت وەرگرتم یان نا؟ کەیفی خۆتە! خۆت دەزانی. بەڵام بڕوای من ئەوەیە. ئەوین، کاکی خۆم ئەوین! سامناکترین دوژمنی دژ بە دەس‌هەڵاتداران ئینسانی ئەویندارە. ئەوان باش دەزانن،

@kurdica

ژیتی بێ ئەوین ئاوێکی گەنیو و راوێستاوە. دەگەنێ و دەمرێ. بەڵام ئەوین راوەستانی نیە. زەریا و رووباری لە شەپۆل دان و جم و جۆڵ دایە. مەبەستی رۆیشتن و گەیشتن بۆ شوێنێکە. ئەوین رندووە بەفری لە هەرەس دایە! ئەمەش بۆ وان مەترسی هەیە، دەسا ئەمە لای ئەوان ناحەز و ناپەسەندە!

بە جێ و شوێن و بەشی خۆت دانەکەوی و ئەوین و تاسەی رۆیشتن و گەیشتن بە ژیان و شوێنێکی دیکەت هەبێ، لە لای وان ناحەز و ناڕەوایە. تاوانێکی گەورەیە. بەرت دەگرن. ئەشکەنجە و ئەزرەبە و جەزرەبەت ئەدەن. حەول ئەدەن لە جێی خۆت راوەستی. مامڵەت لە سەردەکەن. دەتکڕن، دەتفرۆشن دەتترسێنن، تەماحت وەبەر دەنێن و هەڵت دەفریوێنن. هەر نەبوو، هەر دەست بەردار نەبووی، دەتگرن، تێت هەڵئەدەن، دەتگوژن، بەندیت دەکەن، دوورخراوە لە وڵات و شاربەدەرت ئەکەن. بەڵێ دۆستی ئازیز، من بڕ بە بەشی خۆم و بەش بە حاڵی خۆم ئاوای بۆ چووم. تۆ دەڵێی چی؟ ها؟....

* * *

شەو درەنگان. دڕگە بێ‌دەنگ. خەڵک نیوەی لە خەودا و نیوەی خەواڵوو. ئارەقەی ترشاو، گەنیو، بۆدڕ. تەنیا لە قوژبنی تەنیایی. بیرەوەری،

وەبیر هاتنەوە. هاوەڵان، خزم و کەس، باخە رەزەکەم، باخەکەم، ئەری پرسیارێکی سەیر. وڵاتەکەم دوور کەوتۆتەوە یان من دوور کەوتوومەوە؟ دەبێ بڵێی کاممان؟ رەنگ بێ هەر تکمان. ژوورەکەشم جگە لە من، چۆل و هۆل. جگە لە وزە وزی مێشوولە، کڕ و کپ و کەڕ و لاڵ! ئەی من؟ سەر و قژ ئاڵۆزاو، چاو سوور داگەڕاو، لەش قورس و ماندوو. سووتاوی گەرمەیاوی کولۆڵی دەروون. لە ژێر لێوڕا، ورتە ورت، جار نەجار بڵمە بڵم و دەمەتەقێ لەگەڵ هەست و ئەندێشی خۆم! سەدان و هەزاران وەرزی سارد و گەرم و لێڵ و روونی ژینی خۆم بیرم لەوە کردۆتەوە: لەم چوار پێنج رۆژە ژیانەدا، بۆ کوێ دەچین؟ چ مان بە سەر دێت؟ رابردوومان ئاوا هات و چوو، داهاتوومان چۆن دەبێت؟ تێپەڕ بوونی شەوگار و رۆژگار و وەرز و ساڵ چی لە ژین و ژیانمان زیاد دەکا و چی لێ کەم دەکاتەوە؟ حەیف و خەسار بۆ رابردوو، مەخابن لە ئێستاکە یان خۆف و مەترسی و ئاوات و هیوا بۆ داهاتوو؟ کامیان؟ لە ژوورەکەم دا دێم و دەچم، دێم و دەچم و....هەر بیر دەکەمەوە: زۆر جار پێم وایە بە فریویان بردووین! درۆیان لەگەڵدا کردووین. کڵاویان کردۆتە سەرمان و ژین و ژیانێک لە گۆڕێ دا نیە! هەموو ئەم ژین و عومرە خەونە. بیرەوەری و خەیاڵات و بیر کردنەوەیە. ئاخە کامە ژین و ژیان؟ ئەوە نیە بە بێ هیچ دەسەڵاتێک دێیە ئەم جیهانەوە. لە جەغزێکی وەیشووم و بێ خود و دەستەوەستاندا تەمەنت تێپەڕ دەبێ و هەمیسان بێ هیچ دەسەڵات و ئیزن و توانای خۆت، لەم دنیاش دەتگۆزنەوە، دەتمرێنن. لە چی دا و لە کوێ دا دەسەڵاتت هەیە یان بووتە؟ بۆچ وا بێ‌دەنگی؟ بۆچ لاڵ بوویت؟ وەڵام دەوە. بۆ چی واقت وڕ ماوە؟ بیر کەوە.... شتێک بڵێ. لە بیر کردنەوە مەترسێ. ئەستۆت بە ئەسپۆن نابێ. ملت ناشکێ.... بیر کەرەوە.... شتێک

بڵێ....

* * *

باران بە ڕێژنە دەبارێ. لە ژووریێوە، لە دەلاقەکەوە تەمەشای کۆڵان دەکەم. کەس بە دەرەوە نیە. کۆڵان و سەربان چۆل و هۆلن. سەعاتێک لە مەوبەر هەورێکی ڕەش و پتەو خێوەتێکی زەلام و بۆری بە سەر شاردا کێشا. لە پاشان کردیە گازە گاز و چەخماخە لێدان. لە ئاخریشدا کردیە ئەم بارانە بێ بڕانەوەیە. لە ناخۆشەویستی ئێمە دایە ئاوا دەکات! پێی خۆش نیە منالەورکە لە کۆڵان وەکۆ بین و بیکەینە گەمە و گاڵتە. پێی خۆش نیە کات بە خۆشی و کایە و جەفەنگ رابوێرین. بەڵام چی پێ دەکرێ؟ دەتوانێ چەندە ببارێ؟ ئەویش ئاوەها بە ڕێژنە و غوررەم! خۆ لەگەڵکوو شلەی داتێ و بیکاتە خوناوکە دەردەپەڕمە کۆڵان و دەیکەمە بانگەواز: کۆڵان بە کۆڵان رادەکەم و بانگەشەی منالان دەکەم: منالی گەڕەک، سەربنە خەڕەک. وەرنە دەرێ بۆ شەڕە گەڕەک. وەرنە دەرێ تۆێخوڵە شووتی هەڵدەپەڕێ، نایەنە دەرێ چاوتان دەرێ.

هەک لە بەر دایکی شا مرم! ئەوا ڕێژنە شلەی دایە. چاوم لێیە تاقە تاقە خەڵک بە کۆڵاندا دێن و دەڕۆن. پێکەنینم بە هۆو کابرا تەلیس لە سەرە دێت. پێی شوورەیی نیە تەلیسی کردۆتە کڵاو! سۆفی خولەش لە سەر بانە

و سەریان دەشێلێ. هەر وەختێ باران بباریێ ماڵەکەیان دڵۆپە دەکات. لەگەڵکوو دوو تنۆک باران لە ئاسمانەوە بڕژێتە خواریێ، سۆفی خولە و خات خەیاڵ لە سەربانن. ئێمەش هەوەڵ بارانەکە دڵۆپەمان بوو، دایکم خۆڵەمێشی پێوە کرد و شێلامان. بەڵام ئەو جارە چاک نەبۆوە. کەڕەتی دووهەم کامان پێوە کرد و پاش کایەکە باوکم تەنکە ماڵە سوواخێکی کێشا، ئیدی دڵۆپەمان نیە. بە خودای چی دی راناوەستم. دەچمە کۆڵان. ئەلحان مەجید و رەزا و کوڕەکانی دیش دێنە دەرێ. تەح بابەبە ڕڕۆ لەم گۆلاوانە! کۆڵان بۆتە زێبار و چزیر. قووڵکەکان بوونەتە زێبار، وشکانێکانیشیان دەور داوە، کردوویانەتە چزیر. وەرن بەری ئاوەڕۆ بەر دەین. دەنا ناتوانین کایە بکەین. یاڵلاّ منال بە وەندی سێ و دوو تەواوی دەکەین. یاڵلاّ دەی زۆری نەماوە. وەرن هەراکەین، منالی گەڕەک سەر بنە خەڕەک. توێخولە شووتی هەڵدەپەڕێ. دێنە دەرێ وەرنە دەرێ. نایەنە دەرێ چاوتان دەرێ. ئیدی هەرا مەکەن زۆرین. کەسی دیکەمان ناوێ. من و مەجید لێرەوە. رەزا و خالید لەو لاوە! هەڵێن. کایە خۆش بووە. تا ئێوارێ کایە دەکەین. بەڵام تەواوی سەر و گوێلاکمان لە قوڕ هەڵکشاوە. ئاخە کۆڵانەکان تا قولاپە لە قوڕدا نوقم بوون. ئەوانەی تازە هاتوون لەگەڵیان ناکەین. خۆمان تەواوین. مەجید رەزا بگرە. خالید هەڵێ. منال وەرنەوە. خڕبنەوە دەبێ بڕۆینەوە. خودا بکا تێ هەڵدانمان نەبێ! بە خودا تێ هەڵدانمان هەر دەبێ، ئاخە بووینەتە گوڵی نێو قوڕاو. لەگەڵکوو لە دەرکی حەوشەوە دەڕۆمە ژووریێ، هەر دوو خوشکەکەم کە لە پشت دەرکێ خۆیان مات داوە، دەمگرن و هەرای دایکم دەکەن. دایە دەگاتێ. بە شان و قۆڵ و بەڕۆکمدا دەنووسێ. دەیجا رۆڵەی کوڵوڵ چیت خواردووە نان و چەوەندەرا! دە بڕشێوە دەی. ئەوە خوێی چێشتت بێ. دەبا کەڕەتێکی دیکە نەخەڵەتابی خۆت قوڕاوی

کەی و وەک گولی نێو قوڕاو بگەڕێیەوە بۆ ماڵێ. لە ماڵی رەزا و خالید و مەجیدیشەوە دەنگی هاوار و گریان و کوتان دێتە گوێم. وەدیارە ئەم بەڵایە ئاوقای وانیش بووە و ئەوانیش بە دەردی من دووچارن! ئەوا شەو بە سەردا هاتووە. لە کراس و پاتۆڵی تەڕدا سەرمامە و نۆبەتێم دێتێ. جارویار مووچڕکێک بە هەموو لەشمدا دێت. رووتم دەکەنەوە کراسە کۆنی بابم دەکەنە بەرم. دەخزێمە بن لێفە کورسێ کەوە. گەرمای تەندوور خاوم دەکاتەوە. چاوەکانم دەکەونە وەنەوز. خۆم پێ راناگیرێ و بەلادا دەکەوم. گوێم لە رمبازێنی بایە. با لە کۆڵاندا وەک چارەوێ غارغارێن دەکا و دەحیلێنێ. باران بە غوڕڕەم دەست پێ دەکاتەوە. بابم لە سەر بەرماڵە پۆیەشمینەکە نوێژ دەکات. لە پاش نوێژ تەواو بوون دوعا دەکا و دەپاڕێتەوە: خوایە روحم بە فەقیر و هەژار و پسوڵمانان بکەی. خوایە کەلەوای فەقیر و هەژار بە سەریاندا نەڕووخێ. خوایە گیان ئەگین ئێمە تاوانبارین، سووچ و تاوانی ئەم تفڵە بەسزمان و نابالخانە چیە؟ پەنا بۆ تۆ خوایە. رەحم هاوار یا ئەرحەمە راحمین. باوکم دەیڵێ و دایکم بۆی دەستێنێتەوە! بەرە بەرە پێلووەکانم بە سەر چاوەکانمدا دەکشێن. شەوە یان رۆژە؟ بەرە بەیانە یان نیوە شەوە؟ ژنان بە فانۆسەوە، پیاوان پێمەڕە بە دەست دێن و دەچن. خەڵکی کۆڵان و گەڕەک و تەواوی شار لیباسی رەش لە بەردا، تەلیس لە جێگەی چەتر و کلاو لە سەردا، لە ژێر با و باراندا دێن و دەچن. بە هەڵات هەڵات و هات و هاوار بە نێو شان و پیل و دەست و لاقی یەکدا غارغارێنیانە. بە پێمەڕە قوڕ لا ئەدەن. دار و چرپی حەوا ئەدەن. تەرمی سۆفی خولە و ژن و منداڵەکانی لە ژێر ئاوار دێننە دەرێ. ماڵ بە سەریاندا تێک تەپیوە. هەموو وەژێر ئاوار کەوتوون. دەڵێن دوور و نزیک چەند ماڵی دیکەش تێک تەپیوە. سێلاو سێ چوار ماڵی تێک رووخاندووە. چەند

گەڕەکیش لە گەمارۆی لافاو دان . هەورەتریشقە پەیتا پەیتا چەخماخە لێ ئەدا. دەنەڕێنێ و دەگوڕێنێ و دیانە سپیەکانی بە سەر شان و مل و زگی شاردا دەخشێنێ. ماڵی پیاوێک و دووان، ماڵی وایە بە سەری خێزان لە کۆڵان رژاون. قوڵینگ و پێمەڕە بە دەست یارمەتی لێ قەوماوان ئەدەن. ژنی منال مردوو یەخە و بەرۆک دائەدڕن و سنگ دەکوتن. دەگرین و دەبارێنن. گوێم لێیە جنێو ئەدەن و کوفر دەکەن.

بەرە بەرە بوومەلێڵی بەیان بە سەردا دێت. من و رەزا و مەجید و خالید لە ژێر دیوارەکەی ماڵی رەزا راوەستاوین. مووشەرعێنی کۆخین مانە. نۆرەی یەکتر نادەین. وەک کەڵەشێری تازە باڵغ باڵ دەکوتین. کۆخە سنگ و گەرووماڵ دادڕ دادڕ دەکا، دەیرووشێنێ و دێ و دەڕوا. کۆکین و پشمین وەندە زۆرمان بۆ دێنێ، تف و چڵم و لیکمان تێکەڵ دەبێت. تف و چڵمەکە هەڵدەقوڕێنین، بەشقەم دیواری وشکی قوڕوومان تەڕ و نەرم کات. بەڵکەم بۆ ساتێک کۆخە راوێستێ و بتوانین لەگەڵ یەکدا بدوێین. ئەرێ ئەمانە چن؟ بەشەرن یان سێبەر و تارمایین؟ ئەی بۆ چی ئاوا باریک و بۆر و خێس و خوار دێن و دەڕۆن. فانۆسەکان نەماون. بۆیە ئاوا بۆتە تەم و مژ و هەور و هەڵا. ئەی بابەڕۆ جەرگ و ریخۆڵەم هاتنە دەرێ. لە سنگمەوە دەریەڕین. ئەی بابە گیان لەم کۆخەیە. رەزا و مەجید بە من پێ دەکەنن. وا دیارە چڵم و لیک بە دەم و لووتمەوە شۆڕ بوونەتەوە. یانی وەزیعەتی خۆیان لە من باشترە! داتۆخودا ئێوەش گوێ بدەنێ دەنگی باڵۆرەی ژنان دێ. ئەرێ ئەم ژنانە بۆچی یەخەیان دادڕیوە؟ بۆچی سنگ دەکوتن. تۆ خوداکەی ئەوە کێیە وا لە سەر ئەو دارە تەرمە دانراوە؟ بڵێی بەم هەموو خەڵکە ئەم تەرم و دارە تەرمە بۆ کوێ دەبەن؟ بۆ قەبرانی نابەن! لەوە خاترجەمم! چوونکێ دەنگی دەهۆڵیش دێت. تەرمەکە بە دەهۆڵ کوتان بەرەو کوێ دەبەن؟ خۆ

مردوو بە دەهۆڵ کوتن نانێژن. ئەی ئەو تەقە تەقە چیە؟ دەنگی تەقە تەقی تەنەکە لێدانە. تەنەکە دەکوتن. دەیان و سەدان دەنگ تێکەڵ بووە. جاروبار دەنگی سەڵەوات لێدان دێ. خەڵک بە پۆل و دەستە سەڵەوات دەنێرن. ئەوا دیسانەکە دەنگی تەنەکە کوتان دێ! ئەم دەنگە زۆر بەرزە . وەسەر هەموو دەنگەکانی دیکە کەوتووە. لە پڕ و لەنەکاو زەنا زەنایەکی بڵند رام دەپەڕێنێ. دێمەوە سەرخۆ. دەنگی چوار پێنج کەس لە حەوشیماڵەکەمەوە دێت. هەرا لە من دەکەن. بە نێوبرد بانگم دەکەن. لە کۆڵانیشەوە دەنگی چەمەرگێڕان و شین و شەپۆڕی ژنان و کچان دێ. دەنگی دەهۆڵ و سەڵەوات بەرز بۆتەوە. جارێکی دیکەش رادەچڵەکێم. چاوەکانم هەڵدەگوڵۆفم. کراسێ بە سەرشانمدا ئەدەم و دەچمە حەوشە. بزانم ئەمانە کێن و چی‌یان دەوێ. ئەی داد و بێداد، ئەوە بۆچ کوڕەکانی ماسی‌گری دۆستم خۆیان لە قوڕ ناوە؟ ئەو چوار کەسەی حەوشە هەر چواریان دەناسم. دوویان جیرانمن، هاوسێی دیوار بە دیوار. دووەکەی دیکەش هەر خەڵکی ئەم کۆڵانەی خۆمانن. خودایە کوڕەکانی ماسیگر بۆچ قوڕیان لە سەر و شانیان هەڵسووە؟ دەبێ چ بووبێ و چە قەومابێ؟ لەگەڵکوو دەگەمە نێو حەوشە، کوڕەکانی ماسیگر هاوارم دەکەنێ: ئاغا بۆ خاترخوا بگەرە فریا، باوکم مرد. ئای بابەڕۆ، بابە گیان. لەگەڵیان دەر دەکەوم. بەرەبەیانە و کۆڵان پڕ لە حەشیمەت. دەهۆڵ دەکوتن. لەم وڵاتە مردوو بە دەهۆڵ کوتان بەرەو قەبران دەبەن و دەی‌نێژن. بە دەنگی دەهۆڵەوە حەشیمەت ئاپۆرەی داوە. ژنان کۆڕیان گرتووە: دووسێ‌یەکیان یەخە و بەرۆکیان دادڕیوە. سنگ دەکوتن و بە هۆنراوەیەکی دڵتەزێن چەمەرگێڕانی سەر تەرمی مردوویانە. پۆلێکی زۆر کوڕانی مێرمناڵ و لاو قۆڵیان خستۆتە نێو قۆڵی یەکتر و بە گوێنی هەڵپەرکێی لای خۆمان بە کۆڕ دەسووڕێنەوە، لە

سنگیان ئەدەن و هۆنراوەیەکی تایبەتی تازیەباری بە زیانێکی نامۆ، بە دەنگێکی بڵێندەوە دەخوێنن. سێ چوار کەس دەهۆڵ و سنج و زورنا لێ ئەدەن! دەنگی دەهۆڵ تەپەتەپ لە دڵ هەڵدەستێنێ. کۆڕی ژنانی چەمەرگێڕ و لاوان دێن و دەچن و بە ئاهەنگ و ئاوازێکی بڵێند تازیەداری و تازیەباری دەکەن. ژنان و پیاوانی پیر و گەڕاوە سەڵەوات لێ ئەدەن. لە پیاوێکی پیر دەپرسم: حاجی چ باسە؟ چ قەوماوە؟ وەڵام ئەداتەوە: خولە ماسیگر خنکاوە. دەڵێن چۆتە ماسی گرتن. تۆڕەکەی لە بن ئاودا لە بنچکە دار و پەل و گیا گیراوە. خولە دەچێتە بن ئاوەکە تاکوو تۆڕەکەی رزگار کات و دەری بینێتەوە، کەچی خۆشی لە پەل و بنچکە دار و گژ و گیا دەگیرێ و دەخنکێ. پاش شەش حەوت سەعات تەرمەکەیان بە دەهۆڵ کوتان لە ئاو سەندۆتەوە. تا سەعاتێکی دیکە دەیبەین و دەی نێژین. هەر ئاوا لە بەر چاو بێت، ژن و خوشک و منداڵەکانی خۆیان دەکووژن. دوو پیاوی دیکە لەولاوە دوو بە دوو قسە دەکەن: خاک مەیل برە، مەیل گرە. لە بەر چاو دووری خەینەوە، ئەم ژن و منداڵانە ئەهوەن دەبنەوە. برا بەم خەڵکە بڵێین دەس و برد کەن و ساز بین، ئەمانەت بەرین و بی دەینەوە دەس خاوەنی خۆی!

بەرەو ماڵ دەڕۆمەوە. دەبێ بڕۆم و سیپاڵ بگۆڕم. بە خودای سەیرە. من لە خەون و خەونووچکەدا، چم دیت؟ سی و چەند ساڵ لەمەوبەر، رێژنەی باران، کەلاوەی بە سەر دروێش خولەدا رووخاند. ئەویش لە وڵاتی ئێمە. کەچی ئەمڕۆ یان ئەمشۆ لەم وڵاتەش خولەیەکی دیکە، دەخنکێ! هەر دووشیان ئاسیاوی من و جیرانی من! هەرتکیشیان هەژار. ئاخ بچیە هەر کوێ ئاسمان هەر ئەم رەنگەیە. لە هەموو شوێنێک بەرە هەر لە لای تەنکی یەوە دەدڕێ. چارەنووسی بەشەر یەکە! نێوەکان جیاوازن، دەنا دیمەن و رووداوەکان هەر دووپات بوونەوەن! پتر لە حەوتوویەکە

خولەماسیگرمان ناشتووە. پیاوە پیرەی هاوسێم گوتەنی: «ئەمانەت بە خاوەنی خۆی درایەوە» ئاکام و مەزڵی ئاخری هەموو کەسێ گۆڕە. بەڵام ئەی ئەم هاتنە سەر جیهانە چیە؟ سوود و سەمەری کامەیە؟ مەبەست لەم ژینە چیە؟ بۆچ ئاوا بێدەسەڵات دێینە سەر دنیا و هەرواش بێدەسەڵات دەمانگوێزنەوە بۆ وڵاتێکی دیکە. بەس هەر کا وەندە کەیل و کولۆڵ و کۆلیلین و هەموو کەسیش ئەمانە زۆر جوان و زۆر بە وردی دەزانێ، دەیجا ئەی بۆچ سەبارەت بە یەکتر، سەبارەت بە خۆمان و ژین و یاسای ئەم چوار رۆژە ژیانی سەرجیهان، ئاوەها بەد و خراپین.

خۆمان، خۆتان. من، تۆ، ئێمە و ئێوە و گشت خەڵکی سەر دونیا بۆچ وا نەزان و خەرەفاوین؟ لە سەر چی قوڵکە و چاڵاو بۆ یەکتر هەڵدەکەنین. بۆ چی هەر کەس دزی گای خۆیەتی و لە هەموو شتێ و هەموو کەسێ دەدزێ. تەنانەت لە کەس و کاری خۆشی، لە خۆی و ماڵ و مناڵ و دای و باب و خوشک و برای خۆشی زەیف دەکات. جا بۆ وەندە دوور بڕۆین؟ نەوەڵڵا چ دوور نەڕۆین. تۆ، ئەرێ تۆ، لەگەڵ تۆمە کە بەرانبەرم، چۆک بە چۆک، لەگەڵم دانیشتووی. تۆ خۆت باش بیر کەرەوە بزانە خۆت چۆن ژیاوی و چۆن دەژی؟ مەبەستت لەم هەڵات هەڵات و هەرا و هوریا و حەول و تەقەلایە چیە؟ تۆ خودا بێ درۆ، وەڵام دەوە! قەتت بیر لە مافی خەڵک و مافی خۆت کردۆتەوە؟ قەت وابووە زوڵم لە یەکێ بکەی و کەلێت وەجواب هات، بۆی تێچێنی؟ بە هەر فێڵ و فەرەجێک لە عەرزی دەی! چیت پێ مافی خۆتە و بە خەڵکی رەوا نابینی؟ چیت پێ مافی ئەوانە و بە خۆتی رەوا نازانی؟

هەرگیز بیرت لە ئامانج و ئاکامی خۆت کردۆتەوە؟ هەر بە راست ئاوات و ئامانجێکت لە ژیاندا هەیە؟ گێژ و وێژ، هۆۆۆۆی گێژولکە لەگەڵ

تۆمە. وەڵامم دەوە. ئەوە تۆی بە دەوری دونیادا دەگەڕێی یان ئەوە جیهانە وا بە دەوری تۆدا دەسووڕێتەوە؟ مەبەست لەم سووڕ و گەڕی دوولایەنە چیە؟ لاڵ مەبە پێم بڵێ بزانم هیچ بڕ ئامانج و ئەوینێکت هەیە؟ هەمیسان وەک دوێنێ و پێرێ پیش دەخۆیەوە! ماتی، واقت وڕ ماوە. حەپۆل گیان خۆ لاڵ نیت! وەڵام، وەڵام دەوە. هەرکا قوڕ و قەپت کردووە، وەڵام بۆ جارێکی دی. تۆ ئێستا بیرکەوە. بیرکەوە. پتر لە حەوتوویەکە خولەماسیگرمان ناشتووە. سی و چەند ساڵیش لەمەوبەر دەروێش خولە لە وڵاتێکی دیکە بە خۆی و خاو و خێزانیەوە تێ دا چوون. مانای کارەساتەکان لێرە و لەوێ جیاوازیەکی نەبووە و نیە. تەنیا رووالەتی رووداوەکان تەوفیریان هەیە. دەنا هەمووی هەر دوویات بوونەوەیە.

مردنی دڵتەزێنی خولەماسیگر لێم بۆتە بانگەشە و بانگەوازێک. وەخۆی هێناومەتەوە. وە دیارە خەڵک وەخۆیان گرتووم، بۆیە چاوەڕوانی ئاکاری پیاوانە و ئینسانی منن. دوێنێ ژن و مێردێکی دراوسێ هاتبوونە لام. بۆ بە شوودانی کچەکەیان را و تەگبیریان لەگەڵ دەکردم. گلەیی و بناشیان لە دەس کیژەکەیان و دەزگیرانەکەی بوو. لە منیان دەویست بچمەماڵیان و بە سەر کوڕە و کچە دا بێم و نسحەتیان کەم. وە دیارە دیسانیش باسی ئەو کۆڵی ئەمانەتەیە کە ئاسمان نەیتوانی و ئەرکەکەیان خستە سەر شانی بەشەری حەپۆل. لە پێش ئەم دوو رووداوەدا، نامۆیی و تەنیایی بڕستی لێ بڕیبووم. لەوانەبوو دیق و فججە بکەم. پێم وابوو گای نێوچاوان سپیم و هەموو کەس بە سەنگی سیای هەڵێناوم. پێم وابوو خەڵک پێیان خۆشە بە قوڕە رەشەی مەریواندا بڕۆمە خوارێ! چیتان لێ بشارمەوە؟ خۆم و توانای خۆم دۆڕاندبوو. گێژ گێژ لە گێژاوی ئەم جیهانە پڕ لە گێژاوەدا گێژ ببووم و بینم دەخواردەوە. لە مەرگەساتی خنکان و مان و نەماندا بووم. لە هاوەڵ و

هاودەمێ دەگەڕام و تووشی نەدەهاتم. نەمدەزانی چۆن لەگەڵ خەڵکی ئەم چزیرە تێکەڵ بم؟ چۆن لەگەڵیان هەستم و دانیشم و بدوێم؟! هەرکا بە نێو شاردا پیاسەم دەکرد و یاساوڵێکم ئەدی، پێم وابوو تێم دەڕوانێ و بە قامک و چاو و برۆ پێ‌نیشان ئەم و ئەوم ئەدات. پێم وابوو پاسەبان و یاساوڵ و هەموو خەڵکی دڕگە پێم پێ‌دەکەنن، بە دزیەوە تەوس و تووانجم پێدا ئەدەن. کاکی برا، ئەم قسانەت پێ سەیر نەبێت! بە چاوی شێتی و سووکایەتی تەمەشام مەکە. پێت وانەبێ ئەم دەعبایەی وا لە رووانگەت دا دێ و دەچێ زۆر خوێڕی و خۆ دۆڕاو بووە. نا براله نا! کابرای شاربەدەری لە نێو هاوەڵ و ناسیاو و وڵاتی خۆی وەدوور خراوە، جیهانێکی تایبەتی هەیە. زۆر عاجیباتی و جێی تێ‌رامان و تێ‌فکرینە. دەبێ بی‌بینی، بیناسی، بیدوێنی، متاڵای کەی. بڕۆیە نێو دڵ و دەروون و ژین و جیهانیەوە. تاکوونێ بۆت دەرکەوێ من بۆچ وام بە سەر هاتبوو؟ بۆ چ لە دەس چووبووم! ئاخ خولەماسیگر رەببی قەبرت پڕ لە نوور بێت و هەر چاو هەڵێنی و بەهەشت بدینی، کەوا منت هێنایەوە سەرخۆ. وامنت وشیار کردەوە. لە پرسە و تازیەداری ئەودا بوو کە بۆم دەرکەوت و دیم خەڵک دەمناسن. خۆشیان دەوێم و بە ئینسان و بە پیاوم دەزانن. لێرەڕا وەخۆ هاتمەوە! هاتمەوە سەرخۆ، خۆم وەبیر هاتەوە. هەل و مەرج و ئەرکی سەرشانی خۆم وەبیر هاتەوە.بەڵام تۆ، ئەرێ ئەرێ لەگەڵ تۆمە دۆستی ئازیزا! لە بەر ئەوەی لێت حاڵی بێ دەڵێم چی، دەبێ بمناسی. بەڵام کێ بناسی؟ کام من؟ من بە نوێنەری چی و کێ؟ ئەوە گرنگ و ئەوتۆیە. من کە دەڵێم من مەبەستم خۆم نیە. مەبەست ئینسانگەل و کەسانێک، بگرە خەڵکێک لە چەشنی خۆمە.

شاربەدەر، دوورخراوە لە وڵات، غەوارە، نامۆ، تەنیا، گای نێو چاوان سپی، بە سەنگی سیا هەڵاتوو! زۆر جار بێکار و زۆربەی مدەی عەمر

دەس تەنگ و دەستەوەستانە. جیهانێک، دنیا، ژین و ژیانێک لە ئاوێنەی رووالەت و دڵ و مۆخ و هەست و ئەندێشی ئەم دەعبایەدا دەبێ ببیناسی. یەکێ بوو، یەکێ نەبوو. عەیام و سەردەمایەکی دوور، دوور، وەندە دوور کە بە ئاستەم وەبیر بێتەوە، بەلاّم وەندەش نزیک، نزیک کە دەڵێی و بڵێی رەگی بن گوێی خۆتە و هەر لەگەڵتە، لەم جیهانە پان و بەرینە، لە سەر ئەم وڵاتە ناسیاوە. لە بانی چیای سەرەندیپ یان لە ترۆپکی شاخی ئاگری کابرایەک دەژیا. دێهاتی، نەخوێندەوار، حەپەحۆل، دەستەوەستان! پاشەماڵەی خەڵکی ئاوایی داوێنی کۆسار، خەڵکی نێو دارستان و دۆڵ و دەرەکان. لە دەستەوەستانی خۆی بۆ بخۆو مەمرە و نانەزگی، جارویار شوانەوێڵە و برێک جار مجێوری ئاوەدانی. خێزان و منالّی رەش و بۆر و چڵکن. جلک و بەرگ دڕاو و کۆن و شیتاڵ شیتاڵ. ئازای ئەندامیان برینداری دەسکەنە و بژار و زامداری کەوڵی وەکۆکردنی نانی شوانی و مجێوری. چاو لە دەستی ئاغا و حاجی و کۆخای ئاوەدانی. شوانەی کولۆڵ رۆژێک دەم دەکاتەوە: ئەم بەراتە کەمە و ماڵ و منالّم ژێواری پێ ناکەن، پێیان را ناگات. نەفامی گەوج و لەوج قسەکەی بەرز و بڵیند لە دەمی دەرپەڕیوە! قسەش وەک گوللە وایە! کە قسە لە دەم و گوللە لە تفەنگ دەرپەڕین، گەڕانەوەیان نابێ. دەسا قسەی شوانە دەتەقێتەوە، دەنگ ئەداتەوە. لە ترۆپکی چیا، دوندی کۆسار، لە هەرد و چۆل و ئاوەدانی کوفرێکی گەورە و گران کوتراوە، سووچ و تاوانێکی واکراوە خۆش نابێتەوە. دەبێ دەسهەلاّتداری گوند تۆڵەیەکی وای لێ بکەنەوە لە مەو بە دووا بیڕایبڕ کەس زات نەکا شەکری وا بشکێنێ! کابرای لە شوانی دەخەن، گاوانی نادەنێ، بە مجێوری ناگرن. رێگەی تەویلە چوونی لێ دەبەستن. شوانەوێڵە بار دەکا و دەڕوا. لەم دێ بۆو دێ. چەند چۆل دەبڕێ، چەند گوندان تەی دەکا، بەلاّم یا خوا کەس

گولۆڵەی نەکەوێتە لێژی!

لە هیچ شوێن و گوندێ کەس پێی نالێ خاڵە کەرت بە چەند؟ کابرای هەناسە سارد زۆر بە زەیف لێ کراوی روو دەکاتە شار و دەبێتە شارنشین. بەشقەم لە شاردا نانێکی بۆ ژن و منداڵی وەگیر کەوێ. بابم زۆر جار دەیکوت: شار زەریایە، زەریای جەماوەر. بەرەکەتیش هەر لە جەماوەر دایە. شوانەوێڵە و ماڵ و منداڵی لە شار دەگیرسێنەوە، بۆ کرێکاری و هەژاری نێو زەریای جەماوەر ئیدی ئێمەش کارمان بە کابرای شوانە نیە. بەسەرهاتی ئەو هەر لێرەدا تەواو دەبێ. بەڵام لە بنەماڵەی ئەم شوانەی لە وڵاتی خۆی راوەنراو و دەرکراوە، من، سامرەند موکری بە نێو و نیشان و پێناسەی قارەمانی ئەم چیرۆکە دێمە کایەوە. تاکوونێ بزانین لزگەی کوێرەوەری ئەم نەتەوەیە چەند گرێ پووچکەی دیکەش دەخوات.

لە شار گەورە دەبم، دەبمە قوتابی. بەرە بەرە خۆم و دەور و بەر و خەڵک و ژیان دەناسم. لە تۆغیانی لاوی‌دا دەکەومە مەلێ و پەلەقاژەی نێو زەریا. بە پێچەوانەی خوڕەی رووبار و مەلەی خەڵک مەلێ دەکەم. دەمەلاسکێ و دەمەتەقێ لەگەڵ دارستان دەکەم. هەر لە بەر ئەوە خوێنم تاڵ دەبێ! خوێن‌تاڵ و ناحەز و ناخۆشەویست دەبم! دەنگم ئەدەن، راوەم دەنێن. بە سەرمدا دەکوتن. بە نێو پشت و سەرشانم دادەکێشن. بە چەپۆک و چەمۆڵە سەرکوتم دەکەن.

ئەوە کێیە هەموو بەفر و بارانێک هەر بە سەر ئەودا دەبارێ؟ هەموو دار و بەردێک هەر لە سەری ئەودا دەشکێنن. ئەی ئەوە کێیە کە سەد کەرەتیش بکەوێ، هەڵدەستێتەوە؟ برینداریش بێت چاک دەبێتەوە.

بەفر و باران لە پێی ناخا، لاق و دەست و سەر شکاوی، سەر شۆڕی ناکا. تەنانەت بەڵا و نەهاتیش ناهومێدی ناکەن. ئەوە منم کە لە ئاکامدا

ئەوەتانێ لە خزمەت ئاغای خۆم دام، بە شاربەدەری.

بەڵام شاربەدەر کێیە؟ چ دەعبایەک؟ بە چ خوو و خدە و ئاکارێکەوە! شاربەدەریش دەعبایەکە وەک هەموو دەعباکانی دیکە. بە چاو و گوێ و دەم و زبانەوە، تەنانەت ورگ و زگ و سی‌شی هەیە. سی داوای هەناسە کێشان، زگ و گەدە داوای خورد و خۆراک و زەوات و بژێو، چاو داوای دیتن، گوێ داوای بیستن و زبان داوای قسەکردنی لێ دەکەن. ئەی کەوایە شاربەدەر چۆنە؟

شـاربەدەر بـە ئـاستەم هـەناسە دەکـێشێ. بـێ پـووڵی و بـرسیەتی هاوەڵانی نێو چۆڵ و شاخ و ئاوەدانی ئەون. سەدان تاسە و خۆزیا مەل و کۆتری هەست و ئەندێشی ئەون. خۆزیای ساتە وچان و پشوودانـێ، بـە دوور لە چاوی شەیتان و شۆفار، خۆزیای زگی تێر، جل و بەرگی خاوێن، هاوەڵی، هاودڵی. کانیاوێکیش لە تاخیدا هەر هەڵدەقوڵێ. کـانیاوی داخ و دیق و وەرهەم و فججە. دوواندنی خۆشەویستێ. دیتنەوەی جارێکی دی وڵاتەکـەی، خـۆزیای سـاتێک کـەمتەرخـەمی و خـوماری و ئـەغیاری و ئەرخەیانی! ساتێ بـێکاری و بێعاری! ئـاخ لەم دڵـەی مـن چـەندە پـڕ لە خۆزیایە! ئاخ ئەم بەرخۆڵە چەندە شێت و شەیدایە!

زەردەپەڕ، ئاوەدانی ئاماڵ زەرد. سەعاتێک بەر لە خۆرئاوا. وەڕەز لە هەموو شتێ لە ماڵ دەرکەوتن. ئێوارەیەکی ئاگراوی! بێ شنەی بایەک، بێ بزووتنەوەی گەڵا و لک و پۆپی دارێک. هەوا بێ جووڵانەوە، وەک ئەوەی نەبێ. لەش لە ژێر تـوێژێک خـوێ و ئـارەقە لە سـەر کـۆڵانەکـەی مـاڵی کەژاڵەکەی ئەم گراوە، بڕێک وێستان لە سای دارێک. بەڵکەم بیکەی بۆ خاتر زەردەی خـۆرئاوا، سـەرێ بـێ‌نیە دەر لە تـوێی کـەژاوە! وێـستان و چاوەڕوانی بـە بـێ چـاو پـێکەوتن. دڵ بـە چـی خـۆشە؟ مـاڵ ئـاوایـی و

خولانەوی نێو شەقامی شار. سڵاو لەم شاربەدەرە، هەواڵپرسی لەو دووکاندارە! قسە و باسێکی قوڵە لەگەڵ یەکی لە هاوسێکان. خۆش یان ناخۆش لە قوڕ و قەپ باشترن پرسەی خولەماسیگر چەند دیوناسێکی بۆ جێ بە جێ کردووم. جاروبار سەر لێکدانێ، یان لە سەرە ڕێ و دووکان و چایخانە وت و وێژێک. لە نەبوون باشترە. وەڕزیم دەشکێنێ. نازانم ساتێ، سەدەیەک، یان سەعاتێک گێژگێژ،حۆل‌حۆل گەڕان بە شەقامدا. هەمیسان وەک دوێنێ و پێرێ و پار و پێرار لە پڕ خۆم لە سەر کورسی چایخانەکەی سام و سارا، لە سەر ڕەخی زەریا ئەدینمەوە. تەمەشا دەکەم ئەوا دیوناسە شاربەدەرەکەتان بێ هەواڵ لە مەحموودی بێزەوات بە تاکی تەنێ دانیشتووە، دڵ پڕ دەڕوانێتە زەریا و کۆساری سەر بە تەم و مژ، لە بازنەی وەیشوومی چارەنووسی خۆیدا ون بووە. دەڕۆمە پێشێ، بە بەری دەست لە سەر شانی دەکوتم: هۆی خاڵەی ڕێبوار هۆی! سەر هەڵدەبڕێ، چاو دەبڕێتە نێو چاوم. هەناسەیەکی بڵیند هەڵدەکێشێ! لە نێو هۆو تەم و مژەدا. لە گەڕەک و مەیدانەکانی نێو هۆو کۆسارە. لە سەردوند و ترۆپکی ئەو شاخانە. بەڵکەم لە کۆڵانەکانی رابردوو، ئێستا و داهاتوودا. لە خەون و خەیاڵ و تاسە و ئەوین و مەترسی و خۆف و خورپەدا، لە بیرم نیە. تۆ دەڵێی چی و چیت دەوێ؟ دەست هەڵگرم؟ واز بێنم؟ لە کەنگێکەوە پێت وایە دەتوانم؟ بە سەری تۆ و بە گیانی خۆم، با نەڵێی سەری تۆ بە درۆ دەخۆم! نازانم ژیانم خەونە یان خەمە، خەیاڵە یان خورپە و خەفەتە! نازانم لەم دنیام، لەو جیهانم، ئەغیارم، بێ خودم. نازانم نا نا. بەڵام وەندە دەزانم ئەگین دەیان و سەدان کەڕەتی دیکەش بێمە سەر دنیا، دنیا بە جێ بێڵم و بێمەوە سەردنیا. تاکوونێ ئەمڕۆ لەم ژیانەدا، لەم جیهانە چۆن ژیاوم، چم کردووە، بڕیار و بڕوا و خۆشی و ناخۆشیم چۆن بووە، لە مەو بە دوواش

تاکوو هەزارەها عومری دیکە و حەیاتی دیش هەر ئەمە هەڵدەبژێرمەوە! هەر ئاوەها و هەر ئەمە!

لە دوورەوە دێت. مل لە نێوان شانەکاندا دیار نیە! سەری بۆ خوارێ شۆڕ بۆتەوە. نوقمی رووباری ئەندێش، خنکاوی زەریای خەفەت. دەستە و ئاماڵ رەش. لەوە ناچێ تەمەنی لە بیست ساڵان تێپەڕی بێت. بەڵام ئاوەها کە لە دوورەوە تێی دەڕوانی وەک پیاوێکی گەڕاوەی نەخۆش دێتە بەر چاو. هەر کا نزیک دەبێتەوە، لاوێکی تێک شکاوی خەفەتبار و بێ دڵ و دەماخ دەبینی زۆر لە خۆی دایە. وەک ئەوەی لە سەر دنیا نەبێت، چەشنی تاساوێکی سڕە و تا هەرای نەکەیتێ هەروا نوقمی خولیاوی خۆیەتی. شەلاڵی ئارەقەی گەرمەیاوی خەفەتی خۆی، هاورێ کوڕی خولەماسیگر. هەرای دەکەمێ بێت و لەگەڵم دانیشێ و بە خواردنی ساردی و چایی عومر زایە کەین. هەواڵپرسی و وت و وێژ زۆر بێ دەم و دوود. وەک پرسیومە و بیستوومە لە مەوبەر ئاوا نەبووە. سەر و روو خۆش و دڵ تەڕ و رووالەت بە گەشە و نەشە. بەلام باب مردن؟ ئەویش ئەم مردنە دڵتەزێنەی خولەماسیگر، دڵی مراندووە. لێی دەپرسم کوێ بەلەدی بچین و ساتێک کەند و کۆسپ و گیر و گرفتی رۆژگار لە بیر بەرین! دەست بۆ شوێنێک لە قەراخی دوورگە رادەدێرێ! وردە وردە، لە سەرەخۆ، بە شێنەیی و راوێچکە دەڕۆین. لە روانگەماندا لە بازنەی چەند داری دوور لە یەک خێڵێک بە چەند خێوەتی نەخشینەوە وەدەر دەکەوێ. بەرە بەرە لێیان نزیک دەبینەوە. سوورێک بە دەوریاندا ئەدەین. لە نێو خێوەتەکانەوە دەنگی گۆرانی و چەقەنە لێدان، دەنگی دەف و دایەرە و چەپڵەڕێزان و قاسپە قاسپی کەو، شەپۆل شەپۆل لە چەشنی شنەی شەماڵ دەمان لاوێنێتەوە. نەرمە بایەکیش جاروبار بە دزییەوە دێ و دەچێ و سەر و

سـەکـوت مـان مـاچ دەکـا. کیژان و ژنـان بـە قـەسری و سـوخمەی ڕەنگاوڕەنگەوە لە هام و شۆدان. ئـاور هـەڵ کـردن، ڕەژی گـەشاندنەوە، کەتری و مەتارە وەسەر ئاگر نان. جارجار پڕمە و هۆڕ و قاقای پـێکەنین، ڕکەی بولبول و سەیرە و قەناری، ڕکەی کەو و کۆتر و کەڵەشێر. جێ جێ سەگ و تاژی قەڵاتە لە ملی بەسراوە لەم لاولا راوێچکەی توڵە و مریشک و جووجەڵە، هەمووی ئەمانە خێڵی رازاندۆتەوە. لە پڕ سڵاوی کابرایـەکـی گەڕاوە. زۆر لە ناسیاو دەچێ! قۆڵم دەگرێ و خولقی خێوەتێکم دەکا. سڵاو و هەواڵپرسی یەکی گەرم و گوڕ بێ ئەوەی بیناسمەوە. دەچینە نێو خێوەت. هۆدەیەکی سێ لە چوار گـەز. لە لای خـوارەوە بـە سـەر زیـلۆ کـۆنێکدا خوڵکی لای سەرووتر دەکرێم. بەڕەیەکی پـەنجەی خـۆماڵی و دووسـێ دەستە نوێن لەم بەر و ئەو بەری. دادەنیشین. خانەخوێ هەرای خـێزانـی دەکا: ئافرەت ئـەو سێبەرە ئـاوپڕژێن کـە و گـەسکی دە. کـاک سـامڕەند گەورەی کردووین. هێشتێ نایناسمەوە. کەو بە دەورماندا دێن و دەچن و جار جار لاوژەیەکی تێدەتووڕێنن. کابرا چاو دەبڕێتە چاوم بزەیەکی پڕ لە مەیل و خۆشەویستی لێوەکانی رازاندۆتەوە. لە پڕ دەیداتە قاقای پێکەنین. بە زیانی لای خۆمان: دێـمانەت بـە خـێر گـوڵەبەهارە، گـاسنیش‌مان نـیە بی‌خەینە بەر پات. هەمیسان قاقای پێکەنین. دەست لە سەر دەم و زگ، بەم لا و لادا و بە پشتدا دەکەوێ. راست دەبێتەوە: تۆ خووا هەنووکە نامناسی تۆ؟

دۆش داماوم، واقم وڕمـاوە. چـاوەکـانم ڕنـشکـە و پـێشکە دەکـەن: هاوڕێ ئەم کابرا کێیە؟ شێتە؟ دێـوەزمەیە؟ جـنۆکـەیە؟ لە خـەودام یـان بەخەبەرم؟ ئێرە کوێیە؟ بسمیل لا، بڵێی لە خەودا نەبم؟

دیسانەکە قاقایەکـی بـڵیند و لووت بـە لووتـمەوە دەنـێ. مـاوەیەک

بێ دەنگ چاو لە چاوم دەبڕێ. بزەیەکی جنۆکانە لە سەر روخسار. لە نەکاو سەری دوور دەخاتەوە: خاڵۆم خاڵۆ، کاک سامڕەندی پیر و تێک شکاو! پیر بوویت سام هەر بۆیەش نامناسی تۆ.... قسەی لە دەم دەڕفێنم: ئاخ.... ئەی داد و بێداد. تف لە رۆژگار تف لە زەین و بیری بەشەر! عەیامێکی دوور، وڵات و شارۆچکەیەکی دوور و تۆ! خاڵۆ.... منالی گەڕەکی پشت ماڵان. لە کۆچەرەکان. ماوەیەکیش بۆ خوێندن هاتیە مەدەرەسە. بەڵام خوێندن لە کوێ و منالی کۆچەر لە کوێ. های های سی ساڵ.... سی و چەند ساڵ لەمەوبەر! تۆ خودا ئەگین سی چل ساڵی دیکە، لە دوڕگەیەکی دی، لە شارەدێیەکی چووکە یان لە پاتەختی وڵاتی کوورەیەکی دیکە! کوورەی مانگ، بارام، گەلاوێژ، هەر کوێ تووشی یەک بین، یەکتر لە چلۆن قەڵافەتێک و رووالەتێکدا بدینین؟! تۆ باش ماوی خاڵۆ، زۆر چاک. رۆژگارەکەی هەو نیە! خێر و خۆشی و رووناکایی تێدا نیە. جگە لە خەم و خەفەت و ناحەز و ناشیرن شتێکی دی بەدی ناکەم. سوورڕی عەیام تێکی شکاندووم خاڵۆ... نابینی چەشنی کەمەی گۆچان چەماومەتەوە! نابینی سێبەری وەڕەزی و دڵمردوویی لە روخسارم نیشتووە؟ چ دوور نەڕۆین خاڵۆ، تۆ خۆت منت باش دەناسی. ئەویندار و ئاواتەخوازیی داهاتوو. دڵ بە دنیا و زۆریش لە تێکۆشان و حەول و تەقەلا دا. چاوت لێ کردووم. دیوتە چم بە سەر هاتووە؟

دەپەڕێتە نێو قسەکانی منەوە: هۆپ، راوەستێ کاکی خۆم. زۆر توند و بەتەنێ ئەچیە خزمەت قازی! کوڕە عەیبت کەن! ئەم ناڵە ناڵ و هاوارەت لە چیەن؟ دەمبووری بەڵام ئەبێ توند بە تەنگەتا بکێشم! ئەم گلەیی و ناڵەناڵە ئاکار و کردەوەی تۆ نەبوو. زۆر منالانەن. کوڕە شوورەیی بکەن. تۆ سام بووی هەر سام بە، بە سام بە! نێوەکە زایە مەکە. لە بیرمە لە هەڵلاّ هەڵلاّکەی

ئەم شۆڕشەیا تێیا بووی. زۆریش دەم بە هاوار و هەڕەشە و گوڕەشە. لە شەقام و مەیانەکانا پیلانت ئەگێڕا. لە سەر تەپۆڵک و عەراباندا پڕوپاگانەی شۆڕشت ئەکرد. ماڵکاول بەردت ئەهاڕی، تانکت ئەشکاند، فرۆکەت ئەخستە خوار، کلاوت لە سەر مانگ و ئەستێران ئەڕفاند. خۆ من تێیا نەبووم، بەڵام ئەمدی و ئەم بیست. کاک سام دنیا بۆچ ناخۆشەن؟ ئەرای چی ناحەز و ناشرینە؟ ئەوە لۆچ جێیەک خۆش وچ کەسێک خۆشەویست تیا بەدی ناکەی؟ لە هەڵەیای برام، لا ئەگری. من بۆچ لە ولاتە خۆشەکەی ئێوەڕا هاتوومە ئێرە؟ ها؟ بۆچ؟ مەیە ئەم چزیر و درگەیە تایبەت شاربەدەرەکان نیەن؟ دەسا باوانەکەم من خوٚشاربەدەر نەکریاوم. خۆم بە مەیل خۆم هاتوومە ئێرە. بۆچ؟ ولامت هەن؟ خۆم ولامت ئەدەمۆ. لە ولاتەکەی ئێوە وەڕز بیووم. زۆری تێیا مابوومۆ. هەر کەس و هەر کوێم ئەدی کۆن بوون. بێن و بەرامی تازەی نەبوو. دڵمی نەئەخستە کوتەکوت. هەوایەکی خۆشی نەئاوردە دڵمۆ. دەسا یان ئەبوو ببمە سەنگ، داهۆڵ، پەیکەرە، یان بێ دڵ و دەمار بم و ئارد پیری وەسەر و ریشم بنیشن. یا کە ئەبوو هەڵسم بڕۆم. دەس ماڵ و مناڵ بگرم و خێوەتە کۆنەی باو باپیران و برێک کەل و پەل. سا لە هەر کوێ خێوەت هەڵدام ولات و ماڵ خۆمەن! ئەمەسە ئەبینی، ئەگەڕێم. لە هەر ولاتێک چەند رۆژ خێوەت هەڵ ئەدەم، هەر کوێ و هەر کەسم خۆشویست ئەچمە خزمەتی. رۆژێک دووان، زیاتر یان کەمتر، لەوێ، لە تەک ئەو خۆشەویستەیا هەڵئەسم، دائەنیشم، وت و وێژ ئەکەم. هەر کا وەڕز و دڵتەنگ بووم، یاڵڵا و یا موحەممەد، کەسێکتر و ولاتێک تر خووەت بگرە و هاتم.

گوێت لە منە کاک سام؟ دڵت دایەسە قسەکانم؟ تۆ شارنشینی، نەتوانی گوێن من لەگەڵ عێلات و خێلات کەویت، بەڵام ئەتوانی لە هەر

شار و گوند و وڵات بوویت، لە پاشا ئەرک و ئیش رووژانە، کام مەڵبەند و گەڕەک و شەقام و چایخانە لات خووەش بوو بچیت. لەو شوێنە کێت دۆستە، خووەشەویستە بچیتە لای. باس و خواس سەگ و ئەسپ و کەڵەشێر و کۆتر و کەوت لا خۆشە، یان باس و خواس سیاسەت و دەوڵەتان و مەردم، یانە گۆرانی و تلەفزیۆن و رادویۆ؟ دەسا باوانەکەم بچوو لای هاوەڵان و خزم و خووەشەویستانت. پێکەوە دانیشن. وەکۆ بن.پەستا پەستا شیرنی و چاڵی و تۆو و میوەی لێ بخووەن. قسە و باسان بکەن. نابێت؟ فرە ئەستەم و گرانەن؟ کوڕە خوێندەواریت، دونیات دیتەن. خەڵک ئەناسی. دڵت گەورە وون. چ ئەستەمێک نین رێیە چارەسەری نەیبێت. فەرموو چایەکەت بخۆرەو. گوێت لەو کەوە هەن چوون ئەخوێنێ. بە خووای بە ئەسپێکی زۆر باشی نایەم. ئەم کەڵەشێرە لاڕیەت دیوەن، تاکوونێ هەنووکە لە پانزە شەڕە کەڵەشێرا سەرکەفتە. هەمووشیان لە سەر پووڵ و پارە. فەرموو ئاگرێ جگەرەکەت داگیرسێنە. ئەمڕا تۆ باس خووەتم ئەرا بکە. بێژە بزانم بۆچ لێرەی؟ لێرە چ کەی؟ فەرموون قسە کردن نۆرەی ئێوەن.

❊ ❊ ❊

لوێ خێوەت بە دراوەتەوە، دەریبجەی داخراوە. شۆقی لامپایەکی کۆن تیسکۆڵەیەکی رووناکایی داوەتە نێو خێوەت. ژن و مناڵ لە خێوەت

کوردیکا @kurdica

وەدەر کەوتوون. خالۆ بە زۆر رایگرتووین تاکوونێ شایی جنۆکانمان پێ نیشان دات. پێ خۆرێکی کەم خوراوە، تاکوونێ خالۆ کوتەنی بتوانین لە سەر کەوڵی جنۆکان باش بڵەوەڕێین. کراسەکەم لە ئارەقە دا خووساوە. بە پشتمەوە نووساوە. بە دەرکەوتنی ژن و منداڵ خالۆش لیباس دەگۆڕێ. دەمامکێکی عاجیباتی بە روخساریەوە دەبەستێ. کراس بە ئێمەش دەگۆڕێ و دەمامک و کڵاوی سەیرمان ئەداتێ. ئێمەش خۆ دەگۆڕین. هەست رادەگرم. بێ دەنگی وەسەر خێڵ و خێوەت کشاوە. خانەخوێ پەردەی دەرییجەی خێوەت لا ئەدا و تەمەشایەکی دەرەوە دەکات. منیش لە دەرێ ورد دەبمەوە، بێ دەنگی و تاریکانێکی سەیرە. تەنیا دەنگی مار و بۆق و سیسرکە دێتە گوێ. یەک لە نەکاو دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بە شێنەیی و هێدی و هێمنی هەڵدەستێ. بە ئاستەم دەنگی ئاهەنگ و قامی خۆش دێتە گوێ. بەڵام دەنگەکە بەرە بەرە بەرز دەبێتەوە. دەنگ و ئاهەنگێک نیە! مۆسیقا و نەوای هەموو وڵاتان دێتە گوێ. خالۆ دەرکی خێوەت لا ئەدات. فانۆسێک هەڵدەکا. دەیبات و بە نووچکەی کۆڵەکەی دەرکی خێوەتەوە هەڵی دەواسێ. خالۆ دەکەوێتە نیوەڕاست من و هاوڕێوە. بە هەر دەستێکی قۆڵی یەکمان دەگرێت و بەرەو دەرەوەی خێوەت هانمان ئەدا. لە خێوەت دەچینە دەرێ. خالۆ قۆڵمان دەکوشێ و: سا برا ئێستاکە ئا لێرەوە لێک جیا ئەبینۆ! هەر کەس خۆی وە تەنها سەیران ئەم دووکان بازاڕ و خێڵات و جنۆکە بازارە کات. کات و سات چاو پێکەفتن دوواییمان ئەو کاتەن وا دەهۆڵ و زوڕنا ئیتر خەفە بن و فانووسەکان لە ئارایا نەمێنن. چاو ساختتان گەرەک نیە. هەر کەس خۆی کوڕ باوک خۆی بێت و بەش خۆی وە چنگ خات. ئیتر بە دوعا! خالۆ دەڕوات و لە رێوی پێچێک دا لە چاو ون دەبێت. ساتێ دەحەپەسێم. ئێرە کوێیە؟ چ بەزم و رەزمێکە؟ شایی

جنۆکان چیە؟ لە جێی خۆم وەک باوەخولێ بە شێنەیی بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە. خێڵ بۆتە شەیتانە بازاڕ و لە سەر هەر خێوەتێکەوە فانۆسێک هەڵواسراوە. جاروبار کەسێک هام وشۆ دەکا. دەنگ و ئاهەنگی دەهۆڵ و زورنا زۆر بەرز بۆتەوە. قام و لاوژەی عارەبی و هیندی دێتە گوێ. کاتێ دێمەوە خۆ، تەنیام. نە خاڵۆ ماوە، نە هاورێ. بوومەتە داهۆڵێک و لە سەربزنە ڕێیەک چەقیوم. دوو سوار تەقڵەکوت بەم لاولادا تێ دەپەڕن. ئەسپەکانیان بۆری ئاماڵ سپی بوون. بەرەو قەراخ خێڵەکە وەڕێ دەکەوم. لە دەرەوەی خێڵ دەڕوانم. لە هەموو لایەکەوە ماشێن و سێبەر هێدی و هێور و بێ دەنگ بەرەو خێڵ دێن. ماشێنەکان بە چرای خوارەوە، سێبەرەکان بە تەنێ و دوو دوو لە هەموو لایەکەوە دێن.

چاوم لێیە سێبەرەکان جاروبار سەرسمێک ئەدەن. بەم لاو لادا دەکەون. لاقەکانیان ئینگلیزی دەنووسێ. سێبەرێکی تەژەی کراس سوور، کراسەکەی قۆڵێکی هەیە و قۆڵێکی نیە. شەڵوارێکی سپی لە بەردایە شەڵوارەکە لە رانی بەرەو خوار دەلنگێکی هەیە و یەکی نیە، جووتێ پێلاوی چەک و گەورە لە پێ دا، لە حاندی پشتدا کۆم بۆتەوە. وەک لۆکێکی پیر و کز و کەنەفت بە کۆمە کۆم شان لە شانم دەخشێنێ و دەڕوا. وەدووی دەکەوم و بە شوێنی دادەڕۆم. چاوم لێیە دەس دەکا بە باخەڵی دا جووتێ کۆتر دەردێنێ و ئاوقای ئاسمانیان دەکا. روو دەکەمە هەوەڵ خێوەت. شۆقی تاقە فانۆسێک دەرکی خێوەتی بە حاڵ روون کردۆتەوە. لۆیی خێوەت لا ئەدەم. رووناکاییەکی زۆر دەڕژێتە دەرێ. دەڵێی کلاسی دەرسە. کلاس پڕ لە قوتابی. مامۆستاکەیان نەبێ، هەموو دەمامک بە روخسارەوە خۆیان گۆڕیوە. مامۆستا خۆی نەگۆڕیوە. خەریکە کەوانیان بۆ لێ ئەدا. دەنگی کەوان ژووری دا هەژیوە. کیژۆڵەیەکی بە شک دووازدە

سێزدە ساڵان بە هەوای کەوانەکە سەما دەکات. دەسرە بە دەستەوە دێ و دەڕوا. هەڵدەبەزێتەوە. دەسرە هەڵدەسووڕێنێ. بە چەپ و راستدا لار و لەنجە دەکا و پێ بە پەنجە دێ و دەچێ. چەلی وایە لە حاندی یەکێ لە بینەران رادەوەستێ. لەو کاتەشدا خۆی با ئەدات. دەسرە هەڵدەسووڕێنێ. بنێشت دەجوێ. لە بەر خۆیەوە بە هێوری لاوژەیەک دەڵێ. هی وایە خەڵاتێکی دەداتێ. وەری دەگرێ، ماچی دەکا و درێژە بە سەما کردن ئەدات. لە پڕ کیژ و کوڕێکی مناڵکاری قوتابی دێنە حاندی کیژۆلەکە و دەیکەنە سەما. مامۆستا دەنگی کەوان بەرزتر دەکات. سێ چوارێک لە قوتابیەکان دایەرە و دمەک و تەمبوورە دەکوتن. شەپۆلی مۆسیقا ژوور پڕ دەکات. حەشیمەت پێکەوە گۆرانیەکی ئاندلۆسی دەخوێنن. لە خێوەت دەچمە دەرێ. حەشیمەتێکی زۆر لە هات و چۆ دان. کیژ و کوڕێکی مێرمناڵ بە مەکینە گوڵاو بە سەر رێبواران دا دەپرژێنن. هیوایە خەڵاتێکیان دەخاتە دەستەوە. بە نێو خاک و خۆڵ و خیز و وردە بەرد دا دەچمە دەرکی خێوەتێکی دیکە. دەر و ژووری خێوەت هەر تک لە بەر شۆقی چراتۆڕ وەک رۆژ رووناک داگەڕاوە. تەخت و کورسی ریز کراوە، سەهۆڵ و یەخە چاڵ لەگۆڕی دایە. ساردی و خواردەمەنی دەستاو دەست دەگەڕێ و پەیتا پەیتا بە گەروودا دەڕواتە خوارێ. چەند ژن و پیاو مۆسیقای جاز لێ ئەدەن. پۆلێکی زۆر لە خەڵک بە دابی وڵاتانی رۆژئاوایی هەڵدەپەڕن. لە پڕ سێ چووار فەلەی تەژە دەیکەنە سەمای دابی خۆیان و چوار پێنجێکی دیکە مۆسیقا و چەقەنە و چەپڵەیان بۆ لێ ئەدەن. خەڵک بە گشت لەگەڵیان دەکەون و دەبێتە غەڵەبە و هەڵپەڕینێکی جنۆکانە و سەیر و سەمەرە. دەنگی قیژە و هاوار، دەنگی فیتوولێدان و قاقا و پێکەنینی خێوەت دەباتە ئاسمان. مێز و کورسی وەخڕ دەکرێتەوە. خەڵک بە عام

هەڵدەپەڕن.

دەبێ ئەمە چ وڵاتێک بێت، ئەمانە کێ بن؟ هەر کەسەی بە جل و بەرگێکی سەیرەوە، رەنگاورەنگ و نەخشاونەخش غارغارێن و رمبازێن دەکات. لە پڕ کەلاکی گوێلکێک راکێش راکێش دێننە ژوورێ. هەموو تێی دەورووکێن. یەکێک چەقۆ و سیخە گۆشت و کەباب ئەداتە دەست خەڵک و چەند کەس ئاور دەگەشێننەوە. کیژ و کوڕ و ژن و پیاو دەوری کەلاک ئەدەن و گۆشت دەپچڕن، لە سیخی ئەدەن. دەوری ئاور ئەدەن و گۆشت دەبرژێنن. کوڕ و کیژێکی زۆر کەڵەگەت و ئێکجار جوانچاک لە سەر کەشەف گۆشت و ساردی دەگێڕن. دەم بە پێکەنین و سەر و رووخۆش خوڵکی خەڵکی دەکەن. بۆنی گۆشت و کەبابی برژاو خێوەت دادەگرێ. غەڵبە و ئاژاوەیەکی سەیرە. لەوە پتر تاقەت ناهێنم و وەدەر دەکەوم. مانگی شەوی چاردە لە حەوێقی ئاسمان دایە. ئەستێرەیەکی زۆر روون و جوان و گەش لە ژوور سەرمەوە خۆی درێژ دەکاتەوە. پێم وایە شیرجەیەک بۆ نێو جادەی کاکێشان لێ ئەدات. لە پڕ سەرەنگرێک ئەدات و بەر دەبێتەوە. هەمیسان راوێچکە بە نێوان ئەم خێوەت و ئەو خێوەتدا سێبەرەکان تاق تاق و دوو دوو و پۆل پۆل دێن و دەڕۆن. سرتە دەکەن. گۆرانی دەڵێن. لەتر دەبەستن و قسە و باس دەگێڕنەوە. قاقا لێ ئەدەن و جاروبار یەکتر رەپێ دەنێن. پۆلێک لاوی مێرمناڵ دەورەم ئەدەن. سەرو دووسێ کۆتریان بە دەستەوەیە. هەموو پێکەوە کۆترەکان بە سەرمدا هەڵدەخەنەوە کۆتر لە سەر سەرم، بە دەوری سەرمدا دێن و دەچن و تەقڵە لێ ئەدەن. تەنانەت جووتێکی سپی دێن و هەر کامەی لە سەر شانێکم هەڵدەنیشن و دەیکەنە شێعرێن و گەمەگەم. بەرە بەرە دوور دەکەومەوە. کۆتر و کۆتربازیش لێم دوور دەکەونەوە. باریکە رێگەی نێوان ئەم خێوەتە و

خێوەتی دواییش هەر خاک و خۆڵ و زیخە. ڕەوەیەک ئەسپ و سوار وەک تێسکەی تفەنگ بە بن گوێمدا تێپەڕ دەبن. ئەسپەکان هەموو چوار پەلیان سپی بوو. دەگەمە خێوەتێکی تازە. خێوەت وەندەگەورەیە دەڵێی ئەم سەرە و سەری نیە. ژوورەوەی مەزڵ مەزڵە. مەزڵی وایە وەک ڕۆژ ڕووناکە. مەزڵی وایە چراخەوێکی تێدا دەئایسێ. خواردەمەنی هەموو وڵاتێ دەفرۆشن. ژنان و پیاوان دێن و دەچن. هەموو خەریکی خواردنن. دەنگی قاقا و پێکەنین ناپسێتەوە. خوان زۆر ڕازاوەیە. هەر چی‌یەکت بوێ، بە وەندی یەک و دوو لە بەر دەمتی دادەنێن . وەدیارە مەی و مەزەش دەفرۆشن. دەنگێکی نزم و نەرم هۆنراوەکانی خەییام دەخوێنێتەوە، کیژۆڵەیەکی یێکجار جوان لە دەرکی خێوەتەکە وێستاوە. خێرا خێرا بانگەواز دەکا. ماچ دەفرۆشم. دەقەیەک ماچ بە دوو بابۆڵە و دوو ئەسکووڵ. دەزگیرانەکەشی کەمێ لەو لاوەتر ڕاوەستاوە. دوو بابۆڵە و دوو ئەسکووڵ دەکڕم و دەیدەم بە کیژەکە، ماچیشی ناکەم. پێی دەڵێم: بڕۆ ماچ مەفرۆشە نەخۆشی دەگری. کیژ دەزگیرانەکەی بانگ دەکات، بۆی دەگێڕێتەوە. هەرتکیان ماچم دەکەن. سوپاس دەڵێن و بە گۆرانی کوتن دەڕۆنە نێو حەشیمەتی خێوەتەکەوە. منیش دەچمە نێو خێوەتەکەوە، خولێکی پێدا ئەدەم. جەحێلە بازارێکی سەیرە! هەرکا لەم خێوەتە دێمە دەرێ، سەرسام دەبم. خودایە چ دەبینم؟ ڕۆژە یان سەدان و هەزارەها نوورهاوێژیان لە تەواوەتی مەیدانی خێڵاتەکە گرتووە؟ وڵات لە ڕۆژ ڕووناکترە.

ئەگین تاکوو ئێستا تاقە خەڵکی بێ ڕوویەندە و بەرچاوکەت ئەدی، ئیدی تاقەکەسێک دەمامکی پێوە نیە. خەڵک بە جل و بەرگی سوور و شین و زەرد و کەسکەوە، ورد و درشت بە شۆرت و تۆنکە و پانتۆڵ و

دوولنگە و پێ‌جامەوە دێن و دەچن. زۆر کەسی وایە لە نێوک بەرەو ژوور رووت و قووتن. تیپێکی گەورە مۆسیقاژەن لە مەیدانی هەرە گەورەی شەقامەکەدا دەی‌کوتن و دەی‌ژەنن. دەیان بەرزە وێژ لە دوور ونزیکەوە ئاهەنگەکان بڵاو دەکەنەوە. پۆلێک لاوی پازدە تا بیست ساڵان بە شانی راستم دا تێپەڕ دەبن. هەر دووانە و بە زبانی وڵاتێک قسە دەکەن. لە پڕ دوو سێ هەنگاو لەو لای منەوە دەیکەنە سەما و هەڵپەڕکێ. دووان سیانێکیان سەمای بابا کەرەم دەکەن! سیان چواریان عارەبی و دووانیان سەمای هیندی و دوو کیژ و دوو کوڕی زۆر جوان‌چاک و لاو بە رەشبەڵەک چۆپی هەڵدەپەڕن. خەڵکێکی زۆر شەپۆل شەپۆل دێن و لەم لاو لای مەیدان دەیکەنە هەڵپەڕکێ. سەمای واڵس و تانگۆ، ئەفریقی و ئیندی، تورکی و مرادخانی مەیدان پڕ دەکات. لە هەموو سەماکان دا سوور و شین و رەش و سپی تێکەڵە. شتێکی زۆر سەیر ئەوەیە، لەوانەیە بڵێم زۆربەی ئەم لیباسانەی لەبەر ئەم خەڵکە دایە دەیناسمەوە. بەڵام هیچیان لەبەر خاوەنی خۆیان دانین. دەڵێی ئەم جل و بەرگە دزراون یان بە ئەمانەت وەرگیراون. وەندەی لە خەڵکەکەش ورد دەبمەوە، لە دوورەوە لە هەوەڵەوە شێوەی دیوناسان ئەدەن، بەڵام لە گەڵکوو دەچمە پێشێ کەس ناناسمەوە. هەر دەڵێی کەس کەس ناناسێ و هەموو کەسیش پێکەوە زۆر بە تێ‌ڕادیوی و دۆستانە دەجووڵێنەوە. ئەرێ خاڵۆ راستی کوت: شایی جنۆکانە. لە زۆر کەسیشم بیستووە باسی داوەتی جنۆکانیان دەکرد. ئەوا بە چاوی خۆم دیتم. بەڵام خۆ ئەمانە جندۆکە نین. دۆم و دوڕاجی و قەرەچی و خەڵکی دڕگە و وڵاتانی دیکەن. هەموو بەشەرن. بڵێی وابێ؟ ئەی بۆچ کەس ناناسم؟ خاڵۆ چی لێ هات؟ هاوڕێ کوانێ؟ سەرم سووڕ ماوە، سەرەندەری ئەم کارە ناکەم. بە من چی! خۆ من پێیدا دەگەڕێم و ماوەیەک

کات رادەبوێرم! ئێوە کەیفی خۆتانە! چۆنی دادەنێن و بە چی دادەنێن، خۆتان دەزانن. سوور بە دەوری شیندا و زەرد بە دەوری سپی دا هەر لە خولانەوە دان. لە بەرزە وێژەکانەوە هەروا گۆرانی و مۆسیقا و ئاهەنگی شاد و خۆش بلاو دەبێتەوە.

منداڵ و پیر و جەحێڵ بە هەوای گۆرانیەکان چەقەنە و چەپڵە لێ ئەدەن و لەگەڵ بەرزەوێژەکە لاوژە و گۆرانیەکان دەڵێنەوە. لە سەر کورسی‌یەک دادەنیشم. کیژە جەحێڵەیەک بابۆڵەیەک و ساردی‌یەکم ئەداتە دەست و لە شانم دادەنیشێت! خۆیشی بابۆڵەیەک و ساردی‌یەکی بە دەستەوەیە. دەیناسمەوە، کیژە ماچ فرۆشەکەیە. دەزگیرانەکەشی دێ و لەو شانمدا دادەنیشێ. کیژەکە لە نێوانمان دایە. کیژۆڵەیەکی باریک و سەوزە، چاو و برۆ رەش و خوێن شیرن دوو خول بە دەورماندا سەما دەکات و لە پاشان گولاو بەسەر و گوێلاکماندا دەپرژێنێ. پارەیەکی خوڵک دەکەم. لێم وەردەگرێ و سوپاس دەڵێت. کیژ و کوڕە جەحێڵەکە ئیزن وەر دەگرن، ماچم دەکەن و لێ ئەدەن و دەڕۆن! جگەرەیەک دادەگیرسێنم هەر مژێکی بیست هێندی جاران دووکەڵی لێوە دێت. لە نێو دووکەڵی جگەرەکەدا خۆم دەبینم لە سەر کورسی‌یەک دانیشتووم و بە سەدان کیژ و کوڕە جەحێڵە خەریکی باوەشێن کردن و خزمەت کردنمن! لە پڕ سەگوەڕێک رام دەپەڕێنێ و دێمەوە خۆ. دە دوازدە کەسی بۆشناغ هەرکەسەی قەلاتەی سەگێ بە دەستەوە سەگەکان پێکدا ئەدەن و بە شەڕیان ئەدەن. لەو شانمەوە دەیان کەس هەر کام کەڵەشێرێکی لاری لە سەر دەست، مەرجێ دەکەن کەڵەشێرەکان بە شەڕ دەن و شەڕەکەڵەشێر بەرنەوە. پۆلێک کۆترباز مشت و مڕی ئەوەیانە کۆتری کێ تەقڵە بازترە، کۆتری کێ زیاتر لە حەوا دەمێنێتەوە، کۆتری کێ لە سێ چوار شارۆچکە ئەو لاترەوە دەگەڕێتەوە بۆ

ماڵی خاوەنی خۆی! دەبێتە غەڵبە و زەنا زەنا. کەس لە کەس حاڵی نیە. جگەرەکەم تەواو بووە. ئیشتیای چاییم کردووە. راستەی مەیدان دەگرمە بەر و دەڕۆم. رووناکایی هەوای گۆرانی کوتنی خستۆتە دڵمەوە. بە چاوگێڕان بە نێو پۆلی سەماگێڕ و گۆرانی بێژ و مۆسیقاژەن دادەڕۆم. دەیان کەس لە سەر کەشەف و خوانچە نوقوڵ، خوڕابی، کولێرە، بابۆڵە، گۆشتە برژاو، لەبوو، شۆرمەزە، توو، جگەرە، ئاجیل و پستە و دەیان خواردەمەنی دیکە دەگێڕن و خولکی خەڵکی دەکەن. بە نێو شەپۆلی مۆسیقا و تیشک و گۆرانی و قاقا و پێکەنین دا هەر دەڕۆم و چاو دەگێڕم. لە هەموو لایەکەوە هەر گوڵاوباران دەکرێم. دەگەمە خێوەتێکی زۆر گەورە و رازاوە. پیاوی زۆر بۆشناخ دەر و ژوور دەکەن. خێوەتەکە دەرگاوانی هەیە و هەموو کەس رێ نادەن. لە برێ کەس بەرگری دەکەن و برێ کەسیش خۆیان لەم خێوەتە لا ئەدەن. کوڕە مێرمناڵێک دەپاڕێتەوە و پێناسە نیشان ئەدات تاکوو لێی گەڕێن بڕواتە ژووری، بەڵام رێی نادەن و پێی دەڵێن بەم تەمەنە کەمەوە، رێگەی ئەم ژوورەی نیە. کوڕەش دەپاڕێتەوە! پووڵ و پێناسە نیشان ئەدا و پێی چەقاندووە بچێتە ژووری.لەبەر دەمی دەرگاوانەوە خۆ دەکەم بە هۆدەکەدا. هۆڵێکی دوور و درێژە. لە رۆژ رووناکتر. ژوور ژوورە و لە دەرکی زۆر ژوورەکاندا ئەم و ئەو بە عوریانی دەبیندرێن. چاوم بە کوڕە مێرمناڵەکە دەکەوێ! بە هۆڵەکەدا دێ و دەچێ و چاو دەگێڕێ. لە نێو ژوورێکی رووناکدا ئافرەتێکی مێرمناڵ نیوە عوریان دێ و دەڕوا. ساردی دەگێڕێ و لە سەر رانی ئەم و ئەو دادەنیشێ. جاروبارێش ماچێک خەڵاتی کەسێ دەکات. بە رێی خۆمدا دەگەڕێمەوە. دەچمەوە راستە مەیدانەکە لە چایخانەیەک دادەنیشم. شەربەیەک ئاوی ساردم بۆ دێنن، دەیخۆمەوە. جگەرەیەک دادەگیرسێنم. چاییم بۆ لە بەر دەم دادەنێن. دەنگی حەسەن

زیرەک و ئوممی کولسووم لەم لاو لاوە دێت و دەم‌لاوێنێتەوە. هەروا کە لە چایخانە دانیشتووم، جگەرە دەکێشم و چایی دەخۆم. پۆلێک ژن و پیاوی گەڕاوە بە دەوری مەیدان و چایخانە و مندا دەیکەنە کایە و گەمە. دەیکەنە هەڵات هەڵات، شەڕەفڕ، قەرێ قەرێ، گەڕە لاوژە و شێعرێن و گۆرانی کوتن و قاقا و پێکەنین. هەموو بابۆڵەیان بە دەستەوەیە، ساردی هەڵدەقوڕێنن، تۆو دەترووکێنن. جگەرەکەم تەواو بووە، ئاگر و سووتووی جگەرە دەکەوێتە سەر کۆشم. رادەچڵەکێم. خۆم دەتەکێنم و چاوەکانم هەڵدەگولۆفم. ناخەون نیە. راستی‌یە و من سەرەندەر ناکەم. دەیان و سەدان کەل و پەل فرۆش بەبەر دەممدا رێژە دەکەن. هەرکەس کەل و پەل لە سەر شان و بانگەشە و بانگەوازی مشتەری دەکا. سەلمانی، بەقاڵ، بەزاز، ئاسنگەر. چەرچی، عەتار، شەربەتفرۆش. چۆدار. هەڵدەستم و دەچمە نێو غەڵەبەی جەماوەر هەڵات هەڵاتی لاوان بەم شان و ئەو شانمدا، بە نێو هام و شۆی حەشیمەت دا بڕانەوەی نیە. سەگ وەڕ و میاو میاوێنی پشیلە زرینگە لە گوێم هەڵدەستێنێ. هام و شۆی سێبەرەکان، سرتەسرت، چاوبڕکێن. دوور ونزیک حەشیمەتێکی زۆر بە ئیکلام کێشان، دەست هەڵێنان، مەرحەبایی. لیباسی هەمووان لە هەموو رەنگێک. خوایە ئەم رەنگانە چەندە جوانن. ئاخ دنیای رەنگین و هەمەرەنگ! سەرو گوێلاک و رەنگ و روخساری بە گەشە و نەشە چەنێک جوانن، چۆن دڵ دەخەنە کوتەکوت و لەرینەوە. هەزار خۆزیام بەم مەلانەی جیهانی شاد و رازاوە. هەمیسان پۆلێ کی زۆر سوار و ئەسپ غارغارێن و رمبازێن و کێ برکێ یانە. ئەسپ هەموو سپین و سوار زەرد و سوور و شین و سپی‌یان پۆشیوە. سوار نەعرەتە دەکێشن، هێ لە ئەسپ دەکەن، بە قەمچی لێ‌یان رادەکێشن و بۆ پێش کەوتن هان‌یان ئەدەن. خەڵک کۆڵان‌یان بۆ دەکەن و هەستێکی سەیر

تەواوەتی مەیدانی داگرتووە. هەردێ و مەیدان خۆشتر دەبێ. دەنگ بەرزتر، رەنگەکان بە گەشە و نەشەتر. خواردەمەنی تازەتر و خۆشتر و خەڵک بە کەیفتر و سەر و روو خۆشتر دەبن. لە دوورەوە دەنگی غەڵەبە و هەرا و هورایەک هەڵدەستێ. بەرەو شوێنی دەنگەکە شۆڕ دەبمەوە. لە سووچێکی دوورەچاو شەڕەکەوە. لە مەوبەر گوڕەکەوم دیبوو، بەڵام ئەوە هەوەڵ کەڕەتە شەڕەکەو دەبینم. لاوێکی منداڵ کارە بە هەر دەستێکیوە کەوێکی پێیە. بە دەوری خەڵک دا هەڵدەسووڕێ و دەپاڕێتەوە ئەم کەوانە لە گیانی یەک بەر نەدەن و ئەم شەڕەکەوە تەواو کەن! دوو کەس دەڕۆنە پێشێ و هەر کەس کەوی خۆی دەگرێت و بە فیتوو لێدان دەیهێنێتە قاسپە قاسپ. بە شوێن ئەم دووکەوەدا سەدان و بگرە هەزارەها کەوی دیکەش دەکەونە قاسپە قاسپ. خەڵک دەکەونە هەواڵپرسی و دەست و مشتاغ تاقمێک کولێرە و خواردەمەنی و ساردی بە نێو حەشیمەت دا دەگێڕن. دەحەپەسێم. لە سەر کورسی‌یەک دادەنیشم و جگەرەیەک هەڵدەکەم. مناڵێک چەپکێ گوڵەباخم دەداتێ. چاوم لێیە ئەستێرەی لەیلی و مەجنوون لە حەوێقی ئاسماندا لێک دەکەون. هەر لەو دەمەشدا شنەبایەکی خۆش و دەنگی مۆسیقای وڵاتانی رۆژهەڵات دەورانەورم دادەگەرن. هەستی خۆشی و رەزامەندی ناخم دەئاختن. هەرواکە لە سەر ئەم کورسی‌یە دانیشتووم بە هەزار و هەزارەها خەڵک، قۆڵ لە ناو قۆڵی یەکتر بە تۆو تروکاندن، بە جاچکە جاوین، بە ساردی هەڵقوڕاندن دێن و دەچن. خەڵک وەک مەشقی عەسکەری لە جم و جۆڵ و هات و چۆدان. سەرسم دان، هەڵکەوتن، لەتردان و لاتراسکە بەستن. کەوتن و هەستانەوە. پێکەنین و گریان، ملەقوتێ و دەمەتەقێ. دەمەلاسکێ و بەسەر و چاوی یەکتردا چنگە پڵماسکە کردن. چەقەنە لێدان، فڕ هاویشتن و

چەپلەڕێزان و گۆرانی کوتن. نازانم لە کەنگێوە لەگەڵ حەشیمەت بە راستەی مەیدان دا دەخولێمەوە. ئەوەتانێ لە جەنگەی مەیدان دا دەگەمە تەلار و هۆدەیەکی رازاوە. یاساوڵی لە دەرکێ راوێستاوە. زۆر ماندووم. جگەرەیەک هەڵدەکەم و دەچمە نێو هۆدەکە. دەڵێن چەند کەسێک مەحکەمە دەکرێن. لە جێگەی بینەراندا دادەنیشم. قازی، پیاوێکی سەرتاپا سپی لەبەر، دێت و لە سەر جێی خۆی دادەنیشێ. دەپازدەکەس کابرایەکی بە رووالەت ئەلمانی دەبەنە لای. تاوانی کوشتنی کەسێک یان چەند هاوەڵ و هاوڕێ و خۆ دەرمان خوارد کردن لە بۆ خۆکوشتنە. قازی لە سەرەخۆیە. بە مەیل و خۆشەویستی‌یەوە لەگەڵ کابرای لێ‌قەوماو دەدوێ. بە چەند پرسیارێک رووداوەکە روون دەکاتەوە. قازی و کابرا لێ‌یان دەبێتە باس و خواس. باس وخواسێکی خۆمانە و لە سەرەخۆ. قازی لە پاش وتارێکی پڕ لە ئامۆژگاری خۆی دەناسێنێ و دەڵێ: من هێڕمان هێسەی هۆنەر قازی ئەم دیوانە، لە پاش لێکدانەوەی رووداوەکە و لە پاش روون کردنەوەی تۆ هاری هالێر، تۆ بە تاوانبار دەناسم!

بە قامکی شادیمان ئاماژە بەرەو کابرا دەکات: ئەرێ، ئەرێ هاری هالێر تاوانباری و مەحکوومت دەکەم. مەحکووم بەوەی سەر لە نوێ بچیتەوە نێو خەڵک و کۆمەڵ، لە ژین و ژیاندا بەشداری بکەی. بەڵێ مەحکووم بە ژینێکی پڕ لە کەیف و نەهەنگ و ئاشتی خوازیت دەکەم.

قازی و ئەلمانی هەر کەس وەدووی کاری خۆی دەکەوێ و لێ‌ئەدەن و دەڕۆن.

قازی‌یەکی دیکە و تاوانبارێکی دی دەچنە سەر سەکۆی مەحکەمە.

تاوانبار، بە نێوی ئارکادیۆ - کولۆمبیایی - بۆ هەوەڵ جار لە تەمەنی خۆیدا لەگەڵ سەڵیتەیەکی حەکەدار، بۆ دووهەم جار لەگەڵ کیژۆڵەیەکی دە - دووازدە ساڵان و لە پاش ئەم دووە لەگەڵ سەدان ژن و کیژ تێکەڵ بووە. قازی و تاوانبار دەیکەنە وت و وێژ و راو تەگبیر. باس و خواسێکی درێژ و بێبڕانەوە دەست پێ دەکەن. قازی لە ئاکامدا ئاوا حوکم دەکا: من قازی ئەم مەحکەمەیە بە نێوی گابریێل گارسیا مارکیز، لەگەڵ تۆمە ئارکادیۆ بۆ ئیندیانا، ئەرێ لەگەڵ تۆمە و تۆ مەحکووم بەوە دەکەم بڕۆی و سەد ساڵ بە تەنیایی وەدووی ئەم ئیشە دڵخوازەی خۆت کەوی! نەخەڵەتاییتی قەت قەت خۆت و تڕ و تەوێڵەی خۆت لەم ئیشە بگێڕیتەوە. هەستە بڕۆ تاکوو رۆژی مردن، تاکوونێ تۆرەمەت لە سەر دونیایە لەکەیف و نەهەنگ خافڵ مەبن. ئەم دووەش هەڵدەستن و دەڕۆن. بۆ ماوەیەک بێدەنگی باڵ بە سەر تەلاردا دەکێشێ. لە پڕ سەدان کەس کەڕاوات لە مل ژن و پیاوێکی قۆڵ بەست ملکێش ملکێش دێننە سەرسەکۆ. کەس ماسک و بەرچاوکەی بە سەر و گوێلاکەوە نیە. لەوە دەچێ ژن و پیاوە قۆڵ بەست کراوەکە بناسم. رووالەتیان زۆر ناسیاوە. قازییەکی زۆر بە تەمەن و بە قەلافەت پیاو ماقووڵ و وێچوو دێت و دەچێتە جێگەی تایبەت. هێشتێ لە سەر جێگەی خۆی دانەنیشتووە حوکم دەکات: دەست و قۆڵی ئەم دوو خۆشەویستەی من بکەنەوە. کامە بێ مۆخ و لە یاسای ژیان بێ خەبەر ئەم هەڵە گەورەی کردووە؟ من بێرتراند راسێل قازی سەر ئەم تەرازووە میزانە، لە ئێوە ژان پۆل سارتێر و سیمۆن دووبووار تکای لێبووردن دەکەم! تۆ خووا بمانبوورن. بەڵام ئەگین ئیزنتان لە سەر بێ، بەدخووای ئێوە بە سەزای خۆی بگەیەنم. راسێل و سارتێر و سیمۆن دووبووار هەڵدەستن و لێ ئەدەن و دەڕۆن. لە پڕ ئاوری جگەرە چزە لە قامکم هەڵدەستێنێ. دێمەوە خۆ.

تەلارێک لە گۆڕیدا نیە. کەڕاکەی سەرم وەک شانەی هەنگ پڕ لە زەنا زەنایە بوومەلێڵی بەیان بە سەر داهاتووە. وڵات بڕێک روون داگەڕاوە. نە فانۆس ماوە نە تیشکی نوورهاوێژ و نە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و مۆسیقا دێت. زۆربەی خێوەت و خەرگا و دەزگاکانی شەوێ راگوێزراون. کەس بە دەرەوە نیە. تەنانەت چۆلەکە کوژێک وەبەر چاو نایە. شەکەت و ماندوو لە شەوێک شەونخوونی، بەرەو خێوەتەکەی خاڵۆ وەڕێ دەکەوم. دەگەمێ و لۆیی خێوەت لا ئەدەم. خاڵۆ و ژن و منالّ لە غوڕابی خەودان. هاوڕێ نەهاتۆتەوە. دەبێ بۆ نێو شار گەڕابێتەوە. باش وایە منیش وابکەم. بەڕێی خۆمدا بەرەو نێو شار، بۆ ماڵێ بگەڕێمەوە.

❊ ❊ ❊

شەیتان و بەفریو بردنی دایکە حەوا. دایکە حەوا و خواردنی سێو، یان گەنم، یان شتێکی دیکە. رق هەستانی خالەق و تەمێ کردنی دایکە حەوا و باوە ئادەم. وەدەر نانیان لە بەهەشت و شاربەدەر کردنیان بۆ زەوی. سەدان سەدە و هەزارەها وەرزی دیوناس یان نەناسراو لە پاش ئەم

روودواوە.

دەفتەری مودیری مەدرەسە. مودیر رەشتاڵە و زەبەلاح. بە لێوە کرۆژە لە ئەندێش و بیرکردنەوەیەکی دوور و درێژدا. لە لای خوارەوەی دەفتەر، لە نزیک دەرکێ منالەیەکی سێزدە چاردە ساڵان. منال و مودیر جاروبار تەمەشای دەرەوەی دەفتەر دەکەن. منال کەرەتی وایە بە دزیەوە نیگایەکی مودیر دەکات. رەنگە لە ناخیا پێی وابووبێ کاتێکی چەتوون و دژوارە! مان و نەمان و چارەنووس و ژیانی داهاتووی لەم مەرگەساتەدا دیاری دەکرێ. لە کەلاسی دەرس لەگەڵ مامۆستاکەی لێی بۆتە قرە! بیست سی ساڵ لەمەوبەر، هەوەڵ جار لە بەر شەتاوڵی دێوەزمە. لەندە هۆرێکی رەزا گران هات و چۆی دێوەزمە بەم سەر و ئەو سەری ژووردا و جوێن و هەرەشە و گورەشە لە تازە لاوێک. چەل چەلیش چەپۆک و مستەکۆڵە و شەقەزللە لە دەستەکانی دێوەزمەوە بە سەر و گوێلاکی تازە لاودا .ئەڵڵا ئەڵڵای ئەم بۆ تابشت هێنانی ئەشکەنجەی ئەو. گرینگ خۆ راگرتن لە بەرانبەر ئەم ئەزرەبە و جەزرەبە دایە. تاکوو ئەمرۆ دەکاتە چەند سەدە و هەزارە؟ چەندەها وەرزی تاڵ و گران و دژوار لەم چەشنە؟ هەمیسان ژوورێک و یەکێ لە تۆرەمەی باوە ئادەم کەمن بم و نایبی گەورەی درگەی شاربەدەرەکان. زۆر باش ئاگاداری وەزیعەتی ئەم کات و ساتەم. ئاگاداری ئەوەی لە پاش دوو یان دە سەعاتی دیکە ئەم بەزمەش تەواو دەبێت. ئاو بە ئاوردا دەکرێ و تەواو. گریمان قورس بوونی دەوسێ. جا کە وایە دۆش دانەماوم. پەکر نیم و باکم نیە. تەنانەت لە ناخدا گاڵتەم دێ بەم ئەم سەر و ئەو سەر کردنەی نایب. بەم رەش و شین هەڵگەڕانە و لێوە کرۆژەیەی نایب. لێم دڕدۆنگن کە بۆچ بێ ئیزن و ئاگاداری ئەوان لە شار چوومەتە دەرێ؟ بۆچ لە شایی جنۆکان دا بەشداریم کردووە؟ من و حاشا کردن!

نـەچوونە ژێــرباری وەڵام دانــەوەی ئـەم پـرسیارانـە. گـاڵتە کـردن بـەم خۆفریودان و درۆ و دەلەسانە! لە نایب پرسیار دەکـەم: تـۆ خـودا شـایی جنۆکان چیە؟ توورە کردنی نایب بە مەی کە دیارە ئەجننە و دێوەزمەی نێو شار دەستیان لەگەڵ جنۆکەی ئەم مەڵبەندە تێکەڵە! دیارە دەبێ بـاخی بــەهەشتیش بــێ تـەشقەڵە و درۆ نـەبێ. دیـارە بـارستایی کـاغەز چۆتە سەرێ. پەزەکانی دڕگەش لە گژ و گیا بێبەشن، دەیـجا کـاغەزیش کـاوێژ نـەکـەن؟! بـێستان و بــێ ســەرەخەر. بـەڵام ســەرکار نـایب گــوێت لێـمە دەڵــێم چــی؟ ئـەمانە بـە مـن چـی؟ تـۆ بـۆ کـەمتەر خەمیت کرد و داوەتەکەت وەبەر هاشاوڵ و شەتاوڵ نەدا؟ بۆچ بەشداری کــەران و تـاوانبارەکـانت نـەگـرت؟ وەڵام دەوە نـایب. هـا؟.... وەڵامت چیە؟....

باش گوێم دەیە یۆڵداش، لەگەڵ تۆمە. ئەم قسانە بۆ تۆ ئاگـاداری و نسحەتە! کات و سات چ نیە. هەل و مەرج زێڕ نیە، عەیام و سەردەمان زێو نیە. ئاگادار بوون و سواری شەپۆلی وەزیـعەت بـوون گـرینگە! دووسـێ سـەعاتێکم لەم بـاسە لێ حـەشار داوی. یـانی لە کـۆتایی هـاتنی شـایی جنۆکان، بە سەرداهاتنی بوومەلێڵی بەیان، گەڕانەوە بەرەو شار تاکـوونێ ئەم دەققەیە وا نایب خەریکە لە دەستم فججە دەکات، ئەمانەم بـۆ بـاس نەکردووی. ئەویش وەندە دوور و درێژ و ئەوتۆ نیە. کـات گـەرد و گـوڵی بەیانە. لە خێڵاتی جنۆکانەوە بەرەو شار دەگەڕێمەوە. لە ماندوویی و ماڵی ئەندێش دا هەر لاکەی سەرم دێت. کەڕڕاکەی سەرم شانەی هەنگە و وزە وز دای‌ئــاخنیوە. لە دیــتنی ئــەم هــەموو شــتە ســەیر و ســەمەرەیەدا، کەوتوومەتە گۆمێکی بێ بنەوە. لە ئەندێش و هەڵسەنگاندنی ئەمانەدا هێور هێور، هێنی هێنی بەرەو ماڵ دەگـەڕێمەوە. لەگـەڵکوو دەگـەمە شـەقامی

لێــوارە هــەست دەكــەم دێــوەزمە لە حــازرباش دان! لە جــەمسەری كــۆلان و شــــەقام یـــاساوڵ لە ڕۆژان پـــترە. بـــە تـــایبەت جـادە خـــۆلینەی خـــێلاتەكـــە لە ژێــر چـــاوەدێری دایـــە. بـــەشەر و مـــاشێن لەوێـــــوە بـــەرەو شـــار بـــێتەوە، وەی لە قـــوونێ و وەی لە دۆشـــاوێ. یان دەبێ خۆی وەخورێنێ، یان بەرەو پاسگە مل كێش دەكرێ. ئەرێ كاكە بـۆیە والێـرەم. بـەلام حـاشام كـردووە. پـێم لێ نـەناوە كـە لە شـایی جنۆكان بووم.

ئەوەش نایبە كە هەروا دێ و دەچێ و بە تـۆپ و تـەشەر و تـەوس وتوانج دەمترسێنێ. پێم رادەگەیەنێ لە پاتەخت داوای توند بوونی جەزا و سزام بۆ دەكات. لە دڵمدا پێكەنینم پێی دێ! ئاخە گێژوولكەی گـەوج و لەوج، پیاو ماسی بگرێ، قوونیشی تەڕ دەبێت. ئاخە خوێری من خۆ باكم لە شاربەدەری نیە. لەوەش سەیرتر تـازە دوو سـێ رۆژە بـۆم دەركـەتووە تەنانەت لێرەش دەتوانم هەڵكەم. لێرەش دەتوانم بۆ خۆشم و بـۆ دەور و بەریەكانیشم بە كەڵک بم. جاكە وایە، یا ئەڵڵای دەكرد بەغدا نیوەی رێگەم دەبوو. هەمیسان بـریا كـوتەنی: «لە جـەهەنەمیش بـەو لاوە؟» خـۆشی و ناخۆشی بەشەر، لەو كاتەوە خۆی دەناسێ، لەو دەمەوە هەستی ئاگاداری لە وەزیعەتی خۆی دەكا، لە نێو دڵی دا دەبێ. لە ناخ و دەروونـی خـۆیدا خۆشی و ناخۆشی وەرزەكانی ژیانی بەكەو دەكا. تەقا بیست و پەنجا و سەد ساڵ و سەدەی دیكەش من و كەسانێكی وەک من وەزیعەتمان هەر ئەمە بوو، یـانی دەبـێ دەس لە شـادی و خـۆشی و نـەشەو گـەشە و پـێكەنین هـــەڵگرین و قـــوڕ پـــێوان و بـابەڕۆ و تـازیەباری و چـەمەرگێڕانـی سەر تەرمی نەهاتمان بێت؟ كوڕە نامەردت نـەكـەن خـۆ تـۆ بـە مـدەی عەمرت بە هیوای شایەتی و وەزیـری و وەكـیلی نـەبووی! خـۆ دایـمە و

دەرهەم بانگەوازی ئەوەت بوو: دنیا چ نیە، خەمان مەخۆن، بە خەمان چ پێک نایە! دەیجا خاڵۆ کوتەنی: «کێت خۆش دەوێ بڕۆ بۆ لای، کوێت پێ خۆشە بچۆ بۆ ئەوێ. لەگ. ‌ا، دۆستان و خۆشەویستانت وەکۆ بنەوە و کات بە دڵخواز رابوێرن.»

ئەم سەر و ئەو سەر کردنی نایب لە ژوورێکی چوار لە شەش گەزدا. رەش هەڵگەڕاوە، تێک سمڕاو، ئارەقە لە سەر لێوەکان و پشتەمل. چەل چەل مۆڕەیەک لە من و چەل چەلیش مووشە مووش و لێوە کرۆژە و بیر کردنەوە. رەنگە ئەلحان لە بیر کردنەوەی خۆیدا پێی وابێ جەنابی رەزاخانە و پڕۆگرامی بەردەوامی و راوەستان و بەربەرەکانێی سپای ئێرانی دژ بە وڵاتە یەک گرتووەکان هەڵدەسەنگێنێ. بەڵام ئاخ لە داخی گرانی، جگە لەوەی راپۆڕتم لێ بنووسێ و دەوسێم لێ قورس کات، چی دیکەی لە دەست نایە. بەرەنگارم دەبێت و دەگاتە بەر دەمم. سنگ بە سنگمەوە دەنووسێنێ. بە تەوس و هەڕەشەوە دەڵێ: هەمووت لێ دەکەمە دەوسێ. چێشتێکت بۆ لێنێم بستێ رۆنی لە سەر بێت. بەڵام لە گەڵکوو زەردەخەنەی گاڵتە لە بزەی سمێڵم دا دەبینێ، وەک فوودانەیەک دەپووچێتەوە. رادەکاتەوە ئەو سەری ژوورەکە و بە ئاماژەی دەست بەرەو دیرگا حوکم بە دەرکەوتنم ئەدا. هەر کا لە پاسگە دێمە دەرێ، هاوڕێ و جاسمی برای چاوەنواڕ دەبینم. بەرەو پیرم دێن و لە پاش دەست و مشتاق بەرەو ماڵ دەبینەوە.

* * *

لە مەدرەسە هاتینە دەرێ یان وەدەریان نائن؟ ئەوە ئەوتۆ نیە! چونکێ

هاتنە دەرێ و وەدەر نان جیاوازی‌یان نیە! چون ئاکام و مانا یەکە. ڕاست ئەوەیە کە ژیانی من و منالآنی هاوچین و توێژی من و هاوەڵان و دیوناسانی من هەر وەندە بوو وا لە مەدرەسە دا بووین!

منالی، خاترخۆیی و بێ ئەندێشی. منالی و زەین نەدان و تێ نەفکرین. بابۆڵە نانێک بۆ ژیواری ژەماوژەم و تبتۆڵە پەڕۆیێک بۆ عەیب داپۆشینی ساڵە و ساڵ و بگرە بۆ چەند ساڵمان زۆر بوو کەم نەبوو. ئەوەندەمان هەبایە شای سەر زەوی بووین. دە ئیدی با جیهان لافاو بی‌بات. لێ گەڕێ با جیهان تۆفان بی‌ڕووخێنێ. جیهان لە ئاو و با پێک هاتووە! دەسا با تۆفان دایڕمێنێ و لافاو بی‌بات. لە با و ئاگر پێک هاتووە یان چەشنی بەفر و باران و پڕیشکەی گڕگان لە ئاسمان بەر بۆتەوە؟ دەبا هەر لەگەڵ ئەوانە بڕوات. منال بیر لەوانە ناکاتەوە. کایە و شەڕە گەڕەک، کات رابووردن لەگەڵ پۆلی هاوەڵان، ئەمە تەواوەتی ژیان و جیهانی منالە. بە تایبەت جیهانی کاتی منالی من و سەردەمای مەدرەسە چوونەکەم. ئێمەی منال لە تەواوەتی سەردەمای منالی دا، ژین و دونیامان زۆر پێ گرینگ بوو، بۆیەش هەر بە گەمە و گاڵتە لەگەڵیا هەستاین و دانیشتین! بۆیەش هەموو کەس و هەموو شتێکمان بە گاڵتە گرت و گەپمان پێ دا! چاکمان کرد، زۆر باشمان کرد. ئەم جەغزە وەیشوومەی ئێمە تێیدا یەخسیر بووین، هەر ئەوەی دێنا. بایەخی هەر ئەوەندە بوو، زۆر بێ بایەخ بوو. ئەم جەغزەی ئێمە بەم چەشنە تێی دا باوە خولێ دەکەین، شیاوی ئەوە نیە خۆی بۆ پەست و زەلیل کەین. دەتۆ خودا لە تەپڵی بێعاری دەن! جووزی پێوەکەن، تێی هەڵدەن، هەر چوار ڕۆژتان دەرفەت و دەرەتانە! لە دووای ئەم چوار ڕۆژەی منالی ئیدی نۆرە و کەشەی ژیان و جیهانە تۆڵە لە ئێوە بکاتەوە. وەک دۆڵپا سواری بۆقەتەی ملتان بێ، چەشنی مۆتە چۆک بداتە سەر سنگتان. بێتە نەهات و دەرکتان

پێ بگرێ. جا لەو مەرگەساتەدا چیتان خواردووە؟ نان و چۆنەر! دەسا دەتان رشێنێتەوە، تاکوو تەنانەت ئەو شیرەی لە مەمکی دایک مژیوتانە وەک ژەک بی هێننەوە.

دەبرا پێم بڵێ: بەسسە! وەندەی لە سەر مەڕۆ. کورد کوتەنی: «زۆر کوتن، قورئان خۆشە». با بێینەوە سەر قسەکەی خۆمان. باسی ئەوەمان دەکرد: «لە مەدرەسە هاتینە دەرێ یان وەدەریان ناین؟» ئەوە دەرکی قوتابخانە نەبوو لە ئێمە و لە سەرمان داخرا، دەرکی شادی و خۆشی، دەرکی ژین و ژیان، سەرخۆشی و دڵخۆشی، گەشە و نەشە، قاقا و پێکەنین، ئاوات و هیوا و تاسەو دەرکی ئەوین بوو وا لە سەر ئێمە داخرا. ئاخ لە دڵی من و ئەم دڵە کوتەی بۆ ئەو رۆژانە! ئاخ.

ئەو سەردەمە رەشەبای نامرادی هەڵی‌کردێ. رەشەبای نەهات بە تەپ و تۆز و خاک و خۆڵ و زیخ و رمڵەوە هەڵی کردێ. ئەم تەپ و تۆز وخاک و خۆڵە لە روخسارمان نیشت، لە چاومان رۆچوو. ئێمەش کەوتینە نێو ئەم گێژەلووکە و نەهات و رەشەبا و تۆفانەوە. گێژەڵووکە تێمان هالاّ. بە دەورو بەرماندا خولاوە، سووڕاوە. مەترسی هاویشتە دڵمانەوە. شیر و تیری لێ کێشاین. نەهات و رەشەبا و گێژەڵووکە تێمان هالاّ و لە سەر و گوێلاک و لیباس و نێو چاوان و روومەتمان رۆهات. بەرە بەرە تێک شکاین و کۆم بووینەوە.

بە کۆمە کۆم رێمان بڕی. مەلی بە نەشەی رەنگی گەشی روخسارمان لە شەقەی باڵی دا و فڕی! ئەو فڕی و ئێمەش رەنگمان پەڕی. چاوی رەشمان کاڵ بۆوە. کز و کەنەفت و لاواز بووین. وشک و چرچ و بێ هێز و بێ تین کەوتین. بێ بزەیەک لە سەر لێو، بێ مەلێکی هیوا لە دلاّ، بۆ باڵ گرتن بەرەو ئاسۆیەکی روون. وەشوێن کار کەوتین و لە کار گەڕاین.

دەمانهەویست کار بکەین، چوونکێ پێیان کوتبووین، «کار جەوهەری بەشەرە»!پێیان کوت‌بووین :«لەشێکی کار نەکا، دەرزێت و کرم تێی ئەدا» بەلام بۆ منالانی چین و توێژی ئێمە کامە کار؟ کوانێ کار؟ دەساکار رای دەکرد و ئێمە بە دوویدا رامان دەکرد، کار خۆی حەشار ئەدا و ئێمە بە شوێنی‌دا دەگەڕاین و تووشی نەدەهاتین!

دەیجا دۆش داماین. لە جەغزێکی وەیشوومی رەش و بۆردا پەکر ماین. وەک پاشاوێک پەنگمان خوارد و لە زەریای بێکاری و بێعاری و هەژاری دا نوقم بووین.

من خۆم لە بۆرە تارێکی لێڵ و مژاوی دا پێم لە مەدرەسە بڕایەوە. رەنگە خۆم بەوە دڵخۆشی دابێتەوە. کە زۆرم متالا کردووە، ئیدی لە مەدرەسە چ فیر نابم! رەنگە خۆم لە ماموٚستاکانم پێ زاناتر و بە متالاتر زانی‌بێ! کتێبەکانی مەدرەسەم بێ نێوەڕۆک دەهاتە بەرچاو. چ راست چ درۆ، چتان لێ وەشارم لەسێ چوار ساڵ پێشترەوە رووم کرد بووە خوێندنەوەی ئەدەبی یورووپی هاوخولی خوٚمان. ئەدەب و چیرۆک و رۆمانی رۆژئاوایی سەرنجمیان بەرەو خۆ راکێشابوو. بڵێین سێبەر یان هەتاو؟ بەلام نانا، هەتاو بوو! ئەدەبیاتی یورووپی و هاوچەرخ تیشک و هەتاو و رووناکایی‌یان دابووە سەر تەواوەتی هەست و بیر و ئەندێشم. کورتە چیرۆک و رۆمان و هونەر و فەلسەفە و لێکۆڵینەوەی هونەری و ئەدەبی رۆحمیان بە دیل گرتبوو. رۆژ و شەو خەریکی متالای ئەمانە بووم. هەر ئەوانەش بەرەو دەرکەوتن و دوور کەوتنەوە لە دەرس و مەدرەسە هانیان دام.

جا شتێکی دیکە، بە قەولی هۆنەر: بە هەر بوارێکدا کە بڕۆین، باسی ئەوین خۆشترە، هەر کا باسەکە گەیشتۆتە ئێرە، بۆچ ئاوا نیوە و نیوە چڵ

کوردیکا @kurdica

باسی کەین؟ بۆچ هەموو شتێک نەگێڕمەوە؟ هەستە کاکی خۆم، ماڵەکە و جێگەی کەل و پەلەکە لە خۆم شارەزاتری! تاکوونێ بیر لەوە دەکەمەوە باسەکەت لە کوێوە بۆ دامەزرێنم، توش هەستە و چایەکە دەم کە.

ئیسکان و ژێرپیاڵە بێنە بەردەست. وەدیارە ئەمڕۆ و ئەمشەو شەڕە نەزیلە و گێڕانەوەی بەسەرهاتە! وای دانێین پێویستە یەکدی باشتر بناسین. دەیجا خۆ دەبێ شارەزاییمان بە سەر سەرگورەشتەی یەکتردا هەبێ. چ نەبێ سەودا و مامڵەی ئەزموون دەکەین! بگرە پترمان لە دەست نایە! خۆ کات و ساتمان هێناوەتە ژێر چۆکی خۆمانەوە! گریمان بۆ دانێکیش بێت، زیاتر یان کەمتر ، ئەوەندەش هەر خەنیمەتە. خۆ ئەم رۆژگار و عەیامە خوێڕییە قەت دەرفەتی نەداین ژیان بۆ ماوەیەکیش بێت، بە مەیلی خۆمان رابوێرین. دەسا ئێمەش مەگینا ئاوەها جارجارەیێک تۆڵەی لێ وەکەین. ئاخە دەڵێن: «لە پیران هەوێک، لە لاوان شەوێک» نازانم ئێمە لاوین یان پیر! بەڵام شەو و هەوەکە هەڵکەوتووە. دەیجا ئەگین راوکەرین و... کەرنین بابە قەدرایی یەکتر ناسینێکی کەڵک لێ وەرگرین.

لە کاتی زۆر منالییەوە، قەڵەمبازێک بەسەر تەمەنی مەدرەسەی سەرەتاییدا ئەدەین. بەم قەڵەمبازە خۆمان لە کاتی تازەلاوی و هەڕەتی ئەندێش و هەستی ئەم تەمەنەدا بۆ ناسینی دونیا دەبینین. بایەک دێت، بارانێک دای ئەدا، بوومەلێڵی بەیانێک بە سەردا دێت. جوانوو، بەرخۆڵە و کاریلەی چەند مانگان سەرێک لە تێولە دەبەنە دەرێ. نەرمەبایێک کە دەستێکی دایکانە بە سەر گشت ئەندامیان دا دەکێشێ. لە تێولە دەچنە دەرێ. خوناوکە باران زۆر لە سەرەخۆ لەش و دەست و دەم و چاویان بۆ دەشووات. بوومەلێڵ هەنگاوێک دووان دەکشێتەوە. رووناکاییەکی وەها کە هەموو شتێکی بە جوانی لە باوەشدا دێتە بەر زەین، جیهان دادەگرێ.

ئەم سێ کۆرپە ساوایەی ئێمە ئەم سەرا و سەری شەقامێکی کورت و قوڵە رادەکەن، رادەوەستن، دەسڵەمێنەوە، بە راکردن دەگەڕێنەوە. ئاوڕێک بۆ دوواوە، بۆ ئەم لاولا ئەدەنەوە، هەمیسان بە پرتاو رادەکەن، لە پڕ رادەوەستن. جاروبار لە دار، گوڵ تاشەبەرد، کەلاوە، قەڵاخە دەوە، سەران گوێلک، کەڵ و عەرابە، سەگ، فەرغۆن، قەل و مریشک و کەڵەشێر، تەنانەت لە بەشەرێک نزیک دەبنەوە. لێی دەڕوانن، لێی دەچنە پێشێ. سەروملی و لمۆز دەبەنە پێشتر. بۆنی پێوە دەکەن. بەڵام کارەکە نیوەچڵ دەهێڵنەوە. لە پڕ دەسڵەمێنەوە، رادەکەن بەرەو لایەکی دیکە و شتێکی دیکە.

کۆرپەڵە ساواکانمان لە هەموو شتێک دەڕوانن، چونکێ دەیانەوێ جیهان بناسن. ئەو جیهانەی کە تێی دا دەژین. دەبێ بڵێی ئەم ژیان و جیهان ناسینەیان بۆ چی بێت؟! لەبەر چی دەیان هەوێ سەرەندەری هەموو شتێک بکەن؟ رەنگ بێ هەر لە بەر ئەوەیە کە دەیانهەوێ ئەم چوار دیوارەی کەوا دەبێ تێیدا بژین، باشتر بناسن. تاکوو بەشقەم ئەم چوار پێنج رۆژە ژیانە ساناتر رابوێرن. دەساکەوایە، دەیجا هەرکا بەرخۆڵە و کارژیلە و جوانوویەک ئاوەها لە حەولی ناسینی دەور و بەری خۆیانن، ئەی من؟! منی ئینسان چۆن دەبێ لە ناسینی ژین و ژیان و خۆم و فلان و فیسار خافڵ بم؟ هەر ئەوەیە کە منیش باسی خودی خۆمت بۆ دەکەم. ئەرێ کاکی خۆم منیش دەمهەویست بزانم و بناسم. لە تەواوەتی تەمەنی خۆمدا، دایم و دەرهەم و هەموو دەقەیێک هەر لە چوارەندەوری خۆم رووانیوە، زۆر بە سەرنجەوە لە هەموو شتێکم رووانیوە. هەموو دەشت و دۆڵ و شار و دێ و جادە و شەقام و گەڕەک و کۆڵان و چۆم و دارستان و باخ و بەشەر و خانووبەرە و بوونەوەر و دیمەنێک بۆ من دایمە تازە بوو. هەمیشە لە پاش

سەرنجدان و روانین و تێفکرین و دینی شتێک، دیسان جاری دووایی بە سەرنجەوە تەمەشام کردووە. وەها بە سەیر و سەر سوڕمانەوە سەرنجم داوە، دەڵێی هەوەڵ جارە دەیبینم. لە لای خۆم هەمیشە وام داناوە کە هەموو شتێ دایم و دەرهەم هەر لە ئاڵ و گۆڕ دایە. هەر لە بەر ئەمە دەبێ جار لە جار پتر و بە سەرنجتر لێی بڕوانی. بەڵام ئەم گشتە روانین و سەرنجدانەم بۆ چ بوو؟

لە لای خودا ون نیە، لە تۆشی ناشارمەوە، هەر بۆ وەم دەویست، جیهان و مانا و جەوهەری جیهان باشتر بناسم. ئەو جیهانەی وا لە جەغری نەحسی دا دیل و یەخسیرم. بەڵکەم سەردەمایەکی دیکە، ئەم عەیامە یان رۆژگارێکی دی، لەم جیهان و ژیانەدا، یان لە جیهان و ژیانێکی دیکەدا ساناتر عەمر و جیهان رابوێرم.

بەڵێ خاڵی خۆم. ئەدی مامەگیان. لەگەڵ تۆمە مام میرزا، گوێت لێمە یان نا؟ دەڵێی نوقمی بیرەوەری و بیر کردنەوەی؟! تۆ، ئەرێ لەگەڵ خۆتمە. ئەتۆ چۆنی بۆ دەچی؟ ئەم چایە رەش و تاڵەش بخۆرەوە. هانێ دوو سێ مژ لەم جگەرەیەی من دە با بێیەوە سەرخۆ. پۆلی یەکەمی ناوەندیم دەخوێند. یانی مێرمناڵێکی چاردەساڵان. لە ناخمدا لە جیهانی شانامە و گوڵستان و خەمسەی نیزامی و گۆرانیەکانی رەسەن و فۆلکلۆری‌داگەشت و سەیرانم بوو. رۆژێک لە رۆژان لە سەر کورسی‌یەکی بەر دووکانی بابم دانیشتبووم. چاوم لێ بوو پەڕە قاقەزی گۆوارێک لە نێو قاناوی بێ ئاوی بەر دووکاندا هەر مەشقە مەشق و هات و چۆی بوو. کە جوانم سەرنج دایە، هەر چوار گوێچکە بیچکۆلانەکانی بە دەست نەرمە بایەکەوە بوو. نەرمەباکە وەک ئەوەی گاڵتەی پێ بکات، ملکێش ملکێش پەڕە کاغەزەکەی لەم سەر بۆو سەر و لەوسەر بۆم سەری قاناو دەبرد و هەمیسان دەی‌هێناوە. زورم

بەزەیی بە قاقەزەکە داهات! لە دڵی خۆمدا کوتم: دا تۆ خودا با ئەم کاغەزە بێ ئەنوایە لە دەس ئەم بایە بێ رەحمە رزگار کەم. هەستام و چوومە نێو قاناوەکە. هەرکاگەیشتمە سەری، خوار بوومەوە، دەستم برد و پەڕە قاقەزم بە دوو قامک گرت و راست بوومەوە. گەڕامەوە سەر کورسی یەکە و دانیشتمەوە. لە پەڕە کاغەزەکەم رووانی. لە سووچێکی سەرەوەیدا کورتە چیرۆکێک نووسرابوو. لە پاشان لەبەر و پشتی کاغەزەکەدا چیرۆک درێژەی پێ درابوو. نە جارێک و نە دووان، باوەڕ دەکەن ئەو چیرۆکەم پتر لە دە کەڕەت خوێندوەوە. باسی راوەستان و راپەڕینی خەڵقی جەزایری دژ بە فەرەنسی یەکان دەکرد. زۆرم پێ خۆش بوو. نێوی گۆوارەکە لە ژێر لاپەڕەکەدا نووسرابوو. هەستام و رۆیشتم بۆ دووکانی کابرای نوێنەری فرۆشی ئەو گۆڤارە. داوای ژمارەیەک لە گۆڤارەکەم کرد. بەڵام وەندەی چاوم بە لاپەڕەکانی گۆواردا خشاند، بۆم دەرکەوت ئەم چیرۆکەی تێدا نیە!

لە کابرای نوێنەری فرۆشم پرسیار کرد، وەڵامی داوە: «ئەوەی تۆ باسی دەکەی پێرار تێیدا بووا دوو ساڵ دەبێ ئەم رۆمانە لەم گۆوارەدا تەواو بووە»

نێونیشانی چیرۆکەکە ئەمە بوو: «قارەمانی سەحرا، نووسەر: بارام ئەفرەهی» ئەم نێونیشانە لە زەینمدا ماو ماو ما. پەڕە قاقەزەکەشم هەڵگرت بووا لە زۆر کاتی وەڕەزی یان سەرخۆشی دا دەمخوێندەوە. هەروەها لەو رۆژەوە گۆوارەکەشم دەکڕی و دەمخوێندەوە.

زۆر ئۆگری چیرۆک و کورتە چیرۆکی نوێ ببووم. ساڵێک دووان بە سەر ئەم قسە و باسەدا هات. رۆژێک دەچووم بۆ مەدرەسە. لە پێیانە رێی راستە شەقامی شاردا کتێبە کۆنیان دانابوو بۆ فرۆش. چاوێکم پێدا خشاندن. لە پڕ هەستم کرد لە سووچێکی دوورە چاو ڕا، کتێبێکی باخەڵی

نیوداشت چاوم لێ دەترووکێنێ! جووانتر زەینم دایە. ئەی هاوار و داد، ئەی دڵی خافڵ! خۆ ئەوە برا شیرن و خۆشەویستە ون بووەکەی خۆمە، خۆ ئەمە کتێبی قارەمانی سەحرایە. کتێبەکەم کڕی و بە خوێندنەوە بەرەو مەدرەسە وەڕێ کەوتم. هەر کا گەیشتمە مەدرەسەش، لە حەساری مەدرەسەش هەر خوێندمەوە، خوێندمەوە و خوێندمەوە، تاکوونێ زەنگی کەلاس چوون لێ درا. چیرۆک وا شوێنی بە سەر هەستمدا کردبوو، نەمدەتوانی بڕۆمە کەلاس و گوێ بدەمە دەرس و مامۆستا. فیکرێک بە زەینمدا هات. چوومە لای نازمی مەدرەسە و پێم کوت سەرم زۆر دێشێ! توانای کەلاس چوونم نیە! بەم فێڵە ئیزنی ڕۆیشتنە دەر لە مەدرەسەم وەرگرت. لە مەدرەسەوە بەرەو سەر چۆم و نێو دارستانی قەراخ شار وەڕێ کەوتم. لە ڕۆخی چۆمەکە، لە ژێر سێبەری دار چنارێکدا دانیشتم.

جا وەرە بێ خەم و خەیاڵ بیخوێنەوە. نیشان بەو نیشانەی تا کوونێ کتێبەکەم تەواو نەکرد، بەرەو شار نەگەڕامەوە. لە کاتی زەردەی خۆرئاوا تی‌پەڕ ببوو.

لە دەمەو تاریکی بانگی شێوان دا بەرەو شار دەگەڕامەوە. دەیان دۆستی تازە، بەڵام بۆ تازە؟ دەیان و پتر دۆستی تازە و کۆنە شان بە شانم دەهاتن! لەگەڵم دەدوان. بەرەو دونیایەکی تازەیان هان ئەدام. بەڵام دونیایەک؟ نانانا، بەرەو چەند دونیای تازەیان هان ئەدام: دونیای کتێب، ڕۆمان، چیرۆک. دونیای ڕاوەستان دژ بە زاڵم. دونیای لە خۆ بوردن، خۆشەویستی وڵات، خەڵک، سەربەخۆیی، برایەتی و بەرانبەری. لە شەقامی شاردا دەگەمە هاوەڵانم. ڕاوەستان و دەست و مشتاق. دەرهێنانی کتێبەکە و باسی ئەم چیرۆکە.

لەمەوبەریش باسی لاپەڕەکەم بۆ کردبوون. لە سەر ڕۆیشتن و

پرۆپاگەندە بۆ ئەوەی بی‌خوێننەوە. هەوەڵ کەس مەجیدی هاوەڵم لێم وەردەگری. دەیخوێنێتەوە. ئەویش ئۆگری دەبێت. لەوە بە دوا خوێندنەوەی رۆمانە گەورەکانی کەلاسیکی یورووپی و رۆژئاوایی. خوێندنەوەی سەرجەمی کتێبەکانی ئەدەبی هاوچەرخی ولاتی خۆمان. دیوناس بوون لەگەڵ ویکتۆر هۆگۆ، دەستایوفسکی، تالستۆی، کامۆ، کافکا، بالزاک، هەمینگوەی، خانی، گۆران، هەژار، هێمن، شاملوو، هیدایەت و سەدان و پتر نووسەر و هونەر دەستی پێ کرد. کتێب خوێندنەوە، موتالای هونەر و فەلسەفە و ئەدەبیاتی جیهان، ناخ و مۆخ و دڵ و دەروونمی گۆڕی. هاوەڵەکانیشم وەک منیان بە سەر هات.

لەوە بە دووا باس و خواسمان گۆڕدرا. ئاخ سەردەمای تازەلاوی، ئاخ ئەو ساڵانەی کە چەشنی مەلێکی هەزار رەنگ و وێنە و نەخش وابوون، چەنێ جووان و چەنێ خۆش بوون. چەنێکیش بە پەلە پەل و هەڵەداوان راتان کرد و رۆیشتن. ئاخ ئەگین ژین و ژیان مانایەکی بێت! ئەگین دەمدەمان و عەیامێک جووان و خۆش و شیرن بێت! هەر ئەو سەردەمە بوو، هەر ئەو سەردەمە. لەو سەردەمایە دا لە ولاتی ئێمە جەک لەندن نووسەرێکی بە نێوبانگ و خۆشەویست بوو. کتێبەکانی لە نێو کتێب خوێن دا برەوی زۆری بوو. رەنگە ئێوەش وەک من کتێبی «دزانی کەنداو» ی ئەم نووسەرەتان خوێندبێتەوە. تۆ خودا ئێوەش وەک من سەرنجتان لە روحی تەسرەوتوو و زامدار و شۆرشیی «جەو» پاڵەوانی ئەم چیرۆکە داوە! نازانم ئەم کوڕە لاوە چەندێک بۆ ئێوە گرینگ و ئەوتۆ و شیاوی سەرنج دان بووبێت، بەلام لەو عەیامەدا، ئەو رۆحە بێ قەرارە تەواوەتی دەر و ژووری ژیانی منی هاویشتە ژێر تیشکی خۆیەوە. منیش لێم بووە تاسە و ئاوات تاکوونێ وەک جەو گەشت و ئەزموونێکی ئاوەها بکەم! «جەو» جووت و ئاواڵە دووانەیە

بوو کە لێم ون ببوو بە دووی دا دەگەڕام. منیش وەک ئەو لە دەرس و مەدرەسە بێزار بووم. لە دوویات بوونەوەی هەموو ڕۆژ و شەوەکانی یەک چەشنە خەریک بوو فججەم دەکرد. ئێستاکەش دەنگی بانگەوازی ئەو فیلەسووفەی کە ڕۆحی شۆڕشی و نەترس و تاقی کەرەوەی ئینسانی هەڵدەکێشا و گەڕان و دیتن و تاقیکاری و ناسینی چیا و زەریا و دارستان و ئینسان و زەوی و زەمان و هەموو شتێکی تازەی پێشنیار دەکرد، لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. لە تەواوی مدەی عەمرم دا ئاواتەخواز و تامەزرۆی ئەوە بووم بتوانم سەردەمایێک لە یار و دیار ڕاکەم و گەشتێکی دوور و درێژ بە نێو ئینسان و زەوی و زەماندا بکەم. ماسی ڕەشی بیچکۆڵەی «بێهرەنگ»یشم خوێندبۆوە. ئەویش بەرەو ئەم ئەزموونەی هان ئەدام. پارچە هەڵبەستەکەی «ئەخەوان»یش بە نێوی «چاووشی» ئاگر و بڵێسەی ئەم ئاگرەی هان ئەدا و خۆشتری دەکرد. بێ نێوەرۆکی کتێب و بێ متالآیی و بێ سەوادی مامۆستاکانی مەدرەسە، بێ تام و بۆن و بەرامەی ڕۆژەکانی لە چەشنی یەکتری ژیان، ئەوینی ئاگرین بۆ خوێندنەوە و نووسین و دەیان تاسەی نەخشین و ڕەنگاورەنگی دیکە بوونە هۆی ئەوەی ناخ و ڕۆح و مۆخی لە کوڵ و لە جۆش و خورۆشم بتەقێتەوە. تەقینەوەی گڕکانی دەروونم لە ئاخری پۆلی سێی ناوەندی بەسەر داهات. لە گەڵکوو کارنامەی سێهەمی ناوەندیم وەرگرت، هەر تک لاقم کردە لنگە کەوشێکەوە: ئیللان و بیللان نەم خوێندووە و ناخوێنم. پێم وابوو چوونە دەر لە مەدرەسە و چوونە نێو کۆمەڵ ئاواتەکانم وەدی دەهێنێ!

بەڵام پێم وابوو! بۆ خۆم پیمّ وابوو. دەبوو ڕام کردبایە. ڕاکردن بۆ وەدەست هێنانی کار. دەسا ڕام کرد: ڕاکە کوڕە بۆو بەندە گەورەی لە سەر چۆمەکەی ڕۆژهەڵاتی شار هەڵی دەبەستن. ڕاکە لاوو بۆو شاخانەی دەور

و بەری شار، لەوێ بەرد کۆ دەکەنەوە بۆ هەڵبەستنی یەک دووپرد، راکە خاڵە بۆ دەفتەری کاربەدەست و مەهەندیسی ئەو جادەیەی لە نێوان شارەکاندا قیلەتاو دەکرێ. راکە دەی..... مەوێستە، راکە. دەیجا راکردن.کار سەندن و ئیش کردن. لەگەڵ کۆمەڵەی کرێکاری تازە. تێکەڵ بوون و هام و شۆ لەگەڵ خەڵکی ئاسایی . دۆستایەتی پێک هێنان لەگەڵیاندا. چوونە نێو مۆخ و ناخ و چلۆنایەتی ژین و زەین و بیر و باوەڕیانەوە. هۆی کاکە، رۆڵە، خاڵە لە بیرتی نەکەی نووسەری! رووناکبیری، لایەنگری ئەم چین و توێژەی وا تازە لەگەڵیاندا برایەتیت پێک هێناوە. لە بیرت بێ دەتەوێ ببیە نووسەر! پەروەردەی ئەدەب و هونەری بەرپرسیاری. جاکەوایە موتاڵایان کە. بیانناسە، جیهان و ژیانیان بناسە. شتیان لێوە فێر بە و شتیان فێرکە. کتێب و گۆوار و نووسراوەکانی خۆتیان بۆ وەخوێنە. ئەگین دیتت دەردەدارن هاودەردییان لەگەڵ بکە. ئەگین لە شادیت دا دیتن، لەگەڵیان خۆش بە. لەکەند و کۆسپیاندا بەشدار و لە شادییاندا شاد بە.

ئەگین دیتت زوڵمیان لێ دەکەن، لەسەریان وەجواب وەرە، هەرکا دیتت فێڵیان لێ دەکەن و دەیانهەوێ بیان خەڵەتێنن، ئاگەداریان کە، وەخۆیان بێنەوە.

ئەم ئاکارانە بە چەشنێکی کاڵ و نەکوڵیو، بەلەونێکی منالانە دەبنە هۆی ئەوەی لەم کار و ئەو ئیش، لەم شیرکەت و لەو کارگە وەدەرت نێن. بە خۆت دەڵێی: دووسێ مانگت ئیش کردووە، جارێ بەستە! بڕۆ ساڵێک یەلخی بسووڕێوە، بخوێنەوە، بنووسە. لە پاش ماوەیەکی دی دیسانەکە وەدووی کار دەکەوی. پووڵت لێ بڕاوە. دەڵێن لە دووخانیەی شار تەلیسە تووتن دادەگرنەوە، راکە کار بگرە و ئیش بکە دەڵێن لە مەزرای دێهات بۆ نۆک رنین کرێکاریان دەوێ، راکە ئەزموونێکی تازەیە! راکە،

کاکە، رۆڵە، خاڵە راکە دەی. دەبێ بەرەنگاری دار و بەرد و شاخ و شار و شەقام بی. لە سەرما و سەخڵەت دا، لە ژێر بارانە و لەنگێزە و بەفر و کرێوەدا، لە گەرما و ئاگر بارانی هاویندا، دەبێ بیکێشی! ئاخە تۆ دوو حەوجێت بە کارکردنە. حەوجێی پارە و حەوجێی ئەزموون.

دەست لە دەست و قەوەت لە دڵ، پیاوانە بەرەنگاری دەبی، شانی وەبەر ئەدەی. لە ژێر ئاگربارانی سوورەتاوی هاویندا لە شاخەکان کوتک هەڵدەسوورێنی، بەرد دەهاڕی، شاخ دەڕمێنی. بەسەر هەمووی ئەم تەنگ و چەڵەمە و دژواریانەدا شادی. شاد بەوەی کار دەکەی. لەگەڵ هاوەڵانت، لەتەک کرێکاراندا. بەڵام ماوەی ئەم ئیش و کارانە کەمن، عەمریان کورتە. زۆر زووت وەدەر دەنێن. دیسانەکەش هەشاوڵ بۆ خوێندن و نووسین. قسە و باس لەگەڵ هەر کەسێک دەستت بیگاتێ. لە بیرت نەچێ نووسەری! رووناکبیری . دەسا دەبێ بنووسی، موتالاکەی، بەڵام خوێندن و نووسینی بە ئەرخەیانی، بە قەولی باوکی «دەوڵەت ئابادی» ( بۆ کەسێک دەبێ کە میراتی‌یەکی بێ بڕا بێت!)

خۆ تۆ چ میراتی‌یەکت پێ نەبڕاوە. جگە لە مەینەت و نەداری و نەهاتی پشتاو پشتی چین و توێژ و بنەماڵەکەت دەیجا دەبێ بە شوێن کاردا بڕۆی، وەدووای کار کەوی، بە پێ و شوێنی کاردا بگەڕێی. زۆربەی عەیامی ساڵیش دەبێ بێکار و دەستەوەستان بی. لە لایەکی دیکەوە ناتووانی کتێبی دڵخواز و پێویستی خۆت بکڕی، پووڵ و پارەیت نیە. دەرفەتی بە ئەرخەیانیت بۆ خوێندن و نووسین نیە. هەروەها تاک و تەنیا مابوویەوە. لە هاوەڵان و دۆستانی عەیامی قوتابی دابڕابووی. پایز و زستان بەسەردا دەهات. شیرکەت و کار و ئیش دەخەوت. بێکار، بێ پووڵ، بێ هاوەڵ و هاودەم. رۆژ بە رۆژ دەشکایەوە، دەتوایەوە. لە خۆتدا پێشت

دەخوارد. سێبەری خەم و خەفەت لە روخسارت دەنیشت. لاوی نەدیدە و جەحێڵی نەکردە پیر دەبووی. نەورۆزا و نەورۆز،ساڵە و ساڵ وچانی دووجار هەوار و گەڕان و گەشتی دڵخوازت نەبوو. بە سەر هەمووی ئەوانەشدا تانووت و تۆپ و تەشەری ئەم و ئەو سەرکوتی دەکردی. پێیان کارنەکەر بووی! نان خەسار و حەیفەنان بووی. تۆش لە داخان وەرهەمت هەڵدەهێنا! دیق و فججەت دەکرد. سەگ لە وەزیعەتت دەڕیا.

تەنیا، تەنیا، نەک تەنیا بە تەنێ، تەنیا لە کۆمەڵ و لەگەڵ خەڵک. لە ماڵی خۆشتدا تەنیا کەوتبوویەوە! هەستی نامۆیی و غەریبیت دەکرد. رووت دەکردە باخ و بێشە و دارستان و چۆل و هەرد و کەژ و شاخ و کۆسارەکان. رووت دەکردە باوەشی سوروشت.

لە تەنیایی و بێدەنگی خۆت و سوروشتدا دەچوویە ماڵی بیر و خەیاڵ و بیرەوەری‌یەوە! بیر کردنەوە لە هەموو شتێک و هەموو کەسێک. بە تەنێ لە تەنیایی خۆتا بیرت لە تەنیایی ئینسان لە وەرز و سەدەی ئینسان و ئاسن دەکردەوە. بە کۆڵانەکانی بیرەوەری و بیرکردنەوەدا دەڕۆیشتێ خوارێ. بڕۆ فیکر و زیکرەوە! بڕوانە، بدینە، گوێ هەڵخە. ببیسە، وە زبان وەرە، هاوارکە، بنەڕێنە، بگوڕێنە. بپاڕێوە، بلاڵێوە، بەلام لە قوولایی بیرێکدا! لە بن بیرەکەدا کەڕاکەی سەر و نێو چاوانت بە دیوارە بەردینەی بیرەکەدا دە. لە چۆکت دە، لە نێو چاوانت راکێشە. هەمیسان دۆش داماو، واق وڕماو، پەکر دەمێنی، پەنگ دەخۆی. پیش دەخۆیتەوە، دەتوێی‌تەوە. ئەم وەزیعەتە بۆ دایم و دەرهەم لەگەڵتا دەمێنێ. بۆیە لە هەوەڵی قسەکانتدا: هاتنە دەرێ لە مەدرەسە، چوونە دەر لە ژیان و شادی و خۆشی بوو! بۆیە کوتت: ئەوە دەرکی مەدرەسە نەبوو لە سەرم داخرا، ئەوە دەرکی ژین و ژیان و ژیوار بوو! مەدرەسە لە ژینی ئێمە مانان دا خەوتێکە کە زۆر کەم

خایەنە، زۆر زوو تێدەپەڕێ و تا کوونێ تێپەڕیش نەبێ نازانین خەونێکی چەندە خۆش بوو!

* * *

لە هەتەرەی چاوم دایە. بەرەو من دێت و منیش بەرەو ئەو دەچم. بزەی سمێڵی دێت. رەنگی روخساری گەش بۆتەوە. هەروا کە لێک نێزیک دەبینەوە، دەی‌بینم لێوەکانی دەجوولێتەوە. وە دیارە لە ژێر لێو ڕا شتێک دەڵێ. مەلی شادی و خۆشی لە چاوەکان و کوڵمە و گشت سەر و گوێلاکی نیشتووە. دەگەینە حاندی یەک. سەر و ملم دەبەمە پێشتر . لووتمان بە لووتی یەکدی‌یەوە دەنووسێ! ئاوێنەکە ناهێڵێ لەوە زیاتر بڕۆمە بەرەوە! لە رووانگەی یەکدا راوێستاوین، پێی دەڵێم: حاڵ و ئەحواڵ یۆڵداش. لەوە دەچێ کەیفت قنج بێ؟ زۆر بە دەماخی. کابرای کورد، وتەنی: « بە کلکت گوێز دەشکێنی» چ بووە؟ دا بۆم باس کە، چ قەوماوە! لەم دیدارە هەستی رەزامەندی دەکەی! پاشەوپاش دەکشێمەوە. لە سەر زیلۆکە دادەنیشم. بەڵام نابێ دانیشم. کات درەنگانە. پێم وانیە لەم ساتەدا، لەم درگەیەدا بێجگە لە من کەس بە خەبەر بێت! منیش بنووم باشترە. جێ خەویش تەیارە. ئاخە جێ خەوی چی؟ خۆ پێخەوی ناوێت. سەرینێک لە ژێر سەرو تۆڕێک یان پەڕۆیەکی تەنک بە خۆت دادە، تەواو بوو.

درێژ دەبم و سەر دەنێمە سەر سەرین. ئەوا تۆڕەکەشم بە سەر خۆمدا کێشا. ئەمجارە نۆرەی ئەوەیە ژمارە بژمێرم. دەبێ دەست بکەم بە ژمارە بژاردنێکی بێ بڕانەوە. لەسفرەوە بۆ یەک. لە یەکەوە تاکوونێ سەد.... تاکوونێ هەزار. جارێکی دیکە لە سەرڕا. لە یەکەوە تا سەد، تا هەزار، تا.... چەندە بووم؟ نازانم! بەڵام کارم چیە! بە من چی تاکوو چەندە؟ ژمارە هاویشتن و بژاردن خۆ بەردکێشان نیە. هەر دەبژێرم.... دەژمێرم... دەبژێرم.... رۆژێکی سەیرە. بەیانە. فێنکایی بەیان. لەو فێنکاییانەی لەم جزیرەدا بە هەڵکەوت دەیبینی. بەر قەندە دەکەم و لە ماڵ دەر دەکەوم. خۆبە ماڵی هاوڕێی دۆست و دراوسێم دادەکەم. هاوڕێی کوڕی خولە ماسیگرە بە زۆر دامدەنیشێنن. چاییم لە بەر دەم دادەنێن.

لەگەڵ دایکیان ئەدوێم. پرسیاری لێ دەکەم بۆ چی نێوت «مرواری»یە؟ ئەم نێوە لە وڵاتی ئێمە کەمە. بگرە هەر نەبێ.

وڵاتی من وڵاتی ئاو و زەریا و سەدەف و مرواریە. خولە دەیکوت من مرواری نێو زەریام و ئەو منی لە ژێر ئاوی زەریا هێناوەتە دەرێ. خوالێخۆشبوو راستی دەگوت.

لەسەر ئاوی زەریا گرتمی . نازانم بە تۆڕ بوو؟ بە قولاپ بوو؟ یان بە مەلێ؟!

باش لە بیرمە، دەڵێی دوێنێ بوو. لەگەڵ دایک و خوشک چووبووینە رەخی زەریا بۆ سەیاحەت و سەیران. سەیری ئەو ماسیگرانەمان دەکرد وا لە نێزیکانی لێوارە خەریکی راوەماسی بوون. لە پاش سێ چووار چەلان دیتن و دوواندنی رەحمەتی، رۆژێک لە نەکاو تەمەشام کرد، لە لۆتکەکەی دا دانیشتووم و لەگەڵی قسان دەکەم. نازانم بە چی دڵی نەرم کردم؟ بە زبان؟ بە نێوبانگی کاسب کاری و لە سەرەخۆیی؟ بە تۆڕ و قولاپ و لۆتکە؟

نازانم. بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بوو. ئەوا نێزیک سێ مانگیش لەم نەهاتە تێپەڕیوە. بەڵام هیچ بڕوا ناکەم ماسیگرەکەم ئیدی نەیەتەوە. هەر چاوەڕێم رۆژێک لە کات و ساتی گەڕانەوەی جارانی دا بە دەستی پڕەوە بێتەوە. دەک کوێر بم. دایم و دەرهەم لە بەر چاومە. کوێراییم دایە بۆ تۆ. فرمێسک هەڵدەوەرێنێ. بەینێک مات دەبێ. بەینەو دووا دێتەوە قسە:

هاوڕێ زۆرت باس دەکات. جیرانەکان باسی پیاو خاسیت دەکەن. من بە دایکی خۆت بزانە. هاوڕێ و جاسم کوڕێک، تۆش کوڕێک، غەریبی مەکە. ئێرە بە ماڵی خۆت بزانە. هام و شۆ بکە. لیباسەکانت بێنە خۆم لەگەڵ لیباسی کوڕەکان دەیانشۆم.

لەگەڵ هاوڕێ و جاسم لە ماڵ دەردەکەوین. دەڕۆینە سەر زەریا. زەریا ئەهوەن و مەند و لە سەرەخۆیە. رۆخی زەریا قەراخە و قەراخ کەف گرتوویە. وا دیارە دوێشەو زەریا لە جۆش و تۆفانی بووە. بۆیە ئێستاکە وەندە ماندوو و ئارامە. سەرانسەری سنگی زەریا لە بەر پوولەکەی زەرد و سپی و زێڕ و زێو ورشە ورشی دێ. ورشەی زێڕ و زێو ئاو لە چاو دەستێنێ. سواری گەمیەکەی خۆیان دەبین و بەرەو دڵی زەریا رێ دەکەوین. نزیک شەش مانگ لەم دڕگەیەدا بێکاریم کێشاوە. یانی هەر بێکار بێکاریش نا. هەر دوو سێ رۆژ کار و حەوتوویەک بێکاری. ئەوا چەند رۆژێکە لەگەڵ هاوڕێ و جاسم کار دەکەم. دەزانم دڵیان نایە کارێکی وام پێ بکەن، ماندووم ناکەن. هەر ئاوا بێت ناتوانم لەگەڵیان هەڵ بکەم! ناتوانم قەبووڵی کەم بەخێوم کەن. عەجەم دەڵێن: «حیساب حیساب کاکا برادەر». لە لای خۆشمان کوتوویانە: «برایی‌مان برایی، کیسەمان جیایی». لە نەکاو رادەچڵەکم و لە وەنەوز دێمە دەرێ! بیرەوەری ئەمڕۆ بوو کە وەک فیلمی سینەما بە خەیاڵات و بەرچاومدا هات و چۆی دەکرد. نەخێر لەوە دەچێ،

ئەمشەویش لە سەر زۆر شەوانی دی بێت! کۆتری خەو لە شەقەی باڵی دا و فڕی. دەبێ هەستم. چایی ساز کەمەوە. جگەرەیەک داگیرسێنم. جا لە دووایی‌دا با بزانم چۆنی رادەبوێرم؟ بە وڕێنە و بیرەوەری، بە موتالاَ یان بە نووسین. لە مەوەبەر باسی چ بوو؟ کار، گەمی، مرواری خانم. ها؟ ناتا. هەقم نیە بڵێم مرواری خانم. دایە مرواری خۆشترە. ئێمە تازە دایک و کوڕین. هەوەڵ جار بوو لە ماڵە خۆیان و بە گفت و گۆ دەمدیت. لەو ژنانەیە وا هەموو کەس بۆنی دایکی خۆی پێوە دەنێ. حەوتوویەک لە پاش مردنی مێردەکەی وەک پیاوان قۆڵی هەڵماڵی و لەگەڵ کوڕەکانی دا بۆ راوەماسی رووی کردە سەر گەمی و زەریا. چووار پێنج مانگی رەبەق لەگەڵیان هەڵسووڕا. تاکوونێ هاوڕێ قەبووڵی نەکرد. بەڵکەم غیرەتی هەڵی نەگرت دایکی بەم سونحەوە لە سەر زەریا و گەمی ئیش بکات.

ئەمڕۆ راومان نەکرد. زۆریش نەماینەوە. دوێنێ درەنگان گەڕابووینەوە. بەڵام گەشتی سەر گەمی، ئەویش لە فێنکایی بەیاندا پیری هەشتا ساڵان جەحێڵ دەکاتەوە. ئەمڕۆ لە پاش گەشتێکی قوڵە گەڕاینەوە. گەمیەکەمان شوشت و وەدووی قەرز و فەرز و حیساو کتاوی ئەم چەند رۆژە کەوتین. دوو سێ شەقام و مەیدان. چایخانەیەک. لادانە لای چەند وردە فرۆش. ئەمەتا نیوەڕۆ بوو. پاش نیوەڕۆ لەو رۆژانە بوو! لە ئاسمان و زەریا و وشکانیەوە ئاگر دەباری. بڵێسەی ئاگر سوور سوور دەهات و تێت دەهاڵاَ. بەچکە قربۆق لە ئازای لەشتەوە هەڵدەقوڵی. بە مۆغەرەی پشتت دا بە مەشق و رێژە سەرەو خوار دەبوو. لە ژووری دا، لە سەر تەختی عەرزی راکشابووم. ببوومە بانگردێن. تلم دەخوارد و بە تلارۆکی ئەم سەرا و سەری ژوورەکەم دەکرد! بەڵام با بەدزیەوە شتێک بڵێم: کەمۆکێ بەم وەزیعەتە راهاتووم. بە قەدرایی هەوەڵێی لێ وەڕەز نیم. پاش نیوەڕۆ چوار

کوڕە لاوی ئێرەیی هاتبوونە دیدەنیم. خوێندکاری زانکۆن. لەوەتا زانیویانە لەم گراوەدا شار بەدەرم، یەک یەک و دوو دوو بە دیاری و شیرنی‌یەوە دێن بۆ لام.

پێ‌یان وایە لەم قیسنەدا چ وەجاخزادە و شێخ و پیرێک مەزلی گرتووە. بەڵام زیاتر دەست بەتاڵ دەگەڕێنەوە! هەر کا دەبینن خەریکی سیاسەت گێڕان نیم، بەڵکەم لە نووسین و خوێندنەوە بەدەر چ دی ناکەم، زۆریان پێ سەیر و ناخۆشە؟

ناسیاوە شاربەدەرەکەشم هاتبوو. پێکەوەمان نیوەرۆژ خوارد. ساردی‌مان هەڵقوڕاند و جگەرەمان کێشا. قسەمان لەم لاولا کرد. هێشتێ نامۆیی نێوانمان بە گشتی تێک نەرووخاوە.

خۆی دەڵێ نێوی زاگرۆسە. پاش بڕێک قسە و باس و بە بادانی سێ چوار جگەرە غوربەت گرتی. هەستاو رۆیشت. چەندە تکام کرد و پاڕامەوە. نەماوە. ئەمە چوارەم‌یان پێنجەم چاوپێک کەوتنمان بوو. عەسر درەنگان خولێک بە نێو شاردا سووڕامەوە. چوومە دیتنی حاجی رەززاز.

سەردانێکی میرزای چاپچیشم کرد. سەعاتێک، بگرە سەعات و نیوێکی رۆژ مابوو هەوای چاو پێکەوتنی خاڵۆ لە کەللەی دام. چوومە خێڵاتەکە. خاڵۆ نەبوو. چوو بووە شار. کابرایەکی دراوسێی زۆر پیاوانە هاتە پێشێ و خولکی خێوەتی خۆی کردم. ئێرەش کەلاوەی خۆتە،ماڵی خاڵۆیە فەرموو. قۆڵمی گرت و چووینە سێبەری پشت خێوەتەکەی. ئاوپرژێن کراو بەڕە راخرا. دەزگای ساز بوو. رازاوە و تەباب. زۆریشی کەمانچە بۆ لێدام. نێویشی رەشۆ کەمانچە بوو. دەنگی کەمانچە خۆش بوو، دەست و پەنجەی کەمانچە لێدانی رەشۆ حەشری دەکرد.

دەنگ و هەوای خۆشی کەمانچە دەمباتە خەیاڵات و تێ فکرینەوە:

ئەمە چ نەهێنی یەکە! کابرایەکی دۆمی نەخوێندەوار، دوڕاجی و نەخوێندەوار ئاوەها هەستێک لە ناخیەوە سەرهەڵئەدات، کە خۆی و تۆ و ئەم دار و تەلانە ئاگر تێ‌بەر ئەدات. شاد و سەرخۆشت دەکا، خەمبار و خەفەتبارت دەکات. وەپێکەنین و گریانت دەخات. بەڵام لە هەزاران دیپلۆم و لیسانس و دوکتۆرا یەکیان نە بە چاو، نەبە گوێ و زبان، نە بە دڵ و دەروون و مێشک جوانی نابینن و ناناسن و نابیسن و ناڵێن. کاریان بە جوانی نیە. لە هەست و بیر و تێ‌فکرین و تێ‌ڕامانی جوانی و جوان پەرەستی بێ بەش و بێ بەرین. بەڵام ئاوەها نەخوێندەوارانێک لەم پلە و پایەی جوانی خوڵقاندن و جوان پەرەستی دان ئاخە دەبێ بڵێیێ چ نەهێنی‌یەک بێت؟ چی لە گۆڕێ دایە؟ من چ نازانم ئێوە بڵێن ئەم نەهێنی‌یە چیە؟ دەمەو تاریکان دەم بە گۆرانی بەرەو ماڵۆچکە چۆل و هۆڵەکەم گەڕامەوە. تازە دەگەمە دەرکی حەوشە چەند کەس لە لاوەکێ‌کانی ئێرە، خەڵکی لای خۆمان بە سەرمدا ئەدەن. دێینە ژوورێ. دادەنیشین. کەوڵ رادەخەین. شێوی خۆیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. لە پاش شێوخواردن دەبێتە قسە وباس و هەواڵ گێڕانەوە، گەڕە لاوژە. کورتە چیرۆکێکیان بۆ دەخوێنمەوە. شەو درەنگان ماڵ ئاوایی دەکەن و دەڕۆن. لەم درگەدا لە شیرکەت کار دەکەن. لە پاش ڕۆیشتنەکەیان تەواوەتی ئەمڕۆ دێنمە بەر زەین و تێی دەفکرم.

بڵێی ژیان ئەوەبێ؟ رەنگە بەشی ئێمە لە ئەمڕۆدا هەر ئەوەندە بێت. نە زیاتر، نە خۆشترا بە قەولی خاڵۆ: «کێت خۆش دەوێ بڕۆ بۆ لای. لەگەڵی دانیشە و باس و خواسی خۆتان دامەزرێنن. کوێت پێ خۆشە بچۆ. بی‌بینە، لەوێ هەستە و دانیشە و وەرە و بڕۆ. تێی بڕوانە. بە لووت، بە چاو، بە گوێ، بە زبان. هەستی‌کە، هەڵی قۆڕێنە، هەڵی لووشە. بی‌چێژە، بی‌خۆ، رایموسە، لە ئامێزی بگرە، لە سای دانیشە».

لێ گەڕێ کاتێ هەستت هەڵقوڵی، با هەڵچێ. با هەستت تێکەڵ جیهان بێت. دەبا جیهان بێت و تێکەڵ هەست و بیرت بێ. تێکەڵ بن تێکەڵ. بە لەش و گیان و جەستەو رۆحەوە. دەستی یەک بگرن و پێکەوە هەڵپەڕن. شان بە شانی یەکەوە دەن و بە چۆکدادەن و بە کوڵ بگرین. هەرتکتان لێک بپرسن: ئەوە تۆی بە دەوری مندا دەخولێیەوە یان منم بە دەوری تۆ دا دەسووڕێمەوە؟

لە خۆڕایی بەم درەنگانە چرام هەڵ نەکردووە! دەمەوێ لێت بپرسم: کێ بە دەوری کێ‌دا و چی بە دەوری چی دا باوەخولێ دەکات؟ چایی ساز و تەیارە، جگەرە بەلا لێومەوەیە. رۆژێکی سەیرترە. چەشنی دارە رەزێکی هەستێ و زیاد کات و لک و پۆپی جیهان داگرێ، وەک ئەو دارە رەزەی ئەژدەهاک لە خەودا دیتی لە زگ ماندانای کچی دا روا، شین بوو، زیادی کرد، .وندەی لک و پۆپەکەی جیهانی داگرت. راست ئاوەها هەستێک لە ناخمەوە بڵێسە دەکێشێ. لە فڕین بەرەو سەرێ و هەموو شتێک دایە. هەست دەکەم پان و گەورە و بڵیند و بڵاو بوومەتەوە. جیهان لە ژێر چۆک و ئەژنۆ و باڵم دایە. چ شەوێک؟! چ شەوێکی پڕ لە بیرەوەری و بیر و هەست و ئەندێشە؟ شەوێکی بابەتی گەڕان و تەمەشا کردن و گوێ راگرتن! ئاخ لەم شەوە و لە شەوی شادیی من!

لیباس لەبەر دەکەم. لە ماڵۆچکەی چۆل و هۆل دەردەکەوم. بە کۆڵان دا دەڕۆمە خوار. دنیا لە خەودایە؟ من بێدار. پێم خۆشە ئەمشەو تا بەیان، تاکوو رۆژ دەبێتەوە لە کۆڵانە تەنگەبەر و تاریکەکانی ئەم هەردە جەهەننەمیە دا بێم و بچم. لە شەقامە بۆگەنەکاندا بسووڕێمەوە. گەڕەک بە گەڕەک راوێچکە، کۆڵان بە کۆڵان پیاسە و مەیدان بە مەیدان دانیشتن و روانین و تێ‌فکرین. پێم خۆشە لەم جەغزەدا بیمە مەلێک و بە سەر شاردا

بفڕم. هەڵفڕم و لە هەموو حەسار و ماڵ و هۆدەکان بنواڕم. تامەزرۆی ئەوەم ئەمشەو تا رۆژ لە رۆخی زەریا، لە ژێر تریفەی مانگەشەو دا مەشقە مەشق بکەم. لەگەڵ ئەو ماسی‌یانەی دێنە قەراخ زەریا بدوێم. تاکازیوە هەڵبەست و هۆنراوە بخوێنمەوە! ئەوا لە لێواری زەریا، لە سەر کەندەلانێک دانیشتووم. جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم. بە دووکەڵی جگەرە بازنە و ئەستوون دوروست دەکەم. تاو تاوێک لاقەکانم تا چۆک لە ئاوەکە هەڵدەکێشم. بۆگەن و بۆساری کەڕاکە سەری ماسی و کۆسە لەگەڵ بۆنی ئارەقەی ترشاوی لەشی خۆم دەستیان داوەتە دەستی یەک و هانم ئەدەن مەلێ بکەم.

هەڵدەستمە سەرپێ. تیتۆڵ تیتۆڵ جل و بەرگم دادەکەنم. رووت وقووت دەبمەوە. وەک ئەو رۆژەی باوە ئادەم دوروست کرا. لە گوێنی ئەو شەوەی باوە ئادەم خۆی لە سەر کێوی سەرەندیپ لە ژێر تریفەی مانگەشەودا دیت. لە ئازای ئەندامی خۆم دەڕوانم؟ دەست بە سەرگشت لەشمدا دەکێشم. ساخ و سەلامەت و پەرداخ، جگە لە ئارەقەی لەشم عەیب لە خۆم دابەدی ناکەم. هەموو گیانم بە تریقە و بریقەی مانگەشەو دەشۆمەوە. خۆم لە بریسکە و ترووسکەی مانگ و ئەستێران هەڵدەکێشم. ئەمسا نۆرەی ئەوەیە بڕۆمە نێو باوەشی زەریا و خۆم لە ئاوەکەی دابشۆرمەوە. پاک و خاوێن. مەلێ لە نێوان ئاوی زەریا. فێنکایی ئاو. چێژێکی زۆر خۆش. چەندە جوان و پاک و سەرخۆشە ئەو لەشەی لەم کات و ساتەدا بە ورشەی ئەستێرە و تیشکی مانگ و زێوی زەریا بشۆردرێتەوە. تا چەناگە لە نێو ئاوی زەریا دام. دەکەومە مەلێ. هەوا خۆش و ئاو فێنک و لەش نەرم و سووک و رۆح شاد. تەواوەتی چێژی خۆشی جیهان لە پێست و گۆشت و رەگ و خوێنمدا وەکۆ بۆتەوە. وڵات بێ دەنگ

و زەریا پڕ لە ئەستێرە. بریقە بریق و ورشە ورشی هەسارە لە نێو ئاو چەشنی زریێ و تەخت و چوار ئاوێنەکەی کەیخەسرەو شۆق لە چاو دەبڕێ. لە ژێر ئاوەکەدا بۆ گرتنی مانگ و هەسارەکان بین دەکێشم. لە ژێر ئاورا دەڕۆمە پێشەوە. چەند دەققە و چ ماوەیەک؟ دێمەوە سەر ئاو. لە ئاوەکە دا تل دەخۆم. شنەیەکی فێنک دەم لاوێنێتەوە.

هەستێکی تازە بەرەو دەرەوەی زەریا هانم ئەدات. لە ئاو دێمە دەرێ. ئاو تنۆک تنۆک لە سەر و گوێلاکمەوە شۆڕاگە دەبەستێ و بەرەو چیمەنی ژێر لاقەکانم خۆ دەکوتێ.

دەچمەوە سەر کەندەلانەکە. سەرم سوڕماوە. ئاسمان چەند دانەیە؟ جیهانی مانگ و ئەستێران لە کوێوە تاکوو کوێیە؟ ئاسمان و زەریا و تەواوەتی سەر پێستی لەشی من ئەستێرە دایگرتووە! ورشەی بە گەشە و نەشەی دوو ئەستێرەی گەلاوێژ لە چاوەکانمدا! دوو ئەستێرەی سیوەیل لە سەر مەمکەکانم! لە پڕ هەست دەکەم هەسارەیەکی رووناکتر لە هەمووی ئەمانە، تەنانەت رووناکتر لە مانگیش، لە خۆریش لە دڵمەوە، لە ناخ و مۆخمەوە دەست دەکا بە ترووسکە تروسک. وەک گولۆپی کارەبا روون دادەگەڕێم. شەش دەوری خۆشم روون دادەگیرم. دارەکانی ئێرە و ئەوێی شەقامی لێوارە و سەر زەریاش وە تریقە و بریقە دەکەون! بە پەلە پەل خۆم پۆشتە دەکەمەوە. شنەی بایەکی فێنک بە شێنەیی تێم دەهاڵێ و دەملاوێنێتەوە. شنەبا دەست بەکاکۆڵ و روومەت و گەردن و سەرسنگمدا دێنێ. ماچیان دەکات، لە ئامێزیان دەگرێ، رایان دەمووسێ. شنەبا قامکە ناسک و باریکەکانی دەکاتە شانە و کاکۆڵم بە شانە دەکا. لە دڵمەوە، هەستێکی سەیر و نەهێنی بە دەزوولەی مۆغەرەی پشتمدا دەشنێتەوە، بەرەو مۆخم باڵ دەگرێ. زەنازەنایەکی سەیر لە کەڕاکەی سەرم دا دەشنێ

و دەشەکێتەوە. بە سەما و هەڵپەڕکێ لە گوێ و دەم و کەپۆو چاومەوە دێتە دەرێ. ئێخە و بەرۆکم دەگرێ. رام دەوەشێنێ و دەمخاتە باوەخولێ. لە روانگەمدا گوڵەباخێکی سوور و گەش وەک پەپوولە لە حاندی چاوەکانمدا سەما دەکا و بە سەماکردن دێ و دەچێ. منیش لەگەڵ گوڵەباخەکە دەکەومە سەما و هەڵپەڕکێ و باوەخولێ. کوانێ؟ کەعبەتوڵڵا و قیبلەتوسسەلاتی من کوانێ؟ لە کام لایەن و لاوەیە؟ هاتوومەتە کۆڕی لێو بەباران، دەم بەزیکران. سەر دەنێمە سەر چیمەنی لێوارە. دەست و پەنجە و ئەژنۆش هەروا. بۆنێکی لە هەموو عەتر و عوود و عەبیرێک خۆشتر مەست و بێ خودم دەکات. بە تاوان و تۆڵەی سەدان ساڵ بایی بوون و لەخۆ دەرچوون. نێو چاوان هەروا لە سەر گوڵەباخ و چیمەن. دەم و لێو لە جووڵە جووڵ و بزووتنەوەدا. بەرە بەرە هەست دەکەم جیهان دەتوێتەوە، دەبێتە هەڵم و موخار و مژ. لەم هەور و تەپ و مژەدا دادەپۆشرێم، ون دەبم. دەبێ بڵێی هەڵم و مژ و تەم و موغاری زەریا بێت یان لە ئاسمانەوە دێتە خوار؟!

دەبێ بڵێی حەشر بێت یان عارەساتی سەر جسیری سیراتە؟ لەم مەستی و بێ خودیەدا چ نازانم و چ ناناسمەوە. تەنانەت خۆم و تۆ و دای و باب و وڵات و هاوەڵانیش. بەڵام وەندەم لا روونە نەهێنی لە ژین و ژیان و جیهان دا نیە. نەهێنی بۆ چاوی چووقاوە، بۆ دڵی داخراوە، بۆ مۆخی قوفڵ دراوە. نەهێنی بۆ دڵەبەردینە و مێشکە قوڕینەیە! نەهێنی نەماوە، نیە. دڵی ئینسان ئاشکرایە. تۆنگێکی بلوورە یان ماسی نێو تۆنگەکەیە.

شنەبا هەنگاوەکانی توندتر دەکا. لاقەکانی خێرا خێراتر هەڵدەهێنێتەوە. تەم و مژ و موغار راوەدەنێت و ئازاتر باوەشێنم دەکات. راست دەبمەوە. هەڵدەستمە سەر پێ. هەوەڵ رمبی خۆر وەڕێ کەوتووە. خۆر بە چەشنی هەنارێکی زۆر گەورە و سوور و گەش کە لە نێو تۆنگێکی

نایەبترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بلوور دابێت، لە نێو ئاوی زەریاوە دێتە دەرێ. رمبی خۆر دەگاتە من. دەم ئەنگێوێ! خۆر بۆتە خێوەتێکی زێڕین. لە سەرم، مێشکم، نێو چاوانم و بەرەو خوار، لە ئازای ئەندامم دەهاڵێ. نە سەرمایە و نە گەرما، بەڵام هەموو لەشم زێڕوەشان کراوە.

هێدی و هێمن وەڕێ دەکەوم. هێور هێور هەنگاو دەنێم و بەرەو گەمیەکەی هاوڕێ دەچم. لە دەوورەوە لێم دیارە. بەرە بەرە لێی نزیک دەبمەوە. دەیگەمێ و دەچم لە سەر لێوارەی گەمی دادەنیشم. چاوەڕوانی هاوڕێ و جاسم. ئەمڕۆ دەچینە راوەماسی. لێم روونە نەک دەست بەتاڵ بەڵکەم زۆر دەست پڕ دەگەڕێینەوە! جگەرەیەک ئاگر ئەدەم و لە دوورە دەستی زەریا ورد دەبمەوە. خۆر دونیای زێڕوەشان کردووە، ئاوی زەریای وەک زرێی زێڕین خستۆتە ورشە ورش. لە حاندی ئەم هەمووە زریقە و بریقەیەدا چاو بە ئاستەم هەڵدێت. دەڵێی جیهانیان لە خومێکی زێڕکفت هەڵکێشاوە. تەنانەت کە سەر هەڵدەبڕم و لە ئاسمان دەڕوانم، هەردەپانی بێ سنووری ئاسمانیش،ئەم هەورە تەنکانە و تەم و موخاری زۆر دووری سەر دوندی کۆسارە دوورەکەش دووکەڵی جگەرەکەی خۆم و خاک و خۆڵ و بەردی دڕگە وگەلاکانی دارەکانیش زێڕکفت دێنە بەرچاوم. یەک لە نەکاو خرمە خرمی زیخی بەستێنی پشتە سەر رام دەچڵەکێنێ. هەرکا ئاوڕ ئەدەمەوە، نایب و دوو پیاوی چەکدار دەبینم کە راست بەرەو من دێن. لە گەڵکوو دەگەنە حاندی من، نایب بە سلاوێکی ناحەز و بەپەلەوە حوکم دەکا: هەستە پێش کەوە! زووکە خێزان و کوڕەکانی خولە ماسیگریش لە پاسگەن. بە سەر سوڕمانێکی زۆرەوە لەگەڵیان دەکەوم. دەگەینە پاسگە و دەچینە ژووری. نایب دەچێتە پشت مێزەکەی و دەست دەکا بە مژوولیایش: لەم دڕگەیەدا شاربەدەر هەقی گەمیەوانی و ئیش کردن لە سەر

زەریای نیە. هیچ گەمیەوانێکیش هەقی سوارکردنی شاربەدەرەکانی نیە! بە ئێوە راگەیاندرا، بە تەواوی گەمیەوان و لۆتکەچی و سێحەب لێنجەکانیش رادەگەیەندرێ.

وەرن ئێرە ئیمزا کەن. دایە مرواری و هاورێ لەگەڵی دەکەنە چەنەحانێ. بەڵکەم لە کۆڵ ئەم قسەیە بێتەوە. خۆم بە سەریان دا دێم و نەرم و هێدی‌یان دەکەمەوە.ئەمە حوکمی حاکمە و مەرگی مفاجا! یاسای درگە و نایبە و یاسا دەبێ بەرێوە بچێ! لە پاش مۆر و ئیمزا کردنی دەوسێ لە پاسگە وەدەر دەکەوین. دایە مرواری و هاورێ زۆر پەکر و تووڕەن. چەندە دلنۆوایی‌یان دەکەم جێ ناگرێ و هەر دەرشێنەوە.

زۆر سانا و ئاسایی شان وەبەر چارەنووسی خۆم ئەدەم. هەوەڵ جار نەبوو لە سەر کارێک وەلانرام ئاخر کەرەتیش نابێ. ئەمە چارەنووس و بەشی هەمووی ئەو کەسانەیە وا لغاویان نەدەنە دەست حاکم و زۆردار. دەبێ ببیە بەرد، ئاسن، پۆڵا. دەبێ پاڵەوانێک لەبەرد و ئاسن و پۆڵا بیت تاکوونێ بتوانی ئەم کۆڵە هەڵگری. ئێمە برای پرۆمتەی گریکین. نە چاومان لە چاوی برا گەورە رەشترە،نە خوێنمان لە خوێنی ئەو گەشترە. دەبێ بە رەزامەندی و سەر خۆشی و دڵ خۆشی‌یەوە لە حاند ئەم زۆرە خۆ راگرین. نایب پێی وابوو بەم کارە جیهانم بە سەردا دەرووخێنێ. نەیدەزانی زۆر بەر لەم حونەرەی ئەمڕۆ ئەو نواندی، بە دەیان و سەدان وەرز بەر لەمە فڕ و فێڵی ئاوام لە کاردا کراوە. نایب زۆر کەمژنەوا و کەمبینایە کە نابینێ و نابیسێ و نازانێ لە دەس چوونی کاروئیش بۆ من چ نیە!

من تەواوەتی کار و ئیش و ژین و ژیوار و تەمەنی خۆم و بنەماڵە و نەتەوە و تەنانەت رەگەزی خۆشم بەخت کردووە بەشکەم بە سەر بەرزی و روو سووری‌یەوە دۆڕاندوومە. بەڵام من بەتەنێ نا. ئینسانی ئەم سەدەیە،

ئـینسانی لە چـەشنی مـن لەم سـەدەیە یـان لەم وەرز و هـەزارەیـەدا دۆڕاندوویانە. هاوڕێ و جاسم بەڕێی سەر گەمی و ئیش کردن دەکـەم و خۆم دەچمەوە بۆ ماڵێ. سەتڵێک دووان ئاوی سارد بە سەر وگوێلاکم دا دەکەم. دەچمە ژووریّ و نان و ماست دەهێنمە بەر دەست. لە پاش ئەم بەر قەندەیە بۆی دەخەوم. بە رەزامەندی و سەر خۆشی‌یەوە بۆی دەخەوم. کار کردن لە سەرگەمی جاسم و هاوڕێ بە دڵم نەبوو. بگرە ئیشەکەش ئیشی من نەبوو. پیاوی خۆی دەویست! ئەوانیش وەندەیان مایە بۆ دادەنام لە تام دەرچووبوو. ئاوام باشترە. کار قات نیە. کار هەر دەبێ.

* * *

دوورگە و دوو وەرز. وەرزی هـاوین و ئـاگـرباران. بـەڵام وەرزەکـەی دیکە؟ ئەم وەرزە فێنکە نازانم چ نێو بنێم! زستانی پێ ناگوترێ. چونکێ لە بەفر و کڕێوە و بەستەڵەک شوێنەوارێک نابینی. ناشکرێ پێی بڵێی بەهار. لەبەر ئەوەی باران و سەوزەڵان و شیناوەرد و شنەبای فێنک لە گـۆڕێ دا نیە. ئەی پایز چی؟ بڵێی پایزی پێ بگوترێ؟

پێم وایە پایز نێونکی باشە. بەڵام چ پایزێ؟ چ پایزێک؟ سەد شەو و رۆژی رەبەق بای دێ. بای دێ و چ بایەک؟ رەشەبایەک بە رمڵ و خاک و خۆڵەوە. وەک رانەی مێگەلە مەڕ بە تۆز و خۆڵەوە. بەڵام تۆز و خـۆڵێکی

بۆر. خۆڵەمێشی مردوو هەموو عەرز و ئاسمانی دورگە دادەپۆشێ. خۆڵەمێشێکی ورد و لە پرەسەن و نەسرەوتوو، لە ئاردێکی بۆر و وردیش وردتر بە سەر دڕگەدا دەبارێ. لە هەموو شتێ دەنیشێ. هەموو کون و کەلێن و قوژبنێک دەبینێتەوە!پێش نیوەڕۆیان شوێنەواری نیە. دوو سەعاتێک پاش لە نیوەڕۆیان هەڵی دەکاتێ. لەم وڵاتە ئێرەیی‌یەکان پێی دەڵێن: «بای سەد رۆژە» وەک پرسیومە سەد پاش نیوەڕۆ دێ و دەچێ!

ڕەشەبا چەشنی ڕەوە ئەسپێکی کێوی بە شەقام و کۆڵان دا ڕمبازێن دەکا، غار ئەدا و دەحیلێنێ. خۆی بە دووکان و ماڵان دا دەکا. دەرک و دەربیجە و پەنجێرە بە شەقەشەق پێکدا ئەدا. شەقەیان لێ هەڵدەستێنێ. شووشەی پەنجێران دەشکێنێ و وردە شووشە دەڕژێنێتە بن دەرک و دیواران.پەڕۆی شۆڕاوەی سەر تەناف دەڕفێنێ. پەڕۆی ئەم ماڵ بۆو ماڵ و پەڕۆی ئەو ماڵ بۆم ماڵ. لە سەر پەڕۆ کۆن دەبێتە شەڕەژن. ژنان بە چارشێوی ڕەشەوە، بە رووبەندەی خاوەن دوو کونە بیچکۆلە بۆ ڕوانین و دیتن، دەست ئەدەنە دار و گۆپاڵ. بە گژ یەکدا دادەچن.لە سەر و سەکوتی یەک ڕادەکێشن. دەست دەنێنە نێو قژ و پرچی یەکترەوە. یەکتری بە قژ و پرچ‌کێشان بە سەر خاک و خۆڵ و ڕملی کۆڵاندا ڕادەکێشن. کار دەگاتە پاسگە!گیرفانی نایب و پیاوەکانی بە پووڵ و بەرتیلی شەڕەژن دەئاخندرێ.

ڕەشەبا و ڕمڵ هەروا دێت. لە سەر و گوێلاک دەنیشێ و لە چاو ڕۆدەچێ. چاو چەشنی گۆمی خوێن سوور دادەگەڕێ. چزیر لە ژێر توێژێ ڕملی بۆردا کفن دەکاتە بەر! تۆزی ماندوویی و بێزراوی و پیری و تێک شکان زیاتر لە سەر و شان و ملی خەڵک دەنیشێ. هەموو حەوتوویەک هەواڵی وەرگەڕانی لۆتکە و گەمی و خنکانی ڕاوچی و گەمیەوان لە شاردا بڵاو دەبێتەوە. دایم و دەرهەم بیوەژن و هەتیو هەر لە زیاتر بوون دایە!

هەمیسان با بە شەقامدا دێت. غار ئەدا و رمبازێن ئەکا و دەحیلێنێ. جووتە و لووشکە و لەقە لە شووشەی جامی دووکانان رادەکێشێ! شووشە خرمە دەکەن و دەرژێنە خوارێ. کەرەسە و ئامراز و کەل و پەلی نایلۆن و باخە و وەزن سووکی بەر دووکانان وەبەر هەشاوڵی با دەکەون. با دەیانرفێنێ. کەل و پەلی ئەم دووکان و ئەو دووکان و چەندەها دووکان تێکەڵ دەبێ. خاوەن دووکان کەل و پەلی خۆیان ناناسنەوە، بی‌ناسنەوە یا نا، لێک دەکەونە فێڵ و خۆیان لە ماڵی یەکدی خۆش دەکەن. جا لێیان دەبێتە شەڕ. ئێخە و بەرۆکی یەکدی دەگرن. لە سەر و چاوو دەم و لووت و دیانی یەک بەر دەبن. سەر و گوێلاک دەشکێ، لێو کەت دەبێ، دیان دەکەوێتە نێو زار. خوێن بە دەم و لووت و سەر و گوێلاکدا بە چۆڕاوگە دێتە خوار.

بڕۆن بۆ پاسگە برا. بڕۆن گیرفانی نایب و پیاوەکانی لە پووڵ بئاخنن. ئەوان باشتر دەزانن چۆنی خڕ کەنەوە یان چۆنی خەرج کەن. پاسگە پێکتان دەهێنێ.

وەرزی پایزە، رەشەبا دەلوورێنێ و خۆڵی ئێسکانە رزیوی مردوو بە با دەکا. بای سەد رۆژە ژنی مناڵ مردووە و نزا دەکا. تۆڵەی رۆڵەکەی دەوێتەوە!

کاکی شۆفر سەر و چاوی بە جامانە بەستووە. زۆر لە عارەبەکانی مەغریب و جەزایر دەچێ. لە سەرەخۆ و بە وزە ماشێنە جیپەکەی بەرەو ئەوگوندە لێ دەخوڕێ کە زاگرۆس لەوێیە. قەڵافەتی حاجی رەززاز هەر لە بەر چاومە. لە پشت مێزەکەی پان بۆتەوە، بە تەلەفوون لەگەڵ پاتەختی وڵاتێکی دەرەوە بە زبانی ئۆردوو لە وت و وێژ دایە. بەینێ کە بوومەتە میرزای ئەم تاجر باشییە. برینجی باشی ئەم وڵاتە بە هەندەران دەفرۆشێ و برینجی بێ بۆن و خراپی هەندەران بۆم وڵاتە دێنێ. بە لای ناخێرمەوە

بڕیارمان وابوو ئەگین کاری بە هەندەران بوو، من بە ئینگلیزی قسە و مامڵەی بۆ بکەم، یان باشتر بڵێم دیلماجی بم. کە چی ئەوەتا ئیشی لا دەکەم، هێشتێ نەهاتۆتە پێشێ کەڕەتێک ئەم حونەرەم بخەمە کار. بە خۆی و دوو کوڕ و من و عەمبارێک و شەش حەوت حەماڵ ڕۆژێ هەشت سەعات لەم مەغازە و عەمبارە پەنجا لە سی گەزەدا هەڵدەسووڕێین، کە چی دەرووەستی فرۆش و کڕین و بەڕێ کردن و دامەزراندنی کارەکەی نایەین. زاگرۆس ئەو ڕۆژەی سەری لێ دام دەیکوت: نیسکۆڵەیەک لە ئاکار و کردەوە و خوو و خدە و سامان و مداخڵی خاوەن پووڵ و پلە بە چاوی خۆت دەبینی. بەینێکە لێی بێ خەبەرم. بیری دەکەم. پێنج شەش جارێک کە پێکەوە دانیشتووین، زۆری هۆگر بووم. کەم و بەرێ و جێ قسە دەکا. ڕاوێژ و زاراوەی زۆر خۆشە. نە دەبوو دوکتۆر بایە، دەبا نووسەر و هۆنەر بێت. ئەم هەموو هەست و دڵئاوایی و زانستە دوکتۆری لێ نایە. جاروبار تووڕەش دەبێ! سەر ڕادەوەشێنێ و چاوەکانی دەقووچێن و دادەپچڕێنەوە. جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنێ. قەلاّفەتی بۆ کوڕە مەلا و حاجیش دەبێ. بەلاّم ئاکار و هەڵوێستی ئەمانە ناگرێتەوە.بە چارەکە سەعاتێک گەیشتوومە دەرکی ماڵەکەی پێ و شوێنەکەی لەمەوبەر پێ دابووم. لە ژوورەکەی دا دانیشتووین. بە زۆر بۆ شێو ڕایگرتووم. چ ڕاست چ درۆ زۆریشم پێ خۆشە ماومەتەوە. هەوەڵ لە بەر ئەوەی شەوی درێژی پایز بە باس و خواس لەگەڵ زاگرۆس ڕادەبوێرین. دووهەم لەم گوندە دا ئەو بایەی نێو شار هەواڵ و شوێنەواری نیە. وەک شتێک ئێرە لە نێوان چەند بەرزایی و تەلان و دۆڵ و دەرەدایە و کوێستانی ئەم ناوچە و محاڵەیە.

کەڕەتی پێشووی چاو پێک کەوتنەکەمان، لە شاری، لە ماڵەکەی مندا زاگرۆس بەسەرهاتی خۆمی پێ گێڕامەوە . بڕیار وایە ئەمشەو نۆرەی ئەو

بێت سەرگوزەشتەی خۆیم بۆ باس کات.

وا دیارە گوزەرانی خەراپ نیە، لە لایەن هاوەڵەکانیەوە مووچەیەکی بۆ دێت. زاگرۆس بەو مەرجە ملی پێدا کردووە کە لێرەوە بڕێک کاریان بۆ بکات. یانی کتێب و نەخشەی پێویست بۆ کارەکەی ئەوان بکڕێ. کتێبەکان وەرگێڕێتەوە سەر زمانی وڵاتی خۆیان و لە چۆنیەتی و حاڵی بوون لە نەخشەکان ڕێنوێنی یان بکات. هەروەها لە گەڕانەوەشدا بۆ ئیش کردن لە گەڵیان بێت. دەیجا کاک زاگرۆس ئەوا شێلۆ خوراوە. قەند و قۆری و ئیسکانی چا خواردن لە بەر دەستە. بەستەی جگەرە و ژێر سیغار و شقارتە لە بەر دەمە. جگەرە داگیرساوە و بەلا لێوەوەیە. فەرموو نۆرەی تۆیە و بەیتێکی شەو شکێن. زاگرۆس دێتە مەیدان و ئەوەی دەی بیستن بە سەرهاتی ئەوە، بەڵام بە قەڵەمی برای خۆتان سامرەند موکری! لە زبانی زاگرۆسەوە:

دێیەکی بیچکە و منی منداڵ فەقێی میرزای بابم. حوجرەی خوێندنەکەشم ژێرخانە تەنگ و تیوارەکەی ماڵی خۆمان. دوور و نێزیک کە وەدەر دەکەوت دەمدی عابا ڕەشە کۆن و تۆز و خۆڵاویەکەی پڕ بە پانایی کۆڵان بای دەکرد و پان و بڵاو دەبۆوە. عابا چەشنی خەرتەڵ و ڕەشە داڵێکی زۆر زەلام باڵی دەگرت. لە نێو کۆڵانەکەدا دەشەکاوە، سەمای دەکرد و مەودایەکی زۆری بە سێبەری خۆی دادەپۆشی. مەترسی و دڵە خوریەی دەپڕژاندە دڵمەوە. زۆر بە سام و لە سەرەخۆ هێنی هێنی هەنگاوی هەڵدەهێناوە تاکوو دەگەیشتە پێشێ. بە مەچەکەی زۆر ئەستوور و دەست و باسکی سوور و سپی و گۆشتنەوە، بە قامکی گرێ گرێی وەک لکی دار بووزەوە، لە حاندم رادەوێستا و لێم ورد دەبۆوە. خۆشی زەبەلاحێکی گوێنی حووج!

زۆر جاران لە نەکاو چنگی دەهاویشت. پڕ بە مست گوێچکەیەکمی دەگرت، ئەمجارە خێرا خێرا هەنگاوی هەڵداویشت و بە دووی خۆیدا دەکێشامە نێو ژێرخانەکە.

ژێرخان چ ژێرخانێک؟ بیچکە و تەنگەبەر و نەوی. دەرک و دیوار و ساپیتکە قورماوی. بێ پەنجێرە و دەلاقە. لەم کۆخە رەش و تاریک و تنۆکەدا، لە سەر حەسیرێکی گرێچن دایدەنیشاندمە سەر چۆک، سەر دوو ئەژنۆ. دوو سێ چەپۆکی باشی بە سەر و گوێلاکمدا دەکێشا.دەبایە چوار مەشقی دانیشم و هەناسەم دەرنەیە. سەر بەردەمەوە، مات و مەنگ و بێ دەنگ لە بەر دەمی خۆم و لە گرێی حەسیرەکە بڕوانم. میرزا لە نێو تاقە و بە سەر رەفحەکاندا دەڕوانی، دەستی دەکوتا و کتێبەکانی دەهێنایە بەر دەستم.

چەپۆکێکی دیکەی لێ رادەکێشام و دەیکوت: «دەس کە بە دەورە کردنەوە. دوور و نیزیک چاو و گوێم لێتە! زوو زوو سەرت ئەدەم. گوێم بۆ شل کردووی و هەست رادەگرم.سەر لە سەرکتێب هەڵگری، سەرت هەڵدەکەنم، چاوەکانت هەڵدەکۆڵم و ملت دەشکێنم. نەخەڵەتابی تەمەشای چەپ و راست کەی. دەست پێ بکە دەی، موتاڵاکە دەی» ئینجا خۆی لە کۆخ دەردەکەوت. یان لە حەسار و ئاغەڵ و کادێن و ژوورەکان خەریکی کاروباری خۆی دەبوو، یان لەبەر دەرکێ لە سەر کورسی یەکۆن و شڕ و بە جیڕەجیڕەکە رۆدەنیشت. جاروبارەش لە سەر بەردە نوێژەکەی دەرکی ژێرخان پان دەبۆوە. ئەمجارە من و کۆخە رەش! دەبایە لەو تاریکانەدا دەست کەم بە موتاڵای بیحار و مەجالیس، ئەنوار و کەشکۆڵ و گوڵوستان و بووستان. ئەویش چۆن؟ تاکەی؟ دەبوو هەروا کە چوار مەشقی و لەسەر دوو ئەژنۆ وەک هۆشتر دانیشتووم، لە نێو قەد بەرەو ژوور

تاکوونێ کەپڕاکەی سەرم بێ وچان بێت و بچێ! پەیتا پەیتا و زوو زوو بەرز و نزم بێتەوە. دەبایە بە دەنگێکی بەرز و بڵێندەوە، بێ راوێستان و مانوو بوون بخوێنمەوە، بخوێنمەوە. موتاڵاکەم! دەورە کەمەوە.

هەمیسان بۆ هەمیشە و دایم و دەرهەم تاکوونێ رۆژی قیامەت، تا ئەبەد بخوێنمەوە، بخوێنمەوە موتاڵاکەم و دەورە کەمەوە. لە هەوەڵی موتاڵا دەست پێ کردن دا، بۆ دەقەیەک و دووان چاوم دێر و وشەکانی نەئەدیت. دەبایە قەدەرێک راوێستم، تاکوونێ چاوەکانم بەم تاریکانە رابێن! جا دەستم پێ دەکرد. دەمخوێندەوە، دەمخوێندەوە، ... چاوەکان بەرە بەرە دەکەوتنە رێشکە و پێشکە. زبان لە ناو دەممدا دەماسی و دەکەوتە تەتە و پەتە و رستە و وشەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد. جیرەی گرێژەنەی چەپەری کۆخ هەڵدەستا. بابم دەهاتە نێو کۆخەکەوە دووسێ گۆچانی بەڕووی لە نێو پشت و شانەکانم رادەکێشا. سێ چوار هێڵ دەیگەڕاندمە دوواوە، بە تووڕەیی‌یەوە دەیگوت: «کوێراییت دایە بۆ خوێندنەوەت. دادەی ئا لێرەوە بیخوێنەوە سندان لە سەرتدا خوێندنەوە ئاوایە؟»

ئەمجارە زبانم بڕێک حەسابۆوە، بێ هەڵە بۆم دەخوێندەوە. نەیدەکردە ناپیاوی بە هەموو کەیف و توانای خۆی لێی رادەکێشامەوە! جا چەند زللە، یان مستەکۆڵە، یان چەند گۆچانی داربەڕوو بایە. لە پاش کوتانەکە دەیگوت: (ئەی بۆچ شەپی منت لە سەر نەبوو بە ئەنقەست هەڵەت دەخوێندەوە؟)

لە کۆخ دەردەکەوت. دیسان لەبەر دەرکێ و نێو حەسار دا خەریک دەبۆوە. تەمەشای ئەملا و ئەولای دەکرد. گوێی بۆ ئەم دەنگ و ئەو دەنگ رادەگرت. دەچۆوە ماڵی فیکرەوە. خەونووچکە دەیبردەوە. وەنەوزی ئەداو تاو تاوە بە تەسبێحە سەد و یەک دەنکەکەی تەسبێحاتی دەکرد.

دەبایە منیش هەمیسان دەست پێ بکەمەوە، لە سەر دوو ئەژنۆ، چوار مەشقی، لە سەر چۆک. بۆ خوارێ و سەرێ، بۆ دواوە و بۆ پێشەوە، بەرز و نزم بامەوە. بە دەنگی بڵیند و پڕ بە گەروو، جاروبارەش لە نێو لووتەوە کتێبەکانم دەورە کردبایەوە. دەمخوێندەوە، دەمخوێندەوە. دیسانەکەش بێ وچان، بێ راوێستان، دەمخوێندەوە، دەمخوێندەوە، تاکوونێ گرێ دەکەوتە نێو گەرووم. دەنگم گڕ دەبوو، گەرووم وشک دەبوو. تاکوونێ چاوەکانم پڕ دەبوون لە ئاو، کات تێپەڕ دەبوو. بابم هەرای دەکرد: بەسە! ئەمە ئەرک و ئیشی دانێکی هەموو رۆژێک لە هەموو مانگێکی هەموو ساڵێکم بوو.

رەنگە لێم بپرسی: بۆچ ماوەیەک؟ بە خودای برام بۆ چەندەها ساڵ و چەند سەدە! بۆ عومرێک. بە جێگەی عومری پڕ لە شادی و خۆشی منالی و تازەلاویم. دەهاتە پێشێ میرزا دەچوو بۆ سەفەر، داوەت دەکرا، دەچووە مەولوودی و سەرەخۆشی. ئەمە جێژنی من بوو. دەچوومە سەربانی کۆخەکە. لە سەربان، لە سەر زگ رادەکشام تاکوو کەس نەمدینێ و بۆی نەگێڕێتەوە. رادەکشام و سەر و ملم بەرز دەکردەوە. سەیر و سەیاحەتی چوارەندەوری خۆم دەکرد. تەواوی نێو دێ و دەور و بەری خۆم لێ بە دیار دەکەوت. منالانی نێو دێم ئەدی بە گوێنی کەندڕ و گوریس، کۆ دەبوونەوە، درێژ دەبوونەوە، هەمیسان و چەندکەڕەت وەکۆ دەبوون و درێژ دەبوونەوە.

قوڵفەیان دەخوارد و لە تەلانی چاکە چووکەوە بە سەر پەرژین و چاڵووک دا بازیان ئەدا و دەچوونە نێو باخەکانی خوار دێوە.

منالانم ئەدی لە بن دارە قەیسی و سێوەکان میوەی وەریو هەڵدەگرنەوە. وەدیار بوو دەیانخستە دەمیانەوە دەیان خوارد. دەمم ئاوی دەکرد. لیکم شۆڕاوگەی دەبەست، وەجووڵە جووڵ دەکەوتم. پاش ساتێکی دیکە، منالانم ئەدی لە دارەکان سەردەکەوتن. گیرفان و باخەڵیان

لە میوە پڕ دەکرد. ئەمجارە یەک یەک و دوو دوو لە دارەکان دەهاتنە خوارێ. بەرەو نێو دێ دەگەڕانەوە. لە نێو ڕێگە میوەیان پێکدا ئەدا، لە یەکتریان هەڵئەدا، وەشوێن یەکدی دەکەوتن. دەمدین لە سەر تەپۆڵکی شانی دارە بووزەکەی نێو دێ، یان لە بەر ڕاستە مەیانەکەی بەر مزگەوت دا کۆڕ کۆڕ دەبوون.

هەر کۆڕێک و بەرەو شوێنێک. هەندێکیان بۆ مەزرا، بڕێکیان بەرەو بەرەغەل و ڕانە مەڕ و گاڕان، کۆڕێکیش بەرەو مەدرەسە تازە ساز کراوەکەی نێو دێ.

ئەم مەدرەسە ساڵێک دووان بوو ساز کرابوو. پێیان دەگوت: مەدرەسەی سپا. بەڵام من چی؟ من قەت هەقم نەبوو وەک هەموو مناڵانی دێ و هاوەڵ و هاوساڵانی خۆم بچمە شاخ و داخ و سەرچۆم و نێو باخ و بێستان. جاروبار ئێواران، دەمەو بانگی شێوان کە لەگەڵ هاوساڵانی خۆم لە شوێنێک ڕادەوێستام، لە باس و خواسەکەیان حاڵی نەدەبووم، لە زبان و ڕاوێژی قسە کردنیان ناشارەزا بووم. نەمدەزانی باس و خواسی چیە و لە چی دەدوێن. پێ دەکەنین نەمدەزانی بە چی پێ دەکەنن! مات دەمان نەمدەزانی بۆ چی و چ قەوماوە! دەبوە زەنازەنا سەرەندەرم نەدەکرد، ئەم هەڵلایە لە سەر چیە! عاجیباتی یەک بووم لە کۆڕ و مەجلیساندا. چونکوونێ قەت ئەوەندە لەگەڵیان هام و شۆم نەکردبوو. بەڵکەم دەبایە دایمە و دەرهەم لە دەرک و بانی کۆخە ڕەشەکە بایەم. تاکوو لە هەر کوێوە سێبەری میرزای بابم وەدەرکەوت، بەراکردن چوویامەوە سەر موتاڵا و دەورە کردنەوە. خوێندنەوەی کتێبەکان ئەویش چۆن؟بە دەنگێکی بەرز، بێ وچان و ڕاوێستان. لە بەیانەوە تانیوەڕۆ، دەنا لە پاش نیوەڕۆوە تاکوو خۆرئاوا. هەموو ڕۆژێ دانێک کار و دانێک فەقێیەتی! زۆربەی ڕۆژانیش

زللە و مست و شەپ و گۆچان براگەورە بوو.

زۆربەی عەیامی ساڵ و ئەوسەردەمایە بە تەنێ بووم. چەلی وابوو یەک دوویەکی دیکەش دەبوونە هاوەتام! دەهاتنە لای میرزا بۆ فەقێیەتی و خوێندن. ئەوانیش دەکەوتنە وەزیعەتی منەوە. بەڵام وەندەیان خۆ رانەدەگرت و خۆ دێیی یان لاوەکی زۆر زوو دەرباز دەبوون. من بەردی بناغە بووم. دەبایە کێشابایەم. ئاخ لەو دەمدەمان و سەردەمایە!

هەر لەبەر چاومە. هەر لە گەڵمە. بوونەتە خوێنم، هەناسەم، رەگ و پێست و ئێسکانم. ئەو گشتە ئەزرەبە و جەزرەبەیە، ئەو هەمووە رێژنە بارانی کوتان و تێهەڵدانە، بوونەتە تانەی سەرچاوم. برینی جەرگم. ئەو سەردەمە و تەنانەت ئێستاکەش وەک خۆرە، چەشنی دەعبایەکی چنگن لە دڵم، دەروونم، لە سی و جەرگم و لە بوون و ژینم دەخۆن.

هەموو رۆژێ، هەموو مانگێک و هەموو ساڵێک هەر ئەوە بوو. نێو ژێرخانە تاریک و تەنگ و تیوارەکە و متالاّ و دەورە. لە مانگ و وەرزدا، جاروبار سەربان چوونێک و لە سەربانەوە سەیاحەت کردنێکی ئەم لاو ئەولا. تەواوەتی کەیف و خۆشی و خۆش رابوێری من ئەوەندە بوو. بە تایبەت سەیر و سەرنج دانی منالآنی هاو تەمەنی خۆم و مەدرەسە و دەرس و منالآنی مەدرەسەی سپام زۆر پێخوش بوو. مەدرەسەکە لە کۆخەکەی منەوە زۆر نیزیک بوو. لە سەربانەوە زۆر جوان دەمدی. دوو ژوور وپێشخانەیەکی خنجیلانە. پەنجێرە تێگیراو و پاک و خاوێن و رووناک. ئەکسی جوان بە دیوارەوە. نێو ژوورەکان رووناک و پڕ لە زەنازەنای منالآن. لاوە سپایەکی بڕێک جوانکە و رەزا شیرن. هات و چۆ و وت و وێژەکەی، گاڵتە و گەپ و پێکەنین لەگەڵ قوتابیەکاندا.

لە سەربانی کۆخەکەوە هەموویم لە بەر چاو بوو. ئێستاش هەر لە بەر

چاومە. لە کەلاسی دەرس دا قالەی سۆی خدر دەهات و دەچوو. قسەی دەکرد، دەستی رادەوەشاند، چەپڵەیان بۆ لێ ئەدا. هەستم دەکرد قالە سەرخۆش دەبێ، لە خۆشیان تیشکی چاوەکانی دەیدایە گشت سەرو گوێلاکی! هەر ئەم قادرە بۆم بووە خدری زیندە. وەفریام هات. قۆڵێکی بۆ رزگار بوونم کێشا. لەگەڵکوو میرزا لە لایەکەوە دەردەکەوت، دەبایە منیش بە وەندەی یەک و دوو بگەمەوە سەرموتالاّ. بۆ نێو کۆخە تاریک و رەش و چۆل و هۆلەکە.

هەموو جارێک کە سەیری مەدرەسەم دەکرد، ئاوێکی گەرم و زولاڵ بە گۆناکانم دا چۆڕاوگەی دەکرد. تف لە دەممدا وشک دەبوو. دەکەوتمە هەنیسکە هەنیسک و تێرتێر دەگریام. ئەوە بەخت وبەشی منالانی دیکە و ئەمەش بەخت و بەشی من! نازانم بڕوام پێ دەکەی یان نا، لەم دووای‌یانە دا خەیالاّت هەڵی دەگرتم، خۆفم دەکرد. هەوری ئاسمان لە بەر چاوم دەبوونە دێو و درنج و خۆیان بە کۆخەکەدا دەکرد بمکوژن! بمکوژن و بمخۆن. دەمدی میرزا و گورگ و هەژدیها پرم پێ دادەکەن. میرزا چەقۆ لە قەبرغە و شادەمار و سی و جەرگ و دڵم دەکوتێ و گورگ و هەژدیها لەشە کوت کوتەکەم دەڕفێنن. دەیخۆن. تەنانەت چەند کەڕەت لەم خۆف و خەیالاّتەدا دەمزریکاند و لە خەیالاّت دەهاتمە دەرێ. میرزای بابم لە بری وشیار بوونەوە، لە بری چارەسەرکردنی ئەم مەترسی‌یە دەستی دەکرد بە جوێن دان و بە گۆچان تێبەرم دەبوو. وەزیعەتم ئاوای لێ هاتبوو! وەزیعەت نەبوو. بەرەو شێتی دەچووم. رۆژ بە رۆژ لاوازتر دەبووم. لا رووومەتەکانم دەقویان و گنج و لۆچیان تێ دەکەوت. رووالەتم رەش دادەگەڕا. دایم و دەرهەم دڵ تەنگ و بە ئەندێش بووم. وام لێ هاتبوو تاوتاوە بیرم لە خۆ کوشتن دەکردەوە. لەم حەیس و بەیسەدا هەر وەک پێشتر ئاماژەیەکی

کورتم پێ کرد، قالەی سۆی خدر بووە خدری زیندەم. رۆژێک لە مەیدانی بەر مزگەوت چاوی پێم کەوت. وەک جاران دەستی کرد بە گاڵتە و قسە گێڕانەوە. عەمری پازدە ساڵ دەبوو. دوو سێ ساڵ بۆ خوێندن لە شارە دێیەکی گەورە لە ماڵە خزم و کەس مابۆوە. دوو ساڵ بوو گەڕابۆوە دێیەکەی خۆمان و پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەخوێند. دایم سێ چوار خودنووس و خودکاری وا لە گیرفان دەدا کە بە دیارەوە بن. دەفتەرێکی لە باخەڵ دابوو کە نەزیلە و هۆنراوە و پەندی پێشینیانی تێدا نووسیبوو. لەم لاو لا دەیخوێندەوە! لە گەورە و چکۆڵە هەر کەس میرزا قادری پێ نەگوتبایە، توورە دەبوو. شەڕەفڕی زۆر پێ خۆش بوو. بە هەر کەس دەگەیشت فڕێکی پێدا ئەدا. تەنانەت لە شەڕەفڕدا شەڕە شەپ و شەڕە جنێویشی دەکرد. لە مەجلیسدا لەگەڵ کەیخودا و مەلا و ریش سپی دادەنیشت. لە نێو ئەوانیش دا زۆر بلێ و روو هەڵماڵدراو بوو. زۆر دەم راست بوو و قسەی خۆی هەر دەکرد. بابی زۆری بە سەری دا دەنەڕاند و دەگوراند، لە مەجلیسان دەری دەکرد. نسحەتی دەکرد نە پەڕێتە نێو قسەی مەلا و کەیخودا و پیاو ماقووڵ، بەلام قالە بە قسەی نەدەکرد.

قەتیش تێک نەدەچوو. شەڕەفڕ و شەڕە جنێوی قەت نەدەکردە شەڕ و دڵ ئێشان. هەر دەم بە پێکەنین و زبان بە تۆپ و تەشەر بوو. باڵەوە گەڕێین و بێینەوە سەر نەقڵەکەی خۆمان. باسی ئەو رۆژە و وەتووش قادر بوونم بۆ دەکردی. لە دووای برێک هەڵیتە و پڵیتە پێی کوتم: ئەرێ رۆڵە تۆ شێت نی؟ وەڵڵا ئەلعانیش شێت نەبی، ئاخری شێت دەبی! رۆڵە ئەوە چیە رۆژ تا ئێوارە وەک دەروێشەکانی خانەقا، هەر راست و خوار بوونەوە، بەرز و نزم بوونەوە، بە دەنگی بلیند دەورە کردنەوەی کەشکۆڵ، ئەسفار، ئەنوار..... رۆڵە بەسیە چ دەورەی ئەمانەیە. هەر دەرەقەتی میرزا برایمی

باوکت نایەی زوو زوو خۆت لە نەخۆشی دە. بڕۆ بۆ شار بۆ لای دوکتۆر. نێوە نێوە چەند ڕۆژان بڕۆ بۆ سەردانی ماڵی خاڵ و مام و پوور و خزم و کەس. شێتەگیان وردە وردە مەجبووری کە بە دەنگی نزم و ئەسپایی متالاّ و دەورە بکەیەوە. کتێبی جوان و باش و خۆشم هەیە! سپا لە شار ڕا دەیانهێنێ. بۆتیان دەهێنم، وەخت و ناوەخت دەرفەتت هێنا بیانخوێنەوە.

بیانخە نێوان کتێبەکانی موتالاّکەتەوە. جا ئەوانەی من بخوێنەوە. لەمەو بەر دوو سێ چیرۆک و وتارم لەوان بۆ گێڕاویەتەوە. وەزیعەت نیە هەتە. سەگی تێ ڕی. شەوێ وەرە ماڵێ دوو سێ کتێبێکت دەمێ. با بزانی دنیا چ باسە!

لە پاش قسە و باسێکی زۆر لەم بابەتەوە ماڵ ئاوایی‌مان لێک کرد و ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵێ. هەر لە بیرکردنەوە دابووم. لە ناخمدا هەر جینگڵم ئەدا: "شتی وا چۆن دەبێ؟ بابم پێ بزانی دونیام بە سەردا دەڕووخێنێ. شار بەدەرم دەکات. بە شەپ و مستە کۆڵە و گۆچان دەمکوژێ. دەجا با شاربەدەرم کات. چی لەوە باشتر! ڕزگار دەبم. حاشا لەو گۆڕەی نووڕە نووڕی لێوەنایە» فکرێکی باش بوو. دەبوو زۆر زووتر وام کردبایە. ئاخە بە دەست ئەم وەزعەوە زۆر جاڕز و شەکەت بووم. زۆر لە مێژ بوو، وزەم لا نەمابوو. وەڵلاّ بیرم لە خۆ کوشتنیش کردبۆوە. قالە گەیشتە فریام. خدری زیندە بوو خودابۆی ناردبووم. ئەمە ئەو ڕۆژە بوو کە خۆر لە ئاسۆ دەرکەوتبوو. تیشکی دابووە ژین و ژیانم. قادر چۆنی گوتبوو وام کرد. خوێندنەوەی کتێبەکانی قادر چاو و گوێی کردمەوە.

ئەم هەڵکەوتە دوو کەڵک و سەمەرەی گەورەی بوو: هەم چاوم کراوە و دنیایەکی دیکەم دیت، هەم زاتم لە زۆر شت و بە تایبەت لە بابم شکا.

لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوەی کتێبەکانی قادر خۆش بوون،

پشوودان و حەسانەوەیەک بوون. کتێبەکانیش سەیر بوون. عاجیباتی و بە تام و چێژ! زۆربەیان بەسەرهات و مێژوویی و هۆنراوە بوون. چەشنی گوڵستان و بووستانی «سەعدی»ش نەبوون. باس و خواس و بیرو ڕا و بڕوای نووسەری ئەمانە جیاوازی لەگەڵ ئەو شتانە بوو کە من تاکوو ئەو سەردەمە خوێندبوومەوە.

زۆربەیان باسی سەدەی نۆزدە و بیست و وڵات و شار و دێ و بەسەرهات و مێژووی بەشەری ئەم سەردەمەی دەکرد. باسی شین و شایی و مەرگ و زاین و کەند وکۆسپی بەشەری بە نێوبانگ و هەڵکەوتە و هەروەها دەرو جیران و دیوناس و هاووڵاتی خۆمانیان دەکرد. بە بیروبڕوای تازەوە، بە زبانێکی ئاسایی و سانا و خۆش. زۆرم پێ خۆش بە ڕن. زۆریان گیرۆدە و هۆگر بووم. بۆ خوێندنەوەیان ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو. کە چی بڕێکیش شڵەژا بووم. لە ناخدا زۆرم جینگڵ ئەدا. لە ناخمدا هەر شەڕ بوو. شەڕ لە نێوان ئەوانەی پێشوو و ئەم تازانەدا.

لەم لاوە بیروبڕوای لاسووت و ناسووت بە زوبان و ڕەوشتی سەدان و هەزاران ساڵ لەمەوبەر، لەو لاوە باس و خواس و بەسەرهاتی دەرد و مەرگ و شادی و خۆشی خەڵک و مرۆی ئەمڕۆ، بە زبان و ڕاوێژی ئەمڕۆکە. لە نێوان ئەم دووانەدا هەر شەڕ و بەربەرەکانێ بوو. ئەم دوو بەرە جیاوازە پێکەوە نەدەسازان. لە هەموو لایەن و بابەتێکەوە جیاوازییان بوو. یەکیان بە ڕەگ و ڕیشەی چەندەها ساڵە لە دڵمدا، ئەوی دیکە زۆر بۆن خۆش و جوان و ڕازاوە!

یەک لایە بوونەوە زۆر دژوار بوو. نەمدەزانی ئاخر و ئەنجامی چۆن دەبێ! دەبێ بە چی و بە کوێ دەگا. هەمیسان دەمخوێندەوە، دەمخوێندەوە. بە ڕۆژ کتێبەکانی نێو کۆخە ڕەش و بە شەو کتێبەکانی قادر. هەمیسان ئەو

کۆخە رەشە و ئەو مەدرەسە خۆشەم دەدایە بەر زەین. پێکەوە هەڵم دەسەنگاندن. تێ‌یان دەڕوانیم و لێ‌یان دەفکریم. بەرە بەرە لە خوێندنەوەی بە دزە دزەی کتێبەکانی قادر وەڕەز بووم. لە ناخمدا شەرمەزار بووم، پێم وابوو کاری نەهێنی و بە دزە دزە ناحەز و ناپەسندە. ئەویش کتێب خوێندنەوە! نێزیک حەوت هەشت مانگ تێپەڕی بوو، رۆژێک دەست لە دەست و قەوەت لە خودا بە میرزام راگەیاند سپا کتێبی باشی داوە بە قادر بی‌خوێنێتەوە. قادریش زۆریان تاریفات دەکا. ئیزنم بدە منیش لێ‌یان وەرگرم و بی‌یان خوێنمەوە.

میرزا پرسی: نێوەکەیان دەزانی؟ وەڵامم داوە: یەکیان نێوی «سەیاحەت نامەی برایم بەگ» ـە. سێ و دووی نەکرد و نەیکردە نامەردی! بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی مستێکی بە نێو دەممدا کوتا. دەمم پڕ بوو لە خوێن. خوێن بە لالێو و چەناگەمدا بەرە و مل و سینگم شۆڕاوگەی کرد. نەڕاندی بە سەرم دا: «وەڵا باشە. هەوای کتێبی کوفر و زاللە لە سەری داوە!»

زۆری بە سەرمدا نەڕاند و گوڕاند. زۆری هەڕەشە و گوڕەشە لە سپا و قادر کرد. بە بۆنەی شوتنەوەی خوێن و خوڕی دەم و پەلمەوە خۆم گەیاندە قادر و هەموو شتێکم بۆ گێڕاوە. دەمزانی دەرکیان پێ دەگرێ. لەگەڵ قادر تەگبیرمان کرد چۆن وەڵام داتەوە. بەڵام هەڵلایەکی گەورە ساز بوو. بابم نێو کتێبەکان و کۆخەکە و نێو هۆدەکەی ماڵەوەم گەڕا. لەگەڵ بابی قادر نێو کتێبەکانی قادریش گەڕا. خۆی کوتەنی لە کتێبی زاللە دەگەڕا! بەڵام چی گیر نەکەوت و هەڵلا زوو نیشتەوە. زیاتریش لە بەر ئەوەی بابم بە سپای نەوێرا و لە ترسی وی گەورەی نەکردەوە. لەوە دووا لە من بە شک و دڵ کرمێ بوو. زوو زوو نێو کتێبەکانی دەپشکنی. نێو کۆخ و هۆدەکەم دەگەڕا. متاڵا و

دەورە کردنەوەکەمی لە ژێر چاوەدێری‌یەکی زۆر ورد گرتبوو.

بەڵام من؟ وەڕەز و عاسی ببووم. قاپم قەوی ببوو. جار نەجارێک وەک وڕێنە دەم درکاند: کتێبەکانی قادر خۆشن، باشن. شتی بە کەڵک و بە نرخیان تێ‌دایە. باسی شتی ئەمڕۆ و ئەم سەردەمایە دەکەن. بڕێکیانم خوێندۆتەوە. دیسان گیرم کەون دەیان‌خوێنمەوە. جوێنی ئەدامێ. شەپ و گۆچانم دەخوارد .گەپی پێ ئەدام. بەڵام دەست هەڵگر نەبووم.

جارێکیان بابم دوو سێ بەرگ لە کتێبەکانی قادری لە ژوورەکەم دا وەگیرکەوت. چەند لاپەڕەیەکی لە هەر کامیان خوێندەوە، لە پاشانە سووتاندنی. هەمیسان بە زللە و گۆچان و مستە کۆڵە زۆری ئەشکەنجە و چەرمەسەرێ دام. قەدەغەی کرد لەگەڵ قادر هام وشۆ نەکەم! بەڵام کێ گوێی دایە؟ زۆر جاران لەگەڵ بابمدا لێمان دەبووە شەڕە قسە و باس و خواس! دەرکی بەماڵی بابی قادر دەگرت. پڕوپاگاندەی بۆ دای و بابی قادر و خەڵکی نێو دێ دەکرد. لەگەڵ سپادا باسی کۆنە و نوێ و دوێنێ و ئەمڕۆی دەکرد. بەزمێکی سەیر ساز ببوو. نێو دێ شێوا بوو. ئەم باسانە کەوتبووە نێو هەموو ماڵ و مەجلیسێ‌کەوە.

قادر چوار پێنج جەحێڵی قۆشمەی زۆرزانی وەدووی خۆی دابوو، وەک کەڵە شێری ناوادە و چەشنی کەڵی بوغە لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو مەجلیسێکدا قوت دەبووە. بە ئیشتیا قسەی خۆی دەکرد و کێچی دەخستە کەوڵی زۆربەی خەڵکی دێوە! بە تایبەت پیرەکانی جاڕز کردبوو! نێویان نابوو: «کەڵ بەش» جاروباریش پێ‌یان دەکوت: «قیبتی».

شەڕ دەکرا و شکات بۆ شار دەچوو. ئاشت بوونەوە دەهاتە گۆڕێ و شەڕ دەنووست، بەڵام هەڵلاّ تەواو بوونی نەبوو. سپاکە لە دێ ڕۆیی بەڵام کتێب هەر دەهات. قادر بۆ خوێندن ڕۆی بۆ شار، بەڵام حەوتوو بە حەوتوو

هەر دەهاتەوە. قسە و باسی ساز دەکرد، کتێبی دەهێنا. کوڕەکانی هاوەڵ و هاوبیروڕای خۆی وەکۆ دەکرد. جاری وابوو لە شارەوە هاوەڵی شارستانی و زۆرزان و قسەزانی دەهێنا و مەجلیسی دەگرت. هاوەڵ و جەحێڵ و خوێندەواری وەکۆ دەکرد. قسە وباس و پڕوپاگاندەی بۆ دەکردن.

سپایەکی تازە هاتبوو. بەڵام بیرو ڕای وەک ئەوی پێشوو نەبوو. تەنانەت جارێک لەگەڵ میرزای بابم کەوت و ئەمنیەی هێنایە دێ. ئەمنیەی بەگژ قادر و هاوەڵەکانی داکرد. قادر قۆڵبەست کراو بردیانە شاری. بەڵام چی‌یان بۆ نەچووە سەرێ! پێت وایە قادر لە شار چی وەڵامی پاسگاو دادگا داوە؟ جەحێڵەکانی دێ وا لەگەڵی داگیرابوون، دەیان گێڕاوە، دەیانگوت: قادر لە پاسگاو دادگا یەک بە خۆی بە سەر پیاوی دەوڵەتی دا دەنەڕاند و دەیگوت: فەلای ئازادم، ئازاد کراوم. بۆ هان دانی خەڵک بۆ خوێندەواری تێدەکۆشم. ئێوە بۆچ دژی یاسان؟ خایەنن؟ شکاتتان لێ دەبەمە سازمانی ئەمنیەت. پیاوی دەوڵەت وای لێ ترسابوون نەیان دەزانی چۆنی دەست و لاق ماچ کەن و چۆنی داوای لێبوردن لێ بکەن. کەس نەیزانی دەوسێ چۆن بەسترا و هەزار جنێو بە پاسگا و ئەمنیە درا. مەیدان ئاوەڵاتر ببوو. پڕوپاگەندەی قادر پەرەی گرت. میرزای بابم ئاکاری دەگۆڕی. شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ من دەگۆڕی. دەستی لە ئەشکەنجە و ئەزرەبە و جەزرەبە هەڵدەگرت. کەمتری متالاّ پێ دەکردم. لەگەڵ خۆی شار و دێهات و مەجلیسان و شاخ و باخ و بێستانی دەبردم!

زۆرم لە بابەت بیروڕا جۆراوجۆرەکان بۆ دەدوا. گوێم بۆ رادەگرت، بەڵام جاروبارەش جوابە جەنگەیم دەکرد. قسەم وەبەر قسەی ئەدا. بە تەوسەوە دەمگوت: «دلایل قوی باید و معنوی، نە رگهای گردن به شدت قوی!»

قسەمان لێ هەڵدەبەزیەوە. کێ برکێی بیرو بڕوا وەک چنگەپڵماسکێ و شەڕە دەنووکی لێ دەهات. بابم هەمیسان بۆ ئاخر ڕێگە و چارەسەری، شەقە زللە و شەپ و گۆچانی دەهێناوە گۆڕێ!

لە گوێی جاران لە دوورەوە دەهات، بە خۆبادان و متمانەیەکی تایبەت. عابا ڕەشەکەی لە بادا دەشەکاوە، دەشنێوە. چەشنی خەرتەلێکی باش کە بە سەرکۆلاندا بفڕێ، خێوەتی لە سەرکۆلان هەڵ ئەدا و پان و بلاو دەبۆوە. کۆلانی دادەگرت و پڕی دەکرد. سێبەری خەم و خەفەت و خورپەی بە سەر دڵ و دەروونمدا رادەکێشا. دیسانەکە وەک جاران چنگە زەلام و بە هێزەکەی دەهاویشت، پڕ بە مست گوێچکەیەکمی دەگرت، دەیکێشا و بای ئەدا. بە دووی خۆی دا دەیکێشامەوە نێو کۆخە ڕەش وبەتاڵەکەوە. لە نێو تاریکانەکەدا بە سەرم دا دەینەڕاند «یان دەت تۆپێنم، یان ڕێگەی راستت پێ دەسەلمێنم. بخوێنەوە دەی. بەرز و بڵیندی بخوێنەوە با گوێم باش لێت بێ چی دەخوێنیەوە».

خۆم بەزیو دەنواند! سەر لە نوێ وەک جاری جاران، دەمخوێندەوە. بە دەنگی بڵیند ، جاڕز و وەڕەز. دیسانیش چاو پڕ لە ئاو دەبوو، دەکەوتە ڕەشکە و پێشکە . دیسان زبان دەماسی و دێڕ و هێڵ و پیت و وشەکانی لێ هەڵە دەبوو. تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو. دیسان تووڕەیی و جوێن و کوتان و گۆچان. ئیدی لە شورت و شۆ تێپەڕیبوو. وەزیعەت نەبوو، مردن خۆشتر و باشترا جاروبار بە دزیەوە دەچوومەماڵی قادر. دایکی دەرکی دیوەکەی قادری بۆ هەڵدەگرتم. دەچوومە ژوورەوە. مەتالای کتێبەکانی قادرم دەکرد. هەر کا قادر دەگەڕاوە بۆ دێ، ئیدی ئەوە جێژنە بوو. وەدەر دەکەوتین بۆ نێو باخ و سەرشاخ. شەوانە لە ژوورەکەی دا وەکۆ دەبووینەوە. کتێب و گۆڤاری تازەمان دەخوێندەوە. قسە و باسمان لە سەر دەکردن. لە

کوردیکا @kurdica

پاش گەڕانەوەی قادریش بۆ شار، کتێبی بۆ دادەنام.

ئەم کتێبانەم لە ماڵە خۆمان حەشار ئەدا و شەوانە لە پاش ماڵ خەوتن دەمخوێندنەوە. کاری بە دزە ئاشکرا دەبوو. دەشێوا. دێ دە شێوا. باس و خواس و شەڕەقسە دەسی پێ دەکردەوە. بەڵام ئەمڕا قاپم قەوی‌تر ببوو. تەوس و تووانجم دەهاویشت و شەڕ و قوونە شەڕم دەکرد.

جوابە جەنگەی میرزام دەکرد و بگرە بتوانم بڵێم قەڵسەم لێ دەگێڕا. کۆخ و متاڵای نێو کۆخ لێم ببووە دێو و درنج. مووچڕکم پێدا دەهات بڕۆمە نێو کۆخ و متاڵا بکەم. نێو کۆخم پێ پڕ پڕ لە ئەوانگەل بوو! نەدەچوومە متاڵا. خۆم دەدزیەوە و خۆم لەولاو لا دەخافلاند. بۆ جارێکی دیکەش بابم چەند کتێبێکی لە ژوورەکەمدا دیتەوە. ئەوانە هی خۆم بوون. لە سەفەرێک دا بۆ شار کڕیبووم. زۆرم خۆش دەویستن. میرزا بە شەپ تێ‌بەری کتێبەکان بوو. هەشاوڵم بردنێ هەڵیان گرمەوە. بە دەستەوەی گرتن و نەیدامەوە. رۆیشتە حەوشە و داوای نەوتی کرد! دەیهەویست بیان سووتێنێ. ئاگر لە دەروونم بەر بوو. گڕ لە دڵ و دەروونمەوە بڵێسەی کێشا. جا چۆن؟ کتێب سووتاندن؟ ئەویش ئەم کتێبانە! شەڕ و ئاشتی تالستۆی، دیوانی گۆران و هێمن و شاملو، مێژووی ئەدەبی جیهان؟ بەرگێک لە مێژووی شارنشینی ویل دورانت. چۆن ئەمانە بسووتێنێ و من چ نەڵێم؟ ئای دڵی خافڵ، هەیهات هەیهات، کوڕە خوێڕی کوانێ هەڵمی پیاوەتیت؟ کوانێ ئینسانیەتیت؟ رۆژی غیرەتە، نەهێڵی، نەهێڵی! لە نەکاو، بە پڕتاو هاشاوڵێکی دیم بردە نێو دەست و پەلی بابم و کتێبەکانم لە چنگ دەرهێنا. بە غاردان لە ماڵ وەدەر کەوتم. بردم و دامنە دەست دایکی قادر بۆم حەشار دات. جۆگەلاوێک لە خوار ماڵانەوە بەرەو نێو باخەکان دەچوو. ئەم بەراو بەری داری چنار و بی بوو. بە قەراخ جۆگەلاودا، لە ژێر سێبەری

دارەکانەوە رووم کردە باخەکان. بەهار لە نیوەی دابوو. سوروشت لەو پەڕی جوانی دا و باخ رازاوە. گەڵای شین و جێگەی شیناوەرد، خوڕەی ئاو، کانی، سەوزەڵان. شنەی شەماڵ و دەنگی مەلان. هەمووی دڵڕفێن و خەمڕەوێن. منی نەدی و بدی و نێو ئەمانە؟ نوقمی زەریای ئەندێش و بیر کردنەوە. زۆر گەڕام و زۆرم جیهان هەڵسەنگاند. دونیا ئاوا جوان و خۆش و بە گەشە و نەشە، پڕ لە نیعمەت و من بێ بەش. ئەمە چاردە پازدە ساڵم تەمەنە. دەبێ رۆژ و شەو لە کۆخێکی ۰تاریک و تنۆکدا، لە ژوورێکی بەتاڵ و حەتاڵ و رەش و چۆل و هۆلدا، هاودەمی جنۆکە و ئەوانگەل خەریکی کارێک بم کە عەیامی باوە ئادەمیش پەسند نەبووە. بۆچ؟ ئەم عیلمە کە من دەیخوێنم بۆچ دەبێ ئاوام بە سەربێنێ؟ بەشێوازیکی ئاوەها ناحەز و ناخۆش! بۆچی؟ ها؟ لە پاش چەند سەعاتێ فیکر و زیکر کە بۆ ماڵێ گەڕامەوە، تەگبیری خۆم کردبوو. چی دی بۆ نێو ئەوکۆخە ناچم. چی دی دەورەی کتێبی بیحار و ئەسفار و ئەنوار و .... ناکەمەوە. لە زووترین کاتیش دا دەڕۆم بۆ شار. لە شار کاریش دەکەم و بەڵکەم بتوانم لە مەدرەسەی شەوانەدا دەرسیش بخوێنم. لەمەوبەر لەگەڵ قادر باسی ئەمانە و ئەم رۆژەمان کردبوو! شارەزا بووم چ دەکەم و دەبێ چ بکەم!

هەرکا ئەم قسەیەم بە دایک و بابم ڕاگەیاند، دایکم لە قلپەی گریانی دا و باوکم دەستی کرد بە هەڵلاّ و هاوار و جوێن و نەحلەت. قاوکەوتە نێو دێ. تەقی‌یەوە، دەنگی داوە. شەڕە قسە لەگەڵ دای و باب و خەڵکی نێو دێ تەواو بوونی نەبوو! هەموو رەجمیان دەکردم. لۆمە و سەرکوتیان دەکردم. من هەر وەندەم بە خوێندەوارەکانیان دەکوت: من هەموو کتێبەکانی ئێوەم خوێندۆتەوە، هەموو بڕیار و پڕوپاگاندەی ئێوەم گوێ داوەتێ، ئێوەش کتێبەکانی من تاقی کەنەوە. دەنا شتێکی دیکە، عیسایی و

مووسایی هەرکەس بەڕێی خۆی!

لە پاش ماوەیەک کە دوو لاقم کردە لنگە کەوشێ کەوە و هەر نەچوومەوە متالای نێو کۆخ، بابم بە ماڵەوە لەگوندە بیچکۆلانەکەمان باری کرد و رۆیشت. رۆی بۆ دێیەکی دیکە. بە قەولی خۆی: کوڕی ناخەلەف و گومڕا سەرشۆڕی کردبوو! لە رووی هەڵنەدەهات لەو ولاتە بڕواتە نێو خەڵک. دەسا لە دێی خۆمانەوە رووی کردە گوندێکی زۆر چەپەک و دوورە چاو. منیش رووم کردە شار. ئاخر مانگی بەهار بوو. کاتی مەدرەسە چوونی شەوانە بە سەر چووبوو. دەبا تا پایز دەستم راگرتبایە. لە شیرکەتێکی جادەکێشان دابوومە میرزا و کاربەدەست. لە وەتاغ و خەرج و مەخاریج دا بوومە شەریکی قادر. لەمەوبەر هەمووی ئەمانەمان تێبینی کرد بوو. هاوینان قادر لە نێوان شار و دێ دا لە هام و شۆ دابوو. زیاتر لە شار و کەمتر لە دێ. چوار پێنج ساڵێک پێکەوە بووین.

دەم دەمانێکی خۆش بوو. گەورەمان بە سەرەوە نەبوو. بۆ هام و شۆ و خەوتن و هەستان و دانیشتن و هاوەڵ گرتن و گۆڕین سەر بە خۆ و خاترخۆ بووین. بە تایبەت لە کتێب خوێندنەوەدا سەربەست و سەربەخۆ. خۆشی و شادی هەر ئەو سەردەمە بوو، ئاخ چ رۆژگارێک! چ شەوگارێک! لەگەڵ بابیشم ئاشت بوومەوە.لە دوای ساڵێک دووان کە دیتی دەرس دەخوێنم و سەنگین و رەنگین و لە سەرەخۆم، کاری چاکم هەیە و لە کۆمەڵ دا بە پیاو چاکم دەناسن، بەرە بەرە کە دەچوومەوە دێ دوور و چەپەکە بیچکۆڵەکە قسەی لەگەڵ دەکردم و جوابی سلاوی ئەدامەوە!

بابم لە پاش ئەم یەک دوو ساڵە، هەرکا دەهاتە شار، دەهاتە ماڵەکەی من و قادر. ماڵیشی گەڕایەوە بۆ گوندەکەی پێشوومان. لە خوێندن دا زۆربەی پۆلەکانی مەدرەسەم، هەر دوو پۆل بە ساڵێک دەخوێند. لە ئاکامدا

لەگەڵ قادر لە ساڵێکدا و پێکەوە دیپلۆممان وەرگرت. لە پاش کۆنکووری زانکۆ قادر بۆ زانکۆی مەهەندیسی دەرچوو، منیش چوومە زانکۆی دوکتۆری. لە زانکۆدا بیروڕا و ئاکارمان یەکی نەدەگرتەوە! قالە بێجگە لە جەفەنگ و دەرس خوێندن و وەرگرتنی بەرگەی مەهەندیسی کاری بە چی دیکە نەبوو. کتێب خوێندنەوە و موتالاّی بێجگە لە دەرسەکانی وەلانا. بەڵام من چوومە ڕێبازی رامیاری و سیاسەتگێران .گیرام و بەردرام، گیرام و بەردرام، تاکوونێ لە ساڵی چواری زانکۆدا بە زۆر بردیانم بۆ ئیجباری. لە پاش دەورەی ئیجباری شیرکەت و زیندان و خوێندن. تا وەرگرتنی بەرگەی دوکتۆری. بەڵام قەت دووکانی دوکتۆریم نەکردەوە! هەمیسان زیندان و شیرکەت. لە ئاکامدا ئەوا بە شاربەدەری، لەم دڕگەیەدا لە خزمەت تۆدام.

بێ دەنگ دەبێ. سەر و جگەرە دادەگیرسێنین. هەڵدەستێتە سەر پێ. لە دەربیجەی پەنجێرەکەوە سەر دەباتە دەرێ ساتێک لە دەرێ دەڕوانێ. ئەوا هاتەوە لە سەر جێیەکەی هەوەڵێ دانیشت. دوو سێ مژی قووڵ و درێژ لە جگەرەکەی ئەدا و دەڵێ: لێیان راسپاردووم ئەگین. داکەوم و خۆم لە قەرەی کاری رامیاری نەدەم، ئیزنم پێ ئەدەن دووکانی دوکتۆری دانێم. هەیهات، هەیهات. قاقایەکی زۆر بڵیند و درێژ لێ ئەدات و چەند چەلان سەر رادەوەشێنێ. زەردە خەنەیەک گرتوویە. بزەیەکی وەندە تاڵ کە سەر و گوێلاکی رەش و بۆر داگەڕاوە. ماوەیەکی زۆر بزەی تاڵ و سەر راوەشاندن. زەردەخەنە و سەر راوەشاندن. قاقا، قاقا، قاقا......لە پڕ دەنەڕێنێ. بەرتیلم ئەدەنێ خۆم بفرۆشم. قاقا، قاقا، ئیمان و بڕوام بفرۆشم! قاقا، قاقا... دەیانهەوێ ئیمان و ژیان و جیهانم بفرۆشم! هەیهات، هەیهات.

من سەرم بۆ بابم دانەواند؟ ئەی بۆ دوژمن و غەوارەی چۆن دادەنوێنم؟ چۆنی دانەوێنم؟ هەیهات! بەیان، رووناکایی کازیوە. شنەیەکی

خۆش. سوار بوونی ماشێن و گەڕانەوە بەرەو دڕگە. ژنان و پیاوانی ئێرەیی رووت و رەجاڵ. تێک شکاو. تەوێڵ بیچکۆڵە و پڕ لە گنج و لۆچ. روخسار وشک و رەش و خەمبار. بۆنی خویٚ و زەریا، گەمی و ماسی و گەناو! دڕگە و ئیمزای دەفتەری پاسگە. ئینجا بەرەو دەزگا و دووکانی حاجی رەزاز. دووکان و عەمار و زارە داپچڕاوەکەیان بۆ قووت دان و هەڵلووشین.

❋ ❋ ❋

دەزگایەکی کۆن و قوڕینە. دیوار لە بەرد و قوڕەسوورە. دەروازە بەرز و زەلام، لە دار و تەختە و گوڵ مێخ. زۆربەی عەیامی ساڵ داخراو. لە برێک عەیام و رۆژانیشدا لە بەر دەرکی ئاپوورەی حەشیمەت. هەموو لە ئاخ و ئۆف و ناڵین و فیغان و هاوار و زەنا زەنادا. جاروبار کرانەوەی دەروازە. هاتنە دەریٚ یان چوونە ژووریٚی نیزامی و قەرەئێخە. ئاکام، رۆژێک لە پاش چەند سەعات چاوەنواڕی، لە نەکاو کرانەوەی دەرکیٚ. وەدەر کەوتنی لووتی ماشێنێک و هاتنە دەریٚی ماشێنیٚ لە دەزگا قوڕینە. هەشاوڵی حەشیمەت بەرەو ماشێن. وێستانی ماشێنی پڕ لە مەشموول. پێکدا نووسانی مەشموول لە نێو ماشێن و حەشیمەت لە دەرەوەڕا. ماچ و مووچ، گەردن ئازایی. دوا سڵاو، دوا هەواڵپرسی. دوا ماڵ ئاوایی دڵتەزێن بۆ ماوەیەکی نەدیار. لاواندنەوەی دایکێک یان بابێک رۆڵە مەشموولە

خۆشەویست و نازدارەکەی. دڵنوایی کردنی مەشموولی بە جەرگ دایک و باب و خوشکی خۆی. دەنده کێشانی شۆفیر، دەرباز بوونی ماشێن. گریانی بە پڕمە و هۆڕەی کەس و کاری مەشموول. بە دووی ماشێن کەوتنی دای و باب. پاش ساتێکی کورت ون بوونی ماشێن. راوێستان و گەڕانەوەی خەڵک و بڵاو کردن و گەڕانەوەی هەر کەسێک بۆ پێ و شوێنێک و بە دووی کار و ئەرکی خۆی دا. ئەمە کۆنترین و دوورترین بیرەوەری منە لە ئیجباری بردنی لاوەکانی وڵاتەکەم.

منداڵ بووم، زۆر منداڵ. بگرە حەوت هەشت ساڵان. پایز بوو. گەڵاڕێزان و سیرەی با. سوورِ و خولْ خواردنی کاغەز و گەڵا و پەڕۆ بە دەس باوە. پیلان گێڕانی خاک و خۆڵ و لە چاوی خەڵک رۆچوون. شەقام بوو یان جادە؟ رێگە خۆڵینەیەکی بێ برانەوە لە نیسێی هەور و هەڵادا. رەنگی شار و رێگە و هەوا خۆڵەمێشی و سارد و سڕ. فڕکەی ماشێنێک. دەنگی گۆرانییەکی زۆر خاو. دەنگێکی دڵتەنگ و پڕ لە خەم و خورپە. هۆنراوەی گۆرانییەکە پڕ لە پەژارە و خوسپە و دەرد و مەینەتی، پڕ لە ناڵین و پەرۆشی. شین و شەپۆڕی ژنێک. لە خۆدان و قژ رنین و ئێخە درینی ژنە. گریان بە بانگ و سەڵا و سنگ کوتانێکی بێ وچان. بە شوێن ماشێن دا راکردن و هەروا گریان و لۆرە و باڵۆرە و بە سەردا کوتان. دەرباز بوونی ماشێن و لە سەرخۆ چوونی ژنە. وەکۆ بوونی خەڵک لەوێ. دڵنوایی کردن و وەسەر خۆ هێنانەوەی. چوونە بەرەەی منداڵێک لە ژنە و کوتنی منداڵ: بۆ دەگری دایەگیان؟! بۆ چ خۆ دەکوژی و دەبڕی؟ کوڕەکەت نابەن بیکوژن و بی‌بڕن. دەچێ بۆ خزمەت کردنی وڵاتەکەمان. ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە. سەربازی چوون شانازییە. دەیجا کە وایە ئەم گریانەی ناوێ!

سەر هەڵبڕینی ژنە. روانین لە کوڕە مناڵەکە. روانین لە گشت ئەو خەڵکەی دەوریان داوە. لە پڕ بە بانگ و سەڵا، بە گریان و باڵۆرە وەجواب هاتن و وەڵام دانەوەی مناڵ:

«دەک کوێراییم دایە. کوڕە رۆڵە تۆ مناڵی، دنیات نەدیوە. نەچوویەتە ئیجباری. تۆ چووزانی لەوێ چی بە سەر رۆڵەی خەڵک دەهێنن؟ تۆ چووزانی لە ئیجباری چ شەو و شەونخوونی و بێ نان و ئاوی‌یەکە؟ چووزانی چ برسێتی و تووتی‌یەک بە سەر سەرباز دێت؟ تۆ دەزانی چەندەها گیر و گرفت و کەند و کۆسپ و مەخسەرە و چەرمە سەری چاوەڕوانی سەربازە؟ لە ئیجباری دا برام کووژرا، مێردم نوقوستان بوو ئەوەتا ئەمڕۆش ئیجباری کوڕی لێ رفاندم و بردی. هەک دایکت کوێرایی دایە رۆڵە، داخوا بۆ کوێت دەبەن و چیت بە سەر دەهێنن! خوا دەزانێ جارێکی دی چاوم بە چاوت دەکەوێ یان نا!

کوڕە رۆڵە تۆ دنیات نەدیوە، ئیجباریت نەکردووە، حەجەمت نەناسیوە. نازانی ئەمانە چ باسە! لە من بپرسە. من دەزانم ئیجباری چیە. ئەی هاوار ئاورم تێبەر بووە، ئاورم گرتووە. دەک کوێر بم رۆڵە، هەک کوێراییم دایە رۆڵە.»

ئەمەش لە بیرەوەریە کۆنەکانی من لە ئیجباریە. ئەو رۆژە بە چاوی خۆم ئەو ژنەم دیت کە چۆن لە سەر عەرزی رەق و تەق کەوتووە! چۆن خۆی لە خاک وخۆڵدا دەگەوزێنێ؟ چۆن خاک و خۆڵ بە سەر خۆیدا دەکات! چلۆن باوەشی بە دار و بەردی عەرزی دادەکات و کوڕە مەشمولەکەی دەلاوێنێتەوە. ئەم دیمەنە لە زەین و دڵی مندا هەرماوە، هەر لە بەر چاومە.

کاتی خۆشم نۆبەم بۆ ئیجباری دەرهات، بردیانمە ئیجباری و دوو

ساڵی عەلەن تەواو، دوو ساڵی رەبەق ئیجباری‌یان پـێ کـردم. ئـەوسا بـە چاوی خۆم دیتم. بە دڵ و دەروون و مێشک و لەش و رۆحـی خـۆم ئـەم ئەزموونەم دیت. ئەمجار زانیم و لێم حاڵی بوو قسەی ژنە چەندە راستە؟

کارەسات ئاوا دەستی پێ کرد. لە شیرکەتێک ئیشم دەکرد. لە دوورە شار و دوورە وڵات. گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆ، بۆ سەردانێک لە دای و باب و هاوەڵان. دووپات کردنەوەی چاو پێک کەوتن لەگەڵ ئـەو کـەسانە و ئـەو شوێنانەی بیرەوەری مناڵی منیان داگرتووە. بۆ هەوەڵ کەڕەتە کـە گـیرفان دوو قرانی تێدایە و دەتوانم لەگەڵ سێ چوار هاوەڵ چایخانە و بەستەنی خانە بچم. سێ چوار رۆژ خولانەوە لە شاردا. لە پڕ قوت بوونەوەی کۆنە ناسیاوێک. وەک مێش لە سەر و گوێلاکم دەنیشێ.

قسە و باس لەم لاو ئەولا دەکات، شێر و رێوی دێنێتەوە. سـەرسام بووم. واقم وڕماوە. چی دەوێ؟ ماندووم! لە چەنەوەڕی و هەڵیتە و پلیتە و درێژە دادڕی ئەم کابرایە. لە ئاکامدا بە عوزرمایی خواستنەوەیەکی زۆرەوە پێم رادەگەیەنێ: فلانە کەس مەشمولی! نێوت بۆ ئیجباری دەرکـەوتووە پێ و شوێنی تۆیان لە من ویستووە. ئاخە سجیل وەرگرتنت لە پازدە بیست ساڵ لە مەوە بەردا بە شاهیدی و زەمانەتی من بوو. ئەوا چەن رۆژە عەجەم دەرکیان پێ گرتووم. پێ و شوێنی تۆیان لێم دەوێ. بەڵام مـن نـەمگوتووە. خۆت رەزات نەبێ نایڵێم! بەڵام زۆرم بۆ دێنن. لە کار و کاسبی‌یان کردووم. چ بکەم؟ چ کەردەن بم؟ تۆ ریگایەکم بنێ بەر پێ!

سبەی دەچمە پاسگە. خۆم دەناسێنم و چارە ناچار بەرگەی حازر بۆ ئـیجباری وەردەگـرم. لە پـاش حـەوت هـەشت رۆژان بـەڕێ دەکـرێم. حەساری گەورەی سیلۆی گەنم. چوار سەد پێنسەد پاساری و خەزایی لە گەمارۆی دە پازدە داڵ و خەرتەل دا. دەرەوەی حەسار دای و بابی خەزایی

و پاساری سەر بە هەنیسک، دەم بە هاوار، چاو بە گریان. لە زۆر لاوە شین وشەپۆر و شیوەن. بالۆرە و بانگ و سەلای گریان. ئێخە دادڕین و قژ و پرچ رنین و سەر و سنگ کوتانی دایک و خوشکی مەشموول. بۆ هەوەل جار دایک و بابم پیر دێنە بەر چاوم! چاو بە گریان دەیان بینم. منیش دڵم پڕ دەبێ. بەڵام دیان بە جەرگ دا دەنێم. خۆم لە دڵ تاسکی دەپارێزم.

وەڕێ کەوتنی ماشێن و ماڵ ئاوایی. لە نەکاو زەنازەنایەکی زۆر بەرز، ناڵینێکی دڵتەزێن و بێ پسانەوە لە لایەن سەدان ژن و کیژەوە. فرکەی ماشێن. گۆرانی گوتنی مەشموولێکی دڵتەنگ. گۆرانی نیزام نیزام. گوێ هەڵخستنی سەرجەمی مەشموول بۆ نیزام و دووپات کردنەوەی سەربەندی گۆرانی:

نیزام نیزامە گیرام بە سەرباز — مەشقم پێ دەکەن لە وڵاتی شیراز
بیکە بۆ خاتر چاکی ئەو گردە — مەمکە بە سەرباز منداڵم وردە
بیکە بۆ خاتر ئەو چاک و پیرە — مەمکەن بە سەرباز بابم زۆر پیرە

من و نوقمی بیرەوەریەکانی خۆم. بیرکردنەوە لە منالی، دێ، چیا و کۆسار، مەدرەسە و هاوەڵەکان متالا و کارکردن. خوێندنەوەی چیرۆک و چیرۆک نووسین. بە سەردا هاتنی تافی لاوی دەرکەوتن لە مەدرەسە. دوور کەوتنەوە لە هاوەڵان.

شیرکەت و ئیش کردن. کرێکاری، میرزایی، بێکاری و ئێستاکەش ئیجباری. دوو ساڵ! حەوسەد و سی رۆژ ئیجباری، بێ هیچ مۆڵەت، وچان، دەرفەت بۆ ئەوەی خۆت بی! بیر بکەیتەوە. کێ بووی؟ کێی؟! مەشموول و بە پۆل گۆرانی نیزام نیزام، من و نوقمی زەریای بیرەوەری. بەرە بەرە هەستێکی تازە. هەستی کەوتنە نێو بیرێکی قووڵ و بێ بن! کاس و مەنگ بوون. هەستی بێ هەستی هەستێک وەک خەو لێ کەوتن و

خومار بوون. تێ نەگەیشتن لەوەی کە لە کوێی؟ خەریکی چی؟ بۆ کوێ دەچی؟

چەند سەعات؟ چەند ڕۆژ؟ چەند شەوگار و ڕۆژگار لەوەها حاڵێکدا، لە تارمایی و تەم و مژێکی خەست بەرێ دا دەڕۆم. مەنگ بوون و پەنگ خواردنەوە. چ حاڵی نەبوون و چ نەزانین. ئەم کاسی و بێ هەستی‌یە چەنێک دەخایەنێ؟ ڕۆژێک؟ مانگێ؟ ساڵێک؟ نانانا! تەواوەتی عەیام و سەردەمای ئیجباری. ڕۆژێک لە پاش بەگژ یەکدا چوون لەگەڵ گوروبانێک، ئەفسەرێک پێی کوتم: لاسار مەبە، شەڕ و جوابە جەنگی مەکە. تێکت دەشکێنن، وردت دەکەن. ئەمانە هەر لە بنەڕەتەوە مەبەستیان ئەوەیە سەرباز تێک بشکێنن، وردی کەن. لە وەی کە هەیە، بە هەموو خوو و خدە و ئاکار و کردەوەی خۆیەوە، بە هەموو بیر و بڕوای خۆیەوە، هەڵی وەشێنن. داری لە سەر بەرد و گۆشتی لە سەر ئێسکی نەهێڵن. شتێکی تازەی لێ دروست کەن. دەعبایەکی عاجیباتی لێ دەربێنن کە مەبەستی خۆیانە. وا بە کەڵکیان بێت. بەشەرێکی بێ مێشک و دڵ و دەروون. بەشەرێک لە ئاسن. یان ئاسنێک لە چەشنی وێنەی بەشەر. دەیانهەوێ تەواوی ئاکار و کردەوەتان بگۆڕن! بتانگۆڕن.

هەمیسان دەکەومە بیرێکی تازەوە. بیرێکی قووڵ و بێ بن، تاریک و تنۆک. بە بیرەکە دا سەرەو خوار دەڕۆمە خوار، دەڕۆمە خوار. وەک بەردێک، کاغەزێک، دارێک، وا لە بیرێکی هاوێی. بە سەرەوە بەردەبمەوە سەرەونخوون، وەک گوللەی تفەنگ، وەک بەردی قۆچەقانی فیکەم دێت و بەرە و خوار دەڕۆم. کاستر و گێژ و وێژتر، مەنگتر و بێ هەستتر دەبم. کاتێک وەخۆ دێمەوە هەست دەکەم گۆڕدراوم. زۆرم پەلەقاژە کرد نەگۆڕدرێم و خۆم بمێنمەوە، بەڵام نەمتوانی! زۆر تایبەتمەندی ئیجباری،

زۆرکەم و کووڕی لە خۆمدا، گۆڕیمی! گۆڕدرام و ئاڵ و گۆڕ بە سەر لەش و ڕۆحم دا هات. بە منالی چوومە ئیجباری، بە پیری گەڕامەوە. زۆر بیر و بڕوای خاوێن و بە نرخم لە دەست چوو. زۆر خوو خدەی بەرز و پەسندم لە کیس چوو! ئەمجار، لە پاش ئەم ئاڵ و گۆڕەی بە سەرمدا هات، شتێکی دیکەم لێ دروست بوو. جا ئەم شتە تازە چەندی جیاوازی لەگەڵ ئەوەی هەوەڵ هەبوو، نازانم. وەندەم لێ روونە کە ئەو ڕۆژەی وا ئیجباریم تەواو کرد و بەرگەی رزگاریم وەرگرت، خۆم نەمابووم. ئەو منالەی هەوەڵ نەبووم. هەر لێم دەپرسی بۆچ گۆڕدرای؟ بۆچ هێشتت؟

کاکی خۆم نەمتوانی، دەرەقەت و دەروەست نەهاتم. چۆن نەگۆڕدرێم کاتێک ئەو سەربازە دەست تەنگەی تیخ و بۆیاخم دەدایە، شۆفاری لێ کردم! کاتێک ئەو سەربازەی بە نەهێنی یارمەتیم بۆ کۆ دەکردەوە، بە کوڕە دەوڵەمەندێک دەرچووکە دای و بابی پووڵ و پارەیەکی زۆریان بۆ دەنارد. کاتێک ئەو سەربازەی یارمەتی خواردەمەنی و پووڵ و جگەرە و تیخ و بۆیاخیم ئەدا، دزی لێ کردم. کاتێک ئەو سەربازەی دوو ساڵ هاوەڵ و هاوتەختم بوو، جنێو و تەوس و توانجی بۆ زبانم دەنارد! لێم گەڕێ با دەردە دڵ نەکەم. با دڵم هەڵنەڕێژمە دەرێ. چی؟ ئیجباری؟ لێم دەپرسی بۆچ هەر دەڵێم ئیجباری! جا خۆ کاکە من نالێم تۆ بڵێ. لە شەقام و کۆڵان بە ڕەش بگیر بتگرن، بێ ڕەزامەندی خۆت بتبەن بۆ دوور وڵات چی نێو دەنێی؟ ها؟ نانا پاشەکشە مەکە لە ماڵ دەردەکەوی بڕوێ بۆ ئیش کردن. بۆ پەیداکردنی دوو قڕانە پووڵی خوێری، بۆ نانە وشکەی دای و بابی پیرت، ژنی رووت و ڕەجاڵ و منالی وردت. ناخافڵ و لە نەکاو دەتگرن. قۆڵ بەست دەتبەن بێگاری دەوڵەتت پێ دەکەن. بێ جیرە و مواجب! بێ مووچە و قەرار و بڕیە. بێ ئەوەی بزانی ئەم دوو ساڵە دای

بابی پیر و ژنی برسی و منالّی بی جل و بەرگت چۆن بەڕێ دەچن؟ چی دەخۆن؟ لە کویێ وەدەست دێنن؟ چیان بە سەر دێت؟ ئەی کاکی خۆم ئەوە بە زۆرەملی و ئیجبار نیە؟ بە زۆر نیە؟ ئەمە زوڵم و بێداد نیە؟ ها؟ تۆ بڵێ چیە؟ تۆ چ نێوێکی لێ دەنێی؟ ئەوە شاربەدەر کردنە! بە دیلی و یەخسیری و کۆیلەیی گرتنە. کاکی من ئەمە ئیجبارییە. ئاوەها بوو کە قسەی ژنەم لێ وەراست گەڕا، کە تێگەیشتم ئیجباری یانی چی؟

ئەم چایەش بخۆ زاگرۆس! پاڵ بە دەستمەوە مەنێ با تاڵ نەبم! ئەی بۆ چ جگەرە ناکێشی؟ خۆ لەمەوبەر زۆرت دەکێشا. بەستە جگەرەکەت دەرێنە دۆستی ئازیز. جگەرەیەک ئاگر دە. جگەرەیەکیش بدە بە من. ئەم جگەرەیەی تۆ شتێکی دیکەیە، تامێکی دی هەیە! دوکتۆرانەیە. ئا دەس خۆش. جا دووکەڵەکەی بلاوکەوە. قانگم دەو قانگت دەم. با بزانین خودا بە کێی ئەدات. بزانین کێ دەیباتەوە! بەڵام ئەوەش بزانە کە من زۆر گیان سەختم. پێت وا نەبێ دەرووەستم دێی!

پێش ئەوەی داوەتی شای شایەتینیکان بدینم، رەنگ بێ رووداوەکانی جۆراوجۆر هەستی شاد و ناشادیان بە دڵمدا هێنابێ. حەتمەن هێناویانە! لەوە خاترجەمم. بەڵام پاش دیتنی ئەو داوەتە بۆ جارێکی دیکەش گۆڕدرام. لە حاندی خۆم و چارەنووسی خۆمدا بوومەتە بەرد، بگرە ئاسن و پۆڵا! بەڵام بۆ خەڵکی دیکە بوومەتە منداڵێکی سەر بە هەنیسک و چاو بە فرمێسک و دڵ بە کوڵ. بۆ نەهاتی خۆم، لە شەرم و مەترسی زبان و فیکر و دڵی خەڵک، سەرێک دەلەقێنم! ئاخێک هەڵدەکێشم. شادی و ناشادی یان بوغز و تووڕەیی‌یەک بە زبان و حاڵەتمدا دێت. بەڵام بزانە و ئاگەدار بە، دێ و دەڕوا! تەواو بوو.

دەسا بەڕێزەکەم نسحەتی چم دەکەی؟ من تۆ نسحەت و ئامۆژگاری

چی بکەم؟ لە چی و لە کێ و لە کوێت بترسێنم؟ نانا، دەس ڕاگرە، چ مەڵێ. قسەم لە دەم مەڕفێنە. جارێ نۆرەی منە دڵ و دەروون و هەناوم هەڵڕێژم. هەرکا نۆرەی تۆ هات، تا ئێوارێ، تاکوو سبەی نیوەڕۆ و سبەی ئێوارێ قسە بکە. ئادی کاکی خۆم. یانی نانا، کاکی خۆم نا، هەر وەک نێو خۆتان، بەڵێ یۆڵداش! دەزانم وات پێ خۆشترە! دەیجا باشە دڵت ناشکێنم یۆڵداشت پێ دەڵێم. خۆ هەزار ماشەڵڵا و هەزار شوکور من دەعبایەکی هێندە عاجیباتیم کە لەگەڵ هەموو بوونەوەر و جانەوەرێک لە ئاشتی و یۆڵداشی و برایەتی دام. دەبا لێ گەڕێین و بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. باسی خۆم و خۆت. یانی خۆتم لێ دەگۆڕی؟ بەقام پێ ناکەی یان بە شێت و گەوج و لەوج و منداڵم دەزانی؟ کوڕە ڕۆڵە، بەرخۆلەکەم! لەگەڵ مندا بە ڕاستی وەرە کەوان. جارێ دوو چای دیکە تێکە. بەڵام لە بیرت بێ چایەکەی من نیوە ڕەنگ بێت نە ڕەش و نە زەرد. من لە چای ڕەش و تاڵ و هەروەها لە چای زەرد و ئاوەکی چێژێک نابینم. بۆ هەمیشە لە بیرت بێ چای نیوە ڕەنگ.

باسی شاربەدەرم بۆ دەکردی. بەو بڕوایە گەیشتووم کە ئینسان شاربەدەرێکە لەسەر ئەم کوورەی زەوی‌یە. نەک خۆم و چارەنووس و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی خۆم بەم بڕوایەی گەیاندووم، نا نا بە هەڵە نەچی. مەبەستم تەواوەتی ئینسانی سەر کوورەی زەوی‌یە! چ لێرە و لەم دڕگەیەدا، چ لە وڵاتی خۆمان و چ لە نێو دای و باب و خوشک و برا و هاوەڵ و ژن و منالی هەموو ئینسانەکان دا.

تۆ قەت بیرت لە چیرۆکی دایە هەوا و باوە ئادەم کردۆتەوە؟ لە نێو هەموو کۆمەڵە بەشەرەکاندا ئەم چیرۆکە هەیە. مەگین ئەمانە جێگەیان بەهەشت نەبوو؟ تەرخان خۆر و حازر خۆری بەر سێبەر نەبوون؟ مەگین لە

تەڕ نەیان دەخوارد و لە وشک دەخەوتن؟ ئەمە تاکوو کەنگێ بوو؟ تا ئەو دەمەی کە چاو و گوێ قووچاو بوون! تا ئەو دەمەی گوێ لە مشت بوون. ئەی بۆ چ لە گەڵکوو چاو و گوێیان کراوە و لە گوێ لە مستی دەرچوون لە بەهەشت وەدەر نران؟! چی بوو خواردیان ؟ گەنم، هەنار، سێو یان هەر شتێکی دیکە! دەی ئەمانە کامیان مەی و مەزە و ئارەق و شەڕابە؟ کامیان ئەقڵ دەگۆڕێ؟ کامەیان زیبانی گیانی و دارایی پێوەیە؟! هیچیان. دەسا کە وابوو ئەی بۆچ شاربەدەر کراون؟

چونکێ نافەرمانی و تۆغیانیان کردبوو؟ یانی گوێ لە مستی‌یان قەبووڵ نەکردبوو! دەسا یۆڵداش ئەمە ئاشیرە و ئاماژەیەکە بۆ هەموو کەس، لە زەوی و لە ئاسمان. گوێ لە مشت بە، چاو بەستە، زبان گرێ دراو، لە تەڕ بخۆو لە وشک بخەوە. نا! وا نابی و وا ناکەی؟ شاربەدەر بە. ئەمە هەر بۆ زبان و ئاکار و کردەوە نیە، هەر بۆ ئینسانی رامیار و هۆنەر و نووسەر نیە، ئەمە بۆ تەواوی ئەو کەسانەیە کە چاو و گوێیان دەکرێتەوە. بیر و زەین‌یان دەکرێتەوە. لە ژین دا تایبەتمەندی بیر و بڕوایی، یان ئاکار و کردەوە وەدەست دێنن. دەسا ئەمجار ئەوانە شاربەدەرن. تێ‌رامان و تێ‌فکرین و ئاکاری خۆیان شاربەدەریان دەکات. لە خەڵکی دی ناچن. بەشەری ئاسایی و نۆرماڵ نین. نامۆن! لەگەڵ ژین و ژیان و بەشەری ئاسایی و ساویلکە نامۆن. دەسا شاربەدەر دەبن! شاربەدەر دەکرێن. نامۆ دەکەونەوە، نامۆ دەمێننەوە. نامۆ دێن و دەڕۆن و دەژین. لەو شتانەی خەڵکی دی پێی شادن و تامەزرۆیانن، شاد نابن و چێژێک نابەن!

جاروبار وەک سێبەرێکیان لێ دێت. لە گوێنی سێبەرێک دێن و دەڕۆن. بێ چرپە و خشپە، بێ دەنگ و رەنگ! بێ قسە و باس. بڕێکی دیکەیان نوقوم دەبن. بگرە بتوانین بڵێین ون دەبن و خۆیان لە بیر

دەچێتەوە. لە بیریان دەچێتەوە کێ بوون و چی‌یان دەویست! ئاوەها ژیانێک هەڵدەبژێرین. بەڵام ئەمە هەو نیە. جۆرێک خۆ بەخت کردن و خۆ دۆڕاندنە!

بڕێکی دیکە یان چەشنی چەقۆی دوو دەم، هەر دەبڕن و دەدڕن و دەخۆن و دەکوژن. تاقمێکی دیکەیان ئاگری بن خۆڵەمێشن، ژاڵەمۆن. ئاوی مەندن. ئەمانە هەون. خۆت دەزانی چین! من نایڵێم. خۆت یەکیانی. ئەرێ تۆ خۆت.

دەیجا هەر نایە قسە؟ هەر وەجواب نایەی؟ سەر هەڵ هێنانێک. بە دوو چاوی سوورەوە، سوورن و لە زەردی خوێناویش دەکەن. چاوی گورگ، لە کاتی دیتنی نێچیر دا. بگرە بتوانم بڵێم گوێ‌یەکانیشی قوت بوونەتەوە. لووتی هەڵێناوە، بۆن و مڵ و مۆ دەکا! تێک چووە، خەریکە نێو چاوان تێک دەنێ. لێڵی و رووگرژی روخساری دادەگرێ. هەڵدەستم لە دەربیجەی پەنجێرەکەوە دەڕوانمە دەرێ. لە ژێر پەنجێرەکەدا، لە دیوی دەرەوەی ژوورەکەم، لە کۆڵاندا چوار پێنج کەس جەحێڵ و گەڕاوە خەریکی قسە و باسن. لێ‌یان دەڕوانم. دوویان دەناسمەوە. دەبێ ئەوانی دیکەش لەوان بن! دادەنیشمەوە. زەردەخەیەکی تاڵ لە سەرلێو. سەرم دەلەقێنم: خۆیانن دوکتۆر. کلکیان گەزێک درێژە. بەڵام کردوویانە بە نێو گەلۆزیاندا.

با وا بێت. چی نەدیار و نەهێنی و شاردراوەیە؟ من یان تۆ؟ دەوسێ کەمان یان بیر و بڕواکەمان. دڵ ئاوایە دڵ فەریح و زەریا دڵ بە دوکتۆر. هەستە بابە جووت سەر لە دەربیجە بەرینە دەرێ، تێ‌یان بڕوانین و لە قاقا دەین. جا ئەوسا دەبینین، سمێڵ شۆڕ، کلک لە گەلۆزەبەرە و خوارێ مۆز دەکەن و جاڵە دەبن. لە گەڵ زاگڕۆس بە جووتە، بەرەو دەربیجە. دوو سەر و

دوو مل و چوار شان لە نێوان دەربیجەوە بۆ دەرێ. وت و وێژێکی بە ئانقەست. هەمیسان قاقا، قاقا، قاقا. هەر کا نیوە دزە و نیوە ئاشکرا تێمان دەڕوانن، سەرشۆڕ، لزگەی قاقای ئێمە. خشپەی ڕۆیشتنی ئەوان، زرینگەی قاقای من و زاگرۆس. جاڵە بوون و خێرا ڕاکردنی ئەوان و خرینگەی قەتاری قاقا لە سەر جادەی ئاسن. ون بوونیان لە چاو و هەروا فەڕکە فڕکی مەلی قاقای ئێمە پڕ بە کۆلان!

دادەنیشینەوە. ئاخ کاک زاگرۆس، دۆستی ئازیز، گورگی باران دیدە. من و تۆ ئەرکی سەرشانمانە لەوەی وا هەین دەبێ زیاتر و بەرزتر و ڕەقتر بنوێنین. بۆچ؟ بۆ خۆت لە من باشتر دەزانی و لە من دەپرسی: بۆچ؟ یانی تاقیم دەکەیتەوە! زۆر باشە کوڕی باش وەڵامت ئەدەمەوە. لە بەر ئەوەی لە بەر چاوی دۆست و دوژمنین. شەو و ڕۆژ، دایم و دەرهەم چاویان تێ بڕیوین، تاکوونێ لەترێ، سەرسمێک ، لاتراسکەیەک بدەین و لێمان لە چەپڵە بدەن. دەهۆڵ و زوڕنامان لێ بەدەستەوە بگرن. جا بە گیانی ناخێرت هاتووی و لێم دەپرسی: ئەرێ ئاگات لە دەوسێ کەت هەیە؟ هیچ دەزانی چی‌یان بۆ نووسیوی و چەندەیان بۆ تێ چەندووی؟ ئاخە دۆستی عەزیز من لە سەری خۆم و گیانی خۆم و چارەنووسی خۆم بووردوم، ئیدی دەوسێی چی؟ دەوسێ چیە؟ ولاتی خۆمان گوتەنی: گاڕانیان بە تێکڕا بردبوو، پیرێژن لە مانگا بەڵەکی دەپرسی. بە سەری تۆ، بەگیانەکەت لێ‌یان بوومەتە دڕوو! نایب خودا خودایەتی نەک ڕۆژێ دەقەیەک و ئیمزایەک، حەوتوو بە حەوتووش چاوی بە چاوم نەکەوێ. ئەم زبانە سوورە لاڕێ‌یە ئەوەندەی تەوس و توانج پێدا داوە، لە بەر چاوی هەموو ژێردەستەکانی کوڵۆڵ بووە. دەیجا قوربان، ئەمجار نۆرەی تۆیە. فەرموو بزانم چی دەفەرمووی؟

لە داخی منە ئاوەها دۆش داماوی یان لە بیرەوەری‌یەکی دیکەدا پەنگ دەخۆیەوە؟ واقت ورماوە. لە منیش ناڕوانی تاکوو لە چاوەکانتا هەموو شتێ بخوێنمەوە. قەی ناکە. من زۆر چەنەوەڕ و چەنەدرێژم. لە سەر قسەکەم دەڕۆم تۆ جارێ بیر کەرەوە. بەڵام بیرەکەت زۆر قووڵ هەڵ مەکەنە! نەکا تێی کەوی و تێ‌یدا بخنکێی. باسی ئەوەم بۆ دەکردی کە بیروڕام گەیشتۆتە سەر شاربەدەری . ئاخر چیرۆکەکەشم هەر لە سەر شاربەدەری‌یە. شاربەدەری و ئینسانی شاربەدەر!

سەیرم مەکە و وەک شێت لێم مەڕوانە. ئاوەها کە تۆ لێم دەڕوانی ئێستاکە ناشارەزایەک لێمان وەژوور کەوێ، پێی وادەبێ، یان تۆ شێتی یان من بە شێت دەزانی! واش نیە و هەر دووکمان ساخ و سەلیمین. دەسا کەوایە هێدی و هێمن بەوە. لە سەر جێ‌یەکەت راست دانیشە و جگەرەیەکی دیکەش ئاگر دە. ئاووا.... ئابارەکەڵڵاکوڕی باش. هانێ ئەو چایەش هەڵلووشە.

شەوگاری درێژی پایز. گوڕەی دوو کەو لە رکەی گراوەیەکی زۆر دوور لە وڵاتی خۆیان. هات و چۆی دوکتۆر لە ژوورەکەدا. خاسە کەوی شاخ و داخە چڕ و پڕەکەی کوێستان لە پڕ قاسپەی بەرز دەکات. پڕ بەگەروو دەکەوێتە سیاچەمانە. فڕکەی هەزارەها پاساری و خەزایی و کۆتر و کەو بەسەر کۆڵانی ئەویندا. شنەی شەماڵی بەیان بە سەر قامیشەڵانی دڵدا.

دەک هەزار جار لە رۆحی منت کەوی کەوی وڵاتی ئەوین و سەر بە خۆیی، مەلی کۆساری سەربەرزی، هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمانی سەربەستی. نەشیدی منە بۆ تاریفی تۆ، یان هۆنراوەی هۆرەی تۆیە لە بۆ دڵنوایی و لاواندنەوەی من؟ هەموویەتی و هەمووانە! چونکێ دەنگی زاگرۆسە:

لە دایک بوون و هاتنە سەر دنیا جارێک، ژیان و مردنیش جارێک. «ساکە وایە کەم بژی و کەڵ بژی. لە تەپۆڵک و تالاوکلا بگرە، لە گەندەخۆری تەرکەن پێ بە حاشابە. ئەمجارە هۆبە و هەواری با سەفا باوەشت بۆ دەگرێتەوە*». دەچمەوە سەر گێڕانەوەی بە سەرهاتەکە. ئەو جار تاکوونێ کۆچ کردن لە دێ و گەینە شارم بە درێژایی باس بۆ کردی. بەڵام لە گێڕانەوەی ژیانی نێو شاردا بە قەڵەمباز دەرباز بووم! ئەمجارە بە درێژی باسی چلۆنایەتی ژیانی نێو شارمت بۆ دەگێڕمەوە.

ئاخر مانگی بەهارە و قرچە قرچی نیوەڕۆ. میری هاوین لەشکری کێشاوەتە سەر بەهاری پیر. مانگی گوڵان گراوی هاوینە! کوڵەکوڵی گەرما ئێخە و بەرۆکی زەوی گرتووە. ئاگرباران بەرینگی خەڵک دەگوشێ و شەڕ دەفرۆشێ! خۆم بە کۆڵانی ماڵە ڕەزادا دەکەم. ڕەزا، ڕەزا هەر تکمان بۆ زانکۆی دوکتۆری دەرچووین. کەی بڕۆین و خۆمان نێونووس کەین؟ دەڵێن تاکوونێ زانکۆ ماڵمان ئەداتێ، دەبێ ماڵ بگرین. پێکەوە دەبین! بەڵام باس مەهێنە پێشێ. تۆ بە بیر و بۆچوونی خۆت، منیش بە بیر و ڕای خۆم. هەرکەس بە ڕێی خۆی! بەڵام شەش حەوت ساڵ هاومەزڵی لەگەڵ ڕەزا کاری خۆی کرد. جا شەش حەوت ساڵی چی؟ نەوەڵڵا هەر ساڵی هەوەڵ ڕەزا تیری خۆی وەشاند. لە خشتەی بردم و لەم بارەوە چوومە سەر بارێکی دیکە. خۆی هیچ هاوەڵێکی بوو بە نێوی شۆڕا. جاروبار ون دەبوو. زۆر جاریش وەک بەڵای خودا، پیاو نازانێ بڵێ چی! بە شۆڕا ناکرێ بگوترێ بەڵای خودا، بەرەکەت باشترە، بەرەکەتی خودا. ئاخە شۆڕا ئایە و مانا و بوونەوەی ڕەحمەت و بەرەکەت و چاکە و پاکی بوو. ئەوەم دەگوت

---

* ـ لە زیندەیادی بەرز و بەڕێز هێمن بە قەرز وەرگیراوە.

ئەم کاک شۆڕایە جاروبار وەک بارانی پەڵەی ڕەحمەت بە سەر ئێمە و ماڵ و حاڵماندا دەباری. شۆڕا پەیدا دەبوو. چەند ڕۆژان لە شارەکە دەماوە. یان هەر لەو شارە ئیشی پەیدا دەکرد و دەماوە. جا هەر باس و خواس و مژولیایشی رامیاری و ئەدەبیات و هونەر و چیرۆک نووسین و ڕۆمان خوێندن بوو. کاک شۆڕا دەستی لە هەموو کارێکمان وەردەدا. دەبوو دەرسی دوکتۆری و زانکۆ باش بخوێنین!

دەبوو متالاّی جگە لە دەرسی خۆمان زۆر بکەین و لە سەر هەموو ئەوانەی دەیخوێنینەوە قسە و باس بکەین. دەبێ هام و شۆی کوورەخانە و کارخانە و کارگاکانی دەورو بەری شار بکەین و لەگەڵ کرێکاراندا هەستین و دانیشین و دۆستایەتی و هات و چۆ پێک بێنین. دەبێ هام و شۆی دێهات و مەزرا و باخی خەڵکی دێهات بکەین و ڕوونیان کەینەوە.

شۆڕا هەر چەند خوێندکاری زانکۆ نیە و بگرە پێنج شەش ساڵیش لە ئێمە بە تەمەنتر بێت، بەڵام لە گەڵماندا دۆستایەتی‌یەکی پتەو پێک دەهێنێت. هام و شۆی مەزڵەکەمان دەکات. دێتە زانکۆ و لەگەڵ مامۆستاکانمان لە بابەت وەزیعەتی دەرسی ئێمەوە دەدوێ. دەیان ناسێ و دەیناسن. هەروا کە زاگرۆس باسی ئەم کاک شۆڕایە دەکات لە پڕ رادەچڵەکم. تەزوویەک لە نووکی نینۆکەکانمەوە دێ و بە تۆقی سەرمدا دەڕواتە دەرێ. وەک ئەوەی کارەبا بمگرێ موچڕکێ تەواوەتی لەشم رادەچڵەکێنێ. دەپەڕمە نێو قسەکەی و قسەی لە دەم دەڕفێنم: زاگرۆس، زاگرۆس. دەست ڕاگرە! ئەم کاک شۆڕایە لاوێکی دەستە و سەوزە نەبوو؟ خاڵێک بە حاندی چەناگەی ڕاستی‌یەوە نەبوو؟ زوو زوو زیندانی و شاربەدەر نەدەکرا؟ ساڵی سیفر شاربەدەری بۆتان نەکرابوو؟ لە پاش تەواو بوونی خوێندنەکەی لە شیرکەتاندا کاری نەدەکرد؟ زووتر لە تەمەنی خۆی

سەر و سمێڵی ماش و برنجی نەبووبوو؟ سەری قسە و بنی قسەی دۆستی ئازیز، بەرخۆڵە گیان، خوێڕی گیان نەبوو؟ لە راوێچکە و پیاسەدا دەستی نەدەخستە سەرشانی هاوڕێکانی؟ لە راوێستان و قسەکردندا پێی خۆش نەبوو شان و نێو شان و گوێچکەی هاوەڵەکانی بە دەست راگوشێ؟

زاگرۆس واقی ورماوە. زۆر بە سەیرەوە لێم دەڕوانێ. سەری رادەوەشێنێ و بە جووڵانەوەی لێو بەڵێ بەڵێم بۆ دەکات. هەمیسان دەست دەکەمەوە بە ورێنە: کورە زاگرۆس ئەم کاک شۆڕایە هاوەڵ و برای منە. مامۆستا و خۆشەویستی منە.ساڵی سیفر، بگرە ساڵێک دووان زووتر یان درەنگتر لە شاری ئێمە بوو. دەیانکوت شاربەدەرە. هەر لە خەتی رامیاری و کتێب دابوو. زۆری لە خزمەت دابووم. نسخەتی دەکردم، رێنوێنی دەکردم. لەگەڵی دا زۆر هام و شۆ و هەستان و دانیشتنم بووە. ئەگین خوێڕیەتی و چاوچنۆکی نەبێ، تەنانەت چەندەها جار شێو و نیوەڕۆژەمان پێکەوە خواردووە، داوەتم دەکردە ماڵ خۆمان!

لەبەر ئەوەی بزانی و بۆت دەرکەوێ شۆڕا چەنێک لام پیاو ماقووڵ و بەرز و بەڕێز و خۆشەویستە بۆیە ئەم قسەیەم باس کرد. چۆن تۆ خودا زاگرۆس تۆ دۆست و هاوەڵی شۆڕای؟! داخووا ئێستاکە لە کوێیە و چ دەکات؟

لە وتن دەکەوم. سەر هەڵدەبڕم و بۆ وەڵامی پرسیارەکەم لە زاگرۆس دەڕوانم. فرمێسکێکی زولال بە شۆڕاوگە لە کانی چاوەکانیەوە هەڵدەقوڵێ و چەشنی ئاوی روونی سەر خیزەڵانی رووبارێک بە گۆنا و روومەتی دا بەرەو چەنەی دەچێ. لە چەناگەشیەوە دەبێتە تافگە و خۆی بەرەو راخەری ژوورەکە هەڵدەدێرێ. لێوەکانی هەڵدەقرچێنێ و بە دیانەکانی دەیانگەزێ

کوردیکا
@kurdica

تاکوونی بەری گریانەکەی بگرێ. هەرای لێ دەکەم: زاگرۆس زاگرۆس کورە نامەردت نەکەن پیاوی، دنیات دیوە، سارد و گەرمی ژیانت چێشتووە، ئەم گریانەت لە چیە؟

چ لەوە زیاتر خۆی پێ راناگیرێ. بە هەنیسکدان و پرمەی گریان وەر دەسوورێ و پشتم تێ دەکا. هەڵدەستێتە سەر پێ. گوێچکەکان و ئەم لاولای سەری لە نێو بەری دەستەکانی دا دەگوشێ و دێ و دەچێ. شانەکانی دەلەرێنەوە، لەرینەوەی چی؟ شانەکانی هەڵبەز دابەزیانە•لە ژوورەکە دەچێتە دەرێ. کوڵی غەریبی و خەم و خەفەت ناخم دادەگرێ. هەڵدەستمە سەرپێ و بەرەو ئاوێنە دیواری‌یەکە دەچم و لە خۆم دەڕوانم. ئاخ ئەی دڵی خافڵ خۆ منیش لە هۆڕە هۆڕی گریان دام. خودایە، خودایە چ نەهێنی‌یەکە؟ چ قەوماوە؟ ئەم گریانە لە کەنگێ و لە کوێ‌وە هاتووە؟! بۆچ ئەم هەست و حاڵەتە گەمارۆی داین؟ چ قەوماوە؟ چ نەهێنی‌یەکە؟! لە دەرەوە، لە پشت دەرک و پەنجێرەی ژوورەکەم. لە حەوشە و حەساری ماڵەکەم و لە کۆڵان و شەقامەکانی ئەم گراوەدا، رەوە ئەسپی بۆر و رەش بە حیلە حیل و جووتە هاویشتن و چەپۆکان لە رمبازێن و غارغارێن دان. ئەسپ لووشکە و لەقە و جووتە لە سەر و گوێلاکی شار و زیندەوەر و بوونەوەری شار رادەکێشن. لەگەڵ خۆیاندا تۆز و خۆڵ هەڵدەستێنن، خۆڵەمێشی مردوو بە با دەکەن. خۆڵەمێشی مردار و مردوو بە سەر شاردا دەپرژێنن. توێژێ خۆڵەمێشی تەرمی مردووە سووتاوەکان و خۆڵەمڕەی تەرمە مردووەکانی دیکە وەسەر شار دەکێشێ و لە سەر هەموو شتێ دەنیشێ. هەموو شتێک رەنگی مردوو دەگرێت. هەوران بە گازە گاز، پۆل پۆل و رەوە رەوە ئاسمانی شار دادەگرن. هەر دێت و پەتەوتر دەبن و قورستر چۆک ئەدەنە سەر سنگی خەڵکی شار. هەر خەڵکە و کەوتوونەتە کۆخە

کۆخ و پشمین. سەر بە هەنیسک و چاو رەشکە و پێشکە و لەش لەتر بەستن و سەرسمدان. هەر خەڵکە و لە ئەژنۆدان و دانیشتن و هەستانەوە. خەڵک لە شەقام و کۆڵان کۆخەی مردنیان هاتۆتێ. دەکۆخن و دەرشێنەوە. رەوەی هەور و هەلاّ و رانەی شەپۆلاو شەپۆلی بای چنگن سنگ و بەرۆکی گرتووین. دەرچوون و دەرەتان و دەربردن چەتوونە. لەم رەوەز و بەردەلاّنە هەنگاو هەڵێنانەوە دژوارە. ئەویش بە سەر ئەم گشتە تەرمەدا! ئارەقەی سارد و سڕ ئازای ئەندامی داپۆشیوم. هەموو مووی لەشم لە سەرمانە سیخ وێستاون. بە کۆخە کۆخ و کەوتن و هەسانەوە، لە پاش ئەم هەموو پەرۆش و رشانەوە دەگەمەوە ماڵێ.

هەشاوڵی هەستی خەم و خوریە و بیرەوەری شۆڕا لە لایەکەوە، وەزیعەتی ئەم شار و تۆفان و هەور و هەلاّ و تۆز و خۆڵە لە لایەکی دیکەوە دەرەتانیان لێ بریوم. ئەم لاو لاو شەش بەریان لێ گرتووم! ئیدی نە دڵ و دەروونی دانیشتن و نە وزە و تاقەتی گوێ دانە بەسەرهات و سەرگورەشتە گێڕانەوەم هەیە. خودا بکات زاگرۆس ئیزن بدات مات و بێ دەنگ دانیشین! راکشێین، سەر بنێینەوە، بخەوین، بمرین! با بزانین ئەم چنگنە هار و دڕە کەنگێ سەر و دڵمان بەر ئەدات؟ والۆرەکە هەڵ دەکەم. کەتری ئاوەکەی دەنێمە سەر و جگەرەیەک دادەگیرسێنم. لە سووچێکی لای سەرەوەی وەتاغەکە دادەنیشم. دەکەومە ماڵی ئەندێش و بیرەوەریەوە.

ئەم وەزیعەتە چ مدەو چ ماوەیەک دەخایەنێ؟ نازانم، نانا، نازانم. لە پاش تەواو بوونی جگەرەکە رەنگە خەویشم لێ کەوتبێ! ئەگینا خەونووچکە بردوومی یەتەوە. چونکێ لە نەکاو رادەپەڕم و تەمەشادەکەم زاگرۆس چایی تێ دەکات. زاگرۆس مڕ و مۆچ و بێدەنگ کەشەف لەبەر

دەست، قەندان و پەرداخ و ژێرپیاڵە لە سەر کەشەف، پەرداخەکان لە چایی پڕ دەکات و دێتە بەرەوە. پەنجەیێک بە سەر شانمدا دەکێشێ و هەرام دەکاتێ: هەستە چا بخۆوە لالۆ. هەر لە جێگەی خۆمەوە کەمۆکێ دەجووڵێمەوە.وەڵامی ئەدەمەوە: نەنوستووم یۆڵداش. بە خەبەرم. داینێ دەستت خۆش بێ. لە بیرت نەچووبێ چایەکەی من چ رەنگ بێت؟ لە چ بیر و ئەندێشێک دایە؟ لە رەنگ و روخسار و نێوچاوانیەوە چ وەدەر ناکەوێت. نازانم هەشاوڵی هەستی خەم و خوریە بەری داوە یان نا. لە گوێنی بەرد و ئاسن و پۆڵا دارژاوە. چەشنی پەیکەرەیەک لە مەفرەق و بێتۆن وایە. دوو جگەرەی داگیرساو بە دەستەوە بەرەو رووم دادەنیشێ. جگەرەیەکیان بە نێو لێوەکانمدا دەکات و جگەرەیەکیان بە لالێوی خۆیەوە. چایەکیشم لە بەر دەم دادەنێت. وشک و رەق دەکەوێتە قسە کردن:

ئاووا؟! کەوابوو تۆش لەگەڵ شۆڕا هاوەڵی! کەنگێ بوو؟ لە شاری ئێوەدا چی دەکرد؟ چاو لە چاوم دەبڕێ. چاوەنواڕی وەڵامی منە. قومێک لە چای پەرداخەکە هەڵدەلووشم. مژێک لە جگەرەکە ئەدەم و دەڵێم: دەور و بەریساڵی سیفر دوو سێ ساڵێک لە بۆتان بوو. دەیان گوت شار بەدەرە. لە شیرکەتێکدا کاری دەکرد. هەوەڵ جار لە چایخانەیەکی قەراخ شاردا چاوم پێی کەوت. هەر لە وێشەوە دیوناسی و دۆستایەتیمان پێک هێنا. دەهاتە چایخانەکە. ماوەیەک سەیر و سەرنجی مشتەری چایخانەکەی ئەدا. جاروبار ماوەیەک لەگەڵیان ئەدوا. زۆر لەگەڵیاندا هاوەڵ و نزیک نەبوو. بەڵام زۆر بە دەرد و مەرگیانەوە بوو! لە نەخۆشی و سەر ئێشی خۆیان و ماڵ و منداڵیاندا زۆری یارمەتی ئەدان. من تازە لە مەدرەسە چووبوومە دەرێ. دەرس خوێندنم وەلا نابوو. دەمهەویست ببمە چیرۆکنووسی حیرفەیی.

لەو چایخانەدا لە شانی کاک شۆڕا دادەنیشتم. پرسیاری جۆراو جۆرم لێ دەکرد. لە باسی ئەدەب و چیرۆک و هونەر و هۆنراوە زۆر ئەدوایـن. لە پاشان کە دۆستایەتیمان پتەوتر بـوو، زۆرمـان بـاس و خـواسـی رامیاری دەکرد. زۆربەی کات و رۆژان پێی دەکوتم: نـووسینەکـەت لە سیاسەت گێڕان باشترە. لانی نووسین بگرە و بەری مەدە.

هاوەڵی دیکەشمان بوو. هات و چۆ و شەونشینی و متالاٚمان پێکەوە بوو. ئاخ رۆژگار و سەردەمای تـازە لاوی و گـەنجی یـاد و بـیرەوەری‌تان خێربێ، مالٚم هەقە عەیامێکی خۆشمان پێکەوە رابووارد. لە پاش ئەم ئاخ هەڵکێشانە بێدەنگ دەبم. زاگرۆس پەرداخەکان پڕ دەکاتەوە. هەرکا دەبینێ قسەم پێ نەماوە دەس دەکا بە قسەکردن: لە شارەکەی ئێمەشدا! یانی ئەو شارەی کە من لەوێ دەرسم دەخوێند و کارم دەکرد، شاربەدەر بوو. یانی بە شاربەدەری لەوێش بوو.

بـــەم گشـــتە هـــەستان و دانـیشتن و هـــام و شـــۆیەوە هـــاوەڵی و برادەری یێکی تەواو لە نێوانماندا پێک هاتبوو. رەنگ بێ خزم و کەسیشی لە شارەکەدا بوو، چونکا دیوناس و ئاشنا و رۆشنایەکی لە رادە بـەدەری بووا ئەو سەردەمە لە پاش ئەوە بوو کە تۆ باسی دەکەی و لە شاری ئێوە بـووە. بگـرە پێنج شـەش سـاڵێکیان لە نـێوانـدا بێت. لەو دەمـدەمان و سەردەمایەدا شۆڕا زۆر هیوادار و گەرم و گوڕ بوو.

دەیکوشت و دەیبڕی! دەی رووخاند و دەی هاڕی! بەلاٚم نەک منالاٚنە و دەم بە هاوار و هەڵیتە و پڵیتە. بەڵکوز زۆر لێزان و پسپۆڕ. بە دەم و دووو و زبان، زۆر لە سەرەخۆ بوو. بەلاٚم ئێمە ئاگامان لە بیر و بڕوای هەبوو! بوون و نەبوونی من لە سەر دنیا هی شۆڕایە! تەنانەت نێوەکەشم کە زاگرۆسە، شۆڕا بۆی داناوم. نێوی دای و بابیم شەفیع بوو. شۆڕا نێوی شەفیعی گۆڕی

و زاگرۆسی نێو نام. بەڵام ئێستاکە چی؟ باس و هەواڵی چیە؟ دەزانی چی دەکات و لە کوێیە؟

هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشم: سەردەمایەکی دوور و درێژ سەر لێشێواو بووم، تەریک و بێ هەواڵ لە زۆربەی دۆست و برادەر. تازە خەریک بوو دەهاتمەوە سەرخۆ، کە شاربەدەری ئێرە کرام. جا هەر لەبەر ئەوە هەواڵی شۆڕاشم نیە. خۆزیا و هەزار بریا دەمزانی ئێستاکە شۆڕا لە کوێیە و چ دەکات؟ بزەیەک دێتە سەر روخسار و لێوەکانی زاگرۆس. هەمیسان پەرداخەکان پڕ دەکاتەوە. پەرداخی خۆی دەنێت بە سەریەوە. یەک قوم و یەک بین هەڵیدەلووشێ. پێم دەڵێ: پەرداخەکەت بخۆ کار نیە خودا چاکی نەکا. قەدەرێک بێدەنگ دەبین. وەڕەزی وازی لێ هێناوم. هەرتکمان بەرە بەرە لە گەشانەوەین. لێی دەپرسم: درێژە بە پاشماوەی بەسەرهاتەکەت نادەی؟ وەک کابرایەکی شێت و وێت لە قاقا دەدات: ئاخە شێت و وێت بەسەرهاتی چی؟ هەرتکمان دۆستی شۆڕا و ئەهلی کتێب و متالاَ و باس و خواس و مێش و مەگەسی سەر کەوڵی شۆڕا! دەسا باوانەکەم، بەسەرهاتمان یانی متالاَ و قسە و کردەوەی سیاسی و بەند و شەپ و تێهەڵدان خواردن و شاربەدەری. لەوە زیاتر چی؟

بەڵام هەواڵێکی خۆشم پێیە. چم مزگێنی ئەدەیتێ بۆتی وەگێڕم؟

بە پێکەنینەوە دەپەڕمە نێو قسەکەی: جا چیم هەیە بتدەمێ، مەگین وەک سەردەمای متاڵی کە وەڵامی مەتەڵۆکەیەکمان نەدەزانی، شارێکمان ئەدا و پێیان دەگوتین، منیش مەگین شارێکت دەمێ.

هەمیسان لە قاقا ئەدا، بە پشتەوە دا دەکەوێ و دەڵێ: ئاخ وەبیرت هێنامەوە. بە خودای تاکوونێ شارێکم نەدەیتێ پێت ناڵێم! کوڕە زاگرۆس

عەیبت کەن، ئێمە خۆ منداڵ نین. بە گیانی ناخێرمان گەڕاوە و کەیخوداین! سەر و ریش و سمێڵمان ماش و برنجی بووە. ئاخە ئێمە تازە بۆم گەمەیە چۆن دەبین؟ بە خولای بۆ خۆت وەبیرت هێناومەتەوە، تازە یان شارێکم ئەدەیتێ یان نایلێم. بەڵام سامڕەند ئەوەش بزانە هەواڵەکە زۆر گرینگ و ئەوتۆیە! شارێک سەهلە هەزار تمەنیش دێنێ.

زۆری لە سەر دەڕۆین. زۆری تکا و رجا لێ دەکەم دەس بەردار بێت و هەواڵەکە بگێڕێتەوە، بەڵام پەیتا پەیتا هەواڵەکە لەبەر چاوم شیرنتر دەکات و پێم نالێ. ئاخرێکەی لە مزگێنی گێڕانەوەی هەواڵەکەدا شاری بۆتانی ئەدەمێ! زاگرۆس بەم شێوە دێتە زبان و دەڵێ:

«شاری بۆتان بۆ ئەمن باخ وگوڵستان و گوڵە
بۆ ئەتۆ پڕ پڕ لە بۆنی بای زگی تاژی و توڵە»
«بۆ گەڕانی من شەقامی چیمەن و داری تووە
بۆ ئەتۆ زیرابە، تا ئەژنۆت لە نێو گەند و گووە»
«شاری بۆتان بۆ ئەمن عەتر و گوڵاوی قەمسەرە
بۆ ئەتۆ پڕ پڕ لە بۆ ساری فسۆسە یا کەرە»

لە نەکاو دەمی دەگرم و دەپەڕمە نێو شێعرەکەی: کوڕە عەیبە، شوورەیی یە. ئێمە منداڵ نین، پیاوین. لە تەمەنی ئەم قسانە تێپەڕیوین. بەڵام وەدیارە تاکوو قسەی خۆی نەکات و مەرجی خۆی نەباتە سەر دەس بەردار نابێت. چونکی لە گەڵکوو دەست لە سەر دەمی لادەبەم، هەمیسان دەڵێ:

«دەور و دووکانی هەموو بۆ من قوماشی ئەتڵەسە
بۆ ئەتۆ کۆپان و کورتان و کەژوو خار و خەسە»
«شاری بۆتان بۆ ئەمن پڕ لە کەنیز و نۆکەرە
بۆ ئەتۆ ئەسپێ و رشک و کێچە دەستە و خەنجەرە»
«کاتێ دەچمە شاری بۆتان باخەڵم پڕ گەوهەرە
باخەڵی تۆ پڕ لە گوو یان پڕ لە ماری حەوسەرە*»

داوێنی کراسەکەی دەگرم و دەیکێشم: کوڕە زاگرۆس بەسە. عەیبت کەن. خۆ لە لای خۆ ئێمە هاوەڵین! دەک بە زیاد نەبێ بۆ هاوەڵیت! خۆ لە شورت و شۆت دەرکرد. زاگرۆس دەست لە بەیت و تەوس وتووانج و جنێودان هەڵدەگرێت. ئەمجارە زەق زەق لێم دەڕوانێ و لە نەکاو، پڕ بە گەروو، بە هەرە هێز و قەوەتی خۆی لە قاقا ئەداتەوە. ئەگین بڵێم لە شەقەی قاقای هەموو شووشەکانی پەنجێرەکە لەرزینەوە بەقام پێ بکەن! لە نێوان قاقاکەیدا زوو زوو دەڵێم: هەواڵەکە چی بوو؟ دە هەواڵەکە بگێڕەوە. خۆ گوریەی خۆت پێ رەخساندم! دەبڵێ هەواڵەکە چ بوو؟ بیڵێ دەی، دەبیڵێ.

لە پاش قاقاکێشانێکی زۆر، ماوەیەک قوڕ وقەپ دەکات. مات و بێدەنگ دەبێت و دەچێتەماڵی ئەندێشەوە. شانی دەگرم، رایدەوەشێنم و پرسیار دەکەم: چیە؟ چ بووە؟ هەواڵەکە چ بوو؟

دەم دەکاتەوە: هەواڵ! ئمم بڕیار وایە لەم بەینانەدا شۆڕا بێت بۆم دڕگەیە، بۆ سەردان و دیدەنیی من. لەکات و ساتێکی ناخافڵ داگیر دەکەم.

---

*- ئەم شەش دیڕ هەلبەستە، هونراوەی کاک (نادر محەممەدی - نامو)یە. بە سپاسەوە.

وەک کەوێکی سرک کە لە کۆسار بە تۆڕەوە بێ، دەکەومە تۆڕەوە! لە چرکەیەکی ناخافڵ دا کارەبا دەمگرێ. تەزوویەکی لە نەکاو وەبەر شەتاوڵێکی بە قەوەتم ئەدات. تەواوی لەشم رادەچڵەکێ. لە جێی خۆمەوە قوت دەبمەوە سەر چۆک. بەڵام لاڵ دەبم! زبانم ناگەڕێ. وەک بێشکەیەکی رای بژێنی. دەلەرێمەوە. چاو لە چاوی زاگرۆس دەبڕم. دەمم وەک ئەشکەوت کراوەتۆ! رەنگ بێ گوێچکەکانم قوت وێستابن. حەتمەن چاوەکانم یان بە مۆلەق وێستاون، یان زەق زەق دەرپەڕیون! زاگرۆس دێتە پێشتر. سەرشانەکانم دەکاتە دمەک و دەس دەکا بە دمەک کوتان. هاوکات گۆرانییەکیش دەس پێ دەکا. قامێکی کۆن، زۆر کۆن. وەندە کۆن کە هیچ کەس نەزانێ ئەمە هەوای کام سەردەمایە. سەردەمای باوە ئادەم یان نووحی نەبی! سەردەمای زەردەشت یان خانی لەپ زێڕین. بەڵام هەواکە خۆشە. ئینسان بەم هەوایە نەشە دەبێت و دەگەشێتەوە. بەرەبەرە دێمەوە سەرخۆ. زاگرۆس لێم دوور دەکەوێتەوە. دەچێتەوە سەر جێگەی خۆی و دادەنیشێتەوە: شەپڵە لێی نەدای؟ چاوەنواڕ بووم ئەم هەواڵە دڵت داپسکێنێ لەشت وەک هەویر بە سەر خۆیدا داڕووخێنێ. بەڵام باش دەرچووی. بەڵێ یۆڵداش شۆڕا دێت. دێت و دەپانزە رۆژ دەمێنێتەوە. چاوەڕوان بە چەشنی جووت بەندەیەکی باش ئەم گراوەیە بکێڵێ! مۆخ و دڵی هەڵکۆڵێ. داری لە سەر بەردی نەهێڵێ. بەڵێ شۆڕا دێت و بوولەرزە لەگەڵ خۆیدا دێنێ. دەبا شتێکی دیکەشت لا بدرکێنم. ئەم مووچە و موواجبەی لە شیرکەتەوە بۆ من دێت، شۆڕا بۆم دەنێرێ. هەواڵ بەرێک لە نێوان شیرکەت و ئەم جزیرەدا بۆ کڕین و تەیارکردنی کەرەسە و ئامرازی پێویستی شیرکەت لە هام و شۆدایە. ئەم هەواڵبەرە دێتە لای من . پێڕستی پێویستییەکانم ئەداتێ. ئەمنیش بۆی دەکڕم و ئەو نەخشانەی تەیارم

کردووە دەیدەمێ. هەواڵ بەرەکە نامە و باس و هەواڵی هەرتکمان بۆ یێک دێنێ و دەبا. جیرە و مووچەی منیش دەهێنێ و دەمداتێ.

ئەدی بەرخۆڵەکەم، ئەمە حاڵ و رۆژی منە. بۆیە گوتم ئەوی هەمە و نیمە هی شۆڕایە و لە شۆڕاوەی دەزانم.

بەڵام ئەوەش بزانە منیش سێ چوارساڵێکە شۆڕام نەدیوە. ساڵێک دووان تەواوەن لێی بێ هەواڵ بووم. کە دەبێ بڵێم لەو ماوەیەدا هەر تکمان زیاتر لە زیندان دابووین. ئەوا ساڵە وەختێک شتێ کەمتر یان زیاترە هەواڵیم هەیە. لە زیندانەوە کە شاربەدەری ئێرە کرام، نامەم بۆ دایکی نووسی. بەم نامەیە پێ و شوێنی شۆڕام گیر کەوت.

شەو بە سەردا هاتووە، ژوورەکەمان تاریک داگەڕاوە. تاریکان باڵی بە سەر هەموو جێیەکدا کێشاوە. چرا هەڵدەکەین. هەمیسان والۆرەکە دێتەوە مەیدان. زاگرۆس دەست دەکات بە شێو سازکردن. هەرکا پێکەوە بین، ئەو ئاشپەزە. دەست و پوختێکی باشی هەیە. ئاخە من بێجگە لە هێلکە و رۆن و ئاو و تام لێنان چی دیکە نازانم ساز کەم! خۆشم بەم چێشتانە رازی بم، هەموو کەسی پێ رازی نیە. دەیجا با بۆ خۆیان وەفریای خۆیان بێن! منیش لەگەڵیان دەخۆم و چەپڵەشیان بۆ لێ ئەدەم! دەک دەستەکانت خۆش بێ زاگرۆس هێشتا لە هیچی نەبوو، بۆن و بەرامی شۆرباو گۆشتی خۆش ژوورەکەی پڕ کردووە. کوڕە لاڕێ تۆ ئەو ئاشپەزیە لە کێوە فێر بوویت؟زاگرۆس سەر لە سەر قابڵەمە و تاوە هەڵدەگرێ. چاو لە چاوم دەبڕێ و پاش ئاخ هەڵکێشانێک دێتە زیان؛ ئێی کاریلەکەم. کوڕە رۆڵە تۆ بەرخی سەر تێڕەخۆرەی، حازرخۆری بەر سێبەری، لە تەڕ خواردووتە و لە وشک خەوتووی. بەرخۆڵەکەم، دەربەدەری ، بێکەسی، کۆت و بەند. شاربەدەری و تەنیایی فێری ئاشپەزی و زۆر شتی دیکەی کردووم. ناڵێم تۆ

ئەمانەت نەدیوە، نانا، دیوتە بەڵام لە بەر تەوەزلی و کەمتەرخەمی هەر کوڕی دایکت ماویەتەوە!

ناکرێ وەڵامی نەدەمەوە: هەی ماشەڵڵا بەرخی بابی! بەم دوو وشەیە لە خۆبایی بووی. جا کە وای لێهات بە خودای منیش بە قەد تۆ دەزانم! زاگرۆس تو خودا با بێینەوە سەر قسەکەی خۆمان، نەقۆت شۆڕاکەی دیت؟

دێت، چ ئەم مانگە، چ دوو سێ مانگی دیکە. بەڵام چونکی بەڵێنی داوە، خاترجەمم کە دێت. خۆت ساز کە هەرکا هات یان تۆ لە بەر پێی دا قوربانی دەکەم، یان تۆ من لەبەر پێی دا قوربانی کە.

هەمیسان بای دێت. چ بایەک؟! چ بایەکە؟ دەبێ رەشەبابێ، سەر سەڕبێ یان وڵات وێران کەرەیە! با بە رمڵ و خاک و خۆڵەوە دێت. بە وردە خیزەوە دێت. نە رۆژێک و دووانە، نە مانگێک و دووان. سێ مانگ و دە رۆژە. سەد پا ش نیوەڕۆی رەبەق ئەم بایە بە قاقایەکی شایەتینیانە، بە دیانی زەرد و تیژ و درێژەوە، بە نینۆخی رەش و خوار و خێچەوە، بە حیلە حیلی رەوە ئەسپی کێوی رەش و نەعاملاو، بە رمبازێن و غارغارێنەوە دێت. بە سەگ وەڕی دووای دێڵە بەبا، بە میاوە میاوی سەدان کتکی پاش پشیلە مێروو. قەڵا و کاولاش و دیوەخان و کۆخ و حەسار و نێو کۆڵان و شەقامەکان پڕ لە زەنازەنا دەکات.

پڕ لە بابەڕۆ و رۆڵە رۆ و کاکەڕۆ. رمڵ و تۆز و خۆڵ لە چاو رۆ دەچێ. چەشنی پڕیشکەی ئاسن جۆش دان، لە روومەت و بە رمل و نێو چاوان رۆ دەچێ. بای سەد رۆژە پشتەمل و مۆغەرە پشت و سەر و گوێلاک و سەر سنگ لە ژێر توێژێ خۆڵ و خوێ دا حەشار ئەدا. خۆڵ و خوێ لە چاو رۆدەچن. چاو دەسووتێنەوە، دەخورێن و دەبرژێنەوە. دەیان قووچێنێ ژان

دەکەن، دایان دەپچڕێ وەک تیخی پێدا بێنی بڕگە بڕگە دەبن و هەمیسان دەسووتێن و دەبرژێنەوە.

رەگی سوور و زیپکەی چڵکن بە کیمەوە لە کانیی چاو هەڵدەقوڵێن. چاوەکان دەئێشێن و دەخورێن. دەڵێی مستێکت خوێواوک تێ پرژاندوون. هەڵیان دەگوڵۆفی، هەڵیان دەگوڵۆفی. ئاو دەکەن، سوور دادەگەڕێن. دەبنە گۆمی خوێن. جوان وباش وڵات و دەور و بەری خۆت نابینی. بەم چاوانەوە جوانی نابینی و جوانی بەدی ناکەی! بەم چاوانەوە جوانی بە زەینت دا نایە و وەبەر نیگات ناکەوێ! چاوە جوانەکان دەفەوتێن. ناحەز و ناشیرین دەبن. ئەو چاوانەی عەیام و سەر دەمایەک ئاسمانی بێگەرد بوون، زەریای نیل و خوم بوون، دارستانی سەوز و سەوزەلانی گەشەدار و نەشەدار بوون، کز دەبن. لێڵ دەبن و سوور دادەگەڕێن. پڕپڕ لە رەگ و جۆبار و جۆگەلەی خوێن و قوڕاو دەبن. ئیدی لە مەو دووا کەس تێیان ناڕوانێ. کەس تێیاندا ون نابێ و لە نێویاندا ناخنکێ. جوانییان تێدا نامێنێ وکەس مەست و هۆگر و ئەویندارییان نابێ. خۆشت ئیدی چ شتێک بە جوانی نابینی، شتی جوان وەبەر چاوان نایەن!چ ڕێگەی هەڵاتت هەیە؟ دەبێ راکەی، هەڵێی و خۆ حەشار دەی. ئەگینا رەشەبا و سەرسەڕ و بای سەد رۆژەی وڵاتانی رۆژهەڵات دەتمرێنێ و دەتکوژێ. جوانیت لا ناهێڵێ و هەستی جوان ناسی و جوان پەرەستیت تێدا دەگۆڕێ!

رەشەبا دڵت دەمرێنێ. دەروونت دادەگرێ. کەوابوو دەبێ نەهێڵی، راکەی، راکەی.

دەی جا رادەکەین، بە پۆل رادەکەین. دەیان جار دەکەوین و هەڵدەستینەوە. بۆ کون و قوژبن دەگەڕێین. خۆمان لەم سووچ و ئەو قوناغ حەشار ئەدەین. با هەروەها دێت. دەلوورێنێ ، دەناڵێنێ، دەنەڕێنێ و

دەگوڕێنێ. هەڕەشە دەکات. لەگەمارۆی بادا هەروا بە راکردن بۆ قوژبنێک چاو دەگێڕین و دەست دەکوتین. لاقەکانی عەبە لە نەکاو تێک دەهاڵێن. دەکـــەوێ. رەزا و مـــەجید دەگـــەڕێنەوە ســـەری. دەســـتی دەگـــرن و هەڵیدەستێننەوە. وەڕێ دەکەوینەوە، بە راکـردن و هـەڵە داوان. تـەمەشا دەکەم رەسووڵ نەماوە، بە پۆل بە شوێنی دا دەگەڕێین. بەڵام نایبینینەوە. ون بووە. لێ ئەدەین و دەڕۆین و ئیدی کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە! هەروەها لە ژێر هەشاوڵی لوورە و نەڕە وگوڕەی بادا بە راکردن دەڕۆین. مینە وەڕەز دەبێت. رێگەی خۆی لە ئێمە جیا دەکاتەوە. رەزا دەڵێ: وەشوێن تەناف و چەقۆ کەوتووە، لێی گەڕێن. پۆلی هاوەڵان چەشنی رەوەی جوانـوو گـەل هەر لە راکردن داین. لە پڕ زرمەیێک هەڵدەستێ. قادر سەرنگرێک ئەدات و دەکەوێ. تا دەگەینە سەری مردووە. تـەرمێکی دیکـەش لە شـانیەتی. جوانی لێ ورد دەبینەوە. ئای داد و بێداد ئەمەش دیللایە. کەنگێ و بۆ چی و چۆن و بە چی مرد؟ بۆ کەس دەرناکەوێت! بە جێیان دەهێڵین. دیسان راکردن. دەنگی عـەبە دێت: حـەمە، رەزا، سـامڕەند بگـەڕێنەوە مـەجید کەوتووە. پۆلی هاوەڵان دەگەڕێینەوە سەر مەجید. مەجید هەڵدەستێنینەوە. ئیدی هەموو لە هەناسە بڕکێ داین. هەناسە بڕکێ و کێبڕکێ. خودایە ئەم بایە و ئەم کۆڵانە بۆچ لەبن نایەن؟! ئەی کەی؟ کەی؟ کەی؟ رەشەبا هەروا دێت و ئێمە هەروا بۆ قوژبنێک دەگەڕێین. تۆز و خۆڵ لە سەر و چاومان نیشتووە. خیز و رمڵی بایەکە لە دەم و چاو و ئازای ئەندامان جێی خۆش کردووە. ئەگین زۆر خێرا قۆناغێک بنیان نەنێی، خۆ لە قوژبنێک نەکوتین و یان دەرباز نەبین، هەموو دەفەوتێین و لە بەین دەچین. نانا! کـۆڵ نـادەین. راکەین کوڕینە راکـەن. هـاوەڵان، دۆسـتان راکـەن. لارەوە لارەوە دەست دەکوتین و چاو دەگێڕین. سەربەم کون و ئەو پەسێو دادەکەین. دەڵێی ئێرە

حەشار و پەنامان ئەدات. ئۆخەیش دەڵێی دەرباز بووین و رزگاریمان هات. بای شڕ و دڕ لەم حەشارگەیە ناکات. ریز دەبین و بن دیوار و بن دیوار ژێر دیوارەکە پڕ دەکەین. دێینەوە سەرخۆ. سەر حەسێبی خۆمان دەبین. خالیدەکان دووان بوون. دیار نین! لەگەڵمان نەماون. نازانین کەنگێ و بۆچی و چۆن لە ئێمە هەڵبڕاون. عەبە هیلاک و ماندوو و شەکەتە. منیش هیلاک و لە پێ کەوتەم. مەجید هەناسکە برکێیەتی، خەریکە دەخنکێ. مینەمان لەگەڵ نەماوە. رەزا و خەسرەو زۆر باشن. قادر و دیللا هەر تک لە دەست چوون. کوڕەکانی دیکە یەک یەک و دوو دوو بە درەنگ و زوو دەگەنێ. پەنا دیوار پڕ پڕ دەکەین. دەیکەینە شەڕە گۆرانی ،گورەکەو. کەس لە بیر و یادی مردووەکاندا نیە!کەس لە بیر و یادی ون بوو و جیا بووەکاندا نیە!گورەکەو و شەڕە گۆرانی خۆشترە. من دەیڵێم و رەزا دەیئەستێنێتەوە. مەجید دەیڵێ و عەبە دەیگێڕێتەوە. هەموو دەیڵێین. ئەم دەیڵێ و ئەو سەربەند رادەگرێ. دەنگ هەڵدێنین. تێی دەچریکێنین. هاوەڵان بە کۆڕ دەنگ بەرز دەکەنەوە. دەنگ دەنگی کەو گەلی سرک و رمۆک و نەگیراوەیە. کۆڵان و گەڕەک و شەقام پڕ لە قاسپەی کەو دەبێت، پڕ لە دەنگی سەیرە و بولبول و قەناری. مەل بۆ مەلی دەگێڕێتەوە. کەو ئەو کەوەیە بەرەو رووی کەو بخوێنێ!گورەکەو پەرە دەگرێت. دەبێتە پارچەیەک مۆسیقا. دەنگ دەنگی شەپۆلی رووباری نێوان کێوانە، یاخی و نەسرەوتوو، بە گورە گوڕ بە هەرد و دۆڵ و کێودا باڵ دەگرێت. دەخولێتەوە، گێژ دەخوا. هۆرە دەچڕێ. حەیران دەڵێ و قام و وردەقام بلاو دەکاتەوە. چەند چۆل تەی دەکا، چەند بیابان دەبڕێ، چەند دارستان ولێرەوار دەگەڕێ. لە چەند جۆبار و قوولکە و رووبار قەڵەمباز ئەدات. ولات بە ولات، باژێر بە باژێر، گوند و شارەدێ و کاولاشان دەگەڕێ. قایەتان دەگێڕێتەوە. بەسەرهاتی باب و باپیران، مام و

بـرازا یـان، خـاڵ و خـوارزایـان بـاس دەکـات. قـایەت خـوان دەبێتە ئەمیرئەرسەلانی رۆمی! وەدووی فەرولـلوقا دەکەوێت. دەبێتە رۆستەمی زاڵ، دێوگەل دەگوژێ، شایان لە شایەتی دەخات. لێ قەوماوان بە گەورەیی دەگەیەنێ. ئاور لە هەژاران و دڵداران ئەداتەوە. دەستیان دەگرێ. پیاوەتی لە حاند مرۆ دەکا! دەنگ کۆشک و تەلارێکی رازاوەیە، دارستانێکی سەوز و شیناوەردێکی لەبەر دلانە. دڵدەرفێنی و گراوی خۆی و هۆگر و گیرۆدەی خۆی دەکات. هەمیسان گەڕە لاوژە، قایەت گێڕانەوە. هەروا لە پەنا دیواران دا، بـن دیـوار و بـن دیـوار، ریـز بـە ریز راوێستاوین. دانیشتووین، هەڵترووشکاوین، هەڵکورماوین. قسە و بـاس دەکـەین، بـاس و خـواس دەگێڕینەوە. خەیاڵ پلاو دەکەین. بە خەیاڵ دەچینە مەدینە. نە زستانە و نە پایزە. نە رەشەبایە و نە بەفر و بارانە. نە دارا و نە دار ماوە! نە زاڵم و زۆردار دەتوانێ لە سەر دنیا بمێنێ. بەلام ئـاگـامان لە مـەحموودی بـێ زەوات و مەعبوودی بێ زەواڵ نیە! ئەم دەیلێت و ئەو دەیئەستێنێتەوە.

بەرە بەرە دەیکەینە پاڵەپەستێ. هەر کەس پاڵ بـە هـاوەڵی شـان بـە شانی خۆیەوە دەنێت، تاکوو لە شاری وەدەر هاوێت! تاکوو بێ خانە و لانە و بێ جێگە و رێگەی کات. ئەویش هەشاوڵ دەهێنێتەوە، تێڕۆ دەچێتەوە. عەلی لە سەر بستێک زەوی عەبە لە شاری خۆی وەدەر دەنێ! هەیاس بۆ دوو بست زەوی زیاتر هەمزە لە جێگەی خۆی حەوا ئەدات. عەبە و هەمزە تێ هەڵدێنەوە. خان و لان و شاریان دەوێت. شەڕی بستێک بن دیوار بۆ پاڵ دانەوە، بۆ جێگەی سەرقوون، بۆ خۆ حەشاردان لە رەشەبا و تۆفانە. عەبە و هەمزە ئێخە و بەرۆکی عەلی و هەباس دەکێشن. پاڵیان پێوە دەنێن. بـە هەزار شەڕ و قوونە شەڕ جێگەی خۆیان دەئەستێننەوە، حسێن و مەجید، کەریم و رەسووڵ تەنگەتاو ئەدەن. رەزا رەحمان شاربەدەر دەکات. هەروا

پاڵە پەستی یە. کەس بە سەر کەسەوە نیە. باب ئاگای لە کوڕ نیە، سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە! هەر کەس دزی گای خۆیەتی. قادر حەوا دراوەتە دەرێ. هەشاوڵ دێنێ و لاقی قالەیەکی دیکە دەکێشێ. جەعفەر لە دەمی ئەحمەد ئەکوتێ. سمە و عوسە سواری سەری یەک دەبن. حەمە لاق وەبەر لاقی خولە ئەدات. هەر پاڵە پەستێیە. هەر کەس لە حەول و تەقەلای ئەوە دایە خۆی و جێ و رێ و شاروخانی خۆی بپارێزێ. بەرە بەرە پاڵەپەستێ دەبێتە شەڕە شەپ و شەڕە مست. شەڕەفڕ و شەڕەجوێن. دەبێتە دووبەرەکانێ و چەند بەرەکانێ. دەبێتە بە گژ یەکداچوون. بە سەر و گوێلاک و ئێخە و بەرۆکی یەکتردا هەڵپرژان. چنگە پلماسکێ و دەمەتەقێ. شەڕ و کێشە و بگرە و بەردە. بگرە بە چەند کەسان گەلەکۆمەکی کردن و کوتانی بێ کەسێکی تەنیا و هەناسە سارد. شەڕ وەک لافاو پەرە دەگرێ و دەور و بەری خۆی دەتەنێتەوە. لافاو گەڕەکا و گەڕەک، کۆڵانە و کۆڵان دادەگرێ. بین دەخواتەوە، سووڕ دەخوات. شەڕە منداڵ و شەڕی هاوەلانێ دەبێتە شەڕە بەرد، بەردە فرکە و بەرد هاویشتن. یەکدی رە پێ نان. وەدووی یەکتری کەوتن. بەرد پێک دادان. شووشە پەنجێرەی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ شکاندن. هەر بە شکاندنی ئەو شووشانەوە، شووشەی دڵی دراوسێ و هاوەڵ و شووشەی دڵی خۆ شکاندن. شەڕە هاوەڵ و دەستە برا دەبێتە شەڕە دای و باب. دای و باب دەڕژێنە کۆڵان. جوێن بە یەک دان. قسەی کاڵ و کرچ و ناحەز و ناشیرن لە تەنگەی یەک رادەکێشن! دار و تێلا و پێمەڕە دێتە گۆڕێ! کۆڵان پڕ لە زەنا زەنا و تۆپ و تەشەر و تەوس و توانج و نێو نووتکە هاویشتن دەبێت. هەمیسان بایە، رەشەبایە. بای سەڕسەڕ و سەد رۆژەیە. ئەوا هەووریش هات. هەور و هەلا پتەو دەبێت و ئاسمانی شار و مەزرای سنگ و دنەی دڵ دادەگرێت.

سنگ ڕەش دەبێت. دڵ دەکەوێتە گۆمێکی ڕەش و بێ بن و بێ ئامانەوە. گۆمی خوێن بەری چاو دەگرێت! مەیل و خۆشەویستی لەگەڵ یەکدی کردن لە مۆخ و ناخی کەس دا نامێنێت. هاڵقەی هاوەڵان پەرەنگ پەرەنگ دەبێت. ڕەشەبا بە هێزتر و بە سامتر هاشاوڵ دێنێت. بە کۆڵاندا بەرەو خوار جاڵە دەبین هاوەڵ لێک هەڵدەبڕێن. بڵاوەی دەکەن. هەرکەس بە شوێن و ڕێیەکی تایبەت دا دەڕوا. دەستەبرا تاق تاق ڕێ دەگرنە بەر، تاق دەکەون. ڕەشەبا و سەرسەر و سەد رۆژە دەیان رفێنێت. با دەیان ڕەتێنێت. روخسار و تەوێڵ و سەر و گوێلاکیان کز و چرچ و ڕەش دادەگێڕێ. بە دار و بەردیاندا ئەدات. بە ژێر گوێنی وگڕاڵک و قوونە لاشک و دڕوویاندا دەپەستێوێ. لە کاولاش و کەلەواو کونەڕەشیان دەهاوێ. منداڵ بە پاڵەپەستێ، بە شەڕ و قوونەشەڕ، بە شەڕەجنێو و بەردەفڕکە، بە کەوتن و هەستانەوە، بەرگ و جل و سیپاڵ هەمەرەنگ و هەمە چەشنە، چۆک و ئانیشک و سەر ئەژنۆ پینەکراو. ئێخە و بەرۆک دوگمە کەوتە. سەرشان و نێو پشت و دەلنگ قوڕاوی، بە دەم باوە دەڕەتێن. چەشنی پەڕە کاغەزی گرمۆڵەی لە کۆڵان کەوتە، با دەیان بات و بە دەم باوە دەڕۆن، دەڕۆن. کاتێک دێنەوە سەرخۆ، «کەر لە کوێ کەوتووە، کوندە لە کوێ دڕاوە؟! هەیهۆ هەیهۆ، چۆمەکەی سەر کەلەو پڕ دەکەی قۆچاخ!» شەقام، چوارچرا، مەیدان. تێک رووخاوین! دارمان لە سەر بەرد نەماوە. رەنگ و روخسارمان پەڕیوە، ڕەش داگەڕاوە. بەڵام دڵ ڕەشترە. چاوەکان لێڵ بوونە و نیگا لێڵترە! کز و لاواز کەوتووین و دڵ و دەمار و دەماخ لاتترە! پەرەنگ پەرەنگ بووین و کەس لە شانی کەس نەماوە. سەدی سی و چلی کوڕەگەل شەیتان زەڵلەی پێ بردوون و وەسەر تەڵەی پەڕاندوون! حیزی و دزی چۆکی لە سەر سنگیان داکوتاوە. نەوەد لە سەدیان نانێکی بخۆ و مەمرە لە

سەر دەست بەرەو ماڵ دەبنەوە. هەمزە ورکەنان دەکڕێ و دەفرۆشێ. کوڕی بابی خۆیەتی، ڕۆژی خۆی لە سەر پشتی شێر دەڕفێنێ. هەباس لە ڕاکردن دایە. ڕاکە ڕۆڵە ڕاکە. ڕاکە دووا نەکەوی، وەژێر نەکەوی. جیهان چاوەڕێی تەقەڵای تۆیەئەمڕۆ تۆو بفرۆشە، سبەی شووتی، دوو سبەی پیواز و سێفەڵووکە و پەتاتە و تەماتە. برایم لیباسە کۆن و جل و بەرگی مردوو دەکڕێ و دەفرۆشێ. هەراکە برام هەراکە.کڕیار بدۆزەوە. وشیار بە، زۆر وشیار. حەوجێت نەکەوێتە کەس. برامان برایەتی،کیسەمان جیایەتی. هەراکە و بڵێ: لیباسە مردوو هەرزانە! دەفرۆشرێ. ڕاکە بکڕە و ڕاکە بفرۆشە. ڕاکە دەی کەس ئاوڕی قڕانێ لەکەس ناداتەوە.

قالە چوارن، نانا چوار نین، چوار بوون. سێیان تێ داچوون، تاقە یەکیان دەرچوو. ئەویش دەرکەوانی ئیدارەی تووتن و پەڕە! ئەحمەد دەبوون، دوازدە بوون، هەر چەنێک بوون هەموو فەعلا و حەماڵ و شۆڕمەزە فرۆشن. دوویان نەبێ، ئەم دووە ئەندازیاری شەقام و ڕێگە و جادەن. ئەی بەس مۆمین چی؟ مۆمین چی بەسەر هات؟ مۆمینەکان نەخۆشن. دەواو دەرمان دەکڕن و دەخۆن و دەفرۆشن.

کوڕەکانی دیکە زۆربەیان دەیلاخی یەڵخین. یەڵخی یەڵخی بە سەر چۆم و قەراخ باخ و نێو شەقامدا دەخولێنەوە. دێن و دەچن و دەسووڕێنەوە. مێشیان لە دەمی خۆ پێ دەرناکرێ.

ئەم کەڕەتەش ئەوەی بردی‌یەوە، ئەوەی بووە کوڕی بابی خۆی، هەر ئەوەیە کە بابیشی کوڕی بابی خۆی بوو! دەور دەوری خەسرەوە. کوڕی بابی خۆی لە مەدرەسەی ناوەندی دایە. لەتەڕ دەخوا و لە وشک دەخەوێ. حازر خۆری بەر سێبەر هەر کەسێ کەر بوو ئەوکورتانە. هەرکوێ خوڕەی ئاوی لێوەهات، خۆی لێ نادا. نسحەتی بابی خۆی لە گۆی گرتووە، با لە

هەر کوێوە هات پشت لەوێ دەکات. هێنی دێت و هێور دەڕوات. هەر لە ئێستاوە دیارە یان بە دوکتۆر دەبێ یان بە موهەندیس. ئەگینا دەوڵەمەندی و بەختەوەری و ماڵ و سامان بە بەژنی بڕاوە وبە قەلافەتی دووراوە. ئێوارە درەنگان، دەمەو رۆژئاوا با دەکەوێت. هەور و هەڵا بە سەر دەچێ. حیزە ڕووناکاییەک بە سەر دادێت. لە پەنا دیوار و قوژبنی کۆلان دێینە دەرێ. چاو دەگێڕین کێ ماوە کێ نەماوە!

بە راوێچکە لەم سەری شەقام تاکوو ئەو سەری شەقام دەپێوین. هەمیسان دەگەڕێینەوە. چاو دەگێڕین. لەم گشتە منداڵ و دەستە برایە بە حاڵە حاڵ من و رەزا و مەجید و حەمە لە شانی یەک ماوین. ئەویش چ مانێک؟! هەر وەندەی بە سەر شەقامدا دێین. لە بەر دووکانی کتێب فرۆش سەیری کتێبەکان دەکەین. بگرە جاروبار کتێبێک دەکڕین. رەزا باسی هەژار دەکات. هۆنراوەیەکی لێ دەخوێنێتەوە. من و مەجید لە باس و خواسی بەشیر و حەمدوللا* و سادق و بەیان و هیوا تێر نابین. حەمە لە هەر چوارمان دەڕوانێ. بڕێ جار لەگەڵمان هاودەنگی دەکات و جاری وایە سەرێک رادەوەشێنێ.

تاریکان کە بەرەو ماڵ دەبینەوە، حەمە و عەبە شان بە شان تێمان دەڕوانن. رەنگە گاڵتەمان پێ بکەن! لەوە دەچێ گەپمان پێ بدەن و پێمان بڵێن! ئەمانە کێن؟ دەڵێن چی؟ چییان دەوێت؟ رەزا و مەجید پێکەوە بە باس و خواس بەرەو ماڵ دەبنەوە، شان بە شان بە باس و خواس پێکەوە. بەڵام ئاگام لێیە لەو سەری شەقام لێک هەڵدەبڕێن.

ئەی من؟ سەعاتێک لە مەوبەر دەنگێک بانگی کردم. دەنگی کێ

*- دوو قارەمانی کتیبی قارەمانی سەحرا. «بارام ئەفرەهی»

بوو؟ دای و باب؟ خزم و کەس و خوشک و برا؟ یان دەنگی دۆست و هاوەڵێکی دیکە؟ نازانم! بەڵام هەر ئەم دەنگە لە ئەمانەی دڕدۆنگ کردم. ئەم سەعاتە لە گەڵیان بووم، بەڵام هەر تەرم و جەستە و لەشم لە گەڵیاندا بوو! رۆح و ناخم لە لایەک و شوێنێکی دیکە، بە لای حاڵ و هەوایەکی دیکەوە بوو. کاتێ رۆینەوە بە تەنێ ملی رێگە دەگرمە بەر. بە تەنێ بەرەو ماڵ دەبمەوە. لە ژوورێکی چۆلدا کتێب و قەڵەم و کاغەز لە بەر دەست.

خۆم بە خۆمم کرد. بخوێنەوە. بنووسە دەی بنووسە. ئەم بایە زۆر نەکبەت بوو، زۆر نەهات و رەش. قڕی خستە نێو منداڵ گەل و دەستەبرا. تۆز و خۆڵی ئەم گەڕەک و کۆڵانە پڕ پێچ و پەنایە دەردی داینێ. هێندی بەم لاولادا کوتاین، لە عەیامی منداڵی‌یەوە لاوی و گەنجی نەدیدە پیری کردین. گنج و لۆچی پیری نێو چاوان و لا رووەمەتەکانی داگرتین. بای نەهات، بای نەکبەت! زللەی زەمانە و رۆژگار بە پەناگوێی هەمووماندا! پاش ئەو بایە و ئەو پەرەنگ پەرەنگ بوونە، ئیدی نە عەیامی خۆشی منداڵی ماو نەهاڵقە و بازنەی کۆ بوونەوەی دەستەبرا و دۆستانە!

زللەی ئەم رەشەبایە! بۆ من سام وزەبری لە هی هەموان زیاتر بوو. ئێستاش کە ئێستایە وەخۆ نەهاتوومەتەوە! بە دەم زەبر و سامی ئەو زللەوە هەر دەڕەتێم و دەڕۆم. دەڕۆم، دەڕۆم، بۆ کوێ؟ نازانم!

بۆتین لە پێ، ساک بە دەستەوە، بلیت لە گیرفاندا. هات و چۆ لە دەرکی گاراژ و زوو زوو وەخت و سەعات لەم و ئەو پرسین. کۆچێکی دیکە، لە وڵاتی دڵەوە بۆ وڵاتی نان! ماشێنی پڕ لە هەوارچی. ماشێن بە دەم رەشەباوە، پڕ لە حەشیمەت جادە دەبڕێ. دەڕوا و هەر دەڕوا. گۆرانی دابی رۆژ لە نێو ماشێن دا شەپۆل شەپۆل دێ و دەچێ. چاوە چاوی کاکی شۆفیر لە ئاوێنەی ماشێنەوە، بەڵکوونێ لە نێو مسافیرەکانی دا ژنێک یان

کیژۆڵەیەک بەدی کات و خەریکی چاوە بڕکێ بێت. بنێشت لە زاریا دێ و دەچێ. جارویار تەقەی تۆقڵەی بنێشت نێو ماشێن رادەتڵەکێنێ. رێگە لە بن نایە. کاول بوو وڵات نیە وشکانی ئاسیایە. لەم سەر تا ئەو سەری چوار وەرزەی سوروشت لە حەوتوویەکدا دەبینی!

خەیاڵات ناخی ئاخنیوم. کێم و لە چی دەگەڕێم؟ لە کوێوە دێم و بۆ کوێ دەچم؟ دەبێ چارەنووس بۆ کوێم بەرێت؟ زللەی ئەم رەشەبایە بۆ وای بە سەر هێنام؟ بۆ وای حەوا دام؟ داخوا کەنگێ خۆم دەگرمەوە؟ کەنگێ و لە کوێ؟!

بۆرە تارێکی بە تەم و مژ. شەقامێکی چۆلی پاتەخت. هاتنە خوار لە ماشێن. ساک بە دەستەوە، خەواڵوو و ماندوو. لادان بۆ باخێکی گشتی. نان و پەنیر دەکرێتە بابۆڵە. دانیشتن لە سەر کورسی باخ لە قەراخ شێرە ئاوێک. تا کەس بە دەرەوە نیە بەر قەندەی خۆت بخۆ. بخۆ دەی باش بخۆ. دەبێ سەعاتێکی دیکە بە پێیان ئەم پاتەختە تەخت کەی! بەڵکەم کارێک وەدەست بخەی. هەوەڵ کەسم کە ئەمڕۆ هاتوومەتە نێو باخی گشتی. بەختەوەر هێشتێ لە غوڕابی خەودان و من لە ژێر دارەکانی باخی گشتی دا، ساک لە ژێر سەر. شکاندنی سەرخەوێک. پشوودانێک تا غەڵەبەی رووناکایی و زەنا زەنای شار! وچانە رۆڵە. وە حەسێوە، پشوو بدە. رۆڵەی رەنج و کوێرەوەری! رۆڵەی ئێش و برسیەتی! سەعاتێکی تر پاتەخت تەندوورێکە. تەندوورێکی پڕ لە ئاگر و دووکەڵ. پیاسە کردن بە شەقامدا و چاو گێڕان بە هەموو لایەکدا. دووکانێک و خوێندنەوەی تابلۆی سەردەرکێی: «کتێب فرۆشی زانا».

بڕۆ ژووری. خۆت بناسێنە. بلێ نووسەرم و جاروبارە هۆنراوەش دەنووسم. بەڵام چیرۆکەکانم شتێکی دیکەن. چوونە ژووری. سڵاوێکی

کوردیکا @kurdica

دۆستانە. وەڵامێکی سارد و سڕ. ئاغای ئازیز نووسەرم دوو کۆمەڵە چیرۆکی حازر بە چاپم هەیە. بۆ لە چاپ دانیان پێویستیم بە پارە و ئیش کردنە. کابرای خاوەن دووکان زۆر نامۆ، زۆر سارد و سڕ دەم دەکاتەوە: بازاڕمان نیە. خۆشم بە دوو کوڕەوە لێرە زیادیم! وەدەرکەوتن. ئەم دووکانە نا یەکی دیکە. ئەویش هەر کتێب فرۆشی. کابرایەکی پیر و لاوێکی مێرمنداڵ. خەریکی بەرقەندە، نان و پەنیر و ترێ. سڵاو لە من، فەرموویەکی دۆستانە لەوان. خۆم دەناسێنم: سامڕەند موکری، خاوەنی دوو کۆمەڵە چیرۆکی حازر بۆ چاپ..... سەر راوەشاندنێک بە واتەی مەخابن، بە داخەوە ئیش بێ ئیش.

هەمیسان کوتان و پێوانی پێیانەرێ. شان شکان، شەپۆلی جەماوەر. روخسار داگیراو، گرژ و مات. لەش بێ هێز و بێ تین، نێو چاوان بێ رووناکایی. هات و چۆی بە پەلە. فڕکە فڕکی زەریایەک ماشێن، بە قەد خیز و خۆڵی چۆمی! بلاو بوونەوەی دووکەڵ. رەش داگەڕانی هەموو شتێک و جێیەک و کەسێک! لادان بۆ کتێب فرۆشی‌یەکی دیکە. چاو پێدا خشاندنێک بە کتێبەکاندا. داوای کار کردن، ئاماژە و ئاشیرەی دەست و پەنجەی خاوەن دووکان بەرەو دەرێ. وەڵامێکی ناحەز. بێ حورمەتی و بە هیچ دانان. لەگەڵکوو دەگەمە دەرکی دووکان کە بچمە دەرێ، کابرا دەمرێنێ: خۆشم لێرە زیادیم! کوا کتێب خوێن؟ کوا کتێب کڕ؟!

هەڵقولینی ئارەقە لە ئازای جەستەوە. شۆڕاوگە بەستنی ئارەقە لە تۆقی سەرەوە بەرەو پەنجەی پێ. ئارەقەی شەرم و شوورەیی! لە بێ حورمەتی کابرایە یان هی گەرمای هەوا و ماندوو بوون؟ بەرە بەرە لاق ئێشان. ماندوو بوون و مەترسی لەوەی کارگیر نەخەم و پووڵ و پارە تەواو

بێت،مەترسی لەوەی یەڵخی یەڵخی، گیرفان بەتاڵ بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە. ئانجا نیگای بە سووک و چرووکی دای و باب و دیوناس و دۆست و برادەرا نا، نا. دەبێ کار وەگیر بێنم. تەنانەت بە نانە زگی. با کتێب فرۆشی نەبێت، ئیشێکی دیکە. بە سەردا هاتنی نیوەڕۆ. داخرانی دووکانەکان. شلەی فرکەی ماشێن، شلەی هام و شۆی حەشیمەت. دیسانەکەش باخێکی گشتی. کورسی‌یە بەردینەی ژێر سێبەری دارێکی دوورە چاو. نانێکی سەنگەک و قولێک کەوەر. نەهار و نیوەڕۆژە، بە دووی دا ئاوی فێنکی شێرەی لوولەکانی باخ.

دانیشتنی تەنیا لە سەر کورسی‌یە بەردینە. رەپ رەپەی دڵ. دڵە کوتێ و فیکر و خەیاڵات. بیرەوەری هەمە رەنگ، مەترسی لە تێک‌شکان. داهاتوویەکی پڕلە نەداری و هەژاری. ئیشی سووک و چرووک . دەست تەنگی، نەگەیشتن بە ئاوات و هیواکان. دوور کەوتنەوە لە نووسەری، خودا حافیز کافکا، چخۆف، شاملوو. لە پاش ماوەیەکی دیکە، تاسە و هیوا! خەیاڵ‌پلاو، وەدەست هێنانی کاری باش. پووڵ وەسەریەک نان. لە چاپ دانی کتێبەکان، سەرکەوتن لە گشت قۆناخەکانی ژین و ژیاندا. گەڕانەوە بۆ باوەشی هۆنەران و نووسەران. رۆژباش هیدایەت، کافکا، تالستۆی! وەنەوز هێنی هێنی، خەونووچکە هێور هێور. کەوتنە سەریەکی پێلووەکان. گەرم داهاتنی چاو.

هەروەها لە ژێر سێبەری داری باخی گشتی. لە خەونووچکە راپەڕین. وەنەوز و هاتنەوە خۆ. هەمیسان وەنەوز. دیسانەکەش راپەڕین. دە، بیست، سی جار و نەوز و راپەڕین. خەون و خەو و وەخۆهاتنەوە. وەخۆهاتنەوە و روانین و تێ‌فکرین لە هام و شۆی خەڵک. هەستان و دانیشتن. گوێ دانە گاڵتە و گەمە و وت و وێژی خەڵکی نێو باخ.

هەڵسەنگاندنی وەزیعەت، وەزیعەتی خۆم و خەڵک. کورسی یەک لە من بەو لاوەتر، سێ چوار پیاوی پیر، وەدیارە کاربەدەستی خانەنشین بن. قسە و باس کردنیان لە وەزیعەتی کۆمەڵ و سیاسەت و ئابووری. بیروڕایان بەربلاو، ئاسایی، قورس و قایم و لە سەرەخۆ. داب و نەریتی تایبەتمەندی شارنشینی تێکەڵ خوێندەواری رۆژنامە و گۆڤار. لە رووانگەمدا دەمەتەقێ و چنگە پڵماسکەی دوو لاو لەگەڵ یەکدی، لە سەر هیچ و پووچ و خۆڕایی. قسەی ناحەز و ناشیرن. کەمێک لەولاترەوە تۆپێن و یاری پێنج شەش تازەلاو، هەراو هوریا و زەنا زەنا. لافاو لە ئیسکانێک ئاودا. بۆچ و لە سەر چی؟ گۆڵ یان فوڵ؟ راگرتنی کایە. دەمەتەقێ. مەسڵەت کردن و هەمیسان دەست بە یاری کردنەوە.

جارێکی دیکەش وەنەوز و راپەڕین و خەونووچکە. ئارەقە کردن و ئازای ئەندام وەسەر ئاو کەوتن. فڕکەی باڵندە، وژەی تەیارە راوێستانی قەتارێک، بەڵام تەپەی دەنگی ماتۆڕەکەی. بەرە بەرە وەڕێ کەوتنی قەتار. تەپە تەپی ماتۆڕ. راست و خوار بوونەوەی قەتار و کوویەکان چەشنی راژەندنی لانکە وبێشکە. بەم لاولادا کەوتنی من. تل خواردنم لە نێو قەتاردا! لاکەلاکی کەڕراکەی سەرم. سەر لە گێژ هاتن. وەژوور کەوتنی ئاژانێک بۆ نێو هۆدەکەم. داوای بلێت کردن بێ بلێتی من و گیرکردنی قۆڵم لە پەنجەی ئاژان دا. بەربوونە کوتانی سەر شانەکانم. نە جارێک و نە دووان. هەروەها راوەشاندنی قۆڵ و کوتانی سەرشانەکانم. لە وەنەوز راپەڕین.

باخەوانی باخی گشتی: ئێرە جێگەی خەوتن نیە. لە سەرەخۆ وەڵام دانەوەی من. رەزا نەبوونی باخەوان. پشت لە باخەوان کردن و وەڵام نەدانەوەی قسەکانی! نەڕە وگوڕە و داد و هاواری باخەوان. هاتنە پێشی ئەو

چوار پیاوە پیرەی کورسی‌یەکەی ئەو لامەوە. گوێ دانیان بە قسەکانی من. بەڕێ کردنی باخەوان. دانیشتن و راوێژ لەگەڵ من. کێم و لە چ دەگەڕێم؟ باس و خواس کردن. باس کردن لە کەلتوور و ئەدەبیات و چیرۆک نووسی. باسی هۆگۆ، بالزاک، دۆما، تالستۆی، جەک لەندن، جەماڵ زادە، هیدایەت و.... پێک هاتنی دۆستایەتی. پتر لە دوو سەعات قسە و باس. لە پاشان ماڵ ئاوایی. وەرگرتنی دوو پێ و شوێن لەوان: یەکەم بۆ مەزڵ گرتن، دووهەم بۆ ئیش کردن.

رابواردنی ژیان لە پاتەخت. بە رۆژ دا ئیش کردن لە کتێب فرۆشی فەرهەنگ، دیوناس بوون لەگەڵ چۆنیەتی چاپ و بڵاو بوونەوەی کتێب. شەوانە خوێندنەوەی بە پەلە. خوێندنەوەی بە پەلەی سەدان کتێب بەڵام بە هەڵەداوان و پەلە پەل! راکە لالۆ، راکە رۆڵە! هەلی وا کەم گیر دەکەوێ. بخوێنەوە، بخوێنەوە. وەندە بخوێنەوە تاکوو کوێراییت دادێ. تا کوو چاوەکانت دەکەونە رێشکە و پێشکە، دەسووتێنەوە، دەبرژێنەوە. خوێن‌یان تێ دەتزێ! تاکوو چاوەکانت خوێن‌یان لێ هەڵدەقوڵێ و خوێن و ئاو لە چاوەکانتەوە شۆڕاوگە دەبەستێ. بخوێنەوە دەی. شەوانە مەیدانی گاڕی قەتار و هۆدەیەک لە میوانخانەی هیدایەت. ژوورێکی تایبەت. تەختێکی زیادی. برێک جار هاومەزڵی لەگەڵ مسافرێکی حاجی کوتەنی: پیاو ماقووڵ. برایەتی لەگەڵ حاجی خاوەن میوانخانە برێک شەوان دانیشتن لەگەڵ وی. قسە و باس لە ساڵانی سیفر و ساڵانی پێشووتری پاتەخت. باس کردنی من لە وڵاتەکەی خۆم، زبان، داب ونەریت. هەتەڵە و قسەی نەستەق و فۆلکلۆری لای خۆمان. بیرەوەری‌یەکانی حاجی لە نەسیمی شمال، محەممەد مەسعوود، کۆنسێرتی عارف، گۆرانی کوتنی قەمەر. پاشماوەی شەو هەمیسان نووسین و خوێندنەوە، خوێندنەوە و نووسین.

رۆژانی جومعە وچان و پشوودان. خول بە نێو شاردا لە شەقامەکانی باشوورەوە بۆ باکوور، لە جادە قەدیمەوە، لە مەیدانەکان و باخە گشتی یەکاندا، لە شەقام و سەیرانگاکان دا. لە زۆربەی ڕێگەدا، نێوەراستی شەقام. چەپڵە لێدان، گۆرانی گوتن. هاوەڵ، لاوانی هاو تەمەنی خۆم ،تەنیایی . حەسانەوە لە مەیدانەکان و سەیر کردنی خەڵک دیتنی جیاوازی چینایەتی. لە لایەکەوە پووڵ و پارە و سامان بە میلیارد میلیارد. لە لایەکی دیکەوە دۆفرۆش، شیوەران و سەهۆڵاو فرۆش، پزدانە، تۆوی سوێر. حەماڵ و داشقە، نەڕە و هاواری چۆنەر فرۆش، چزویز، شیرنی و ساردی لە پێ یانە ڕێ یەکاندا. هەموو سەعاتێ هەشاوڵی ئاژان و پیاوی شارەداری بۆ سەر ئەم کاسب و کرێکار و ڕەنجبەرانە. کوێر بوون، مردن و زیندوو بوونەوە بۆ وەدەست هێنانی بخۆ و مەمرە، نانەزگێ و سەگ مەرگی.

هەمدیسان شەمبە تا پێنج شەمبە، کتێب فرۆش. کتێب ریز کردن، کارتۆن بەتاڵ کردن، پڕ کردنەوە. چوونە ناوەندی بڵاو کردنەوەی کتێب و گۆفار. کتێب وەرگرتن. چوونە بانگ و پڕ کردنەوەی فیش، پووڵ وەرگرتن و پووڵ لە ژمارە حەسێبی ئەم و ئەو رشتن. تەواوەتی ڕۆژ لە سەر پێ، راکردن، حەول و تەقەلا. ئارەق رشتن لە گەرمانە. شەو شەکەت و ماندوو، کتێب لە ژێر باخەڵ، سەنگەک بە دەستەوە. جاروباریش سەوزی و میوە و پەنیریان ماست بە دەستەوە، بەرەو ژوورەکەی میوانخانەی هیدایەت. شێوێکی ئاسایی و چایی خواردن لە خزمەت حاجی . بڕێک باس و خواس و وت و وێژ، جاروبارە لەگەڵ دیوناسێکی حاجی. کەڕەتی وایە هاودڵ و هاوزبانێک بۆ سەعاتێک دووان. پاش ماوەی شەو، موتاڵا و نووسین. کەمۆکە خەوێک و تاریک و روون وەڕێ کەوتن بەرەو کتێبفرۆشی فەرهەنگ. تێپەڕ بوونی رۆژگار، مانگ و ساڵ. تێپەڕبوونی

وەرزی لاوی و گەنجی. ئاوڕێک لە رابردوو. دنیایەک گێرە و کێشە، بگرە و بەردە، هات و هاوار و شات و شووت و شاف و لاف، دنیایەک تاڵی و سوێری. دەربەدەری، زیندان و کۆت و زەنجیر. پێکهێنانی سەدان هاوەڵایەتی. وەرێ خستنی دەیان پیلان و ئاژاوە، گوڵمەز و بەزم و رەزم. کەوتن و هەستانەوە. هەستانەوە و کەوتن و....

ئاکامی هەموویشیان تاڵ، تێک شکان، دابڕان ولێک هەڵبڕان. دوورکەوتنەوە لە خۆم، لە خەڵک، لە هاوەڵان و وڵاتەکەم. پیاوەتی کردن و ناپیاوی دیتن . خۆشەویستی و مەیل کردن و بوغزاندن و بێ بەقایی دیتن. بێ بەقایی، بێ مەیلی و ناخۆشەویستی دیتن لەو کەسەی خۆشت دەوێ. ئاخ.... لێ گەڕێ.... ئەم دەردە پیاو دەگوژێ....

بە سەر هەمووی ئەمانەش دا ئێستاکە و هەر کاتێک لێم بپرسن:

دەرفەتێکی دیکە و سەر لە نوێ هەڵبژاردنی رێبازێکی تازە بۆ ژیانێکی دیکە! چیت دەوێ؟ گەرەکتە چی هەڵبژێری و ئەو جار چۆن بژی؟ یەک و دووی نیە کاکی خۆم. بیر کردنەوەی ناوێ. جگەرەکەم بەلا لێومەوە دەنێم، مژی دوور و درێژ و قووڵی لێ ئەدەم و قاقایەکی بێ پسانەوە: تاکوو ئەمڕۆ چلۆن ژیاوم؟ رێباز و شێوازم بۆ ژیان چۆن بووە؟ وە دووی چ کەوتووم و چیم خۆش ویستووە؟ چم لە لای ناحەز و ناپەسند بووە؟ چیم لا پیس و نەگریس و وەیشووم بووە و لێی هەڵاتووم؟ لە دەیان و سەدان هەل و مەرج و دەرفەتی دیکەشدا هەر ئاوەها دەبم. هەمیسان هەر ئەم رێباز و شێوازە دەگرم. تامەزرۆی کەوتن و هەستانەوەکانی خۆمم! لە داخ دابڕان و لێک بڕانەی خۆم، لە هەموو ئەو شتانە و ئەو کەسانەی دڵیان شکاندووم و هەسیتان ئێشاندووم، هەستی شادی و چێژێکی بێ ئەژمار دەکەم! هەستی زیندوو بوون و ژیان و بووژانەوە، هەستی چارەنووسی

خۆم!

زەریا بە ڕۆڵە، زەریا بە کورپم. کۆسار بە. زەریای بە تۆفان، ڕووباری بە لافاو، کۆساری سەر بە تەم و مژ بە. دەشت و دۆڵی داپۆشراو و ونبوو لە نێو تەپ و مژ و موخار بە. حەشارگە و گۆڕی چارەنووس و بە سەرهات و نێو چاوان و بەشی خۆت بە! حاشا لەو گۆڕەی نوڕە نووڕی لێوە نایە. ئەمانە هەوێنی ژین و ژیان و شادی و زیندوو بوونن. هەوێنی هەست و بیری ئینسانی و ئینسان بوونن.

خۆشم نایە لەو جەحێڵ و مرۆیەی تاقە یاسایەکی ژیان ناشکێنێ و لە یاسا و نەریت موویەک لانادات. وەک مەلایکەی خودا دێ و دەڕوا. لە نێو ماڵ ومناڵی دا زۆر بەختیار و بەختەوەر، زۆر سازاوە و حاواوەیە! خۆشم نایە لە وانەی تەواوی داب و نەریت و یاسا دەپارێزن و پەسندی هەموانن، ئەوانەی لاق خزین‌یان نیە، هەڵە و تاوان ناکەن، لەتر نادەن و ناکەون و هەڵناستنەوە. بەڵێ کاکە، برالە، ڕۆڵە، خاڵ و مامی خۆم، کەند و کۆسپ و هەڵە و کەوتن و هەستانەوە نەبێ، ئینسان نامێنێ. ئەمانە ئینسان و ئینسانەتی پێک دێنن. نیگایەک بۆ داهاتوو. هەر ئەم دڕگە و تاراوگەیە و کابرایەکی کەلەلا؟ هەر ئەم چزیر و گڕاوە و ئەم ژینە گەمارۆ دراوە؟ ڕیش تاشین و سەرنج دانێکی وردی سەر و گوێلاک لە ئاوێنەدا! ئاخ لە عومری بابردە. لە مەلی هەڵفڕیوی لاوی. لە باڵندە و پەلەوەر و بوونەوەری ڕاکردە، ئاخ.ئاوێنە دەنوێنێ. مووی سپی، کوێستانی خاڵ خاڵ. بەسەردا بارینی بەفری پیری و گەیشتنە مەزڵی وەرزی زستانی تەمەن! قاقا و شەقەی قاقا. درێژەدان بە قاقا. من و پیری؟ یانی من پیر بوومە؟ جا خۆ من هێشتا هەر مناڵم. لاوی و گەنجیم نەدیوە. هێشتا ژینم نەکردووە! ژیانم نەدیتووە. نانا خاڵەگیان نا. ئەم زوڵمە خودا هەڵی ناگرێ. ئەمە خەونێکی تاڵە کە ئاوات و

هیوای بەد خواو دوژمنی منە! بۆ پیر بوونم، بۆ مردنم. بەلاّم من کۆڵ نادەم. لە سبەی زووتر نیە. سبەی زوو وەڕێ دەکەوم و لەم تاراوگە و دوڕگەیە دەڕۆم! بۆ ئەو جێ‌یانە کە پێم خۆشە. چۆنم پێ خۆشە وا دەژیم. ئەرێ وا دەکەم، دەبێ وابکەم. لێرە دانیشتن و خواردن و خەوتن بەرەو مەرگ و نەمانم دەبات. بۆش و بەتاڵ و بێکارەم دەکات. بەد خوای من بە هیوا و ئاواتی خۆی دەگەیەنێ. سبەی زوو، گۆرانی کەڵەشێر. گارەگاڕی مامر. رەنگە لە کۆسار قاسپەی خاسەکەو. لە دارستان نەشیدی سەدان و هەزارەها سەیرە و بولبول و مەلانی دیکە. شنەی شەماڵێکی بۆن خۆش. بۆنی عەتر و عەبیر و دووکەڵی عودو. ئەی من؟ کاکی خۆتان! من زۆر کەیف قنج، بزەی سمێڵ، ریش تاشراو. وەڕێ کەوتووم بەرەگەی کاری خۆم خۆش کەم! هام و شۆ لە رۆخی زەریا، لە نێوان گەمی و لۆتکە. دێم و دەچم و دەڕوانمە هەموو شتێک و هەموو لایەنێک. زەریای هێدی و هێمن. بزووتنەوە و جوولانەوەی زرێی زەریا. ورشە ورشی زرێی لە زێڕ و زێو. شۆق و تیشکی خۆر لە سنگی زەریاوە بەرەو نیگای چاوان، بەرەو گلێنە. نەڕە و گوڕەی گەمیەوان و هەوارچی، ماسی‌گر و ماسی کڕ. هات و چۆی حەماڵ و بارلێ دان. هەموو کەسێ لە حەول و تەقەلای کار راستی خۆی دایە. بڕێک خۆیان ساز دەکەن بە گەمیەوە لە زەریا دەن. بۆ راوە ماسی، بۆ وەدەستهێنانی سەدەف و دوڕ. بۆ بار بردن و مسافیرکێشان. بڕێک لە زەریا دێنەوە. لە ماسی گرتن و دەرهێنانەوەی سەدەف و دوڕ و مرواری. لێرەوە بۆ چزیرێکی دیکە و لە گراوەیەکی دیکەوە بۆ ئێرە.

پۆلێک گەمیەوان لە سەر دیوارەی گەمیەکەیان دانیشتوون. جگەرە دەکێشن، گراس دەمژن و گۆرانی دەڵێن. دوورا و دوور هەرا لێک دەکەن و چاوەنواڕن! چاوەنواڕی چی؟ هاوەڵ، مسافیر، بار. بە نێویان دا دەگەڕێم و

سەیر دەکەم. تێیان دەڕوانم. دوور و نزیک، کەم و زۆر بڕێکیان دیوناس و بڕێکیان نەناس و نامۆ.

چتان لێ وەشارم. هەڵیان دەسەنگێنم. کێ و کامەیان هەڵبژێرم؟ چۆن سەری قسەی لەگەڵ دامەزرێنم. چۆن نەهێنی خۆم لەگەڵیان باس کەم؟ قسەی دڵم چلۆن بدرکێنم؟ دەست لە دەست و قەوەت لە خوا، هەڵبژاردنی گەمیەوانێکی پیر، بەڵام بەخۆوە. رۆیشتنە پێشێ. سڵاو و هەواڵپرسی. باس و خواسی لاوەکی و ئەم لاولا. دەقەیەک دووان ماتڵ کردن و شلە پێ دان بە کردنەوەی پرێسکەی دڵ.

پیاوێکی ژیر و ئاقڵ و لە کڵ دەرهاتوو. لە پڕ دێتە قسە: ئاخ داد و بێداد، منداڵ هەڵدەسەنگێنی؟ قسەی دڵت دەربڕە. بەڵام نانا پێویست نیە تۆ بیڵێی! من پێت دەڵێم چیت دەوێ! دەزانم گیرت چیە. تۆ کاکۆ سامرەندی شاربەدەری. لاوەکی خەڵکی ئێرە هەموو دەتناسن. گەورە و چکۆڵە، ورد و درشت ئاغای خۆم. رەنگە لە منت بوێ لەم دڕگەیە دەربازت کەم! رێگەی هەڵاتنت بۆ بشکێنم. بەڵام ئەمە خەون و خەیاڵاتی تۆیە. لەم گراوەیەدا کەس تۆ سواری گەمی و لێنچ وکەشتی و لۆتکە ناکات. دەمانبووری کەس یارمەتیت نادا. حوکمی نایبە. نایب قامکی پێ بە کاغەزەوە ناوین،مۆر و ئیمزای لێ سەندووین هیچ شار بە دەرێک سوار نەکەین. بە داخەوەم، دەمبووری. کابرا وەندە دەڵێ و چی دی لە سەری ناڕوا. لە سەر لێوارەی گەمیەکەی دادەنیشێ، جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، پشتم تێ دەکا و بەم لاولادا دەڕوانێ.

چاوەنواری هەموو چەشنە وەڵامێک هەم، چونکی بەشەر جۆراوجۆرن. ئەم پێنج قامکە هیچیان لێک ناچن و چەشنی یەک نین. بەشەر قات نیە! پیاو قات نەبووە. ئینسان قات و قڕی تێ نەکەوتووە. ئەم

کابرایە نا یەکێکی دیکە. پێی دەڵێم: لە هەڵەدای کاکی برا! ویستی من وا نەبوو. من لە هەڵات نیم . ماوەی شاربەدەریەکەم چی وای نەماوە. بۆ کوێ هەڵدێم؟ نانا وا بیر مەکەوە، بە دۆعا. ماوەیەکی دیکە بە نێو خەڵک دا دێم و دەچم، تاکوو لە چاوی ئەم کابرایە ون دەبم. لەو سەری شەقام جەحێڵێک دەبینمەوە. بەڵام جەحێڵ نا، تازە لاوێک. حەفدە، هەژدە ساڵان. کورد کوتەنی: تازە سمێڵی گووگرە بووە. بە رواڵەت و قەڵافەت قوتیلە و وریالە، ژیر و لێ هاتوو! هێور هێور لێی دەچمە پێشێ. ماندوو نەبی لاوۆ، رۆژ باش دۆستی ئازیز. دیسانەکە باس و خواسی زەریا و ئیش و ماسی و هەلەق مەلەق! زۆر قیت و قۆز و لە خۆبایی لەگەڵم دەدوێ. ماوەی چارەکە سەعاتێک قسە کردن لەم لاولا. بەرە بەرە وەک جاڵجالووکەیەکی لە نچیرەکەی بڕوانێ، تێی دەڕوانم و لێی دەچمە پێشێ.

قسە هەڵدەگێڕمەوە. لەم بارەوە بۆ بارێکی دی قسە با ئەدەمەوە. لە نێوان قسە وباسدا مەزەندەی گەمی یەکی دەربەست بۆ دڕگەیەکی هاوسێ یان تاکوو بەندەری لێ دەپرسم. لە نەکاو قاقای هەتیو زرینگە لە بن گوێم هەڵدەستێنێ. دوو سێ مستەکۆڵە لە ران و ئەژنۆی خۆی دەکوتێ و بانگەوازم دەکاتێ:

دەی بڵێ دەتەوێ هەڵێی. بە خودای زۆر چەتوون و ئەستەمە کەس سوارت کات. نایب پێستی سەری دادەماڵێ! مۆر وئیمزای لێ سەندووین هەقی سوار کردنی هیچ شاربەدەرێکمان نیە. بە داخەوەم.

لە قاقا و وەڵامی هەتیو رادەچڵەکم. بەڵام بێ سێ و دوو و راوێستان پێی دەڵێم: کێ باسی ئەوەی کرد؟ کێ لەو بابەتەوە دووا؟ ماوەیەکی دیکە لەم لاوئەولا ئەدوێین. جگەرەیەک ئاگر ئەدەم. پاش ماڵ ئاوایی کردن ملی رێگە دەگرمە بەر و بۆ نێو حەشیمەت دەگەڕێمەوە.

لە خۆمدا خۆم دەخۆمەوە. وەک یەکانەی ئەنگاوتراو جینگڵ ئەدەم. لە ناخدا بەر دەبمە وڕێنە کردن: دەیانەوێ لێرەم راگرن. لەم دورگەیەدا بمێنمەوە. وەک گۆلاوێک پەنگ بخۆمەوە، بگەنم. بۆن بگرم، وشک بم، بۆگەن بم. بەڵام خەونیان دیوە، لە خەودان! دەڕۆم و نامێنمەوە. حەتمینە دەڕۆم. مانەوە مردنە. کات وساتی مردنیشم نیە. من لە مردن و مردن لە من زۆر لێک دوورین. مانەوە مردنە، نابێ بمێنمەوە. دەبێ بڕۆم، بڕۆم، بڕۆم. دەی‌بینن دەش‌ڕۆم. با بزانین ئاخری خودا بە کێی ئەدات؟! بە من یان بە نایب. بەڵام نایب کێ‌یە، بە من یان بە شای نایب. عەیبەت کەن زەلام. شوورەیی بکە. ناسلامەتی خۆت نێو ناوە پیاو، پیاوی بەربەرەکانێی رامیاری. پیاوی نووسەر و خاوەن هونەر! بە سەر ئەوەشدا دێی و خۆت لەگەڵ نایب لە تەرازوو ئەدەی! پێت وایە بەربەرەکانێت لە تەک نایب دایە؟ رۆڵە قووڵ تی‌فکرە، بەرز بفڕە. تۆ لە گەڵ گەورەتر لە گێرە و کێشە و کێشمە کێشم دای.

خۆر بەرزتر بۆتەوە. وڵات گەرم داهاتووە، بەڵام ئاگری نەگرتووە. چەشنی وەرزی هاوین داغ و سوور دانەگەڕاوە. هەروا کە بە نێو حەشیمەت دا دێم و دەچم، چاوم بە لاوێکی گەمیەوان دەکەوێ. لە سەر دیوارەی گەمیەکەی دانیشتووە. چاوەڕوانە. بەڵام چاوەڕوانی چی؟ نازانم. لێی نزیکتر دەبمەوە. سێ و دووی لێ ناکەم! چەندێکم لێ دەستێنی لێرەوە بمبەی بۆ بەندەر؟ پشتم تێ دەکا. پرسیارەکەم دووپات دەکەمەوە. رووم تێ دەکا و پشتم تێ دەکا، هەمیسان رووم تێ دەکا و پشتم تێ دەکا. ئەم کارانەی ئاسایی نیە، دەڵێی لە کێشمە کێشمێکی نێو ناخی خۆی دایە.

لە ئاکامدا بەرەو رووم رادەوەستێ. پرسیار دوویات دەکەمەوە: لێرەوە بمبەی بۆ بەندەر چەندەم لێ دەستێنێ؟ ها؟ دەڵێی چی؟ مەزندە چەندێکە

و تۆ داوای چەند دەکەی. تاقە خۆمم، بێ بار و مار، بێ کەل و پەل. دەمارەکانی لامل و روومەتی پێکدا دێن، خڕ دەبنەوە، بڵاو دەبنەوە. لێوە لەرەیەتی، چاوەکانی زوو زوو دەترووکێنێ. یەک دوو چەلان دەم دەکاتەوە و دەیقووچێنێتەوە. دەنگی دەرنایە. لێوەکانی بە سەر یەکدا پان دەبنەوە، خوار و خێچ دەبن. دەمارەکانی ئەم لاو لای ئەستۆی چەشنی تەنافێک رەپ دەبن و هەڵدەستن. لە دڵمدا دەڵێم: بڵێی لاڵ نەبێت؟ لەگەڵکوو ئەم پرسیارەم بە زەینی‌دا دێت،کوڕە بە تەتە و پەتە دێتە وەڵام: ننننـنە ئائائاغا تـ تـ شـ شـ شـ شار بـ بـ بە دەری. نـ نـ نایب قەد قەد قەدەغەی کـ کـ کردووە زززماننم دەدە دەبڕێ. دە دە دەمکوژژژێت. نـ نـ نە نە نە. بێدەنگ دەبین. پسکە، زۆریش پسک. بە دڵمدا دێ پوولی پێ نیشان دەم و وەسەر تەماحی خەم.

بە پووڵ و پارە بە فریوی بەرم. بەڵام ئەم فیکرە کە بە چەشنی تێسکەی تفەنگ بە زەینمدا دێت، هەروەهاش وەک فینگەی گوللە تێپەڕ دەبێ و دەڕوات. لەگەڵی دادەنیشم. بە زبان، بە ئاماژە، بە زبان و ئاشیرە و ئاماژە بڕێکی لە گەڵدا ئەدوێم. لاوێکی پسک و کەم رووە. زیاتر لەوەی بدوێت، سەر رادەوەشێنێ. دەست و قامک و پەنجە و لێو و چاو و برۆ هەڵدەخولێنێ. بزەی دێتێ. واق و وڕماو دادەمێنێ. یان راست نیگای لە نێو چاوانم دەبڕێت، یان تەمەشای عەرز و بەر دەم و ئەم لاو لای خۆی دەکات. باش دیارە، زۆرکەم لەگەڵ خەڵک دواوە. زۆری تەنیایی چێشتووە. هەست دەکەم لەوەی کە لەگەڵ مندا دانیشتووە، رازی نیە و دەیەوێ لە چنگم دەرباز بێت. لە حەولی ئەوەدام لەگەڵی دیوناسی پێک بێنم! باسی «هاوڕێ»ی خولە ماسیگر و جاسم دەکەم. باسی حاجی رەزازی بۆ دەکەم. باسی ئەوەی بۆ دەگێڕمەوە کە ماوەیەک لە لای حاجی رەزاز میرزا بووم و

ئێستێ لە لای نەماوم. قسە کردن بۆی دژوار و ئەستەمە. هەر لە من قسە کردن و لەو بێ دەنگی و بەم لاو لادا روانین. لە پاش نیو سەعات شێر و ڕێوی، هەڵیتە و پڵیتە، باس و خواسی هەلەق مەلەق لە لایان منەوە، تەنیا پرسیارێکم وەڵام ئەداتەوە: نێوی «ناتق»ـە! دەی رەبی ماڵت شێویێ بۆ ناتقیت، ئەگین هەموو ناتقێک و بە تایبەت ناتقی هەوەڵیش هەروەک تۆ بوویێتن، دەک رەببی دەری بابانتان شێویێ! ماڵ ئاوا ناتق. بە دۆعا، بە دۆعا.

جەنگەی کاروکاسبی. هاوار و وەرەو برۆ. هەلات هەلاتی کاسب کار، تەقەلای بارەبەر و کرێکار. شەقامی لێوارە، هەر هەنگاوێک و دنیایەکی تایبەت. سێلاوی حەشیمەت، ئێرەیی و لاوەکی. ژن و پیاو، منال وپیرو لاو. بۆنی ماسی، ماسی گەنیو. گازەی بابۆڵە فرۆش، شەربەتی جۆراو جۆر. چز و بز و جەرگ و سی. سێوەڵوکە و هێلکە و تەماتە. بانگەشەی وردەکاسبکار. ئەقیانووسی کار و بێکاری! نان و برسێتی.

ئەوەش دیوناسە لە مێژینەکەی خۆم چایخانەکەی لێوارەی زەریا. کەپرێکی زەلام، لە بەرزایی سەرچیمەنی کەندەلانێک. روانگەی زەریا لێرەوە جوان و رازاوە. باوەشی بەرینی زریێ و ئاو. زۆر لە دوور، ئێکجار لە دوور، تەم و مژێکی شینکی و پتەو. لە باوەشی دا کۆسارێک. بڵێی کۆسارەکەی وڵاتی خۆمان بێت؟ کام کۆسار و کامە کێو؟ چایچی ساردی‌یەکم بۆ دێنێت. هێندە دێمە ئێرە دەزانێ چیم دەوێ و لە کامانە! پێ گوتنی ناوێ. لێم دەپرسێ: ئەرێ کاکۆ سامرەند چەنێک لەم کێوانە دەڕوانی؟ رەنگە بە لاتەوە شوێنێکی خۆش بێت؟ پێت وایە مەڵبەندێکی جوان و رازاوەیە؟ کاکۆ گیان جوان یان ناحەزا! خۆش یان ناخۆش ناهێڵن تۆ بچیتە ئەوێ. ئەگینا بەسێ چوار سەعات کەشتی دەچیت! ئەو کۆسارە تاکوو ئەوبەری زەریا راست نیوە رێیە. بەڵام جێگەیەکی زۆر ناخۆشە!

ئاوەدانی نیە. چوار پێنج ماڵ و کانی‌یەک و دوو سێ سەگ و پازدە بیست سەر بزن. دەڵێن چەند بزنە کێوی‌یەکیشی بە زەردەکانیەوە هەیە. جارجار دیـــتوویانن. چـــایچی ئـــەمە دەڵـــێت و دەچـــێتەوە پشت دەسگـــا و سەماوەرەکەی. قسەکانی جیهانی من هەڵدەگێڕێتەوە. تاکوونێ ئەمڕۆ هەر وامدەزانی ئەم چیا و کۆسارە ولاتەکەی خۆمە. ئێستێ پێم دەڵێن نـەخێر، ئەویش هەر ئـەم ولاتـەیە! خـودایـە مـن لەم تـاراوگـەیە چـەندە سـەر لێ شێواوم؟ چەنێک بەری چاویان گرتووم و نزیک دەڕوانم؟!

هۆو هۆو مامە یادگار، نوستووی یا بێدار؟ قـەول و قـەرار وانـەبوو کوێستانی سامڕەند وەندە نەوی بێت! ئەوەندە دەور ویەری خۆی بۆی نامۆ بێت. وەندە نزیکە رووان و نزیکە بین بێت. یـانی هـەر کـەس چـوار رۆژ کەوتە تەنگ و چەڵەمەوە ئیدی دەبێ ئاوا لە گەمارۆدا بێت؟ لەگەڵ تۆمە هـۆو کـوێستانی سـامڕەند، تـەپ و مـژ دەوریـان داوی و بـەری چـاویان گرتووی. سۆمای چاویان لێڵ کردووی. چاوەکانت هەڵ گلۆفە، وەرەوە خۆ. باوێشکێکی درێژ بکێشە، چوار پێنج مستەکۆڵەی باش بە سـنگت دادە، هەستە سەر پێ و لە پاش و پێش و دوور و نزیک و دەور و بەری خـۆت بڕوانە. هەشت نۆ دە جار بە هێز و قەوەتی خۆت بنەڕێنە!

بڕۆ بەر ئاوێنە. بزانە خۆتی؟ نانا، ئەوە تۆ نی! تۆ وانەبووی گـێژە. لە بیرت نەماوە؟ لە بیرت نیە تۆ کێی؟ بەندی بـوونی سـاڵی سـیفر. قـەپانی ئەشکەنجە.ساقی و سەرسەرا. لە سەر سەراوە بەرەو بۆدڕ. بۆ سین و جیم، بۆ ژێر قەپان. سی و نۆ رۆژ. بگرە سی و نـۆ شـەو و رۆژ دار و تـێل داغ، قەپان، مەڕانە. بـۆدڕی تـاق و تـایبەتی. لە بـیرتە ئـەو رۆژەی سـەرهەنگ سیامەک پێی گـوتی تـاوانـی تـۆ وەنـدە نیە کـە ئـاوات لێ دەکـەن! هـی کەللەشەقی و جوابەجەنگی خۆتە، کەمێ هێدی و هێمن‌تر بە.

لە بیرتە لە وەڵامی دا چیت گوت؟ سەرهەنگ دوور بڕوانە دوور ئاسۆ روونە.سەرهەنگ ئەگین من و تۆ لە بەر چاوی ئەم مێرمناڵ و لاوانە ئاوامان بە سەر نەهێنن، ئەی کێ لە زەین و تێفکرینیان دا قارەمانی راوێستان و خۆ راگرتن بێت؟ ئەی پێیان وا بێ ئەشکەنجە یانی دوو شەپ و شەقەزللە و لەوە زیاتر دەبێ کوڵ بدەن؟ دەنا دەیانکوژن؟! نانا سەرهەنگ دوور بڕوانە، دوور، دوور. لە بیرتە سەرهەنگ چەند جاران بە بەری دەست لە نێو شان و پشتی کوتای و ماچی کردی!

فرمێسکی گەش و گەرم بە گۆناکانیدا هاتەخوارێ و کوتی: من پیر بووم کوڕم، پیری و سەد عەیب کاکۆ! چایچی لە سەرشانم دەکوتێ: هۆو کاکۆو هۆو، لە کوێی؟ وەڵامم دەوە. وڵاتەکەی تۆش ئاوەها شاخ و داخ و هەزار بە هەزار و کاکی بەکاکی‌یە؟

نا مەمەل گیان نا . شاخەکانی وڵاتی من پڕن لە داری بەڕوو، هەنار و هەرمێ و رەز و شیلان. ئەمانە و سەدان دار و گوڵ و گیای دیکە وڵاتی منیان رازاندۆتەوە. شاخێ نیەکانی‌یەک لە پای نەبێت، ترۆپکی نیە، بە دار و گوڵ و گیا نەڕازابێتەوە و دەیان و سەدان بوونەوەر و پەلەوەر ئاوەدانیان نەکردبێتەوە. وڵاتەکەی من؟ ئاخ.

لە چایچی داوای دوو چایی دەکەم. بە دوو چاوە دێتە پێشێ. سەری بە گوێمەوە دەنێ: نیوە رەنگ بن؟ لە شانم دەکوتێ قاقا دەکێشێ. هەر بە قاقا لێدان دەگەڕێتەوە. بۆ پشت دەسگا و سەماوەرەکەی . پێ‌کەنینم دێ و پێکەنینەکەم زەردەخەنەیەکە و بەس!

ئۆخژنێک بە ناخمدا دێ. کەمۆکێ خەفەت لە دڵم دەڕوێ. هەڵدەستمە سەر پێ و دووا چایەکەم بە پێوە هەڵدەلووشم. بڕێک قەرەپووڵ دەهاوێمە سەر دەسگای چایچی و دەچمەوە نێو حەشیمەت.

لەگەڵ خۆم هەر لە جینگڵ و گێرە و کێشە و وڕێنەدام: تەواوەتی جیهان، ئەم جیهانە و هەر جیهانێکی دیکە، تەنیا کوورەیەک و گڕکانێک، گڕکان و کوورەیەک. بلێسەی ئاگر و گڕ و گەرما و دووکەڵ. هیچی دیکە و هیچی‌تر. بۆ چ مدە و ماوەیەک؟ ئەمە گرینک نیە. کاکە هۆ جارێکی دیکەش دەڵێم. دەمدەمان و بۆرەتار و سەردەماو عەیام و کات و سات گرینگ و ئەوتۆ نیە. تۆ چ کارێکت بە مدە و ماوە و زەمان داوە؟ وای دابنێین بۆ ملیۆنەها ساڵ و سەدە! بەڵام ئەوەی گرنگ و ئەوتۆیە، تەقینەوەیە! تەقینەوەی گڕکان لە تاقە کوورەی ئەو جیهانە بەرین و بێ سنوورەدا.

تەقینەوە بە دوای تەقینەوەدا. بەرە بەرە پەرەنگ پەرەنگ بوونی کوورەی جیهان و پێک هاتنی جیهانێکی نوێ. لەم ئاڵ و گۆڕەداکێ دەستی تێدا بوو؟ رادەی ویست و بەشداری تۆ چەندە بوو سامرەند؟

هیچ و هەر هیچ هیچ. سا بزانە باوانەکەم بێ بەشداری و دەسەڵاتداری تۆ کوورەی زەوی، بوونەوەرەکان، باوە ئادەم و ئەم ژیان و جیهانە پێک هات. قوت بوونەوەی باوە ئادەم و دایکە حەوا. هابیل و قابیل لە باوەشدا. حەتمینە هەرد و کۆسار و چەم و دارستانێک، گەرما وسەرما، هەورە تریشقە، برسێتی، ماندوو بوون، بە دەوری خۆیاندا خولانەوە. پێت وایە. چ شتێک بە مەیل و ویست و خۆزیای ئەوان بوو؟

هیچ بەرخۆڵەکەم. بە خودای ئەوانیش هەر بە قەد تۆیان دەسەڵات بوو. بەڵام تەقەلای زگ و ژێر زگ، مردن و مانەوە، ژین و ژیان دەیانگەیەنێتە وەرزی پێک هاتنی تۆ! چ دوور نەڕۆین و باسی کەس نەکەین. تۆ کاک سامرەند دەسەڵاتت لە هاتنە سەر دنیادا چەندە بوو؟ هیچ؟ دە بە خودای باوە گەورەشت، ئادەمیشت هەربە قەد تۆی دەسەڵات بوو! دەیجا گلەییت لە چی‌یە؟! هەر دەناڵێنی و دەنەڕێنی و دەگوڕێنی و

دەگوژی و دەبڕی. هەر وڕێنە دەکەی: بە دڵم نیە، کۆڵ نادەم. دەی گۆڕم، وا دەکەم. دەیجا هەرکا لە هاتنە سەر دنیادا دەسەڵاتێکت نەبووە، لە دە پازدە ساڵی سەرەتای تەمەنت دا دەسەڵاتێکت نەبووە، ئەم بیست، بیست و چەند ساڵەیش دەسەڵاتێکت نەبووە، ئەی چۆن پێت وایە لە مەوبەدوا دەسەڵاتێکت دەبێ؟ پێت وایە؟! هەی گەلحۆ! بۆ خۆت پێت وایە گێژە. بەڵام نیتە. لە سەر دنیا هیچ کەس دەسەڵاتێکی لە چارەنووس و ڕێبازی ژینی خۆیدا نیە! بەڵام تەقەلا کردن، حەول دان و تێکۆشان خۆشە، شیرنە، هەست بزوێنە. سوکنایەک بە دەروونداا دێنێ. ئەهها دڵت بەوە خۆشە خۆت فریو دەی؟ خۆت هەڵخەڵەتێنی؟!پێت وایە بە حەول دان و تەقەلا و تێکوشان واتە و مانایەک بە جیهان و ژیان ئەدەی؟ دەیجا خۆ ئەوە زۆر جوانە! دەسا تێکۆشە، تێکۆشە. بەڵام ئەگین تێکۆشانەکەت بە مەبەست و ئامانجی خۆتی نەگەیاندی چی؟ پەرۆش و پەشێو مەبە. ئەمە جەغزێکە! ژیانی هەر بوونەوەرێک لە بازنەی وەیشوومەیەک دایە. دەسەڵات هەر وەندەیە لە نێو ئەم جەغز و بازنەیەدا حەول بدەی و تێبکۆشی. ئیدی سەرکەوتن و تێک شکان، هەڵچوون و داچوون و کەم و زیاد کردن بە دەست خۆت نیە.

دەسا ڕەزامەندی ناخ و مۆخ و هەست لە تێکۆشاندا دەبینی؟ تێکۆشە، تێکۆشە.

تێکۆشم؟! هەر ئاوەها سانا و ئاسایی؟ بە وتە و حوکمی تۆ؟ بە گیانەکەت چەشنی ئاوی ڕووبارێکی خوڕ، وەک هەڵچوون و داچوونی بڵێسەی ئاگر و گڕکان قەت ناوێستم. نەوێستاوم و ناوێستم. بە ئامانج ناگەم ؟ نامراد دەبم و تێک دەشکێم؟ قەیدی ناکات! خۆ هەر بەم بزووتنەوە و جووڵانەوە و حەول و تەقەلایە گوتوومە و سەلماندوومە بەشەرم، ئینسانم.

کوڵ نادەم. مل خوار ناکەم. بەڵێ قوربان ناڵێم. مەڕ و بزن و پاتاڵ نیم، لێم خوڕن. هەر وەندە تەواوە، جێی ڕەزامەندی دڵی خۆمە. بۆچ شێتم یان کوێرم و ئەم هەموو مەڕ و ماڵات و پاتاڵە نابینم لێیان دەخوڕن؟

ئەمانە ئاڵف و گیان. مان و نەمان و بوون و نەبوونیان لە سەر دنیا یەکە، یەکە و فەرقی نیە. بوون و نەبوونی مەڕ و ماڵات چ ئاڵ و گۆڕێک بە سەر چ شتێکدا ناهێنێ. ناخۆشی یان خۆشی‌یان چیە؟ خەفەت و خوریە یان شادی و ڕەزامەندی‌یان چیە؟ کڕینی ماشێن، خانووبەرە، ڕاخەر و کەرەسەیێکی نێو ماڵ بە قەرز و قۆڵە. پێک هێنانی ژیانێکی وەک ئاواتەکەی باب و باپیرە و باپیرە گەوریان تاکوو قابیل، خۆش خواردن و پۆشین و دڕین و خەوتن. تڕ و تەوێڵە خستنەوە. هام و شۆ لەگەڵ پیاو ماقووڵ و دارا و دەست ڕۆیودا! قسە و باسی پیاو ماقووڵانە کردن. گێڕانەوەی وزە وزی باڵی مێشوولە و هەواڵەکانی هەموو رادیۆکان. گێڕانەوەی بە تام و بۆنی هەواڵەکانی نێو شار و وڵاتی خۆیان. مەترسی لە قات و قڕی و گرانی. مەترسی لە بۆمبای ئەتۆمی و شەڕی سێهەمی جیهانی و بوولەرزە. بایی بوون و حەز و حیزی ئەوەی چی و چی تازەیان بۆ خێزان و مناڵەکان و ماڵ و حاڵەکەیان کڕیوە، یان مووچە و مواجب و دەسکەوتی ڕۆژانە و مانگانەیان چەنێک زیاد بووە. بۆ خاتری خودا بەسی کە، دەڕشێمەوە سامڕەند. بەسە تاکوو پەرۆشم بە سەر گۆڕی زیندوو مردوویاندا نەکردووە!

بەسە ئیدی هەر بیر مەکەوە! دەرکی مێشکت داخە. چاو و گوێ و دەم و لووتت بقووچێنە. خەریکی هێڵنج ئەدەی. بڕۆ، بڕۆوە بۆ ماڵەکەت. ساتێ ڕاکشێ. ماوەیەک با وچان و پشوودان بێت.

* * *

جەنگەی نیوەڕۆیە و خۆر لە حەوێقی ئاسمان. وەرزی فێنکی دڕگە لە تەواو بوونە. بەرەو وەرزی گەرما دەچین. رەشەبای پاش نیوەڕۆیان نەماوە. دەتوانم ئەم پاش نیوەڕۆیە دەرکەوم و تەقالا بدەم. بەشقەم بتوانم لەگەڵ گەمیەوانێک پێک بێم و بۆی دەرباز بم. نابێ جاسم و هاوڕێ بەم تەقەلایە بزانن! دەنا دەیکەنە زۆر و مل هوڕی خۆیان دەربازم کەن. بەڵام نانا. لەگەڵ ئەوان سوار نابم، لەگەڵ ئەواندا ناڕۆم. پاسگە پێ دەزانێ و ئەزرەبە و جەرەبەیان ئەدەن. دەیانکوتن، لەبەندیان دەکەن. نا،نا. قەت قەت. جا شتی وا و کاریێ وا چۆن دەبێ؟! من نان و نەمەکی ئەوانم کردووە. ئەمەگگیری دایە مرواری و ئەم ماڵە دەبم. قەت کاری وا نابێ. دایە مرواری ئەمەکی دایکی بە سەر منەوە هەیە. پێڵاوی غەریبی و نامۆییم لە ماڵی ئەواندا کردۆتەوە. نانا قەت قەت. من و کاری وا بکەم؟ جا چۆن هاوڕێ لە سەر من بکەوێتە بەندەوە؟ دایە مرواری سەر بە هەنیسک و چاو بە فرمێسک ئەم ئیدارە و ئەو ئیدارە بکات و سنگ لە من بکوتێ! خودا ئەو رۆژە نەهێنێ. لەگەڵ مندا زۆر بە مەیل و مێهرەبان بوون. ئەوەتا ناسیاویم لەگەڵیاندا هەیە حەوتوو نیە دوو ژەم و سێ ژەم بۆ نەهار یان شێوٚ داوەتیان نەکردبێتم. نەیانهێشتووە هەستی تەنیایی و غەریبی بکەم. هەم دۆست و دراوسێم بوون، هەم هاوەڵ و خزم و کەس. بۆنی دایکیم بە دایە مرواریەوە ناوە، بۆنی برایەتیش بە هاوڕێ و جاسمەوە. سەعات سێ و چواری پاش نیوەڕۆ. شەقامی لێوارە و حەشیمەتێکی کەم. تاق و لۆق گەمیەوان. چەند کەس لاوەکی و سەیری زەریا و لۆتکە و سوار بوونی لۆتکە ماتۆڕی.

جومعە شەیتان دەپازدە هەنگاو لەو لاترمەوە خەریکی قەندەکێشانە. سەبیلەیێکی نیو گەز بە دەستەوە، توورەکەیەکی قایش بە لاسمتەوە،

مەتارەی چایی و قەند و ئیسکان لە بەر دەم، لە سێبەری گەمیە شکاوێک، پاڵی بە تەختەی گەمیەکەوە داوە. چا دەخوا و قەندە بە با دەکا و سەرنجی ئەم لاو لا ئەدات!

لەگەڵکوو چاوی پێم دەکەوێت بانگم دەکات. دەسەڵات نیە! دەبێ لادەمە لای. خولقی هەر کەسی کرد، دەبێ حوکمی بە جێ بێت! سلاّو و هەواڵپرسی. لە بەرامبەر یەکدا دادەنیشین. رووم تێ دەکا و دەڵێ: لە بیرمە، چای نیوەرەنگ. ها؟ نەوژی جومعە پیر و خەرەفایە، جارێک لەتەک هەر کەسا بنیشم، زانم چ لە جانتایا هەس!

وە من ئەوژن جومعە رەش. دەپەڕمە نێو قسەکەی: نەوەڵلاّ پێت دەڵێن: جومعە شەیتان! قاقا دەکێشێ و بە دەم قاقاوە: روولە شەیتان وەخاتر زیرەنگی و ئازاییمە! مەشەیتان نیم. چایەک دەنێتە بەر دەستم. تووتنی قەندەکەی تازە دەکاتەوە. خولقی قەندەم دەکات! دوو مژ لە سەبیلە و تووتنەکەی دەکێشم. زۆر توند و بۆگەنە. دەکەومە کۆخەکۆخ. سەبیلەکەی ئەدەمەوە: ناتوانم جومعە، ناتوانم. جگەرەیەکی خۆم دادەگیرسێنم. جومعە قاقا دەکێشێ و بە پشتدا دەکەوێ: توتوونی پیاوە، منال نەتوانن بکێشنی. ئەم جگەرە دوێتانەی ئێوەش جگەرەن؟ چایەکەم دەخۆمەوە. دەمەوێ ماڵ ئاوایی بکەم و بڕۆم. جومعە دەستی دەنێتە سەرشانم و دام دەنیشێنێتەوە: یەی کەم رۆنیشە دوو قسان بکەیم. تەنیای، بی کاری. قسە کردن ناخۆش نیە. فارس کوتەنی: شتێک ئەوژم، شتێک ئەژنەفی. چارەکە سەعات فرەترە سەیرت کەم. پەرێشانی! نارەحەت، رووگرژ، مات. نەزانم خەریک چیت؟ بەلاّم هان وەدووتەوە! جومعە دونیا دیدەن، چوار چاوم هەن. وە ئەم لاو ئوولا مەڕوانە. هان وە نیزیک. مە نەزانم خوەت زانی خەریک چەی! شەو وەرە ماڵ مە.

نایمترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

وەتەک هاوڕێ وەرە. هاوڕێ ماڵەکەم زانیت. ئیسە گەشتەکەت تەواو مەکە. هەروا سوور بدە، پیاسەکە. شوون وونکە بکە!!

جومعە بە جێ دەهێڵم. بەرەو سەرەوەی زەریا دەڕۆم. بەرەبەرە لە حەشیمەت دوور دەکەومەوە. خیزەڵان و زەریا. شنەیەکی زۆر فێنک و هێدی. بریقە بریقی زیخ لە قەراخ بەستێنی زەریا لە ژێر توێژێکی زۆر تەنکی ئاودا. بریقەی زیخ و ورشەی ئاو. تێکشکان و گەڕانەوەی تیشکی خۆر لە سنگی ئاوڕا بەرەو نیگای چاوان. چوار پێنج پانە زیخی لووس سەرنجم رادەکێشن. وەبیر «نان و ماست خواردن» کایەی منالی دەکەومەوە. پانە بەردەکان بە دەستەوە دەگرم. هەوەڵ بەرد لە سنگی زەریائەدەم، پانە زیخ نوقمی ئاو دەبێت. بە دووهەم پانە دوو نان و ماست دەخۆم. پانەی سێهەم دیسانەکە نوقمی ئاو دەبێت. چوارەم پانە چوار نان و ماستم بۆ تەیار دەکات! خۆشی دەتزێتە دڵمەوە. چاو لە پانە دەگێڕم. پانە ئەدۆزمەوە، دەیهاوم. لە دوای چوارەم پانە، ئیدی بە هیچیان لە چوار و پێنج نان و ماست کەمتر ناخۆم. مەست و سەرخۆش، منالێکی بێ خەم و خەیاڵ، خەریکی پانە بەرد و نان و ماست!

خۆر بەرەو رۆژئاوا، رەنگ زێڕکفت و نارنجی، ورشە ورشی زرێ و زەریا و زیخ، منالێکی لاساری شاد و تەنیا خەریکی نان و ماست خواردن. هەموو دنیا چێژە و رازاوە و شادی. ئەم یەکەش دەهاوم. ئەم پێنج نان و ماستەش خەڵات وەردەگرم. لەم نان و ماستانە بەشی دایە مرواری و هاوڕێ و جومعەش ئەدەم. بەشی کیژە جوانەکە بە جیا دادەنێم. زۆر بۆ ئەو دەبەمەوە. ئاخ کەژاڵ لە کوێی؟ لە کوێی؟ بەڵام ئەم کیژەش زۆر خانمە! گەلێ مێهرەبان و سەنگین. وەندەی لەگەڵم دێتە قسەکردن، چەنێک هێدی و هێمن؟ چەندە جوان فکر و خۆش وێژ. سەیدای قوتابخانەشە. خانم

مەعلیم؟!! فایدەی چی؟ بەڵێی کاری ئێمە بە کوێ بگات. ئاخ مناڵی ئاوارەیی، تاراوگە، دڕگە و شاربەدەری. دڵت بە چی خۆشە؟ باز بازووکێنی پانە خیز بە سەرئاودا! ژنیشت دەوێ!

سەعاتێک کەمتر یان زیاتر، چ مدە و ماوەیەک خەریکی بەردە فڕکە و باز بازووکەی پانە بەرد بە سەر ئاودا بوومە و نان و ماستم خواردووە؟ کاتێ دێمەوە سەرخۆ لە سەر لێوارەی گەمیە شکاوێک لە رەخی زەریا دانیشتووم. جگەرە دەکێشم. پەیتا پەیتا و لە پەستا جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم. لە بۆگەن و دووکەڵی جگەرە دا نوقم بوومە. سەرم ماسیوە! کەڕڕاکەی سەرم بە دەوری خۆیدا و بە دەوری ئەم گەمیە و لە جەغزێکی جاروبار رەش و جاروبار خۆڵەمێشی دا دەسووڕێت و دەخولێتەوە. بەڵام ئەمە چ نیە، گرنگ ئەوەیە فرمێسک لە گوێنی رووبارێک بە روخسارم دا دێتەخوار. لە مندا، لە ناخ و مۆخمدا چ باسە؟ بۆ خۆشم پێم سەیرە! نازانم ئەم فرمێسکە گەرمە چیە کە خەریکە گۆناکانم دەسووتێنێ و دەبرژێنێ؟ ئەوا هەست دەکەم لە ژێر لێوڕا دەڵێم: گلەیی دەکەم بەلای خوداوە، خودایە گلەیی بێ لێت ئەگین من هێشتا مناڵم و بەردەفڕکە و نان و ماست ئاوام پێ دەکا، تاراوی و شاربەدەری و ئەم هەموو کەند و کۆسپ و گیر و گرفتانە چیە؟ تۆ کە ئاوەها دڵێکی مناڵانە و ناسکت پێ داوم، بۆچ کەیل و کولۆڵی ئەم دنیا رەق و تەق و بێ بەزەیی‌یەت کردوومە؟ لەم دنیا و لەو دنیاش گلەیی بێ لێت! ئەسرین گەرمگەرم، بگرە داغ داغ کولمەکانم دەسووتێنێ و بەرەو چەناگەم شۆڕاوگە دەگرێ. سەیر ئەوەیە چ دڵتەنگ نیم، بە داخ و دیق و حەسرەت و ژان و ئێشەوە نیم!

وردە گلەیی لە چارەنووس و لە خۆم و خودام چەشنی هۆنراوەیەک بە سەر لێوەکانمدا دێن و دەڕۆن! سکاڵا دەکەم، ئاخ هەڵدەکێشم و

فرمێسک دەڕێژم. بەڵام زۆر رزگار و سووکم. لەشم سووکە، رۆحم رزگارە. جۆرێک چێژ و شادی و رەزامەندی لە دەمارەکانمدا، لە گشت لەش و گیانمدا دێ و دەچێ و دێ و دەچێ.

لە لێوارەی گەمی هەڵدەستم. بە راوێچکە بەرەو نێو غەڵەبەی حەشیمەت دەگەڕێمەوە. حەشیمەت زیاتر بووە. فێنکایی ئێوارەیە ومێرمناڵ و تازە لاو لە قەراخ زەریا مەلێ دەکەن. هەرا و هوریا و شەڕە ئاوە. قرنە گۆمێ و یەکدی رەپێ‌نانە. مناڵی و بێ حەیایی، لاوی و دڵ بە دنیایی. سەرخۆشی و تامەزرۆیی یاری و گەمە. رادەوێستم و تێ‌یان دەڕوانم. هەموو مەلایکەن، مەلن، مەست و سەرخۆش و دڵخۆشن. ئەی چارەنووس و داهاتووی رووڕەشی مناڵانی رۆژهەڵات دە ساڵی دیکە ئەم مەل و مەلایکانە چی‌یان بە سەر دێت؟ چۆنیان تێک دەشکێنی و ئەم روخسار و نێوچاوان و پێستە روون و گەش و ناسکانە چۆن رەش و بۆر و چرچ دادەگێڕی؟ ئەم دڵە شاد و بێ خوربە و خەفەتانە چۆن پڕ لە ژار و پەژارە دەکەی؟

چەند ساڵ و سەدە و هەزارەیە ئەمە ئیش و کردەوەی تۆیە؟ ئاخ ئای چارەنووسی نەفرەتی چەند هەزارە و عەیام و سەردەمای دیکەش ئەمە پیشە و ئاکارت دەبێ؟ ئەی نەفرەت و تف و نەحلەت لە تۆ! دەک بە پەند بی! تف لەو سەر و تەرحەت! بەدفەڕی ناحەز، بێ دیانی نەگریس.

لە وڵاتانی خۆرئاوا مناڵ هەر دێت و بەرەو گەشە و نەشە و جوانی دەڕوات، بەرەو کامەرانی و سەر و دڵخۆشی و خۆش رابوێری. لە پیریش دا دڵنیایی و دڵتەڕی دەیلاوێنێتەوە. خۆشی و رەزامەندی لە ئامێزی دەگرن و رایدەمووسن، کە چی لەم خۆرهەڵاتی چارەڕەشی کلۆڵە، هەموو شت و هەموو کەسێ هەر بەرەو سیس بوون و ناحەز و ناشیرن بوون دەچێ.

بەشەر بەرەو دڵ مردن، بێ دڵ و دەماخی، بەرەو نەمانی ئاوات و هیوا و ئەوین! بەرەو تەنیایی و هەست و ئەندێشی حەواو دراوی و فڕێ دراوی. بۆۆۆ؟ سەر هەڵدەبڕم، روو دەکەمە کانگا و سەرچاوەی پێک هاتنی جیهان و ژیان. لەو دەپرسم بۆۆۆ؟ چ وەڵامم ناداتەوە. دەبێ وەڵام لەوێ نەبێت. وەڵام دەبێ هەر لە سەر کوورەی زەوی بێ. بە تایبەت لەم خۆرهەڵاتە. لە نێو خۆماندا، مرۆی ئەم بەشەی جیهان. دەی نەگریس، نەگریسانە!ساڵێک، سەدەیەک، هەزارەیەک ئیدی بەسە، بەسە. وەرنەوەخۆ، زۆر نا، نیسکۆڵەیەک، کەمۆکێ! بە قەدرایی چوار سەد ساڵی لەمەوبەری فەڕەنگ، ئینگلیز، فەڕەنگسە، ئورووپا، هەر وەندە بفامن. بە قەدرایی چوار پێنج سەدە لەمەوبەری رۆژئاوا..ئاخ ، ئاخ بۆ وەندە فام و زانست و حەول و تەقەلا. بەڵام وەدیارە پقە و نقەتان لێوە نایە. دەک هەر نەفرەتی و بە لەعنەت کراو بن. دەیجا گلەیی چی؟ چ سکاڵایەک؟ بێکێشن، تا دەتۆپن، تاکوو دەچنە لای باپیر و باپیرە گەورەتان!

هەروا بە نێو حەشیمەت دا دەگەڕێم. چاوم لێ بوو یەکێ لە یەک سەر و دووگوێکانی کابرا لە پشت ئەم و ئەوڕا سەرنجی ئەدام. جومعە راست دەکا. بۆنێکیان کردووە. ئاخە چۆن؟ لە کوێوە؟ بە راوێچکە دەخولێمەوە. لا ئەدەمە لای حەموود. حەموودی پیر و کەلاک و لە کار کەوتە. هەرای ماسی دەکا، ماسی فرۆشە.زۆر جار هاوڕێ بە خۆڕایی ماسی دەداتێ؛ بێفرۆشی و ژیواری پێ بکا. پیاوی پیر و هەژار، لاق بادار. دوو جگەرە دادەگیرسێن، یەکیانی ئەدەمە دەست. مژێکی لێ ئەدا. ئاخێک هەڵدەکێشێ: ئیمڕۆ بازاڕ خۆش بوو. چی وام نەماوە. خۆزیا هەموو رۆژێک ئاوا بایە.

حەموود ماندووم، دەڵێم راکەم. گەمیم وەگیر ناکەوێ. گەمیەوانەکان

سوارم ناکەن، تۆ دەڵێی چی؟ چ کەردەن بم؟ ئاخر مژ لە جگەرەکەی ئەدات - کوێڕا خوا غەزەب لێ گرتووە؟ قوونە جگەرەکە بە زبان و لێو حەوا ئەدا: شاربەدەر، شاربەدەرێکی ژیر ولێزان نی! ئەگینا دەتزانی گەمیەوان تاراو سوار ناکات. هەموو دەتناسن، شەیتان و شۆفاریش هەیە. قسە و هەواڵ بۆ نایب و دەزگا دەبەن! کارێکی هەڵەت کردووە. ئەمە رێگەی کاری تۆ نەبوو. تا ئێستا حەتمینە هەواڵ بۆ نایب و دەزگا چووە. حەتمینە ئێستا بە دووتەوەن. نا ئەمە رێگەی نەبوو. دوو رێگەت هەیە. یان پارە بدەیە کەسێک گەمیەکت بۆ بکڕێ، یان لە دێهاتە بیچکەکانی نزیک شار و زەریا پووڵ بدە گەمیەکت بۆ ساز کەن. خۆت لە پاشان مەکینە و ماتۆڕی لە سەر سوارکە. رێگەی دیکەت نیە!

راستی حەموود جومعە شەیتان چۆن پیاوێکە؟ بڕێک تێفکرین و تێرامان لە من و لە پاشان: جومعە جێگەی بەقا هەیە و نیە. جێی بەقایە چون زۆر ژیر و ئازایە، جێی بەقانیە چوون خۆ هەڵکێش و لە خۆبایی و زبان نەسرەوتووە. شات و شووت و شاف و لافی پێ خۆشە. نەهێنی لە دڵیا ناتووانێ راگرێ. لاوەکییە، وەک من. هەرتکمان لاوەکین. بەڵام تاریفی ئازایی و شەڕ و شووری هەیە! حەوت هەشت ماسی ماوە. خڕیان دەکاتەوە. دەیان‌خاتە پاکەتێکەوە. بەرەو من رای دەگرێ و دەڵێ: وەرە تۆ گیانی خۆشەویستەکەت، منت بمرم! دەستم مەکشێنەوە.

بزەیەک لە سەر لێو پێی دەڵێم: ئاخە مامی خۆم، خۆ من نازانم ماسی ساز کەم گێژی خودا. ئەگین راست دەکەیت، لەگەڵم وەرەوە سازیان کە پێکەوە بیان خۆین!

شان بە شانی حەموود بەرەو ماڵ دەبینەوە. لە سەر کۆڵانەکەی ماڵی خۆمان کڕینی چەند نان وبڕێک میوە. گەیشتنەوەی ماڵێ. هەڵکردنی والۆر

و وەسەر نانی کەتری. حەموود خەریکی سازکردنی ماسی‌یە. بەرە بەرە بە سەرداهاتنی شەو. شنەی شەماڵ دیسانیش فێنکتر. حەموود لە ژێر لێوڕا خەریکی قام چڕینە. لە زبانەکەی باش حاڵی نیم. هەر بۆ خۆی دەڵێ. دەبێ بەیت و بالۆرەی وڵاتی خۆیان بێ. هەرای دەکەمێ: مامە حەموود تکایە دەنگ بەرزکەوە. لە سەرەخۆ پێدەکەنێ و دەڵێ: گۆرانی نیە، قایەتە. قایەتی کابرایەکی وەک شێخی سەنعان.

کابرا ژن و منالی بووە. بە سەری پیری ئاشق دەبێت. ژن و منداڵ بە جێ دەهێڵێ و لەگەڵ ژنێکی گەڕاوەی ناحەز، بەڵام مێهرەبان رادەکاتە دوورە وڵات. وڵاتی نامۆ. ساڵێک دووان‌تر ژنە دەمرێ و کابرا تاق و تەنیا دەمێنێتەوە. پیر و نەخۆشە، رووی وڵاتی خۆی نیە. کارو کاسبی ناتوانێ. گەلێ جار بیر لە خۆ کوشتن دەکاتەوە. بڕێ جاریش بیر و یادی ماڵ و منالەکەی ئاوری تێبەر ئەدات. رۆژێک کوڕە گەورەکەی تووشی دێت. یەکتر ماچ دەکەن. کوڕە پێی دەڵێ: بە دووی تۆدا هاتووم. ساز بە سۆزی بڕۆینەوە. شەو دەخەون سبەی کە هەڵدەستێ تەمەشا دەکا جا تەڕ و بەچە نێ! کوڕەکەی نەماوە. چ ما خەونی دیت‌بوو! دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. کوڕە گەورەکەی مردووە! ژن و دوو منالەکەی دیکەی رای ناگرن. کابرا بە رۆژ لە نێو شاردا دێ و دەچێ و کرێکاری و حەماڵی دەکا. فەقیری و هەژاری دەکات. بەڵام شەوانە دەچێت لە پشت دەرکی ماڵی ژن و منداڵەکەی دەخەوێ، بەو خۆزیا و ئاواتەوە رۆژێک لێی ببوورن و رایگرنەوە. بەڵام رای‌ناگرنەوە. پایز و زستان بە سەردا دێت، بەیانێک تەمەشا دەکەن لە پشت دەرکێ رەق هەڵاتووە، مردووە.

حەموود بێ دەنگ دەبێ. پشتم تێ دەکا و خەریکی ماسی سازکردن دەبێ. بەڵام شانەکانی دەلەرێنەوە. شانەکانی هەڵدەتەکێن. حەموود

دەگری. ئەو بەیتەی دەیگوت ئەوە نەبوو. ئەم بە سەرهاتەی گێڕایەوە دەبێ بەسەرهاتی خۆی بێت. بەڵام جاروبار درۆش دەکا! دەڕۆمە دووای هاوڕێ. دەبێ پاش شێو خواردن لەگەڵم بێت و بچینە ماڵی جومعە. کۆڵان تاریکە. هێشتێ مانگ وەدەر نەکەوتووە. تەقولبایی دەرکی ماڵی هاوڕێ. کرانەوەی دەرک و چوونە ژووری. سڵاو و هەواڵپرسی لەگەڵ هەمووان. هاوڕێ و جاسم و دایە مرواری. لەگەڵ هاوڕێ وەدەر کەوتن. هەمیسان گەڕانەوە بۆ ماڵێ و شێو کردن. پاش شێو کردن ماڵئاوایی و دەرکەوتنی حەموود. نیو سەعاتی دی من و هاوڕێ و کۆڵانی چۆل و هۆل و کەمۆکێ رووناکایی و ئاسمانی هەوراوی و مانگی کز و کەنەفت. جاروبار بە دیار و گەلێ جار لە پشت هەور. ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان و هەڵکشان و داکشان و سەرە و خوار بوونەوە.

قەراخەکانی دڕگە و زاخەیەکی ئەنتیکە و مێژوویی. لە دەرک دان نیە! بانگ و هەرا لێ کردنێکی نزم! فەرموو کوتنی جومعە. جیڕە و کرانەوەی دەرک و هاتنە دەرێی جومعە و پێشواز و خوڵکی ئێمە بۆ ژووری. نێو زاخە، کاولاشێکی قورماوی سێ لە چوار گەز. زیلۆیەک و دوو مەتارەی رەش. سێ کاسەی رۆح و چەند قاپ و کەوچک. تەختە خەوێکی دارینە و نوێن و بانێکی نیمداشت. والۆرێک و تاقەگوڵۆپێکی روون. دانیشتن و پاڵ وەدان بە تەختە دارینەوە. سێ چای مەتارە و دەنگی جومعە: چایەکەی تۆ نیوە رەنگە کاکۆ سامرەند، نەوڕی جومعە هۆشی جەم نیەن. ئەرا لووتت بەرز کردە؟ ئەرا لووت ئەگێڕی و بۆن کەیت؟ بۆن مەکە. بەنگ و مەنگ نەکێشاومە. عەمەلی نیەم. جومعە شەوان جومە زۆر جەمە! ئیمشۆش جومعەن، هەر بۆیە جەمم. خوو خالووکان فرە خووەش هاتن! بان سەر، بان چاو. چوونن؟ تۆ چەکەی هاوڕی؟ کەم پەیداتە! فەرموون چاکاتان

سارد نەویت، چاکان لیمان ئەتۆرن!کاکۆ سامڕەند تۆ جومعە نەشناسی. مە ئێرەیی نیم. لاوەکیمە، خەڵک ولاتێک دوور. دە، دوازدە، ساڵە هامە ئێرە. دەربەدەرم، یەی قەلەندەر ئاوارە. دوور لە هەنووکە، عەیام سەر دەمایەی دوور، یەشار بیدویەی جومعە. شەڕئەکردم، پیاگ ئەگوشتم. ژن ئەسەندم. ولات عەرەب و عەجەم ئەکردم. قاچاق ئەکردم. جنس ئەبردم و ئەهاوردم، ئای شەڕ ئەکردم. ئاژان ژاندارم زەدمای! نازناو شەیتان ئوو زەمان گرتمە. زەرەنگ بیم. وەزەرەنگی ئی نام سەنوومە! تو من نەشناسی، من تو ناس کەم. شاربەدەر تووای وەئی دڕگە بچی. راپوورتت وە نایب چیە. هان بە شوونتا. بەڵام نەزانن کەی و وەتەک کی ئەچیت. قسە هەزارەن، یەکی وەکارەن، ئەگین یەی وەخت گیر کردت. توواێتی بچیت جومعە ئەرای خزمەت حازر بید. کاکۆ مەردی، تووام یەی خزمەت ئەرات کەم!

سێ دەور چایی خوراوە. جگەرەیەکی دیش ئاور ئەدەم. هەڵدەستمە پێ: سامڕەند موکری وە برا گەورەی خوەم کاکۆ جومعە تەشەکور کەم. ئەگین یەی وەخت تووام چیم خەبەرت کەم. ماڵ ئاوایی و درکەوتن. دیسانەکە من و هاوڕێ و کۆڵانەکانی دڕگە. سەعات لە دەستە تێپەڕیوە. مانگ لە حەوێقی ئاسمانەوە شان بە شانمان دێ. دەڵێی قەرێ قەرێی لەگەڵمانە! جاروبار لە پشت پەڵە هەورێکی شینکی و تەنک خۆی حەشار ئەدا.لە پاش ماوەیەک ملەقوتەیەک دەکات و لەگەڵمان دەکەوێتەوە. هاوڕێ پەکر و داگیراوە. دەزانم بۆ چی و لە سەر چی؟ بەڵام چ ناڵێم. دەچینە سەر زەریا. هێشتێ هەوا بڕێک مەیلە و ساردە. بەڵام ئەوەندە سەرما بۆ من فێنکاییە دەملاوێنێتەوە. منالی ولاتی کوێستانم و هۆگر و گیرۆدەی هەوای فێنک. بەڵام هەر ئەم هەوایە بۆ خەڵکی ئێرەیی و دڕگە و بەندەر زۆر ساردە. سارد و ناخۆش! هاوڕێ خۆی بۆ راناگیرێ: یانی چی؟ تۆ ئەمە

نێو دەنێی چی؟ برایەتی و دوو رەنگی؟ دەتەوێ دەربازبی و بڕۆی، بەڵام لە لای من چ ناڵێی! هەموو کەسیش زانیویە بێجگە لە خواجە حافز! پێت منالْم؟ من بیست و پێنج ساڵانەم. تەمەشای رووالەتم مەکە. جاسم بیست ساڵانەیە. بە منالْم دەزانی؟ منالْی فەقیر و هەژاری دڕگە و بەندەر هێک ساڵانەیان دووساڵانەیە! نەوە و نەتیجەی شومر و شەیتانن. وا نەبن دەر نابەن. وەڵامم دەوە بۆچ لە لای من نەتدرکاندووە؟ دەست دەهاومە سەر شانی و شانی دەگوشم و لە شانمی توند دەکەم. چەشنی وڕێنەکردن دێمە وەڵام: ئاخ هاوڕێ برای ئەم جیهان و ئەو جیهانم. برای دنیامی، برای قیامەتیشم بە. من و تۆ کەلیمەی برایەتی‌مان خوێندووە. من نان و نەمەکی ئێوەم کردووە. پێڵاوی غەریبیم لە ماڵی ئێوە داکەندووە. من ئەگین تەیار بم و بڕۆم، بە تۆ دەڵێم، بۆگەردەن ئازایی دێمە ماڵتان. لەگەڵ هەمووتان. بەڵام لەگەڵ تۆ ناڕۆم! چوونکێ دەرناچین.

نایب وا دەزانێ و وای داناوە هەرکا راکەم. لەگەڵ تۆ دا رادەکەم. دەسا تۆ و جاسم وگەمیەکەی ئێوە وەک خۆم لە ژێر چاوەدێری دان. دەی دەرناچین. پێ دەزانن و دەمانگرن. لە سەرێکی دیکەوە، لەگەڵ تۆدا بڕوم، دەبێ تۆش قاچاخ بی! دایک و براکەشت دەگرن. دەی جا من ئەوە چۆن دەکەم؟ چۆن کاری وام پێ دەکرێ؟ بەڵام بێ یارمەتی تۆش چم پێ ناکرێ. لە سات و کاتی خۆی دا ئاگادارت دەکەم. یارمەتیشت لێ دەخوازم! وەرگەڕان بەرەو ماڵێ. هاوڕێ حاڵی باشترە. بڕێک هاتۆتەوە سەرخۆ. لێی دەپرسم. جومعە کێیە؟ چۆن پیاوێکە؟ - پیاوێکی مەرد، بەڵام ناڕەحەت و نەسرەوتوو. بڕێکیش خۆ هەڵکێش. دەڵێن کە هاتۆتە ئەم دڕگەیە ژنێکی جوانی لەگەڵ بووە. لە پاش چەند ساڵێک ژنە ون بووە. کەس نەیدیوە چی لێ هاتووە! بۆ کوێ چووە!

هەن دەڵێن رەدوو کەوتووە! هەن دەڵێن کێشراوەتە رێگەی چەوت و جومعە گوشتوویە. بڕێک لە خەڵکیش دەڵێن جومعە تەڵاقی داوە، ژنەش رۆیشتۆتەوە بۆ وڵاتی خۆی، یان رووی کردۆتە نێو دۆم و دوراجی وقەرەچی!

لە هاوڕێ دەپرسم: تۆ بۆچ ژن ناهێنی؟ بێ سێ و دوو دەڵێ: تۆ بۆ ژن ناهێنی کاکۆ؟ من خاوەنی سەری خۆم نیم، چۆن هاوسەر بگرم! زوو دەڵێ: - دەی بۆ وا دەکەی؟ بۆ داناکەوی؟ زوو بێ دەنگ دەبێ و سەر دادەخات و پاش ماوەیەک دەڵێ: شەرمەزارم، بمبوورە! لە پڕ پرم پێ دادەکا و چەند جاران ماچم دەکات. لە بێدەنگی شەودا وەک ئەوەی بارێکی گەورە و گران بە کۆڵمانەوە بێت بەرێدا دەڕۆین. هەر تک ناڕەحەت. بای ئەدەینەوە بەرەو کۆڵانی ماڵێ. دەگەینە دەرکی حەوشە ئاوڕێک بۆ دوواوە ئەدەمەوە، چاوێک دەگێرم. سێبەرێک بە راکردن خۆی لە پشت دارچرا کارەبایەک حەشار ئەدات. لە وان بوو، ئەوانگەل! بگرە تەنیاش نەبێت، هەرای دەکەمی: مانوو نەوی حەماڵی شەیتان. لەگەڵ هاوڕێ دەچینە ژووری. لێدانی کلیلی کارەبا و رووناکایی. هاوڕێ دانیشێ. والوژەکە هەڵدەکات. کەتری پڕلە ئاو دەنێتە سەر والۆر. کەشەف و ئیسکان و ژێرپیاڵە دەشوات و دێ دادەنیشێ.

شەو درەنگان و ئەم کارانە؟ کاری پێمە. قسەیەکی پێیە. با بزانین کەنگێ دەیدرکێنێ؟ ماوەیەک بێدەنگی. مدەیەک لە سەر و گوێلاکی یەکدی و ئەو لاو لا روانین. بڕێک باس و خواسی ئەم لاولا. ناخافڵ لێم دەپرسێ: وەڵامت نەدامەوە. بۆ وا دەکەی؟ بۆچ داناکەوی و دانامرکێی؟ سەری شۆڕ دەکاتەوە! پێی وایە پرسیارەکەی لە دەمی خۆی زەلامتر بووە! چ بە سەر خۆمی ناهێنم. لە وەڵام دانەوەشدا پەلە ناکەم. بەڵام هەر کا سەر

هەڵدەبڕێ و نیگای دەخافڵێنم، پێی دەڵێم: من داکەوتووم، دامرکاوم. لە چ دانیم و خەریکی چ نیم. ئەوان لە کۆڵم نابنەوە. چاوت لێ بوو ئەمشۆ چۆن بە دوومانەوە بوون؟

خۆ دیوتە دایم و دەرهەم چۆن هەر بە دوومەوەن! دەیجا خۆ تۆ لە گەڵم یەک دڵ و یەک گیانی، بە هەموو هەواڵێکم دەزانی. من خەریکی چم و لە چ دام؟ تۆ بڵێ بۆ وام لێ دەکەن؟ قامکی، ئاماژە بەرەو کتێبەکان دەکەن. ئەم کتێبانە چین؟ ئەم گشتە کاغەزە چیە دایم و دەرهەم خەریکی نووسینی؟ ئەم کوڕە زانکۆیی‌یانە کێن هەمیشە دێنە لات. هەمیسان سەری بەر ئەداتەوە. مات وبێدەنگ دەبێ، بەڵام هەر جووڵە جووڵێتی. ئۆقرەی نیە. قسەکەی ئەوە نیە وا باسی دەکەین. لەمەو بەر ئەمانەی گوتووە و وەڵامی دراوەتەوە: نووسەرم، لە خۆشترین و بە چێژترین خواردەمەنی دەبوورم، لە باشترین و جوانترین ژن و کیژ و خانووبەرە و ماشێن و ماڵ و سامان دەبوورم، لە سەیاحی جیهان و سوروشت و ئاسەواری مێژوویی و ئەنتیکە و بە نێوبانگ دەبوورم، لە زیارەت و دیدار و چاو پێکەوتنی مرۆ گەورە و خۆشەویست و خۆش نێوەکان دەبوورم، بەڵام لە متالا و نووسین ناتوانم ببوورم! متالا و نووسین بۆ من هەوایە، نانە، ئاوە، بەرگ و لیباس و هەناسەیە، خوێنە، ژن و ماڵ و سامان و ژینە. تەنیا دەسکەوت و بەرهەمی ئەم چل، چل و چەند ساڵ تەمەنەیە. چ شتێکی دیکە وەک ئەم متالا و نووسینە چێژ و شادیم پێ نادەن. ماندوویەتیم ناحەسێننەوە. ئەگین لێم گەڕێن، سەربەستی زیان و قەڵەمم تەیار بێت، لەسەر ئەم جیهانە خۆزیا و داوخوازێکی دیکەم نیە!

جارێکی دیکەش ناخافڵ بەرەنگاری نیگای دەبم. نیگای قەتیسی نیگام دەکەم: قسەی خۆت نەکرد. وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆم پار وەداوە.

چت لە دڵ دایە؟ باس و خواسی ناخی دڵتم بۆ وەکە. بە تووڕەییەوە دەڵێت: نەخێر هەر ئەوە بوو چی دیم لە دڵدا نیە. خۆ ئیشەڵلاّ بەم نیوەشەوە ناڵێم ژنم بۆ بخوازە. ئەم قسەی ئاخرە دەنگی گۆڕی. لە دەمی دەرپەڕی و جۆرێک کوتی. دەبێ قسەکەی ئەمە بێت. دەی باشە هاوڕێ، با لەم قسە و باسە بینەوە! من لە گەڕانەوەدا پرسیارم لێ کردی: بۆچ ژن ناهێنی؟ تۆ زۆر مەردە ڕیندانە پرسیارەکەت لە سەر خۆت وەکرد و ئاوقای خۆمت کرد. ئێسە پێم بڵێ بزانم بۆچ ژن ناهێنی؟ یانی هیچ کیژێک جوابت ناداتەوە؟

بەشی دووهەمی پرسیارەکە ڕەنگی پێ دەگۆڕێ. گورج و گومەز دەپەڕێتە نێو قسەکەم:

ئانا، وا مەزانە، وانیە. کیژێکی زۆریش جوانە – سەری داخستووە – زۆر سەنگین و سێحەب بنەماڵەیە – دەنگی گڕ بووە – خۆشی مەعلیمی مەدرەسەی کچانەیە – ڕەنگی گۆڕدراوە – بەڵام پەلپی بەستووە دەبێ گەمیوانی نەکەم. دەترسێت تۆفانێ بێت و بمخنکێنێ. سەری هەڵێناوە و لە چاوەکانم دەڕوانێ! – بیرەوەری برایەکی خنکاوی و خنکانی بابم لە زەریادا، لە زەریای ترساندووە – سەری دادەخاتەوە – کچە پێم دەڵێ: یان تۆ یان کەس! بەڵام تۆش تاکوو لە سەر گەمی بیت حاشا.

دەی باشە دۆستی خۆم گەمیەکەت بفرۆشە و دووکانێک بکڕە زۆر پاک و خاوێنتر و حەساوەتر و بە مداخڵتر دەبی! دێتەوە لام: من رازیم، چ قسەیەکم نیە. جاسم دەس بەرداری گەمی و زەریا نیە. دەڵێت ئەو ماسیەی بابم بۆی ڕۆیشتە ژێر ئاو و خنکا، دەیناسم!تا کوونێ نەیگرم و نەیکوژم، تاکوو نەیگرم و بە زیندوویی نەیخەمە نێو ئاگر، دەبێ هەر لە سەر گەمی و زەریا بم.

جا شتی وا چۆن دەبێ؟ شتی وا بووە؟ دەریایەکی بەرین و

سەربەست و ماسی یەکی یەڵخی نێو ئاوی زەریا، چۆن دەناسرێتەوە؟ چۆن دەگیرێ؟ خۆ شێتیش شتی وا نالێ و کاری وا ناکات! قسەکەم هۆ ئەداتەوە: بەجاسم ئەو رۆژە لەگەڵ باوکمدا بووە، ماسێ کەشی دیوە. دەڵێ سوورێکی پیر و زەلامی یەکچاوە! کاک سامرەند تۆ ئێرەیی نیت. یانی خەڵکی ولاتانی سەر زەریا نی. ئەم بیروڕا و قسە و باسانە بۆ تۆ خورافە و قایەتە. بەلام بۆ لای ئێمە و نێو ئێمە وا نیە. ئەمە لە نێو ئێمەدا شتێکی سانا و ئاسایی یە. لە ناخمدا بیر دەکەمەوە:

دەبێ ئیمرۆچ باس بێت؟ خەونە؟ خۆف و مەترسی یە؟ ئاخر زەمانە؟ چی یە وچ باسە؟ بە سەرهاتی حەموود، سەرگوزەشتەی جومعە، ئەوینی هاوڕێ و ئەمەش بەیت و باوی جاسم. خوایە خۆت رەحم کەی شێت نەبم! جاخۆ خۆف و خەونی هاتەران و پاتەرانیش ئاوەها پڕ لە عاجیباتی نیە. چەلێکی دیکەش عاجیباتی و بی بی جان خانم لە بەر چاومدا دەکەونە سەما و هەڵپەرکێ. وەزیعەتێکی پیس و نەگریسم هەیە! بێ دەسەلاتی لە پیاوەتی و ئینسانەتی دووری خستوومەتەوە!جاری جاران و ساڵی سالان بایە، ئەمشۆ نەمدەتوانی بنووم. دەبایە وەدووی قسە و باسی حەموود، بەیت و باوی جومعە، ئەوینی هاوڕێ و تاسە و تەمای جاسم بکەوتبایەم، دەبایە چارەسەری کەند و کۆسپی ژیانیانم کردبایە! بەلام ئێستاکە؟ دوو لە دەش بیرم بۆی ناچێ بتوانم یارمەتی یان بدەم! بە داخەوە بێ دەسەلاتی و دەستەوستانی بۆم بۆتە بڕو بیانوو. بەلام خۆ نابێ وابێ، دەبێ کارێک بکەم. بەردێک لە بەردێک دەم: هاوڕێ وەدووی کارەکەت دەکەوم. لەگەڵ جاسمیش، لەگەڵ ئەوکچەش قسە دەکەم. لەگەڵ کێ یان قسە بکەم؟ لەگەڵ خۆی یان لەگەڵ دای و بابی؟

هاوڕێ سەری بەر ئەداتەوە. رەنگی روخساری سوور هەڵگەڕاوە.

شەرم و شوورەیی دایگرتووە! پێی وایە بێ ئەدەبی کردووە کە باسی ئەم گیر و گرفتەی ژیانی خۆی بۆ کردووم. ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بە نێو چاوان و گۆناکانی دا دێنە خوارێ. سونحی لە من کەمترە، بۆم قسانە کەمڕوویی دەکا. لە هەوەڵەوە کە تازە دەبووینە هاوەڵ، زوو زوو پێی دەکوتم: «تۆ لە جێی بابی منی» زۆرم حەول دا تا کوونێ ئەم بڕوایە لە لەبزی حەوا دات. تاکوو پێم سەلماند «ئێمە دوو هاوەڵین، لانی ژووروووەکەی براگەورە و برا چکۆڵەین» بەڵام ئێستاکەش ئەم جیاوازی پلەی سونح و ساڵە وەک دیوارێک لە نێوانماندا وێستاوە. بۆ زۆر قسە وباس شەرم و شوورەیی‌مان لێک هەیە.

هاوڕێ بە شەرمەوە دەڵێ: من سبەینێ چاوم بە «سەدەف» دەکەوێت. قسەی لەگەڵ دەکەم. لە پاشان هەواڵت پێ ئەدەمەوە. سەر هەڵدێنێ و تەمەشام دەکات: لەگەڵ جاسمیش قسە بکە!

لە پاش ئەم قسە و باسە ماوەیەک بێ‌دەنگ دەبین، لە پاشان هاوڕێ ماڵئاوایی دەکات و دەڕوا. تا پشت دەرکی حەسارێ بەڕێی دەکەم. لەگەڵکوو دەگەڕێمەوە نێو ژوورەکەم، دەنگی دەرک کوتان بەرز دەبێتەوە. زۆر بە سەیر و سەرسووڕمانەوە دەچم و دەرکێ دەکەمەوە. لە نەکاو نایب و سێ کەسی دیکە لە پیاوەکانی، لە جل و سیپاڵی قەرەیەخەدا دەڕژێنە نێو حەوشە! نایب بە سلاوێکەوە دەڵێ: فەرموو بڕۆینە ژووری کاکۆ سامرەند! رادەوەستم و دەڵێم: چتان دەوێ؟ دەزانن چ کات و ساتێک لە شەوە؟ مووچڕکێک بە ئازای لەشمدا دێت و رامدەتڵەکێنێ. ئارەقەیەکی سارد لە سەرومری لەشم دەنیشێت و لە تارمایی پشت رەشکە و پێشکەی چاوەکانمەوە چاوم لێیە. لەبەر چاومە، دەی‌دینم، لەبەر چاومە! کابرا درێژەکەشی لەگەڵە.

ئەو کابرا درێژە کز و لاوازەی کە ئەم چەند رۆژە شەقام بە شەقام و کۆڵان بەکۆڵان بە دوومەوە بوو، هاتە پێشێ. دوو دەستە درێژ و رەق و تەقەکەی وەک قەڵانگ بەرەو ئێخە و بەرۆکم هاویشت. هەرتک ئێخەی ئەم بەرە وبەری کراسەکەمی لە حاندی بەرخەبەبەم دا وێک هێنایەوە. ئێخەی کراس و ملمی پێکەوە راگوشی. رایگوشی و رایگوشی، لەوانە بوو پشووم دەرنەیەت و بخنکێم! بەو حاڵەوەش یەکی دیکەیان بە دەسکی دەمانچەکەی هەشت نۆ دەجاری لە تۆقی سەرم راکێشا و یەکی تریان زوو زوو دەیکوت: لێی دەن، بێ دەنگ بە، لێی دەن! بەم حاڵەوە حەوت هەشت دەست پاڵیان پێوە دەنام و بەرەو ژوورەکەمیان راوەدەنام. لە ژێر رێژنەی شەپ و زللە و دەسکە دەمانچە و پاڵ پێوەنان داکردیانم بە ژوورەکەمدا. لە گەڵکوو لە ژووریێیان پەستاوتم، ئەوی قەڵاتە لە مل حوکمی کرد لێی دەن! وەندەم بیست و نەبیست! نەمزانی شەوە، رۆژە، زستانە، هاوینە! بەڵام ئاگام لێ بوو بە سەرمدا دەباری، شەقەزللە، مست، سیخورمە، مستەکۆڵە، جووت لەقە، دەسکە دەمانچە. ئاگام کرد لە سەر تەختی عەرزی کەوتووم و لێم ئەدەن. لێدان، لێدان، ژان لە گشت. گیانم گەڕاوە، خوێن بەلاچاو و برۆمدا دێتە خوارێ. بەسەر عەرزی دا پان بوومەتەوە. ئیدی زللە و شەقە زللە نەماوە، تەنیا پێلاقە و شەپ و جووتە بە نێو پشت و سەر و گوێلاکمدا دێتە خوار. بیرم لەوە دەکردەوە هاتوون بمکوژن، دەشمکوژن! دەکوژرێم. بەڵام نابێ هاوار بکەم. نابێ بپاڕێمەوە، نابێ بە زەلیلی و کەیلیم بدینن! دەبێ شەرمەزار بن کە ئەوان چوار کەسن و من بەتەنێم. بەو حاڵەوەش باکم لێیان نیە. باکم لە مردن نیەکەم بژی و کەڵ بژی! چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی. لە کوژران ناترسم. کات و ساتێکی دیکە، لە پاش چ ماوەیەک؟ نازانم، بەڵام هەستم دەکرد نێو ژوورەکەم بۆتە ئەستێرێکی پڕ لە

ئاوێکی لێڵ و من بە جل وبەرگەوە لە نێوی دا مەلێ دەکەم! هەروەها هەست دەکەم توێژێک خوێن و خوڕی سوور و گەش لە دەم و لووت و سەر و گوێلاکم نیشتووە. بەرچاوم لێڵ دەبێ. بە سەتڵ ئاو بە سەرمدا دەکەن. لە ئاوەکەدا نوقم بووم! دەچمە ژێر ئاوی ئەستێرەکە و دێمەوە دەرێ! لەگەڵکوو دەستم بۆ گرتنی بنچکە دار وگیایەک دەگێڕم تاکوو بیگرم و خۆمی پێوە هەڵواسم کە نوقمی بن ئاوەکە نەبم، هەمیسان شەپ و پێلاقە باران دەکرێم، سەرم چڵ ئەدا، ملم دێشێ! نێو لووتم دەکزێنێتەوە. ریخۆڵەی نێو زگم پێچ دەخۆن، زگم پێچی پێدا دێت. خەریکم خەوم لێ دەکەوێ یا لە سەرەخۆ دەچم! دەنگێک دێتە گوێم: ئەمجارە مەیکوژن، کوشتنەکەی بۆ جارێکی دیکە، ئەمجارە مەیکوژن. ئەگین دەست بەردار نەبوو، ئەگین ئەقڵ نەهاتەوە کەللەی، جارێکی‌تر. ئەرێ کوشتنەکەی بۆ جارێکی‌تر. جارێکی دیکە حەتمینە دەیگوژین.

هەست دەکەم دەکەومە بیرێکی رەش و قووڵەوە، سەرە و خوار بە بیرەکەدا دەڕۆمە خوار، دەڕۆمە خوار. دڵم دادەکەوێ! چەند کەڕەت بەم بەرا و بەری دیواری بیرەکەدا دەکەوم. لە تەختی بیرەکەدا، لە نێو ئاو و قوڕاو دا بە سەر عەرزی دا پان دەبمەوە. تاریکان بە سەر دادێ. هەموو وڵات تاریکە. هیچ شتێک نابینم. نابینم. ئاخ لە ژانی لووت و دەم وگوێلاک و دیانەکانم. لە ژانی ئەندامم دێمەوە خۆ!

دە ساڵ لەمەوبەر بوو! ئێستا کە لە حەسارێ دا لەگەڵ نایب و پیاوەکانی راوێستاوم. نایب بە دەستێک قۆڵم دەگرێ و بە دەستەکەی دیکەی ئاماژە بەرەو ژوورەکەم دەکات: کاکۆ سامرەند، بەگیانەکەت چاو پێک کەوتن و وت و وێژێکی دۆستانەیە. چ دەخڵی بە ئیشی ئیدارەوە نیە! برا میوانتین، چۆن میوانداری نێو ئێوە ئاوایە؟

نایب پێش دەکەوێت و ئێمە بە دوویدا دەڕۆینە ژووریٚ . دادەنیشین. روو دەکەمە یەکێ لە هاوڕێ جەحێڵەکانی نایب! هەستە لاوۆ، ئەو والۆرە هەڵکە، ئەو کەتری‌یە ئاوەشی بنێ سەر. هۆوە تونگە ئاو و ئیسکان و ژێر پیاڵەیە. روو دەکەمە نایب وهاوڕێ‌کانی: یاخوداخێر بێ! هەر چەند قەتم خێر لە ئێوە نەدیوە. نایب تێک دەچێت. بەڵام جگە لەوەی بڵێ: ئیشەڵلاٚ خێر دەبێ، چ دی ناڵێ. تەنیا یەکێ لە پیاوەکانی گەڕاوەیە، دووانەکەی دی جەحێڵن. دەبێ سەرباز بن. بێ‌دەنگی باڵی بەسەر ژووردا کێشاوە. لە دەرێ‌وە، دەنگەکانی نیوەشەوی دڕگە جاروبار بێ‌دەنگی دەشکێنن. وەڕە وەڕی زۆر دووری سێ چوار بەشدار، زریکە زریکی سیسرکەیەک لە حەساریٚ‌وە ، دەنگی هاڵقە هاڵقەی چوار پێنج بۆق لە جۆگەلەی نێو کۆڵانەوە. جاری واشە فیتووی دوور و نزیکی یاساولێک لە شەقامەوە. ئەم دەنگانە جاروبار بێ دەنگی ژووریٚ دەشکێنن. لە ناخمدا پەرۆشم. لە گەڵکوو ئەمانەم دیت دڵم داکەوت و خۆفێک ناخی داگرتم. نایب و هاوڕێ گەڕاوەکەی جاروبار قسەیەک لەم لاو لا دەکەن، هەواڵێک دەگێڕنەوە. جارجاریش بە دزەوە مۆڕەیەک لە کتێبەکانی سەر رەفحەکان دەکەن. دەنگی وەکوڵ هاتنی ئاوی سەماوەر هەڵدەستێ. هاوڕێ جەحێڵەکەی نایب رێنوێنی دەکەم چ بکات! دوو دەور چایی دەخۆین. نایب و هاوڕێ گەڕاوەکەی چای رەش و تاڵ دەخۆن. چاوم لێ‌یە لە گیرفانیانەوە سەر و حەبێکی رەش و ورد دەهاونە دەمیانەوە.

سێ چوار قوم چایی بە دوویدا هەڵدەقوڕێنن. لە ناخدا هەر جینگڵ ئەدەم: بۆ چ هاتوون؟ چیان دەوێت؟ پیش دەخۆم: بۆ چ بەم نیوەشەوە؟ بەم درەنگ وەختە؟ خۆم دەخۆمەوە: بلێی نەهات‌بێتن بمکوژن ولێ‌دەن و بڕۆن؟ بە دڵمدا دێت: بۆ ئەزرەبە و جەزرەبەیەکی لە قینی ناخۆشەویستی

نەهاتبێتن؟ لەگەڵ خۆمدا لە حەولی ئەوەدام ڕەنگم نەگۆڕدرێ، دەنگم گڕ نەبێت و خۆم نەدۆڕێنم! خۆف بە دڵمدا دێ: بۆ کوشتنم نەهاتبێتن؟ بەڵکەم بۆ گرتن و بردن و سەر و شوێن ون کردنم، هاتبێتن؟ ئەزموونی رابردوو پێم دەڵێ: بەڵکوو بۆ بڕێک کوتان و ژار رشتن و چاوترساندن، هاتبێتن! لە پڕ تین و توانا و هەڵمێک. دێتەوە بەرم! دەتوانن بمکوژن، زەبر و زەنگ بنوێنن. دەتوانن بمبەن و شورت و ونم کەن! بەڵام وەندە بە سانایی دەست نادەم. هەڵلایەک ساز دەکەم. دەیکەمە هات و هاوار، دەیکەمە جوێن دان و نەڕە و گوڕە. خەڵکی کۆڵانیان وەسەر دەگێڕم. ئابڕوویان نیە، بەڵام لەوەش بێ ئابڕووتریان دەکەم. لە ساڵانی پێشوودا چەند جاری دیکە ئاوام بە سەر هاتووە. جاری هەوەڵ لە بێدەنگی دا شل و کوتیان کردم. بەڵام هەرکا لە پاشان بۆ شۆڕام وەگێڕاوە، پێی کوتم: بێدەنگی هەڵەیە. کاتی وا بیکە نەڕە و گوڕە و هات و هاوار، زوو پاشەکشە دەکەن. هەست دەکەم خەریکە تێک دەچم. جارویار موچڕکێک بە ئازای ئەندامم‌دا دێ و دەڕوا! بە بۆنەی هەوا گۆڕین دەربیجەی ژوورەکە دەکەمەوە. لەبەر پەنجێرەکە بەرەو رووی هەموویان دادەنیشم: فەرموو نایب، مەئموور و مەعزوور! فەرموو خێرە شوکور؟

نایب دەکەوێتە قوونە جووڵە، یەک دوو جار دەکۆخێ. نیسکۆڵەیەک جێ دەگۆڕێ. نازانێ چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکات! لە پڕ بە دەنگێکی گڕ بە هاوڕێ جەحێڵەکانی حوکم دەکات. بچنە حەساری! من و نایب وبیاوە گەڕاوەکەی دەمێنین. کابرای گەڕاوە دێتە قسە کردن: کاکۆ سامڕەند شەرمەزارین! دەمان بووری. لەگەڵ نایب لە مێژە پێوەین بێینە دیتنت! نەماندەزانی چۆن بێین و بڕۆین، نەمان بینن! ئەوە بەرەو دوو ساڵ دەچێ لەم دڕگەیە شاریەدەری. لە ئیمەت زوڵم و زۆر و ناحەسێبی دیوە.

دڵخۆشیت لە ئێمە نیە. بەڵام بگرە ئێمەش زۆر تاوانبار نەبین. نایب پیاوێکی خەراپ و بەدفەڕ نیە و حەز بە ئازاری کەس ناکات! ئەوی بەرگری کارکردنی تۆی لەگەڵ گەمی دا کرد، نایب نەبوو! حوکمی ئەو لا بوو. لە مەبەستم حاڵیی؟!

ئەوەی بە دووی تۆوەیە پیاوی ئەولایە! نایب حوکمی پێ دەکەن چ بکا و چ نەکات! خۆی بەم ئاکار و کردەوانە ڕەزا نیە. بەڵام چ بکەین؟ وەک خۆت گوتت: مەئموورین و مەعزوور. نابەدڵ دەیکەین. زگی ژن و منداڵ نانی دەوێ! تەمەنی جەحێڵیمان تێپەڕیوە. هەوەڵی جەحێڵی لە نەفامیدا هاتینە ئەم بەرگەوە! ئێستاکەش چمان پێ ناکرێ! ئەو مات دەبێ و نایب دەکەوێتە قسە کردن. نایبیش هەر ئەم قسانە بەڵام زۆر ناشیانە دوویات دەکاتەوە. برێ جار بایەک لە خۆی دەکا و دەڵێ:

خەراپە ئاسانە! پیاو دەتوانێ خەراپ بێ! بەڵام باش نیە. تەنیا دۆستایەتی و چاکە و برایەتی بە ئینسان دەمێنێ! ئیمڕۆ دنیایە، سبەینێ قیامەت!کێو ناگاتە کێو، ئینسان دەگاتە ئینسان. درەنگ یان زوو، چاو بە چاو دەکەوێ و ڕووبەڕوو! هەر بۆیە ئاقیدەم وایە چاک بین باشترە. ئینسان دەتوانێ خەراپ بێت، ئەویش پیاوی دەوڵەت!.... بەڵام ئێمە لە کوێ، وەزیر و وەکیل و شا لە کوێ؟!.....

بەس ئێمە هەموو میللەتین!... میللەت وا باشە چاک بێت. پێکەوە، لەگەڵ یەکدا باش بین! دۆست و برا بین ... لە مدەی خزمەتمدا حەوڵم داوە باش بم. وەزیفەشناس بم!... لەگەڵ خەڵک باش بم.... دەمتوانی خەراپ بم، خەڵک بگرم، زیندانی بکەم، لێ بدەم، بگووژم! بەڵام نەمکردووە.... باش نیە.

هەست دەکەم نایب لەم جۆرە قسەکردنە، ناڕەزا و ناڕەحەتە. ئەمانە

قسەی دڵی نین. ئەم قسانە بە زار دەڵێ، بەڵام بیر و بڕوا و ناخی ئەو شتێکی دیکە دەڵێ. جاروبار توند دەدوێ! وەک کاربەدەستێکی دەسەڵات دار لە پشت مێزی ئیدارەکەی. بەڵام کابرا گەڕاوەی هاوڕێی بە دەست تێ کوتان و کۆخین و ئامازە و ئاشیرە دەی‌هێنێتەوە سەر خۆ. شلی دەکاتەوە! نەرم دەبێتەوە، نەرمتر دەدوێ. هەرواکە ئەم جووتە بە نۆرە قسە دەکەن و منیش سەریان بۆ دەلەقێنم، بەرە بەرە شتێکم بۆ دەردەکەوێ: شتێک قەوماوە! مەترسی و خۆفی رشتۆتە نێو دڵی ئەمانەوە. هاتوون پاکانە دەکەن. لە پاش ئەوەی زۆری لە سەر دەڕۆن، نۆرە قسەم دێ.

وەخۆ هاتوومەتەوە. ترسم رژاوە. دەزانم شتێک قەوماوە بۆیە هاتوون و پاکانە بۆ دووا رۆژیان دەکەن. لە پڕ هەودای قسەکردنیان لێ دەپسێنم! دەپەڕمە نێو قسەی نایبەوە: جەنابی نایب! بۆچ زۆر لە خۆت دەکەی؟ بۆچی قسە دەپێچیەوە؟ تۆ خۆت کوتەنی پیاوی دەوڵەتی! وەزیفە ناسی! ئەوەی کردووتە بەڕێوەبردنی وەزیفە و حوکمی ئەوان بووە! منیش قەت چاوەنواڕیم لە پیاوی دەوڵەت نەبووە! نە چاوەنواڕی چاکە و نە چاوەنواڕی خەراپە. دەیجا کاکی پیاوی دەوڵەت من و تۆ پاک لە پاکین! هەر چیم کرد و هەر چیتان کرد، گلەییم لێ مەکەن، گلەیی‌تان لێ ناکەم! بەم قسەیە هەرتکیان تێک دەچن. نایب پشووی سوار دەبێ. بە پەشۆکاوی و هەناسە هەناسکەوە دەڵێ: کاکۆ سامرەند لەگەڵ ئێمە ئاوا مەبە! ئاوا مەڵێ. من لەبەر ئەوەی دۆستی و خێرخوازی خۆم بۆ تۆ مەعلووم کەم، شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. ئەم قسە یەک نەهێنی‌یە! نەهێنی‌یەکی ئیداری.

کاکۆ گیان هەر ئیمڕۆ راپۆڕتیان لێ داوی دەتەوێ هەڵێی و لەم دڕگەیە راکەی. بەڵام من راپۆڕتەکەم راگرتووە. وەشوێنی نەکەوتووین، ئەگینا دەوسێ کەت زۆر قورستر دەبێت و مدەی شاربەدەریت چەند ساڵێک زیاد

دەکات. هێشتا بڕوا ناکەی من خێرخوازی تۆم! کەیفی خۆتە. ئێمە مەیلی برایەتی‌مان هەیە، تۆ بۆ خۆت دەزانی. لێی دەپرسم: کێ راپۆرتی لێ داوم نایب؟ ئەم قسەیە درۆیە. درۆم بۆ ساز مەکەن. لەم درۆیە چ کەڵکێ وەرناگرن! دیسانەکەش رەشتر هەڵدەگەڕێن. تێک دەچن. رەنگێک دێنن و رەنگێک دەبەن. سوور هەڵدەگەڕێن. ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بە روخسارياندا دادەچۆڕێ. رەش هەڵدەگەڕێن. مڕ و مۆچ رووگرژ دەکەن! زۆر باش هەست دەکەم ئەگین دەستیان رۆیشت‌بایە، هەرئێستا لە داریان ئەدام ئێسکمیان لە گۆشتم نەرمتر دەکرد و دەیان گوشتم. باش دەزانم چ رق و بوغزێکم لێ هەڵدەگرن. بەڵام ئەوەش دەزانم ئەمڕۆ چ دەسەڵاتێکیان نیە. ئەو رووداوەی ئەمانەی هێناوەتە ئێرە دەستی بەستوون! دەسا ئەمڕۆ رۆژی منە، هەلم هاتووە، گورزی خۆم دەوەشێنم و ژاری خۆم دەڕێژم. تاکوو ئەو رۆژەی هەلیان بێتەوە یا عومرا! لە لایەکی دیکەوە ئەمانە پیاوی دەوڵەتن و بێ دەسەڵات! چی‌یان لەگەڵ من پێ دەکرێ؟ راپۆرت؟ قورس کردنی دەوسیە؟ درێژە بوونی ماوەی شاربەدەری؟ حاشا لەوگۆڕەی نوورە نووری لێوەنایە. هۆپ لەو مەلێوانەی لە تەنکاودا مەلێ دەکات! قورسایی باری سەر شانەکانم کەمە، بارستایی زەریا و دارستان و رووبارەکان کەمن!کۆسارەکان ئێوەش وەرن. بەفر و باران ئێوەش وەرن و بە سەرمدا دایبارێنن. بەڵاکانی عەرز و ئاسمان هەمووتان، هەمووتان ، هەمووتان وەرن!

نایب و هاوڕێکەی هەستاون. ئیزنی رۆیشتن‌یان هەیە. هەمیسان پرسیار دەکەم: جەنابی نایب، لافی دۆستی لێ ئەدەی! بەڵام پێم ناڵێی کێ‌یە بە دووی منەوەیە؟ کێ‌یە راپۆرتی لێ داوم؟ سەرێک رادەوەشێنێت، لەگەڵ هاوڕێکەی سرتە سرتێک دەکەن و دەڵێ: لە منت نەبیستووە،

هەرنەتبیستووە! ناتق، جومعە، جاسم، حەموود. ئەمانە نێو دەبا، ماڵ ئاوایی دەکەن و دەڕۆن. شەوی خەوتن نیە، ئەوەی لە ژیاندا نەبووە و نیە خەوە. کوانێ خەو لە کوێیە؟ سەرم ماسیوە، دەخولێتەوە. کەڕڕاکەی سەرم بە قەدرایی کێوێک بای کردووە. لە ژوورەکەمدا دێم و دەچم، سەرم دەسوورێتەوە.

دادەنیشم، دەخولێتەوە. رادەکشێم و تل دەخۆم، هەمیسان دەسوورێتەوە. هەروا بێ وچان دەسوورێت و دەخولێتەوە. هەڵدەستم و دەگەڕێم. لە ژوورەکەمدا دێم و دەچم، باوەخولێ دەکەم. نانا چڵ دانی سەرم، مێشکم، نێو چاوانم راوێستانی نیە. دەڕۆمە حەوشە، کەڵکی نیە. لە حەسارێ دا راوێچکە دەکەم کەڵکی نیە. دێمەوە ژوورێ هەروا دەئێشێ. دەبێ لە ماڵ وەدەر کەوم. بە کۆڵان و شەقامدا پیاسە بکەم. بە راوێچکە بێم و بچم، بێم و بچم. تاکوو بزانین کەنگێ و لە کوێ سووکناییم دێ؟ با بزانین لە کوێ ژانی سەرم دەشکێ؟ ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان، شەقام و مەیدان، ئەم سەری شار و ئەو سەری شار دەگەمەوە شەقامی لێوارە و رۆخی زەریا. بۆچی و لەبەر چی؟ چاوەنواڕی چیم لە زەریا هەیە؟ لە رەخی زەریاش کە دێم و دەچم، کە رادەوێستم هەر چاو لە دوور دەبڕم. بە رۆژدا لەو کۆسارەی نێوەڕاستی زەریا دەڕوانم، بە شەودا لەو سەری زەریا، تاریکایی! ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکانی نێو زەریا و سەر زەریا! ئینسان چی؟ ئینسان یان بەشەر؟ لە نێوان ئینسان و بەشەردا زنجیرە کێوێک، زەریایەک، دارستانێکی زۆر بەرین مەودایە. مەودای نێوانی ئەم دووانە لە بەرینی زەریاش بەرینترە. بەشەری نەگریس، بەدفەڕ، خۆ فرۆش، سەریان تەقاندم. ئاخ دەڵێی مار بە نێو مۆخمی وەداوە! وەی لە ژانی سەرم.

لە لایەکەوە مەترسی کەوتۆتە دڵیەوە پاکانە دەکات، لە لایەکەوە دڵم

وازوازی دەکا و لە دۆست و دیوناس بەشکم دەکات. دڵم کرمێ دەکات! دیوناسم لێ دەکاتە شۆفار. ئاخە من ناتقم ئەمڕۆ دیوە، لە کوێوە بووە خۆفیە و شۆفاری من؟ ئاخە حەموود و جومعە تەمەنیان لە پەنجا و شێست پترە! ئەمانە چۆن شۆفاری خەڵک دەکەن؟ ئەویش شۆفاری من؟! ئاخە جاسم ئەمڕۆ لە نێوەڕاستی زەریا لە راوەماسی بوو، لە کوێوە بیستی من تەمای رادکردنم هەیە؟ نانانانا شتی وا نابێ. هۆی سامڕەند بە هەڵە نەچی! فریو نەخۆی! درۆ بوو درۆ، هەموو قسەکانیان درۆ بوو.

هۆی سامڕەند وەرەوە خۆ! دوژمن وەسەر تەڵەت نەپەڕێنێ! فریو نەخۆی، هەڵە نەکەی! ئەمە دوو سەعاتە لاپەڕەکانی دەوسێی حەموود و جومعە و جاسم و ناتق هەڵ ئەدەمەوە. دەیان دوێنم و متالایان دەکەم، هیچ کامیان بۆوە نابن شۆفاری تۆ بکەن. هەر ئێستاکەش کە لەم رۆخی زەریایە دێی و دەچی جاسم هەواڵی ئەوەی نیە تۆ بە تەمای راکردنی و وەشوێن تەیار کردنی کەرەسەی راکردن کەوتووی. دەسا هەر بەم درۆیەیاندا، بەم هەڵەیەیاندا بزانە ئەوەی گوتیان و ژنەوتت درۆ بوو. درۆ، درۆ. هۆو سامڕەند قەت تەمەشای دەم و زبانی دوژمن مەکە بزانی چی دەڵێ. قەت گوێ مەدە قسەی دوژمن. تەمەشای ئاکاری کە. کردەوەی هەڵسەنگێنە. دوژمن بە ئاکار و کردەوەدا دەر دەکەوێ چی دەوێ. بۆرەتاری بەیانێکی دیکە، تاریکان زۆری کەم کردووە. رووناکایی لە دوورەوە وەڕێ کەوتووە. زۆری نەماوە بەوری بەیان لە سەر زەریا بیکاتە رمبازێن. شنەیەکی خۆش، شنەیەکی سوێر و عەتراوی دەستی کردووە بە سەما. دەملاوێنێتەوە. نەک هەر من، بەم شنەیە قەرەپوولی لە زێڕ و زێوی زڕێی زەریا لەرزە لەرزیانە. دەلەرێنەوە. دەلەرزن؟ نانا سەما دەکەن. هەر لە جێگەی خۆیانەوە دەشەکێنەوە! دەشنێنەوە، چاو دادەگرن. واهات، کازیوە بە دزیەوە بە سەر

داهات! هەر ئێستاکە؟ ناوەڵلاّ، دەبێ ماوەیەک پێشتر بە سەردا هاتبێ.

ئەمە کات و ساتی گورگ و مەڕە. گورگی هەندەران، گورگی هەرد و کۆسار و دارستان. مەڕی سەر بە شوان. دەبێ لە زەریا دا مەلێ بکەم. ساڵ زووە؟ ئاو ساردە؟ دەک شەپڵەت لێ دا منالّی کوێستان. ئەمەیە هەڵم و غیرەتی تۆ؟ لیباس حەوا ئەدەم. ناحەوای نادەم، لە سەر ئەم گاشە بەردەی دادەنێم. ئەوەش نێو باوەشی ئاو. ئامێزی زەریا. ئەمەش لە ئامێز گرتن و ڕامووسینی سنگ و مەمکی لە زێڕ و زێوی کیژی ئاو. نەرمترین لەش. ئەمەش لاواندنەوەی لەش و سنگ وباسک. سنگ بە سنگەوە، لێو لە سەر لێو، تێ کەلاّو. ئۆف لە چێژی تێکەلاّو بوونی ئەم دوو لەشە؟ بەلاّم بۆ چی دەڵێم لەش؟ ئەمە تێکەڵ بوونی رۆحە. رۆحی ئینسان و ئاو. ئینسان و سوروشت.

لە سەر سنگ و مەمکی کیژی زەریا تل دەخۆم، بە نێو جێ و بانی خەو و ژینی ئاودا تل دەخۆم. مەلێ تێکەڵ بوونی رۆحی گۆشت و رۆحی ئاوە، رۆحی ئینسان و رۆحی زەریا. مەلێ بۆ ئینسان دوور کەوتنەوە لە جیهانی خاک و خۆڵ و زگ و ژێرزگە. جیا بوونەوەی ئینسان لە هەڵە و فریوی نەخشە ڕەنگاوڕەنگەکانی زەوی‌یە!

مەلێ تێکەڵ بوونەوە لەگەڵ مەبەستی سەرەتایی و هەوەڵی گەڕاگرتن و پێک هاتن و هاتنە سەر دنیایە. تێکەڵ بوونەوەی ئینسان و سوروشتە لە وەخەبەر هاتنی هەوەڵ بەیانی باوە ئادەم لە سەر کێوی سەرەندیپ. هەوەڵ وەخەبەر هاتنی نۆح و ئۆمەتەکەی لە سەر ترۆپکی چیای ئاگری. لە سەر لووتکەی جودەی. چەشنی سەرسەوزێکی لە بورچینی خۆی بگەڕێ، بە سەر ئاوەکەدا باڵە پڕژێ و باڵە فڕکێمە.

هێندە تل دەخۆم و دێم و دەچم تاکوونێ هەست دەکەم پێستم

توێژێکی فرە ناسک و چەرمووە. گۆشتی ئازای ئەندامم مێوو رۆنە. ئێسکانەکانم دەزوولەی درێژ و رێک و پێکن. هەست دەکەم بە هەمووی ئەمانە پەپوولەیەکیان پێک هێناوە. پەپوولەیەکی واکە هیچ شتێک لە مۆخی دا نەبێ! ئاخە چی لە مۆخ دابێ؟ پەپوولەیەکی واکە هەر مۆخی نەبێت. بەڵام هەستی دیتنی گوڵ و جوانی و شیلە و عەتر و شنەی شەماڵی زۆر بە زەین‌دا بێت. لە سەرگەڵای گوڵەباخ پیاسە بکا و لە سێبەری ئەودا بخەوێ.

لە گوێنی ئەو پەپوولەیە لە ئامێزی زەریا دێمە دەرێ. دەچمە سەر گاشە بەردەکە دادەنیشم. لە روانگەی خۆم دەڕوانم. خۆر بۆ زێڕ کفت کردنی زرێی زەریایە. ئاو بۆ پاک و خاوێن بوونەوەیەکی چەشنی ساتی لە دایک بوون. شنەی شەماڵی بەریەیان بۆ باڵ گرتنی وێنەی پەپوولەیەک لەگەڵ سروەی ئەودایە. کۆسارەکە ئەمڕۆش لە نێو تەم و مژێکی خەست و شینکی دا جاروبار دێتە بەرچاو و جاروبار نوقمی ئاو و ئاسمان دەبێتەوە.

ئەوا پەپوولەکانیش لە هێلانە وەدەرکەوتن. ئەوا سنگی زەریا و سنگی گەمی و نەشیدی گەمیەوان، راوچی، ئەویندارى سەر لۆتکە ماتۆڕی. شنەی شەماڵە و راموسین و لاواندنەوەی دار و بەرد و خاک و خۆڵ و ئاگر و ئاو. بۆنی گوڵەباخ و تامی سوێری ئاوی زەریا لە سەر لێو. ئەوەش کت و مت و ناخافڵ، قوت بوونەوەی باوە. ئادەم! چاو خەواڵوو، لەش قورس و داگیراوەگۆنا و رەنگ و روخساری سەر و گوێلاک بۆر و رەش و چرچ و ماسیو. هەناسکە هەناسک و سیخە سیخی سنگ. دە هەنگاو لە ولاتر، لە شانی راستەوە، لە نێو ئاوەکەوە هەرام لێ دەکا: رۆژباش سامرەند، ئێوارە سەرێکم لێ دە. هاورێ ماسی‌مان بۆ دێنێتەوە.

دەک بە نەحلەت بی حەموود بۆ سەر و تەرحت! بۆ رەنگ و روخسارت. کابرا تۆ شێت و شیرەیی و عەمەلی نەبی و ئەمە سەر و

تەرحت بێ! هەک جوانە مەرگ بی!

ئەم چەند هەنگاوە چۆتە نێو ئاو ماسیەکان بشواتەوە. دەبێ شەو لە پاش جیا بوونەوە لە من، چوویێت و کرێ‌بێتنی. زۆر لێم نزیکە. نیسکۆڵەیەک بۆنی ماسیەکانی دێت. دەبێ هەستم، بڕۆمە چایخانە و بەرقەندەیەک بکەم. ناتوانم بڕۆمەوە ماڵێ. ئەمڕۆش دەبێ هەر وەدووی تەیار کردنی کەرەسە و ئامرازی راکردن کەوم. لەم دڕگەیەدا خەریکە لە چەند لایەنەوە پەک‌کەوتە دەبم و دەفەوتێم. مەلی لاوی داویە لە شەقەی باڵ و فڕیوە، لە هاوەڵ و هاوڕێی هاودڵ و زمان پێ و شوێنێک نیە. هاوینە و هاوین گەڕانەوەی دە-پازدە خوێندکاری زانکۆ، دووسێ مانگ جارێک دووان چاو پێ‌کەوتنێکی زاگرۆس. هەستان و دانیشتن و هام و شۆ لەگەڵ دیوناس گەلێکی ئێرەیی و لاوەکی زۆر زۆر دوور لە دڵ و دەروون و دنیای خۆم. بێ هەواڵێ لە هاوەڵ وکەس وکار و وڵاتی خۆم. بێ هەواڵێ تەنانەت لە جیهانیش، تەنانەت لە جیهانی هونەر و هۆنراوە و چیرۆک وکەلەپوور و نووسینیش. دوور کەوتنەوە لە حەول و تەقەلایەکی بە کەڵک! چ بۆ خۆم و چ بۆ خەڵک وکۆمەڵ.

خوو و خدە گرتن بەم وەزیعەتی شاربەدەری و بێ دەسەڵاتی و دەستەوەستانی‌یە. نانانا، دیسانەکەش نەڕنە ئۆف لەم وەزیعەتە ، چ وەزیعەتێکی وەیشووم و نەحسە. دەبێ باش هەست بە وەزیعەتی خۆم بکەم، وەزیعەتی خۆم باش بزانم، بیناسم، هەست بکەم. مانەوە مردنە. مردنێکی بست بە بست و سات بە سات، دەیانەوێ وەندە لەم وەزیعەتەدا رامگرن، تاکوونێ یان خووگری ئەم چەشنە ژینە بم یان تەمەنم تێ‌پەڕێ و بمرم. بمرم بمرم بمرم....

بەڵام مل نادەم ، کوڵ نادەم، پەت نادەم! هەروا بە سانایی و ئاسانی

داناکەوم، داناکەوم، داناکەوم.... چایخانەکەی سام و سارا لەم کاتەدا فێنکە. حەدوسەدی ئەوەیە لا دەم و بەر قلیانێگ بکەم. دوو ئیسکانیش لەو ئاوە تاڵە و ئەم چا رەشە بەگەروومدا کەم. شنەی زەریا هەنووکە و لێرەش هەر لە شەکانەوە و لاواندنەوە دایە. سارا خانم بەرقەندەیەکم بۆ بێنە. سام لە کوێیە؟ ئەرێ تۆ خودا ئێوەکەی دەحەسێنەوە؟ ئەم چایخانەی ئێوە شەو و رۆژ ئاوەدانە. ئەی ئێوە کەنگێ سەرێک دەنێنە سەر باسکی یەک. سەر سەرین. ئێوە چین؟ کێن؟ خەڵکی کوێ و کام وڵات و کامە سەدە و هەزارەن. نانێکی دیکە و شەربە ئاوێکی دی. سارا سام لەکوێیە؟ بۆکوێ چووە؟ خەریکی چیە؟ بۆ چ مرومۆنی سارا؟ بەرێ چوونتان دژوارە؟ زۆر حەول ئەدەن و کەمتان دەست دەکەوێ؟ بەفری پیری لە قژ و پرچتان نیشتووە و چوار دیوارێکتان پێکەوە نەناوە؟ ئەمانەشت نین، دڵت وەندە چووکە نەبێت. خۆت و مێردەکەت زۆر بەرز و بەرێزن. جووتە ئینسانێکی زۆرباش. رۆژێکتان بۆ تەرخان دەکەم..... بەلام نانانا، بە رۆژ دا نابێ. ئێوە بە رۆژدا دەبێ لە حەول و تەقەلا دابن. شەو درەنگانێک لا ئەدەمە کەپرەکەتان و لێتان دەپرسم: ئێوە کێن؟ وەرن دانیشن. سەعاتێک دەست لە تەقەلا هەڵگرن. دەم بکەنۆو چیرۆکی بەسەرهاتی خۆتانم بۆ وەگێرن.

شەربە ئاوێکی دیکەش سارا، شەربە ئاوێکی دیکەش. ئەوە بۆچی نەوارەکەی ئوممی کولسووم ناهاویە سەر زەبتەکە. دا تۆ خودا درێغی مەکە. من لەم دڕگەیە و لەم چایخانەیە بەم نەوارە و بەو دەنگە چاوم پشکووتووە. ئاخ دەس خۆش. ئای ئەوەش سام، ئەوا سامیش هاتەوە. لە کوێ بووی کاک سام؟ نێو شار، کڕینی کەل و پەلی پێویستی. دەیجا زۆر باشە. وەرە خوشکە سارا ئەم دوو سێ قەرەپووڵەم لە دەست و باڵ دایە. من رۆیشتم کاک سام، بەلام شەوێک دێمەوە، لەگەڵتان دادەنیشم و گوێ بۆ

بیستنی بەسەرهاتەکەتان رادەگرم. دەبێ بەسەرهاتێکی سەیرتان هەبێ. جارێ بە دوعا. لێوارەی زەریا پڕ لە حەشیمەت. حەشیمەتی ئێرەیی و لاوەکی. کڕیار و فرۆشەر، سەیاح و سەفەری - نێچیر و راوچی! کاسب و بێ کارە، منداڵ و پیر و لاو، ژن و پیاو. لە دەوراندەوری کەشتی مسافیرکێش هەڵڵایە. لەو دوورەوە دەنگ دەگاتە من. دەنگی فیتوو لێدان دێت. ئاپۆرە و بشێوەی خەڵکە. دەبێ گەمە و گاڵتەیەک ساز بووبێت! زۆر جاران جەفەنگ و کایە وکات رابواردنێکی گشتی ساز دەبێ. جاروبار دەنگی هەڵڵا و برێ جار دەنگی فیتوو لێدان بەرز دەبێتەوە بە پێچەوانەی شوێنی دەنگەکە بەرەو گەمیەکانی قەراخ زەریا دەچم. سلاو بۆم کاکی برایە. کاکە گەمیەکەت نافرۆشی؟ بە چەندە؟ چی؟ یانی مەزەندەی گەمی ئەمەندەیە؟ برا داوای خوێن دەکەی! نانا، نەوەڵڵا. پووڵ و پارەی وا لە لای من وەگیر ناکەوێ. هەر قەتم وەندە پووڵ نەبووە! چەند هەنگاوێک لەولاترەوە. ئەی تۆ کاکی برا ئەم لۆتکە ماتۆڕی‌یەت فرۆشە؟ دەی زۆر باشە بە چەند؟ چی؟ چەندە؟ ئەرێ تۆ خودا گاڵتە دەکەی یان بە راستە؟! تۆ خودا لۆتکە وەندە گرانە؟! بە خودای وام نەدەزانی. ئاخ نەهات، نەهات، نەهات!

جەنگەی نیوەڕۆیە و خۆر لە حەوێقی ئاسمانەوە بە تۆقی سەری شاردا پڕش و بلاو بۆتەوە. لە بەرە بەیانەوە تاکوو ئێستا هەر لە پرسیاری مەزەندەی گەمی و لۆتکە دا بوومە. بەلام وەدیارە کڕینی گەمی و لۆتکەم لە توانا و قەوە دانیە! وام نەدەزانی وەندە گران بن. چەند سەد هەزار؟ ئێی سامرەندی گەوج و لەوج، خۆت بۆ چەند سەد تمەن وگریمان چەند هەزار تمەن خۆش کردبوو! هەی دۆشداو..... بە خەیاڵی خاوی خۆیان هەموو دەروویەکیان لێ گرتووم! پێ‌یان وایە کەیل و کۆیلە دەمێنمەوە تاکوو لەم چزیرەدا دەفەوتێم. بەلام ئەوە نازانن کە من زۆر لەوان پێست ئەستوورترم!

کۆڵ نادەم و پەت نادەم، دەس بەردار نابم و دەست هەڵناگرم. بە نێو شەیتانە بازارەکەی دوڕگەدا دەگەڕێم.چاو لە خۆشەویستەکەم دەگێڕم. وەدیارە لۆتکە و گەمیم بۆ ناکرێت، دەیجا دەبێ لە بیری ڕێگە و چارەسەر کردنێکی دیکە دابم. ئەم ڕێگە نا، ئەو ڕێگە. ئەی بۆ چ نازارە چاو بەڵەکەکەم دیار نیە؟!

چارەسەر کردنی تەنگ و چەڵەمە و کەند و کۆسپەکانی ژیان تاقە ڕێگەیەکی نیە. چەندەها بۆچوون و ڕێگەی چارە سەر کردنی هەیە. ئەوەش یار! جا بو چ یار؟ کام حەز لێ کردوویی و کامە دڵداری؟ هەر دیتن و دوواندن خۆ نابێتە ئەوین و دڵداری. بەڵام یان خۆم هەڵدەخەڵەتێنم، یان لە هەڵەدام، ئاخە من ئەویندارم. تیری ئەوینی ئەم کیژە جەرگ و دڵی پێکاوم. ئەو تیرە لە هەست و ئەندێش و فیکر و زیکرم کاری بووە. ئەی بەس ئەوینداری ئەوە نیە چیە؟ ئەم گشتە سەرنجدانە و بیر لێ کردنەوە، ئەم هەموو دوواندن و وەدوو کەوتنە! ئەوە نیە هەر ڕۆژێک لە ماڵ دەر نەکەوێت و نەی‌بینم، تێک دەچم و پلەی خوێنم دەچێتە سەرێ. ئەی بۆچ ئەم هەمووە دووای کەوتم تاکوو کۆڵان و دەرکی ماڵەکەیان فێر بووم! ئەی ئەوە نیە ئەویش بە دیتن و دواندنی من ڕەنگی دەگۆڕدری و ڕوخساری گەش دەبێتەوە.

ئاخ دیسانەکە ئەو لە پێشدا سڵاوی کرد. هەر ئەو لە من باشترە. کەنگێ شەرتی دڵداری وایە. دەبا من زووتر سڵاوم کردبایە. هەموو جەلێ ئەمە بە خۆم دەڵێم. کەچی هەموو جەلێ هەریارە و سڵاوی پێش دەکەوێت. ئەمڕۆش قەرتاڵە شوولێنەکەی گۆڕیوە. کراسەکەشی لە تازە دەچێت. قەتم ئەم کراسە چیمەنەیە لە بەردا نەدیبوو. کافری لە خودا بە دوورە ئەم هەموو ئاگۆڕ و داگۆڕانە بۆ کوشتنی من دەکا! بو ئەوەی لەمەش

زیاتر گراوی خۆیم کات. بەڵام هۆی لۆرکێ، لەگەڵ تۆمە. تۆ هەروا شان بە شانم هەنگاو هەڵدێنییەوە، چ ناڵێی و گوێ دەگری! بڵێی ئەمەت لە زۆر زانی نەبێ؟

نازدارە خۆشەویستەکەم! پێویستی ناکات هەر ساتەی بە لەونێک خۆتم بۆ بگۆڕی، پێویستی ناکا هەر رۆژەی بە داب و دەستوورێک لە ماڵ بێیتە دەرێ، پێویستی نیە حەول دەی گیرۆدە و گراوی خۆتم کەی! کاری من لەوە دەرچووە کە تۆ حەولی دڵ رفاندن و دڵنوایی منت بێ. ئەوە منم کە دەبێ خۆم بەدار و بەرد و ئاگر و ئاو دادەم، بەشقەم دڵی تۆ نەرم کەم، بەڵکەم دڵی تۆ راگرم. گوێت لێیە؟ دەسا ئیتر لەمە زیاتر خۆ مەنوێنە. ئەوە جوانی رواڵەت و روخساری تۆ نیە کە ئاوەها منی گیرۆدە کردووە، ئەوە قەد و باڵا و لار و لەنجە و خۆبادانی تۆ نەبووە کە منی ئاوەها گراوی تۆ کردووە. تۆم بۆیە پەسند کرد و هەڵبژارد، چونکی خۆبادان و خۆرازاندنەوە نازانی! چونکی ناز و تڕوتۆیت نیە، چونکی لە خۆم ساف و سادە و ساکارتری. چونکی هەر بوونەکەت پەیکەرە و مانای ئەوینە.

دەسا باوانەکەم تۆ لە خەمی مندا مەبە، من لە خەم و خوریە و خەیاڵی تۆدام. هەروا شان بە شان، شەیتانە بازاڕ و شەقام، دووکان و مەیدان، کڕینی کەل و پەل و خواردەمەنی پێویست. هەنار ؟ بۆت هەڵدەبژێرم، ئەمانە خۆشتر و باشترن. من باشتر دەزانم، ئاخە من هەنار ناسم! سێو؟ من سێو ناسم. سێو هەڵبژاردنیش بە من بسپێرە. ئەم سێوانەی بۆت هەڵدەبژێرم، لە وڵاتەکەی خۆم و خۆتدا وێنەیان نیە. ماسی؟ دەستە نازدار و نەرم و ناسکەکانت بە بۆنی ماسی زایە مەکە. ناهێڵی؟ تۆ بە من دەڵێی دەستەکانم بۆن دەگرن، قەی ناکە! دەستەکانی من با بۆن بگرن! بەڵام با دەستەکانی تۆ هەر ئاوەها بۆنی عەتر و عەبیری ئاسکەکانی هەرد و

مەزرای چین و ماچین یان لێوە بێت. ئاخ ئەی مەخابن کە نەتهێشت من ماسی هەڵبژێرم و دەستەکانی خۆت ئازیەتبار کرد. جا کەوایە دەبێ زۆر زوو بڕۆیتەوە و دەستەکانت بە گوڵاو بشۆیتەوە. حەیفە ئەم دەستانە بۆنی ماسی لێ بێت. ئەوەش سەر کۆڵانەکەی خۆتان. وەکیلی سڵاو بە، برا بیچکۆڵانەکەت لە بری من ماچ کە. جاروبار ئاوڕێک ئەداتەوە، هەر کاش ئاوڕ ئەداتەوە پێکەنین گشت روخساری رازاندۆتەوە. بڵێی ئەم روومەت و روخسارە هەنار و سێو بێت یان گوڵەباخ؟ بە خودای ئەمەش لەم کێژە زوڵمە. هەنار و گوڵەباخ و سێو بۆ چ دەتوانن بە جوانی روخساری یار بن؟ ئەوا دەستی بۆ دوواهەم ماڵئاوایی هەڵێنا و ئاوقای نێو حەسارەکەیان بوو. بە دۆعا!

برێک ئارەقە لە ژێر باخەڵەکانم هەڵقوڵیوە، کراسەکەم لە حاندی مۆغەرەی پشتمدا بە لەشمەوە نووساوە. وەدیارە وەرزی گەرما بە دزیەوە گەڕابێتەوە، وا باشە منیش لە سەر ئەم کۆڵانە رانەوەستم و بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە. لە دوورەوە، لە لای لەنگەرگەی کەشتییەکانەوە دەنگی هەڵڵا و فیتوو لێدان دێت. دەبێ چ بێ؟ چ قەوما بێ؟ ئەم هەڵڵا و فیتوو لێدانە چیە؟

هەمیسان قوژبنی ژووره چۆل و هۆلەکەم سووچی تەنیایی و بیرکردنەوە. ئەمجار چ دەکەی سامرەند؟ لە شەش ماڵی هیوا پێنجت لێ گیرا! کەس تۆ لەگەڵ خۆیدا سوار ناکات! ناشتوانی گەمی و لۆتکە بکڕی. دەست لەم دەروویانە بشۆرەوە. بەلام دەروویەکی دیت هەیە. بۆ خۆت پووڵ وپارە بدە لە کوێرە دێیەکی دوورەچاو لۆتکەت بۆ ساز کەن. ئەی ئەو بڵێی چەندە ببڕێ؟

ئەم دەروویەش تاقی دەکەمەوە. مەزەندەی دەپرسم و بگرە بتوانم لە

دۆست و دیوناسیش یارمەتی وەرگرم! ئەی قازانجی برایەتی چیە؟ دۆستی بۆ رۆژێکی ئاوا نەبێ، بە کەڵکی چی دێت؟ ناهۆمید نەبی رۆڵە خۆت پێ وەرەز و لەپێ کەوتە نەبێت لاوۆ. کەند و کۆسپ تاقە رێگەیەکی چارەسەرکردنی نیە. هەر گیروگرفتێ چەند رێگەی چارەسەرکردنی هەیە. ئەمەت لە بیر بێ. ئەم رێگە نەبوو رێگەی دی. بەڵام لە بیرت بێ ناتوانی بمێنیەوە. مانەوە مردنە. من و مردن؟ مردنی من؟! نانانا کاتی مردنم نیە. دەڕۆم و دەبێ بڕۆم. خۆ شەشخانی هیوام لێ نەگیراوە. هەڵدەفڕم. بە تیخەڵەیەکەوە، بە کەتە دەمانچەیەکەوە هەشاوڵ دەبەمە فڕۆکەخانەی دڕگە. خەلەبان و فڕۆکە و مسافیر بە دیل دەگرم! یان دەمکوژن یان دەربازم دەکەن.بۆ کوێ دەچی کاکە؟ چ خەیاڵ پلاوێک بە مێشک و زەینت دا دێت! هەک ئافەرم رۆڵەی نووسەر. تۆ خودا نەخەرەفاوی؟ سەفی نەبوویت؟ هەوای مەستی لە کەللەی نەداوی؟ ئەم هەڵیتە وپلیتە، ئەم شاف و لاف و شات و شووتە هەوای مەستی نیە؟!

بەڵام بانگەشەی چتە؟ تۆو ئەم ئاکارە منالانەیە؟ تۆ قەت وەندە بێ کەللە و بێ وزە نەبووی. ئەی بۆوات لێ هاتووە؟ چۆن بوو کە ئەم خەیالاتە بە زەینت داهات؟ شوێنەواری منالی و پێ و شوێنی پیری! پیری و سەد عەیب. نانا، نەکەی خوێڕی گیان. خۆت بە پیر و لەپێ کەوتە و پەککەوتە دانەنێی. لە وزە نەچی و وەڕەز نەبی. کاک سامڕەند، تۆ سام بووی، هەر سام بە، بە سام بە. لە ماسی یەکەی دوێشەو بڕێک ماوە. هەروا کە دێی و دەچی، ئەویش گەرم کەوە. نیوەڕۆژەت سازکە. ماندووی. دوێشەو نەخەوتووی. ئەمڕۆش لە کازیوەیرا تا ئێستا هەر بە سەر پێوە دێی و دەچی. دەیجا ماندووی ئازیز! بۆیە هەڵیتە و پلیتەش بە مێشکت دادێ. نیوەرۆژە بخۆ و بنوو. بەم جەنگەی نێوەڕۆ و ئاگرباران وکوڵە کوڵە کەس بە

دەرەوە نیە. نەخەڵەتابی دەرکەوی و وەشوێن گەمی و لۆتکەکەوی! کەست گیر ناکەوێ و ماندوو بووتت پێ دەمێنێ.

ئەمەش تەقەی دیرگا! دەبێ کێ بێت! هەستە و بڕۆ دیرگاکە بکەوە. نانا بپرسە کێیە. با وەک دوێشەوت بە سەر نەیە. ها؟ کێ بوو؟ هاوڕێ. فەرموو وەرە ژووری. بڕۆینە ماڵی ئێوە؟ نابێ. بەسەری هاوڕێ کەوڵم راخستووە. نان و پێ خورم لە سەر داناوە. تەنانەت چەند پارووپەکیشم خواردووە! فەرموو. وەرە ژووری. قسەم زۆر پێیە. شەوێ لە پاش رۆیشتنی تۆ نایب و سێ پیاوی هاتبوونە لام. هاتبوون خۆیان پیاو چاک دەنواند، پاکانەیان دەکرد. ماڵێکی باشیان پێ دا هاتم. چ رووپەکم نەدانێ. دەبێ شتێک بووبێ. نایب لە خۆڕایی نەهاتبوە سڵاو! لە خۆڕایی پاکانەی نەدەکرد. چیە؟ جووڵە جووڵتە. ئۆقرە و وزەی گوێدان بەم قسانەت نیە. دەڵێی قسەیەکت پێیە؟! فەرموو، پاروو پاروو نانیش بخۆو قسەکەشت بگێڕەوە.

هاوڕێ دەست لە خواردن رادەگرێ. چاوەکانی زیتە زیت و بریقە بریقیانە. قسەم لە دەم دەڕفێنێ: کاکۆ گیان، مزگێنیم دەیە، مزگێنی! پاسگە سەرۆکێکی تازەی بۆ هاتووە. ئەم سەرۆکە تازە دەبێ دەرەجە و نیشانی زۆر لە سەری بێت! وەک ئەمڕۆ خەڵک باسیان دەکرد، هەر لە ناوەندەوە جێ گریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. نایب بۆ شوێنێکی دیکە گۆڕدراوە. ئەمڕۆ کاتی رۆیشتنی نایب، لە لای لەنگەرگەی کەشتی لاوان و ژنان و منداڵان لێیان لە هۆیت هۆیت و فیتوو لێدان دا. تەماتەیان تێ هەڵکرد. ئابڕوو بردە بەرێیان کرد.

دەپەڕمە نێو قسەی هاوڕێ: تۆ لەوێ بووی؟ لەوێ نەبووی؟ ئەک حەیف و مەخابن. من لە دوورەوە ئاگام لێ بوو لە جێ لەنگەری کەشتیەکان

دا فیتوو لێدان و زەنا زەنایە. بەڵام واوەنەچووم. نەمزانی چ قەوماوە. ئافەرم بۆ منداڵان، بۆ ژنان، بۆ لاوەکان. وەدیارە ئەوان زۆر لە ئێمەومانان زیاتر لە مەیدان دان. زۆریش لە ئێمە بە هەڵمترن. دەک بژین ئەم خەڵکە ساویلکەیە!

کەوابوو، بۆیە ئەمڕۆ دەفتەری ئیمزایان لە حەساری پاسگە دانابوو! باس و هەواڵ زۆرە، قسە و باس خۆش بووە! هەر مەبارەکی دەوێ! قەدەمی خێر بێ! با بزانین ئەم ئاڵ و گۆڕە خێر دەبێ یان شەڕ؟ ئاخری خێر بێ! دەی هاوڕێ لەگەڵ سەیداکەت چت کرد؟ چاوت پێی کەوت؟ دووانـدت؟ هاوڕێ سەری شۆڕ دەکاتەوە! بڕێک دەنگ و ڕەنگی دەگۆڕدرێت سبەی زوو دیتم و قسەکانی دوێ شەوم بۆ گێڕاوە. بڕیارمان وایە ڕۆژی هەینی لە کاتی عەسردا لەگەڵ خوشک و برایەکی چووکەی بێنە لێوارە، لەگەڵماندا سواری گەمی بن. لەو کاتەدا دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەی. نایبیش نەماوە گەمی سوار بوون بۆ تۆ قەدەغە بێت! قاقا دەکێشێ. دەیجا زۆر باشە، عەسری هەینی، هەم دەرکەوتن و گەشت و سەیرانی سەر زەریا و هەم دوواندنی یار. هەم زیارەت و هەم تیجارەت. ئەرێ شتێکی دیکە هاوڕێ! جاسم ئەم حەول و تەقەلایەی منی بۆ ڕاکردن زانیوە؟ ئەگین زانیویە چی دەڵێ؟ ئەمە لە سەر تۆیە بۆی ڕوون کەیەوە بۆچ نابێ لەگەڵ ئێوەدا ڕاکەم! من و تۆ باسمان کردووە، وەک بە تۆ.......

هاوڕێ دەپەڕێتە نێو قسەکەم: کاکۆ سامڕەند، جاسم ئەم قسە وباسەی نەبیستووە. دوێنێ تا درەنگان لە زەریا بووین، ئەمڕۆش لە بەرەبەیانەوە لەگەڵ دایکمدا بۆ چاو پێ کەوتنی ماڵی خاڵۆم چۆتە «بەردی». «بەردی» دێیەکی دە دوازدە ماڵەیە لە ڕۆژئاوای ئەم دڕگەدا. لێرەوە تاکوو بەردی بە ماشێن چارەکە سەعات زیاترە. دێیەکی خۆشە.... دار.....

کانی..... لۆتکە....

ئیدی نازانم دەڵێ چی، ڕەزامەندی ناخم دادەگرێ. ئەو قسەی شەوێ نایب گوتی و جاسمیشی نێوبرد کرد، درۆ بوو، هەر بەوەدا هەموو قسەکانی درۆ بوو. تف لە زاتت.

نیوەڕۆژە لەگەڵ هاوڕێ. قسە و باسی نایب و ڕۆیشتنەکەی. فیتوو لێدان و هۆیت هۆیتی ژنان و منالاَن و لاوەکان. تەماتە هاویشتن بۆ نایب. جوێن و بەڕێ کردنی باشی خەڵک! دیسانەکەش ئافەرین بۆ خەڵک! هەر لە وان و هەر لە رووناکبیری زۆربڵێی بە مدعا و لەخۆبایی؟ هەمیسان هاوڕێ قسە بەرەو ڕۆژی هەینی و یارەکەی با ئەداتەوە. ئەوین و لاوی. ئەویندارى و لاوی دوو ئاواڵە دووانەی پێکەوە نووساون. چوونە سەرێی پلەی خوێن و ئاڵ وگۆڕ بوونی ڕەنگ و روخسار. تەپە تەپ و زرمە زرمی دڵی لاو. دڵەکوتەی ساتی دیتنی یار. کاتی دوواندن و مدەی باس و خواسی یار و ئەوین و ئەویندارى.

هەر خۆش بێ بیرەوەری لاوی و ئەویندارى. هەوێنی ژین و مانەوە لە سەر جیهان. لە تەواوەتی مدەی قسە و باسی یار و ئەوین لەگەڵ هاوڕێ دا هەستم بەوە نەدەکرد پیاوێکی گەڕاوەم و کاتی گەنجی و لاویم تێپەڕیوە! لە بیرم نەمابوو کابرایەکی گەڕاوەی سەر و ریش ماش و برنجیم. خۆم لە تەمەن و هەڕەتی لاوی دا هەست دەکرد. بە تایبەت بەم کیژۆڵەیەوە کە جاروبار دەیدینم و دەیدوێنم! بڵێی ئەمە ئەوین بێت؟ ئەی ئەگین وا نیە چیە؟! چارەکە سەعاتێکە هاوڕێ ڕۆیشتووە. بە تەمای سەرخەو شکاندنێکم، بەڵام خەو لە من تاراوە. وا دیارە لەم تاراوگەدا، خەو لە من و من لە خەو تاراوین! ئاخ تاراوی، تاراوی، تاراوی، وا باشە بێمەوە سەر درێژەدان بە نووسینی چیرۆکەکەم، بیرەوەرییەکانی خۆم، چیرۆکی

شاربەدەر! ئەوەش وەنەوز. بەرە بەرە خەونووچکە. کەوتنە سەریەکی پێلووەکان. خەو لێ کەوتن لە کاتی نووسین دا! دەنگ، دەنگ، ویژە و وژەی گوللە. لە خەو رادەپەڕم. تا لە خەو دابووم، پێم وابوو گوللە بە بن گوێمدا وژەی دێ و دەڕوا. بەڵام ئێستا کە وا لە خەو راپەڕیوم، هەست دەکەم لە دەرەوە، لە شەقام و کۆڵانەوە ویزەی گوللە دێت. هەر دێت و تەقە و وِیژەی گوللە نزیک دەبێتەوە.

دەبێ خۆم پۆشتە کەمەوە. بڵێی چ بووە؟ چ قەوماوە؟ خۆ پۆشتە کردن و بە هەڵەداوان ئاوقای کۆڵان بوون. راکردن بەرەو شەقام و شوێنی تەقە. بەڵام لە گەڵکوو دەگەمە سەر شەقام، ئای خودا هەر خەڵکە و رادەکەن. هەموو بەرەو من دێن. تەقەکە لە پشت ئەوانەوە دەنگی دێت. گەورە و چکۆڵە رادەکەن و بە هەر کەس دەگەن: راکە مامە، راکە خاڵۆ راکە لاوۆ. برا راکەن خەڵک دەگرن! خەڵک دەکوژن. راکەن گرتن و بردن و گوشتنە! ماوەیەک لە پێیانەڕێی شەقام، پەنای دار چرابەرقێک. نزیک بوونەوەی تەقە. بەربڵاو بوونتری مەیدانی تەقە. وا باشە پاشە و پاش بەرەو کۆڵان و ماڵێ بگەڕێمەوە. لە دووا هەنگاودا دوو کەس لە نێوەڕاستی شەقامەکە دا لە روانگەمدا قوت دەبنەوە. چەکدارێک و بێ چەکێک.

بۆ ساتێک تێیان دەڕوانم. مەوداکەمان زۆر نیە، دیوناس دەناسرێتەوە. ساتێکی دیکەش رادەوێستم و تێیان دەڕوانم. نا هەڵە ناکەم. ئەوی بێ چەکیان حەموودە!

دەبێ گرتبێتیان! رەنگە لە بگیر بگیردا بە وێڵەکی بە رەش بگیر گیرابێ. ئاخە ئەو بۆ؟ پیرێکی ئیفتادە و لە کارکەوتە و کەلەلا لە چ دایە؟ چی لە دەس دێت؟ ئەی لە پای چی گیراوە؟ ویزەی گوللەیەک بە بن گوێمدا. دێمەوە خۆ. خەڵک هەروا لە راکردن دان! منیش دەبێ بەرەو ماڵ

بگەڕێمەوە. لە سەرەخۆ کۆڵانە و کۆڵان دەگەڕێمەوە. دەچمە ژوورەوە. نابێ رووت بمەوە. حەتمەن وەک جاری جاران دەبێتە ماڵ گەڕان و خانە بگیر. لە ژوورەکەدا دێم و دەچم. حەموود بۆ گیراوە؟ چی لێ دەکەن؟ سەرۆکی تازە هاتووە. خۆی دەنوێنێ. دەبێ خۆی بناسێنێ. دەبێ ژەهری خۆی برێژێ و بە خەیاڵی خۆی خەڵک تووتە ترسێن کات! ئای ئەم زرمە و تەقە چیە؟ بۆچ لە دەرکێ بەربوون؟ خۆیانن، پیاوەکانی سەرۆکی تازە! بە پێ لەقە دەرکی حەسار دەکەنەوە. ئەوا رژانە حەسار و بەرەو ژووری هەشاوڵیان هێنا. یەکیان بە تووڕەیی‌یەوە! کێی؟ چ کارەی؟

هەرکەسم و هەرکارەم لە ماڵی خۆم دام، ئێوە کێن و چ کارەن و چتان دەوێ؟ بۆچ بێ ئیزن خۆ بە ماڵی خەڵک دادەکەن؟

چوار کەسن. یەکیان دەناسمەوە. شەوێ لەگەڵ نایب هاتبووە ئێرە! لە بن پەنجێرەی کۆلانیشدا دەنگی ورتە ورت و سرت و خورت دێ. دەنگی هام و شۆی خەڵک زرمە زرمی راکردنی ئەم و ئەو. خرمە خرمی پۆتین. جاروبار دەنگی حوکمێ دێت: رامەکە! راوێستە، راوێستە.

گەلێ جاریش تەقەی گوللە لە هەموو لایەکەوە. چەکدارەکانی نێو ژوورەکەی من تەمەشایەکی یەک دەکەن. دەڵێی لێک دەپرسن: چ بکەین؟ چی لێ بکەین؟ یەکیان لە پڕ دەڵێ: وەپێش کەوە بۆ پاسگە. پێی دەڵێم: کوڕم! من نەناسیاوێک نیم. دیوناسم! هەموو رۆژێ دێمە پاسگە و دەفتەر ئیمزا دەکەم. من سامرەندی موکری، شاربەدەری ئەم دڕگەیەم. پاسگەم دەبەی دەڵێی چی؟ زوو زوو پێم دەڵێ: بێدەنگ‌بە، بێدەنگ. پێش کەوە، پێش کەوە!

زۆر چاکە، وات پێ باشە لەگەڵتا دێم. بەڵام لە پاسگە ئاگرێک دەکەمەوە، سەرۆکی تازە هەزار شەپت تێ هەڵدات. پێش دەکەوم و دەڵێم:

پیاو بەو قسەی خۆت مەخۆوە. وەرە با بڕۆین. هەست دەکەم ترساوە بمبات، پەشیمانە. لە شاربەدەر دەترسێن! بگرە بمناسێ و دیتبێتی چ دەردێکم بە نایب ئەدا، جا ترسابێ. بەڵام بە قسەکانم تێک چووە. بە قەولی خۆمان لێی بۆتە کوردە نامووسی و دەبێ بمبات!

منیش پێم خۆشە بچمە پاسگە و چاوێک بگێڕم. لانی کەم سەرۆکی تازە و گیراوەکان بدینم! بەڵکەم بتوانم ئەگین حەموود گیرابێت، یارمەتی یەکی بدەم.

وەپێش دەکەوم و دەڵێم: فەرموو با بڕۆین. پیاو قسەی خۆی ناخواتەوە. چارەکە سەعاتێکی دیکە. من و پاسگە و چل پەنجا کەسی گیراو لە حەساردا. بگرە چوار پێنج چاوە بەندەکانیش پڕ لە بەندی بن. زۆربەی گیراوەکان چاوترساو . چاوێک دەگێڕم. چاو بە دووی حەمووددا دەگێڕم. وەبەر چاوم نایە. خولێک بە نێو حەشیمەتی گیراودا ئەدەم، حەموود لێرە نیە. چەند کەسێک دەناسمەوە. هەواڵی حەموودیان لێ دەپرسم، هیچیان نەیاندیوە. لە حەسارێدا گوێ بۆ قسەی گیراوەکان رادەگرم. لە کوتان و لێدان و گیرفان خاڵی کردن قسە دەکەن. ترساون. لە مەترسی و ئەندێش دان. ئەوانی گەڕاوەترن باشترن. کابرایەکی گەڕاوە دەڵێ: چ نیە. تا سبەینێ هەموو بەر دەبین. سەرۆکی تازە هاتووە. خۆی دەنوێنێ. خەڵک تووتەترسێن دەکات. بگرە راو و رووت و تاڵان و بەرتیلیش بێتە گۆڕی. پیاوەکانی پاسگە یەک یەک و دوو دوو گیراوەکان لە حەسارێوە دەبەنە ژوورەکان. چاوم لێیە. ئەم دیوو ئەو دیویان پێ دەکەن. دەوسێیان بۆ پێک دێنن. بڕێ کەس بەر ئەدەن، بڕۆن. بڕێ کەس دەکەنە بەندەکانەوە.

بڕێک لەو شتانەی پێم خۆش بوو بیزانم وبیبینم، دیتم. زیاتر ماتڵ

بوونم لەم حەسارەدا زیادییە! دەبێ بچمە لای سەرۆک. بزانم کێ‌یە و چی دەوێ و ئەم بەزمە چیە؟

بەرەو ژوورەکەی سەرۆک دەچم. سەربازبەرم دەگرن و ئیزنی چوونە ژوورێم نادەن. دەیکەمە نەڕەو گوڕە و هات و هاوار. چاوم لێ‌یە دەربیجەی ژوورەکەی سەرۆک کە بەرەو حەساری پاسگەیە، دەکرێتەوە. پیاوێک سەر دێنێتە دەرێ و تەمەشام دەکات. دەیناسم. لەمەو بەر سەر دەفتەری پاسگە بوو. لە پاش ئیستێک بە سەربازەکە حوکم دەکەن لێ گەڕێ بڕۆمە ژوورێ.

گورج و گومەز خۆ بە ژوورەکەی سەرۆکدا دەکەم. لە سەر جێگەکەی جارانی نایب، زەلامێکی گەڕاوە دانیشتووە. دەرەجەی (سوڵتان) ی لە سەر شانەکانی ملەقوتەیانە. بە مۆڕەوە تەمەشایەکم دەکات و بە پەلە پیتکە بەردەبێتە تەکاندنی بەرگە نیزامی‌یە نوێ‌یەکەی! لە پاشان دەستێک بە ریش و سمێڵە پاک پاک تاشراوەکەی دا دەهێنێ. مۆڕەیەکی دیکەم لێ دەکات و کراسە نیزامیە دەق دراوەکەی لە سەر تەنگەی دەرپەڕیو و زگی وەک دەهۆڵی راست و میزان دەکات. عەجەب سەرگۆڵ و برۆیان و مل ئەستوورە! بەم قژە کاڵ و کورت و بەم چاوەشینانەوە زۆر لە سوور فلە ئینگلیزی و ئەمیرکایی‌یەکان دەکات!

لەگەڵکوو دەمهەوێ لە سەر کورسی‌یەک دانیشم، بە سەرمدا دەنەڕێنێ: تۆ کێی کابرا؟ ئەم هات و هاوارەت لە چیە؟ حەتمەن لەم بشێوەیەدا دەستت هەیە کەوا دەتەوێ بەم شات و شووتە خۆت دەرباز کەی! ناهێڵم درێژە بە قسەکانی بدا، بە چەکمەوە دەپەڕمە نێو قسەکانی: ئەمە چ دووکان و بازاڕێکە وەڕێت خستووە سوڵتان؟ ئەم بگیر و ببەند و بگوژە چیە؟ ئەم بگرە و بەردە و بستێنە چیە؟ منت بۆ هێناوەتە ئێرە؟

پیاوەکانت بە حوکمی کامە دادگا خۆ بە ماڵی خەڵکدا دەکەن؟ (بەسە) بە کام تاوان خەڵک لە خەو هەڵدەستێنن و ملکێش ملکێش دەیکێشنە پاسگە؟ (بەسە). من شاربەدەرێکم لەم دڕگەیە، ئەمە رووی دوو سێ ساڵە لێرەم. پیاوەکانت یەکە یەکە دەمناسن، لەم چەند ساڵەدا هەموو رۆژێک دێمە پاسگە و دەفتەر مۆر دەکەم. - بەسە - دەی بۆچ بەم عەسرەداغ و کوڵە کوڵە پیاوەکانت خۆ بە ماڵمدا دەکەن، بە پێلەقە دەرکم دەشکێنن و دەمهێننە ئێرە؟ یەک بە خۆی دەنەڕێنی: بەسسسە. جوابی نادەمەوە: خۆ زۆر باش دەمناسن! ئەی چیان لێم دەوێ؟ یانی نازانن لە شاربەدەرێکی رووت و رەجاڵ قڕانێک هەڵناوەرێ؟ - بەسی دەکەی یان.....؟دەمت دەقووچێنی یان بە زۆر پێت بقووچێنم؟ چی دەڵێی سوڵتان؟ پەنجا بەندم گۆڕیوە - لە دەشوێن شاربەدەر بوومە! لە شاربەدەری تەواو عومر بە دەر لە چیم دەترسێنی؟

- بێدەنگ بە با بە زۆر بێدەنگت نەکەم، ئابڕووی خۆت بپارێزە.

-پێت وانەبێ لەم ئاژاوە ناپرسم و تاقیق ناکەم! پێت وانەبێ نایکەمە دەوسێ و بۆ بەرپرسی خۆی نانێرم! دەست بۆ زەنگ دەبا و بانگی پیاوێک دووان دەکا بێنە ژوورێ. یەک بە هێز و توانای خۆم دەگوڕێنم: ئەم دەور و دووکان و شەیتانە بازاڕە چیە دروست کراوە سوڵتان؟ بۆ وادەنوێنی خەڵک عاسی بووە؟ بۆ وا دەنوێنی وڵات شۆڕش و ئاژاوە دایگرتووە. روو دەکاتە پیاوەکانی: بێ دەنگی کەن. روو دەکاتەوە من بێ دەنگ نەبی دەڵێم بت بەن! زۆر بەرزتر دەنەڕێنم: لە بەر چی بێدەنگم دەکەی؟ منت بۆ کێشاوەتە ئێرە؟

هێدی‌تر دەڵێم: بنێرە ئەو چوار پیاوەت کە منیان هێنایە ئێرە، بێن. بزانە دەمناسن یان نا؟ بۆت روون دەبێتەوە لە خەوی عەسردا دەرکیان

@kurdica

شکاندووم و هێناومیانەتە ئێرە. تۆ سەبر کە با بیانکێشمە ئێرە. لێیان بپرسە. زۆر شتت بۆ روون دەبێتەوە!

هەڵدەستم کە بچم حەسار بگەڕێم. بۆ حەموود. بۆو پیاوەی پاسگەکە منی هێنایە ئێرە. بەڵام سوڵتان دامدەنیشێنێتەوە. بۆ دانیشم سوڵتان؟ با بیهێنم و بیبینی. با لێی بپرسی منی بۆچ هێناوەتە ئێرە؟ سوڵتان ئیزنم ئەدا لەگەڵ ئەم دوو پیاوەی ژوورەکە بچم و بگەڕێم. بە حەساردا دەگەڕێم. نایانبینمەوە. دەچین و بەندەگشتییەکان دەگەڕێین نایانبینمەوە. چاو لە حەموودیش دەگێڕم! ئەویش دیار نیە. وا دەگەڕێم و بوومەتە سەربەخۆ، لەوانەیە ئەگین هات و هاوارەکەیان نەدیبایەم، وایان دەزانی پیاوی پاسگەم! لە پشت دەرکی پاسگە دووانیان دەبینمەوە. دەیانبەمە لای سوڵتان.

سوڵتان و دوو پیاوەکەی دەچنە ژوورێکی پشت مێزەکە. زۆریان پێ ناچێ دێنەوە ئەم ژوورە. پیاوکان دەڕۆن. سوڵتان بە مۆڕەوە تەمەشام دەکا و دەڵێ: ئمم شاربەدەرێکی تەمەن چل ساڵان و لە رۆژێکی ئاوادا لە حەساری پاسگە و لە ژووری سەرۆکی پاسگە ئەم هەڵڵایە ساز کەی! ئمم! عەیبت کەن. پیاوی باش دوو مناڵی نەفام و هەرزەکار نەفامییان کردووە، خۆ تۆ هەڵە و هەرزە نی! مناڵۆچکە نی! تۆ ئەم هاوار و ئاژاوەیەت لە چیە؟ لە سەرەخۆ، خۆت دەناساند و بە رێی خۆتدا دەگەڕایەوە. مەگین ئێمڕۆ لە کاتی رۆیشتنی نایبدا ئاژاوە ساز نەبووە؟ تەماتەیان تێهەڵنەکردووە؟ ناحەز و ناشیرنیان بەو و بە زۆری دیکە نەگوتووە؟ دەی ئەمە بشێوە و ئاژاوە نیە؟ شۆڕش نیە؟ دەی من چ نەڵێم و تاقیق نەکەم؟ ئاژاوەچی پەیدانەکەم و نەیگرم؟ یانی نابێ تاوانبار بە سەزای خۆی بگەیەنم؟

سەیر و سەمرە تۆی شاربەدەر و شارەزای رامیاری کە چۆن-خۆت لە وەها شۆڕشێک بێ هەواڵ نیشان ئەدەی؟ چۆن لە نێو پاسگەدا دەیکەی بە مژولیایش و تەیاتوور و بەم ئاکارە پیلان و فیتنە دەهێنیە نێو پاسگە؟ بەڵێ پیاوەکانی من گوتیان لە ماڵدا بووی، زۆریان لە دەرکە داوە نەتکردۆتەوە. ناسیویانی و نەیانویستووە بتکێشنە ئێرە! خۆت پێت خۆش بووە بێی! خۆت وەپێشیان کەوتووی و هاتوویە ئێرە! حەتمەن کارێکت لێرە بووە کە پێت خۆش بووە بێیتە ئێرە...... چ دی مۆڵەت و دەرفەتی نادەم لە سەری بڕوا، بە سەریدا دەنەڕێنم:

بەڵێ سوڵتان ئەوی تۆ دەڵێی وابووا وایە. چۆنی دادەنێی، داینێ. ئەوەشت لە بیر بێ کە ئەم ئاژاوەیەت بۆ ساز کرد؟ دەنگم هێدی دەکەمەوە: ئەمە داب و نەریتێکی لە مێژینەیە. هەر سەرۆک پاسگەیەک بڕوات و یەکی تازە بێت، ئەمی تازە بۆ تووتەترسێنی خەڵک، بۆ راو رووت، بۆ ناسین و دیتنی چەور و قەڵەوەکان پیلانێک دەنێتەوە. ئەم دابە لە دەوڵەت ئاشکراترە تا لە خەڵک. بەڵام تۆ زۆر سوێرت کرد. خۆت لە من مۆن مەکەوە، دەیان بەند و ئەشکەنجە و شاربەدەری، ئەم تەیاتوور و بی‌بی جان خانمەی لە لای من بێ‌تام کردووە.

بۆ چ ئیزنت دا ئەم دوو پیاوەت بڕۆن؟ بۆ چ لێت نەپرسین چیان لە من دەوێ؟ تۆ خۆت بۆ چی لێرەت راگرتووم؟ چیت لێم دەوێ؟

هەڵدەستمە سەر پێ و لە ژوورەکەدا دێم و دەچم. سوڵتان تەمەشایەکی میرزاکەی دەکات. هەرتک بڕێک تەمەشای یەک دەکەن. میرزا دەڕواتە دەرێ – سوڵتان ناردی، سرتەیەکیان کرد – ژوور جگە لە من و خۆی کەسی تێدانەماوە. هەست دەکەم رەنگ و رخساری دەکرێتەوە! بزەیەک دێتە لێوەکانی. پێکەنینێکی سەرزارەکی دەکا و دەڵێ: بە خودای

سەیرە! زۆرت ترساندووم.... پیاوێکی ژیر و بە دەسەڵاتی! دەوسێم بۆ ساز دەکەی. ناهەقت نیە. گەورە و نێو بە دەرەوەی! دەتناسن! بەڵام چۆن و بە چیت دەناسن؟ رەنگە بە شاخواز و پیاوچاکت بناسن! ئەی ئەم گشتە بەند و ئەشکەنجە و شاربەدەریەت بۆ بە سەر هاتووە؟ لە بەر خاتری تۆ ئەوە ناردم چەند کەس پیاوی ئەم دڕگە و پاسگە بێن، با بزانین ئەوان چۆنت دەناسن!

لە ژوورەکانی دیکەوە دەنگی سرت و خورت دێ. پیاوەکانی دیکەی پاسگە گرتووەکان دەدوێنن. ئەم ژوور و ئەو ژووریان پێ دەکەن. دەوسێیان بۆ پیک دێنن. گەڵێ جار دەنگی جنێودان، جاروبار دەنگی هەڕەشە و گوڕەشەی پیاوی پاسگە، بڕێ جار هات و هاواری خەڵک بەرز دەبێتەوە. هێشتا تاقە و لۆقە گرتوو لە نێو شارەوە دێنن. بێدەنگی باڵ وەسەر ژووردا دەکێشێ. هەمیسان لە سەر کورسێ کە دادەنیشمەوە. لە پاش ماوەیەک میرزای پاسگە و چوار پێنج کەس وەژوور دەکەون. سوڵتان ئەمانەش دەباتە ژووری پشت مێزەکە. دەرکی ئەو دیو دادەخات. چوار پێنج دەقە زیاتر ناخایەنێت، دەگەڕێنەوە بۆم دیو.

پیاوەکانی سوڵتان دەڕۆن. بە ئاشیرەی سوڵتان میرزاکەی دەوسێی من دەردێنێ و دەیداتە دەست سوڵتان. سوڵتان چاوێک بە لاپەڕەکانی دەوسیەدا دەخشێنێ. لێوی دەجووڵێتەوە. وا دیارە خوێندەوارە! نایب بێسەواد و نەخوێندەوار بوو، بە حاڵە حاڵ ئەلف و بێی لێک دەکردەوە! سوڵتان بڕێک لەم پەڕ و ئەوپەڕی دەخوێنێتەوە. جاروبار سەر رادەوەشێنێ و هاها و ئەهها و هووم هوومێک لە زاری دێتە دەرێ. زۆری پێ ناچێ زەنگ لێدەدا و دوو چەکدار دێنە ژوورێ. شتێک لە سەر لاپەڕەیەک

دەنووسێ.دەنگی دەخاتە نێوان لوت و مەلاشوویەوە، دەبۆلێنێ: بیبەن بۆ بەندەکانی خوارێ. چەکدار ئەم لاولام دەگرن و وەپێشم ئەدەن. دەچینە حەسارێ. بە پلیکاندا دەڕۆینە خوار. دەچینە حەسارێکی دیکە. ئەم حەسارە قووڵە دەوراندەوری بەندە. لەم حەسارەدا دەنگی نێو بەندەکان دێتە گوێم. لە بەندێکی نێوەڕاست حەسارەکەم دەهاون. بەندێکی نیوە تاریک، بیچکە و تەڕەشۆ دارە. کەسی تێدا نیە. جگە لە زیلۆیەک و دوو پەتوو چی دی وەبەر چاو نایە. لەگەڵکوو دوو جار ئەم سەر و ئەو سەری بەند دەکەم، دەرکی بەند لە پشتەوە دادەخەن. ژوور تاریکتر دادەگەڕێ. کات وسات دەبێ عەسرێکی درەنگ بێت. لەوانەیە دوو سەعاتی پتر رۆژ نەمابێ. هەوای ژوور گەرم و کپە. هەناسەکێشان ناخۆشە. ئارەقە ئازای ئەندامی داگرتووم. بەچکە بۆق لە پشتەمل و سەرسنگ و مۆغەرەی پشتمدا رێژەیانە!

بۆنی ئارەقەی ترشاوی زیلۆ و پەتوو و ژێرباخەڵی خۆم ژوور پڕ دەکات. لە ناخدا هەر خۆم دەخۆمەوە. جینگڵ ئەدەم . بە دەستی خۆم، خۆم پێوە کردا خۆم بەستەوە، لە نێو شار بایەم زیاترم قسە و باس دەبیست! زۆرترم هەواڵ گیر دەکەوت. قەیدی ناکات. دیتنی ئێرەش پێویست بوو. دەبایە حەتمەن ئێرەشم بدیتبایە!ئەرێ هاتنە ئێرەم باش بوو. ئەوەی لە دەرێ قەوماوە بڕێکیم دیوە. بڕێکیم لێرە دیت و بیست، بەشی دوواهەمیشی کە لێرە چوومە دەرێ دەیبیستم. دەیجا ئێرە هاتنەکەم باشتر و بەکەڵکتر بووە.

بە نێو بەندەکەدا دێم و دەچم، بیر دەکەمەوە. پلەی خوێنم لە سەرێیە. دەمارەکانم توند و رەپ و گیراون! لەو سەری حەسارەوە دەنگێک دێتە گوێم. یەکێک بە پلیکانەکاندا دێننە خوارێ. یەکێک دەبەنە

سەرێ. دەرکی بەندێک دەکەنەوە، دەرکێکی دیکە دادەخەن.

دەرکی ئەم بەندەی من کەلێن و قەڵەشتێکی نیە جاروبار تەمەشایەکی دەرێ بکەم! زۆر لە سەر دەرگاکەوە دەلاقەیەکی بیچکە وەبەر چاو دێت، بەڵام ناگەمە ئەو حاندە. چی واش نیە بیهاومە ژێر لاقەکانم. لە حەسارێوە دەنگی سرت و خورت دێ. چەکدار بەندی دەبەنە سەرێ. دەنگی لاقەکانیان دێت کە لە پلیکانەکان سەر دەکەون. دەنگی هات و هاواری گرتوویەک و بە دووای ئەودا جوێن و نەڕەی بەرزی چەکدار دێتە گوێم. کرانەوە و پێوەدانی دەرکی بەندێک بێدەنگییەکی پڕ مەترسی پیاو دەخاتە خەیاڵاتەوە. ئەوا بێدەنگی شکا. سرت و خورتێکی هێدی دەگاتە گوێم. دەچمە پشت دەرکێ. گوێ بە دەرکەوە دەنێم و هەست رادەگرم!

دوو کەس لە حەسارێدا لە سەرەخۆ دێن و دەچن و قسان دەکەن. کەڕەتی وایە لە دەرکی بەندەکەی من دوور دەکەون و دەنگیان ناگاتە گوێم، کەڕەتی واشە لە دەرکی بەندەکەم نزیکن و دەنگیان دەبیستم. پیاوی پاسگەن. باسی خەڵکی نێو شار و رووداوەکانی ئەمڕۆ دەکەن. گوێم لێیە نێوی حاجی رەزاز دێنن، نێوی سام و ساراشم دێتە گوێ. ئەوا دیسان دوور کەوتنەوە، لزگەی قسەکانیانم لێ پساوە. دەبێ کاریان بەم نێوانە چ بێ؟ وا دیسانەکەش گەڕانەوە نزیک. باسەکەیان گۆڕیوە. لە نزیک دیرگای ژوورەکەی من راوێستاون. دەنگیان جوان دەگاتە گوێم. قسەکانیان باش دەبیسم. باسێکی ئەوتۆ نیە! بگرە شیاوی گێڕانەوەش نەبێت. باسی ئەم و ئەو، باسی نایب و سوڵتان. قەرار و بریە بۆ شەوێک کۆبوونەوە. باسی دەوڵەمەندی گیراو و نەگیراوی دڕگە! ئەرێ.... دادەی!... جوان گوێ بگرە دەنگێکیان زۆر ناسیاوە!... نابێ نەیناسم. جارێ نۆرە قسەی ئەونیە. ئەم

دەنگەیان ناناسم. با نۆرەی ئەوی دیکە بێتەوە.... ئەگین خودا بکا، دەقەیەک دووان لە سەریەک قسە بکات زۆر باش دەیناسمەوە. وا نۆرەی هاتەوە.... قسە دەکات... ئاخ.... تف لە رووت! ناسیمەوە تف لەم سەر و تەرح و ریختە گلاوەت.... یانی تۆ بەکرێ گیراو و چڵکاو خۆری پاسگەی؟ دەک بە نەحلەت بی پیاوی خوێڕی. ئەرێ.... نۆرە قسەیەتی....خۆیەتی، دەستی لەگەڵ ئێرە تێکەڵە. تف لەم لەشە بۆگەنەت. وا دیسان دوور کەوتنەوە. ئەوا لێم حاڵی بووا.... هەرکەسی تازەیان دەهێنا، رای دەکردە نێو هەوەڵ بەندەکەی بەرەو رووی پلیکانەکان. گیراوەکەیان ماوەیەک لە حەسارێ ماتل دەکرد. لەم ماوەیەدا حەتمینە ئەویش لە ژوورەکەیەوە، لە کون و کەلێنێکەوە سەیر و سەرنجی داوە. لە پاشان کابرایان کردۆتە بەندەوە، ئەویش هاتۆتە دەرێ و چۆتە دەفتەر و ناساندوویەتی، راپۆرتی لە سەر داوە. ئەگین نەشی ناسێ هیچ!

تف لە چاو و رووت. وا دیارە رۆیشتبێتن. هەمیسان دەنگی جووتێک پێ دێت. نزیک دەبێتەوە. لە پشت دەرکی بەندەکەی من رادەوەستێ. خەریکە دەرکێ دەکاتەوە. وا دەرکی کردەوە. چاوم بە یەکێ لە پیاوەکانی پاسگە دەکەوێ: کاکۆ سامرەند دەمان بووری! خۆ ئەم سەرۆکە تازە کەس ناناسێ، کاکۆ سامرەند رزگاری دەتوانی برۆیتەوە. شەرمەزارین دەمانبووری!

لە وەڵامی دا چ ناڵێم. بزەی گاڵتە پێکردن و گاڵتە کردن لە سەر لێوەکانم قوت دەبێتەوە. بە شێنەیی بەرەو پلیکانەکان و حەساری سەرێ دەچم و لەوێشەوە خۆم دەهاومە گەرووی داپچڕاوی شەقامەوە. ئامێز یان گەرووی داپچڕاوی شەقام؟

گاڵتەیەکی کۆن و لە مێژینە. چاوپێک کەوتن و دیوناس بوونی

سەرۆکی تازەی پاسگە لەگەڵ خەڵکی ناوچە! لە پاسگە دوور دەکەومەوە. خۆر بە دەرەوە نیە. بانگی شێوانێکی درەنگ. شەقام چۆل و هۆل. وەندەی چاو دەگێڕم دووراو دوور، تاقە تاقە یەکێک وەبەر چاو دێ. هێور هێور و هێنی هێنی بەرەو ماڵ چوونەوە. دەڵێی مۆخم لە سەردا نەماوە. بیرێکی روون و ئاشکرا بە مێشکمدا نایەت.

بیرەوەری و فیکر و خەیالاّت زوو زوو دێن و دەڕۆن و دەپسێنەوە. ئەم رووداوەی ئـەمڕۆش، زۆر چـەلانی دیکـەش رۆژی وام دیـوە! دووپـات بوونەوەیەک. ئاخ چەنێک ماندووم؟ نێو هەرتک شانم، پشتە سەر و ملم چەندە دێشێ؟ ئای بۆ سەرخەوێک! سەرخەوێک تـەواوی دونـیا دێـنێ. هەنگاو بە هەنگاو لە ماڵێ نزیک دەبمەوە. لاکەی سەرم دێ. ژانی پشتە سەرم گەیشتۆتە نێو چاوانم. وەڕەزی و ماندوویی و ژانەسەریش دووپات بوونەوەیەکی کۆنە. هەر رووالەتەکان دەگـۆڕدرێن، دەنـا هـەموو شـتێک دووپات بوونەوەیە. دەرکی حەوشەی ماڵ لە سەر گازی پشت کراوەتەوە. پـیاوی پـاسگە بــە پـێ لەقە شکـاندوویانە . دەچـمە دیـوی حـەسار و سەرنجێکی ئەدەم. ساخ کردنەوەی کـاری دارتـاشە. کـاری مـن و کـاری ئەمشەو نیە. با بمێنێ بـۆ سـبەینێ. بـۆ مـن لەم کـاتەدا لە هـەموو شـتێک پێویستتر سەرخەو شکاندنێکە. چاو گەرم کردنێک. دەڕۆمە ژووری و لە سەر تەختی عەرزی درێژ دەبم. عەرزی ژووری گەرم و نێو ژوور گەرم و باڵنج گەرم! ئەی کەڕراکەی سەرم چی؟ لەشم؟ مۆخم؟ ئەوان چی؟ ئەمانە گەرم نین! داغ داغن!! قاڵ و برژاو و کولاّتوو! پەردە سوورەکەی پەنجێرەکە دەشەکێتەوە. دەبێ شنەی شەوانە بزووتبێ. خۆ پەردەکە لەمەوبەر سوور نەبوو! سپی بوو. ئەی بۆچ ئێستا سوورە؟ رەنگە ئاوری گرتبێ. نانا ئاوری نەگرتووە. دەبێ لە گەرمانە سـوور داگـەڕابـێ. ئـەرێ شـنەی شـەوانـەی

زەریایە، بە نێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ. ئاوی زەریاش شەپۆل شەپۆل بەرەو لێوارە دێن. ئۆخەیش پریشکەی ئاوی ئەم شەپۆلانە چەنێک فێنک و خۆشن! شەپۆلی نیل و سپی، بە رۆخی زەریادا دەکشێن. شەپۆل بە شوێن شەپۆلدا دێ و شەپۆل بە سەر شەپۆلدا دەڕژێ. هەموو پریشکە شەپۆلەکان بە سەر و گوێلاکی مندا دەپرژێن. ئۆخەی چەنێک خۆشە. پەردەکە وەک ئاسمان، وەک زەریا، نیل دەنوێنێ. نیل جوانترە! بریا هەموو شتێ نیل بووایە. ژانی سەرم هێدی بۆتەوە، کەمێکیش دەسووڕێ و دەخولێتەوە. نیسکۆڵەیەک لاکەی دێ. وەیش لە ژانی چاوەکانم. ئەم گشتە بیبارەیان بۆ چ تێ ڕژاوە؟ چاوەکانم دەربەڕیون! سوور و لێڵ.

ئەم تەم و مژە رەشە لەکوێوە هات و ژوورەکەی ئاخنی. ژوور رەش رەش و تاریک تاریک. تەقە لە کولانەوە دێ. تەق تەق سەگوەڕە. سەگوەڕ! حەپ حەپ دەڵێ ئەم کابرایە هەستی مەترسی دەکا. لە نێو ئاوەکەوە.... هۆۆۆ.... هەرا لە من دەکات. تەڕ تەڕ... لە کۆڵانەوە هەرام لێ دەکا: مەهێڵە، هۆۆۆە وشیار بە... سەگ و رێوی و پشیلە.... رێوی و سەگ و پشیلە. مەل نەما، ماسی نەما، هەموو هێلکە قاز و قورینگ و بۆرچین و سەرسەوز... خورا، خورا. مەجید شان بە شانم دێ. دەچینە نێو دارستانەکەی نێوان هەرتک رووبارەکە. چارشێوی شین. رووبار و دارستان و ئاسمان بە چارشێوی شینەوە. مەجید چاو بگێرە.... هێلکە بۆرچین، سەرسەوز ئەداتەوە. دەخاتەوە.... هەڵدەهێنێ. هێلکەکان بدۆزەوە! دەیان خەینە ژێر مامرەکانی خۆمانەوە. مامرەکان لە سەر ئەم هێلکانە دەخەون. هەڵی دێنن.

دەیان کەینە ماڵی... دەبنە هاوەڵمان. بۆرچین و مامر دەکەینە هاوەڵ.

خۆشمان خاوەنیان دەبین. ئەی خودا لە بەرت مرم. دوو هێلانە. لە ژێر ئەم دار چاڵووکانەی شانی گاشەبەردەکە. ئەمە سێ هێلکە! ئەوەش سێ هیلکە. هەر هێلانەی سێ. مەجییید! مەجییید... دیمەوە. دیمەوە.... وەرە. تەمەشاکە تەمەشا... هێلکە، هێلکە، هێلکە. دەڵێی چی؟ بڵیند! هێلکە بۆرچین نین؟ نین، نین، نین. رەنگیان رەنگیان ناشیرنە؟ چش ... چش! وردن؟ بۆرن؟ زۆر فوو لە دۆ مەکە ! تۆ ناتەوێ؟ خۆم هەڵیان دەگرم. هێلکەکان دەخەمە دووگیرفانی ئەم لاولای کەواکەم. دوگمەکانی دەکەمەوە با هێلکەکان نەشکێن. لەگەڵ مەجید بەرەو ماڵ دەبینەوە. باسی مەدرەسە. گۆرانی مریەم مریەم. دەنگمان خۆشە. گۆرانی خۆش. ئاخ ئەم هێلکانە زوو دەبوونە سەرسەوز و بۆرچین. بەرەو شار دەگەڕێینەوە. شەش دانە بۆرچین‌مان دەبێ هۆگری ماڵی خۆمانیان دەکەین. لە حەوشە تەشتێکی پڕ لە ئاویان بۆ دادەنێین! ئەوە لە کوێڕا گەیشتینە کۆڵانەکانی شار؟ کەنگێ ئەم هەموو شەقام و کۆڵانەمان بڕی؟ لە پڕ مەجید هەڵدەبەزێتەوە، لێم دوور دەکەوێتەوە. مەجید هەرام دەکاتێ: سامڕەند، وشیار، وشیار. مار، مار، مار پێتەوە نەدات! شایکە ئەم هەموو مارە لە گیرفانەکانت دێنە دەرێ. وشیار بە! مار بە سەر سنگتدا هەڵدەگەڕێ. سامڕەند.....هەستە... مار، هەستە دەنگی مەجید هەر دێت و بەرز دەبێتەوە. جاروباریش لە شانم دەکوتێ: هەستە. هەستە....درەنگە.... درەنگانە هەستە. لە سەر شانم دەکوتێ: هەستە، هەستە. لە نەکاو لەترێ ئەدەم، وەک ئەوەی خەریک بێت لە قووڵکێک کەوم! رادەچڵەکێم.

لە ژوورێکی تاریک و تنۆکدا لە خەو رادەپەڕم. کەسێک هەرام لێ دەکا: هەستە، هەستە! بە دەنگی دا دەیناسمەوە حەموودە! بەیانی زوو لە سەر زەریا تووشی هاتم. پێی کوتم شەوێ شێو پێکەوە دەخۆین. لە سەر

عەرزەکەوە، هەروا کە راکشاوم: کلیل لە شانی راستی دیرگاکەیە. کلیلەکە لێ دە با ژوورەکە رووناک بێ! ئەوا زوور رووناک بوو. گوڵۆپە کارەباکە هەڵبووە. هەڵدەستمە سەرپێ. حەموود سلاو و هەواڵپرسی دەکا. حەموود، حەموود دەست لە هیچ مەدە. وەرە دانیشە. دەیهەوێ بچێتە پێشخانە و خەریکی شێو ساز کردن و سەماوەر هەڵکردن بێت!

دەچمە پێشێ. قۆڵی دەگرم و بە سەریدا دەنەڕێنم: دەست لە هیچ مەدە، هیچم لێ گلاو مەکە! قۆڵی دەکێشم و دەیبەمە سەرووی ژوورەکە دایدەنیشێنم. هەمیسان دەگوڕێنم: تۆ کێی حەموود؟ کێی و چ کارەی؟ چیت لەگیانی من دەوێ؟ بۆچ دایم و دەرهەم هەر بە شوێن منەوەی؟ بۆچ بوویەتە مۆتەی سەر سنگم؟چت لێم دەوێ؟ چی؟ چی؟

چۆک بە چۆکیەوە دادەنیشم. قۆڵێکی بە پەنجەی راستم دەگرم و رایدەوەشێنم: تۆ کێی؟ پێم بڵێ چ کارەی؟ راستم پێ نەڵێی هەر ئێستاکە لەم ژوورەدا دەتخنکێنم. دەتگوژم! لەشە سارد و گلاوەکەت دەهاومە تەلیسێکەوە. پڕی دەکەم لە بەرد و دەیهاومە نێو زەریاوە. وات دەگوژم کەس پێ نەزانێ. کێت هەیە بڵێت حەموود کوا؟ حەموود چی لێ هات؟ لە کوێیە؟ راستم پێ بڵێ مارز. مارزی مارز باب. هانێ دەی ئەوە قۆڵیشم بەردای. دەبڵێ بزانم تۆ بۆچی بە پێ و شوێنی منەوەی . کێ فێرت دەکا؟ کێ تۆی کردۆتە قاسیدی سەری من؟ چاوەکانی پڕ لە مەترسین. سپیایی رەشایی راوەناوە. رەنگ بە روخساریەوە نەماوە. چاوەکانی سپی داگەڕاون! بە مەترسی و پاڕانەوەوە دەڵێ: کاکۆ سامڕەند چ بووە؟ چ قەوماوە؟ کوڕە خۆ من و تۆ برا بووین! نان و نەمەکی یەکدیمان کردووە. کاکۆ گیان بەدخوای من لە لای تۆ چی‌یان گوتووە؟ چیت بیستووە؟ بڕوا مەکە. بە

قسەی شەیتان و شۆفارم لەگەڵ مەکە. بە قسەی جومعە شەیتانم لەگەڵ مەکە. بە قسەی هاوڕێ و جاسم مەکە. ئەمانە خوێڕیە پیاون....

ژان و ئێش دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە دڵمەوە. هەموو لەشم ئارەقەیەکی سارد ئەدەڵێنێ. ڕەش دادەگەڕێم! دڵم ڕەش دادەگەڕێ. بە تەواوی هێز و توانای خۆم دوو زللەی ڕاست و چەپ لە ڕوومەتە ڕەش و پڕ چرچ و لۆچەکەی رادەکێشم. پشتە دەستێکی توندیش بە دەمی دا دەکوتم. جێگەی قامکەکانم بە گۆناکانیەوە شەقڵ دەگرن. خوێن بە لالێوی دا بۆ چەناگەی شۆڕاوگە دەبەستێ. ددانێکی دەکەوێتە سەر زیلۆکە. بە هەموو قەوەتی خۆم بە سەریدا دەنەڕێنم: بۆچ پێت وایە گەوجم، نەفامم، منالم. سووالکەر، خوێڕی، خۆفرۆش. من ئەمڕۆ لەکاتی تەقە و ڕاکردنی خەڵک و بگرە و بەردەکەدا، تۆم لە سەر شەقامی (جوردەن) لەگەڵ پیاوی پاسگەدا دی! ئاورم بۆت تێبەر بوو، چونکە وامزانی گیراوی. بۆ یارمەتی و ڕزگارکردنی تۆ خۆم خستە داوی پیاوی پاسگە. لە پاسگە بۆ دۆزینەوەی تۆ هەڵلا و هاوارم ساز کرد. بەند بە بەند لە تۆ گەڕام و لە سەر تۆ خۆم تووشی بەند کرد. کە چی لە بەندەکەدا دەنگی تۆم لە حەوشی خوارەوەی پاسگەدەهاتە گوێ کە لەگەڵ پیاوێکی پاسگەدا دەهاتی و دەچووی. شەیتانی و شۆفاری خەڵکی دەرگەت دەکرد. لە پاشانیش لە پشت دەرکی بەندێکەوە، گرتووەکانت بە پیاوی پاسگە دەناساند. هاوکاری پاسگەت دەکرد. ناپیاوی خۆیڕی! هێشتێ پێت وایە نازانم کێی و خەریکی چی؟! چاوم لێیە رادەچڵەکێ. هەمووگیانی شل دەبێتەوە. بە سەر زیلۆکەدا وەک هەوری خیزەرە دەکا و هەناسە بە شوێن هەناسەدا هەڵدەکێشێ و سەر دادەخات.

دەبەشۆکێ. زوو زوو لە راست و چەپ و لە من دەڕوانێ. سەردادەخا و سەر هەڵدێنێتەوە. وەک تاوانبارێک نیگای پڕە لە شەرمەزاری و مەترسی. لە پڕ هەڵدێ و دەچێتە حەوشە. لە لای شێری ئاوەکە دادەنیشێ. سەر و گوێلاکی دەشوات. خوێنی لالێو و چڕ و چەنەی دەشواتەوە. گۆرەوی دادەکەنێ و گۆرەوی و لاقەکانی دەشوات. سەری دەگرێتە ژێر ئاوی شێرەکە و خۆی فێنک دەکاتەوە. هەڵدەستێتەوە. بە سەر و گوێلاکی تەڕەوە دێتە ژوورێ. تاکوونێ بگەڕێتەوە، سەماوەرم هەڵکردووە. کەوڵی نانم راخستووە. پیالەیێ ماست و پیالەیێ پەنیر و چەند خەیار و تەماتەم لە سەر کەوڵ داناوە.

دێتە ژوورێ. بە دزە دزە، بە شەرمەوە، بە خۆفەوە لێم دەڕوانێ. هەڵم‌دەسەنگێنێ تا بزانێ لە چۆن حاڵێکدام! لە سەرە خوەمْ یان تووڕەم؟ بەڵام من چی؟ لە پاش زللە لێدانەکە لە خۆم بێزراوم! لە کردەوەی خۆم پەشیمان و لە ئاکاری خۆم خەریکم بڕشێمەوە و پەرۆش بکەم. ئاخ بەشەر چەندە پیسە و من لە هەموو کەس پیسترم. لە خۆبایی و خۆ پێ گەورەم! خۆم پێ پیاوچاک و پاڵەوانە.!!!

ئاخە لەگەڵ تۆمە خوێڕی! سامڕەندی لە هەموو کەس گڵاوتر و خوێڕی‌تر، بێ دەسەڵات و پەست و نائینسان‌تر! ئاخە پیرە پیاوێکی خوێڕی و سواڵکەری ئاوا بۆوە دەبێ تۆ بە دەمی دابکێشی؟ لێی دەی؟ بی‌کوتی؟! توانایی و پاڵەوانی خۆت بە سەر کێ دا دەنوێنی؟ ئەگین وەندە ئازای بۆچ قەت بە دەمی نایبتدا نەکێشا؟ بۆچ بە دەمی سوڵتاندا ناکێشی؟ بۆچی؟ بۆۆۆۆ.... خوڵکی دەکەم دانیشێ و شێو بخوات. بە مەترسی و شەرمەزاریەوە دەڵێ: دەڕۆم، ئیزنم بدە بڕۆم. قۆڵی دەگرم و دەیبەمە سەر کەوڵەکە دایدەنیشێنم. چا شیرنێکی بۆ ساز دەکەم و لە بەر دەستی دادەنێم.

دەست دەکا بە خواردن. بەرە بەرە شەرم و ترس لە رووواڵەتیدا نامێنێ. چەشنی سەگی برسی بە هەڵەداوان پارووی گەورە دادەگرێ و لە گەرووی رۆ دەکا. چەلی وایە دێت شتێک بڵێ. سەرێک هەڵدێنێ و چاو لە چاوم دەکا. بەڵام رووی نادەمێ چ بڵێ. دەستم بۆ نان خواردن ناچێ. زۆرم برسی‌یە، بەڵام لەگەڵ ئەم کابرایە پاروویەکیش بە گەروومدا ناچێتە خوار. هەر کا دەست لە خواردن دەکێشێتەوە سێ چای لەبەر دەم دادەنێم. چایەکان دەخوات و سەر و دەستی بەرەو بن میچ هەڵدەهێنێ: خوایە شوکر.

چ دی خۆی تێ ناگەیەنم. سەر بە سەر کتێبێک دادەگرم. دێت و لە بەرامبەرمدا دادەنیشێ. سەر هەڵدێنێ و دایدەخاتەوە. نە جارێک و دووان! چەند جاران تەمەشام دەکا و سەر دادەخات.

ورده ورده لە ژێر لێوڕا دێتە قسە کردن: خوا غەزەب لە سک گرێت! هەوەڵ تاکوو ئاخر ئەوی پێی کردم سک پێی کردم. برسێتی، بێ پووڵ و پارەیی. بێ نان و ئاوی، بێکاری و دەستەوەستانی پێی دەکردم....

دەپەڕمە نێو قسەکەی: درۆ بۆ دەکەی؟ ئەوە ساڵە وەختێکە من دەتناسم، بەم ماسی فرۆشتنە بەڕێ دەچی. خەڵک دەستت دەگرن. ئاگایان لێتە. ئەو شەوە بە قسەکانتدا وا دەردەکەوت کار و کاسبیت بووە، ژن و ماڵت بووە. ئەی کوا ئەم قسانە و ئەو قسانەت کوجا مەرحەبا! وەرە تۆ ئەو شەرەف و ناموسەی کە نیتە! لە تەمەنی خۆتدا تاقە جارێک، ئەویش ئەمشەو دوو قسەی راست بکە! ئەوەندەم پێ بڵێ بزانم بۆچ بە شوێن منەوەی؟! کێ فێری کردووی؟ چیان لە من دەوێ؟....

لە سەر و گوێلاکم دەڕوانێ! تێک چووە. تەک چەندە ناحەز و رەزا

گران دێتە بەر چاوم! زۆرم پێ سەیرە چۆن لە مەوبەر ئاوام نەدیوە؟ ئێستاکە بێجگە لە تف پێداکردن، شیاوی چی دی نیە!

دیسانەکە لە ژێر چاوڕا تێم دەڕوانێ و خۆی شەرمەزار دەنوێنێ! بەڵام لە لام روونە درۆ دەکات. کەوتۆتە جووڵە جووڵ. لە نەکاو دەم دەکاتەوە: ئێرەیی نیم . خەڵکی شارێکی دیکەم. ژن و منالم بوو. کار و ئیشم بوو. بەڵا لە ئاسمانەوە هاتەخوار و دەرکی پێ گرتم. نەهات سواری شانم بوو. بە سەری پیری لەگەڵ بیوەژنێکدا دڵمان گۆڕیەوە. ئاشقم بوو، منیشی ئاشقی خۆی کردا لەو دووایيانەدا ژنەکەی خۆشم لەگەڵم نەدەحاواوە. دایمە شەڕ و کێشەمان بوو. لە ماڵ و منالی خۆم بێزار بووم. بێوەژنەکەم هەڵگرت. رامان کرد و هاتینە ئەم دڕگەیە. دەڵێن نەهات باشە، قۆرتی خراپە! ئەمە لە منی روودا. لەم دڕگەیەشدا بێوەژنە پاش سێ چوار مانگ لێم بێزرا. هەموو رۆژێک دەبووە شەڕمان. دراوسێ بە سەردا ئەڕژان! نێو بژی‌یان ئەکردین. ئاشت ئەبووینەوە. بەڵام دووای سێ چوار رۆژان هەمیسان پەڵپ و بیانووی خانم دەسی پێ ئەکردەوە. سەرت نەئێشێنم، لەم دڕگەیا شەش مانگ لە تەکما دانیشت. لە پاشان سەری خۆی هەڵگرت و بەڵکەم لە تەک مل ئەستوورێکدا رای کرد و رۆیشت.

ئەمجا من مامەوە، تەنیا، بێ دڵ و دەماخ، بەد نێو. لەبەر چاوی خەڵک سووک و چرووک. سەر دەمایەک بوومە دز، درۆزن، خەلاف. هاوەڵ کوڕگەل و پیاوگەل خوێری و ناچیزە. ئێژن دووگا لە تێولەیەکا بن، لە سەر ئاخوڕێکا بلەوەڕێن، یان رەنگی یەک ئەگرن یان خووی یەک! برا ئەمە نەقڵ و بەسەرهات منە. ئەمە وەسەر من هات!

رەنگ و خووی ئەو هاوەڵە خەلافانەم گرت. دەسم کردە خواردن و کێشان. ئەرەق و ئەلەف و ئەلکول و دوود. زیندان چووم. نەخۆش کەفتم.

تەنیا مام. یەک جار لە زیندان ئەهاتەە دەر. رەئیس زیندان وەت باس و هەواڵ ئەم خەلافانەی بۆ بەرم - باس و هەواڵ تریاک فرۆش، حەشیش و هیرۆین فرۆش - چاوی بە سەرمەوە ئەبێت! یەک را دە مانگ بەر لە ئێستا پیاوێک لە پاسگە خواستمیە ئۆتاغەکەی نایب. پێی وتم: قسە و باس سامرەندم بۆ بێنە، فرە پارەت ئەدەمێ. وەت بزانە لەتەک کێدا هەڵئەستێ، دائەنیشێ. رەفت و ئامەد ئەکا. بزانە چ ئەڵێن؟ باس و خواس چ ئەکەن؟

بێدەنگ دەبێ. سەری دادەخات. لێی دەپرسم: چەند جاران باس و هەواڵی منت بۆ بردوون؟ زۆر، فرە. بیست سی کەرەت. هەر وەک دانیشتووە، دیسان سەربەر دەداتەوە.

منیش لە حاندی ئەودا دائەنیشم و سەرم بەرز دەکەمەوە. دوو کەس، دوو غەوارە، دوو دوژمن! لەبەرامبەر یەکدا جگەرە دەکێشن و لە زەریای بیرەوەری و خەیاڵاتی خۆیاندا خول دەخۆن. دووکەڵی جگەرە ژووری ئاخنیوە. جگەرە بە جگەرە هەڵدەکەین. پرسیاری لێ دەکەم:

سەبارەت بە من دەڵێن چی؟ چۆنم باس دەکەن؟ چییان لە من دەوێت؟

وەجواب دێت: دوژمن ولاتی! دین دوژمنی! پیلان ئەگێڕی. ئاژاوە ئەنێیتەوە. کوڕ و منال خەڵک بە فریو ئەبەیت و دوچار بەند و کوشتنیان ئەکەی. پیاو دەوڵەت ئەیانەوێ بەرت بگرن. نەهێڵن دەست بڕوا خەراپە بکەی.

خۆت دەڵێی چی حەموود؟ ئەم قسانە راستن؟ من بەد و خەلافم؟

دەم دەکاتەوە! سیاسی هەی! دەوڵەتت ناوێ. چەشنی خەڵکی تر نیت....

ئاخێک نێو سنگم پڕ دەکات. ژان دڵ و دەروونم دادەگرێ. ئێشێ کی چنگن جەرگ و دڵم شیتاڵ شیتاڵ دەکات. لە وانەیە دڵم لە کوتە کوت بکەوێ!

قۆڵی دەگرم. هەڵی دەستێنم و دەڵێم: سەرچاوم، بڕۆ نەت بینمەوە. وەدووم کەوی وات دەگوژم کەس پێ نەزانێ. وات حەشار ئەدەم کەس نەت دۆزێتەوە، بڕۆ. تفێکی بەڵغەماوی بە شوێنی دا حەوا ئەدەم!

تفێکیش لە تۆ، ئەرێ لە تۆ کاک سامڕەند موکری. ڕەنگە واقت وڕ مابێ، ڕەنگە پرسیارم لێ بکەی بۆ چی؟ بۆ چی و لە سەر چی؟..... لە سەر ئەوەی وەک سووالکەری مەکە و مەدینە دەستی دۆستایەتی و خۆشەویستی بۆ لای هەموو کەسێ درێژ دەکەی. لە سەر ئەوەی پێت وایە ئەگین بڕێک تێ فکری و خەڵک هەڵسەنگێنی، ئەوسا دۆست و دیوناس بگری، ماڵت کاول دەبێ! سامڕەندە گێژ و وێژەکە، دۆستی ئازیز! لە تۆ زۆر شوورەیی یە هاوەڵێکت، ئاوەها وەک حەموود بە خوێڕی و شۆفار دەرچێ.

پۆلی هاوەڵانت ئەمە لە تۆ خۆش نابن. لێت نابوورن. کاکەگیان تا کەنگێ هەر کەس هەژار و دەستەوەستان هاتەبەر چاوت، پیاو چاک و خۆشەویستە و دەیکەی بە هاوەڵ و هاوڕێ.

تۆ ئەمڕۆ نەخۆش نەبووی. ژانەسەرت نەبوو. ئەی بۆچ لەگەڵکوو لە بەندەکەی پاسگەدا ئەم خوێڕی یەت بە دەنگ ناسیەوە، ئاوەهات بەسەرهات. کێ تاوانبارە؟

کاکی برا هەر خۆت تاوانباری. خۆت بە خۆتی دەکەی! مریشک بۆ

خۆی خۆڵ بە سەر خۆیدا نەکا، کەس خۆڵی بە سەردا ناکات. دەسا تاکەی وەشوێن ئەم دڵە ماڵ وێرانە دەکەوی؟ دە ئیدی بەسە. دەس بەردار بە و دەست هەڵگرە. ئەگین عەیام و سەردەمایەک دەتگوت: ئەمانە وەکۆ دەکەمەوە بۆ رۆژی خۆی، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ جنۆکە و دێوەزمە، دەیجا خۆ ئێستا ئەم بڕیار و بڕوایە ئاڵ وگۆڕی بە سەرداهاتووە! دەی ئیدی بەسە. کەم سوواڵکەری هاوەڵگرتن و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو کەس بە!

لە پڕ رادەچڵەکم. ئەوە خۆمم خۆم دەشکێنمەوە! لە خۆم دەکۆڵمەوە! خۆم دەخۆمەوە! دە بناڵە دڵ بناڵە. دڵە کەیل وکولۆڵەکەی من بناڵە. تۆ دەبێ بناڵی. تۆ دەبێ سزا بدرێی! تۆ دەبێ تاوان بدەیتەوە. تاوانی تۆ خۆش ویستن و ئەوینداریيە. با نەخەڵەتابای و هەموو کەست خۆش نەویستبایە! بەزەییت بە هەموو کەسدا نەهاتبایە. دەبا وەک زۆر کەس دڵت لە بەرد بایە. دەبا لە جیاتی خوێن، خوێنی گەرم وگوڕ و هەڵماوی ئەوین و خۆشەویستی، دڵت بەتاڵ و حەتاڵ بایە. ئاوی تێدا بایە. دەبا دڵە ماڵ کاولەکەت لە بری مەیلی برایەتی ئەقڵی تێدابایە. دە بناڵە دەی بناڵە. هەر چەندە دەزانم لە مەو دوواش هەر چەشنی رابردوو شێت وگەوج و لەوج و ئەویندار دەبی!

پتر لە سێ سەعاتە حەموود وەدەر کەوتووە! کە چی من چەشنی گەڵایەکی وەریو، لە گوێنی بابردەڵەیەک بێ‌هەست و خوست لە سەر ئەم زیلۆیە دێم و دەچم، دادەنیشم، رادەکشێم، تل دەخۆم و هەمیسان.... لە ناخیشدا وەک شارە هەنگێک پڕ لە زەنا زەنام. پڕ لە ناڵین و سکاڵام. دڵە بریندارەکەم گەرووی گرتووم. ئاخ و ئۆخی لێ چنیوم و خەریکە دەمخنکێنێ. جاری وایە بەشەری خوێڕی وەبەر جوێن و لۆمە ئەدەم، بڕێک جار خۆم تف و نەحلەت دەکەم. تەواوەتی ئەم بیرکردنەوانەش وەک

لە خەون دابێ، وەک لە مەستی دابێ، وام دێتە بەرچاو. بیرەوەری و بیرکردنەوەی ئاڵۆز بە زەینمدا دێن و دەچن. زۆر چاک بۆم ناکەونە سەریەک . هەودای بیر کردنەوەکەم خێرا خێرا دەپسێت.

جاروبار لە نێوان بیرەوەرییەکاندا خەو دەمبا و دەمرفێنێ. خەون دەبینم. لە خەونەکە رادەپەڕم. بێدەنگی و تاریک و تنۆکی، بێ خودی و لەسەرەخۆچوون بە سەر ناخ و مۆخ و دڵمدا زاڵ دەبن.

هەروا بێ خود دێم و دەڕۆم! کوت و مت دەکەومە بیرێکی قووڵەوە. بە بیرەکەدا سەرەو خوار دەڕۆمە خوار دەڕۆم، دەڕۆم. لە پڕ رادەچڵەکێم. لە بیرەکەوە حەوا ئەدرێمە دەرێ. وەنەوز بوو. خەونووچکە نوقمی خاک و خۆڵ و تۆز و تاریک و تنۆکی سەدان ساڵە رێ و شوێن و ماڵ و مەزلی دوور و درێژی داهاتوو و رابردووی کردبووم. چاو لە بن میچی ژوورەکە دەبڕم. سەدان و هەزارەها هەودای جاڵجاڵووکە بن میچەکەیان بە تان و پۆ داتەنیوە. زۆریشیان بەرەو خوارێ شۆڕ بوونەتەوە. قامکە درێژەکانیان بۆ گرتنی رێبواری ئەم هەردە بێ سامانە درێژ کردووە. لەم لاو ئەولاشەوە مێش و پەپوولە و زەردەواڵە لە نێو تان و پۆی جاڵجالووکەی راوچی دا قەتیسن! هەڵواسراون، گوژراون. تەرمێکی وشک نەبێ چیان لێ نەماوە. دیسانەکەش لەم لاولاوە ئەختاپوس بە باسکی زۆر درێژەوە، بە چاوی دادڕاوەوە، بە نینۆکی بۆر و باریک و تیژ و خێچ و خوارەوە، بە چاوی زەقی زەلامەوە دێنە بەرچاوم! خۆیان مات داوە. نێچیر بە دەستەوە، بەدەمەوە، نێچیر لە ژێردا خەریکی دڕین و بڕین و خواردنن. تێر خواردنیشیان نیە. دەشخۆن و چاویش دەگێڕن. خۆیان لە نێچیری دیکەش مات داوە! هەموو بن میچەکە بۆتە کۆلان و شەقامی بن گیراو. بۆتە زەریا و ئەقیانووس. هەر کەس تێ کەویت دەربازبوونی ئەستەمە. لە تان و پۆی ئەم تەنافە شەیتان و

تەڵەی جاڵجاڵووکە و ئەختاپووسە دا خۆشم دەبینمەوە. دەیان ئەختاپووس و جاڵجاڵووکە بە برایەتی و حاواوە لە سەر تەرمەکەم دەمیان لە گۆشت و خوێن دایە. خوێنی ڕەگ بە ڕەگم هەڵدەلووشن. گۆشتی ئازای ئەندامم دەپچڕن و هەموو ئێسکانەکانم دەکرووسێننەوە. وەیش لە ئێشی ڕەگی وشک و گۆشتی ریشاڵ ریشاڵ و ئێسکی کرووساوە. ئاخ لە ژانی ناخی ئەو کەسەی هەر پیش دەخواتەوە، هەر دیان بە سەر یەکدا دەساوێ. نا چ دی لەم ژوورەدا ناتوانم ئۆقرە بگرم! دەبێ دەرکەوم! دەبێ هەستم و بڕۆم. بڕۆم هاوەڵێ، دۆستێ بدۆزمەوە، سەرینێمە سەر شانی و لە قوڵپەی گریان دەم! هێدی و هێمن بگریم، بناڵێنم، وەک گۆزەی سەرەوخوار خوێن و ئەسرین ببارێنم. بەڵکەم برێکم بدوێنێ! بلاوێنێ! دڵخۆشیم داتەوە. سکاڵای بۆ بکەم. تاکوو ناخی زامدار و پڕ لە ئێش و وەرهەمم هەڵڕێژم! ئەی خودای بانی سەر هاوارچ بکەم! چ کردەن بم؟ ڕوو لە کوێ کەم؟ هانا بۆ کێ بەرم؟ هەر خۆت، خۆت، خۆت ئاخ لەم راچڵەکینە! لەم ژوورە کپ و کرە. دەبێ دەرکەوم. بۆ لای کێ بچم؟ هاوڕێ؟ نا ئەو منداڵ کارە! ڕووی یەک دەمانگرێ. دەچم بۆ لای جومعە. ئەو دنیادیدە و بە ئەزموونە. ئەی بۆچ ڕوو نەکەمە سام و سارا؟ خۆ قەولم دابوو. شەوێک لادەمە لایان. دەسا لەم شەو باشتر؟ لیباس دەگۆڕم و لە ژوورەوە بۆ حەسارێ و لەوێوە بۆ کۆڵان. هەور چۆکی لە سەر سنگی ئاسمان داکوتاوە. تەنانەت ئەستێرەیەک بە دەرەوە نیە. کۆڵان و شەقام چۆل و هۆلە. تاقە چەند لاپەڕە کاغەز بە دەست بایەکی بەدفەڕەوە یەخسیرن و ئامان لەرزانەیانە. بایەکە ئەم قوژبن و ئەو کونیان پێ دەکا. تازە وەبیرم دێتەوە! ئەمڕۆ بگرە و بەردە بوو، بۆیە کەس بە دەرەوە نیە. تەنانەت خۆشمیان بردە پاسگە و چەند سەعاتیان ڕاگرتم . بە خودای سام و ساراش دەرکیان داخستووە، بگرە هەر لەوێش نەبن. بگرە

گیرابێتن. لە بەندەکەی نێو پاسگەوە گوێم لێ بوو لە حەساری باسیان دەکردن! دەبێ بچم بۆ لای جومعە. جومعە گورگی باران دیدەیە، گەرمێن و کوێستانی دیوە. لە بەفر و باران و گوللە بارانیش دا لە خۆی تێک نادا. کاک جومعە خۆت بگرەو هاتم.

قەراخ دڕگە. هەوا نیسکوڵەیەک ڕووناکتر. کۆخە کۆن و لا ڕووخاوەکەی جومعە و گازەی من: هوو جومعە شەیتان! میوانت ناوێ؟ ئەوەش خۆی. لە کۆخ هاتە دەر و چوار پێنج هەنگاو بەرەو من. لاقەکانی شەقلی و پەقلی دەنووسن. دەک لە منت کەوێ کەوی کۆساری سەرخۆیی! قەت لە خۆی تێک نادا، با لە ئاسمانیشەوە بەرد بباری. سڵاوێکی عەشیرەتی، باوەش دەگرێتەوە. لە ئامێز گرتن و ڕامووسین. ڕاکێش ڕاکێش دەمباتە نێو ژوورەکەی.

* * *

وەرزی ئاگرباران وەگەڕاوە. هەمیسان ئاگر لە گیانی دڕگە و دانیشتووانی بەر بووە. هەر کا دووسێ سەعات لە خۆرهەڵات تێدەپەڕێ، دڕگە ئاگر دەگرێ. هەموو شتێ لەبەر چاوت سوور سوور دادەگەڕێ. هەموو شتێ لەبەر چاوت دەتوێتەوە! دەبێتە هەڵم. تەنانەت هەڵم و موخاری تووانەوەیان لە نێوان عەرز و ئاسمان و لە حەوادا بە چاو دەبینی.

کوردیکا @kurdica

خۆشت لە حاندی خۆت دەتوێیەوە. دەڕوانیە خۆت، لە سەر و گوێلاک و لەشی خۆت ورد دەبیەوە. بە چاوەکانت بڕوا ناکەی. جا چۆن؟ تۆ خودا ئەوە تۆی؟ کەمت کردووە! لە کزیت داوە. گنج و لۆچ نێو چاوان و روومەتیان داگرتووی. بەفری پیری لە سەر و ریش و سمێڵت نیشتووە. تەنانەت رەنگی رووالّەتت گۆڕدراوە. زەردێکی بۆرباوی چڵکن نسێی خستۆتە سەر روخسارت. دەڵێی عەمەلی و تریاکی و لێت بڕاوە، پێت نەگەیشتووە! لە ناخیشت دا هەستی پیری و ئیفتادەیی دەکەی. وزەی زۆر کارت نەماوە. کەم تاقەت و بێ دڵ و دەماخ بووی! ئیشتیای زۆر شت دەکەی و بۆت جێ‌بە جێ نابێ! ژیانی شاربەدەری، بێ توانایی و دەستەوەستانی و بێ دەسەلاتی تەنگی پێ هەڵچنیوی!

دەیان و سەدان خۆزیا و بریا و ئیشتیا و تاسە و تامەزرۆیی بە ناختدا دێ و هەر دەبنە وەرهەم و لە سەر دڵت کۆ دەبنەوە. زووخاوت پێ هەڵدێنن. زامدار و زەلیلت دەکەن. سەعاتی سەدان کەڕەت بە خۆت دەڵێی: دەک بە قیل بێ ئەم ژیانە، ئەم جیهانە، ژیانی ئێمەمانان، قەت بۆ چی نەتوانی ساڵە و ساڵ جاریک چلۆڕەیەک، مامرێ، کەبابێک، برنج و گۆشتیک تێر بە دڵی خۆت بخۆی! قەت بۆچ نەتوانی لە تەواوەتی عومری خۆتدا دەستێ لیباسی پلاوخۆری، جووتێ کەوشی بە دڵی خۆت لە بەر کەی! ئاخ خۆزیام لە خۆزیای دنیا، ماوەی ساڵێک دووان لە تەمەنی بیست و سی ساڵاندا بە تێر و پڕی و کۆک و پۆشتەیی و رووسووری، بە دڵی خۆم، لە گوێنی بەختەوەران لە سەر دنیا بایەما و لە پاشان جوانەمەرگ بایەم. ئەوسا دەمردم چش! بە جار و بە جەهەنەم. لە سەعات شەش و حەوتی بەیانەوە تاکوونێ بانگی عەسر، ئەرک و ئیشی رۆژانە فجەجەت پێ دەکا. دە جاران دەمری و زیندوو دەبیەوە! لە ئاگربارانەدا بە شەقام و کۆڵاندا دەڕۆیە

خوار. خوو خدەت بەوە گرتووە لە هەموو شتێ بڕوانی و لە هەموو شتێ ورد بیەوە! چاوە چاو بکەی و چاو بگێڕی. چەشنی نەدی و بدی! دەڵێی لە پاش سەد ساڵ کوێری تازە ئەمڕۆ بینایی هاتۆتەوە چاوانت، دەڵێی ئەمڕۆ پاش سەد ساڵ مردن هاتوویەتەوە سەر دنیا! بۆیە هەر چاو دەگێڕی و چاوە چاو دەکەی.

دەڵێی هەوەڵ جار و هەوەڵ رۆژە بەم شەقامەدا دێی، وا لە هەموو شتێ دەڕوانی، دەڵێی قەتت هیچ نەدیوە. وەستای پینەچی، پیری و سەر و ریشی بۆزی و جل و بەرگە چڵکنەکەی. جگەرە فرۆشەکەی سەر شەقام و رووالەتە رەش و سووتاوەکەی، ئەم منالە توو فرۆشە کراس و پاتۆڵ شڕو دڕاوە. عەبە کەمانچە وگەمە وگاڵتەی پۆلێ بێکارە و خەڵکی بێ عار. حەمە تەیارە و مەیدان گرتن و مژولیایش وگازەی هەموو رۆژەی بۆ رێبوار و بیستیار! مەغازە و دووکانە جۆربەجۆرەکان. ئەم لاوە جگەرە فرۆشە. رێبوارەکان، منالانی ساوا. منالی خڕەکە، لاو، مێرمناڵ، گەڕاوە، پیر. ئاخ پیرەنەدار و دەست تەنگەکان.

تێ‌رامان لە جوانی. جوانی هەموو شتێ! هەموو کەسێ. ورد بوونەوە لە بەختەوەر و رۆژرەش. لە هەموو سات و کاتێکیش دا خۆت هەر لە بەر چاوە. نەهاتی و چارەڕەشی و کەم و کووڕی و کەند و کۆسپەکانی خۆت هەر لە بیرە، هەر لە بەر چاوە.

دەســـا دەســـووتێی. لە دوو لاوە دەســـووتێی، لە دڵ و دەروون و مـــۆخ و نـاخەوە، لە دەرەوە جـەرگت ژان دەکـا و دڵـۆپ دڵـۆپ خـــوێن دەپـــڕژێنێ. گـوێیەکـانت دەقـیژێنن، دەزریکـێنن، زبـانت هـاوار دەکـا، سکـالا دەکـا و دەنـاڵێنێ. چـاوەکـانت خـوێن دەبـارێنن. کەپڕاکـەی سـەرت بـا دەکـا، ژان دەکـا، لە سـەر مـلت دەبێتە فـڕفڕە و

باوە خولێ دەکا. هەڵدەستی و دەردەکەوی. دەخولێیەوە، دەسووڕێیەوە، دەگەڕێی و چاو دەگێڕی. دەنواری و ورد دەبێوە. بە مێشک و زەین، بە زکر و فکر و بیر و خەیاڵەوە، بە لاق و چاو، بە لەش و گیانەوە، دەڕشێیەوە. پەرۆش دەکەی و جوێن ئەدەی. نەحلەت و نەفرین دەکەی و تف دەهاوی. دەجا وەرە فججە مەکە، شەپلە لێت نەدا، وەرە و سەرەتان مەگرە! چارت نیە. دەبێ زووخاو هەڵێنی، دەبێ دڵت پڕ لە رق و تف و نەحلەت کەی، دەبێ زمهەڕی: بوغز و نەفرەت داخەی! زام و کێم و ژان ناخت دادەگرێ. سەرەتان نینۆک و چنجرووک بۆ گۆشت و خوێن و رۆحت درێژ دەکا. گەرای سەرەتان هەناوت شووژن دروو دەکا. بە ژان و زام و ئێش و نەفرەتەوە دەخولێیەوە، دەسووڕێیەوە. تاکوونێ وەک هەمیشە، وەک هەموو جارێکی دیکە، حوللە سێ دێیەوە سەر سێ! خۆت لە چایخانەکەی سام و سارا، لە سەر لێوارەی زەریا دەبینیەوە. هەمیسان تەمەشا دەکەی لە کۆسارەکەی نێوەڕاستی زەریا دەڕوانی. لە بەر قەدی کۆسارەکەوە هەڵدەکشێی! بەرەو لووتکە و بۆ نێو تەومژ و موخاری لووتکەی کۆسارەکە دەچی.

ساردییەک و چایەکی گەورە لە شانی. هەڵمی چای گەرم لە تەنیشتی شووشەی سڕی ساردی سەرنجی چاو رادەکێشێ. دووکەڵی جگەرەش بە باڵ لێدان دەچێ و تێکەڵیان دەبێ! هەڵم و هالاوی چایی و ساردی و دووکەڵی جگەرە باڵ دەگرن و تێکەڵ تەم و مژی نێو قەد و لووتکەی کۆسار دەبن. ئاخ تەمەنی چاردە ساڵان! لە جەستەی مەلێکدا لە شەقەی باڵ ئەدەم، دەفڕم و دەڕۆم. دەڕۆمە سەر لووتکەی کۆسار. ئای چ بەهارێکی شین و تەڕ و تازەیە! تەواوی کۆسار شلێر و بەیبوون و مێلاق داپۆشیوە. کارگ و کەنگر و شنگ و رێواس وەک خیزی چۆمی زۆر و زۆردارە و دەبێ

دەست کەم بە رێواس و کەنگر و کارگ وەکۆ کردن. رێواس دەکەم، کەنگر هەڵدەکەنم، شنگ دەچنم. مەڵۆ بە مەڵۆ دروێنە و دەسکەنەی خۆرستی کۆسار دەکەم. مەڵۆ بە مەڵۆ گوڵ و گیای کوێستان. مەڵۆ بە مەڵۆ گوڵە مێلاق و وەنەوشە و بەیبوون.

تەلیس پڕ لە کەنگر و کارگ و رێواس. بەرەو ماڵ دەگەڕێیەوە. کۆڵەکەم قورسە. لە ژێر ئەم کۆڵەدا، هەناسە بڕکێمە و ئارەقە دەڕێژم! ماندوو بوون بڕستم لێ دەبڕێ. جاروبار پێڵاوە شڕوچەکەکان لە لاقم دادەکەندرێن. وەک کابرایەکی مەست راست و چەپ و لار و لۆر و خوار و گێڕ لاقەکانم هەڵدێنم و دایاندەنێمەوە. لارەوە لارەوە بە هەزار سەگ مەرگی خۆم دەگەیەنمەوە ماڵێ. کۆڵ لە ماڵێ دادەنێم. بە هەڵەداوان بەرەو شاخ دەگەڕێمەوە. ئاخ لە سی ساڵان و ئەم تەمەنە گران و ئەستەمە. لەگەڵکوو لە دەرکی بەندیخانە دێمە دەرێ، رێ و راست بەرەو زیارەتی کوێستان. جێ جێ هێشتا بەفر لە بەری نسێی کۆسار، لە شانی گاشەبەرد و تەلەسەنگ داماوە. جێ جێ جۆبارێکی بیچکۆلانە بە گۆرانی کوتن و بلوێر لێدان بەرەو دۆڵ و دەرە سەرەو خوار بۆتەوە. کۆسار لە بەر گوڵ و گیا لە سەدان رەنگ و دیمەن دەنوێنێ. جاروبار شنەیەکی فێنک کوڵی دڵم باوەشێن دەکا بۆنی عەترێکی خۆش لە بەر کەپۆم دێ و دەچێ و دەملاوێنێتەوە! ئاخ لە خەیاڵاتە جوان و رازاوەکەی گەشتی کۆسار. هەر لە بناری ئەم کۆسارە، لە نێوان هۆو دارانە، لە سەر ئەو کانیە کۆخێک ساز کەم. چوار پێنج بزنە کۆڵە و سەگێک و ئەسپێ جێ بە جێ کەم. تەمەشا ئەم بازە لەو ئاسمانە بێ باڵ لێدان چۆن لەنگەری گرتووە؟ چۆن لووتکە و نێو قەدی کۆسار دەبڕێ و دێ و دەچێ. شایکە ئەو کابرا شوانە، رانەکەی لە نێو قەدی ئەم کۆسارە، دەلەوەڕێن و بۆ خۆشی چەندە بەختەوەرانە و بێ خەم و خەیاڵ شمشاڵ

لێ ئەدات!

بە خودای ئەگین چیخ و چارداخێک لەم بنارە ساز کەم، ئەم چەند ڕۆژەی لە تەمەنم ماوە دەبێتە وچان و پشوودان! کوا ئەو ڕۆژە دێت! کوا ئەو ڕۆژە دەبینم!

ئاخ لە قاژە و قیژەی ئەم زیقاوڵە دەنگ ناخۆشانە، چۆن خەیاڵات و خەیاڵ پلاویشم پێ ڕەوا نادینن! لە بیرەوەری دێمە دەرێ. چوار پێنج ئاژان لاوێکیان بە ڕەش بگیر گرتووە. بە سیخورمە و جوێن و قۆناخە تفەنگ وەپێشیان داوە، حەتمەن بەرەو گرتووخانە و پاسگە. کۆخی ئەم بنارەش لەم وڵاتە هەر خەیاڵ پلاوە. مەگین ئەم بەختەوەریە تاقە بۆ ئیستێک بە خەیاڵدا بێت و بڕوا.

لە قیژە و هاواری زیقاوڵە وەک لە دوندی کۆسارەکەوە حەوام دەنە خوارێ، ڕادەچڵەکم. لە سەر کورسی چایخانەکەی سام وسارا لە سەر کەندەڵانی ڕەخی زەریا دانیشتووم. بوومەتە پەیکەرەیەک و چاوم بڕیوەتە کۆسارەکەم! ئاگا دەکەم سام و سارا و چەند کەسێ لە مشتەرێکان چاویان تێبڕیوم و سەرنجم ئەدەن. هەر کا دەبینن هاتوومەوە سەر خۆ، سام هەرام دەکاتێ: ئۆغر بە خێر کاکۆ سامڕەند، دیسانیش چۆبوویە زیارەت! بزەیەکی تاڵ، تاراوگەیەکی دوور. چزیرێکی نامۆ، گراوەیەکی دژ بە دڵ. مۆلەق لە نێوان عەرز و ئاسمان و بەرزەخ و دۆزەخ دا عومر و ژین و ژیان بە هەدەر ئەدەم! بەڵام زۆر باش لە وەزیعەتی خۆم ئاگەدارم. نە خۆم و نە تۆ تاوانبار نین. تاوانبار چارەنووس و زۆری زاڵ بە سەر ئەم بەشەی جیهاندایە. ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان، حەولمان دا، تێ کۆشاین. هەڵسووڕاین بەڵکەم ئەم چارەنووسە بگۆڕین. بەڵام تاکوو ئەمڕۆ، تا ئەم سات و کاتە دەروەستی زاڵ و زۆردار و چارەنووس نەهاتووین. بگرە زۆریش تاوانبار

نـــەبین. کـــەلتوور و یـاسا و داب و نـەریتی ئـەم بـەشەی جـیهان، تایبەتمەندیٚ‌کانی ئەم لایانە، لەم حاڵ و وەزیعەتەدا رایگرتووین. ئەگینا زۆریش دەستەوەستان و خوێریلە نەبووین و نین! لە وەزیعەتیش ئاگادارین. دەنا هیواشمان هەیە، هەر بە هیواین. دەبا جاڵجاڵووکەش هەموو ئاسمانی ژێن وبن میچی ماڵیشمان داتەنێ. با مار و مێرووش لە هەر کون و کـــەلێنێکەوە بـــێن و بـــمانگەزن، بـــەڵام ئـــێمەش ئـــەزین هەڵدەبەزین!

سات و کات جواناو دەڕێژن. پاش نێوەڕۆیە و چایخانەکەی سام و سـارا. جـاروبار دەچـمە وەنەوزەوە. ئـەم رۆژانـە کـات و سـات چۆن رادەبوورن؟ چاوەکانی خۆر گڕکانی تراویلکە! هەوای خول و سوورێکی دیکە. بڕێک وردە قۆشە دەهاومە سەر دەزگاکەی سام و سارا و لە چایخانە وەدەر دەکەوم.

بە شەقامی چۆل دا بەرەو نێو شار دەگەڕێمەوە. قیلەتای شەقام لە زۆر جێ قاڵ بووە، بە بنی کـەوشەوە دەنـووسێ. لە نسێی دارە سیدرێکدا رادەوێستم. کراس لە بەر ئارەقە بە سنگ و پشتمەوە نـووساوە.ئارەقە بـە مۆغەرەی پشتمدا بەرەو جۆبارەکانی لەشم بەڕێوەن. بازنەی گەرما هاڵقە هاڵقە لە بەر چاوم بازەڵێن دەکەن. شنە شوێنەواری نیە. با کون بڕ بووە و قەت قەتی رێی ئەم دڕگەیە نەزانیوە. وەڕێ دەکەمەوە. نێو کەوشەکانم پڕ لە ئارەقەی لەشمە و کەوش جەڵقەیان دێت و لە لاقمدا چەک بوون. لا ئەدەمە حوجرەکەی نێو شاری حاجی رەزاز. سڵاو و هەواڵپرسی و هەڵقوڕاندنی سێ چوار شەربە ئاوی سارد. دەر دەکەوم و درێژە بەم خولە بێ برانەوەیە ئەدەم. بە کۆڵانی ماڵی (ئەوان) دا رادەبوورم. تێر تێر تـەمەشای دەرک و بانیان دەکـەم. داخـوا ئێستاکـە لەم گەرمایەدا خـەرێکی چ بـێ؟ خـۆزیا

دەمتوانی بڕۆمە سێبەری هەیوانەکەیان و تێر بە دڵ لەگەڵی بدوایەم. کوت و پڕ و بێ تێفکرین تەقە لە دەقولابی دەرکەیان دێنم. بـرا بـیچکۆڵەکـەی دەرکێ دەکاتەوە. پێی دەڵێم منالەکەم شاگردی سەیدا زەریایە. هاتووم باس و هەواڵی منالەکە لە سەیدا زەریا بپرسم. منالّ پاشە و پاش دەگـەڕێتەوە. زۆری پێ ناچێ زەریا لە دوورەوە دێت. بەڵام چۆن هاتنێک؟ بە چاوی یار دەبێ بی‌بینێ! لار و لەنجە، لە سەر پەنجە، دەم بە پێکەنین، چاو بە نەشە و گەشە. لە نـاخدا دەقـریشکێنێ و دەتـریقێتەوە. لە دوورەوە زانـیویە مـنم. جارێک پێم گوتبوو رۆژێک دێم، لە دەرکێتان ئەدەم و ئاوا دەڵێم. سڵاو و هەواڵپرسی. خـوڵکی ژوورێـم دەکـات. نـاچم. تـەمەشایەکـی ئـەم لاولا دەکات. دەستم دەگـرێ و دەمکـێشێتە دیـوی حـەوشە. دەرکـی حـەسار دادەخا و خوڵکی بەر هەیوانی ماڵەکەیانم دەکا. لە نـێوان دوو ریـز داری خورما و لیمۆدا، بە بانوانێکی ئاجور فەرشدا بەرەو هەیوان دەچین. بـەر هەیوان گەزێک زیاتر لە تەختی حەسار بڵیندترە. سێبەری وەسەر گەڕاوە. شەش کورسی و مێزێک لە بـەر پـەنجێرەی دیـوەخانێکدا دامـەزراوە. لە حەسارێوە بە پلیکان دا دەچینە بەر هەیوان کورسی دانیشتنم پێ خوڵک دەکرێ. چ راست چ درۆ بڕێک شەرم و کەمڕوویی بەرۆکی گرتووم! بەر هەیوان فێنکە، تاو تێی ناکا. لە ڕووانگەی هەیوانـدا حـەسار و بـاخچەی گەورەی داری خورما و پرتەقاڵ و لیمۆ. گوڵەباخ و ڕەشتی. چەند دێـراو خەیار و کاڵەک و شووتی. دووکانێکی گەورە سەوزی. حەوزێکی چوار لە چوار گەز لە نـێوەڕاسـتی بـاخچە و حـەساردا و چـیخ و کـەپر لە سـەر و دەوراندەوری. زەریـا سـەر دەباتە ژوورێکـی بـەر هـەیوانـەوە، گـوێم لە دەنگێتی: ئەو سامڕەندیە وا دەمکوت! بڕێکمان سەهۆڵاو دەنێ. وا دیارە لە ماڵێ باسی کردووم. دەگەڕێتەوە، لە بەرامبەرمدا لە سەر کـورسی‌یەک

دادەنیشێ. چاوەکانی قەت وەندە جوان نەهاتوونە بەر چاوم. بە نەشەن و لەگەشەدان! بە زیتەی چاوی دا هەستێکی سەیر ناخی داگرتووە. جاروبار ئەژنۆکانی لێک دەکوتێ. جاروبار بە ئاخ هەڵکێشان و بڕێ جار بە بزەی ڕەزامەندییەوە لێم دەڕوانی و دەڵێ: قسە بکە. کیژێکی جەحێڵ و ژنێکی گەڕاوە کەشەفی چایی و سەهۆڵاو و قەرتاڵەی میوە لە سەر دەست بەرەو ئێمە دێن. هەرتکیان بە سەر و ڕووی خۆشەوە بەخێرهاتنم پێ دەڵێن. سڵاو و هەواڵپرسی دەکەن و دەڕۆنەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان.

زەریا دێتە قسە: دەڕۆن و دەخەون. بابم لە سەفەرە و تا شەوێ ناگەڕێتەوە. برا جەحێڵەکەم داوەتی سەر شایی یەکێ لە دۆستانیەتی. ئەوەی وا دەرکی حەسارێی کردەوە برا بێچکۆڵەم بوو. ئەم دووانەش دایکم و خوشکم بوون، خۆشم ئەوا لە بەرامبەرتا بۆ شەڕ و کێشە حازرم! چاوەکانی زیتە زیتیانە! چەشنی ئەستێرە تروسکە تروسکیانە و ئەدرەوشێنەوە. چاوەکانی هێندە جووانن دەڵێی ڕشتوویانن. لە مەو بەر ئاوام نەدیبوون!

لە پڕ دەڵێ: سەعاتێک پتر بوو چاوەنوارت بووم. هەرکا بەیانی لە نێو شەقام و بازاڕ نەمدیتی، لە دڵم چەقی ئەمڕۆ دێیتە ماڵێ. ماڵی خۆت! سەعاتێکە ئۆقرەم نیە. هەموو شتێکم بۆ دایکم و خوشکم باس کردووە. تەنانەت پێم گوتبوون لە دڵم چەقیوە ئەمڕۆ دێت. دەیجا ئەوا هاتووی. دیسانیش سەد جارو هەزار کەڕەت بە خێر بێی. پێڵاوت لە سەر چاوان. هێندە سەرخۆش و دڵخۆشم نازانم باسی چی بکەم! تۆ قسە بکە من هیچم بە زەیندا نایە. پێی دەڵێم: زەریا گوێم دەیە، دەمەوێ قسەت بۆ بکەم. قسەی دڵم، ناخم، قسەی خۆم. گوێت لێیە دەڵێم چی؟ بە دڵ و ڕۆح قسە بۆ تۆ دەکەم. لە مەوبەریش بۆم باس کردووی. لەو کاتەوە چاوم پشکوتووە،

ئەوینداری کۆسار و چیاو کوێستانم. ئەمانە بۆ من هەموو شتێکن، گیانیش و لەشیش. پێ‌خوری دڵیش و گۆشتیش. لە بناری کۆسار هاتوومە سەر دونیا و لە داوێن و ترۆپکی چیا بە رێواس و کارگ و شنگ و کەنگر گۆچ کراوم. هەموو رۆژانی منالی و تازە لاویم لە دۆڵ و دەرەو بەر قەد و سەر دوندی کۆسار و کوێستان تێپەڕیوە.

هەوەڵ یارم کۆسار و کوێستان بووە، دووهەمیان نێوی ژیانە. ژیان بە هەموو رووالەت و نێوەڕۆکی خۆیەوە. سێهەمینەکەشیان تۆی زەریا. دەزانی زەریام بۆچ خۆش دەوێ؟ دەزانی چۆن بوو توانیت گیرۆدە و ئەوینداری خۆتم کەی؟ چونکوو زەریا لە قەراخ هەزاران کوێستان و چیا و کۆسار ئۆقرە دەگرێ. چونکوو زەریا ژیانی لە باوەش دایە و خۆشی لە ئامێزی ژیاندا دەژی. چونکی کۆسار و زەریا دوو دیمەن و رووالەتی هەرە بە نرخی سەر جیهانن. دەزانی لەم گراوەدا چۆن بوو گیرۆدەی تۆ بووم؟

کیژێکی قەد و باڵا دەستە. ئەندام رێک و پێک. جل و بەرگ سەنگین و رەنگین. قەرتاڵە شوولینەیەکی تایبەتی میوە بە دەستەوە، هێدی و هێمن بە شەقامدا دێ و دەڕوا. نەرم و شل هەنگاو هەڵدێنێتەوە، لە سەرەخۆ لەگەڵ دیوناس دەدوێ. لە چەند شوێن و دووکانی تایبەت و دەست نیشان پێویستی‌کانی خۆی دەکڕێ و هێنی هێنی بەرە و ماڵ دەگەڕێتەوە. ئەگین سەرەڕێی پێ بگری و بی‌دوێنی، یان بە دزە و نەهێنی وەدووی کەوی و هەڵی‌سەنگێنی، ساردە تەبیعەت و بێ دڵ و دەماخە! نە بۆنی عەتر و گولاوی لێ دێ و نە خۆی با ئەدات. نە چاوە چاوەتی و نە گێژو وێژە! نوقمی ژیانی خۆیەتی و تێکەڵ ژیانی دەوروبەری. تۆم ئاوەها هاتیە بەر زەین و نیگا. بۆیە ئەویندارت بووم چونکە لار و لەنجە و خۆبادان و پۆز و

ئیفادەت نەبوو. چونکە دڵ و دەروون و ناخ و مۆختم لە شوێنێکی دیکە ئەدی! دەیان کەڕەت و دەیان ڕۆژ! نەدیار و دوور لە چاو، لە سەرە ڕێگات رادەوێستام، چاوم تێ دەبڕیی، سەرنجم ئەدای و وەشوێنت دەکەوتم. لە نێو قەرەباڵخدا، لە پشتە سەرتەوە هەنگاو بە سەر هەنگاوەکانتدا، سێبەرم تێکەڵ سێبەری تۆ، بە دوواتدا دەهاتم. هەرکا لەگەڵ فرۆشیار و دووکاندار و دیوناسێکدا دەدوای، تەواوی گیان و لەشم دەبوونە گوێچکە و گوێم بۆ دەنگ و راوێژی وت و وێژەکەت رادەگرت! گشت ئاکار و کردەوە هەموو وتەکانت ئەو شتە بوون کە من بە دووی دا دەگەڕام. خۆشت ئەو تەوارە بووی کە دەبوو لە سەر شانم نیشتبایەی، کە دەبایە رووالەتی جوان و دەنگی خۆش و هەوای سیحراوی رەوت و گەشت و وتەکانت منی تێکەڵ کوێستان و ژیان و زەریا کردبایە. هەو بووی! ئەو کەسەی وا لێت دەگەڕام، ئەو کەسەی واکوێستانی منی دەگەیاندە سەر زەریا، تێکەڵ زەریای دەکرد و بە سواری کەشتی دەیبردە دوندی کۆسار و چیای ژیان. دەیگەیاندمە کەعبەتوڵلاو ئاواتە شاری خۆم.

بەلام ئێستاکە تۆ، ئەرێ زەریا لەگەڵ تۆمە. بەم قسانە لە خۆبایی مەبە و لە خۆ دەرمەچۆ!بۆ خۆت چۆن دەڵێی و چۆنت پێ باشە تا وا بکەم، چۆن قۆڵ دەکێشی تاکوو بەو لەونەت بخوازم! منیشت ناسیوە، دەمناسی. لەمەوبەر باسم بۆکردووی. لە ئێستاکە و رابردووم بە ئاگای. داهاتووشم هەر وەک رابردووم دەبێ. ئەوەش بزانە لانی زۆری بڵێم هەر حەوتوویەکی دیکە لێرەم! لە تەدارەکی راکردن لەم دەرگەیەم. هەموو شتێکم جێ بە جێ کردووە. زەریاش لە زەریاوە بە زەریا دا بەرەو کوێستانی ژیان دەبەم.

ئاگام لێ‌یە چاوە زیتەکانی چەند جاران تروسکەیان دێت، چەند

کەڕەت دەیان تڕووکێنێ و دەڵێ: لەو کاتەدا میوەیان دەخوارد! فەرموو. بزە و ڕەزامەندی تەواوەتی ڕوخساری داگرتووە. لە پاش قەدەرێک بێ دەنگ بوون دەڵێ: بابم بۆ شەو دێتەوە. هەر کات و ساتێکت پێ باشە، لەگەڵی دا قسە بکە. بۆڵێک تریم خوڵک دەکات، دەستەکانی زۆر گەرمن! لە ڕووانگەمدا لە نێو باخچەکەیان گوڵ بە دوای گوڵدا دەپشکوێن! تەنانەت گوێم لە تریقانەوەی خەملین یان هەیە. بۆنی گوڵەباخ بەر هەیوان پڕ دەکات. کۆخێکی جوان هەڵدەبژێرم و خولکی دەکەم، دەم و لێوی داغ دادەگەڕێن و گۆناکانی خوێنیان تێ دەزێ. گەرمای پاش نیوەڕۆ ئاورمان تێ بەرئەدات.

* * *

بەم کۆڵانە دوور لە ئاژاوەدا، بە پەلە و هەڵە داوان بەرەو دەرەوەی درگە دەچم. جاروبار ئاوڕ ئەدەمەوە. دەڵێی جندۆکە بە شوێنمەوەن! لە نێو دڵمدا دەهۆڵ لێدانە. دەهۆڵی مەترسی و شادی. مەترسی لەوەی بە شوێنمەوە بن و بە کارەکەم بزانن! شاد لەوەی ئەمڕۆ کارەکەم تەواو دەبێ و دەتوانم بۆ شەوێ وەڕێ کەوم. لەگەڵ زەریاش قەرار و بڕیەمان بڕاوەتەوە، ئەویش سازە. هەر رادەکەم و ئاوڕ ئەدەمەوە. ئەوا گەیشتمە جێ. ئاخ....! دۆڵێکی تەنگەبەر و دوورەچاو. لە نێوان دوو ڕێز تەپک و ملەدا. زەریا لێرە

دەست و باسکی بۆ ئەم دۆڵـە درێـژ کـردووە. لە نسێی گـاشەبەردێکی زەلامــدا خــەریکی ســاز کـردنی لۆتکـەم! خـۆم و شـوێن و لۆتکـە زۆر دوورەچاوین و وەبەر چاوی کـەس نـایەین. لەم ئـاگـربارانـەدا، لە نسێی گاشەبەرد دادەنیشم. نە بای دێ و نە شنەیەک لە هام و شۆ دایە! هەر ئاگر و بـــــلێسەی ئـــــاگـــــرە تـــیم دەهـــاڵێ و دەمســـووتێنێ و دەمتوێنێتەوە!

دەچمە سەر لۆتکە و چۆک دائەدەم. بەری دەستم بە سـەر هـەموو تەختەکاندا دەگێڕم، دەیانلاوێنمەوە. سی چل کەڕەت ئەم سەراو سەری لۆتکەکە ماچ دەکەم و دەڵێم: دەک هەزار جار لە منت کەوێ جوانوو ماینە خۆش رەوتەکەم. جا با بـزانـین چـۆنم دەرفێنی و لەم دۆزەخـە دەربـازم دەکەی؟ زۆرم زەحمەت پێوە کێشاوی، زۆرم حەوڵ بۆ ساز کردنت داوە، ئامان و دەخیل رەنج بە بادم نـەکـەی! ئـەوە عـومرێکە بـە دزی عـەرز و ئاسمانەوە، لەم ئاگرباران و دۆزەخەدا لە سەر تۆ ئارەق دەڕێژم، جا ئەمشەو نۆرەی تۆیە تـۆڵەم بـۆ بکـەیەوە. تـۆش خـۆت و شـیرت! ئـەوا زەریـاش گەیشتێ. شوێنەکەم بۆ دیاری کردبوو. وەرە زەریا، بڕوانە.

عومرێک بە دزی خۆم و تۆ و هەموو کەسەوە خەریکی ساز کردنی ئەم لۆتکـە بـووم، ئـەوا سـازە، بـڕوانـە چـەند سـاز و تـەیارە! کـەرەسە و ئامرازەکانی سەرەتایین! زۆربەی تەختەکانیم لە زەریا گرتۆتەوە! هەر خۆم بەم دەستانە بڕیومن، رەندەم کردوون، کاغەز پەرداخم کێشاون. بۆ راکردن ئۆقرەم نیە! چەند مانگە ئۆقرەم نەماوە. ئەوەی کارم کردووە، ئەوی پووڵ و پارەم وەدەست هێناوە، ئەوی کات و سات و دەرفەتم بووە، هەموویم بۆ ساز کردنی ئەم لۆتکەیە تەرخان کردووە. ئاخ بـۆ سـاز کـردنەکـەی چیم نەکرد؟ چ حەول و تەقەلایەکم نەدا! تەنانەت چەند کەڕەت پارەم لەم و ئەو

قەرز کرد، تاکوونێ کارەکە پەکی نەکەوێ. گوێت لێمە دەڵێم چی؟ ئەمە ئاخر دەرووبە! لەگەڵکوو تاریکان بەسەردا بێت، دەڕۆین. ئاخ....! دەزانی چیە؟ ئەمشەو تاریکە شەو دەبێ. مانگ دەرناکەوێ، بۆیەم ئەمشەو هەڵبژارد. نیوەڕۆ رادیۆ دەیکوت هەورێکی زۆر بەڕێوەیە. سەعات نۆ و دە هەور تەواوی سنگی ئاسمان دادەپۆشێ. دەبێتە تاریکە شەوێکی ئەستەم و ئەنگوستە چاو. لە تاریکان نەترسی، ون نابین! سەرەندەری رێگە ناکەین؟ مەترسە کەرەسەی پێویستم پێیە. سامڕەند وەندە خاو نیە. ئەمشەو تاکوو کۆسارە سەر بە تەمەکە دەڕۆین. لەوێ خۆمان حەشار ئەدەین. تا شەوی داهاتوو وچان و پشوودان و حەسانەوەیە. سبەی شەویش لەوێوە بەرەو بەندەر، بەرەو رزگار بوون رێ دەکەوین. لە هاتندا هەموو رێگاکەمان بە شەوێک بڕی. من بۆ گەڕانەوە بۆ دوو شەوم داناوە. تەمەشایەکی ئەم لاو ئەولا بکە، منیش تەمەشایەکی ئەو دیوی ئەم دۆڵە دەکەم، بزانین کەس دیار نیە! ئەوا شەو بە سەر داهات، تاریکان خەریکە زاڵ دەبێ. تەمەشا کە، هەهاتێ هەورەکان لە باکوورەوە دێن. بەخت لەگەڵمان یارە، شایکە ئەم هەموو هەورە پتەوە، ئەم شەوە تاریک و ئەمووستە چاوە. وەرە پارووبەک نان بخۆین و وەڕێ کەوین. بخۆ، بخۆ، دەبێ باش بخۆین دەنا هێز و توانای سەوڵ لێدان مان نابێ. ئەمجارە هەستە. پاڵ بە شانی لۆتکەوە نێ. تۆ لەو شانەوە، منیش لەم شانەوە. ئەوەش لۆتکە لە سەر زەریا، وەرە سواربە. وەرە سەرێ. ئەو سەوڵەم دەیە. یاهووو.....

سەوڵ بە دەستەوە، هات و چۆی سەوڵ بۆ پاش و پیش. لۆتکە بۆ پێشەوە. سەوڵ لێدان و ئاو بڕین. بڕۆ، بۆ پێشەوە چارەوێ خۆش رکێف و خۆش رەوتەکەم! ئامان و دەخیل، جوانوومایینەکەی ولاتی زەریا هیوام بە

تۆیە. پشتم بە تۆ بەستووە. ئاواتم زۆرە، بە دەستەوەم نەدەی! دەربازم کە. لۆتکە لە سەر سنگی ئاو، لە ئامێزی زەریادا بەرەو پێشەوە. چێژ و خۆشی تەواوی گیانی داگرتووم. سەوڵ لێ ئەدەم و هێدی هێدی گۆرانی دەڵێم. زەریاش جاروبار گۆرانیەکەم لەگەڵ دەڵێتەوە. سەر بەندی گۆرانیەکەی بۆ راگرتووم، هەر وەکوو بێڵی میزان راگرتنی لووتی لۆتکەی بۆ راگرتووم. لە خۆشیانە لە وانەیە باڵ بگرم و بفڕم. ئەمە ئەو کاتەیە کە ساڵە وەختێکە بە ئاوتەوەیم. ئۆخەیش.

ئای ئای ئەو دەنگە چیە؟ زەیا راکشێ، لە تەختی گەمیەکە راکشێ. ویزەی گوللەیە! ویزەی گوللە بە بن گوێمدا. گوللە بارانە. گوللە بە رێژنە بە سەرماندا هەڵدەتۆقێن. پاڵێک بە زەریاوە دەنێم و زەریا لە سەر تەختی لۆتکە رادەکشێ، بەڵام یەک بە خۆی دەقیژێنێ و هاوار دەکا. دەپاڕێتەوە منیش راکشێم،دەترسێ گوللە بمپێکی. زریکەی زەریا رکەی شەو پڕ دەکا و گوێچکەی شەو دەدڕێ. گوێچکەکانی منیش دەخەنە ئێش و ژانەوە. لە پڕ لەترێک ئەدەم. گوللە هەروا دێت، بە دیواری لۆتکەدا دەکەوم. سەرسمێکی دیکە. زریکەی زەریا گوێ دڕتر دەبێ، لاترسکەیەک ئەدەم و دەکەومە نێو ئاوی زەریاوە.ئاوەکە ساردە، زۆر ساردە. ئۆف لە ساردی ئەم ئاوە. هەمیسان قیژاندن و زریکەی زەریا، ویزەی گوللە! لە ساردی ئەم ئاوە و لە زریکەی زەریا رادەچڵەکێم. یەک بە خۆم هاوار دەکەم: نەترسی زەریا، نەترسی.....

لە بەر هاواری خۆم لە خەو رادەپەڕم! لە سەر جێخەوەکەم، لە سەر دوو ئەژنۆ چوار مشقی دادەنیشم! تەواوی لەشم وەک مێوژۆکە دەلەرزێ. ئارەقەیەکی زۆر سارد ئازای گیانمی داگرتووە. دڵم وەک دەهۆڵی رۆژی شاییـیان دەهۆڵی مردوو ناشتنی ئەم دڕگەیە لە کوتە کوت دایە. هەناسکە

بڕکێمە هەڵدەستمە سەر پێ و بە ژوورەکەدا دێم و دەچم. بەرە بەرە دێمەوە سەرخۆ. کوتە کوتی دڵم هێدی دەبێتەوە. هەناسە و پشوو ئۆقرە دەگرن. جگەرەیەک دادەگیرسێنم.

لە پاش حەوتوویەک شەونخوونی بە تەما بووم ئەمشەو وەک خەڵکی دیکە، خەوێکی باش بکەم! بەڵام نابێ! من و خەویان نەکوتووە. چارەنووسی من خەوی تێدا نەگونجاوە. من و خەو؟ هەر نەمبووە! نیمە و نامبێ!! لە هەوەڵی خۆ ناسینەوە، لە بیست سی ساڵ لەمەو بەرەوە هەر بێ خەو بووم، بەشە خەوی من لە شەو و رۆژێکدا هەر چوار سەعاتە. زیاتر نەبووە و نابێ، حەرامە.

ئاخ ئەم راکردنە! ئەم دەرباز بوونە. ئەم خەیاڵاتی راکردنە ئێخەم بەرنادات! دەبێ بڕۆم، ناتوانم بمێنمەوە. مانەوە بۆ من مردنە، مردن. بەڵام ئاواز و من و مردن؟! نانا کاتی مردنم نیە. دەبێ. بڕۆم، کارێکم لێرە نیە، کارێکم نەماوە! دوو سێ رۆژ پێشتر بڕیار بوو بڕۆم. بەڵام خوازبێنی زەریا و قسە و باس لەگەڵ دای و باب و برای ئەو، کارەکەی وەدووا خست. ئەوا کە ئیدی خوازبێنی و نیشانە کردن و مارە کردن تەواو بووە، دەبێ بڕۆم. دە ئیدی با هەستم و بڕۆم بۆ لای سام و سارا. بەڵێنیم دابوونێ شەوێکیان بۆ تەرخان کەم. شەوێک دانیشم و گوێ بدەمە بەسەرهاتەکەیان. لە لایەکی دیکەوە، بە قسەکانی ئەم چەند رۆژەیاندا وا دیارە بە سەرهاتەکەیان ئاسایی‌یە. وەک بەسەرهاتی هەموو ژن و مێردێکی ئاسایی. هەر چەندە یەکتریان زۆر خۆش دەوێ. دیسانیش دەبێ بڕیار و بەڵێنی خۆم بەرمە سەرێ. بڕۆمە لایان و ئەمشەویان لەگەڵ دانیشم.

لە پاش ئەمشەویش، سبەی شەو جومعە خۆت بگرە و هاتم. ئامان و دەخیل جومعە. هانام هەوەڵ بۆ خوداو لە پاشان ئەتۆی. دەبێ دەرباز م

کەی. خۆت قەولت دا، خۆت بە تەما و هیوادارت کردم. ئەوبەری زەریا لەگەڵ زەریا.... ئاخ داخوا ئەو رۆژە کەی دێ؟ بڵێی بێ؟!

* * *

جومعە مەردە کاکۆ سامرەند! ئەگین لە ناو ئی خەڵک و کۆمەڵەش کەم قەدر و قیمەت بام، ئەگین ژن و ماڵ و سامان نەیرم، ئەگین رووت و رەجاڵ و ئاوارەی غوربەت هەم، ئەرای ئیسەس کە جومعە مەردە! نامەردی قەبوول نەکردمە. ملکەچی و سەرشۆڕی و رووڕەشی قەبووڵ نەکردمە. تووای مە بناسی؟ تووای بزانی مە کیمە؟ لە ئی جزیرە لاوەکیمە. خومە بە دەس خومە قوڕ وەسەر خوم کردیمە! خوم خوەمم شاربەدەر خوایی بە ئی دڕگە کردیە. هەوەڵ منالی لە ولات خوم، لە ناو منالان سەر گەورە بیم. گەڕەک مە، گەڕەک خەڵک فەقیر هەژار و کاسب بید. گەڕەک ئەو کەسانەی شێو شەویان لە قورووی گورگ و هەژدەها وەدەر ئەهینا. بەلام گشت ژن و مەرد و مناڵ و لاو ئی گەڕەکە مەرد بین. لە ناو گەڕەک ئی مەرد و پاڵەوان گەلە جومعە تەک بید! وەئی گیان شیرینەت، یەی گەڕەک، یەی شار، یە جومعە! ئیسە باس لاوی کەم. لە هەرەتی لاوی شۆفر بیم. لە ناو شۆفرگەلیشدا دەس فەرمانم تەک بید. دەس پەنجەشم تەک بید. ئی گشتە تاریفات خوەم کەم، خیاڵ نەکەیت نامەرد و زاڵم بیومە! نە، نە. وەغیرەت

مەرد و کوڕی مەرد، هەرگیز زوڵم و نامەردی نەکردیمە. هەمان عەیام، زەمان لاوی و شۆفری ئاشق بیدوم. یارەکەم کی بید؟ دوێت کی بید؟ تووای بزانید؟ دوێت هەوەڵ دەوڵەتمەند وڵاتەکەمان بیدەخود یاروو وەیەی پیرەژن هاوسایان هەواڵ وەمەنارد بید، وە جومعە بووژن مە ئەویندار و کوشتە موردەی جومعەمە. جومعە مە تووات هەم، نە تووواتمی بازەم هەم. لە سەر ئی دونیا غەیرێ جومعە مەرد نەناسم! ئەگین مەرد وەبان دونیا هەس تەک جومعەن و بەس. دەسا لە سەر دونیا حەلال دونیا ئەرام حەرام بید غەیر جومعە. ئەگین وە بان دنیا بژیم ئەرای جومعەس، جومعە نەبید ئەرای خاک گوور. ئەمە دەسرە دەس، ئەمە ئاوینە، ئەمە عەتر و ئەمەش قەرار و شوێن ژووان مە و جومعە. ێی کەڕەت، دە کەڕەت، وە تاریکای شەو چیمە ژووان کەژاڵ، تاوی کەژاڵ بید. سەرت وە دەرد هاووردم، کەم کەم باب و براگەل کەژاڵ ئاگەدار بین. نەخشە رشتیان مەبگرن. وە تاریکای شەو، وەمەحەل ژووانەکەمان رژیانە بان سەرم. جومعە یەی نفر بید تەک! ئی نامەردگەلە چەنی؟ مە ئیژم پەنج شیش کەس، تۆ بیژە هەشت کەس. وەناو تاریکی بیدە جەنگ مەغلووبە. مە نەوژم کوتەک نەخواردم. کوتەک خوواردم، خاسیش خوواردم. ئەمما خاس وەدەس هاتم، فرەکەم بیژم سێ چووار سەر شکاندم، سێ چووار دەم و لووت وەخوون هاووردم، یەی ساعەت بەڵکەم فرەتر وەناو تاریکی شەڕ کردم. ئاخەر سەر دەرباز بیم، فینار کردم. چیم وەماڵ یەی هاوەڵ. شەوەکی پیاو هەناردم وەماڵ باب کەژاڵ. خووازبینی کردم. زانی چە ئەرای من وەڵام ناردبید؟ نامەرد وەتبید جومعە سووار مە بید، سووار کەژاڵ نەبید! پاشی یەی حەوتوو کەژاڵ فیناری دام. کەژاڵ هەڵگرتم، رامان کرد. هاتیمە ئی جزیرە. ئیرە بەڵەت بیم. وە ئی دڕگە ناسیاوم بید. یەی ساڵ

وەقەدر یەی عومر وەئی چزیر عەیام خوەشیم بید. شاد، سەر خوەش، دلخوەش.

ئەمما کاکۆ سامرەند ژن شوومە، پەستە. خۆزیا دالک پیاگ ماربید، کوتک بید، ژن نەبید. ژن وەفانەیریێ، شەرت و بەقا نەیریێ. ژن گەل سفەت نەیرن. سەرت وەژان هاوردم! لە پاشی یەی ساڵ و چەند مانگ کەژاڵ وەت تووام بچیمە وڵات خوەمان، وەماڵ باب و برا. هەواڵ هەناردم ئەرای باب و براگەل کەژاڵ وەتم توواێم ئاشتی کەیم! کورت بیژم، ئاشتی کردمان. وەگرد کەژاڵ چیمە و وڵات خوەمان ئەرای سەردان و دیدار. هەم دیدار دای و باب مە، هەم دیدار دای و باب کەژاڵ.

وە وڵات خوەمان دای وباب و خوشک و برای کەژاڵ چەوە گوێچکەی کەژاڵ خوەندیان، نەزانم! وەندە زانم کەژاڵ دووپا وە یەی لنگە کەفش کرد: مە تەڵاق تووام! وەتم خاس تەڵاقت دەم! ئەمما وەئیرە نە. مە مەردەم. تەک بچم وە دڕگە، وەمن ناوژن ژنەکەت چی وەسەر هات؟ بۆچ وەگردت نەهاتیە؟ چەی وە سەرهات؟ بە ئی پرسیارگەلە چە وەڵام بەم؟

وەباب و برای کەژاڵ وەتم: جومعە یەی کەس، ئیوە سەدا! ئیوە خیال کەن مە ترسم؟! وە شەرەف هەر چی مەردە، یەی شەڕکەم، یەی ئاگر وەپا کەم، دووکەڵ ئی شەڕە مەردم یەی وڵات کوور کات! سەرت وە دەرد هاوردم. وەگرد کەژاڵ گەڕاینەو وە ئی چزیرە.

یەی حەوتوو، دووان، یەی مانگ، دووان کەژاڵ هیچ نەوەت! مەش هیچ روو پێی نەدایمە. یەی ژیان ساردمان بید. یەی رووژ وەتم کەژاڵ مەیە تۆ تەڵاق نەتوایت؟ ئەرا چە نەوژی؟! کەژاڵ وەگرد گریان وەت: جومعە دەخیل! مەکردم، تۆ نەکەی، قەڵەت کردم، گوی خوواردم. یەی گوی بید خوواردم. پەژیوان. دەخیل، دەخیل جومعە. ئی قسە تیر وەجەرگم دای.

یەی بەر ئەشق کەژاڵ وەناخمدا بڵێسەی ئاگر بید، یەی بەر بەدیی و پەستیی ژن وەبەر چاوم زەق بید.

وەتم کەژاڵ دوور وەئیسە! یەی عەیام دِوور، وەیەی وڵات دوور، یەی شار بید، سەت دیهات. یەی مەرد بید، یەی جومعە. خوواش عافوو کات! چ مەردی بید؟! ئەمما ئی مەردە، ئی جومعە، یەی کەلیمە قسەیی یەی ژن، ژن خوەی کوشتی، مرد. خوواش عافوو کات.

سەرت وە دەرد هاوردم! هەناردم باب و برایی کەژاڵ خوواستم وەچزیر. یەی حەوتوو میوانداری کردم. پاشی یەی حەوتوو وەتم: مە حەرامزدە نیەم. ئیوە یەی ئەمانەت وەلای من دیرن، ئی ئەمانەت ئێوە، ئی کەژاڵ! کەژاڵ وە حوزور باب و براگەل خوەی وە من وەت: بێ مورووەت! مە ئەویندار توومە، تۆمە تەلاق دەیت؟ مە وەماڵ خوەم دەرکەیت؟ مە ئەرای تو چوول پەرەستی کردیمە. غوربەت پەرەستی کردیمە..... وەتم: مە ماڵ نەتوام، ماڵ ئەرای تۆ. هەناردم مەلا خوواستم. وە شایەت هاوساکان کەژاڵ تەلاق دام وەبان هیچ! گشت ماڵ دام وەئوو، هەر ئو ساعەت ماڵ و کەژاڵ وەدەست باب و براش دام. خوەم چی؟ هەر ئو رۆژە سووار کەشتی بیم چیمە بەندەر. وە بەندەر سووار ماشین بیم چیمە پاتەخت.

وە پاتەخت یەی چەند وەخت کار کردم. ئەمما ئەشق و مەیل ژیانم نەبید! بێ دڵ و دەماخ بیم. چیمە وڵات خوەمان. یەی هاوەڵ مناڵی خوەم پەیا کرد، چریک بید! وەکۆسار و چیاو دارستان و وڵات دژ وەشاە شەڕ کردم. چە عەیام و زەمانی بید! ئەمما کام ساڵ بید نەزانم. وەندە زانم پاشی یەی شەڕ سەخت، گشت هەواڵ گەڵ من وەکوشت چین! زامار و شەکەت راکردمە ناو یەی گوند. یەی مانگ وەماڵ یەی پیرەمەرد وەباڵ گەردنی بیم. زەمانێ خاس بیمەو، یەی ساڵ ئەرای کار کردم. پاشی یەی ساڵ بوورک

ئەرای کورەکەی سەنی. گەردن ئازایی خوواستم. گەرامەو وەئی چزیرە. یەی عەیام شۆفر بیم، یەی زەمان مامڵە کردم، وە ئاخر ئی گەمیە سەندم، بیمە گەمیەوان. سەرت وە دەرد هاوردم . مە ئی جومعەمە. بەڵام ناو هەوەڵ مە جومعە نەبید! شاهۆ بید. جومعە ناو مە وەئی دڕگەیەس. سەرت وە دەرد هاوردم برا، ئەوەختشی.

جومعە بێ دەنگ دەبێ. قور و قەپ لە ژوورەکەدا پیلان دەگێڕێ. سەری بەر ئەداتەوە. چاو دەبڕێتە دووکەڵی جگەرەکەی. لەم ژووره بیچکەدا جگەرەمان بە جگەرە داگیرساندووە. دووکەڵ ژووری پڕ کردووە. ئەگین هەستینە سەرپێ، لە شانمان بەرەو ژوور لە نێو زەریای دووکەڵی جگەرەدا ون دەبێ. چای تاڵ و ساردی پەیتا پەیتا ناخمان دادەئاخنێ.

ئای ئەوە بۆ شانەکانی جومعە دەلەرزنەوە؟ بۆ شانەکانی هەڵدەتەکێن؟ بە دەستی چەپی دەم و لێوی گرتووە، بە دەستی راستیش بە ران و ئەژنۆکانیدا دەکێشێ. چ نالێم و روو دەکەمە لایەکی دیکە. لە ژوورەکە دەچمە دەرێ. لە دەور و بەری ژووردا دێم و دەچم. ماوەیەک خۆم وەبەر شنەی شەوی زەریا ئەدەم. فێنکایی دەملاوێنێتەوە. هەوای خاوێن و بێ دووکەڵ سووڕانەوەی سەرم دەرەتێنێ! بەرە بەرە دەگەشێمەوە. جومعەش لە ژوورەکە هاتۆتە دەرێ. لە بەر دەرکێ لە سەر گاشە بەردێک بەرەورووی زەریا هەڵکورماوە. زەریا لە رووانگەی دایە. لە پشتەوە تێی دەڕوانم. گاشەبەرد شاخێکە و جومعە کەڵێکە لە سەر ئەو شاخە. لاقەکان و لە زگ بەرەو خواری تێکەڵ کێوە، شان و مل و سەری کەڵ تێکەڵ ئاسمان و ئەستێرەکان. وادەنوێنێ سەری کەڵ لە نێو پۆلی ئەستێران دا یان خەریکی شەڕ و بەربەرەکانێیە، یان لە راوی ئەستێران دایە!

لە تاریکایی تەنکی شەودا هەمووی ئەم تابلۆیە لە نێو هەور و مژ و

نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

دووکەڵ و تارمایی دا دێتە بەر چاو. لەگاشەبەرد دەچمە سەرێ و لە شانی جومعە دادەنیشم. کات بۆ ماوەیەک لە بێدەنگی دا تێپەڕ دەبێ! نازانم دەمەوێ چی بڵێم، بەڵام لەگەڵکوو وشەی «جومعە» بە سەر زبانمدا دێ، جومعە بە هێز و توانای خۆی دەنەڕێنێ: جومعە و ژەهری‌مار! چە جومعە جومعە ئەوژێ؟ مە ئەرای ئی خەلک غەوارە و نامۆ جومعەم، نە ئەرای تۆ. ناومە لە وڵات خوەم، لە ناو هاوەڵان خوەم شاهۆ بید! تا بە ئاخەر زەمانیش ناومە شاهۆوە. تووش وەمە بووژە شاهۆ، حاڵی بیت یان نە؟ شاهۆ.

دەی باشە برا، بۆچ تووڕە دەبی کاک شاهۆ! بەڵام پێم بڵێ بزانم کاتێ لە مەوبەر بۆچ دەگریای؟ ئەرای مردن هاوەڵانم ئەگریام. تۆ نەزانی لە ئاخر شەڕ ناو دارستان و چیا، ئی مەزلوومانە وە چ قەرار وەکوشت چین و شەهید بین. تۆ نەزانی. کەس نەزانیەت! مەیە خود مە. ئاخ.... شاهۆ دیسان دەکەوێتە گریان. دیسانیش شانەکانی هەڵدەتەکێن و تەواوەتی جەستەی دەلەرێننەوە.

چ ناڵێم، دڵنواییش ناکەم! لێی دەگەڕێم تا دەتوانێ بگری و ناخی خۆی هەڵڕێژێ. پاش ماوەیەک بێ‌دەنگی و هێدی بوونەوەی شاهۆ، لە سەرەخۆ دەڵێم: کاک شاهۆ هەر لە بیرەوەری و فکری خۆت دای. هەر خەمی خۆتە و بۆ خۆت دەسووتێی. ئیدی نازانی ئەم برا چووکەیەت لەم دۆزەخەدا چۆن دەسووتێ و دەتوێتەوە! براکەمێکیش لە خەمی خەڵک دابە! ئاخە تاکەی لەم دۆزەخەدا هەڵکەم؟

برام سامرەند ئیشتباکەی. شاهۆ ئی چزیرەی ئەزانی ئەرای چی پەسند کردە؟ ئەرای مەرگ! لە پاش ئی گشتە کوڕگەل خاسە، چەژین؟ چە ژیان؟ خەم توەشم هەس. مە حازرم. هەر وەخت و هەر زەمان تۆ تووای بچی مە حازرم. تەنانەت مۆتۆر زیادی و شوێن چووینەکەشم نیشان

کردەسە!

دەک بژی کاک شاهۆ، فرە سپاس. هەر ئیمشۆ چونە؟ حازری؟ بەڵام تەنیا نیم. دەسگیرانەکەشم لە گەڵمدایە. تاکوو نیو سەعاتی دیکە لەگەڵ هاوڕێ و دایکە مرواری و بابی خۆی دەگەنە ئێرە. شاهۆ تێک دەچێ. ڕەنگی روخساری ڕەش هەڵدەگەڕێ. ئاخێک هەڵدەکێشێ، بزەیەکی دێتێ و دەڵێ: دەسەکانت دەرد نەکا کاکۆ! کوودەتا وە من کەی؟ شەوێخوونم ئەدەیت؟ یەی ڕۆژ دووان زووتر بەقانەکردت وەمن بیوژی؟ ترسایت چیمە پاسگە و هەواڵ بەم. دەپەڕمە نێو قسەکەی: نانا بە سەری شاهۆ وا نیە. براشاهۆ تۆ نەترسی، کەللەشەقی. ترسی من هەر ئەوە بوو کە تۆ نەترسی و ئەم قسە لەم لاولا باس بکەی و قسەکە بەگوێی پاسگە بکات و بەرگریمان بکەن. شاهۆ دێتەوە سەرخۆ. گوڵی بزەیەک لە روخساری‌دا دەپشکوێ و دەڵێ: زانم، مە دەم وازم، دەم مە قولف نەیرێ! بەڵام ئی کارە ئەرای خواردن و کارگەل ساناکەم، نە کارگەل گەورە!!

لە لێوارەی زەریاوە تارمایی چەند کەسێک بەرەو ئێمە دێن. دەبێ خۆیان بن. هاوڕێ و زەریا و... دەگەنە پێشێ. خۆیانن. سلاو و هەواڵپرسی. ماچ و مووچ و گەردەن ئازایی. ڕەنگ بە رووویانەوە نەماوە! شاهۆ چۆتە ژوورەکەوە خۆی ساز دەکات. زۆری پێ ناچێ، دێتە دەرکێ و هەرا دەکا: مە حازرم. بابی زەریا دەڵێ: کاتی خاوە خاونیە. ئێمە لێرە بەو لاوە نایەین. با سەرنجی هیچ چاو و گوێیەک ڕانەکێشین! بڕۆن خوا ئاگادارتان بێت. هانام بۆ خوا، بە دوعا. دەنگی پیاوانەیە. دیارە سەرما و گەرمای ڕۆژگاری چەشتووە! دایکە مرواری مات وبێ‌دەنگە. دایک و خوشکەکەی زەریا دەگرین. سەر لە نوێ جارێکی دیکەش ماچ و مووچ و گەردەن ئازایی و ماڵ ئاوایی! ئەمجار وەڕێ دەکەوین. شاهۆ لە پێشەوە، من

و زەریا بە شوێن ئەودا.

لە مــاڵە لارووخــاوێکەوە کـەڵەشێرێک تیـی دەتـوورێنێ .زۆر زوو بێدەنگ دەبێ و لەم لاو لا دەپازدە مریشک وەک کەڵەشێر تیی دەچریکێنن! دەک بە نەحلەت بن، دەستیشم ناتان گاتێ سەرتان هـەڵ کـەنم! ئـەوەش رەخی زەریا. سـەمای بـە شـێنەیی شـنەی شـەوان، سـەر و گـوێلاکـمان رادەمووسێ. دەگـەینە شـانی لۆتکـەیەکـی بـیچکەی مـاتۆڕی. هـەر لەو لۆتکەیە دەچێ کە چەند شەو لە مەوبەر لە خەونەکـەمدا سـازم کـردبوو! سوار دەبین. شاهۆ دەڵێ: کاکۆ سامڕەند، یەی چەند دەققە وە سەوڵ لێدان ئەچیم تاکی دەنگ مۆتۆڕ ئی لووتکە وەگووش نامەحرەم نەچیت! سەوڵ بە دەستەوە دەگرێ و: یاهوو، وە ئومیدە هەق.

لۆتکە وەڕێ دەکەوێ. نەرم و هێدی دەڕواتە پێشێ. هەستێکی سەیر نـاخم دادەگـرێ. دڵـم پـڕ دەبـێ! پشت لە زەریـا و شـاهۆ، بـەرەو درگـە رادەوێستم. ئاخ لەو مدەو ماوەیە کـە لەم دۆزەخـەدا رامـبووارد! کـوڵان و توانەوە لە نێو ئاگردا، برسێتی! خۆزیای ژەمێک تێر و تەسەلی ، ئیشتیای مــانگێ جــارێک بــترییەک ســاردی، پیاڵەیەک بـەستەنی، خـۆزیای چاوپێ کەوتن و قسە و باس و هەستان و دانیشتن لەگەڵ هاوەڵانی منالی و لاوی و نووسین و متالاکەم، دڵم پڕ لە ئێش و ژانی زامی ئەم چل ساڵە ژان و ژینەیە. خۆ قەتم روخساری ژین نەدی و قەت جیهان بـە دڵـخوازی مـن نەگەڕا. ژیانم هەر ژان بوو! ژانـی هـەمووی ئـەو شـتانە و ئـەو کـەسانەی نەمدەویستن! ژان بە دەس زۆردارەوە، بە دەست لۆمەکەر و هاوەڵانی بێ وەفا و بێ بەقاوە! ژان لە خراپـە و نـاحەز و نـاپەسند! ئـەوا دەڕۆم. بـەرەو وڵاتەکەم. بەرەو خزم و کەس و هاوەڵ و جیهانی تایبەتی خۆم. بەرەو ئەو وڵاتەی هەموو بۆ مـن بـیرەوەرییە! بـەرەو بـاخە رەزەکـەم. خـۆش یـان

ناخۆش، ژین یان ژان هەستی زیندوو بوونم ئەدەنێ. چەنێکم پێ خۆشە هەر ئاوا کە لۆتکە بێدەنگ دەڕواتە پێش، هۆنراوەیەک لە ناخی دڵ و مۆخمەوە هەڵقوڵێ و بە سەر زیانمدا بخزێ و بێدەنگی شەو تێک شکێنێ! زەریا، شاهۆ، گوێتان لێمە؟! بەرەو ئەوان وەردەسووڕێم و دیسان دووپاتی دەکەمەوە: شاهۆ، زەریا گوێتان لێمە؟ لەم کاتەدا کە بەرەو رزگاری دەڕۆم، تەنیا ئاواتێکم هەیە! ئەویش ئەوەیە هۆنراوەیەک لە گوێنی ئاوی سارد و زولاڵی کانیەکانی ولاتەکەم لە کانی دڵمەوە هەڵقوڵێ و بە سەر زبان ولێوەکانمدا شۆڕاوگە ببەستێ و تەواوی مەزراکانی جیهان ئاو بدیژێ! ئاوەکەی تێکەڵ ئاوی هەموو کانی و کارێز و رووبارەکانی جیهان بێت و بە رووبارەکاندا بچێتە ئامێزی زەریا و ئەقیانووسەکانەوە. هەموو شۆرەکاتەکانی جیهان تێر ئاو کات، هەموو کانی و کارێز و بیرەکان پاراوکات، توونیەتی و نەزۆکی‌یان بفەوتێنێ! خۆزیا دەمتوانی جگەرەیەک بە لا لێومەوە بنێم کە تاکوو دووا هەناسەی عومرم تەواو نەبوایە و لەو کات و رووباڵەتەشدا چیرۆکێکم بە دەس و قەڵەم نووسینەوە بایە و بە زبان بۆ حەشیمەتێکی زۆرم بخوێندبایەوە، کە تەواو بوونی نەبایە! ئاخ لە ورشە و پرشنگی ئەو ئەستێرەیە کە هۆوەتا لە سەر دوندی کۆسارە بە تەم و مژەکەوە چاو برکێن‌مان لەگەڵ دەکات! تۆ خودا ئێوەش وەک من ورد ورد لێی بڕوانن. دەڵێی لە خۆشی و شادی ئێمەدا ئاگرێکی گۆگردیی کردۆتەوە. چەنێکم پێ خۆشە عەیامێک بێت کە بتوانم ئەمشەو، ئەم زەریا و لۆتکە و ئەم کۆسارە سەر بە موخارە و ئەم ئەستێرە گەشە و ئەم سێ هەوارچی‌یە دڵ پڕ لە ئاواتە لە چیرۆکێکدا بگونجێنم. بەسەرهات و تاسە و خۆزیاکانیان نەخش کەم. ئاخ چەنێکم پێ خۆشە فەلسەفەی رزگاری ئینسان بنووسم. ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەم گشتە کەند و کۆسپە بدۆزمەوە. چەنێک ئاواتە

خوازم ژیان و جیهان وەکوو هێشووە ترێیەک لە نێو هەرتک پەنجەکانمدا بگوشم و دلۆپ دلۆپ ئاوە شیرنەکەی هەڵلووشم! وەندە ئاوی‌ترێ هەڵلووشم کە تاوەکوو رۆژی مردن نەمزانی‌بایە برسێتی و تووێتی و رووت و رەجاڵی چیە؟

ئاگا دەکەم شاهۆ بە مەترسی و پەرۆشەوە لە چوارەندەورمان دەڕوانێ. زۆری گوێ لە من نیە. قسەکردنەکەم وەک وڕێنەی لێ هاتووە. وڕێنەیەک وەک لایە لایە بۆ دڵی خۆم. نازانم دەنگم دەگاتە گوێی زەریا یان نا؟ دەبێ بڵێی هەوای لای خۆمان ئێستاکە چۆن بێت؟ زستانە یان هاوین؟ باخە رەزەکەم چی بە سەرهاتووە؟ داخودا هاوەڵان حەولیان بۆ ئاوەدان کردنەوەی داوە یان نا؟! ئاخ چەنێک چاوەڕوانی شۆڕا بووم و نەهات! تۆخوا بڵێی کەڕەتێکی دیکە تووشی بم؟ کەنگێ؟ لە کوێ؟ زاگرۆس چی؟ ئەویش لە مێژە ئەو گەرم و گوڕیەی جارانی نەماوە. لەم دووایانەدا خێرا خێرا دەیگوت: چ ناکەین، کلا نشینین، حەول نادەین. باخە رەزەکانمان لە بیر نەماوە. بۆ ئاوەدان کردنەوەی تەقەلایەک نادەین! یەک دوو جار قسەمان لێک هەڵبەزیەوە! جیاوازی بیر و بڕوا و بۆچوون لە وتەکانماندا خەریک بوو رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو. هەربۆیە لەم دووای‌یانەدا هام و شۆی کەم کرد بۆوە!

دێمەوە سەرخۆ! لۆتکە بێ دەنگ دەڕواتە پێشێ. ماتۆڕەکەی هەڵکراوە. زەریا و شاهۆ خێرا خێرا لە چوارەندەور دەڕوانن، ئەویش بە مەترسی‌یەکی زۆرەوە. زەریا ئارەقەی کردووە. ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ لە نێو چاوان و لاجانگ و روخساریەوە بە سەر سنگی دا دەتکێ. دەمەوێ بیکەمە جەفەنگ و قسەیەکی خۆش بگێڕمەوە، بەشقەم مەترسی‌کەیان بڕەوێ. بەڵام لەگەڵکوو دەم دەکەمەوە، پێش ئەوەی تاقە پیت و وشەیێک لە

دەمم بێتە دەرێ، وێزەی گوللەیەک بە بن گوێمدا رامدەچڵەکێنێ. یەک بە خۆم هەرا دەکەم: زەریا لە تەختی لۆتکە راکشێ. خۆشم رادەکشێم. چاوم لێیە شاهۆ لووتی لۆتکە بەرەو دوواوە دەسوورێنێ. هەرای دەکەمێ: راکشێ، شاهۆ راکشێ: ئاگام لێیە شاهۆ شوێنەکە تێک ئەدات. خوار و خێچ و لار و لۆر دەڕوا. بەرەو درگە ناڕوا! لە درێژایی زەریادا بەرەو رۆژهەڵات دەفڕێ. لۆتکە باڵی گرتووە، دەنگی دوو ماتۆڕی لێوە دێت. وەک باڵندە بە سەر ئاوەکەدا دەفڕێ. هەست دەکەم چەند لۆتکە ماتۆڕی دیکە بە دووامانیدا دێن. لەو لۆتکانەوە بێ وچان گوللەمان بە سەردا هەڵدەتۆقێنن. جاروبار دەنگێک دێتە گوێم. بەڵام لە بەر دەنگی ماتۆڕەکان حاڵی نابم چی دەڵێ! شاهۆ جاروبار سەرێک هەڵدەبڕێ و تەمەشایەکی دەورانـدەوری خـۆی دەکـات. زوو زووش بـەرەو ئێمە لا دەکاتەوە. دڵخۆشیمان ئەداتەوە: نەترسن، گوللە موللە وە ئێمە ناکەویت! خوەیشیان وە ئێمە ناگەنۆ. لۆتکەی مە جووت مۆتۆرەس.

چاوم لە شاهۆیە، بێ مەترسی، سەر هەڵدێنێ و شوێنی خۆی دیاری دەکات! خوار و خێچ و بە شوێنەونکێ دەڕوات. ئاگا دەکەم بە جێگەی تەنکاودا دەڕوات. چەند چەلان و لە چەند جێ وام هەست کرد، لۆتکە لە خـیزی تـەختی ئـاوەکـە خشـا! هـەرا دەکـەم: شـاهۆ، شـاهۆ، تـەنکاوە، لۆتکەکەمان لە خیز خشا، وریا بە وەرنەگەڕێ. پێکەنینی تـاڵی شـاهۆ بـە دووی دا: لە بی خەوەران کەشکەک سەڵەوات! کاکۆ گیان فرە وەختە زەریام وەجێ هێشتە! ئێسە مە هاین وەناو پاشاو. مە ئیرە خـاس بـەلەتم. وەنـاو جەگەندا ئەچم، وە تەنکاو دا ئەڕۆم. وەکەنار کـەندەلان و کـەندەلاوەیـاڵ ئەفڕم.

مە بەڵەتم، ئی یانە ئێرە بەڵەت نین. ئێسە لووتکەیان وەخیز نیشیەت،

یان چەپ بیت. ئاگا دەکەم بە قەراخ کەندااڵ و کەندەڵان دا دەڕوات. جێ جێ لە خیز دەخشێ. بەڵام چ خۆی شلوێ نات. مەترسی نیە. شاهۆ هەروا لۆتکە ڕێوی‌پێچ دەکات. هەستاوەتە سەر ئەژنۆ. منیش کە خاترجەم بووم. زەریا ناترسێ، دەچمە شانی شاهۆ. زۆر هێدی و هێمن و لە سەرەخۆیە. لە پاشاو را دیسانەکە بەرەو زەریا دەگەڕێتەوە. بەڵام نەک بە ڕێگەی هەوەڵماندا، لە لایەکی دیکەوە! لۆتکەمان بە شوێنەوە نیە. دەنگیشی نایە. دەگەینەوە سەر سنگی زەریا. دوو ماتۆڕەکە هەرتکیان کار دەکەن. رەوت و رۆینی لۆتکەکەمان زۆر توند و بە پەلەیە. هەر سێکمان وەک هەوەڵ لە سەر جێگەکەمان دادەنیشین. بەرەبەرە هەست دەکەم بەرەو درگەکەی خۆمان دەچین.

بە چی دا و چۆن؟ ئەوە نازنم! بەڵام وا هەست دەکەم. هەستێکی نامۆ لە ناخمدا دێ و دەچێ. نازانم شادم یان خەفەتبار؟ لەش سووک و رەزام یان داگیراو و شێواو. لە چرکەی سەعاتێکدا دەمەوێ بشگریم و پێش بکەنم! گۆرانیش بڵێم و بە بالۆرەش خۆم بلاوێنمەوە. چەپڵەش لێدەم و بە هەر دوو دەست قوڕیش بە سەر داکەم.

شاهۆ چ نالێ. جاروبار ئاخێک هەڵدەکێشێ. رەنگی روخساریم لێ نەدیارە! ناخ و دەروونیم لێ ئاشکرا نیە. نازانم لە نێو خۆیدا لە چ حاڵ و هەوایەکدایە؟! بەڵام زەریا بۆتە بەرد. بڕێ جار بە شەرم و ترسەوە لێم دەڕوانێ. وەک پەیکەرەیەک لەسەر جێگەی خۆی دانیشتووە. جۆباری باریکی ئەسرینێکی گەش لە سەر گۆناکانیەوە، بە ئەستۆ سەوزە و سپیەکەیدا بەرەو دۆڵی نێوان سنگ و مەمکۆلانی شۆڕاوگەیان بەستووە.

ناخ و دەروونی زەریا چەشنی کاغەزێکی نووسراوە لە بەر چاوم روون و ئاشکرایە! بیر لە من و حاڵی من دەکاتەوە. بە شادی و رەزای من

شادە و لە خەم و خوریەی من دڵمەند و بە ئەندێشە. خۆی لە بیر نیە! بیر لە خۆی ناکاتەوە. هەر لە خەم و خوسپەی مندایە. دیسانیش نیوە ئاشکرا و نیوە دزە بە شەرم و ترسەوە نیگایەکی بە پرسیاری دیکەم دەکا. دەڵێی لێم دەپرسێ: چ بکەین! چ کەردەن بین؟ خەفەتبار یان کەمتەرخەم و بێ خەیاڵ؟

پتر لە نیو سەعاتە لە سەر زەریاوە بەرەو دڕگە دەگەڕێینەوە. ئەوا گەیشتووینەتە شوێنێک کە بۆ هەر سێکمان دیوناسە. لێوارەی گراوەکەی خۆمان! سەعات لە چواری بەرە بەیاندایە. کە لۆتکە لە جێگەی تایبەتی خۆی رادەگرترێ. شاهۆ بە وەندی یەک و دوو یەکێ لە ماتۆڕەکان لە لۆتکەکە دەکاتەوە. بێ ماتڵی و راوێستان دەڵێ: خێراکەن، نەمانبینن. بەرەو ماڵەکەی شاهۆ وەڕێ دەکەوین. لەگەڵکوو دەگەینە شانی گاشەبەردەکە گوێم لە سرت و خورتی دەنگی چەند کەسێک دەبێت کە لە پشت ماڵەکەی شاهۆوە بەرەو ئێمە دێن.

دەگەنە پێشێ. دای و بابی زەریا و دایە مرواری و هاوڕێن. شاهۆ هەمووان خوڵقی ژوورەکەی دەکات. خۆی لە پێشەوە دەڕوا. کلیلی کارەبا لێ دەدرێ و چرا هەڵدەکرێ. هەموو پێکەوە خۆ بە ژوورەکەدا دەکەین. بە حاڵە حاڵ جێمان دەبێتەوە. مات و بێ دەنگ دادەنیشین. شاهۆ کەتری پڕ لە ئاو دەنێتە سەر والۆڕ. لە رەنگ و روخساری ورد دەبمەوە! مەترسی یان خەم و پەژارە سەر و گوێلاکی وەک کافوور سپی کردووە. رەنگ بە روخساریەوە نیە. دادەنیشێ و روو دەکاتە دای و بابی زەریا: کاولاش دەورێشە! شەرمەزارەم لایەق ئێوە نەیرێ. وەگەورەیی خوەتان ببوورنمان. پیری، دەسەو وەستانی، غوربەتی فرە شەرمەزار دۆس برایەلم کات!

بابی زەریا پیاوانە قسە لە دەم شاهۆ دەڕفێنێ: برا ئەم قسانە منالانەیە.

پیاوەتی و برایەتی ئێوە لەگەڵ کاکۆ سامڕەند بۆ ئێمە لە گەنج و خەزێنە بایەخدارترە. ئێمە شەرمەزاری تۆین.

شاهۆ رووم تێدەکا: مە گشت ئەزانستیم دەرچین ئیمکان نەیریٚ! زەریا خانم، دای و باب زەریا، دایکە مرواری، هاوڕێ، جاسم، مە خوەمان گشت ئەمە زانستمان چینە قاچاقی وە ئی دڕگە قەیر مومکینە. تەک خود تۆ ئیسە باوەر نەیری. کاکۆم! ئیرە رووژ و شۆ، دایم و دەرهەم هاوەگەماروو، وە ژیر چاودیری. فرە کەس وە ئی رێیە وەکوشت چینە. فرە کەس زامار و ناقس بینە. فرە کەس دەسگیر و بەندی بینە. هەڵاتن قاچاق وەئی دڕگە رێ نەیرێ. مە گشت ئی‌یە زانستمان. ئەرای متمانەی تۆ ئی‌کار کردمان! ئێسە تۆ چەوژی؟ یەی گلە لووتکە دیرم، یە روح هەر دوو فەدات کەم. چوەن تووای مە هام وە خزمەت تودا. تووای یەی بار، دووبار، دهە بارە تریش بچیم! مە حازرم!

سەری قسە دادەمەزرێ. شاهۆ، دای و بابی زەریا، دایە مرواری و زەریا و هاوڕێ و جاسم هەموان بە نۆرە بیرەوەری خۆیان لەو شاربەدەرانەی ویستوویانە هەڵێن و نەیانتوانیوە، دەگێڕنەوە. دەیان رووداوەی راکردن و نەتوانین باس دەکرێ. باس لە سەر باس و قسە لە پشت قسە وەبیر دێننەوە و دەیگێڕنەوە. دایە مرواری چایی تێ دەکا و جاسم چایی‌مان پێدا دەگێڕێ.

بەیان لە ناخافڵ دەرکمان پێ دەگرێ. بێجگە لە من و شاهۆ کەس لە ژووردا نامێنێ. هەموو بەرەو ماڵی خۆیان دەڕۆنەوە. لەگەڵ شاهۆ بەرەو رووی یەک دادەنیشین. شاهۆ بەر دەبێتە وڕێنە!: گشت ترس مە ئی‌یە بید، وەبان زەریا و لووتکە دەسگیرمان کەن. ترس مە ئی‌یە بید ئەگین دەسگیربایین، سامڕەند ئەوژێت شاهۆ مەهاورد دای وە دەس پیاگ

دەوڵەت شاهۆ نامەردەن، هاو دەست پاسگەن. ئاخ چەنێک ئـی تـرسەم بید!!

کاکۆ مە زانم، تۆ نەزانی ئی خیزەلاڵ، تەنکاویەل، ژێری کـەنداڵ و کەندەلاّن یەل مە وە قەراخیاندا گوزەر کردمان، چەنێک پڕ مەترسی بید. فکر کەم یەک دوو لووتکە ئی قەراوڵیەلە چەپ بیدە. حەتمەن کەفتنە ناو ئاو زەریا. لە کوو؟ لە ئی تەنکاو خیزەلاّنیەلە. مە ئاگاکردم وەکوورەو دییە وەشوێن مان نەهاتن. وەگیان ئی کاکۆ سامڕەندە، یەی مانگەی مە شوێن ئی زەریـایە تـاقی کـەم! رێ نـیشان کـەم. گشت مـەترسیم وە رووزەردی خزمەت تۆ بید. زانی چەس؟ یەی چت ئەرات بـاوژم. ئـەگـین وەخـەتەر کەفتبایم وە ئی دەمانچە شەڕ ئەکردم.

دەست دەبـات و لە ژێـر کـراسەکـەی دەمـانچەیەک دەردێـنێ. هـەڵدەستمە سـەر پێ. تـف لە دەمـمدا وشک دەبـێ، رەنگـم دەپـەڕێ. فرمێسک بە روومەتمدا شۆڕاگە دەکات. دەزانم لە ناخی ئەم هەژارەدا چ باس و خواسە. باوەشی پێدا دەکەم: کوڕە شاهۆ تۆ چاوی مـنی، روحـی منی. دەیان جار زیاتر دەست و دەم و نێو چاوانی ماچ دەکەم. شاهۆ باب و برا و بڕبڕەی پشتی منی، من برا چوڕکەی تۆم. ئاوا بیر مەکەوە، من خۆم هەموو شتێک دەزانم. ساڵەوەختێکە بە شوێن ئەم کـارەوەم. تـۆش بـاش دەناسم. مەگین تۆ لە ساڵی سیفردا لەگەڵ شـۆڕا لە دارسـتاندا دووسـێ مانگ پێکەوە نەبوون؟!!

لە نامەیەکدا بۆ شۆڕا باسی تۆم بۆکردبوو. شۆڕا تۆی لە خۆت باشتر دەناسی! لە وەلاّمی نامەکەمدا زۆری باسی تۆکردبوو. شۆڕا.....

هەست دەکەم مووچڕک بە ئازای لەشی دا دێت. لە باوەشم دەچێتە دەرێ. بە مۆڕەیەکی سەیرەوە تێم دەڕوانێ: چی؟ کێ؟ تۆ شۆڕا وەکوورەو

ناسی؟ تۆ خوواکەت تۆ هاوەڵ شۆڕای؟ شۆڕا زیندەن؟ رزگارەن؟ وەبەند نین؟ ئەی برا تۆ ئەرای چی وەگرد مە لە شۆڕا باس و خواس نەکەی؟! دادەنیشێتە سەر چۆک، دەستەکانی هەڵدێنێ:.خوایە شوکر، خوایە هەزار بار شوکر.

لە ژێر لێوڕا دەست دەکا بە وڕێنە و دوٚعا. لە پاش ماوەیەک، ئەژنۆیەک لە سەر عەرز و ئەژنۆیەک لە حەوا رووم تێ دەکا: شۆڕا لە ناو مەدا پێغەمبەر بید! نەک هەر لە ناو کوڕەکان دارستان، نەوڵلا شۆڕا لە ناو گشت کۆسار و دارستان و خەڵک ئاوایی‌یەکان پێغەمبەر پاکی و برایەتی و ئازایەتی بید. خوەی نەتوانێ بپەرەستنی، وەلیللا گشت خەڵک شۆڕا ئەپەرەستیان. مە سێ مانگ تووا و کێفا و کێف، دۆلا و دۆڵ، گوندا و گوند، لەگەڵ شۆڕا لە جەولەدا بیمە. شاهۆ برا بیچکەی شۆڕان، ئۆمەت و مورید شۆڕان! ئاخ شۆڕا تو وەکوورەی برا، وە دووریت کوویر بام، کوویر، کوویر.....

لە قڵپەی گریان ئەدا و دەڵێ: تو خوواکەت شۆڕا زیندەن؟ کوڵی گریانێکی بە کوڵتر هەموو ناخم دەهەژێنێ. شاهۆ لە کوڵی گریاندا هەر بە وڕێنە بیرەوەریەکانی لە شۆڕا دەگێڕێتەوە. دەگری و لە سەر چۆکی خۆی رادەکێشێ. لە پاش ماوەیەک سوکنایی دادێ، هێدی دەبێتەوە. بڕێک باسی شۆڕا دەکەین. ئیزنی لێ دەخوازم و لە ماڵەکە وەدەر دەکەوم. دیسانیش وەک هەمیشە خولێکی شەقام و ئیمزای دەفتەری پاسگە و رووەدەکەمەوە لێوارەی زەریا. تۆ کێی شۆڕا؟ چ کەسی؟ چ کارەی؟ خەڵکی کوێی؟ کوڕی کێی؟ ئەوی کتێبی باشە نێوی تۆ، تاریفی تۆ و بەسەرهاتی تۆی تێدایە!! هەر کەس ئینسانە، ئازایە، لە دەست دێوەزمەی زوڵم و زۆر و برسێتی و نەزانین و رەشایی بەهاوارە، دەست پەروەردە و قوتابی و هاوەڵی تۆیە. تۆ

چەند ساڵت سونحە؟ چەند جاران هاتوویەتە سەر دنیا؟ لە چەند شوێن و وڵاتـاندا هـەڵسووڕاوی؟ بـە شـوێن چـی‌یەوەی شـۆڕا؟ کـێی و لە چـی دەگەڕێی؟ شاهۆ راست دەکات؟! خەڵکی دارستان و شار و گوند و چیا و دۆڵەکـان چـی؟ تـۆ پـێغەمبەری؟ ئـەو پـێغەمبەرەی وا خـۆی لە خـۆی و پێغەمبەریەتی خۆی حاشا دەکات! دەزانی پێغەمبەرێتی چـی؟ خـاوێنی، بەرانبەری، ئازایی، برایەتی.

هەمدیسان دوو پات بوونەوە! رووالەتێکی تـازە و مـانایەکـی کـۆن. بەشەر لە سەر کوورەی زەوی: شاربەدەر! لە باوە ئادەمەوە تاکوو من، لە منەوە تاکوو دنیا ببێت و بمێنێ، تاکوو قیامەت! تـاکـوو هـەزارەهـا تـر و تەوێڵەی دیکەی پاش ئێمە. لەو چرکە ساتەوە باوە ئـادەم لە بـەهەشتەوە شـاربەدەری زەوی کـرا، چـارەنووسی بـەشەر بـە شـاربەدەری نـووسرا. تۆرەمەی باوە ئادەم هەموویان بێ جیاوازی شاربەدەرن. بڕێ کەس لێ‌یان حاڵی‌یە و بڕێکیان لە تاریکی دان. متمانەیان نـیە! لە شک و گـومان دان. بەختەوەر و چارەرەش، حـاکـم و بـەر حـوکم، هـەموو لە گـوێنی یـەک، چارەنووسی باش و خەراپیان شـاربەدەری‌یە. بگـرە لەم کـێشەیەدا بـڕێ کەس خۆیان پێ بەختەوەر بێت و بڕێ کەسی دیکە هەست بە دوواکەوتن و چارەڕەشی بکەن.

بەڵام ئەگین بیر بکەینەوە، ئەگین هەموو کەس بیر بکاتەوە، بۆمان و بۆتان و بۆیان روون دەبێتەوە هەموو شاربەدەرین، شـاربەدەر گـەلێک بـە ئاکامێکی تاڵەوە، مردن. تخل بوون و یەخسیر بوونی نێو گۆڕێکی سارد، رەش، قووڵ، تـاق و تـەنیا. رزیـن و گـەنین. هـەپروون هـەپروون بـوون و هەشاوڵی کرم و مار و مێروو. لە تەنیایی خۆتدا، لە مەزڵی ئاکامتدا، دەبێ خانەخوێی کرم و مشک و مار و مێروو بی. لە سەر تەرمت بە رمبازێن دێن

و دەچن، هەڵدەبەزن و دادەبەزن. دیلان دەگێڕن و پێست و گۆشتت مسقاڵ مسقاڵ دەپچڕن. کرم لە مۆخت دەخوا، مشک مێشکت هەڵدەلووشێ. مێروولە بە سەر کەوڵت دا دێ و دەچێ، مار لە ژێر باخەڵ و لە نێو کەڕراکەی سەرت دا مەزڵ دەگرێ. چت لە دەست دێ؟ جگە لە ژان و دیق و وەرهەم هەڵ هێنان. جگە لە رووانین و وزەهێنان و هەڵ کردن. دەرەوەی نیو گۆڕ و نیو گۆڕ هەر مانایەکە! هەر وەزیعەتێکە. ئێمە جیاوازییان لە نێوان دادەنێین. ئێمە پێمان وایە جیاوازییان لە نێوان دایە. مەگین لە کات و ساتی لە دایک بوونەوە تا کوونێ مردن لە سەر دنیای روون، شەو و رۆژ، دایم و دەرهەم سەگ و پشیلەت هەر لەگەڵ نین؟ مشکت هەر لە کونە دیوار و بن میچ و هەر بە دوواوە نین؟ کرم و زەروو هەر لە گۆشت و ئێسک و پێستت نالەوەڕێن؟ چت لە دەست دێ؟ چت لە دەست هاتووە؟! مەگین داخ و دیق و خەم و خوربە و ژان و وەرهەمت لە سەر دنیای روون کەمن؟ ئاخ ئینسان تۆ چی؟ تۆ چی؟ چ دوور نەڕۆین، کاک شاهۆ تۆ کێی؟ تۆ چی؟ چ کارەی؟ لەم دنیا چت دەوێ؟ بە تەمای چی؟ ئاوات و هیوات کامەیە؟ چاوەڕوانی کێی؟

هەموو حەول و تەقەلات بۆتە ئەوە دەببەیەک ئاوی تاڵ و چوار نان و پیاڵەێیک پەنیر بۆ ئەمڕۆت تەیار کەی و سک هەڵمسێنی! کەللەت گەرم دابێنی، با بزانین تاکوو سبەی کێ مردوو کێ زیندوو! بۆچ نەچین و بانگەواز نەکەین. هۆ خەڵکینە ئێوە هەموو شاربەدەرن، دەردەدارن، هاودەردن، هەموو ئاکامتان مردنە. گەزێک گۆڕ و دووگەز جاو یان هومایی. دەسا ئیدی رووڕەشی و دزی و دەغەڵی بەسە. دوژمنایەتی و فڕ و فێڵ و لە تەرمی یەکدی لەوەڕان بەسە.

بەڵام ئای ئای تۆ خودا بڵێی من شێت نەبم؟ بڵێی شێت نەبووبێتم؟

ئەوە دەڵێم چی؟ قسە بۆ کێ دەکەم؟ مەبەستم لەم ورێنە و چەنەوەڕیە چیە؟ دەمەوێ چی بە کێ بڵێم؟ خەڵک هەموو لە من بە ئاگاتر و حاڵیتر و روونترن! دەیجا کەوابوو، ئەی من قسە بۆ دەکەم؟ خۆ بڕواشم بە مژۆلیایش و پڕوپاگاندە نیە! دەجا دە بڕۆ سەر لە بەرد دە! خۆت لە قوڕ گرە، خۆت لە قوڕهەڵکێشە. ساتێ دامرکێ. بڕۆ سەر بنێوە، پشوویەک بدە، چاوێک بنێ سەریەک. کێ من؟! ناتوانم، ناتوانم نا،نا،نا.

وا باشترە بڕۆمە سەر گاشە بەردەکەم، ئەوی دوێشەو لە خەوما لە هانایا لۆتکەم ساز دەکرد! ئاخ حەیف و خەسار... ئەی مەخابن! چ خەیاڵ پڵاوێک؟ چ خەونێک؟

لۆتکە! راکردن.... دەرباز بوون لەم گراوەیە.... لەم دڕگە و لە شاربەدەری.... نابێ کاکی خۆم نابێ. دەست نادا.... لە توانای کەسدا نیە! دەست بەردار بە.... من دەست بەردار بم؟ بەڵێن بێ تانێو گۆڕیچەی مەزارم دەستهەڵگر نەبم! چارەنووس؟! وا دیارە چارەنووس تۆی بە خەڵکی ئەم چزیر و گراوە لە قەڵەم داوە. ئەی بەس دیداری دۆستانم؟ خزم وکەسانم؟ دای و باب و خوشک و برا و ئەو هاوەڵانەی سی چل ساڵ تەمەنم لەگەڵیان رابواردووە؟ هۆگری یەک بووین؟ ئەی باخە رەزەکەم؟ رەزەکانم! شەرت بێ دەست بەردار نەبم. ئەرێ بڵێی هاوەڵان چوویێتنە سەر باخە رەزەکە و ئاوەدانیان کردبێتەوە؟ یان بڵێی حەولێکیان بۆ ئاوەدان کردن و بە بەرهەم گەیاندنی دابێ؟

ئەرێ بۆ چی قەت هەواڵێکم لەو بابەتەوە بۆ نەهات و هەواڵێکم بۆ نایە؟ هەر باسی لە گۆڕێ دا نیە. ببڕای ببڕا!.... رەنگە ئەم قسە و باسە قەدەغە و قۆرغ کرابێ؟! رەنگە.

ئەمەش گاشەبەردەکە و نێوان ئەم دوو تیرەگە، راست لە سەرەو

خواری تیرەگەکەی لای ڕاست. ڕاست لە سەر ڕۆخی زەریا. ئەوا خۆریش لە مەلێ کردن تێر بوو و خەریکە خۆی لە ڕکەی باسک و سنگی زەریا ڕزگار دەکات و بەرەو حەوا دەفڕێ. خۆر و زەریا و زنجیر و زرێی زەریا لە ڕووانگەمدا و شنەیەکی زۆر بە مەیل و مێهرەبان لە ئامێزم دەگرێ.

لە سەر گاشەبەرد دانیشتووم، پان و تەخت و جێگە دارە. دەتوانم ڕاکشێم، دانیشم، تەنانەت لە سەر شان یەک دوو تلیش بخۆم و ئەم بارەوبار و ئەم لاولا بکەم. جگەرەکەم هەڵدەکەم. دەی نێم بە لالێومەوە. شەرت بێ تا کوونێ گەرمای دڕگە و ئاگری خۆر شەکەتم نەکەن، بەرەو نێو شار نەگەڕێمەوە زۆرم تەمەشای گەمی و لۆتکە و زەنا زەنای گەمیەوان و ماسیگر و ماسی فرۆش کردووە، دەبا ئەمڕۆ بڕێک لە لەنگەرگە و کەشتی‌یەکان نیزیک بم و لە زەریا و کەشتی بڕوانم. ئەم دوو هاوەڵە مێژوویی یە. دەبا ئەمڕۆ من و زەریا دوو بە دوو بین. لە تەنیایی‌یەکی دوور و درێژدا، لە قووڵایی تەنیایی‌دا. دەبا من و زەریا خۆمان بۆ یەک ڕووت کەینەوە. خۆمان بۆ یەک بخەینە سەر بەری دەست، سەردایەرە و سازێکی دیوناس!

بە ڕاستی سەیر و سەمەرەیە، هەر چەندە دەڕوانم و ورد دەبمەوە، لە ڕووانگەمدا جگە لە ورشەورش و بریقەبریقی زەریا و زرێی زەریا چ دی بەدی ناکەم و نابینم. دەبێ بڵێی ئەم زەریایە، ئەم نسکۆڵەی وا لە ڕووانگەی مندایە جێگەی چەندە شار و دێ و چەند دارستان و کۆسار بێت؟

دەبێ بە ئەژماردە و کێشان چەنێکی بە خەڵوار و تۆن ماسی و بۆق و قرژاڵ و نەهەنگ و نەقە و گیانلەبەری دیکە تێدابێ؟ دەبێ بڵێی چەندەها باڵندە لە سەر ئەم ئاوە خەریکی ڕاوەماسین و چەندەها بنەماڵە کارو ئیش و ڕزق و ڕۆزی‌یان لەم ئاوە دابێ؟

تۆ سەیرکە، بیرکەوە، بڕوانە لەم گشتە خەڵکەی بە سەر ئەم زەریایەدا دێن و دەچن. ئاخ قسەی پێشینیان، راست وایە: ئاو و ئاوەدانی. ئاو و ژین و ژیان. بارانەی هەزارەها سالگار و تۆفانەکەی نۆح جارێکیان ئەم کوورەی زەویەی تێک رووخاند. وەک بەری دەست، وەک تەختی ئەم گاشەبەردە سامالیان کرد. هەر نیشتنەوەی تۆفان و وێستانی باران و زگ و زای ئاو بۆوە هۆی پێک هاتنەوەی ژین و ژیان. شایکە ئـەم زەریـایە بـە دەورانـدەوری خۆیدا چەندەها ئینسان و ئاوەدانی وەکۆ کردۆتەوە! ئەرێ بڵێی لە بـەرەو رووی من، لەو بەری ئەم زەریایە کوێ بێت؟ کێی لێ بژی؟ رەگەز و زبان و داب و نەریت‌یان چۆن بێ. ئەرێ خۆ چ لە بیرم نەبوو ئەمڕۆ هـەینی‌یە و کەشتی تایبەتی هەوارچی و لاوەکـی و سـەیاح و قـاچاخچی دێت! ئـەم هـۆش و گـۆش و زەینـەی مـن بـۆچ وای لێ هـات؟ ئـەوەتانێ تـاکـوو کەشتی‌یەکە لە قەراخ لەنگەرگە رانەوێستا و زەنا زەنای خەڵک هەڵنەستا چم لە بیر نەبوو. ئەوا خەڵک بە تاق و پۆل پۆل دادەبەزن و رێگەی دڕگە دەگرنە بەر. دەک بژین خەڵکی ولاتانی تیشک و نوور و رووناکایی، شایکە هەر کەسەی لە رەنگێک و لەونێکی لیـباس لە بـەردایـە ! شـایکە زەرد و سوور و سپی و کەسک و سـوورمەیی و چـەنێک رەنگـی دیکـە دێـن و دەچن! هەزار خۆزیام بە خۆتان بۆ ئەم هەموو سەرخۆشی و دڵخۆشی و نەشەوگەشەیەتان! ئەوەش یەکێک لەوان کەراست رووی کردۆتە من. ملی رێگەی گرتۆتە بەر و راست بەرەو من دێ. بڵێی کاری بە من بێ و بمناسێ؟ بڵێی کاری پێم بێت؟ بەرە بەرە گەیشتۆتە پێشتر.

پیاوێکی لە دەستە پیاو کەڵەگەت‌تر،بەڵام حووج و درێژیش نیە. بـە رووالەت دیوناسە. دەڵێی لەمەوبەر دیومە. لێ گەڕێ با بێتە پێشێ. یا خودا خێربێ. هەر خێر دەبێ! شەڕی چی؟!

ئەم دڕگەیە دۆزەخەو من دۆزەخیم، کاک بریا کوتەنی لە دۆزەخیش بەو لاوە؟ نەوەڵلا و بیللا لە دۆزەخ بەو لاوەترمان نیە. دەسا کەوایە ئەی شووڵ و چرپی و داری ئەم ئاگرە بۆ تەڕە؟

بەرە بەرە دێتە پێشتر، ڕاست بەرەو من دێت. بە پەلەپەل هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە. نا، کاری بە منە. ئەو منی ناسیوەتەوە، من ئەو ناناسمەوە. ئەوە دەستی چەپی هەڵێنا و سڵاوی کرد...

دەنگێکی بەرز و خۆش، وشەیەکی خۆشتر و دیوناس: دۆستی ئازیز.... ئاخ بارانی ڕەحمەتی خودا! دەزانی کێیە؟ چنار هەزار ساڵ دەژی و تاقە جارێکی باز لە سەر دەنیشێ. من بە چل ساڵ عومرەوە ئەوە دیسان باز بەرەو من دێت! دەزانن کێیە؟.... نازانن؟ هیچتان نازانن؟ شارێکم دەنێ پێتان دەڵێم. بەلام نانا قەی ناکا شارم ناوێ، من مزگێنی و شیرنی‌تان ئەدەمێ. کاک شۆڕایە! شۆڕای پێغەمبەری کوێستان و کۆسار و دارستان. ئەو پێغەمبەرەی لە پێغەمبەریەی خۆی حاشا دەکات. مچوورکێ بە هەموو لەشمدا دێ، لە سەر گاشەبەرد خۆم حەوا ئەدەمە خوارێ. دەکەوم و هەڵدەستمەوە. بەرەو شۆڕا ڕادەکەم، لاتراسکە دەبەستم، خۆم دەگرمەوە بەرەو شۆڕا دەفڕم! باڵ دەگرم، بە دەوری سەری دا باوەخوڵی دەکەم. سێ جار لە دەوری دەگەڕێم و خۆم دەهاومە نێو باوەشی. توند لە ئامێزی دەگرم، سەرم دەنێمە سەر شانی و لە قوڵپەی گریان ئەدەم.

ئاگام لێیە بە بەری دەستی ڕاستی بە نێو شان و پشتمدا دەکێشێ و: دەی دۆستی ئازیز! تۆ چۆنی؟ چۆنی کەڵە؟ نێوچاوانی بە نێوچاوانمەوە دەنووسێنێ و: هەموو شتێ گۆڕاوە، جیهانی ئێمە داری لە سەر بەردی نەماوە! دۆستانی ئازیز ئەوی کووژرا، کووژرا! ئەوی گیرا، گیرا، ئەوی دیکە هەموو چوونەتەوە دۆخەکەی هەوەڵیان! لە سەرەخۆ بە دۆستی ئازیز،

هۆنەر و هۆنراوە، رۆمان و فەلسەفە و ئینسانیەتی‌مان بۆ ماوەتەوە. وشەی (دۆستی ئازیز) لە زمانی چەندە خۆشە. وشەی زەمانی قەدیم و سەردەمای ئەوین. ئەویندارān لە بۆرەتاری ئەوینداری‌دا گازەمان دەکردە یەکدی: سلاو دۆستی ئازیز، سپاس دۆستی ئازیز، بە دوعا دۆستی ئازیز یا خوا بە خێر بێی میوانی ئازیز، رۆژانی بەهار شەوانی پاییز*. دیمانەت بە خێر گوڵە بەهارە گاسنیش‌مان نیە. بی‌خەینە ژێر پێت! نازانم و چ لە بیرم نیە چەندە لە باوەش و ئامێزی یەکدا ئاوێزانی یەک دەبین؟ لە بیرم نیە بە چ گوفت و لفتێ یەکدی دەلاوێنینەوە؟ ئاگادار نیم چۆن و بەکام زبان و وشە و دێر و هەڵبەست هەواڵپرسی یەکدی دەکەین. لە بیرم نیە چەنێک دەگرین و چەندە قاقا دەکێشین؟

دەبێ بڵێی لەو کات و ساتی ئامێزی یەکدی دا چمان گوت‌بێ؟ چمان پرسیار کردبێ و چمان وەڵام دابێتەوە؟ شۆڕا لە باوەشم دەخزێتە دەرێ. دەست دەخاتە سەر شانم. رێگەیەکی باریک دەگرێتە بەر و دەڵێ: لە کەنگێوە بە شۆین تۆدا وێڵم! خۆم لە کەس ئاشکرا نەکردووە، جگە لە زاگرۆس. ئەویشم بەڕێی ئەو خێڵاتە کرد. - دەستی بەرەو خێڵاتەکەی خالۆ درێژ دەکا! - هەر بە هەواڵپرسی لە ئەم و ئەوێکی نامۆ لە ماڵە خۆتەوە، لە ماڵە دایە مرواری و هاوڕێوە، لە ماڵە زەریاوە - شەریک و هاوەڵێکی تەواوت هەیە! مەبارەک بێ، بەختەوەر بن - لە ماڵە چۆڵ و هۆلەکەی شاهۆوە - زۆر پیاوە، زۆر ئینسانە قەدری بزانە - شوێن و نیشانەم هەڵگرتووی و هاتووم. ئاخە پیاوی چاک رۆژی حەشر و کلا

---

* - لە فولکلۆر وەرگیراوە.

گرتن؟ یانی وەندە لە دنیا بێ هەواڵی نەتزانیوە ئەم شەو لەو خێڵاتە شایی جندۆکانە؟ یان هەوایەکی دیکە و فڕ و فێڵێکی دیکە لە کەللەت دایە؟

نـایەڵێ وەڵام دەمـەوە! نـا،نـا چ مـەڵێ. لە نێو دڵت دام. ڕەنگی ڕوخسـارت هـەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا کـردووم. لەم خـەت و شـوێن هەڵگرتنەشدا شتێکم بـۆ دەرکـەوتووە! دەرفـەتمان زۆرە، بـاسی هـەموو شتێک دەکەین. ئێستاکە خێرا خێرا و ئازا هەنگاو هەڵێنەوە، دەبێ بگەینە خێڵاتەکە. جا تـۆ قسـەم بـۆ بکـە. لە خـۆت، زاگـرۆس، زەریـا، دڕگـە، شاربەدەر، تاراو، تاراوگە.

وەک دوو هاوەڵی مناڵکار دەستمان خستۆتە سەرشانی یەکتر. لە نێو قەدی ئەم گردەوە، بە بزنەرێیەکی خوار و خێچ دا تێپەڕ دەبین. جـووتێ کەرەواڵە ڕاست لە ژێر لاقمان دەردەپەڕن و دامان دەچڵەکێنن! لە قـاقای پێکەنین ئەدەین. لە قەدی ئەودیوی گرد دەهـاڵێین، پـەڵە هـەورێکی زۆر گەورە و سپی بەری خۆر دەگرێ. بە جووتە تێ‌دەچریکێنین: هەوران گازە گازە، ئەوا هات بە تاوی چارۆکێ..... چاوەکانم هەڵم دەکەن! بەرەو زەریا شۆڕ دەبینەوە، ئارەق لە تەواوی لەشمەوە هەڵدەقوڵێ. دەگەینە سەر ڕەخی زەریا. بە جووت دەڵێین: یەک دوو سێ. دەستی یەک دەگرین و پـێکەوە خۆمان دەهاوێینە ئامێزی زەریاوە.

باسک لێ‌دان، مـەلێ کـردن، بـین کـێشان. قـڕنە گـۆمێ و یـەکتری خنکاندنەوە. قاقا کێشان و ئاو بە سەر و چاوی یەکتری‌دا کـردن. دیسـانە پشتە مەلێ و بین و لاقی یەکتری کێشان. دەنگی قاقا لێدانمان ئەم دەور و بەر دەهەژێنێ. خۆمان و لیباسمان فێنک بووینەتەوە! لە ئاو دێـینە دەرێ. لیباسەکـانمان خـووساون و بـە لەشـمانەوە نـووساون. هـەمیسان دەست دەخەینە سەر شانی یەکدی و بە قسە و باس بەرەو خێڵات دەڕۆین. نێو

کەوش پڕ لە ئاون و هەر جەڵقەیان دێت. بەرەبەرە هەڵم لە لیباسە تەڕەکانمان هەڵدەستێ. تەم و مژێکی خەستیش لە سەر زەریاوە دێت و تێمان دەهاڵێ. دەبێ بڵێی ئەم هەڵم و تەم و مژە هی ئاوی زەریا بێ؟ یان هی لیباسەکانی ئێمە! ئەوە ئێمەین بەرەو ئەم مژە دەچین یان مژەتێمان دەهاڵێ و دەورەمان ئەدا؟ نازانم، بە من لێک نادرێتەوە. وەندە دەزانم لە نێو ئەقیانووسی تەم و مژێکی شینکی و خەست و پتەودا قسە لە زاری یەکدی دەرفێنین! لە هاوەڵەکانی منداڵیمان رەزا بۆتە دوکتور. لە خۆشیانە باڵ دەگرین. بە هەڵفڕین و جریوەجریو رێ دەبڕین. شاهۆ زۆر تێک شکاوە، زۆر پێ چووە! ئەم بزنەرێ باریکە جێی هەر دوومانی بە جوانی نابێتەوە، شان بە شان رۆیشتنمان دژوارە! هیوای شەهید کات و ساتی مردنی نەبوو، حەیفی کرد. برووسکەی مۆغەرەی پشتم بڕستم لێ دەبڕێ. چەند ساڵە دیسکم هەیە و پێی لێ نانێم. زاگرۆس زۆر توندە. ئەم خول و دەورەیە لێک ناداتەوە. توند دەڕوا، دەبێ باسێکی زۆری لەگەڵدا بکەین. نێو چاوانمان پڕ لە گنج و لۆچ دەبێ. خوریە دڵمان دەگوشێ. شۆڕش ماشێنی کڕیوە، ژنی هێناوە، دووکانی داناوە، مناڵەکانی زۆر کۆک و پۆشتەن بۆنی ئۆدوکلۆنیان کۆلانێک پڕ دەکات! دەمم پڕ لە تف دەبێ، شۆڕا پەرۆش دەکات بە جووت دادەنیشین و تێر دەهیقێنین و دەڕشێینەوە.

مەجید لە پاش کۆت و بەند و کەند و کۆسپێکی زۆر چۆتەوە سەر مەعلیمی و پیاوانە دێ و دەچێ. لە کامۆ و کافکا نووسراوەی تازە بڵاو بۆتەوە. ناڵەی جودایی و دیوانی گۆران لە بازاردا کەمن... خۆزیا قەرەنی سەر و ساماتی دەگرت و لە بەند رزگاری دەهات. هۆمەر دەستی کردەوە بە چیرۆک نووسی. مژ پتەوتر و خەستتر بووە. لەم هەردە پان و بەرینەدا هەر شەڕە دەندووکەمانە و دەڕۆینە پێشەوە. ئەم بەر و ئەو بەری رێگە بە

کوردیکا @kurdica

هەزار و هەزار پاساری و خەزایی و مەلی ورد و درشت و ڕەنگاورەنگ لە شەقەی باڵ ئەدەن و دەفڕن. مەل بە جریوەجریو، ڕاست و چەپ بە سەر سەرماندا دێن و دەچن. لە باسی وەزیعەتی ئەمڕۆ و هەواڵی هاوەڵانی کۆن و تازە تێرنابین. هەر کەسەی دەنکە نۆکێکی شای خواردووە، نێوی دێتە گۆڕێ[٧] و دەوسێی دەخوێندرێتەوە.

کەی لە مژ هاتینە دەرێ؟ لە کەنگێوە لەم ڕاستانە شیناوەرد و سەوزەڵانەداین؟ قسە وباس نەیهێشتووە پێ بزانین. خۆناوکە بارانێکی خۆش دەست پێ دەکا. لە ژێر ئەم خۆناوکە بڵاوێنەشدا قۆڵ لە نێو قۆڵی یەکدی هەروا بە فڕین و غاردان، بە پێکەنین و قسە و باس وگۆرانی کوتن، لە هەردێکی بەرین و بێ بڕانەوە دا بەرەو خێڵات دەڕۆین. نە کۆتایی و نەشلە بە چەنەدادرێ نادەین و هەروا دەیلێین و دەی‌ئەستێیننەوە. بەرە بەرە هەست دەکەم ئەوە منم زیاتر پرسیار دەکەم و شۆڕا وەڵامم ئەداتەوە. ئەرێ شتێکی تازە و سەیرا وەک شتێک هەست دەکەم شۆڕا زۆر بلێ‌یی و چەنەدرێژی و چەلەحانێی جارانی نەماوە. زۆر لە سەرەخۆترە. جاروبار وەک شتێک هەست دەکەم پیرانە دەدوێ! بۆ تاقی کردنەوەی، من ئیستێک چم نەپرسی، ئەویش چی نەگوت! لە رابردوودا ئاوا نەبوو. کۆما ئاورێک بوو. چرکە سەعاتێک لە بانگەشە و پڕوپاگاندە و مژولیایش هەدادانی نەبوو: ئەم ئاڵ وگۆڕەیم پێ سەیرە، زۆر سەیر.

ئەوا لە دوورەوە خێوەتی خێڵات دەرکەوتن. بەڵام شۆڕا ڕێگاکە با ئەداتەوە. سەد گەزێک لەو لای ئەم ڕێگەوە کەپر و چارداخی بێستانێک دیارە. لە ژێر خوناوکەدا خووساوین. ئەوا خوناوکە کردیە ڕێژنە. لە حەیبەتی ڕێژنە بەراکردن خۆمان دەگەیەنینە بەرکەپری چارداخەکە.

ڕێژنە زۆر زوو کۆتایی دێ. هەور بە ئاسمانەوە نەماوە. خۆر وەدەر

کـەوتۆتەوە. دیسـانەکـەش هـەڵم و مـوخار لە جـل و بـەرگەکـەمانەوە هەڵدەستێ. پۆمپێکی ماتۆڕی کار دەکا و ئاوێکی زۆر بـە لوولەدا دێـنێتە دەرێ. حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاو لە بەر دەمی پۆمپەکە دایە. وا دیارە ئەم چارداخەش چایخانەیە. لە بەر هەیوانی چایخانەکە دادەنیشین. کەوش و گۆرەوی دادەکەنین.

شۆڕا بەرەو چارداخ ئاوڕ ئەداتـەوە: کـاکـی چـایچی بگـە فـریامان، میوەیەک، چایەک ، ساردی‌یەک؟ لە وانەیە بڵێم هێشتێ داوخوازەکـەی تەواو نەبووە کـە سـام و سـارا دەگـەنێ! سـارا شـانی شـۆڕا مـاچ دەکـا و هەرتکمان بە خێرهاتن دەکات. سام خۆی دەهاوێتە بـاوەشی شـۆڕاوە و ئاوێزانی ئامێزی دەبێ. سەرم سوورماوە! ئەمانە بۆ لێرەن؟ شۆڕا لەکوێوە دەناسن؟ لەمە سەیرتر ئەوەیە کە بەر دەبنە قسە و باس و هەواڵی ئەم لاو لاو ئەم و ئەو لێک دەپرسن.

سارا بە جێمان دەهێڵی و سام لەگەڵمان دادەنیشێ. سام و شۆڕا بەر دەبنە گێڕانەوەی بیرەوەری رابردوو. شیناوەرد و بـێستانێکی خشـپیلانە و خـۆش و رازاوە بـە دەوری حـەوز و مـاتۆڕ و کـەپر و چـارداخـەوە. ئـەم چایخانەش پشت بە خۆر و روو بە جادە و بەشێ لە بێستانەکە. قەت بـە زەینیشم دا نەدەهات لەم گراوە کاولاشەدا ئاوەها بەهەشتێک پێک بێت. لە شۆڕا پرسیار دەکەم: تۆ بیرت بۆ لای ئەمە دەچوو کە لەم دۆزەخەدا ئـەم سەوزەلان و شیناوەردە ساز کرێت؟

بە بزەیەکی تاڵەوە لێم دەڕوانێ و: ئەگین خۆت بە خەڵکی وڵاتێک و وڵاتەکەت بە هی خۆت زانی، ئەم دڕگەیە سەهلە، دۆزەخ و لە دۆزەخ بەو لاوەتریش لە ئێرە ئاوەدانتر و رازاوەتر دەکەی! بەڵام دەبێ بیرت بە لایەوە بێ، فکرت بی‌گەیەنێ . چاو هەڵبێنی، دڵی دەیتێ. قووڵ بیر کەیەوە، دوور

بڕوانی. چارەنووس و بەسەرهات بۆ هەرکوێی حەوا دای و لە هەر کوێ گیرسایەوە، ئەو شوێنە بە وڵاتی خۆت دانێی. ژین و ژیان لەوێ پێک بێنی. دەسا بۆ ئاوەدان کردنەوەی تەقالا بدەی.... ئەوا سارا بە قەرتاڵەیەک هاروێ و میوەی دیکەوە، سامیش بە دوو قۆری یەکیان چایی و یەکیان ئاوی داغەوە گەڕانەوە بۆ لامان. لەگەڵ توێخوڵ کردنی هەوەڵ هاروێ، عەتری هاروێی تازە لە بڕکە لێوەکراوی سەربێستان وڵات دادەگرێ و ئێمەی نەدی و بدی، ئێمەی بێ بەش لە خێر و خۆشی و بەختەوەری، وەک لە برسانە هار بوو بێتین، هەشاوڵ بۆ میوە دەبەین.

هێشتێ تێر نەبووم و هەر بە هەشاوڵ و شاتاوڵ دەخۆم کە دەنگی شۆڕا زرینگە لەگوێم هەڵدەستێنێ!: راوێستان و ماتڵی بەسە، چەندەت دڵ پێوەیە لە گیرفان و باخەڵتی کە و بەڕێوە بیخۆ، ئیدی دەبێ بڕۆین. ماڵئاوایی لە سام و سارا و باریکە ڕێیەکی تازە. لە نێوەڕاستی بێستانەوە بەرەو خێڵی کۆچەرەکان و شوێنی شایی جندۆکان.

ئاو جێ‌جێ باریکەڕێی خووساندووە. بە ئەستەم ڕێ دەر دەکەین. مارمێلکەیەک لە بەر لاقمانەوە رادەکات. زەردە قۆڕەیەک لە ژێر سێبەری گەڵاکاندا زبانی دەرکێشاوە. مارێک لە نیسێی گاشەبەردێک پاپووکەی خواردووە. پۆلێک کۆتر بە سەر بێستانەکەدا دێن و دەچن. تاق تاقەیەکیان تەقڵە لێ ئەدەن. دوو داڵ دوور و نزیک لە حەوا لەنگەریان گرتووە. دەگەینە دیوارە چاڵووکی پەرژینی بێستان، دوو کەروێشک لە نێوان چاڵووکەکاندا خۆیان حەشارداوە.

لە باریکە ڕێیەکی دیکەوە بە نێو رەمل و خاک و خۆڵدا، بە سەر خۆڵەمڕەیەکی زۆر ڕێگا بەرەو خێل دەگرینە بەر. شۆڕا دەڵێی کەسی لەگەڵ نیە، لە ژێر لێوڕا وڕێنە دەکات: جیهانی نامۆ، جیهانی دیوناس. جیهانی

لاوەکی و ئێرەیی. ولاتی بێ حەسانەوە، بێ پشوودان. ولاتی بێ وچان و دەرفەت و مۆڵەت بۆ زۆربەی کەس و زۆر شت. ئەم دالآنە راوچی کۆتر و کەروێشک و کەوی خۆ ولاتی. برسی و بە تەمای گۆشت و ئێسک و خوێنیان. ئێمەش دایم و دەرهەم لە هاتنە سەر دنیاوە تا کوونێ تخل بوونەوە بۆ نێو گۆڕ، سەدان و هەزارەها داڵ و خەرتەل بە شوێنمانەوەن.

راوچی لەش و رۆحمان. قەستەسەر و مۆتەی سەر دڵمان. ئێمەش بۆ ئەوان، ملۆزمی حەسانەوەیان، بەختەکی بەختەوەرییان. هەر دوو بەرە لێک حاڵی، لێک ناحاڵی. حاڵی و ناحاڵی! دەسا ئەم جیهانە، ژیان و ئەم ژیانە بەم هەڵەیە! هەڵەیەکی دوولایەنە، دێ و دەچێ و پێک دێ. پڕ لە بگرە و بەردە، خێشمە خێشم، پڕ لە گێرە و کێشە و شەڕ و هەڵلا و زەنا زەنا. کێ زەرەر دەکا و کێ قازانج؟ کێ دەیدۆڕێنێ و کێ دەیباتەوە؟ هەرتک بەرە دەیدۆڕێنن. لە لایەکەوە ئینسان، لە لایەکەوە بەشەر. هەر دوو بەرە لێک حاڵی، لێک ناحاڵی. لێک حاڵی و ناحاڵی. دەسا لێک رادەکێشین، لێک دەکووژین. لە یەکدی دەشێوێنین.

تاوانی ئێمەی بەرەی ئینسان نیە. تاوانی ورچ و سەگ و رێوی و مشک و پشیلەیە. تاوانی بەرەی دێوەزمەیە. مل دەکێشنە ماڵۆچکەمانەوە، جەرگ و دڵ و دەروونمان هەڵدەکۆڵن. هەر بە شوێنمانەوەن، دەمانگرن، بەندیمان دەکەن. لە دارمان ئەدەن و دەمانکووژن. ئاخ..... دەست لە بەرامبەر دەست و چاو لە حاندی چاو دایە. خۆ لەوان ئاو نایە، لە ئێمە خوێن بێت، نانانا.... نەدەبوو وابێ! نابێ وابێ. جوڕرە قازاخییەک لە ژێر کولۆ گڵێکەوە، لە ژێر لاقیەوە دەجریوێنێ و لە شەقەی باڵ ئەدات. هەر تکمان رادەچڵەکین. هەودای ورێنەی شۆڕا دەپسێت.

بزەیەکی دێتێ و ئاوڕێک لە من ئەداتەوە. هەمیسان لە ژێر لێوڕا

دەیکاتە وڕێنە: ئاخ خۆف و مەترسی. دیسانەکە لە وڕێنەدا بووم! هەڵیتە و پڵیتە، کەس نازانێ دەڵێم چی! تەنانەت خۆشم!! ماوەیەک بێ دەنگی و لە پڕ دەست پێ کردنی گۆرانی: مەزرا، باران، وەنەوشە، باخ، ئاو.... بێ ئاوی ، وشک بوون، هەڵپرووکان.... لە پڕ بە سەر خێڵ دا دەکەوین. گۆڕەپانێکی بەرین، چوار دەور خێوەت و کەپر و کۆخ. نێوەڕاستی خێڵ مەیدانێکی چۆل و هۆل. چۆلەکەکوژ بە دەرەوە نیە. جەنگەی نیوەڕۆیە و وڵات تەندوورێکی داغ. کابرایەکی گەڕاوە لۆیی خێوەتێک لا ئەدا و چاوی پێمان دەکەوێ. لە خێوەت دێتە دەرێ و دەست لە بن گوێ بانگەواز دەکا: هۆهۆ ئەجننە و جنۆکان، شۆڕاتان لێ بۆتە میوان. ئەم گازەیە چەند جار دووپات دەکاتەوە. لویێ پتر لە دە پازدە خێوەت لا دەدرێ و ژن و پیاو بەرەو ئێمە دێن! کابرایەکی زۆر پیر، مووی سەر و ریش و سمێڵ و تەنانەت برۆ و مژۆڵکیشی سپی لە دەرکی خێوەتەکەیەوە هەرا دەکا: بە خوڵای میوانا خوەمی، تەلاقا یۆنان کەوێ مالا کەس ناچی. هۆ کوڕە بلاوەی کەن. ماڵە کەس نایە. کاک شۆڕا، تۆش کاکی برا فەرموون.

خێوەتەکەی زۆر گەورەیە. لویێ خێوەت لا ئەدا و خولک تازە دەکاتەوە. شۆڕا وەپێشی ناکەوێ. هەرتکمان بە شوێن پیرەدا دەچینە نێو خێوەت. دەڵێی ئێرەم جارێکی دیکەش دیوە! کەنگێ و لە کوێ؟ نازانم، وەبیرم نایەتەوە. بەڵام بە خاترجەمی جارێکی دیکەشم نێو ئەم خێوەتە دیوە. لە نێو هۆدە فەرش راخراوە. دەستە نوێن بە ڕیز، بن دیوار و بن دیوار لە جاجم پێچراوە. لە نێوەڕاستی هۆدەدا دارکۆڵەکەی چوار پاڵووی رەندە کراو چەقیون. هەر کەس لە لایەک دادەنیشین. دوو لاوی مێرمناڵی جوانچاک ساردی و سەهۆڵاومان بۆ دێنن. لە هەمان کاتیشدا کەولی نیوەڕۆژە رادەخرێ. زۆری پێ ناچێ، کەشەف کەشەف چێشتی گەرم کە

هەڵمیان لە سەر هەڵدەستێ، دەکێشرێتە سەرکەوڵ. لە پاش خواردنی ئەم دەورەچایی و ساردی‌یە، دەبێ ئەم چێشتانە تام و چێژێکی سەیریان بێ. دووسێ کابرای گەڕاوە، دوو لاوە مێرمناڵەکە و پۆلێک ژن و مناڵ دەڕژێنە ژوورێ و هەموو تێبەری خواردن دەبن. دەنگی ئوممی کولسووم ژووری پڕ کردووە. شەپۆلی مۆسیقای گۆرانی ئوممی کولسووم نوقمی خەیاڵاتی دارستان و هەرتک زەریا و کۆسارێکی دێوناسم دەکات. هەستی بوون و سەرخۆشی تاخم دادەگرێ.

سەرێک هەڵدەبڕم و لامل و بە دزە سەرنجێکی شۆڕا ئەدەم، چاوەکانی سەرچاوەی کانیەکی هەڵتۆقیو، رووبارێکی زولاڵ بە خوڕ بە هەردەپانی رووومەتی دا دەڕواتە خوارا دەبێ چی بیر کەوتبێتەوە؟ شۆڕاش سەر هەڵدەبڕێ و نیگامان قەتیسی نیگای یەکدی دەبن. بە هێمای برۆ لێی دەپرسم: خانەخوێ کێ‌یە؟ ئەو روو دەکاتە خانەخوێ و پرسیار دەکا: هەواڵێ یۆنان لەگەڵ رۆژگار چۆنی؟ ئەم بە دەم ئاخێکی ساردەوە: هەناسێک دێ و دەچن، لەگەڵ رۆژگارا....ئاخ! شوکرانە بژێرا پەروەردەگارمە. غەیرا لوتفی وی کێ توانیەت ئەو سێ مەلەوەخەون و خەیاڵ وەبەرچاو بیرێت؟ لەگەڵ ژیانا خاسم. سەرێک هەڵدەبڕێ، چاوێک لە شۆڕا دەترووکێنێ و بە بزەیەکی تاڵەوە: یارمەتی‌یا هونگوور و خورما...! شۆڕا پاش ئاخ کێشانێکی تاڵ، دەست بە خواردن دەکاتەوە. دەنگی ئوممی کولسووم، هۆنراوەی داررووخان و تێکڕمان. چەمەر چۆپی و شینگێڕی یادی لە یادماوان.... دەست لە خواردن دەکێشینەوە. ناخ پڕ لە ئاخ، دەروون سامالی خەم و خەفەت. پاڵدان بە دەستەنوێنەوە. دەورێک چایی، دەورێک میوە. قسە و باس. دەورێک میوە، دەورێک ساردی. ئیزنی دەرکەوتنم هەیە یۆنان، دەنگی شۆڕایە: دەبێ بەر لە خۆرئاوا رەشۆ

کەمانچە بدینم. وەڵامی یۆنان: رۆنیشتە دۆستا ئازیز، رەشۆ ها لە شار. وەشوێنی‌یا هەناردوومە. زوو وە ئێرە دێتۆ. یەک راستیش ئامایا خزمەت هۆنەر هەڵبەست لاوژەکانی. ئەم هۆدەش شیرکەت رەشۆو منایە. هۆو منال چایی، ساردی!

مچوورکێک بە هەموو لەشمدا دێ. ئەوا هاتەوە بیرم. رۆژێک هاتبوومە دیتنی خالۆ، خالۆ لە ماڵ نەبوو. رەشۆ نەدیو و نەناس خوڵکی ئەم هۆدەی کردم و زۆریشی کەمانچە بۆ لێدام. بۆیە هەر دەمگوت ئەم هۆدە هاتووم! نەمدەزانی کەنگێ؟ چۆن؟ لە کوێ؟

نەواری گۆرانی دێتە کۆتایی. یۆنان پێشنیار دەکات چاوێک گەرم کەین. هەموو پێمان خۆشە. هۆدە جگە لە من و شۆڕا و یۆنان کەسی دیکەی تێدا نامێنێ. هەر کەسەی باڵنجێک لە ژێر سەر و لە حاندی خۆمان درێژ دەبین. نازانم بۆ چ وەڕەزم. لە ناخدا ئۆقرەم نیە. ئەم شان و ئەو شان دەکەم. دەڵێی ئێستێکی دیکە دڵم لە حاندی نێوکمدا دەپەڕێتە دەرێ و خۆشم لە حەبیبەتانە فججە دەکەم.

شۆڕاش خەوی لێ ناکەوێ و بەخەبەرە. بەڵام یۆنان حەوت شای لە خەودا دیوە! جاروبار پرخەیەکی لە گوێنی کۆڕژنی ئەسپ بە گەرووی دا دێ و دەڕوات. جگەرەیەک دادەگیرسێنم. ژانێک بە نێو چاوانمدا دێ. بە دووکەڵی جگەرەکە بازنە دروست دەکەم، جادەی کاکێشان ساز دەکەم! جگەرە دێتە تەواو بوون. پێلووم قورس بوون. مژۆڵکی سەرێ و خوارێم دەچنە ئامێزی‌یەکەوە. بۆ ماوەیەک پەردەیەکی نارنجی بەری چاوم دەگرێ. گەرمایەک بە دەمار و ماسولکەکانمدا دێ و دەچێ. لەشم لە گەرمە یاوێکی تەڕدا دەکەوێتە پاشاوی گەرم و داغی روویارێکەوە لە پڕ رادەچڵەکێم و لە وەنەوز دێمە دەرێ.

دەنگی پارچە مۆسیقایەکی خۆش رام دەتلەکێنێ! لەم شانەوە بۆ ئەو شان وەردەسوورێم. شۆڕا جگەرە لە نێو قامکدا پاڵی بە دەستەنوێنەوە داوە. رەشۆ تێل بە سەر سیمی کەمانچە دادەهێنێ. سۆزی کەمانچە ناخی خێوەتی ئاخنیوە. راستەوە دەبم و بەرەو رەشۆ دەچم: ئەم هەراو هوریایەت لە چیە پیاوی چاک! نازانی خەڵک نوستووە؟

باوەش بە یەکدا دەکەین و دەم و گوویی یەک ماچ دەکەین. دەگەڕێمەوە سەر جێگاکەم، شۆڕا رووم تێ دەکا: دەشزانی بیرخێنی ها!!

ئەو سەری چارەکە سەعاتێ نابێ. بە رۆژدا چ سەعاتێک و چ دە سەعاتیش راکشێم، هەر وەندەم خەو بە لەشدا دێ! بەڵام شارژ دەبمەوە. رەشۆ دەچێتەوە نێو دنیای خۆی. لافاوی مۆسیقا شەپۆل شەپۆل دێن و هۆدەکە لاوڕێژ دەکەن. شەپۆلی مۆسیقا بە دزە دزە رێ بۆ نێو دڵ دەردەکەن. دڵ پڕ لە ئاوات و هیوا، پڕ لە تامەزرۆیی و چاوەڕوانییەکی دوور دەبێ. رەشۆ لە بەر خۆیەوە جاروبار قام و گۆرانی تێکەڵ مۆسیقا دەکات: هۆنراوەکان دەبێ هی شۆڕا بن! وەک بۆی بچم ئەم چەشنە روانین و تێڕامانە لە ژیان و جیهان، شێوازی شۆڕایە. یۆنانیش سەعاتێ لەمەوبەر هێمای پێ کرد. ئەوا یۆنانیش پاش ئەم هەموو پرخە پرخە، لە پاش دوو سێ تل لە خەو هەستا برێک چاوەکانی هەڵدەگولۆفێ و روو دەکاتە شۆڕا: ئەز نەگوت رەشۆ دێنۆ شۆڕاخان؟ برا ئەی بۆچ ناخەفن؟ شەڤ بێداری و لەبەرە! رادەکشێتەوە و ئێمەش بە لادا دەکەوین. خەو بێت یان نا، پشوودانێک بێ کەڵک نیە!

هەمیسان تل خواردن و ئەم شانە و شان. دیسانەکەش کۆرژنی یۆنان و پرخەی شۆڕا و رەشۆ. بەرە بەرە نێو هۆدە دەبێتە یەخسیری رەشایی و تاریکایی. کێ خەوتوو، کێ بەخەبەر؟ تەنانەت ئاگەداری بە خەبەری یان

خەو لێ کەوتنی خۆشم نیم! ناشزانم کات و سات چۆن تێپەڕی! وەنـدە دەزانم لە دەرەوەی هـۆدە زرمـەی رمبازێنی ئـەسپم دێـتە گـوێ. یـۆنان دیسانەکەش لە پاش برێ چاو هەڵگوڵۆفین دەڵێ: کوڕینە هەکامو نۆرایە لە هۆ یەخدانا سیپالاّ خوو هەلّبژارن و بە لۆی‌یا پشتا چادرا بچنە گۆوەندا. هەوەڵ کەس خۆی لەو سەری هۆدە خۆ دەگۆڕی و ئاوقای دەرەوە دەبێ. ئێمەش وەکوو ئەو بە نۆرە دەچینە سەر یەخدان و خۆ دەگۆڕین. ئەوەی لە پاش هەمووان لە خێوەت دەچێتە دەرێ منم.

وەک نەدی و بدی لە پشت هۆدەوە دەچمە بەر هۆدە. چاو بە تەواوی شـەقام و مـەیدانـی خـێل دا دەگـێڕم. سـوارەی ئـەسپ‌ڕەش مـەیدانـیان داگرتووە. کلاّوی ئاسن لە سەر، چەک لە شان و دەمانچە بە نێو قەدەوە، دێن و دەچن. بڕێکیشیان قەمچی و باتۆم هەڵدەسووڕێنن. مەیدانیان لە چی گرتووە؟ ئەم خۆ نواندن و قەمچی و باتۆم هەڵسووڕاندنەیان لە بەر چیە؟ سامۆتک و تارمایی خـۆیان لە ڕەش‌سـوار لادەدەن و جـاروبار جـۆجۆ و هۆهۆیەک دێتە گوێ. هەر کەسەی لە مەیدانی ئەم دەنگەدا بێ، زوو خۆ حەشار ئەدا، خۆ کلا دەکا و دەرباز دەبێ!

پۆلێک سوار لە دوورەوە بە پڕتاو بەرەو من دێن. بەرەو پشت خـێل رادەکەم و سەرەوخوار دەبم. ڕووبارێکی کەم‌ئاو بەرەو زەریا شۆڕاوگـەی بەستووە. قەراخی ڕووبار دەگرم و بە راوێچکە ملی ڕێگە دەگرمە بەر. بەرە بەرە ڕووبار دەبێتە گۆلاوێک. سێ چوار مـاسی زگ هـەڵماسیو لە قـەراخ گۆلاوەکە کەوتوون. چەند ماسی گێژ و نیوەگیانیش بە سەر ئاوی ڕۆخی گۆلاودا دێن و دەچن. گۆلاو لەو سـەر دەبێتە جۆگـەلەیەک و بـڕێک لە خوارەوەتر دەڕژێتە ڕووبارێکی بەرینەوە. ئەمە هەر ڕووبارەکەی پێشووە! بەلاّم پان بۆتەوە، یان باشترە بڵێم ماسیوە. زۆر چاو دەگێڕم و بە قەراخی دا

دێم و دەچم، کەسم وەبەر چاو نایە مەڵێی تێدا بکات. بەڵام هەنگاو بە هەنگاو هەر سێبەرە و لە جم و جۆڵ دایە. سێبەرەکان لاڵ و بێ زمانن، تەنانەت بگرە کەڕ و کوێر و لە یەکدیش بێ هەواڵ و نامۆ بن.

نیگام دەبڕمە سەر رووبارەکە. زۆر سەیرە، ئەم رووبارە بەرینەش ئاوەکەی هەر لێڵ و بۆگەنە و ماسیەکانی بڕێکیان مردوو، بڕێکیشیان لە گیانەڵڵا دان. لە رووانگەمدا، لە نێوەڕاستی رووبارەوە گەمی یەک دەردەکەوێ، گەمیەکە بەرەو من دێت. بەڵام کەسی لە سەر بەدی ناکەم! ئەی کێ لێی دەخوڕێ؟ ئاخە دەبێ یەکێ لێی خوڕێ! دەنا چۆن بە سەر ئاوەکەدا بەرەو من دێت؟! بڵێی «با» بەرەو منی بێنێ؟ دەبێ راوێستم و سەرنجی بدەم تاکوو دەگاتە پێشێ، جا ئەودەم شتێکم بۆ دەردەکەوێ.

گەمی هەروا بەرەو من دێت. سێبەرەکان لە دەور و بەری من دوور دەکەونەوە. ئەوا گەمی گەیشتە پێشتر. وەک شتێک بەرەبەرە تارمایی دەعبایەکی لە سەر بەدی دەکەم. ئەرێ وایە. وەندی گەمی دێتە بەرەوە، دەعباکە ئاشکراتر دەبێ. بە رووالەت لە بەشەر دەکا، بەڵام بەشەرێکی عاجیباتی و سەیرە. کورتە بالایەکی گولەی نابووتە، سەرێکی چکۆلانە لە سەر ملێکی زۆر باریک و درێژ. ملی وەندە باریکە دەڵێی ئیستێکی دیکە لار دەبێتەوە و سەرە بیچکۆلانەکە لەو سەرەوە بەر دەبێتەوە. سەرەکەش وەندە بیچکەیە دەڵێی سەر نیە. زیاتر لە سەرە مێروولە دەچێ. کەچی هەر ئەو سەرە بیچکۆلەیە جووتێ گوێچکەی زۆر زەلام و درێژی لێ شۆڕ بۆتەوە. گوێچکەکان وەندە زەلامن یەکیان دەتوانێ دۆشەک و ئەوی دیکە لێفەی دەعباکەبن. سەیرتر ئەوەیە گوێچکەکان باوەخولی دەکەن. وەک بەرزەوێژ لوولە دەبن و گوێ قولاخ دەوێستن. گەمی لە حاندی من، لە قەراخ رووبارەکە رادەوێستێ و دەعباکە هەرام دەکاتێ: دوورکەوە،

دوورکەوە نازانی وێنە هەڵگرتنەوە لەم شوێنە قەدەغەیە؟ دوو چاوی زیت و زۆر وردی دەعبا لە نێو دوو بیری زۆر قووڵ و رەشدا بە وردی لە هەموو لایەک و هەموو شتێک دەڕوانن.

دوو چاوەکەم کاتێک دی کە تەمەشام کرد دەعباکە سەری بە سەرمدا گرتووە و چاو بە سەر و گوێلاک و نێو باخەڵمدا دەگێڕێ. ئەرێ لە کوێوە گەیشتە من وشان بە شان و روو بە رووم وێستا؟ سەرنجێکی چواردەوری خۆم ئەدەم، سێبەرەکان هەموو هەڵاتوون. دوور کەوتوونەوە. دەیجا لە شەوێکی سەمەرە و لە قەراخ رووبارێکی ئاوا پیس و بۆگەن، من بۆچ بە تەنێ ئاوقای دەعبایەکی وەندە نەگریس و رەزا گران بم؟ بەرەو مەیدانی خێل دەگەڕێمەوە. لە هۆدەیەکی گەورەوە زەنا زەنا دێ. بەرەو هۆدەکە دەچم. دەرکی ئاوەڵایە. دەچمە ژوورەوە.

یەک راست دەچمە سەر جێگەی خۆم و دادەنیشم. مامۆستا باسی وڵاتانی رۆژهەڵاتمان بۆ دەکا. نۆرەی ناساندنی مۆسیقای ئەو مەڵبەندە دێ. مامۆستا مەیدان بە دەستەوە دەگرێ. دەنگی مەیدان بەرز دەبێتەوە. قوتابی دەیکەینە چەپڵەڕێزان. پۆلێک لە قوتابیەکان دیلان دەگرن و لە نێوان عەرز و ئاسماندا سەما دەکەن. گەورەی قوتابی‌یەک دێتە ژوورێ و لە دەرس و دەوری قوتابیەکە دەپرسێ. مامۆستا پێی دەڵێ: زاگرۆس لە هەرە قوتابیە باشەکانی ئێمەیە. شانازی پێوە دەکەین کاک شۆڕا. بەڵام ئەمڕۆ نەهاتۆتەوە! لەگەڵ شۆڕا لە کەلاس وەدەر دەکەوم. ئەو لە پێشەوە دەڕوا. بە نێو بانگی دەکەم و دێتە پێشێ، دەستی دەنێتە سەر شانم و: بێدەنگ بە لاڕێ! ئەوانگەل زەفەر بە نێو و نیشانمان دەبەن. بڵێی زاگرۆس لە کوێ بێت دۆستی ئازیز! بە دەرکی هۆدەیەکدا رادەبوورین. لە بەر دەرک و بانی چرایەکی زۆر هەڵکراوە. پارچەی رەنگاورەنگ هەڵواسراوە. فوودانەی

سوور و زەرد و شین پڕ لە با هەڵدراون. دەرک و پەنجێرەی هۆدە ئاوەڵایە. دەنگی مۆسیقای گرژ و هەوای هەڵپەڕکێ شەپۆل شەپۆل دەڕژێتە دەرێ. دەچینە ژوور. نێو هۆدە بە سەدان چرا رووناک داگەڕاوە. قاقای ژن و پیاو تێکەڵە. شۆڕا دەستم دەکێشێت و توند و چالاک بە شوێن خۆی دا دەمکێشێتە دەرێ و بە هەنگاوی خێرا خێرا دوور دەکەوینەوە. لەم و ئەو دەپرسێ: زاگرۆست نەدیوە؟ پۆلێ سەگەل لە دوورەوە بە وەڕین بەرەو ئێمە دێن. بەم حەپەحەپ و وەڕینەدا لە دووازدە و سێزدەش زیاترن. زرمە زرمی نالی رەوە ئەسپێکیش وێرای سەگوەڕ دەگاتە گوێمان و شۆڕا دەڵێ: راست بەرەو ئێمە دێن. بەڵام لە ئاوەها شەوێکدا و لە گەمارۆی ئەم هەموو ئەوانگەلەدا ئاوقای سەگوەڕ و بە گژ سوارەی شەودا چوون کارێکی هەڵەیە. زۆر منالانەیە. دیسان سالانی بەر لە تەمەنی سی سالان بایە شتێک، بەڵام ئێستاکە نا نا! دەستم دەکێشێ و خۆمان بە کۆلانێکدا دەکەین. لەو سەری کۆلان لە دەرکێکی ئاوەڵاوە دەچینە حەسارێکەوە. لەو سەری حەسار، لە ژێرخانی خانووبەرەیەکی دوو نهۆمدا چرایەک دەئایسێ. دەچینە پشت پەنجێرەی ژێرخان و لە نێوەوەی دەڕوانین. سێ کوڕە جەحێڵە راکشاون و بە راکشانەوە قسە و باس دەکەن. شۆڕا بە قامکی پەلەپیتکە لە جامی پەنجێرە ئەدا. کوڕەگەل دەرکێ دەکەنەوە. دەچینە ژوورێ. یەکیان بە پەلەکەتری پڕ لە ئاو دەخاتە سەر والۆر. شۆڕا دەپرسێ: زاگرۆستان نەدیوە؟ قسە و باس دێتە گۆڕێ. یەکیان چیرۆکنووسە. خێرا چیرۆکێکی نووسراوەی خۆی دەگرێ بە دەستەوە. لە شۆڕا ئیزنی خوێندنەوە وەردەگرێ. بەڵام شۆڕا پێی دەڵێ: ئەمشەو نا، ئەمشەو کارێکی دیمان هەیە. جارێ دەبێ بزانین زاگرۆس لە کوێیە؟

هەستن خۆتان ساز کەن. والۆرەکەش بکووژێننەوە. ئەمشۆ شایی

جندۆکانە. دەبێ زاگرۆسیش بدۆزینەوە. یەکێ لە کوڕەکان هەڵدەداتێ: ئەوانگەڵ پێیان زانیوە، پێم وابێ تێک چووە. ناش‌هێڵن، بەری دەگرن! شۆڕا: یۆنان دەڵێ: ئەگین خوێن بێ و سەر بەرێ تێکی نادەین. دەیجا ئێمەش وەندەی توانیمان و لە تواناماندا بوو بەشداری دەکەین. بڕێکی بە ئاشکرا، بڕێکی بە نەهێنی. بڕێکیشی بە کێشمەکێشم و زۆرە ملێ، وەندەی شیرمان بڕی! با بزانین خودا بە کێی دەدا.

هەمیسان تاریکەشەو. خرمەی ناڵ و زرمەی رمبازێنی سوارەی شەو، وەک تەقینەوەی گوللەی قەنناسە لە بن گوێماندا، رامان دەچڵەکێنێ. دەنگی سەگوەڕیش هەروادێ. لەگەڵ شۆڕا لە دۆستان جیا دەبینەوە. ئەرێ کاک شۆڕا بڕیار وانەبوو چایەک بخۆینەوە؟ سەبرت بێ برا چاییش دەخۆین.

دەکەوینەوە راستەمەیدانی خێڵ. لە خێوەتێکەوە زەنازەنا دێ. لۆبی خێوەت لا ئەدەین و دەچینە ژووری. چایخانەیە و دەوراندەور مێز و کورسی ریز کراوە. خەڵک چایی لە بەر دەم قسە و باس دەکەن. سام و ساراش لە پشت دەزگا خەریکی چایی تێ‌کردنن! دادەنیشین و چایی‌مان بۆ دێ. لە شانمانەوە قوڵتە قوڵتی قلیاناوی و بۆنی رەژی و تووتن. وەبیر جگەرە دەکەومەوە. سەر و جگەرەیەک بە لالێوەوە دەنێین. شۆڕا، سام وسارا لە چەند شوێن چایخانەیان هەیە؟ ئاخ سامڕەندی شاربەدەر! ئەوەت نەزانیوە؟ لە هەر کوێ شاربەدەر و رەجم کراو و تاراوێک پێیدا تێ‌پەڕێ، سام و سارا چایخانەیەکی بۆ دەکەنە ماڵی خۆی! لە پڕ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە دەرەوەی خێوەت بەرز دەبێتەوە. ماڵئاوایی سام و سارا دەکەین و دەردەکەوین. شەقام و مەیدانی خێڵ لە رۆژ روونا کترە. بە هەزارەها و هەزارەها چرای کارەبا و چراتۆڕ هەڵکراوە. ئەم بەر و ئەو بەری

شەقام و مەیدان رازاوەتەوە. خەڵکێکی زۆر دێن و دەچن. شان شان دەشکێنێ. سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە. دەرزی هەڵهاوی ناکەوێتە عەرزی. بە نێو شەقامدا دەڕۆین و لەو سەر لائەدەینە سەر رووبارەکە. پیاسە و راوێچکە لە رۆخی رووبار. لە بەرز و نزمایی و خوار و خێچاییەکانی قەراخ رووبار دا چاو دەگێڕین و باس و خواس دەگێڕینەوە. سێبەرەکان سەر و مل لە نێو شان چەقیو، کز و کەنەفت و بێدەنگ خشپە دەکەن و دەڕۆن. بەرەو شەقام دەگەڕێینەوە. حەشیمەتێکی بێ ئەژمار لە مەیدانێکی چراخاندا وەکۆ بوونەتەوە. سەیری شەڕەکەڵ دەکەن. دووکەڵ لێک رادەکێشن، یەکیان پیر، یەکیان لاو! کەڵی پیر لە خێزەرە، بەڵام بە فێڵ. کەڵی لاو بە توانا، بەڵام بێ ئەزموون و لە خۆبایی.

شۆڕا لە دیوناس دەپرسێ: زاگرۆستان نەدیوە؟ کەس وەڵام ناداتەوە.

کەڵ هەنگاو هەنگاو دەکشێتەوە، بە متمانەوە دێنە پێشێ و لە پڕ بە هەموو هێز و توانایانەوە لێک رادەکێشن. خرمە و زرمەی پێ، تەقەی کەڕراکەی سەر و کرتەی شاخەکانیان مەیدان پڕ دەکا. ئەگین ئاسایی و بێ ورد بوونەوە تەمەشای خەڵک کەی، زۆربەیان بە زبان لایەنگری کەڵی لاو دەکەن، بەڵام هەر کا ورد بچیە بنج و بنەوانی کارەکەوە، بە دڵ بۆ سەرکەوتن و بردنەوەی کەڵی پیر دەستەو دۆعان! بەرە بەرە مەیدانی شەڕەکەڵ گەورە دەبێتەوە. کەڵ و کەڵیچە دەرژێنە مەیدانەوە. هەموو دەورووژمێن و لێک رادەکێشن. زرمە و تەقە و رەقە گوێ کەڕ دەکا. لەگەڵ شۆڕا بە نێو خەڵکدا دەخولێینەوە، بە گوێی خەڵکدا دەچرپێنین: سێبەر مەبن، رەشایی هۆردوو مەبن، دەست لە سەر دەست دامەنێن. هەر چۆنێک دەتوانن یارمەتی ئەم کەڵیچانە بدەن.

ئارەقەی شین و رەش دەرئەدەم. لە چوارچرایەکدا سی چل چاوەش

دەهۆڵ و زوڕنا و ساز و کەمان لێ ئەدەن. کوڕ و کچی لاو پۆل پۆل هەڵدەپەڕن. ئەم دیلانەی نزیک من سەمای واڵسە، ئەوەی نزیک شۆڕا هەڵپەرکێی عارەبی‌یە. ئەم پۆلەی تازە دەگەمە قەراخیان خۆیان با ئەدەن و دەڵێن: بابا کەرەم، بابا کەرەم. ئەوەش رەش بەڵەکی لای خۆمان و ئەمەش سەمای هیندی. وەدیارە بە دابی چل وڵات هەڵدەپەڕن و خەڵکی چل وڵات لێرە وەکۆ بوونەتەوە. لاوی تەرپۆش بە جلی سوور و زەرد و شین و هەموو رەنگێکی دیکەوە وەک شانەی هەنگ لە سەما و هەڵپەڕکێ دان. شۆڕا وەک ئەوەی ئەژنۆی شکابێ لە سەر کورسیە بەردینەی نێوەڕاستی مەیدان دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە ئەم هەموو سەما و هەڵپەڕکی جۆراوجۆرە. دەنگی دەهۆڵ دڵم دەلەرزێنێتەوە! شۆڕا رەنگی روخساری گۆڕدراوە. لە شانی دادەنیشم و چاو لە هەڵپەڕکێ‌کان دەبڕم. لێوەکانی شۆڕا دەجووڵێنەوە. دیسان کەوتۆتە ورێنە: هەڵپەڕن، هەر ئەم چوار و حەوتەیە. من دۆڕاندم.... لە تەواوی تەمەنمدا جارێک هەڵنەپەڕیم. کەڕەتێکم شادی لە دڵ نەگەڕا..... هەر خەم و خورپە و گێرە و کێشە. نەسازان لەگەڵ خۆم و خەڵک و خول. لە گوێنی کەس نەژیان و بێ‌بەش لە هەموو شادی و خۆشی‌یەک..... ئێوە هەڵپەڕن. قەت بۆچ لە تەواوی تەمەنی خۆتدا چەلێک هەڵنەپەڕی‌بێتی؟ گۆوەندێک نەچووبێتی و لە دیلانێکدا سەمات نەکردبێ؟ ژیان خۆشە... بە شایی و سەما و مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ‌وە جوان و رازاوەیە.... من دامنا و دۆڕاندم! نەمفامی و نەمزانی. ئێوەی دڵ بە دنیاو دەم بە گۆرانی و دەست بە دەسرە و چەپڵە، وەرن، برۆن، هەڵپەڕن..... تۆخودا قەدری لاوی و شادی و ژیان بزانن.... ژین و ژیان خۆشە..... لاوی، خۆشی، سەما، رەنگی سوور و زەرد و سپی و کەسک.... هەموو رەنگەکان لە جێی خۆیان جوانن، جوانن، زۆریش

جوانن.... جوان .... جوان.

لە نەکاو رادەچڵەکێ و لە ورێنە دێتە دەرێ. شانم رادەوەشێنێ و پرسیار دەکا: تۆ بۆچ هەڵناپەڕی؟ سپی هەڵگەڕاوە، دەنگی دەلەرزێ: بڕۆ هەڵپەڕە. بڕۆ دەستی دۆیەک بگرە و هەڵپەڕە سامڕەند. من قەت هەڵنەپەڕیوم شۆڕا. هەڵپەڕین نازانم.

دوو دەنگی گڕ تێکەڵ دەبن: تۆش وەک من، دۆڕاندوومانە. دۆڕاندوومانە.... ئاخ.... بە داخەوە نەمانتوانیوە جیهان برازێنینەوە، نەمان توانیوە ژیان جوان و خۆش کەین. تاوان... تاوانبارین. کوڕ و کچێکی مێرمناڵ کەشەفێکمان شەربەت و شیرنی و میوە لەبەر دەم رادەگرن و خوڵکمان دەکەن: شیرنی شایی کوڕی شای جنۆکانە. نۆشی کەن. دوو تازە لاوی دیکە ساردی و سەهۆڵاو دەگێڕن. خەڵک بە ئیشتیای خۆیان، هی وایە شیرنی هەڵدەبژێرن، هی وایە میوە گوڵبژێر دەکەن و بڕێ کەس ساردی بە تیلاکی سەریانەوە دەنێن. دەنگی مۆسیقا، دەنگی گۆرانی و چەپڵە و پللە لێدان مەیدانی ئاخنیوە. کوڕ و کیژ بە کۆڕ سەربەندی گۆرانی بۆ شایەر و خوێنەر دەگێڕنەوە. گەڕی دیلان هەر دێ و خۆشتر دەبێ. رەنگەکان رەنگاو رەنگتر و زیاتر دەبن. دەنگ و رەنگ هەر دێ بە نەشە و گەشەتر و بەربلاوتر دەبن. ئاخ لە دڵی من چۆن لە کوتەکوت دایە و ئاخ چەندە لێوبەبارم! لە پڕ دەنگی لاوێک: هۆڵ هۆڵ، بەرەو هۆڵ بۆ ساتێ وچان و پشوودان.

لەگەڵ شۆڕا سەرێک بە نێو هۆڵەکەدا دەکەین. شەپۆلی مۆسیقا لە هۆڵدا دێ و دەچێ و دەتەقێتەوە. دەستەیەک چەپڵە لێ ئەدەن و دەستەیەک گۆرانی دەڵێن. پۆلێک بە دابی وڵاتانی رۆژهەڵات و پۆلێکی دیکە بە شێوازی وڵاتانی رۆژئاوا سەما دەکەن. لاوانی رەزا شیرن و جوانچاک،

برازاوای خۆش مەشرەب جاروبار لەم لاو لاوە هەرا دەکەن: دەستی خاڵی.... کیژ و کوڕێکی لاو دوو بە دوو سەما دەکەن و ئەمسەراوسەری هۆڵ دێن و دەچن. دیسانەکەش دوو تازە لاو خوڵکی کولێرە و میوە و شیرنی‌مان دەکەن. سەر و کولێرە و ساردی‌یەک هەڵدەگرین و دەست دەکەین بە خواردن. لە پاش ماوەیەکی دیکە تەمەشاکردن دەردەکەوین. لە هەر کونە گوێ‌یەکمدا سەدان هەنگ پوورەیان داوە. هەموو لە باڵەفڕکەدان و وزە وزیان گوێمی کڕ و کپ کردووە. بە سەد و هەزار چاوم لێ رواوە. ئای لەو هەموو دیمەن و رەنگە جۆراوجۆر و نەخشاونەخشە. دەک لەم هەزارەها روخسار و پرچ و سنگ و پاوانەیە! تەح لە دڵی من چ هەردێکی وشک و چ مەزرایەکی قاقڕە!

بەشێکی ئەم گوێ‌یەم بۆ هەڵلاّ هەڵلاّی شەڕەکەڵ و بەشێکی بۆ زەنا زەنای مۆسیقا و چەپڵەرێزان و هەڵپەڕکێ، بەشێکی ئەو گوێ‌یەی دیکەم دەنگی سەوڵ لێدانی دەعبایەکی مل باریک و سەرپیچکە و بەشێکی دیکەی پڕ لە وڕێنە و ورتە ورتی شۆڕایە. بگرە هەر ئەونا، هەرتکمان لە وڕێنەکردن داین.

بۆ جارێکی دیکە خۆمان لە سەر لێوارەی رووبار دەبینمەوە. رووبار لەم حاندەدا لە ئاو کەلاوڕێژە. کەچی هێشتا گەمی و دەعبا گوێدرێژە چاو زیتەکە تەنیا گەمی و گەمیەوانی سەر رووبارن. لە لێوارەکانیشدا سێبەرەکان و تارمایی‌یەکان هەمیسان و هێشتا بە دزەدزە و ترس و لەرزەوە دێن و دەچن. داخی گرانم بۆم سێبەرانە! جل و بەرگی رەش و بۆر، وەک تازیەدار سەرومل لە نێو شان چەقیو، شان شۆڕ بۆ خوارێ. چاویان لێڵ و بێ تیشک و ترووسکە، چەشنی چاوی مردوو. روخسار و نێوچاوان پڕ لە چرچ و لۆچ و گنجی خوار و خێچ، نوقمی فیکر و خەیالات، بە چەشنی

حـەشیمەتی بـرامـردوو. بێدەنگ لە هـام و شـۆدا، لە سـەرە خـۆ یـان هەڵەداوان، بەڵام هەر بە دزە دزە و بە ترسەوە. ڕاست بی‌بی‌جان خانم و لاسایی کردنەوەی ژیان! هەروا ڕاوێچکە بە لێوارەکانی ڕووباردا و قسـە وباسی بێ بڕانەوەی من و شۆڕا. دەگەینە حاندێک لە ڕووبارکە گەنداو و پاشاوێکی زۆر دەڕژێتە نێوی. بۆگەن وڵاتی پڕ کردووە. لە وانەیە بازنەی هەڵم و هاڵاوی بۆگەن لێرەدا بە چاو بەدی کرێت! هەشاوڵی بۆگەن و پڕ بوونی مێشک و دەم و کەپۆ. ئەگین دەرباز نەبین شەکەتمان دەکا. بە پەلە هەنگاو هەڵدێنینەوە. خـۆمان دەگـەیەنینە دەرک و دیـواری حـەسارێکی گەورە. لەگەڵ شۆڕا لە دەرکێکی چووکەوە خۆمان بە نێو حەساردا دەکەین. شەیتانە بازاڕێکی سەیر، دەوراندەور مەیدان مەیدان و هـەڕاج هـەڕاج و کۆنەفرۆشی.

لەم لاوە مەیدانی پەڕۆفرۆش، بە پەنجا شێست پیاوی پیر و پیرێ ژنەوە. لەو لاوە مەیدانی میوەی کۆن و سەدان پیاوی جەحێڵ و گەڕاوە. لە لایـەکـەوە مـەیدانـی کـەل و پـەلی لایـلۆن و جـل و سـیپاڵ بـە جـیا، بـە حەشیمەتێکی چڵکنەوە. لە لایەکی دیکەوە مەیدانی کـەڵەشێر و کـۆتر و کەو، پڕ لە هەرزەکاری دەم بە شات و شووت و شاف و لاف. مەیدانـی پەڕێن و سێ پەڕە و چوارجگە و چۆلەکەی شانس و ئیقباڵ و جەماوەرێکی ڕەزاگـران و لەپـڕەسەن. هـەروەها مـەغازەی پـووڵ و پـارە گـۆڕینەوە، زێڕفرۆش، کووتاڵ و قەوارەی نوێ، جمەی جەماوەر و فـڕکەی مـاشێنی سفر و تازە دەرچوو لە شانی ماشێنی شڕ و کۆنە. هات و هاواری شۆڕمەزە وبامیە و زولوبیا و چز و بزوو دۆ و تۆو فرۆش و دەیان دەنگی دیکە. گەشت و گەڕان و جمەی جەماوەرێکی زۆر، مناڵ و پیر و لاو، ژن و کیژ و پیاو. جل و بەرگی هەمە ڕەنگ، لە کۆنە و تەڕپۆش. لە هەموو دووکان و مـەغازە و

مەیدانەکاندا بۆدرێکی توند وەک بایەکی بۆگەن لە جووڵە و بزووتنەوە دایە. ئەوبۆدرِ و بۆگەنە لە مەبالەکان و جۆگەلە پاشاوەکانەوە هەڵدەستێ. هەر سووچ و قوڵینچک و قوژبنێکی ئەم حەسارە لەبەر چاوگری، مەبال و جۆگە پاشاوێک وگۆلاوێکی لێ قوت بۆتەوە! مەبالی بێ تابلۆ، مەبالی تابلۆدار. پاشاوی قوللەتەین وگۆلاوی پاشاو، هەڵمی شەرفرۆش و تۆسن! مەبالەکان لە هەموو مەیدان و مەغازەکان بە بازارتر و قەوغاترن. بەردەرکیان ڕێی ڕێ دار نیە. مشتەری ڕیزاوریز، بە پەلەپەل لە دەرکێکەوە خۆیان بە مەبالەکاندا دەکەن، نێو زگیان بە نقەنق بە ڕیخۆڵە و سی وگەدە و جەرگ و دڵەوە هەڵدەڕێژن و لە دەرکێکی دیکەوە دەچنە دەرێ. بەڵام زۆری پێ ناچێ، هەر ئەمانە بە خۆ هەڵکڕاندن وەدەگەڕێن و وەندەیتر دادەکەن. سەیر ئەوەیە لێیان تەواو نابێ، دەڵێی ئازای ئەندام وگشت بوون و نەبوون و لەش و ڕۆحیان لەمە پێک هاتووە! نە کەڕەتێک و دووان، دەیان کەڕەتەلە جەغزێکی خوار و خێچ دا بەم شەیتانە بازارە بۆگەن و بۆسارەدا دێین و دەچین، تاکوونێ شەکەت دەبین وکەلەلا لە پێ دەکەوین.

لە سەر سەکۆی بەر دووکانێک دادەنیشین و چاو دەبڕینە هام و شۆی خەڵک. زۆری پێ ناچێ لە پڕ کابرایەکی زۆر پیر، بە تووکی سپی و درێژی سەر و سمێڵ و ردێنەوە لێمان قوت دەبێتەوە. بە شەلەشەل و هەناسکەبڕکێ دێت و لە نێوان من و شۆڕادا دادەنیشێ! تەنانەت مووی مژۆڵک و برۆشی وەک چۆری شیر سپی داگەڕاوە. تەمەنی دەبێ زۆر لە سەد ساڵ پتر بێ، لە پیرێکی هەزار ساڵێش دەکا! دانیشتووە. گۆچانە دارەکەی لە نێوان هەر تک لاق و ئەژنۆکانی داگرتووە و خێرا خێرا بەرزی دەکات و نووکەکەی لە عەرزی دەکوتێ. خۆشی هەر جووڵە جووڵێتی، هەر لێوەکرۆژە دەکا و خۆی دەخواتەوە. جاروبار شان بە شانماندا

دەخشێنێ و بڕێ جار نەرمە کۆخەیەک دەکا. لام وایە زۆری پێ خۆشە قسە و باسمان لەگەڵ دامەزرێنێ. هەر بۆیە چاوەنواڕی ئەوەیە پێی بڵێم:
«هۆو رشکنە، ئەو کەرە دەرکە لەو هەرزنە» تاکوو لە خۆشیانە شاگەشکە بێ و بێتە سەما. لەگەڵکوو پێی دەڵێم: مامە چۆنی؟ قریشکەی پێکەنینی دڵمان دادەخات!

پیرەی هەزار ساڵ هەواڵپرسی و ماندوو نەبوونی و بەخێرهاتنمان پێ دەڵێ. بێ پرس و مەسڵەت، بێ رەزامەندی ئێمە دەست دەکا بە ورتە ورت و هاتەران و پاتەران: دەک ئەستۆت بە ئەسپۆن بێ، بە منیش دەڵێن پیاو، بە خەڵکیش دەڵێن پیاو. هەر بڵێ شەش! شەش شەشی چی؟ بڵێ شەش سەدە، شەش هەزار سەدە تەقالا و کوێرەوەری و زووخاو رشتن بۆ پێک هێنانی ئەم دەور و دووکانە، بۆ ساز کردنی ئەم شەیتانە بازاڕ و کاروانسەرایە. دڵم خۆش بوو دەمکوت لە پاش ئەم حەول و تەقالایە لە سای دا دەحەسێمەوە. دەمکوت شتێکی جوان و خۆش و رازاوەیە. بۆ پاشەرۆژ، بۆ پشوودان و وچان و حەسانەوەی وەچە و بنە چەکەم، کەچی لە چەنگی خۆشم و تڕ و تەوێڵە نەفامەکانیشمیان دەرهێنا! هەر بە زۆر، بە فڕ وفێڵ و ملهوڕی لێیان زەوت کردین و کردیانە ئەم مەبال و قەرەچی بازاڕە. لەگەڵکوو رۆژ دەبێتەوە کەرە بەرەڵا و سەگە بۆگەن و گلاو، کوڕە جەحێڵە و پیرە کەمتیار، رەشتاڵە و سیپاڵ و کۆیان چڵکن و شڕ، بە خۆ هەڵکڕاندن و بەر و پشت هەڵگولۆفین خۆ بەم مەبال و ئەو مەبال و ئەم دووکان و ئەو دووکاندا دەکەن. هەر لە دەرەوە قایش و دۆخینیان ترازاندووە، خۆ بەم کونانەدا دەکەن. دادەنیشن و دەیکەن بە مووشە مووش و نقەنق! نەعرەتە لێ ئەدەن و دەنەقێنن. شین و رەش دادەگەڕێن و ئارەقە دەڕێژن. هێندە زۆر بۆ نێو زگ و گەدەیان دێنن، لە وانەیە شی و جەرگ و گەدە و ریخۆڵەیان

@kurdica

هەڵڕێژنە دەرێ. هەرچی ناخیانە هەڵی دەرێژنە دەرێ و هـەور و هـەڵا و هەڵم و هاڵاوی بۆگەنی توور و سیر و شیرێژی نێو زگیان هـەشاوڵ بۆ دەرەوەی مەبال و نێو حەسار و مەیدان دێنێ. بۆدڕ و بۆگـەن و بـۆترشاو وەک هەور و تەپ و مژ وڵات دادەگرێ. نیسکۆڵە ئاوێک بە خۆیاندا بکەن یان نەکەن، هەڵدەستنەوە، قەیاسە وکەژوویان دەبەستنەوە.

مـەرج وگـرێو دەکـەم گشت گیانی خۆیان مـاسڵەساو دەکـەن!! هەموویان دایم و دەرهەم گشت لەشیان ماسڵە ساوە، بۆیە بۆدڕ و بۆگەنی ترشاو ئاوا دەکات. کەچی لە گەڵکوو بە مەیدان و شـەقامدا هـاتن، وەک ئەوەی چنارت لە گەڵۆزیان بڕی‌بێ، لووت هەڵدێنن و قیت و قنج دێن و دەچن. گوو بە قەلەنگ ناگاتە کەپۆیان. کوڕی قەڕاڵی فەرەنگن. کەچی پیاو لە بۆگەن و بۆساریان قڕ دەبێ. بـۆیە ئـەم هـەموو عـەتر و ئـودوکلۆنە بـە خـۆیاندا هـەڵدەپڕژێنن! بـەڵام کـوا پیاوی خـاوێن؟ هـەموو وەک یـەک ماسڵەساون! کەپۆیان پڕ بووە، لووتیان گیراوە، بۆیە بێز و بـۆ لە یـەکدی ناکەن!

ئێوە چاوکەن، ئەوە مەبال، ئەوە پاشاو، ئەوە ئاودەس، ئـەوە گـۆلاوە گوو، دیسانەکەش ئەوەگشت مەبال وگۆلاو، هەمووشی جۆگەلە وگۆلاوی گەند و گووی بەشەری گلاوەشایکەن هەر پاشاوە شۆلاوگە* ی بەستووە. دەک ملت ورد بێ و ئەستۆت بە ئەسپۆن بێ بۆ دووکـان و بـازاڕت. جـا دووکان و بـازاڕی چـی؟ نـەوەڵڵا مـەبال، کـاروانسـەرا! کـابرا گـوێچکەی خۆڕایی وەگیرکەوتووە، چەناگەی تازە خەریکە گەرم دەبێ! لێی نابڕێتەوە. لەگەڵ شۆڕا تێک دەکوتین و چاو لێک دادەگرین. لە پڕ و نەکاو ماڵ

* ـ شۆلاوگە ـ عەوامانەی شۆڕاوگە.

ئاوایی خانەخوێ دەکەین و لە چنکی دەرباز دەبین. ئەوا تازە بۆم دەردەکەوێ، هەموو مەیدان و مەغازە و شەقام و دووکانەکان شۆڕاوگەی ئەم مەبالانە لێکیان جیا دەکاتەوە. تف لەم بۆگەن و بۆسارە، مۆخی سەرم داکەوت. جۆگەلە پاشاو لە سەد لاوە بە نێو حەساردا شۆڕاوگەیان بەستووە. دەڵێی قڕ بووم. پاشاو بە ئاشکرا و دزە دزە، بە گۆرانی گوتن بەرەو رووبار و زەریا خوڕەیان دێ. خولێکی دیکە بە مەیدان و دووکانەکاندا دێین و دەچین. لە پڕ چاومان بە لاوێک دەکەوێ کە خەریکی گوڵ و گوڵدان دامەزراندنە! دەیهەوێ دووکانێکی گوڵفرۆشتن بکاتەوە. خەڵکی نێو حەسار دەورەیان داوە و بەرگری لێ دەکەن. ناهێڵن و پێیان خۆش نیە کابرایەکی گوڵفرۆش ببێتە دراوسێیان.

هەموو پێکەوە دەنەڕێنن و دەگوڕێنن: جا ئێرە و گوڵ و گوڵدان؟ ئێرە و بۆ دووکانی گوڵفرۆشی؟ نابێ نابێ. کوڕە جەحێڵ وەڵام ئەداتەوە: دەبێ، زۆر باشیش دەبێ. ئەو گۆلاوانەش پڕ دەکەمەوە لە گڵ و خۆڵ و باخچەی گوڵ پەروەردە کردنیان لە جیاتی ساز دەکەم. خەڵک ورووژمی بۆ دێنن. جوێنی ئەدەنێ، گوڵدانەکانی دەشکێنن و گوڵەکانی لە ژێر لاقدا پێشێل دەکەن. کوڕە لاوەکە لە تەقالا ناکەوێ و هەر هەڵدەسووڕێ. من و شۆڕا و سێ چوار منالی قوتابی دەچینە یارمەتی لاوی گوڵفرۆش. بەڵام هاشاولی بە تێکڕایی خەڵکی بازاڕ چەشنی لافاو راوەمان دەنێ و دەمانڕەتێنێ. لە تەمتومان و سەرەوخوارێیەکی سەیردا لافاو دەمانبا و دوورمان دەخاتەوە. ئاخ لەم بۆسار و بۆدڕە کاس و وڕی کردم. بڵێی وابێ یان من وام دێتە بەر چاو؟ لە حاندی تێکەڵ بوونی هەموو جۆگەلە و رووبارەکان دەعبای گوێدرێژ و سەربیچکە و ملباریک سەوڵ بە دەست لە نێو گەمی دا مەشقە مەشقیانە! شۆڕا روو دەکاتە تاق تاقەیەکیان: هۆهۆ، پشیلە دیار

نیە مشک تیل تیلان‌یانە. سەرم لە گێژڕا دێ ، چاوەکانم وەک مەزرەق دەخولێنەوە. پاشاوەکانم لێ بوونەتە رووبار و زەریا و بە هەزارەها لەم دەعبایانە بە سەریانەوە خەریکی مەلێ و سەوڵ لێدانن. کەچی سێبەرەکانیش هەروا دێن و دەچن. هەمدیسان مەیدانەکان و راستە بازاری نێو حەسار. رمبازێنی سوارەی ئەسپ رەش بەم شان و ئەو شانماندا رامان دەچڵەکێنێ. هەروا پیاسە دەکەین و لە جۆگەلە پاشاوەکان باز ئەدەین. کەپۆمان ئاخنیوە بۆسار قرمان نەکات. دەلنگی پانتۆڵەکانمان هەڵکردووە تاکوو گلاو نەبین. بە شەقامێکدا بەرەو چوار چرای نێوەڕاستی حەسار دەچین. لاوێکی جوانچاک گولاو پاشێک بە دەستەوە، عەتر و گولاو بە سەر و گوێلاکی رێبواراندا دەکات. شۆڕا پارەیەکی دەنێتە دەستەوە، بەلام لاوەکە وەری ناگرێ و دەڵێ: شارەداری دایناوم تاکوو نیشانی دەین بۆن بۆنی عەتر و گولاوە، نەک وەکوو بەدخوا دەڵێن، بۆگەن و بۆسار!کابرایەکی کوێر بە راوێچکە تەنبوورە لێ دەدا و نێو نێو گۆرانیش دەڵێ: شار شاری فەرەنگە، شارێ کە حەفتاو دوو رەنگە، وڵات لە جوانی هەمە رەنگە!

هەر کا چەند کەس گەمارۆی ئەدەن، تەنبوورە ژەنی پیر دەی‌کاتە فڕهاویشتن، گێڕانەوەی قسەی خۆش، پللە لێدان و تۆپ و تەشەر هاویشتن بۆ خەڵک و جوێن‌دان بە رەخنەگرانی میری.

قوتابی لاو گەمارۆی ئەدەن بەربەرچی قسەی ئەدەنەوە. تەماتە و هێلکەی پێدا ئەدەن، تەریقی دەکەنەوە. دووسێ ئاژان دەگەنێ و دەست دەکەن بە رەش‌بگیر و راوەنانی لاوەکان. بلاوە دەکرێ. لەم مەیدانەدا پۆلێ خوێندکاری زانکۆ کۆتر وەحەوا دەخەن. ئاژانەکان داڵ لە گیانی کۆتر بەر ئەدەن. داڵ لە حەوا وەشوێن کۆتر دەکەون. راوەکۆتری داڵ لە ئاسماندا جەماوەری حەسار دەورووژێنێ. حەشیمەت لێ‌یان دەبێتە دووبەرەکانێ و

بەگژ یەکدی دا دەچن. دیسانەکە لە دوورەوە خرمەخرمی ناڵ و بزمار دێ. لە پڕ یەک دوو گوللە قەنناسە لە بن گوێماندا دەتەقێتەوە. خەڵک وەک کزەبا و شەپۆلی زەریا بەم لاو لاماندا رادەکەن.

شـۆڕا دەیکـاتەوە مـژولیایش : رامـەکـەن، مـەترسن، رامـەکـەن و لەسەرەخۆ بن. ئەگین پشت پێکەوە دەن و نەترسن، پێتان ناوێرن و باستان ناکەن.

بەڵام کەس گوێی ناداتێ و هەروا بە هەڵە داوان رادەکەن. دیسانیش تەقەی قەنناسە و خـرمەخرمی نـاڵ و بـزمار. سـەر هـەڵدەبڕم و چـاو بـە چوارەندەورم دا دەگێڕم، نە کۆتر بە حەواوە ماوە، نە کۆترباز لە مەیدان دا. داڵ بە سەر سەرماندا دەخولێنەوە. ئەوەش دەس ڕێژ و چەپڵەڕێزانی گوللە! سوارەی ئەسپ رەش و سەگەل دەورەمان ئەدەن. دەبێ دەرباز بین.

پێش ئەوەی سوار گەمارۆی جەماوەر تەواوەن بێتە ژێـردەسەڵات و چاوەدێریانەوە، دەستی شـۆڕا دەگـرم و دەیکـێشم. بـە نـێوان کـەلێنێکی بازنەی گەمارۆدا دەرباز دەبین و رادەکەین. دەکەونە سەرمان! زۆریان لێ دوور کەوتووینەوە. لە بەرز و نزمایی و پێچەڵاوپووچییەکانی نێو بازاڕەوە بەرەو پشت پاشاو و مەبالەکان دەچین. سەگوەڕ بە دووامانەوەیە. دەنگی چەند سوارمان دێتە گوێ، سەگەل هان ئەدەن. پشت مەبالەکان مێشەڵانە، لە دەروازەیەکی گەورەوە تێدەپەڕین. دیسانیش مێشەڵانە وچ مێشەڵانێکی چـڕ. دەنگـی سـوار و سـەگـەل چرکە بـە چـرکە نـزیک دەبـێتەوە. بـە هەناسەبڕکێ دەگەینە شانی رووبارەکە. سەدان و بگرە هەزارەها دەعبای سـەر بـیچکەی گـوێدرێژی مـلباریک دێـن و دەچـن. سێبەرەکـان بـە هەڵەداوان رادەکەن. خـۆمان دەهـاوێینە غـەڵبەی سێبەرەکـانەوە. راکـە سامرەند راکە. دەنگی شۆڕایە. دەگەڕێتەوە. دەستم دەگرێ و بە نـزمایی

دوڵێکی پڕ دار و دەوەن دا تەقلەکوت غار ئەدەین. تەنگەنەفەس بووم. گەرووم وشک بووە، زۆری نەماوە بکەومە کۆخەکۆخ. شۆڕا لە ناخم بە ئاگایە! تف بجاوە سامڕەند، تف بجاوە! تف قووت دە! نەکەی بکۆخی. دەبێ وا بکەم. بێت و بکۆخم دەکەوم و دەگەنە سەرمان. دەست دەکەم بە تف جاوین و تف قووت دان. خەرتوڵەیەکی بۆری چڵکن دەمانگاتێ. بێ سێ و دوو لە رووبەروومانەوە ئاوقای سنگ و بەربینگ و سەروچاوی شۆڕا دەبێ.

دەک خودا نەتگرێ شۆڕا! هەر نەمزانی کەنگێ کلکی سەگەی گرت و هەڵیسووڕاند بە دەوری خۆیدا. تۆ راکە سامڕەند، راست بەرەو خێوەتەکەی یۆنان. راکە دەتگەمێ. ئەژنۆم دەشکێ و رادەوێستم. شۆڕا سەگە هەڵدەسووڕێنێ. ئەوا شۆڕاش کەوتە باوەخولێ. بەڵام هەروا سەگە هەڵدەسووڕێنێ. ئەوا سەگەی حەوادا. دەستم دەگرێ و هەمدیسان رادەکەین. ئەم زەبر و زەنگەی شۆڕا وەشاندی، هێز و توانایەکی سەیری وەبەر هێناوم. دەڵێی هەوەڵ چرکەی راکردنمە. وەک تێسکەی تفەنگ خۆمان بە نێو مەیدان و راستە شەقامی خێڵ دادەکەین. ئەوەتانێ ئەوە من و شۆڕاین کە لە سەر مێز و کورسی خێوەتێکی گەورە دانیشتووین و دۆندرمە دەخۆین.

هەزار جار ماڵت ئاوەدان بێ سامڕەند، ئەو کاتەی وا لە هەوەڵی تەقە و سەگوەڕ داگەمارۆ دراین، ئەگین تۆ دەستت نەگرتبام و راتنەکێشایەم، راوێستابووم و گرتبوویانم. وەڵڵا مەردئازایی تۆ بوو. - ناوەڵڵا هەزار کەڕەت ماڵی تۆ ئاوەدان بێ شۆڕاکە لە نیوەڕێی راکردندا شان و پیلت گرتم و یاریدەت دام نەوێستم، نەکۆکم و نەمگرن. ئەی تۆ نەبای ئەو خەرتوڵەی پێمان گەیشت، خۆ بە دەستێوە دەرەتانم نەبوو. دەیجا من ماڵئاوایی تۆ

دەکەم.

لەو قسانە بینەوە چلۆرەکەت بخۆ با بڕۆین. ئەرێ چلۆرە یان دۆندرمە کامەیان؟

بەستەنی‌شی پێ دەڵێن. هەر محاڵە و ناوچەیەک شتێکی پێ دەڵێ: دۆڵدرمە، دۆندرمە، چلۆرە، بەستەنی. دێم هەستم کە دەرکەوین، شۆڕا دام دەنیشێنێتەوە: دانیشە تۆ خودا، با ساردی‌یەکیش بخۆین. لە پاش ئەم هەموو هەڵلاّ و راکردنە خواردنی ساردی‌یەک جێی خۆیەتی. دەبا بڕێک کەللەمان گەرم دابێ. پاش هەڵقوڕاندنی ساردی وەدەر دەکەوین. دەنگی مۆسیقا وەک شنەیەکی زۆر خۆش دەمانلاوێنێتەوە. لاوانی پازدە تا سی ساڵان لە تەواوی شەقامدا دەستیان خستۆتە سەر شانی یەکتری و بە هەوای مۆسیقاکە گۆرانی دەڵێن. لە پێ‌یانە رێ‌یەکانەوە پۆلێکی دیکە هەر بە هەوای ئەوان چەپڵە لێ‌ئەدەن و سەربەندی قام و گۆرانیەکانیان بۆ راگرتوون. جێ‌جێ شایی و دیلان گیراوە و خەڵک هەڵدەپەڕن. لە بڕێک شوێن لاوی مێرمناڵ دەسرەی رەنگاورەنگ بە دەستەوە سەما دەکەن. دەگەینە چوارچرایەکی زۆر روون. دەیان مەڕ و گوێلک سەر بڕاوە و کەوڵ کراوە. دەیان و بگرە سەدان ئاور لەم لاولا ساز کراوە. هەرکەس بە ئیشتیای خۆی نەرمە گۆشت لەم کەولاّنە دادەبڕێ و لە سەر ئەو ئاورانە دەیبرژێنێ و دەیخوا. لە هەمان کاتیشدا دەنگی مۆسیقا و گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ هەردێ و خۆشتر و بەربلاّوتر دەبێ.

ژن و مێردێکی بە تەمەن سەر و سیخێک‌مان گۆشتی برژاو خوڵک دەکەن. بە سپاسەوە لێ‌یان وەردەگرین و بە خواردن پیاسەکەمان درێژە ئەدەین. دەروێشێک دەفە لێ‌دەدا و هۆنراوەی مەولوودی پێغەمبەر دەخوێنێتەوە. دەنگێکی بە سۆز و بلاوێنی هەیە. پیاو تەواو حەز بە

گوێدان دەکات. لەم نوورباران و شەکانەوەی هەزارەها دەسرە دەستی ڕەنگاوڕەنگی دەستی سەرچۆپی دیلان و سەماگێڕەکان جوانترم کەم دیوە. بەڵکەم نەشم دیوە. بە هەموو هەستەوە نوقمی سەیر کردنی ئەم دیمەنە جوانەم. شۆڕا لە هەموو لایەک دەڕوانێ و پەستاپەستا ورێنە دەکات: زاگرۆس... زاگرۆس.... چی لێ هات؟ لە کوێیە؟

مانگێکی زێوین لە ناخی ئاسماندا سەدان ئەستێرەی کەم شۆق و تیشک کردووە. دەبێ هەموو جێیەک بە شۆقی ئەم مانگە رووناک داگەڕابێ. دەنگی سەگوەڕ لە دوورەوە هەڵدەستێ. چەکدار لەم لاو لاوە دەردەکەون. چەکدار بەر دەبنە تێکدانی دیلان و هەڵپەڕکێ و کووژاندنەوەی ئاورەکان. خرمە خرمی ناڵ و بزماری سوار و دەنگی سەگوەڕ زۆر نزیک دەبێتەوە. خەڵک دەشڵەژێن. تەقەی گوللە هەڵدەستێ. پۆلێک کوڕە جەحێڵە ئاڵا بە شەقام و مەیداندا دەگێڕن. سوار دەگەنێ. هەر سوار و سەگێکی لە گەڵە. سوار و سەگەل دەکەونە نێو حەشیمەت. هەڵات‌هەڵات دێتە گۆڕێ. گوللە بە هەزارەها و بێ ئامان و سامان دەتۆقێتەوە. زۆر جێی شەقام و مەیدان بە گوڵاڵە سوورە دەڕازێتەوە. لە سەر هەموو گوڵاڵە سوورەکان دەفە لێدان و چەپڵەڕێزان و نەشید خوێندنە. زۆر کەس گەڵایەکی گوڵاڵە سوورە بە سنگ و بەرۆکیەوە دەنووسێنێ، زۆر کەسیش بە گوڵە گەڵایەکی گوڵاڵە سوورە دەم و چاو و روخساری دەنەخشێنێ. بگرە و بەردە ساز بووە. گەرووی تفەنگ و گۆرانی گوللە لە قاسپەی کەوی بەیان بە هێزترە. فرمێسک و خوێن لە روخساری زۆر کەسەوە، بەرەو چەناگەی شۆڕاوگەی بەستووە. شەقام و مەیدان چۆڵ و سوار و سەگەل گەمارۆی بەرخۆڵەیەک ئەدەن. بەکۆڵانێکی تەنگەبەردا دەڕۆێنە خوار. چرای ماڵی کەس نائایسێ. هەموو ماڵەکان یەخسیری

تاریکایی و بێدەنگین. بە کۆڵانێکی دیکەدا بای ئەدەینەوە. کۆڵانی پێچەڵاوپووچ و بەرز و نزم لە بن نایە. شۆڕا هەر دەڵێ زاگرۆس، زاگرۆس لە کوێیە. وەک شتێک کەوتۆتە وڕێنەوە. بە هەزار کەڕەت هەر دەڵێ زاگرۆس. وەک لا ئیللاهە ئیل لە ڵلای پیرێکی پیاوچاک، زاگرۆس زاگرۆسی شۆڕاکۆتایی نیە. دەگەینەوە راستە شەقامی خێڵ. دارە تەرمێک لە سەر شانی ئاپۆرەی خەڵکە. شۆڕا خۆی لە نێو خەڵک دەهاوێ و منیش بەدوویدا. خۆمان دەگەیەنینە دارەتەرم. وێنەکەمان ناسیوەتەوە. شۆڕا دەنەڕێنێ: ئاخ براڕۆ، پشتت شکاندم زاگرۆس. خۆ دوێشەو بەڵێنیت دامێ وەندە توند نەڕۆی. دوو دەسکی پێشەوەی دارەتەرم لە سەر شانی من و شۆڕایە. تەرم و دارەتەرم لە سەر شان لە نێو شەپۆلی لافاوی خەڵک و لە ژێر تەقە و بگرە و بەردەدا بە شەقامدا دەڕۆینە پێش. لە نەکاو تەقینەوەی هەزارەها گوللە. هاتنە پێشێی دەیان چەکدار. قۆڵبەست کردنی من و شۆڕا. خەڵک تەرم و دارەتەرم لە سەر شان هەروا بە شەقامدا دەڕۆن و لە ئێمە دوور دەکەونەوە. کوێراییم دایە زاگرۆس، بۆچ وا لێمان دوور کەوتی‌یەوە؟ بۆچ وا تاق کەوتی‌یەوە؟ دەک رەببی نەمێنم.

قۆڵبەست و چاو بەست وەپێشمان ئەدەن. جاروبار کۆڵەوەژێک بەنێو شانماندا دەکێشن، جاروباریش جوێن و سیخورمە و پاڵپێوەنان برا گەورەیە. نازانم بە کۆڵاندا دەڕۆین یان بە شەقامدا؟ بەڵام رێگە سەرەو خوار و پێچەڵاو پووچە. هەر دەڕۆین و جوێن و کۆڵەوەژ بەسەر و گوێلاکماندا دەبارێ. جا ئێدی چی‌مان کردووە؟ بۆچ قۆڵبەست کراوین و بۆ کوێمان دەبەن؟ خۆیان دەزانن، زاگرۆس پشتت شکاندووم. لە شوێنێک رامان دەگرن و چاومان دەکەنەوە. حەساری قەڵا و پاسگەیەکی زۆر زەلام و کۆن و لاڕووخاوە. ئەوا دیسان چاومانیان بەستەوە. وەپێشمان ئەدەن و

چەپ و ڕاست لە پشتە سەرەوە بە نێو شاندا دەستەکانمان لە کەلەبچە ئەدەن. بەم وەزیعەتەوە زۆرمان بەم ژووراوژووردا دەگێڕن و ئەم لاوئەولا پێ دەکەن. لە چەند شوێن دەست و چاومان دەکەنەوە، هەمیسان لە چەند شوێن دەیان بەستنەوە. لە پاش هەمووی ئەمانە کاتێ بۆ ئاخر کەڕەت چاومان دەکەینەوە، لە هۆڵێکی زۆر زەلام داین . زۆر کەسی دیکەشی لێیە. هەموو دەست بەستراوەین. هۆڵ وەکوو کۆترخان هەر گمەی دێ. ئارەقە لە ملیۆنەها کونە پێستەوە هەڵدەقوڵێ. خوێن و خوێ لە سەر ئازای زامەکانمان تێکەڵ بوون. کراس بە پێستمانەوە نووساوە. ئاخ زاگرۆس پشت و ئەژنۆت شکاندم. وەی لە ژان و ئێشی برژانەوەی ئەم گشتە برینە. لەو سەری هۆڵ، قازی‌یەک لە سەر کورسی‌یەک پاڵ کەوتووە. دەیان دەست باوەشێنی دەکەن و مێزێک لە بەر دەستی قازی دایە. نێوەڕاستی مێز تەرازوویەکی لێیە و ئەم شان و ئەو شانی تەرازوو، دەوسێیە قەڵاپرچن کراوە. دوو دەندووکی تەرازوو لە حاندی یەکدا میزان راوێستاون. سوڵتان و نایب لە پشت سەری قازی وێستاون و سەدان کۆڵەوەژ لە شان دەوراندەوری هۆڵیان گرتووە.

قازی لە جیاتی هەناسکە هەناسک، نەعرەتە دەکێشێ. ئەوا هەستایە سەرپێ. لەگەڵکوو قازی لە سەر کورسی هەڵدەستێ، دەندووکی تەرازوو لە میزان دەترازێن. میرزا و دەست و پێوەندی قازی زۆر لەگەڵ تەرازوو خەریک دەبن بەڵکەم میزان بوێستێ، بەڵام دایکم مردوو، باوکم زیندوو، دەندووکی تەرازوو میزان نابنەوە. کەچی لەگەڵکوو قازی لە جێی خۆی دادەنیشێتەوە، دیسانەکە دەندووکە تەرازوو میزان دەبنەوە. ئاخ لە برژە برژی پێست و لە سووتانەوەی نێو چاو و زامەکانم ، ئەی براڕۆ، ئەی براڕۆ. لە هۆڵەکەدا کەم کەس ڕەنگی بە ڕوخسارەوە ماوە! ڕوخساری زۆر کەس

وەک پەڕی کاغەزی سپی داگەڕاوە. بۆ جارێکی دیکە قازی لە جێی خۆیەوە هەڵدەستێتە سەر پێ. دیسانەکەش تەرازوو لە میزان دەترازێ! بەڵام ئەمجارە نە قازی تەمەشای دەکات و نە دەست و پێوەند خۆی تێ دەگەیەنن. قازی لە پشت مێزەکەی رادەوەستێ. روخساری وەک چەوەندەری کوڵاتوو سوور داگەڕاوە. هەرواکە لێوە کرۆژە دەکات، لە نەکاو پڕ بە گەروو دەنەڕێنێ: برایەتی! یەکسانی! رزگاری، وڵات، ئینسان. نەخێر نەوەڵڵا درۆ، درۆ. ئاژاوە، درۆ دەکەن، ئاگرتان کردۆتەوە. ئاژاوە ساز دەکەن. ساویلکە و نەفام بە هەڵە دەبەن و وەسەر تەڵەیان دەپەڕێنن. وڵات، ئاوەدان کردنەوەی باخەرەز، رزگاری، دووکان و بازاڕی باخچەی گوڵان. ئینسان، چاو بە کتێبی قۆڕادا گێڕان و بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندەی درۆ و دەلەسە. حەول و تەقەلا بۆچی؟

بۆ ئاژاوە نانەوە، بۆ هەڵفریواندنی لاوی نەفام و هەرزەکار و ساویلکە. بە فریو بردنی خەڵک! هەڵڵا ساز کردن و خەڵک بە گوللە وەنان. خەون دەبینن، خەیاڵ پڵاو دەکەن. پێ‌تان دەڕێژین، پێ‌تان دەتوێنین. وڵات بێ سێحەب نیە، وڵات خاوەنی هەیە، یاسای هەیە، یاسا، یاسا. لە پڕ بەرەو میرزاکەی دەسوورێ: میرزا بنووسە، ئەو هەشتانەوەد کەسەی وا لەم قوژبنەی سەرەوەدان، خاوەنی ئەم کۆمەڵە دەوسێ‌یە- کۆمەڵەیەک دەوسێ دەداتە دەست میرزاکەی - ئەمانە وەپێش دەن، بیانبەن و بڕۆن، ئیدی نەیانبینمەوە. جیایان کەنەوە. میرزا بگرە، بنووسە: ئەو پەنجا شێست کەسەی هۆو سووچەی ئەولا - کۆمەڵێکی دیکە دەوسێ دەداتە دەست میرزا - ئەوانە بنووسە بەندیی دایم. دەبێ تا رۆژی مردن لە بەندا بڕزێن. هۆۆی چەکدار! ئەمانەش جیا کەنەوە، بیانبەن و بڕۆن. چەکدار ئەم دوو دەستەیە وەپێش ئەدەن و لە هۆڵ دەچنە دەرێ. قازی بڕێک لە وانەی ماون

دەڕوانێ. بزەیەکی دێتە سەر لێوی، تروووسکەیەک لە چاوەکانیدا دەدرەوشێ. لە پڕ روو دەکاتە میرزاکەی: میرزا ئەو پەنجا کەسەی خاوەن ئەم دەوسێیانە - دەوسێ دەداتە دەست میرزا - ئەمانە دوو ساڵ و سێ ساڵ و تاکوو پێنج ساڵیان بۆ بنووسە. دیسان دەیانبینمەوە. جارێ مەیانبەن! ئەوەی ماوە هەمووی شاربەدەر کەن. گەرمێنێ بنووسە بۆ کوێستان، کوێستانێ بنووسە بۆ گەرمێن. بزەی رەزامەندی لێوەکانی دەپشکوێنێ. سەری بەرەو پاش و پێش رادەوەشێنێ و پێ دەکەنێ. دیانە سپییەکانی دەردەکەون. کەڵپەکانی درێژ و تیژن، وەک شفرەی بەراز دێنە بەرچاوم. ئاخ زاگرۆس پشتت شکاندم. تۆ شەوێ قەولت دامێ لانی کەم ئەمڕۆ وەندە توند نەڕۆی. قازی لە پشت مێزەکەی بڕێک ئەوسەر و ئەوسەر دەکا لە سەر پاژنە خولێکی ئاکتۆرانە بە دەوری خۆیدا ئەدا، بە هێما و ئاشیرەی پەتجە بۆ لای من و شۆڕا: بەڵام ئەو سێ کەسەی کە ماون، ئممم... لێوەکانی بە سەر یەکدا دەخەوێنێ -تەمەشایەکی ئەملاو ئەولای خۆم دەکەم. لاوی گوڵفرۆش لە پشت سەری شۆڕا راوێستاوە - قازی دیانەکانی سەرەوەی، لێوی خوارەوەی دەگرنە ژێر: ئەم سێ کەسە - چاوەکانیمان لێ دادەقلیشێنێ، لێوی خوارێی توندتر دەگەزێ - : ئممم ئەمانە... بێیان هێننە پێشتر - دەمانبەنە پێشتر - قاقا دەکێشێ. خولێکی دیکە بە دەوری خۆی دا دەسووڕێ. شاگەشکە دەبێ. دیانەکانی لێک دەکەون و شەقەشەقیان هۆڵ پڕ دەکات. ئاخ چ دیمەنێکی پیس و نەگریسی هەیە. دەیناسمەوە. هەر ئەو قازییە بە کە ئاخز ئیمزا و مۆری شاربەدەری لە وڵاتی خۆمان بە دەوسێیەکەمەوە نا.

لچ و لێوی دەکەونە لێوەلەرە. قاقا دەکێشێ و کەف هەڵدەخڕێنێ. دیسان دەنەڕێنێ: شۆڕا و سامڕەند و گوڵفرۆش، بەڵام ئێوە، ئمم...

لێوەکانی سەرو خوارێی بە نۆرە دەگەزێ، چاوەکانی دە وەندەی پێشتر دادەقڵیشێنێ و دەمرێنێ: ئەم سێ کەسە هەر ئێستا و لە بەر چاوی خۆم، لە بەر چاوی خۆم، نێو چاوانیان داغ کەن! مۆری شاربەدەری دایم و دەرهەم بە نێوچاوانیانەوە بنێن، تا هەموو کەسێ زۆر لە دوورەوە بیان‌ناسێتەوە، کەس توخونیان نەکەوێ، کەس فریویان نەخوا، کەس رووی خۆشیان نەداتێ. زووکەن زوو، ئاگر و ئاسن و مۆر بێنن. مۆری شاربەدەری ئەبەدی لە نێوچاوانیان بدەن. جا لە پاشان تێ‌یان هەڵدەن و شاربەدەری نێو درگە و حەسار و بازارەکەی شانی درگەیان کەن.

لە پڕ دیمان دێوەزمەی دار بە دەست هەڵدەکوتنە سەرمان. زۆر زوو لە چوارمێخەیەکی پێچەوانەمان ئەدەن. ئای چ چوارمێخەیەکی سەیرە! لە تەواوی وڵاتان و مێژوودا چوارمێخە هەر دەمەو روو بووە، کەچی ئێمە لە سەر پشت و روخسار بەرەو حەوا لە چوارمێخە دراوین! وەهاش بەستراوینەتەوە کە نەتوانین موو بپسێنین یان ساتێک بەم لاولادا بزووینەوە. دەعبایەکی عاجیباتی مۆر ئاسنێکی ئاگرینی سوورسوور و داغ‌داغ بە دەستەوە دێتە پێشێ. چاوە سوورەکانی وەک مۆرئاسنە ئاگرینەکە پریشکەیان لێ دەبێتەوە. کوێراییم دایە بۆ تۆ زاگرۆس. تۆ پاک و راست و ئازا بووی. تۆ ئێمەت پێ شیاوی ئەوە نەبوو پێمان بڵێی چ دەکەی و چت لە بن سەردایە! مۆرئاسنی ئاگرین بە نێو چاوانمانەوە دەنێن. چزە لە پێستی نێوچاوان هەڵدەستێ. مۆرئاسنی داغ لە سەر پێستی نێوچاوانمان .... نێوچاوان چزەچز دەسووتێ و دەبرژێتەوە. مۆری ئاگرین لە سەر پێستی نێوچاوان .... وەندەی دادەگرن تاکوونێ تاکوو سەر ئێسکانمان دەسووتێنن. قاقای قازی و سوڵتان و نایب هۆڵەکەی پڕ .... قاقاکەیان لەنێو گوێچکەمدا لە نێوەڕاستی مۆخی سەرمدا دەتەقێتەوە. بۆ کورووز و بۆنی گۆشت و

ئێسکی سووتاو هۆڵ کەلاورێژ .... چاوم لێیە قازی و کۆڵەوەژ لە شانەکان بۆنەکە هەڵدەمژن و قاقا .... مۆری ئاگر هەر لە سەر پێست و گۆشت و ئێسکی نێوچاوانە. بۆکورووز و دووکەڵ لوول دەخۆن و بلاو دەبنەوە! ئاخ چ ئاورێک بەربۆتە جەرگ و دڵ و هەناوم، ئاخ لەم ئێش و ژانە، وەی لەم سووتان و برژە برژە. قاقای قازی و پیاوە نەگریسەکانیشی لە گوێنی کوتک زرینگە لەگوێ و مۆخ و کەپڕاکەی سەرم هەڵدەستێنێ. سەرم دەبێتە دە، دەبێتە سەد، دەبێتە هەزار، هەمووشیان لە نێوان عەرز و ئاسماندا دەخولێنەوە، باوەخولێ دەکەن، دەسوورێنەوە. دووکەڵ و هەڵم و ئاگریان لێ هەڵدەستێ. دەخولێنەوە، لێک دەکەون. پڕیشکە ئاگری زەرد و سووریان لێ دەبێتەوە. دەبێ شۆڕا و زاگرۆس! لە چ وەزیعەتێکدا بن هەک کوێراییم دایە، ئەوە ناڵەناڵی کامیانە. دەک کەڕ بایەم و بمردایەم و ئەم ناڵە ناڵەم نەبیستایە. ئاخ لە ژان و ئێشی ئەم چزە چزە. بە هەرە هێز و توانای خۆم دەنەڕێنم، دەگوڕێنم، جنێو ئەدەم! جنێو ئەدەم. وەندە دەنەڕێنم تا کوو..

کاتێ وەخۆ دێمەوە لەگەڵ زەریا و شاهۆ لە نسێی گاشەبەردەکەی رۆخی زەریا دانیشتووین. سەر و سێ بەردی بازەڵێن بە دەستەوە، هەڵیان دەخەین و دەیان گرینەوە. بەڵام چاومان لە کۆسارە سەر بە تەم و مژەکەی نێوەڕاستی زەریا بڕیوە. لێی دەڕوانین و گوێمان لە دەنگی دڵە کوتەی یەکترە. نێو چاوانم دەبرژێتەوە، چاوم پڕیشکەی لێ دەبێتەوە.

شاهۆ هەستاوەتە سەر پێ. وەک وڕێنە کردن پێمان دەڵێ: هەڵسن دۆستی ئازیز، ئەشێ بچیم وەماڵ، فرە برسیمە! خوەشکە زەریا تۆ وەبەرەو بچوو یەی چتێ سازکە. خەون دیمە وە ئی رۆژیەل شۆڕا دیت وەی ئیرە! وەگرد شۆڕا تەگبیر کەیم، چەکەیم؟ چەکردەن بیم؟ نێوی شۆڕا زرینگە لە

گوێم هەڵدەستێنێ:

شۆڕا؟!.... ئاخ لە بێ خەبەران کەشکەک.... شۆڕا، شۆڕا... تۆ خودا ئەمجارەش بگەیە!.... ئێمە ساویلکە، جیهان تراویلکە و ژیان؟.... ژیان ئاویلکە!.... ئاخ شۆڕا وەرە و بگەرە فریای زاگرۆسەکان! ئەرێ بڵێی چیت لە دەست بێ؟ ئاخە تۆش شاربەدەرێکی وەک من.

سی و یەکی خەرمانانی ١٣٧٦ ( ١٩٩٧)

پەراوێز :

دەستنووسی یەک بە فارسی ١٣٥٢ - ١٣٥٥ی هەتاوی .

دەستنووسی یەک بە کوردی سیی جۆزەردانی ٧٥ تاکوو نۆی ڕێبەندانی ٧٥ی هەتاوی .

دەستنووسی دوو بە کوردی جۆزەردان تاکوو خەرمانانی ١٣٧٦ی هەتاوی.

دوو جار پێدا چوونەوە لە مانگی ڕەزبەری حەفتا و شەشی هەتاویدا. ژیانی نووسەر و سامرەند موکری و شۆڕا و شاربەدەرەکان پێکەوە، تاکوو ئەمڕۆ ٢٥ ساڵ. لەمڕۆشەوە تاکوو هەتا هەتا.